حامید گەوهەری

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا

# 1988 - 1978

بەرگی دووەم

هەولێر 2011

ناوی کتێب : ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا 1978- 1988
نوسینی : حامید گەوهەری
تایپ: ناسر ئیبراهیمی
هەڵەگر: نەوزاد وەلی و کەمال گەروێسی
مۆنتاژ : هەژار گەوهەری
بەرگ : کۆمپیوتەر هیوا - هەولێر
لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کوردستان سەدەی 21 زنجیرەی 2- هەولێر- کوردستان
چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات
تیراژ : 1000 دانە
ژمارەی سپاردن : (2635) ساڵی 2011

# چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە

سالّی 2002 برِیارمدا وەک بەشێک لەو نوسەر و سیاسیانەی کە بە نوسینەوەی بیرەوەرییەکانیان هەوڵدەدەن نەوەکانی دوای خۆیان لە بەسەرهاتی ژیان و ئەزمونەکانیان ئاگادار بکەن، منیش ئەزمونی ژیان و بەسەرهاتەکانم لە کتێبێکدا تۆمار بکەم. بۆ ئەو مەبەستە، پەنام برد بۆ یادداشت و بەڵگەنامەکانم و رِۆژانە هاوکات لەگەڵ نوسینەکانی ترمدا، چەند کاتژمێرێکیشم بۆ نوسینەوەی بیرەوەرییەکانم تەرخانکرد.

دوای ماوەیەک بینیم بیرەوەرییەکانم ئاوێتەی زۆر رِووداوی دڵتەزێن و کارەسات بوونەتەوە کە هیچ پەیوەندییان بە ژیان و بەسەرهاتی منەوە نیە. سەرەتا ویستم خۆم لە نوسینەوەی ئەو بابەتانە بپارێزم، بەڵام گرنگیی رِووداوەکان ناچاریان کردم کە بەگوێرەی مێژوو، تۆماریان بکەم و دواتر برِیاریان لەسەر بدەم. لە رِەوتی نوسینەکانمدا ئەرشیڤێکی پوخت و بەنرخم لە رِووداوەکانی دە ساڵی ئێران و کوردستان بەگشتیی و رِۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیی، بەدەستخست کە بۆ ئەزمون وەرگرتن و پەیداکردنی زانیاریی لەسەر رِابردوو، لێکۆڵێنەوە لەسەر ئێران و کوردستان، زۆر بەنرخن. لەو رِوانگەیەوە کە ئێمەی کورد لە ئەرشیڤکردنی رِووداوەکاندا لاوازین و بەشی زۆری مێژووی ئێمە لە لایەن نوسەرانی بێگانەوە نوسراونەتەوە، حەزمکرد کۆکراوەکانم لە کتێبێکی جیاواز لە بیرەوەرییەکانم، لە شێوازی رِۆژنامەنوسییدا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردیی بکەم، تا ئەگەر نوسەران، لێکۆڵەران و خوێندکارانی زانکۆکانی کورد پێویستیان بە زانیاریی پەیداکردن لەسەر رِابردوو، تاوانی داگیرکەران و هەڵەکانی بزوتنەوەی کورد و رِۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، ئەرشیڤێکیان لەبەر دەستدا هەبێت.

بۆ بەدەستخستنی بەڵگەنامەکان، دەستم بۆ هەموو لایەک درێژ کرد. لە رِۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکانەوە، تا دەگاتە بەیاننامەی رێکخراوە سیاسی و شارستانییەکان و ئۆرگانە جیاوازەکانی حکومەتی داگیرکەری ئێران و عێراق و شاهیدانی زیندوو کە خۆیان بەشێک بوون لە پێکهێنەرانی ئەو رِووداوانە و بۆ هەر رِووداوێک وتە و نوسراوی دوو

لایەن، یان زیادترم کۆکردەوە و وەرمگێڕانەوە سەر زمانی کوردیی، تا خوێنەر دڵنیا بێت لە ڕاستیی ڕووداو، کێشە و کارەساتەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆمارکردنی ڕووداو و کارەساتەکاندا، هەوڵمداوە بێلایەنیی خۆم بپارێزم و هیوادارم خوێنەرانیش لە خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا بێلایەن بن.

ئەوەی جێی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە زیادتر لە 80% ی بەشداران و پێکهێنەرانی ئەو ڕووداوانە، لە ژیاندان. ژمارەیەکیان لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ئەم کتێبەدا یارمەتیمیان دا، دەمەوێت لێرەوە پڕ بە دڵ سوپاسیان بکەم. هەروەها داوا لە بەشدارانی تریش دەکەم کە ئەگەر هەڵەیەکیان بەر چاو کەوت، ئاگادارم بکەنەوە، تا لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا، بە سوپاسەوە ڕەچاویان بکەم.

بەڕێزان نەوزاد وەلی و کەمال گەروێسی وەک هەمیشە، کاتێکی زۆریان بۆ پیاداچوونەوە بەسەر نوسینەکانمدا تەرخانکرد و هەڵەکانیان بۆم بژارکرد کە جێی سوپاس و پێزانینە. هەروەها سوپاسی بەڕێزان ئیبراهیم ڕۆستەم نژاد و سەلاح ئەحمەدپوور دەکەم کە لە دۆزینەوەی ناوی ژمارەیەک شەهیددا یارمەتیان کردووم.

لە کۆتایی نوسینەکەمدا، کاتێک کە بەسەر نوسراوەکانمدا دەچوومەوە و خەریکی مۆنتاژکردنیان بووم، لەگەڵ کتێبێکی 1100 لاپەڕەیی ڕووبەڕوو بوومەوە کە بە پێشنیازی کاک نەوزاد ناوی **"ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا"** م بۆ دانا و بڕیارمدا "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا" بە پێشەکییەکی کاک نەوزاد لە دوو بەرگدا بڵاوبکەمەوە و بیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

بەم جۆرە هەردوو بەرگی "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا" دەخەمە بەردیدی خوێنەرانی ئازیز، بەو هیوایە کەلێنێک لە مێژووی نەنوسراوی ئەو قۆناغە پڕبکاتەوە و مایەی سودبەخشین بێت بە داهاتووی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی گەلەکەمان.

حامید گەوهەری

2010

## سنە لەناو ئاگر و خوێن دا

ڕۆژی 1359/1/26 (1980/4/15) کاروانێکی مەزنی سەربازیی لە کرماشانەوە بەرەو سنە بەڕێکەوت کە بە ڕەواڵەت بچێتە ناوچەی بانە و سەردەشت و یارمەتی هێزەکانی ئەو ناوچەیە بدات کە لە سنوری دەستکردی ئێران و عێراق جێگیر ببن. لە ڕاستییدا ئەو کاروانە و کاروانەکانی تری کۆماری ئیسلامیی بە پلانی داڕێژراو دەگەیشتنە کوردستان کە لە لایەک پاڵپشت بن بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی سوپا و جاش و پاسدار لە کوردستاندا بۆ ئەوەی کە ناوچە ستراتیژییەکانی کوردستان بخەنە دەست خۆیان و لە لایەکی ترەوە زاڵ ببن بەسەر پێشمەرگەکانی کوردستان و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد سەرکوت بکەن، ئەگەرنا بە درێژایی مێژوو سەربازگەکانی دوژمن لە کوردستاندا نەیانتوانیوە پێش بە دزەکردنی پیاوانی ڕژێمی بەعس بۆ ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرن و هاتوچۆی پێشمەرگە لە بەزاندنی سنوری دەستکرد کۆنترۆڵ بکەن.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکاندا زۆر سەرنجی بە جوڵە و ڕاگواستنەکانی سوپای ئێران بۆ گۆڕینی ئەندامانی سوپا نەدەدا، تەنانەت خۆی هاوکاریی گواستنەوەی کاروانەکانی سوپای دەکرد، بەو مەرجەی کە زیان بە خەڵک و سامانەکەیان نەگەیەنن، بەڵام لە جادەکان و پێگە دانراوەکانیان لە کوردستان، واتە لە دەرەوەی شارەکاندا بەرهەڵستیان دەبووەوە و بە ڕادەی توانا لەمپەری دەخستە بەر جوڵەی کاروانە سەربازییەکان و ڕێگەی پێنەدەدان کە بەبێ ئیزنی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات هاتووچۆ بکەن. ئەو کاروانەی کە گەیشتە سنە نمونەی بەرچاوی ئەو بۆچوونە بوو، چونکە سوپای ئێران دوای داگیرکردنی کامیاران پلانی هاتنە پێشەوەی هەبوو، بەڵام چەندان جار لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی و بەتایبەتیی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە زەبری لێکەوت و پاشەکشەی پێکرا، تا سەرئەنجام ڕۆژی 1359/1/26 (1980/4/15) خۆی گەیاندە قەراخ شاری سنە و لەوێ لە لایەن کۆمەڵە و چریکی فیدایی و هێزە

چەپڕەوەکانی ترەوە پێشی پێگیرا. سەرەتا حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵیدا کە کاروانەکە ڕێگەی خۆی بگۆڕێت و بە جادەیەکی دەرەوەی شاردا درێژە بە مەئموریەتەکەی بدات و بەرەو سەقز بچێت و نەیویست لەناو شاردا شەڕی لەگەڵ بکات، بەڵام نەیتوانی کۆمەڵە و هێزە چەپڕەوەکان لە کردەی خۆیان پاشگەز بکاتەوە کە ڕێگە بەو کاروانە سەربازییە نەگرن و بیانوو نەدەنە دەست فەرماندە دژەگەلییەکان لە ناو سوپا و ژاندارمەریی و تەنانەت سوپای پاسداراندا. لەم بارەیەوە حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 180- 182ی کتێبەکەیدا "مێژووی زیندووی کوردستان- چەپ و ناسیونالیست" کە بە زمانی فارسی بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت:

**- (لەو ڕۆژانەدا بە بەشداریی هاوڕێیانی تاران لەوانە موزەفەر کەمانگەر، ئەمین ڕەنجبەر و تەیب عەباسیی ڕوح ئیلاهی کۆنفرانسی پێنجەمی کۆمەڵە لە شاری بۆکان پێکدەهات. ئیبراهیم عەلیزادە، شوعەیب زەکریایی، عەبدوڵا موهتدی، ئیرەج فەرزاد، ساعد وەتەندوست، جەعفەر شەفیعی، موحسین ڕەحیمی، عومەر ئیلخانی زادە و من "حوسین مورادبەگی" و ئەو سێ کەسانەی ڕێکخراوی تاران کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، لەگەڵ ژمارەیەکی تر کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، بەشداربووین لەو کۆنفرانسەدا. هێشتا کۆمەڵە لە ناو کێشەی باسەکانی کۆنگرەی یەکەمدا بوو، بەتایبەتیی لە لایەن ئەو هاوڕێیانەی تارانەوە کە هەڵگری سوننەتی بەهێزی پۆپیولیستی بوون. لە ئاکامدا لەو دەورەیەشدا کۆمەڵە ڕوبەڕووی کۆمەڵێک دیاردەی گرنگ و چارنوسیی بووەوە. ... بە هەر حاڵ لە کۆنفراسدا بووین کە هاوڕێیانی کۆمیتەی سنە بە بێسیم پەیوەندییان پێوە کردین. هاوڕێ ئەیوب نەبەوی کە بەرپرسی کۆمیتەی شاری سنە بوو، گوتی کاروانێکی گەورە لە کرماشانەوە بەرەو سنە هاتووە و گەیشتووەتە نزیک فرۆکەخانەی شار و خەریکە دێتە ناو شارەوە. کاتێک کاروانەکە گەیشتە ناو شاری سنە، ئەیوب دووبارە پەیوەندیی پێوە کردین و گوتی هەزاران کەس لە خەڵکی شار کاروانەکەیان گەمارۆ داوە و ناهێڵن بێتە پێشەوە و بچێتە سەربازگەی سنە. دەیگوت خەڵک لەگەڵ سەربازەکان قسەدەکەن و ژمارەیەکیش**

سەرباز دەگرین و دەڵێن ئێمە نامانەوێ شەڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان و خەڵکی سنە بکەین و بە زۆر ئێمەیان هێناوە و ئێمەش ناچاربووین فەرمانی فەرماندەکانمان قبوڵ بکەین. دوای باس و لێدوانی پێویست لەگەڵ ئەیوب نەبەوی بە هاوڕێیانی کۆمیتەی سنەمان ڕاگەیاند، ئێستا کە کاروانەکە لە گەمارۆی خەڵک دایە، بە یارمەتی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەموو ئەندامانی کاروانەکە چەک بکەن. ڕەنگە بە چەککردنی ئەو کاروانە ڕژێم لە داسەپاندنی شەڕێکی دووبارە بەسەر کوردستاندا پاشگەز ببێتەوە، ئەگەرنا ئێمە دەستی خۆمان وەشاندووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە چەک و تەقەمەنییەکانیان دژی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی کەڵکوەردەگرین. بە داخەوە کاروانەکە چەک نەکرا و هاوڕێ ئەیوب نەبەوی و هاوڕێیانی کۆمیتەی سنە ناچار بوون لە هەلومەرجێکی ناشیاوی تردا شەڕ لەگەڵ ئەو کاروانە بکەن.

فەرماندەی کاروان کە دەیویست بەرەو فڕۆکەخانەی سنە بگەڕێتەوە، لە جیاتی گەڕانەوە، ڕێگەی کاروانەکەی گۆڕی و بەرەو "کارێزە" و لەوێوە بۆ "باوەڕێز" و جادەی فەرعی سوڕایەوە کە دەگەیشتە سەربازگە. لەگەڵ ڕۆیشتنی کاروان لە شار، سەربازگەی سنە شاری خستەبەر ئاگری تۆپخانە و پێشمەرگەکانیش ڕێگەیەکی تریان نەبوو جگە لەوەی کە کاروانەکە پەلامار بدەن. لەو پەلاماردانەدا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی و ڕێکخراوی پەیکار و زەحمەتکێشان و ...تد بەشدار بوون. حیزبی دیموکراتی کوردستان کە هێشتا بە وتەی حیزبی تودە "بە بۆچوونی ئیمام" دەجوڵایەوە، سەرەتا خۆی لە شەڕ پاراست، بەڵام چونکە لە بەرامبەر ئەو کردەوەیەدا خۆی بینییەوە، بۆ بەرگرییکردن لە خەڵکی شار دژی کۆماری ئیسلامیی هاتە ناو شەڕەکەوە.).

سەرهەنگ عەباسعلی سەدری فەرماندەی لەشکری 28 ی سنە لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە ڕۆژنامەی کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1359/1/28دا بڵاوکرایەوە دەربارەی هاتنی ئەو کاروانە بۆ سنە دەڵێت: **(لە کاتژمێر 11ی بەیانی دوێنێوە کۆمەڵێک خوێندکار و مامۆستای خوێندنگەکانی سنە بە هاندانی گروپە چەکدارەکان پێشیان بە کاروانێکی سوپا گرتووە و بە دروشمدانی جۆراوجۆر ناهێڵن کاروانەکە درێژە بە ڕێگەکەی بدات.**

**بـرا سـەربازەکانمان بـە بینینـی ئـەو دیاردەیـە هـیچ چەشـنە دژە کردەوەیەکیان لە خۆیان پێشان نـەداوە و بـە فـەرمانی فەرماندەکـەیان کاروانەکـە گەڕاوەتـەوە بـۆ فڕۆکەخانـەی شـار و ئێستا لـەوێیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دوکـان و بازاڕەکـانی شـار داخـراون و شـوێنە گرنـگ و جیاوازەکانی شار کراونـەتـە مەتـەڕێز. بـەگوێرەی ڕاپۆرتێکی تـر گروپـە چـەپڕەوەکان خـەریکی ئاژاوەنانـەوەن، دەگوترێـت هۆشـیاریی بـرا سـەربازەکانمان پلانـی دوێنێیـان پوچـەڵ کردووەتـەوە).** هـەروەها بەگوێرەی هەواڵی هـەواڵنێری پارس سـەرهەنگ سـەدری کـاتژمێر 17:50 دوێنێ 1359/1/27 بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند: (کاروانەکە تـا ئێستا لـە فڕۆکەخانـەی سـنەیە و ماوەیـەک بـۆ چەکـدارە نابەرپرسـەکان دیـاریکراوە تـا ڕێگـەی هـاتنی کاروانەکـە بکەنـەوە، ئەگـەرنا خۆیـان بەرپرسی کاردانەوەکانی دوایی دەبن). جگە لـەوە سەرهەنگ سەدری لـە پەیوەندییـەکی تەلەفۆنیـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی کـەیهان کـە ڕۆژی 1359/1/29 بڵاوکراوەتـەوە ڕایگەیانـد: (بێگومـان کاروانـە سـەربازییەکە درێـژە بـە مەئمورییەتەکـەی دەدات، تەنانـەت ئەگـەر هـەموو چیاکـانی ناوچەکە بەپێ ببڕن).

لـە لایـەکی تـرەوە بـە نوسینی ڕۆژنامـەی کـەیهان لـە ژمـارەی ڕۆژی 1358/1/29دا، ئەبولحەسـەن بەنیسـەدر سـەرۆککۆماری ئێـران لـە وتارێکیدا کە لە ڕادیۆی کۆماری ئیسلامیی بڵاوکرایەوە، داوای لـە خەڵکی سنە کرد کە ڕێگا بەو کاروانە سەربازییە بدەن کـە بۆ بـەرگرییکردن لـە وڵات بـەرەو سنور بچێت، سـەرۆککۆمار گـوتی: (لـە خـەڵکی بەشـەرەفی سنەم دەوێت کە ڕێگا بۆ سوپا بکەنەوە، سوپا ئەرکی پێسپێردراوە کـە بـۆ بەرگرییکردن لە وڵاتی باب و باپیرانمـان ڕێگـای خـۆی بکاتـەوە و ئـەرکی خۆی بەجێبگەیەنێت).

جگە لەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: ئەگـەر مەبەسـت لـەو مەئمورییەتـەی سـوپا بـەرگرییکردن بێـت لـە سنورەکانی ئێـران لـە بەرامبـەر ڕژێمـی بـەعسدا، ئێمـە دژی چـوونی کاروانەکە بۆ سنور نیین. هـەروەها بـە نوسینی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات لـە ژمـارەی ڕۆژی 1359/1/30دا، وتـەبێژێک بـە نـاوی حیزبـی دیمـوکراتی

کوردستانەوە سەبارەت بە هەڕەشەکانی لەشکری 28 سنە بە هەواڵنێری ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕاگەیاند: **(ئێمە دوو ڕاگەیەنراومان بڵاوکردووەتەوە و هەر وەک چەندان جار گوتوومانە، ئەگەر بە ڕاستیی ئامانج لەو گواستنەوەیە، بەهێزکردنی سنورەکان لە بەرامبەر دەستدرێژیی هێزەکانی بەعس بێت، بە هەموو هێزمانەوە بەرگریی لە تەواویەتی خاکی ئێران دەکەین و لەم هەلومەرجە ئەستەمەدا هەر چەشنە ئاژاوە و پێکهەڵپرژانێک لە خزمەتی کۆنەپەرستیی و ئیمپیریالیزمدا دەبینین. دیارە ئێمە هەموو جۆرە گواستنەوەیەکی هێزە سەربازییەکان بەبێ لەبەر چاوگرتنی خواست و بیروبۆچوونی گروپە سیاسییەکان بە بیانووی جیاواز بە دیاردەیەکی باش نازانین و قبوڵ ناکەین. ئێمە کاربەدەستانی وڵات هۆشیار دەکەینەوە کە بەجیددیی و بە ڕێگای ئاشتییەوە سەرنج بدەنە مافی ڕەوای گەلی کورد و بۆ یەکیەتی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان دژی کۆنەپەرستیی و ئیمپیریالیزم و کەسانی سەر بە بەعسی عێراق تێبکۆشن.)**. هەروەها ئەم وتەبێژە تەئکیدی کردەوە: (پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە، بڕیارە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، وتووێژێک لە نێوان کاربەدەستانی لەشکریی و مەدەنیی پارێزگا و پیاوماقوڵانی شار و هێزە سیاسییەکاندا بکرێت.).

لەو بارەیەوە هەواڵنێری ئیتلاعات کاتژمێر 14:30 ڕۆژی 1359/1/28 پەیوەندیی بە بەرپرسانی کۆمەڵەوە کرد، یەکێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبە ڕایگەیاند: **(بە هۆی بەشداریی نەکردنی فەرماندەی لەشکر، یان نوێنەری ناوبراوەوە، کۆبوونەوەکە نەکرا.)** لە پەیوەندییەکی تردا کە لەگەڵ سەرهەنگ سەدری فەرماندەی لەشکردا کرا، ڕایگەیاند: **(بڕیار وابوو کە ئەو وتووێژە لە سەربازگە بکرێت، نەک لە پارێزگا، من بە هۆی کاری زۆر و هەلومەرجی ناوچەکەوە، ناتوانم تەنانەت بۆ خولەکێک نوسینگەکەم بەجێبهێڵم.)**. لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئەو کاروانە چ مەئمورییەتیەکی هەیە؟ گوتی: **(گۆڕینی یەکەکانی سەر سنور. بە ڕاستیی نایەوێ شەڕ بکات و ئامادەیە لە سەربازگە لەگەڵ پیاوماقوڵانی شار بدوێت.)**. دوێنی شار بە تەواویی داخرابوو، گروپە جیاوازەکان شەو لە شەقامی "شەشی بەهمەن" مانەوە و بەگوێرەی هەواڵی گەیشتوو شەڕ

گەیشتووەتە سەقز و خەڵکی شاری نیگەران کردووە و هاتوچۆ لە جادەکانی سنە بۆ سەقز و کرماشان وەستاوە. لە لایەکی ترەوە "میهەمی" وەکیلی پارێزگای کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵنێری پارس لە سنەوە ڕایگەیاند: **(سەبارەت بە گواستنەوەی کاروانی سوپا لە فڕۆکەخانەوە خەریکین لەگەڵ فەرماندەی لەشکر و گروپە سیاسییەکان و خەڵکی شار وتووێژ دەکەین و هەوڵدەدەین کە ئەو کاروانە بتوانێت بەبێ خوێنڕشتن ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. بۆ ئەو مەبەستەش بە پێشنیازی لەشکری 28 داوامان لە خەڵکی سنە کردووە کە سەبارەت بە گواستنەوەی کاروانەکە لە فڕۆکەخانەوە بۆ سەربازگە هەوڵبدەن کە بە زوویی کێشەکە کۆتایی پێبێت.)**. لەو بارەیەوە سەرهەنگ سەدری بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند: **(من بە هۆی وەکیلی پارێزگاوە داوام لە پیاوماقوڵانی شار کردووە کە پێکەوە کۆببینەوە و دوا قسەکانمان پێکەوە بکەین و داوای ڕەوای سوپای کۆماری ئیسلامییان پێڕابگەیەنین.)**. هەروەها گوتی: **(کاروانی سوپا بە هەر شێوەیەک و هەر نرخێک بێت بە فەرمانی جەنابی بەنیسەدری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕێگای خۆی دەکاتەوە.)**.

بەو جۆرە، سەرهەنگ "نەسرەت زاد" فەرماندەی کاروانەکە کە پێشتر لە سەربازگەی مهاباد پلەی جێگری فەرماندەی تیپی سێ هەبوو، تێگەیشت کە خەڵکی سنە برینداری شەڕی نەورۆزی پارن و نابێت برینیان قوڵتر بکرێتەوە. بەو مەبەستە کاروانەکەی گەڕاندەوە دەرەوەی شار و لە فڕۆکەخانەی سنە جێگیری کرد تا دوای وتووێژکردن لەگەڵ ناوەند و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کاروانەکە بە ئاشتیی و لێکتێگەیشتن بەرەو مەئموورییەتەکەی بچێت، کەچی بەشێک لە فەرماندەکانی سوپا کە دژی شۆڕشی ئێران بوون و دەیانویست لە ئاوی لێڵدا ماسی بگرن، بە هەڵسەنگاندنی دروستی هەلومەرجەکە، کردەوەی کۆمەڵە و چریک و تۆفان و پەیکار و...تد کردە بیانوو و پلانی خۆیان بۆ هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لە کوردستاندا جێبەجێکرد. ئەوان لەوە دەترسان کە بەنیسەدر هاودەنگیی خۆی و خومەینی لەسەر گەلاڵەی پێشنیازکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنێت و کۆمەڵە و

ماموستا و چریکی فیدایی پێشوازیی لێبکەن و لە ئەنجامدا کوردستان ئارام ببێتەوە. لەبەرئەوە هێشتا کاروانەکەی سەرهەنگ نەسرەت زاد بەرەو سنە نەگەڕابووەوە کە ئەوان لە سەقز شەڕیان هەگیرساند. لەشکری 16 "قەزوین"یان ڕەوانەی دیواندەرە و سەقز کرد بەبێ هیچ هۆیەک خەڵکی سەقزیان لە زەوی و ئاسمانەوە بۆمبباران کرد.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕ لە سەقز، ڕۆژی 1359/2/1 (1980/4/21) کاروانە سەربازییەکەی سنە لەژێر چەتر و پشتیوانیی فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە بۆمبهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامیی لە فڕۆکەخانەی سنەوە بەڕێکەوت و بە "حوسێن ئاوا" و "فەیزاوا"دا هاتە پێشەوە. هەر وەک حوسێن مورادبەگی لە بەشی سەرودا ڕایگەیاند: **(هاوڕێ ئەیوب نەبەوی و هاوڕێیانی کۆمیتەی سنە ناچاربوون لە هەلومەرجێکی ناشیاوی تردا شەڕ لەگەڵ ئەو کاروانە بکەن).** پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەرەنگاری کاروانەکە بوونەوە و لە بەرامبەردا سەربازگەی سنە بە تۆپ و خۆمپارە شاری سنەی بۆمباران کرد. سەرهەنگ عەباسعلی سەدری فەرماندەی لەشکری 28 ی سنە و فەرماندەی پێشوی گوردانی 167 پیادەی مهاباد کە خۆی خەڵکی بیجار و خێزانەکەی سنەیی بوو، لە خۆپێشاندانەکانی سەردەمی ڕژێمی پەهلەویی دا دەستی هەبوو لە کوشتنی چەند لاوێکی مهاباددا، شانازیی بەوەوە دەکرد کە لە هەر خولەکێکدا 450 گوللە تۆپ و خۆمپارە دەخاتە شاری سنە. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەدا ژمارەیەکی زۆر شەهید و بریندار بوون و کۆمەڵێکیش خانووبەرە و دوکان و نەخۆشخانە و خوێندنگەی شاری سنە ڕوخان.

ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/2دا ڕایگەیاند: بۆمببارانی شاری سنە لە دوێنێوە درێژەی هەیە. دوێنێ شەو فانتۆمەکانی هێزی هەوایی لەسەر شاری سنە خولانەوە و چەندجار دیواری سەوتیان شکاند. بەیانی ئەمڕۆش فانتۆمەکان هاتنەوە سەر شار و بە هۆی خۆمپارە بارانەوە چەند خانووبەرە ڕوخاون و ژمارەیەک بریندار بوون و پێنج کەسیش کوژران. وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ڕۆژی 1359/1/31 پەیوەندیی بە ڕۆژنامەی کەیهانەوە کرد و بە نوسینی کەیهان لە ڕۆژی 1359/2/1دا ڕایگەیاند:

**- (کاروانەکەی سوپا دەیویست بە قەراخ شاری سنەدا بچێت کە لە لایەن پێشمەرگەکانەوە چەککرا و بەگوێرەی هەواڵ لەو ڕووداوەدا هێلیکۆپتەر و فانتۆمەکانی سوپا بەسەر شاردا مانۆڕیان کرد.).** ئەو وتەبێژەی حیزبی دیموکرات گوتی: **(تا ئێستا سێ هێلیکۆپتەر و فانتۆمێک کەوتوونەتە بەر گوللەی پێشمەرگەکان.).** وتەبێژی حیزبی دیموکرات بە بیریهێنایەوە کە ئەم شەڕەش وەک شەڕەکانی ڕابردوو بەسەر گەلی کورددا سەپا و زیانەکانی بۆ میللەت و کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە و هێزە کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزمی ئەمریکا سودی لێ دەبینن. هەروەها ڕایگەیاند: **(دۆخی شارەکانی تری کوردستان تا کاتژمێر 17:00 ئارام بووە.).**

ڕۆژی **1359/2/3**، سەرتیپ فەلاحی فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران بەیاننامەیەکی سەبارەت بە شەڕ لە سنەدا بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی **1359/2/6**دا، بەیاننامەکەی فەلاحی بڵاوکردەوە کە دەڵێت: **(بەناوی خوا، میللەتی شەریف و خەباتگێڕی ئێران! هەر وەک دەزانن بە پێی ڕێککەوتنی لیژنەی نیازپاکیی لەگەڵ خەڵکی بە شەرەفی سنە، بڕیار درا پاسدارەکان شاری سنە بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە سەربازگە و ئەمنیەتی فڕۆکەخانە و باشگای ئەفسەران و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە سوپا بسپێرن و شارەبانییش ئەمنیەتی شار بپارێزێت و گروپە سیاسییەکانیش بە شێوەی ئاشکرا لە شاردا چەک هەڵنەگرن. سەرەڕای بەڕێوەچوونی ئەو بڕیارە، گروپە سیاسییە چەکدارەکان تەقەیان لە فڕۆکەخانە و باشگای ئەفسەران و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی شاری سنە کرد و باشگای ئەفسەرانیان پەلاماردا و ئاو و کارەبایان لێبڕی، تەنانەت ڕێیان نەدا کە بریندارەکانیان بگوێزنەوە. هەندێک ئاو لە حەوزی باشگاکەدا هەبوو کە تەنیا بەشی دوو ڕۆژی کرد و ئێستا ئەندامانی ناو باشگاکە بێئاون. لەو حاڵەتەدا، سوپا بەهۆی پچڕانی پەیوەندیی هێڵی زەمینی لەگەڵ باشگا و فڕۆکەخانە و تەلەڤزیۆنی سنە، ناچارە لەژێر ئاگری چەکەکانیدا بەرگریی لەو جێیانە بکات و بۆ ئەوەی کە پێشگیریی بکات لە زیان پێنەگەیاندنی پڕیشکی گوللەی هێلیکۆپتەرەکانی سوپا بە خەڵک، داوای**

**لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کردوە کە خانووبەرەکانیان بەجێبهێڵن. هێزەکانی زەمینی تەنانەت گوللەیەکیان بە ئانقەست بە ماڵی خەڵکەوە نەناوە، بەڵام خانووبەرەکانی دەوروبەری باشگا کە هێرشکەران کردبوویانن بە مەتەرێز و لەوێوە بە ئارپیجی 7 و تفەنگی 106 میلیم و خۆمپارە تەقەیان لە باشگا دەکرد، کەوتنە بەر تەقەی هێزەکانی سوپا. هۆی ئەو تەقەکردنەش ڕونە، دوازدە ئەندامی سوپا هەر ئێستا بە برینداریی لە باشگادان و هێرشکەران ڕێگای گواستنەوەیان نادەن. هەر ئێستا سوپا بە تەواوی دەتوانێ ئەمنیەتی شار لە ئەستۆ بگرێت، بەو مەرجەی خەڵکی شاری سنە داوای لێبکەن و گروپە چەکدارەکان شار بەجێبهێڵن.).**

بەو جۆرە هەوڵەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ بێسود بوون و بە پێچەوانەی ویستی خەڵک کە بیرەوەریی تاڵیان لە شەڕی نەورۆزی ساڵی 1357 هەبوو، شەڕ بۆ جاری دووەم لە ڕۆژی 1359/2/1وە لە شاری سنە سەریهەڵدایەوە و بۆ ماوەی 24 ڕۆژ درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا زیانی زۆر قورس و قەرەبوو نەکراو بە خەڵکی سنە و سامانی شارەکە و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بنەماڵەی ئەندامانی سوپای ئێران کەوت.

سەرەتا شەڕ لە ناوچەی نێوان فرۆکەخانەی سنە، واتە حوسێن ئاوا و فەیزاوادا سەریهەڵدا. لە دەستپێکدا حیزبی دیموکرات خۆی تێکەڵاوی شەڕەکە نەکرد، تەنانەت هاودەنگ بوو لەگەڵ ئەوەی کە کاروانی سوپا درێژە بە ڕێگاکەی بدات، بەڵام کۆمەڵە و چریک و گروپەکانی تر و فەرماندە دژە شۆڕشەکانی وەک سەرهەنگ عەباسعلی سەدری بواریان نەدا و حیزبی دیموکرات و خەڵکی سنەیان تێوەگلاند.

بۆ ڕاگرتن و کۆتاییهاتنی شەڕ لە کوردستاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بروسکەیەکی ئاڕاستەی بەنیسەدری سەرۆککۆماری ئێران کرد. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/10دا، حیزبی دیموکرات ڕایگەیاند: **بەڕێز بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران لەم هەلومەرجە ناسک و چارەنوسییەدا کە ئیمپیریالیزمی دونیاگر بە پلانگێڕیی و دەستدرێژیی کردنی سەربازیی ڕوی ڕاستەقینەی خۆی پێشانداوە و بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە**

بەرامبەر ئێراندا، بە پێویستی دەزانین سەرنجی ئێوە بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشین:

**1-** حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بەردەوامیی پشتیوانیی خۆی لە خەباتی دژ بە ئیمپێریالیستیی ئێران بە ڕێبەرایەتی ڕێبەری شۆڕش ڕاگەیاندووە و ئێمە جارێکی تریش پشتیوانی خۆمان ڕادەگەیەنین.

**2-** بۆ کۆبوونەوەی هەموو هێزەکان بە دژی دوژمنی ژمارە یەکی شۆڕشی ئێران، پێشنیاز دەکەین فەرمان بە هێزەکانی سوپا و سوپای پاسداران بدەن، زۆر بەپەلە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بوەستێنن و بگەڕێنەوە سەربازگەکانیان. بێگومان ئەگەر پێشمەرگەکان پەلامار نەدرێن، ئەوان پەلامارەکانیان ڕادەگرن.

**3-** بۆ پێکهێنانی نیازپاکیی هاوبەش و هاودەنگیی تەواو لە نێوان هێزەکانی شۆڕش و بۆ بەربەرەکانی دژی ئیمپێریالیزمی ئەمریکا، چاوەڕوانین شەش ئەسڵی خودموختاریی پێشنیازکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنرێت و ئێمە هیوادارین کە بەڕێز سەرۆککۆمار لەم هەلومەرجە ناسکەدا بە کردەوەی لێبڕاوانە و شۆڕشگێڕانە سەبارەت بە چارەسەرکردنی گرفتەکانی کوردستان، هەموو دەرگاکان بە ڕوی بەدخوازان و دوژمنانی شۆڕشی ئێراندا دابخات.

هەروەها کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، بە شێوەی یەکلایەنە ئاگربەسی ڕاگەیاند و لە بەیاننامەیەکدا بۆ ڕای گشتیی کە ڕۆژی 1359/2/9 (1980/4/29) بڵاویکردوە، نوسی:

هاونیشتمانانی بەڕێز! خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

بۆ پتەوکردنی ڕیزی هێزە دژ بە ئیمپێریالیستییەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە هەلومەرجی ئێستادا و چونکە بڕیارە ڕۆژی 1359/2/10 لیژنەیەک لە لایەن سەرۆککۆمارەوە بێت بۆ مهاباد، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی داوای خەڵکی سنە و سەقز و بۆکان و مهاباد کە بە هۆی کوژرانی خەڵکی بێتاوان و وێرانبوونی شارەکان لە ئێمەیان ویستووە کە لە پێکهێنانی ئاگربەس و پێکهێنانی ئاشتییدا

**پێشقەدەم بین، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ سەلماندنی نیازپاکیی خۆی و پێشگیرییکردن لە شەڕ و براکوژیی لە نیوەشەوی سێشەممە 1359/2/9وە لە شاری سنە، سەقز، مەریوان و بانە ئاگربەس دەکات. داوا لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەکەین کە بە وردیی ئەم ئاگربەسە لەبەرچاوبگرن و بیانوو نەدەنە دەست شەڕخوازان و قین لەدڵان. سروشتییە کە ئەم ئاگربەسە کاتێک بەڕێوەدەچێت کە سەرۆککۆمار لە پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراندا، ئاگربەس ڕابگەیەنێت و سوپا و سوپای پاسداران فەرمانەکەی بەڕێوەببەن. هەروەها ئێمە جارێکی تریش پێشنیازی خۆمان دووپات دەکەینەوە و داوا لە سەرۆککۆمار دەکەین کە شەش ئەسڵی خودموختاریی حیزبی ئێمە کە قبوڵی کردووە، بە شێوەی ڕەسمیی ڕابگەیەنێت. ئینشائەڵا ئەو مەسەلەیە یارمەتی دەکات بە دابینکردنی ئاشتیی هەمیشەیی و چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان.**

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**1359/2/9**

شایانی باسە کە دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان"یش لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی **1359/2/10** بڵاویکردەوە، ئاگربەسی ڕاگەیاند. هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستان دووبارە لە ڕۆژی **1359/2/11**دا، بەیاننامەیەکی هاوبەشی لەگەڵ چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان" و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان "کۆمەڵە" بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی کار ئۆرگانی ڕێکخراوی چریکی فیدایی لە ژمارەی 3 ی خۆیدا کە ڕۆژی **1359/2/12** دەرچووە و تایبەت بووە بە کوردستان، بەیاننامە سێ قۆڵییەکەی بڵاوکردەوە و بەو جۆرە کۆمەڵەش هاتە ڕیزی ئەو دوو ڕێکخراوانەوە. بەیاننامە هاوبەشەکە پەنجە بۆ ئەم سێ خاڵەی خوارەوە ڕادەکێشێت:

**1- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان" و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان "کۆمەڵە" لە کاتژمێر 24:00 ڕۆژی 1359/2/11 لە سەرانسەری کوردستاندا**

ئاگربەس دەکەن و داوا لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەن کە بڕیاری ئاگربەس بەوردیی لەبەرچاوبگرن.

2- ئەو ئاگربەسە کاتێک دەکرێت کە لە سەرۆککۆمار لە پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی سوپادا فەرمان بدات بە سوپای کۆماری ئیسلامیی و سوپای پاسدران و ژاندارمەریی گشتیی وڵات کە ڕێز لە بڕیاری ئاگربەس بگرن.

3- بۆ زانیاریی ڕای گشتیی پێویستە بڕیاری ئاگربەس چەندان جار لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا بڵاوبکرێتەوە.

پێشنیاز دەکەین لیژنەیەکی باوەڕپێکراو لە لایەن هەردوو لایەنەوە دەستنیشان بکرێت تا چاودێریی بکات بەسەر جێبەجێکردنی ئاگربەسدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان" ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان "کۆمەڵە"

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بڕیاری ئاگربەس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، یەکەیەکی سوپا و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ڕۆژی 1359/2/10 بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بە دژی ئاگربەس بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی شۆڕشی ئیسلامیی لە ژمارەی 244 ی ڕۆژی چوار شەممە 1359/2/10دا دەقی بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە کە دەڵێت:

ڕاگەیاندنی ژمارەی 2 ی سوپا و سوپای پاسداران

جارێکی تریش دەنگی شومی سازش و وتووێژ لە لایەن کەسانی سازشکارەوە بە گوێ دەگات و بەم کارە دەیانەوێ هەوڵ و لەخۆبردوویی برایانی پاسدار و سوپا پوچەڵ بکەنەوە کە خەریکن دژە شۆڕشە کافرەکان لەناو دەبەن و بۆ هەمیشە کوردستانیان لێ پاک دەکەنەوە. ئەوانەی کە خۆیان بە گەل دەبەستنەوە، خەریکن لەگەڵ ئەم شکستەیان بە "کۆکتێل مۆلۆتۆڤ" و مادەی تەقینەوەیتر شارەکان وێران دەکەن و بۆ ئەوەش دەوڵەت بە بەرپرس دەزانن. ڕێکخراوی چریکی فیدایی و کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و حیزب و گروپە لادەرە بەستراوەکان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە کە دەیانەوێ بەرژەوەندیی و دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا بپارێزن، بە گوشاری سیاسی خەریکن بە ڕێگای ئاگربەسدا ڕێگا بۆ وتووێژ بکەنەوە. لە ڕوانگەی ئێمە و میللەتی موسوڵمانی ئێران کە

**بەشدارن لە چەککردنیان، هەر چەشنە ئاگربەس و وتوویژێک لەگەڵ ئەو کافرە چەکدارانە مەحکوم دەکەین و ئەوە بە لاواز کردنی ورە و هەڵوێستی ئیسلامیی و بەهێز بوونی کافرەکان دەزانین و بچوکترین کۆتایی لەو بوارەدا حکومەت لاواز دەبێت و کوردستان لە ئێران جیا دەکاتەوە. لەبەرئەوە داوا دەکەین تا کۆتایی پاکسازیی ناوچەکە کە لەناوچوونی هەموو کافرە چەکدارەکان و گەڕانەوەی لادەرانی بە دواوە دەبێت، لە ئاگربەس و وتوویژ خۆ بپارێزن. لە کوردستانی ئازیزدا ئەمنیەت بەدیی نایەت تا خەڵکی موسوڵمانی کوردستان ئاسایش و ئارامییان نەبێت. ئەگەرنا باشتر ئەوەیە کە بە ناحەق خۆمان بە کوشت نەدەین و کوردستان بدەینە دەست بێگانەپەرستان و بەو کارەمان چاو لە خوێنی بەناحەق ڕژاوی شەهیدانی ئەم شۆڕشە بپۆشین. بە ڕای ئێمە ئیمام و ئومەتی موسوڵمانی ئێران هەرگیز بەو کارە ڕازیی نابن. هەروەها دەبێ سەرکردایەتی وەڵامدەری هەر چەشنە پرسیارێک بن کە لە لایەن میللەتی موسوڵمانی ئێمەوە دەکرێت.**

ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەڕەشەیەی سوپای پاسداران کە سەرۆکایەتی ئەویان لەسەر هێزە چەکدارەکانی سوپای ئێران خستووەتە ژێر پرسیارەوە، پێشوازییکرد لە ئاگربەسی ڕێکخراوە سیاسییەکان. بە نوسینی ڕۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/12دا، دوکتۆر "موزەفەر پەرتەوما" ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار بە شێوەی ڕەسمیی لە لایەن حکومەتەوە ئاگربەسی ڕاگەیاند:

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**بۆ ئاگاداریی هاووڵاتیانی ئازیز ڕادەگەیەنین کە کاتژمێر 23:00 ڕۆژی 1359/2/9، بەڕێز دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەقی ڕاگەیەنراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە هەرێمی کوردستاندا بە من گەیاند و منیش دەستبەجێ مەسەلەکەم بە سەرۆککۆمار ڕاگەیاند. بە هۆی ویستێکی زۆرەوە کە سەرۆککۆمار بۆ دابینکردنی ئارامیی و ئەمنیەت لە هەرێمی کوردستاندا هەیەتی و بە پشتبەستن بە**

**فەرمانەکانی پێشوی بۆ ئەو مەبەستە، فەرموویان بە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی من لە پلەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا، بە هێزە چەکدارەکانی سوپا و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ڕابگەیەنن کە تا کاتێک گروپە چەکدارەکان ڕێز لە ئاگربەس دەگرن، ئەوانیش بە چاوی ڕێزەوە بڕواننە ئاگربەس. لەگەڵ ئەوەشدا شەش ئەسڵی پێشنیازکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هەندێک گۆڕانکارییەوە لە لایەن سەرۆککۆمارەوە پەسەندکراوە و بە زوویی ڕادەگەینرێت.**

سوپای ئێران ڕێزی لە ئاگربەس نەگرت و بە پێچەوانەی بەرژەوەندەکانی گەل، لە ماوەی ئاگربەسدا کاروانێکی مەزنی سەربازیی پێکهاتوو لە جاش، پاسدار، ژاندارم و سەربازی ڕەوانەی بانە کرد. فەرماندە و کاربەدەستە دژەگەلییەکان لە حکومەتدا ویستیان لەو هەلە کەڵکوەربگرن و بە برینداركردنی هەستی پێشمەرگەکانی کوردستان نەهێڵن ناوچەکە ئارام ببێتەوە. هەرچەندە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە سنە شەڕ وەستا، بەڵام لە بانە و مەریوان تێکهەڵچوونەکان توندتر بوونەوە. ئەو مەسەلەیە بیانووی دایەوە دەست سەرهەنگ سەدرییەکان کە ئاگری شەڕەکە قورستر بکەنەوە، بە جۆرێک کە کار بکەنە سەر هەستی بەنیسەدر کە ڕۆژی 1359/2/12 فەرمان بدات بە سەربازانی سوپا کە **(تا دژەشۆڕشەکان لەناونەبەن، بەندی پێڵاوکانیان نەکەنەوە.)**.

ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە تەرمی کوژراو و بریندارەکانی شەڕ لە شەقامەکانی سنەدا کەوتبوون و بۆنی خوێن هەموو شاری داگرتبوو. بە گوێرەی ئاماری ڕێکخراوە سیاسییەکان، حیزبی دیموکرات 21 شەهید، کۆمەڵە 14 شەهید و چریکی فیدایی 6 پێشمەرگەی لە شەڕی سنە لێ شەهید کرا. بێگومان ئەوە ئاماری سەرجەم شەهیدانی سنە نیە، چونکە بەگوێرەی ئاماری نەسەلمێندراو نزیکەی 200 کەس لە خەڵکی سنە بە ئافرەت و منداڵ و پیر و گەنجەوە تەنیا لە ماڵەکانیاندا شەهید بوون و خەڵک ناچار بوو بە شێوەی کاتی شەهیدەکانیان لە ماڵ و مزگەوتەکانی شاردا بنێژن.

ئەحمەد عەزیزی بەرپرسی ڕێکخراوی سنە و مەلا محەمەدی جوانڕۆ فەرماندەی هێزی 41ی شەریفزادەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ چوار پێشمەرگەی هاوڕێی بە ناوی حوسێن مەرجان، جەمال، مەحمود و ئەحمەد بە پڕیشکی تۆپی دوژمن بریندار بوون. مەحمود و ئەحمەد شەهید بوون و چوارەکەی تریان گەیاندە مهاباد و لە باخی محەیدین ئاغای "دۆستاڵی" دایاننان. چونکە شوێنەکەیان لە مەترسیدا بوو، من ئەوانم گواستەوە بۆ ماڵی خۆم و چەند ڕۆژێک پارێزگاریمان لێکردن و دوکتۆر شادمانفەر ئەرکی چارەسەرکردنیانی بەڕێوە دەبرد و کاتێکیش مهاباد کەوتە مەترسییەوە، لە مهابادیش گواستیاننەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە سنەدا و شکانی ئاگربەست، کۆماری ئیسلامیی گەمارۆی ئابووری خستە سەر هەموو شارەکانی مهاباد، بۆکان، سەقز، بانە، مەریوان و سەردەشت و نەیهێشت خۆراک و سوتەمەنی بۆ ئەو شارانە بچێت. ئابڵوقەی کوردستان بە شێوەی هەمەلایەنە کوردستانی ئاڵۆز کرد و تا ڕادەیەک ڕێگەی لە پێشمەرگە گرت کە یارمەتی بگەیەننە شوێنەکانی شەڕ و خواردەمەنی و پێویستییەکانی خەڵکی شاری سنە و سەقز دابین بکەن. کەریم حیسامی یەکێک لە بەرپرسانی حیزبی دیموکرات بە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕاگەیاند: (دوو ڕۆژە ناهێڵن نەوت و بەنزین و گازاویل بگاتە مهاباد و شنۆ.) بۆ سوککردنەوەی باری ئابڵۆقە لە سەر مهاباد، ڕۆژی 1359/3/21 (1980/6/11) حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی بۆ نوێنەرانی حیزب و گروپە سیاسی و چەکدارەکان و پیاوماقوڵانی شاری مهاباد لە هۆڵی فەرمانداریی شاردا پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەیەدا گەلێک پێشنیازی بەکەڵک ئاراستە کران، بەڵام هیچیان جێبەجێ نەکران. لە جێگەی خۆیدا باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکەم.

بە هەر حاڵ جگە لە شەهید و برینداەرکان و زیانی قورس و زۆری خەڵکی سنە، سەرهەنگ عەباسعلی سەدری فەرماندەی لەشکری 28 سەبارەت بە زیانی ئەندامانی سوپا بۆ ڕۆژنامەی ئیتلاعات و کەیهان دوا. بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/29 و ژمارەی ڕۆژی 1359/3/4دا، بە هەواڵنێری ئیتلاعاتی ڕاگەیاند: **(سەرتیپ**

نەسـرەت زادە فەرمانـدەی تیـپ و 14- 15 سـەرباز لـە دەسـتپێکی شەڕەکەدا کوژران و 10 - 15 کەسیشمان لێگیرا. ئەندامانی کاروانەکە ناچاربوون بەرگریی لە خۆیان بکەن و خۆیان ڕزگاربکەن، سەرئەنجام کاروانەکـەیان ڕزگـار کـرد. بـە هـۆی کەمتەرخـەمیی فەرماندەی کاروانەکەوە 25 بارهەڵگری پڕ لە خواردەمەنی کە خۆراکی سێ مانگیان تێدابوو لەگەڵ سوتەمەنی و هەندێک تەقەمەنی ئێمە کەوتە دەست ئەوان. دوای ئەوە پەلاماری باشگای ئەفسەرانیاندا، ئێمە لە ڕادیۆوە ڕامانگەیاند کە ماڵەکانی دەوروبەری باشگا چۆل بکەن، بۆ ئەوەی گوللەی خۆمپارەیان بەرنەکەوێت و خەڵکەکەش ماڵەکانیان چۆلکرد. لەو کاتـەدا هێرشـکەران لـە بەرزاییـەکانی "ئاویـەر" و "فـەیزاوا"وە سـەربازگەیان تۆپبـاران کـرد. پێشـتر سـەنگەریان لـەناو شـاردا هەڵبەستبوو، دەیانویست سەربازگە بگرن و سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، بـەڵام بـە هـۆی لـەخۆبوردوویی سـەرباز، پلـەدار و ئەفسـەرەکانەوە سەرنەکەوتن. شەش ترێلێری سوپایان لە شاردا سوتاند و بە گوللەی ئارپیجی 7 مۆتۆڕەکانیان لەناو برد. ئێمە 120 کەسمان لە باشگای ئەفسەراندا هەبوو، 16 کەسیان بریندار بوون. ناچار بووین ئامبولانسیان بۆ بنێرین و ڕامانگەیاند ئامبولانس نان و ئاو و دەرمانیان بۆ دەبات، بـەڵام هێرشکەران ئامبولانسەکەیان ڕاگرت و پزیشکیارەکەیان لەگەڵ خۆیان برد. ئێمە ناچار بووین ڕێگە بۆ ئەو ژمارەیەی ناو باشگا بکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە سوپای پاسداران 100 پاسداری بۆ ناردین و بە یارمەتی ئەوان و 250 سەرباز، دوای هەشت کاتژمێر شەڕ توانیمان خۆمان بگەیەنینە باشگا. مەودای نێوان باشگا تا سەربازگە نزیکەی کیلۆمەترێک دەبێت، لەو مەودایەدا 105 بریندار و 17 کەسمان لێ شەهید بوو. ... برینداراەکانی ئێمە و سوپای پاسداران لە شەڕی سنەدا گەیشتە نزیکەی 500 کەس و دوێنی 47 تەرممان لە چاڵێکدا دۆزییەوە. ژمارەیەکیان ناسرانەوە، یەکێکیان تەرمی سەرتیپ نەسرەت زادە بوو کە پێی بریندار ببوو، بەڵام چاویان دەرهێنابوو.). سەرهەنگ سەدری سەبارەت بە ئەندامانی کوردی ناو لەشکری 28 ڕایگەیاند:

-لە شەڕی یەکەمدا ئەندامانی غەیرە کورد سکالاَیان لە ئەندامانی کوردی سەربازگە هەبوو، دەیانگوت ئەوان لەمپەر دەخەنە بەر کارەکانیان. دیار نیە لە شەڕی پێشودا چەند کەسیان لێ گرتن، بەلاَم ئەم جارە ژمارەیەک بۆمبیان لە وێستگەی کارەبا و کتێبخانە و لە ناو چەند دەزگا تانکدا دانابوو، کاتێک بۆمبەکانمان دۆزییەوە، لە ماوەی دوو کاتژمێردا 450 کەسمان لێ دەستگیر کردن. 120 پلەداری گومانلێکراوم لە سەربازگە دورخستەوە و ڕەوانەی مەرەخەسی ئیجبارییم کردن و 100 کەسم ڕەوانەی سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی کرد و بەو جۆرە ڕێکخراوی ئەندامانی لایەنگری هێزە چەکدارەکانمان لە ناو لەشکردا هەڵوەشاند.

دوو هێلکۆپتەر بە گوللەی دژەشۆڕشەکان لە ناو شار کەوتنە خوارەوە، هێلیکۆپتەرەوانێکیان شەهید کرد و ئەوی تریان ڕزگاری بوو. سەبارەت بە زیانەکانی شار سەرهەنگ سەدری گوتی: ڕۆژنامەکان نوسیبیان 300 کەس، بەلاَم من لام وایە کە ژمارەی کوژراوەکانی شار لە سەروی 600 کەس، چونکە کاتێک 450 گوللە تۆپ لە خولەکێکدا دەکەوێتە ناو شارەوە و پانتایی زیانی گوللەی تۆپ لەنێوان 200- 400 مەتر دایە، من ڕاموایە ئەوانەی کە هێرشیان کردە سەر کاروانەکە، یەک کەسیشیان نەماوە.

بەهەر حاڵ شەڕی سنە دوای 24 ڕۆژ واتە لە 1359/2/24 (1980/5/14) بە پاشەکشە کردنی پێشمەرگە لە شار کۆتاییهات. شەڕەکە زۆر بە زیانی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تەواو بوو. سەرەتا شاری سنە و دواتر سەقز، بانە و مەریوان بۆ هەمیشە کەوتنەوە دەست دوژمن و پێشمەرگەکان جگە لە بۆکان، مهاباد، شنۆ، پیرانشار، نەوسود و چەند شارۆچکە و گوند و جادە و چۆلەوانییەکان هیچیتریان بەدەستەوە نەما. لە لایەکی ترەوە بە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە سنە، ئەبولحەسەن بەنیسەدر لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی "بەنداوی لار" لە 85 کیلۆمەتریی باکوری ڕۆژهەلاَتی تاران، لەسەر بارودۆخی کوردستان و شەڕی سنە بۆ کارگەرانی بەنداوەکە دوا. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی

1359/2/15دا، وتــەکانی بەنیســەدری بڵاوکــردەوە. نــاوبراو لــە بەشــێکی وتەکانیدا دەڵێت:

- (ژمارەیەک کە لەگەڵ پێکهێنانی هەڵبژاردنی شورا لە شاری سنە بوون، دوای پێکهاتنی شورا ئەو کێشەیەیان دروستکرد، لە کاتێکدا بە ئیمزا و بەڵگەوە دووپاتیان کردبووەوە کە بە مەرجێک پاسدار لە شاردا نەبێت، ئەوانیش لە شاردا چەک هەڵناگرن، هەموو دەزانن کە ئەو پێشنیازە پەسەند کرا، بەڵام لەگەڵ دەرچوونی پاسدارەکان لە شار، چەکدارەکان دووبارە گەڕانەوە ناو شار و ئەو دیاردەیە بەردەوام بوو، تا من پۆستی سەرۆکایەتی کۆمارم وەرگرت. گروپێک لە حیزبی دیموکرات هاتنە لای من و گوتیان گەلاڵەیەکی شەش ماددەییمان هەیە، دوای لێکۆڵینەوە و هەندێک گۆڕانکاریی گەلاڵەکەم پەسەند کرد، بەڵام پێمراگەیاندن کە ئێمە ئەو مافە بە خەڵکی کوردستان دەدەین، لەبەرئەوە دەبێت خەڵکی کوردستان ئازاد بن لە هەڵبژاردندا. گوتیان ئێمە ئەو مافەمان بۆ خۆمان ناوێ و بۆ خەڵکی کوردستانمان دەوێت. گوتمان بۆ ئەوەی کە خەڵکەکە بەبێ گوشار و ترس بەشداریی هەڵبژاردن بکەن، نابێ کاتی هەڵبژاردن چەکدار لە شوێنی هەڵبژاردن بن، ئەوانیش ڕازیی بوون.). ... بەنیسەدر لە درێژەی وتەکانیدا بۆ کارگەران، گوتی:

- (ئێمە بەرنامەیەکمان بۆ شەڕ لە کوردستان نەبوو، خەریکبووم بۆ پێڕاگەیشتن بە دۆخی ئابووری خوزستان بە ڕێگای کرماشاندا بچمە ئەو ناوچەیە کە ئاگاداریان کردمەوە پاسگای نەوسودیان گەمارۆ داوە. گوتم لێیان بپرسن، ئێوە گەلاڵەی شەش ماددەییتان هێناوە، ئیتر ئەو کارانە چییە دەیکەن؟ وەڵامیان دایەوە کە خەریکی وتووێژ کردنین. کاتێک لە خوزستان گەڕامەوە پێیانراگەیاندم کە 70 کەسیان لە نەوسود چەک کردووە و 7 تۆن چەک و تەقەمەنییان بردووە. دواتر بروسکەیەکی گاڵتەجاڕییان بۆ ئیمام نارد کە لە سنە خوێندکاران پێشیان بە کاروانێکی سوپا گرتووە و لە فڕۆکەخانەوە ناهێڵن بچێتە سەربازگەی شار و دەڵێن ئێوە دەتانەوێت شار بخەنەوە دەست خۆتان. گوتم دڵنیایان بکەنەوە کە شار داگیر ناکەن و با بۆ خۆیان ڕێگایان بۆ بکەنەوە کە لە

شار دەربچن، فەرماندار ڕازیی بوو، بەڵام دواتر گوتی من زاتی ئەوەم نیە لەگەڵیان دابنیشم. سەرئەنجام دوای دوو ڕۆژ کاروانەکە درێژەی بە ڕێگاکەی دا و لە ناو شاردا کەوتە بەر گوللە و خواردەمەنی و تەقەمەنییەکەیان تالان کرد و بروسکەیەکیان بۆ ئیمام نارد و بە هەواڵنێری پارسیشیان ڕاگەیاند کە کاروانێکی سوپایان لەناو بردووە. دیسان پەیوەندییمان پێوە کردنەوە و گوتمان ئەوە لە لاوازیی ئێمەوە نیە کە شەڕتان لەگەڵ ناکەین.) ... بەنیسەدر لە درێژەی وتارەکەیدا گوتی:

- (ڕۆژی **1359/2/13** سێ کەسمان بۆ وتوویژ لە تارانەوە ناردە کوردستان، سێ گروپ ئاکامی وتووێژەکەیان ئیمزا کردووە و دوای ئەوە ئاگربەس ڕاگەینرا و لە ڕادیۆوە خوێندرایەوە. دواتر پرسیارمان کرد کە ئایا ئەوانەی پروتکۆڵی کۆبوونەوەکەیان ئیمزا کردووە نوێنەری ئێوەن؟ گوتیان بەڵێ نوێنەری ئێمەن. دوای تێپەڕبوونی نیو کاتژمێر بەسەر ئەو وتووێژکردنەدا، هێرشیان کردە سەر مەریوان، دیسان گوتمان پەیوەندییان پێوە بکەنەوە کە بۆچی سەرەڕای ئاگربەس هێرشیان کردووە؟ گوتیان ئێمە لەو بەشەدا دەزگای پەیوەندییکردنمان نیە و ئێوە لە ڕادیۆوە ڕابگەیەنن کە هێرش نەکەن. وابیر بکەنەوە کە ئێمە بە ڕواڵەت لیبڕاڵین و حەزمان لە کوشتار نیە، بەڵام ئێمە خۆ گێل نین، تۆ دەڵێیت ئاگربەس، بەڵام هێرش دەکەیت و دواتر دەڵێی من لە ڕادیۆ بڵاوی بکەمەوە. واتە سەرۆککۆمار ئاگربەس ڕابگەیەنێ و سوپا دەست لە شەڕ بکشێتەوە و تۆ بچی چەکی بکەیت. بە لایەنی کەمەوە تۆسقاڵێک ویژدانتان هەبێت و ئیزن بدەن نیو کاتژمێر بەسەر بەڵێنەکەتاندا تێبپەڕێت، دوای ئەوە بیخەنە ژێر پێتان. گوتمان سەرەڕای هێرشکردنتان بۆ سەر مەریوان، هێرشەکە ڕابگرن، ئێمە شەش ماددەکە ڕادەگەیەنین، گوتیان ئێمە زەمانەتی شتێکی لەو جۆرە ناکەین. ئێستا ئێوە بنواڕنە ئاگربەسی ئەو بەڕێزانە کە لەسەر بنەمای فریو بووە. ئێوە پێمان بڵێن ئێمە لەگەڵ ئەوانە چی بکەین؟ ئایا بڵێین ئەو بەشەی وڵات بۆ ئێوە؟ خوا دەزانێ ئەگەر ئێمە بۆمان دەربکەوتایە کە سەر بە بێگانە نین، لەوانە بوو ئەو کارە بکەین، بەڵام ئێمە بەڵگەمان بەدەستە و تیمی

**پەیوەنـدارمان دۆزیوەتـەوە کـە ئـەوان لەگـەڵ بـەختیار پەیوەنـدیی ڕاستەوخۆیان هەبووە، ئەگەرنا سوپا و هێزەکانی ئێمە لە بەرنامەیاندا نەبوو کە شەڕیان لەگەڵ بکەن. بە کورتی ئەوانە نایانەوێ دۆخی ئەو هەرێمە ئارام ببێتەوە، من لێرەوە دەڵێم مەگەر بڕیار نەبوو کە لە سنە کەسی چەکدار نەبێت، باشە ئێوە سنە بەجێبهێڵن ئەگەر تەقەیەک لەوێ کرا من تاوانبارم، بەڵام ئەگەر بچن تفەنگی دووربیندار لە سەدام حوسێن وەربگرن و بێن مێشکی لاوەکانی ئێمەی پێ بخەنە سەر زەوی، ئیتر ئێمە ناوەستین تەماشاتان بکەین. ... ئاخر چ نەخۆشییەکتان هەیە کە دەچن لە بەعسییەکان و ڕوسەکان و ئەمریکاییەکان چەک وەردەگرن و دێن لە ڕووبەڕووی براکانتان دەوەستن. ... ئێمە تا ڕادەیەک دەتوانین ئاشتییخواز بین، بەڵام کاتێک تەقەیەکتان لێکردین دەڵێین لێمان مەدەن و بۆ جاری دووەم دەڵێین بەسە و ئەگەر بۆ جاری سێیەم تەقەت لێکردین، ئیتر ئێمە ناوەستین و بە پێنج تەقە وەڵامت دەدەینەوە و لە شەڕیشدا حەڵوا بڵاو ناکرێتەوە. ... هیوادارم ئەو گروپە چەکدارانە لە هەر جێیەکن، دەست هەڵگرن و ڕێگا بدەن ساڵێک تێپەڕێت، تا بزانین چی دەبێت و ئەگەر ئێمە بەڵێنەکانمان نەبردە سەر، بە چەک لە بەرامبەرماندا بوەستن. ئێوە تاقیتان نەکردووەتەوە و لە سەرەتاوە بە کالاشنیکۆف و ژ3 هاتوونەتە پێشەوە. بۆچی ئەو کارە دەکەن، ئێمە خۆمان بە حکومەتی خەڵکی زەحمەتکێش دەزانین و بە خواستی خوا و بە هیمەتی ئێوە پێش بە هەموو ئەو کەسانە دەگرین کە لە ڕژێمی پێشوو دەخۆن و خەریکی پیلانگێڕانن... تد.).**

ڕۆژی **1359/2/21** چەند جاشی بەشدار لە شەڕی سنەدا چوونە قوم و چاویان بە خومەینی کەوت. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی **1359/2/22**دا، جاشەکان پەیمانی خیانەتی خۆیان دژی گەلی کوردستان بۆ خومەینی دووپاتکردەوە و ڕایانگەیاند تا دوا تنۆکی خوێنیان بۆ خزمەت بە ئێوە و ئیسلام لەگەڵ سەربازەکان دەمێنینەوە. نوێنەرانی جاش داوایان لە خومەینی کرد کە کۆماری ئیسلامیی لە بەرامبەر هێزە سیاسییەکاندا پشتیان بگرێت و بەهێزیان بکات. لە لایەکی ترەوە ڕۆژی **1359/2/26** سەرهەنگ عەباسعلی سەدری

فەرماندەی لەشکری 28 ی سنە چووە لای خومەینی و ڕاپۆرتی شەڕی سنەی پێڕاگەیاند و گوتی سنەمان لە کافرەکان پاککردەوە و ژمارەیەک لە هێرشکەران چەکەکانیان بەجێهێشت و ڕایانکرد و ئێمە لە گوندەکاندا بەشوێنیانەوەین. ئەوان هەموو هێزەکانیان لە شارەکانیترەوە هێنابووە سنە و لەوێ کۆیان کردبوونەوە و نزیکەی دە هەزار کەس دەبوون، بەڵام خۆشبەختانە شکان. بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/27 دا، خومەینی لە وەڵامی سەدریدا گوتی:

**- (هیوادارم بە خواستی خوا و بە هیمەتی سوپا و بە هیمەتی پاسدارەکان، کوردستان بە زوویی پاک بکرێتەوە. من بۆ لەخۆبردوویی ئێوە بۆ وڵاتی خۆتان و بۆ ئیسلام سوپاستان دەکەم. ئێستا کە شەڕخوازانتان لەوێ ڕاوناوە، دەبێت بزانن کە ئەوان دەست لە ئێوە هەڵناگرن. سوپا و سوپای پاسداران و شورای شۆڕش و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان هۆشیار دەکەمەوە کە دەبێت شەڕخوازان لە کوردستان نەمێنن، کوردستانیان گەندەڵ کردوە و بە شێوەیەکی مەترسیهێنەر خەڵکی کوردستان ئازار دەدەن، تاڵانیان کردن و کەسیان نەهێشت و هەموو خەڵکیان کوشت. ئیتر نابێ ماوەیان پێبدرێت و دەبێ پاکبکرێنەوە تا دەستیان نەمێنێت و ئومێدیان نەمێنێت. دیارە ئەوەش گرنگە کە سوپا و سوپای پاسداران و ژاندارمەریی لەگەڵ یەکتر هاودەنگ و هاوپەیمان بن و گرنگتریش ئەوەیە کە لە کارەکانیاندا هاوئاهەنگ بن، چونکە هەر هاوئاهەنگییە کە سەرکەوتن بەدیدێنێت.)**

بە هەر حاڵ دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لە سنە، چەکدارانی کۆماری ئیسلامیی وەک گورگ کەوتنە گیانی خەڵک و ڕەشبگیرییان کرد. ئاماری ڕەسمیی گیراوەکانی دوای شەڕی سنە بە دەستەوە نیە، بەڵام ژمارەیەک هەواڵنێری ناوخۆی ئێران ڕۆژی 1359/3/2 (1980/6/23) سەردانی زیندانی سەربازگەی سنەیان کرد و ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/3دا نوسی:

**- (شاری سنە دوێنێش ئارام بوو، دوکان و بازاڕ وەک ڕۆژانی پێشو کرابوونەوە و سوپا و سوپای پاسداران خەریکی پاکسازیی شار بوون. ئەو سەنگەرانەی کە هێرشکەران دروستیان کردبوون، لابران و مەئمورەکانی**

**شارەوانی خەریکی خاوێنکردنەوەی شار بوون. دوێنێ هەواڵنێری ئێمە سەردانی زیندانی سەربازگەی کرد و لە نزیکەوە چاوی بە کەسانێک کەوت کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەستگیر کرابوون. نزیکەی 60- 70 کەس زیندانیی کرابوون، لەوانە 15- 20 کەسیان ئافرەت بوون.).**

سەرهەنگ سەدری فەرماندەی لەشکری سنە بە هەواڵنێرانی گوت:

**- (سەرباز و پاسدارەکان ئەو ئافرەتانەیان لەناو سەنگەر و بنکەی هێرشکەراندا دەستگیر کردووە. بڕیار بوو بەرلەوەی کە ئافرەتەکان بگوازرێنەوە بۆ زیندان، لە لایەن دوکتۆرەکانەوە بپشکنرێن، بەڵام کەسیان ئامادە نەبوون. چوار لەو ئافرەتانە لە فارس، ئیسفەهان، ئەهواز و باکورەوە هاتوونە سنە و گوتیان بۆ بینینی دۆستانیان هاتوون بۆ ئەم شارە. بڕیارە دادگای شەرعی سنە ئەو ئافرەتانە دادگایی بکات، یان ڕەوانەی تارانیان بکەین.).**

ڕاپۆرتی سەرهەنگ سەدری دەربارەی دەستگیر کردنی ئەو ژمارەیە دورە لە ڕاستیی، چونکە لە شەڕی سنەدا هیچ پێشمەرگەیەک دەستگیر نەکرا و تەنانەت تا ئەوکاتەی کە پێشمەرگە لە شاری سنەدا بوو، پاسدار و سەرباز لە شار نزیک نەبوونەوە، سوپا بە هاوکاریی جاشەکان ڕۆژی 1359/2/24 هاتە ناو شار کە پێشمەرگەی تێدا نەمابوو. ئەو ژمارەیە و ژمارەیەکی زۆر زیاتر لەوە، خەڵکی مەدەنی و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکان بوون کە سوپا دەستگیری کردبوون.

**بەردەوامیی شەڕ لە سەقز و شار و ناوچەکانی تری کوردستان**

بە گوێرەی فەرمانی ڕاستەوخۆی خومەینی بە سوپا و سوپای پاسداران و شورای شۆڕش و بەنیسەدر فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، سوپای کۆماری ئیسلامیی بە پلانێکی ورد و بە بەشداریی بەشێک لە لەشکرەکانی 28 ی سنە، 81 ی کرماشان، 64 ی ورمێ، 16 ی قەزوێن، یەکەکانی پاراشوت لە ناوەند و یەکەکانی ژاندارمەریی و سوپای پاسداران و جاشە خۆماڵییەکان شەڕیان خستە ناو شار و جادەکانی کوردستان و هەزاران کەسیان لەو شەڕانەدا کوشت و بریندار کرد و زیانێکی سەرسامهێنەریشیان بە خۆیان و بە خەڵک و سامانی کوردستان گەیاند. لەم پەیوەندییەدا وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ڕۆژی 1359/1/31 پەیوەندیی بە ڕۆژنامەی کەیهانەوە کرد و بەپێی نوسینی کەیهان لە ڕۆژی 1359/2/1دا ڕایگەیاند:

**- (شەڕی سنە گەیشتە سەقز و بە توندیی بەردەوامە و خەڵکی سەقز داوای ئاگربەس دەکەن. جگە لە کوژراو و بریندارەکانی سوپا و خەڵکی مەدەنی، 30 برینداری سەقز گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی بۆکان و نزیکەی 200- 300 خانووبەرە لە سەقز ڕوخاون. هێزەکانی سوپا بۆ تیمارکردنی بریندارەکانیان داوای یارمەتیان لە پزیشکەکانی سەقز کردووە، بەڵام دوکتۆرەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسوکەوتەکانی پێشوی کۆماری ئیسلامیی، نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە و بە نهێنی درێژە بە کارەکانیان دەدەن.).**

هەر لەو پەیوەندییەدا بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ڕۆژی 1359/2/2دا، هەواڵنێری پارس ڕایگەیاند: سەرەڕای کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی مەدەنی لە سەقز، سەدان خێزان سەقزیان بەجێهێشتووە و پەنایان بۆ شارەکانی بۆکان و مهاباد و گوندەکانی دەوروبەری بردووە. هەروەها سەرهەنگ سەدری فەرماندەی لەشکری 28 ی سنە کاتژمێر 19:40 ڕۆژی 1358/2/1 بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند کە لە بەیانیی ئەو ڕۆژەوە شەڕ لە نێوان خەڵکی سەقز و ئەندامانی سوپادا سەریهەڵداوە و دوو سەرباز کوژراون و ژمارەیەکیش

بریندارن. لە لایەکی ترەوە فەرماندەی سەربازیی ڕۆژئاوای ئێران لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند: شەڕ لە سەر پردی سەقز و دەوروبەری بەتوندیی بەردەوامە و توندیی شەڕەکە ڕێگە بە کۆکردنەوەی تەرمی کوژراوەکان نادات. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/3دا، فەرماندەی سەربازیی ڕۆژئاوای ئێران گوتی بۆ گواستنەوەی تەرمی دوو سەربازی کوژراو ئامبولانسمان نارد، کەچی هێرشکەران تەقەیان لە ئامبولانسەکە کرد و شۆفیری ئامبولانسەکە و ستوان سێیەم "فروزەندە" تەنیا پزیشکی سەربازگەیان بریندار کرد. ئێمە داوامان لەو کەسانە کرد کە نایانەوێت شەڕ لەگەڵ سوپا بکەن، قوماشێکی سپی بە مەبەستی ئاشتیی بەرزبکەنەوە و بەرەو سەربازگە بێن، ژمارەیەکیان گواسترانەوە و ئێستا جگە لە ئەندامانی گروپە سیاسییەکان، شار کەسی تری تێدا نیە. لە درێژەی ئەو ڕاپۆرتەدا، فەرماندەی سەربازگەی سەقز لە بڵاوکراوەیەکدا ناوی کوژراوەکانی هەشت ڕۆژی شەڕی ڕاگەیاند و گوتی: تا دوێنێ نزیکەی 300 کەس لە هێرشکەران و 21 ئەندامی سوپا و ژاندارمەریی کوژراون. لە جێیەکی تردا فەرماندەی سەربازیی ڕۆژئاوای ئێران ناوی 44 ئەفسەر، پلەدار، سەرباز و پاسداری کوژراوی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: هەروەها لە ناو کوژراوەکاندا، سێ کەس بەرگی کوردییان لەبەردایە و نەناسرێنەوە. لە لایەکی ترەوە سەرکردایەتی نوسینگەی هاوبەشی سوپا لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/2/27 لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاند: بە گوێرەی هەواڵی گەیشتوو، دژەشۆڕشەکان لە نێوان سنە و سەقز و لە گوندەکانی سەر ڕێگادا تەقەیان لە کاروانێکی سوپا کردووە و لە کەمینەکانیاندا بە چەکی جۆراوجۆر پەلاماری کاروانەکەیان داوە. سەرکردایەتی نوسینگەی هاوبەشی سوپا گوتی کاروانەکە ناچارە درێژە بە ئەرکەکەی بدات و بۆ بەرگرییکردن لە خۆی تەنانەت دەست لە گوندەکانیش ناپارێزێت.

سەرتیپ زەهیرنژاد فەرماندەی گشتیی ژاندارمەریی کۆماری ئیسلامیی کە پێشتر فەرماندەی لەشکری 64 ی ورمێ بوو، ڕایگەیاند: سێ ئەندامی ژاندارمەریی کوژراون و بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: من بەو ئاکامە گەیشتوم کە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پێکهێنەری ئەم شەڕانە نین،

بەڵکوو ئەوانەی شەڕ هەڵدەگیرسێنن، پەیڕەویی لە سیاسەتی ڕۆژئاوا دەکەن و سەر بە بێگانەن. لە کاتێکدا ئێران لە بەرامبەر زلهێزەکاندا وەستاوە، ئەوانە هەوڵدەدەن زیان بە هێزەکانی بەرگریی ئێران بگەیەنن، بەڵام دەبێت بزانن کە بە تەنیا لە بەرامبەر سوپادا نەوەستاون، بەڵکوو لە بەرامبەر 36 میلیۆن میللەتی ئێران دا وەستاون و ئەوەش ڕونە کە هەرگیز ناتوانن سود لە خەنجەرەکانیان وەربگرن. ئەوان پێش بە سوپا دەگرن و شەڕی لەگەڵ دەکەن، بەڵام ئێمە تا دوا هەناسەمان لە بەرامبەریاندا دەوەستین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لە کەڵکوەرگرتنی لە هێزەکانی جێگیر لە ناوچەکاندا و هێزە ڕەوانەکراوەکانی لە کرماشانەوە، لەشکری 16ی "قەزوێن" و پاسدارەکانی ناوچەی قەزوێنیشی ڕەوانەی شەڕەکە کرد. لەشکری قەزوێن بە "بیجار"دا خۆی گەیاندە دیواندەرە و لەسەر ڕێگەی خۆیدا کوێرانە تەقەی لە گوندەکان کرد و ژمارەیەک مەڕوماڵاتی گوندەکانی لەناوبرد و پەلاماری گوندەکانیدا و خەڵکی مەدەنی گوندەکانی ئازاردا.

بەشێک لە لەشکری 16ی قەزوێن لە دیواندەرە مایەوە و ئەوانی تر بۆ یارمەتیدانی سەربازگەی سەقز و بانە، دیواندەرەیان بەجێهێشت. چوونی ئەو کاروانە کاتێک بوو کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەتی ئێران لە دۆخی ئاگربەسدا بوون، تەنانەت پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ئامادەبوون بۆ ئەوەی کە ئاگربەس نەشکێت، یارمەتی یەکەکانی سوپا بدەن کە خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویستان پێبگات.

بەشێکی لەشکری 16 ی قەزوێن لە سەقز ڕاگیرا و بەشەکەی تری بە کەڵکوەرگرتن لە ئاگربەس ڕەوانەی بانە کرا و لە جادەی نێوان سەقز و بانە لە بەرزاییەکانی "کەلیخان" کەوتە کەمینی پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی خەبات و کۆمەڵەوە و دواتریش پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دژی کاروانەکە تێکەڵاوی شەڕەکە بوون. کاروانەکە دوای چەند کاتژمێر شەڕ و ژمارەیەک کوژراو و بریندار توانی بە پشتیوانیی فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە بۆمبهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامیی خۆی ڕزگار بکات و بچێتە سەربازگەی بانە. سەبارەت بە زیانی ئەو کاروانە کۆمەڵە ڕایگەیاند: **(لە**

**شەڕی کەلیخاندا پێنج تانکی شکاندوە و نۆ تانکی گرتووە و پێنج سەربازیشی بە برینداریی دەستگیر کردووە.).** لە بەرامبەردا لەشکری 16ی قەزوێن لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی 1359/2/14دا بڵاوکرایەوە، ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵەی بەدرۆخستەوە و نوسی لە شەڕی کەلیخاندا دوو سەربازی کوژراوە و هەشتی تریشی بریندار بووە. دەربارەی هەڵسوکەوتی حیزبی دیموکرات بەرامبەر بە هێزەکانی سوپا بۆ ڕێزگرتن لە ئاگربەس، حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 187ی کتێبەکەی "مێژووی زیندوی کوردستان - چەپ و ناسیونالیزم"دا کە بە زمانی فارسی نوسیویەتی، دەڵێت:

**- .... کۆمیتەی شارستانی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: (کاروانێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی کە هەڵگری خواردەمەنی و کەرەستەی تدارکاتە لە سەقزەوە دێنێتە سەربازگەی بانە.). ئەوە لە حاڵێکدابوو کە ڕژێمی ئیسلامیی بە هەموو توانایەوە لە خەڵکی سەقز و سنەی دەدا. دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامیی بۆ بەهێزکردنی سەربازگەی بانە دەستی یارمەتی بۆ دۆستە دێرینەکەی خۆی، واتە حیزبی دیموکرات درێژکردووە. ئەو کردەوەیەی حیزبی دیموکرات لە لایەن ڕێکخراوی کۆمەڵە لە شاری بانە و دەفتەری و تەنانەت چریکی فیدایی خەڵکەوە کە هێشتا لەت نەببوو، بە توندیی کەوتە بەر ڕەخنە و حیزبی دیموکرات ناچاربوو، لەو هەڵوێستەی پاشەکشە بکات. دیارە ئەوە بەشێک لە هاوکارییەکانی حیزبی دیموکرات بوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ڕاسپاردەی حیزبی "برا"، واتە حیزبی تودە دەکرا.**

بە هەر حاڵ بەرلە گەیشتنی هێزەکانی لەشکری 16 ی قەزوێن بۆ بانە، سەربازگەی ژاندارمەریی و سوپای پاسدارانی ئەو شارە بە توندیی لە گەمارۆ و لەژێر ئاگری چەکی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، ڕێکخراوی خەباتی ئیسلامیی کوردستان و کۆمەڵەدا بوون و پێشمەرگەکان چەندان جار پەلاماری سەربازگەکەیان دا و زەبری قورسیان لێدا و زیانی زۆریان پێگەیاند، بەڵام نەیانتوانی دەستی بەسەردا بگرن. کاتێک هێزی یارمەتیدەر گەیشتە بانە، سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی سوپا

هەڕەشەکانی خۆی بۆ سەر خەڵکی بانە چڕتر کردەوە و لەم بەیاننامەیەی خوارەوەدا کە لە کەیهانی ڕۆژی 1359/2/20دا بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند:

**- (بە ناوی خوا - هاونیشتمانانی بەڕێز و ئاشتیخوازی شاری بانە، دژەشۆڕشەکان و بەکرێگیراوانی بێگانە لە نەرمیی و شێوازی عەمەلیاتی سوپا و سوپای پاسداران کەڵکوەردەگرن و لە ناو ئێوە و گوندەکانتانەوە، تەقە لە کەسانی بێچەک دەکەن و بە چەکی قورس لە یەکە سەربازییەکانی ناو سەربازگەکە دەدەن. داواتان لێدەکەین ئەوانە لە خۆتان و گوندەکانتان دوربخەنەوە، ئەگەر دژەشۆڕشەکان لە شاری بانە دەرنەکەن، یەکەکانی سوپا ناچاردەبن وەڵامیان بدەنەوە و لەوانەیە جێ و ڕێتان بکەوێتە بەر گوللەی هێزەکانمان).**

دوای ئەو هەڕەشەیەی سەرکردایەتی سوپای کۆماری ئیسلامی، شاری بانە کەوتە بەر پەلاماری چەکە قورسەکانی سوپا و دەیان کەسیان لە خەڵکی بانە شەهید و بریندار کرد. بە بەرینبوونەوەی شەڕ لە کوردستاندا خوێندنگەی شارەکان و گوندەکان داخران و کۆتایی بە کارە خزمەتگوزارییەکان هات و نەخۆشخانەکان بۆ بریندارانی شەڕ تەرخان کران. بەم بۆنەیەوە دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو نامەیەکی ئاڕاستەی ڕای گشتیی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان کرد و داوای یارمەتی لێکردن. من ئەم نامەیەم لە لاپەڕەی 245- 247ی کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" نوسینی عەبدوڵا حەسەن زادە وەرگرتووە کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:

**دۆستانی بەڕێز !**

**جارێکی دیکە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە ئێران دا شەڕێکی تازەی وێرانکردنی دژی خەڵکی کوردستان دەست پێکردوە. هەر ئێستا لە شارەکانی سنە، سەقز و بانە، ئەرتەش بە چەکی مۆدێرنی فانتۆم و هێلی کۆپتێر و تۆپ و تانک خەڵکی کوردستان دەکوژێ. ئامانجی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لەو شەڕە، لەنێو بردنی بزوتنەوەی دێموکراتیی کوردستانە کە بۆتە سەنگەری ئازادیی ئێران. تا ئێستا هەزاران کەس لە خەڵکی بێ تاوان، ژنان و پیرە پیاوان و منداڵانیان لە شار و گوندەکانی کوردستان دا قەلاچۆ کردووە. سەدان ماڵ لە شارەکانی سنە و سەقز و بانەدا وێران**

**بوون. کوردستان لە گەمارۆی ئابووری دایە، نە شتوومەکی خواردەمەنی، نە سووتەمەنی و نە دەرمان ناگاتە کوردستان. ئێمە داواتان لێ دەکەین جارێکی دیکە دەنگی بێزاریی خۆتان دژی تاوانەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە تاران بەرز بکەنەوە. بیروڕای گشتیی جیهان دژی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئێران کە بە دەستوری سەرکۆمار دەجولێتەوە، هان بدەن و ڕێگا نەدەن بوونی نەتەوەیەک کە تەنیا گوناهی، دیفاع لە دێموکراسی لە ئێران و مافی نەتەوایەتی یە، بکەوێتە بەر مەترسیی لە نێوچوون. لە کۆمەگی مادی و معنوی بە خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستانی ئێران دریغ مەکەن. کۆمەک بکەن و مەهێڵن نەتەوەیەک لەبەر چاوی مرۆڤایەتی لە خاک و خوێن دا بنێژرێ.**

**لەگەڵ سڵاوێکی زۆر سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**عبدولرحمان قاسملوو 1980/4/25**

لە لایەکی ترەوە، ئەو بەشەی کە لە لەشکری 16ی قەزوێن لە دیواندەرە بەجێمابوو، بە وتەی خۆی شارەکەی پاکسازیی کرد و دیواندەرەی بەجێهێشت. لەگەڵ چۆڵکردنی دیواندەرە، بەیاننامەیەکی لە کەیهانی ڕۆژی 1359/2/25دا بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا نوسی:

- بە سوپاسەوە بۆ خەڵکی بە غیرەت و واقیعبینی دیواندەرە کە بۆ خۆیان کەسانی دژ بە شۆڕش و فریوخواردوویان لە شارەکەیان دورخستەوە و لە ڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامیی گەیشتن. بە ئاگاداریی ئێوە خەڵکی دیواندەرە و گوندەکانی دەوروبەر دەگەیەنین، چونکە یەکە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەرکی ڕووبەڕوو بوونەوەیان لە بەرامبەر دوژمن و بەرگرییکردن لە سنورەکان و پاراستنی تەواویەتی خاکی ئێرانی لە ئەستۆیە، ناچارین ناوچەی ئێوە بەجێبهێڵین. گومان لەوە دەکرێت کە دوای ڕۆیشتنی سوپای پاسدران و یەکە سەربازییەکان لە شارەکەتان، ژمارەیەک بیر لە ئاڵۆزکردنی ناوچەکەتان بکەنەوە، داوا دەکەین ڕێیان مەدەن سەرلەنوێ بگەڕێنەوە و ئاساییشی ناوچەکەتان بخەنە مەترسییەوە، ئەگەرنا ئێمە دەگەڕێینەوە و پێگەی ژاندارمەریی لە ناوچەکەتان دادەنێین. لەگەڵ ئەوەدا، سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینی

سوپای کۆماری ئیسلامیی لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/3/2 لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاویکردەوە، ئامازەی بۆ هێرشی لەشکری 16 قەزوێن بۆ سەر کوردستان کرد و ڕایگەیاند:

**- (چونکە لەسەر داوای هاونیشتمانانی بە شەرەف و واقیعبینی کوردستان، سوپا و سوپای پاسداران ئەرکیانە کە بە زوویی چەکدارە نایاساییەکان لە ناوچەکە پاک بکەنەوە، داوا لە ئێوەی خوشک و برایانی کوردستان دەکەین کە بۆ ئەو ئامانجە، کەسانێک کە چەکیان هەیە و نایانەوێت چەکەکانیان بدەنەوە و هەوڵدەدەن لە تاریکی شەو کەڵکوەربگرن و بە نهێنی تەقە لە پاسدار، یان سەربازێک بکەن، بە سوپای پاسداران، یان یەکەکانی سوپایان بناسێنن.)**

یەکەکانی کاروانی سوپای پاسداران و لەشکری 16ی قەزوێن سەرەڕای هەڕەشە کردنیان لە خەڵکی گوندەکانی سەر ڕێگایان، ڕۆژی 1359/3/1 لە نێوان دیواندەرە و سەقز لە بەرزاییەکانی "ئێرانشا"دا کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی کوردستان و بە توندیی زیانیان پێگەیشت. لەشکری 16ی قەزوێن لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە کەیهانی ڕۆژی 1359/3/2 دا بڵاوکرایەوە، ئامازەی بۆ زیانەکانی ئەو پێکهەڵپرژانە کرد و گوتی: شەش چەکداری دژەشۆڕش کوژراون و نۆی تریش بریندار بوون، بەڵام هیچ زیانێک لە هێزەکانی سوپا نەکەوتووە.

سەرئەنجام دوابەشی کاروانی لەشکری 16ی قەزوێن ڕۆژی 1359/3/1 گەیشتە سەقز و بە گوێرەی بەیاننامەیەک کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ژمارەی ڕۆژی 1359/3/2دا بڵاوکرایەوە، کۆنترۆڵی شاری سەقزی خستە دەست خۆی. سەرکردایەتی سوپای ئێران دوای بەهێزکردنی سەربازگەی سەقز و جێگیرکردنی ژاندارمەریی و سوپای پاسداران و داگیرکردنی ناوچە ستراتیژییەکانی شار و دەوروبەری سەقز، بە پلانێکی داڕێژراو بۆ بەهێزکردنی پترى سەربازگەی بانە و یارمەتی گەیاندن بە پاسدارە جێگیرکراوەکانی ئەو شارە کە چەندان ڕۆژ بوو لەژێر گوشاری پێشمەرگەدا بوون، هەروەها داگیرکردنی جادەی بانە بۆ سەردەشت بە ڕێکەوت کە لە جێی خۆیدا ئامازەی بۆ دەکەم.

لە بەشی **" سنە لەناو ئاگر و خوێن دا "** پەنجەم بۆ شەڕی مەریوان و وتارەکەی بەنیسەدر ڕاکێشا. لە ڕاستییدا هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە لایەن حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی و کۆمەڵە و حکومەتی ناوەندییدا، کۆمەڵە ڕۆژی 1359/2/13 هێرشی کردە سەر بنکەی سوپای پاسدارانی مەریوان و بە خۆمپارە تەقەی لە سەربازگەی شارەکە کرد. بەو بۆنەیەوە بەنیسەدر تووڕەیی خۆی لەو کردەوەیە ڕاگەیاند و لە وتووێژێکی تایبەتدا کە لە ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی 1359/2/15 دا بڵاوکرایەوە، گوتی: **(دوای تێپەڕبوونی نیو کاتژمێر بەسەر ئەو وتووێژەدا، هێرشیان کردە سەر مەریوان.).**

بە هەرحاڵ لەشکری 28 ی سنە ڕۆژی 1359/4/1 کاروانێکی تێکەڵاوی لە یەکەکانی سوپا و سوپای پاسداران و جاشە موسوڵمانەکان لە سنەوە ڕەوانەی مەریوان کرد کە لەوێ جێگیر ببن و یارمەتی سەربازگەی مەریوان بدەن. بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/4/3 دا، سەرکردایەتی هاوبەشی سوپای کۆماری ئیسلامیی سەبارەت بە گەیشتنی ئەو کاروانە بۆ مەریوان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا ڕایگەیاند: کاروانی پێکهاتوو لە ئەندامانی لەشکری 28 ی سنە و برایانی پاسدار و پێشمەرگەکانی کوردی موسوڵمان "جاش" کە بەیانیی ڕۆژی 1359/4/1 بەرەو مەریوان کەوتەڕێ، پاشنیوەڕۆی 1359/4/2 گەیشتنە ئەو شارە. هەروەها سەرکردایەتی سوپای کۆماری ئیسلامیی گوتی کاروانەکەیان لە ڕێگادا کەوتووەتە کەمینی دژەشۆڕشەکان و جاشێکی موسوڵمانیان لێ کوژراوە و دوو پاسدار و دوو سەربازیشیان بریندار بوون.

لە جێیەکی تردا، سەرکردایەتی هاوبەشی سوپای کۆماری ئیسلامیی لە ڕاگەیاندنێکیدا کە هەواڵنێری پارس بڵاویکردەوە و ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/5/11 دا ئاماژەی بۆ کرد، دەربارەی چۆنیەتی گەیشتنی کاروانێکی تری سوپا و سوپای پاسداران بۆ مەریوان ڕایگەیاند:

**- (بە ناوی خواوە- لەسەر داوای پارێزگاری کوردستان، کاروانێکی سەربازیی پێکهاتوو لە ئەندامانی سوپای کۆماری ئیسلامیی و ژاندارمەریی، سوپای پاسداران و پێشمەرگەکانی کوردی موسوڵمان کە**

بریتــی بــوو لــە چــوارده ئوتــۆمبێلی بارهــەڵگری بــەنزین و گازئۆیــل و ده ئوتــۆمبێلی بارهــەڵگری خواردەمــەنــی ڕۆژی **1359/5/8** ڕەوانــەی مــەریوان کرا. کاروانـەکە کاتژمێر **10:30** ڕۆژی **1359/5/9** لـە بەرزاییـەکانی کـەلی "گـاڕان" کەوتـە کـەمینی چەکدارە دژەشۆڕشـە بـێ نیشتمانـەکانەوە و لـە ئاکامدا کاروانـەکە توشی شـەڕ بـوو. چۆنیـەتی شـەڕەکە بـە وردیـی و بـەم شـێوەیەی خــوارەوە بــە ئاگــاداریی میللــەتی شــەریف و مــەزنی ئێــران دەگەیەنین:

**1-** چونکە پێشتر گومانمان لەسەر ڕێگای کاروانـەکە هەبوو، ڕۆژێک بەرلـە ڕۆیشـتنی ئــەو کاروانــە، ناوچەکــە لــە دوژمــن پاککرایــەوە، بــەڵام چونکــە هێرشکەران لە گوندەکانی نزیکی گاڕان خۆیان حەشاردابوو، بـە ئاگـادار بوونیان لـە هـاتنی ئـەو کاروانـە کـاتژمێر **10:30** ڕۆژی **1359/5/9** خۆیـان گەیاندبووە گاڕان.

**2-** کاروانـەکــە شــەو لــە کــەلی گــاڕان مایــەوە و کــاتژمێر **10:30** ڕۆژی **1359/5/9** بەرەو مەریوان کەوتە ڕێ و لـە دووریی پێنج کیلۆمەتر لـە کەلی گاڕانــەوە کەوتــە کــەمینی هێرشــکەرانەوە. لــە ســەرەتادا دەیانویســت کاروانەکــە گــەمارۆ بــدەن، بــەڵام بــە هۆشــیاریی و دژکــردەوەی تونــد و حیسابکراوی فەرماندەی کاروانـەکـە و هاوکـاریی و هاوئاهـەنگیی تـەواوی برا پاسدارەکان و ئەندامانی کاروانـەکە، خۆیان لە گەمارۆ ڕزگارکرد و لـە ئاکامــدا هێرشــکەران خۆیــان گــەمارۆ دران و زەبــری قورســیان لێــدرا و **35** کــەلاکیان لــێ بــەجێما و ژمارەیــەکی کەمیشــیان کــە مــابوون، ڕایــانکرد و خۆیان ڕزگارکرد.

**3-** هێرشکـەران لـە سەرەتادا بـە ئـاڕپیجی **7** لـە یەکـەم ئوتـۆمبێلی پێش کاروانـەکەیاندا و لـە ئاکامدا چەند کەسێک لـە برایانی پاسدار و سـەرباز شەهید بوون.

**4-** کاروانـەکە دوای حـەوت کاتژمێر شـەڕ بـە یـازدە شـەهید لـە باشـترین ئـەندامانی سوپا و سوپای پاسداران و **36** برینـدار تـوانی کـاتژمێر **17:30** ئـەو ڕۆژە سوتـەمەنی و خواردەمەنییەکان بگەیەنێتە مەریوان.)

ئاکامی شەڕ لە پارێزگای کوردستان بەوە گەیشت کـە کۆمـاری ئیسلامیی شـارەکان لــە دەســت پێشــمەرگە دەربهێنێــت. ژمارەیــەکی زۆر لــە خــەڵکی

شـارەکان بگرێـت و دوریـان بخاتـەوە و بەشـێک لـە ئەنـدامانی سـوپا کـە لایەنگری ئاشتیی و ئـازادیی بـوون لـە کوردسـتان دور خرانـەوە و تەنانـەت گوللەبارانیان کـردن. هـەروەها 1510 مامۆستای خوێندنگـەکانی پارێزگـای سنەشی لەسەر کار لابرد. لەگەڵ ئەوەشدا بـەرەی هێـزی پێشـمەرگەی لاواز کرد و کێشەی ناو ڕێکخراوەکانی قوڵتر کردەوە.

لـە کۆتـایی ئـەم بەشـەدا پێویسـتە ڕایبگـەیـەنم کـە شـەڕی ئـەم جـارە لـە کوردسـتاندا بـە ڕادەیـەکی زۆر هاوسـنگیی هێزەکـانی لـە نـاوخۆی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران و هێزە بەرهەڵستکارەکاندا گۆڕی. لە نـاو دەسـەڵاتدارانـدا، دەنگی کەسانی لایەنگری ئاشتیی و بە ئاشتیی چارەسـەرکردنی کێشـەکان لـە ئێرانـدا کپکـرا و گوشـار بـۆ سـەر هێـزە ئاشـتییخوازەکانی لایـەنگری دیموکراسـی لـە ئێـران چڕتـر بـووەوە. ڕێکخـراوە سیاسـی و مەدەنییـەکان، سەندیکانی کرێکاران، زانکۆکان و خوێندنگەکان، ڕێکخراوەکـانی ئافرەتـان و مـافخوازان و گـەلانی عـەرەب، بلـوچ، ئـازەریی و تورکمـان کەوتنـە بـەر هێرشی گروپە چۆماغدارەکان و بوار بۆ کەسانی توندڕەو لە سوپا و سوپای پاسـداران و ژاندارمـەریی خۆشـکرا کـە دەسـەڵات بگرنـەدەسـت و بێپـەروا خەڵک سەرکوت بکەن.

لەگەڵ ئـەوەدا کێشـەی نێوان دوو دەوڵـەتی کۆنەپەرستی عێراق و ئێران ڕەنگێکـی تـازەی بەخۆیـەوە گـرت. ئـەو دوو دەوڵەتـە کۆنەپەرسـتانە بـۆ سەرکوتکردنی پتری گـەلی کـورد و خـەباتگێڕانی وڵاتـەکانیان و زاڵبوونیـان بەسـەر یـەکتردا، لـە سنورە دەستکردەکانی قەسـری شـیرین، خەسـرەوی، ئیلام و خوزستان تەقەیان لە یەکتر دەکرد و دەنگی خۆیان بەرز دەکردەوە کـە وڵاتـەکانیان لـە مەترسـی هێرشـی بێگانەدایـە و بەمـە هەسـتی ناسیونالیستی لایەنگرانیان دەبزواند و خەڵکیان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا.

لەگـەڵ ئەوەشـدا چریکـی فیـدایی خـەڵکی ئێـران کـە ماوەیـەک بـوو لـە قەیرانـی ئایدیۆلۆژیی و ناکۆکیی ناوخۆی ڕێکخراوەکەیدا نوقم ببوو، بـەرەو هاوپەیمانییـەتی حیزبـی دیمـوکرات کێشـی پەیـدا کـرد و دواتـر دوو بەشـی کەمایەتی لـە چریکـی فیدایی و حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـووەوە. لـە شـوێنی خۆیـدا ئامـاژەیـان بـۆ دەکـەم. ئـەوەی لێـرەدا دەبێـت پەنجـەی بـۆ ڕابکێشم بەیاننامەیەکی هاوبەشی حیزبی دیموکرات و چریکی فیداییـە کـە

ڕۆژی 1359/3/6 لەسەر باروودۆخی وڵات و چڕکردنەوەی خەبات دژی ئەمریکا بڵاویانکردەوە. لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا کە لە "نامەی مردم" ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران، ژمارە 246، ڕۆژی 1359/3/8 و ڕۆژنامەی کار ئۆرگانی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران، ژمارەی 61، ڕۆژی 1359/3/14 دا بڵاوکراوەتەوە، هاتووە:

- (پتر لە دوو مانگە ئاگری شەڕی داسەپاویان لە کوردستاندا هەڵگیرساندووەتەوە و هەزاران ئافرەت و پیاو و منداڵی بێتاوانی تێدا شەهید و بریندار کردووە و ڕۆژبەڕۆژ پانتایی کارەساتەکە بەرینتر دەبێتەوە. بێگومان لەم هەلومەرجەدا کە خەڵک لە بزوتنەوەیەکی مێژوویی و چارەنوسییدایە دژی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و بۆ بە دیموکراتییکردنی ئێران، پەرەسەندنی کێشەکان لە کوردستاندا زیانی جیددی بەو بزوتنەوەیە و خەڵکی وڵاتەکەمان دەگەیەنێت. ... هەر ئێستا لە بەشێک لە ناوچەکانی کوردستاندا، گروپی چەکداری سەربە ڕژێمی بەعس و پاشماوەکانی ڕژێمی ڕوخاوی سەڵتەنەتیی و بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزمی تاوانباری ئەمریکا دەیانەوێ شەڕی براکوژیی پەرەپێبدەن. هەروەها کۆڕ و کۆمەڵە شەڕخوازەکان لەناو حاکمیەتدا بە پشتگوێخستنی مافە سروشتیی و ڕەواکانی گەلی کورد و پەیڕەوییکردنیان لە سیاسەتی شەڕخوازانە، زەمینەی پێویست بۆ بەرینترکردنەوەی مەیدانی هێزەکانی سەر بە ئیمپیریالیزم لە ناوچەکەدا پێکدێنن. ناردنی هێزەکانی سوپا و سوپای پاسداران بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان و گەمارۆی ئابووری، واتە بەستنی ڕێگای هاتنی پێویستییە گشتییەکان بۆ کوردستان و پروپاگەندەی ژاراوی لە کوردستاندا جگە لە گەرمترکردنی شەڕەکان و لەناوبردنی کەشی سازش و ڕێککەوتنی ئاشتییخوازانەی کێشەکان ئاکامێکی تری نابێت. ... بەداخەوە بینیمان هەموو هەوڵی هێزە بەرپرسەکانی ناوچەکە بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی وتوویژی ئاشتییخوازانەی کێشەی کوردستان بە کردەوەی هێزە شەڕخوازەکان و ئەوانەی بوونی خۆیان لە کێشەکاندا دەبینن، شکستی هێنا و دەوڵەت بە بەردەوامیی درێژەدەدات بە ناردنی لەشکر بۆ کوردستان. لە ڕۆژانی ڕابردوودا سەرۆککۆمار چەندجار ڕایگەیاند داواکارییەکانی گەلی کوردی

بە هەندێک گۆڕانکارییەوە قبوڵە و لیژنەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژ ڕەوانەی کوردستان دەکاتەوە، کەچی سەرۆککۆمار ئامادەنەبوو بە شێوەی ڕەسمیی پەسەندکراوەکەی ڕابگەیەنێت و هیچ لیژنەیەکیشی ڕەوانەی کورستان نەکرد و بە کردەوە سەرۆککۆمار تەسلیمی سیاسەتی کەسانێک بووە کە دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت، کێشەی کوردستان بە شەڕ چارەسەربکەن. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چریکی فیدایی خەڵکی ئێران بۆ بەهێزکردنی ڕیزی هێزە دژ بە ئیمپیریالیستەکان لە وڵاتەکەماندا و بۆ بەرگرتن لە شەڕی براکوژیی لە کوردستاندا، جارێکی تریش داوا لە سەرۆککۆمار بەنیسەدر دەکەن کە بە شێوەی ڕەسمیی پەسەندکراوەکانی دەوڵەت سەبارەت بە 6 ئەسڵی خودموختاریی پێشنیازکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕابگەیەنێت. قبوڵکردنی ئەو داخوازییە لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ و هەڵگرتنی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان، زەمینەی پێویست بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردستان خۆشدەکاتەوە.

ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران "لقی کوردستان"

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران 1359/3/6

**داریوش فروهەر و گەڵاڵەی شەش ماددەیی**

لـە بەشـەکانی پێشـودا ئامـاژەم بـۆ گەڵالـەی شـەش مـاددەیی حیزبـی دیموکراتی کوردستـان و پەسـەندکردنی لـە لایـەن سـەرۆککۆماری ئێرانـەوە کرد. حیزبی دیموکرات بۆ ئـەوەی کـە هەوڵـە ئاشتییخوازەکانی سـەربگرن، پەیتا پەیتا داوای ڕاگەیاندنی ئـەو شـەش ئەسڵـەی خودموختـاریی دەکـرد. لـە ئـەنجامی ئـەو هەوڵانـەدا، حکومـەتی ئێـران داریـوش فروهـەر وەزیـری ڕاوێژکـاریی و سـەرۆکی حیزبـی میللـەتی ئێـران و ئەنـدامی کۆمیتـەی تایبەتیی حکومەتی کـرد بـە بەرپرسی ڕێگـە خۆشکردن بـۆ جێبـەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە، بـەڵام بەرپرسێکی بێدەسـەڵات کـە نـەتوانێت بڕیـار لەسـەر ئەرکی پێسپێرراوی بدات. لەم بارەیەوە هاشم سەباغیان لـە وتووێژێکیدا کــە لــە ڕۆژنامــەی کــەیهانی ژمــارەی ڕۆژی 1359/1/18 (1980/4/7) دا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاند:

**- (گەڵاڵــەی شــەش مــاددەیی حیزبــی دیمــوکرات ڕۆژی 1359/1/11 ئاڕاستەی سەرۆککۆمار کرا و هەر وەک لـە وتارەکەی ڕۆژی 1359/1/12دا ڕایگەیاند، ئـەویش پەسـەندی کـرد، بـەڵام ئـەو گەڵاڵـەیـە تـا ئـەو کاتـەی چەکدارە نایاساییەکان چەک دانەنێن، شورای شۆڕش پەسەندی ناکات.).**

دووبـارە هەڵگیرسانی شـەڕ لـە قوتـور و سنـە و تەشـەنەکردنی بـۆ شـار و ناوچەکانی تری کوردستـان، ڕاگەیانـدنی گەڵاڵـەی شـەش مـاددەیی حیزبـی دیمـوکراتی توشـی کۆسـپ کـرد، لەبەرئـەوە حیزبـی دیمـوکرات سـەرلەنوێ هەوڵـە ئاشتییخوازانەکەی پەرەپێدا و داوای ئاگربەسـی کـرد تـا زەمینـەی بــە ئاشــتیی چارەســەرکردنی کێشــەی کوردســتان خــۆش ببێتــەوە. بــەو مەبەسـتە داوای لــە بەنیســەدر کــرد کــە لەگــەڵ دووبــارە ئاگربەسـدا هاودەنگیی بکات و شەش ئەسڵی خودموختاریی پێشنیازکراو ڕابگەیـەنێت. بــە نوسـینی ڕۆژنامــەی کیهـان لــە ڕۆژی 1359/2/20دا، جـەلیل گـادانی ئەنــدامی کۆمیتــەی ناوەنــدیی حیزبــی دیمــوکرات لــە پەیوەندییــەکی تەلەفۆنیدا بە هەواڵنێری کەیهانی راگەیاند:

**- (بە گوێرەی زانیاریی ئێمە، شەڕ لە شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان و بانــە بەردەوامــە و بەشــی بـاکوری کوردسـتانیش ئـاڵۆزە. چونکــە کارەبـا**

**پچڕاوە، ئاگامان لە وردەکارییەکان و زیانی ئەو شەڕانە نیە، بەڵام هیوادارین ئەو شەڕانە بە زوویی کۆتاییان پێبێت و گیروگرفتی کوردستان لە جەوێکی ئارام و ئاشتیی و بەبێ براکوژیی کۆتایی پێبێت. بە داخەوە لایەنێک لە ناو دەوڵەتدا دەڵێت پێویستە دوای لاوازبوونی هێزەکان لە کوردستاندا ئاگربەس ڕابگەینرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە گەلی کورد و حیزبی دیموکرات خوازیاری ئاشتیین. ئێمە ئاگربەسمان نەشکاندووە، لەبەرئەوەیە کە خەڵکی کوردستان و پێشمەرگەکان پێشنیازی ئاگربەس دەکەن.).** لە لایەکی ترەوە جەلیل گادانی بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند:

**- (لەگەڵ هاتنی لیژنەی سێ کەسە لە تارانەوە، حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی و کۆمەڵە پەیماننامەیەکی ئاشتییان ئیمزا کرد، بەڵام بە داخەوە ئاگربەس یەکلایەنە بوو، شەڕ و براکوژیی کۆتایی نەهات. پێویستە ئەوە بڵێم کە تەنیا کلیلی سەرکەوتن لە کوردستاندا، ڕاگەیاندنی خودموختاریی بە خەڵکی ئەو هەرێمەیە و بە پێدانی مافی خودموختاریی کۆتایی بە ئاژاوەکان دێت لە کوردستاندا. حیزبی دیموکراتیش دژی ئاژاوەیە و لە لایەن هەر گروپێکەوە بێت مەحکومی دەکات و ئەگەر شەڕ لە کوردستاندا کۆتایی بێت، پێویستییەک بە چەک نامێنێت.).**

لە لایەکی ترەوە بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی **1359/2/25**دا، جەلیل گادانی پێشوازیی لە وتەکانی ڕۆژی **1359/2/24**ی سەرۆککۆمار کرد سەبارەت بە قبوڵکردنی شەش ئەسڵی خودموختاریی حیزبی دیموکرات و گوتی ئەگەر گۆڕانکارییەکانی سەرۆککۆمار بەجێ بن، ئێمە قبوڵی دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا داوای ئاگربەسی بۆ هەموو هەرێمی کوردستان کرد و داوای لە سەرۆککۆمار کرد کە پەلە بکات لە ڕاگەیاندنی پەسەندکراوەکەی بۆ ئەوەی کە وتووێژەکان دەستپێبکەنەوە. هەروەها گادانی گوتی:

**- (بەڕێز فروهەریش دەبێت ئەرکی مێژوویی خۆی بە نیازپاکیی تەواو بەڕێوەببات و هاودەنگیی بەرپرسان بۆ ئاگربەس ڕابگەیەنێت و لە دوای ئەو هەنگاوە زۆر پێویستەدا لەگەڵ لیژنەیەک بێتە کوردستان، یان داوا**

**لە حیزبی دیموکرات و نوێنەرانی خەڵکی کورد بکات کە بۆ وتووێژ بچنە تاران. ئێمە زۆر جار گوتوومانە ئەگەر کێشەی خودموختاریی چارەسەربکرێت، لایەنگرە تاوانبارەکانی ئیمپیریالیزم لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لەناو دەچن، چونکە خەڵکی کورد بە ڕاستیی باوەڕیان بە تەواویەتی خاکی ئێران هەیە و لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی بێگانەدا بەرگریی دەکەن.).**

لە لایەکی ترەوە بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/25 (1980/5/15) دا، غەنی بلوریان ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە شەڕەکانی ئەم دواییانە و ڕاگەیاندنی ئاگربەس بە هەواڵنێری کیهانی ڕاگەیاند: **(ئێمە چەند مانگە ئاگربەسمان کردووە، بەڵام سوپا بە جوڵە و گواستنەوەی ئەندامانی لە کوردستاندا دەبێتە هۆی هاندان و شکاندنی ئاگربەس بە کردەوە. ئێمە لە سەفەری ئەم دواییەماندا بۆ تاران، پەیوەندییمان کرد بە بەرپرسانی حکومەتەوە و لەو بوارەدا ڕای خۆمان پێڕاگەیاندن، بەڵام هەرگیز نیازپاکییمان لە لیژنەی حکومەت نەبینی!).**

سەبارەت بە پەسەندکردنی گەڵاڵەی شەش ماددەیی پێشنیازکراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەبولحەسەن بەنیسەدر لە وتووێژێکیدا کە ڕۆژی 1359/2/25 لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا بڵاوکرایەوە، گوتی:

**- (من بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئێران خۆم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار کاندید کردووە نەک بۆ ئەوەی کە حەز لەو پۆستە دەکەم. لە کاتە دژوارەکاندا ئەگەر مرۆڤ لەخۆیڕا ببینیت، دەبێ بێتە پێشەوە. من هەر ئەوکاتە گوتم ڕازی نیم بە ڕادەی نووکی پەنجەی دەستێک خاک لە ئێران بێتەوە و دەوڵەت حاکمیەتی بەسەریدا نەبێت و هەر بەو جۆرەش جوڵامەوە. هێشتا پەرلەمان دەستی بە کار نەکردووە و بە خواستی خوا لە هەرێمی تورکمان سەحرا و هەرێمی ڕۆژئاوای وڵات بە تایبەتی پارێزگای کوردستان توانیمان حاکمیەت بۆ دەوڵەت بگێرینەوە و هیوادارم ئەو حاکمیەتە جێگیر بکەین. ئایا ئەوە دژایەتی هەیە لەگەڵ ئیسلامیی ڕاستینە کە خەڵکی ناوچەکان بۆخۆیان بەسەر کاروباری خۆیاندا ڕابگەن؟ بە ڕای من ئەوە دژایەتی کردن نییە و شەش ماددەی**

**پێشنیاز کراوم بە هەندێک گۆڕان قبوڵکرد و بەڕێز فروهەریشمان کردە بەرپرس تا بە شیوێندا بچێت و هەلومەرجی جێبەجێکردنی پێکبێنێت. خەڵکی کوردستان دەتوانن دڵنیا بن کە بەڵێنەکانمان دەستبەجێ لە بەیانیی و دوو بەیانییەوە بەجێدەگەیەنین و هەروەها شوێنە خراپکراوەکان چاک دەکەینەوە و...تد. ئەوەی تر بۆ گروپە سیاسییەکان دەمێنێتەوە کە لەگەڵ خۆشیان نیازپاک نین. ئەگەرنا چەکەکانیان دادەنێن و دەچنە ناو خەڵک و ئەگەر دەنگیان دانێ. بە گوێرەی سنورێک کە یاسا دیاریی دەکات، دەسەڵاتی کارەکان دەگرنە دەست خۆیان).**

بە گوێرەی نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1358/2/28 دا، وتەبێژێک بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەربارەی وتەکانی بەنیسەدر بە هەواڵنێری ئیتلاعاتی ڕاگەیاند: (ئێمە ئامادەیی خۆمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بە ڕێگای سیاسی و ئاشتییانەوە ڕاگەیاندوە. وتەکانی سەرۆککۆمار دوو لێکدانەوەی پۆزەتیڤ و نیگاتیڤی لێدەکرێت. پۆزەتیڤ لەم بوارەدا کە شەش ئەسڵی پێشنیازکراوی حزبی دیموکراتی قبوڵکردوە و نیگاتیڤەکەشی ئەوەیە کە چۆن ئاڵوگۆڕێک لەودا کراوە؟ بە هەرحاڵ ئێمە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی بە کردەوەین لە لایەن دەوڵەتەوە).

لە جێیەکی تردا، دوکتۆر موزەفەر پەرتەوما ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار و نوێنەری پێشوی خوالێخۆشبوو ئایەتولڵا تاڵەقانی لە سنە لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ هەواڵنێری کەیهان سەبارەت بە گیروگرفتەکانی کوردستان دوا و بە نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/3 (1980/5/24) دا دەربارەی پێدانی خودموختاریی بە گەلی کوردستان گوتی: خودموختاریی یەکێکە لە ئاواتە لە مێژینەکانی گەلی کورد. خەڵکی کورد لە کۆنەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێرانییەکان هەبووە، لەبەرئەوە هیچ هۆیەک نابینم کە پێش بە پێدانی خودموختاریی گەلی کورد بگرێت لە چوارچێوەی ئێراندا، تەنانەت دەبێت هەوڵبدرێت ئەو مافە بە گەلانی تری ئێرانیش بدرێت تا هاودەنگیی و هاوئاهەنگیی لە ئێراندا لەناو نەچێت. ئەگەر خودموختاریی بە گروپێکی تایبەت، یان بە ناوی گروپێکەوە بدرێت، لە داهاتوودا گرفت پێکدێنێت، بەڵام ئەگەر گروپێک

ئاواتی لە مێژینەی خەڵکی کوردستان بە هێمنیی بگرێتە دەست خۆی، ڕێکخراوەکان و خەڵکی تر ناتوانن ویستی خۆیان بسەپێنن، چونکە هێشتا پاوانخوازیی و خۆبینیی ماوە و ئەگەر شتێکی زیادە بە گروپێک بدرێت، گرفت بۆ پێشنیازی ئەوانی تر دروستدەکات. من پێشنیازم بە سەرۆککۆمار کردووە کە ئەگەر دەیانەوێت خودموختاریی بدەن، ڕێگاکەی ئەوەیە کە نوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵک ئاگادار بکەن و کۆنگرەیەک پێکبهێنن و لەو کۆنگرەیەدا بیروبۆچوونی بەشداران کۆبکرێنەوە، تەنانەت وتووێژیان لەسەر بکرێت، دەکرێ گەڵاڵەی شەش ماددەیی بە بنەما دابنرێ و دوای بەسەرداچوونەوەی جێبەجێبکرێت. پەرتەوما دەربارەی مەسەلەی جیاوازیخوازیی کە جارجارە ئاماژەی بۆ دەکرێت، گوتی: کەسانێک لە تاران مەسەلەی جیاوازیخوازیی زەقدەکەنەوە کە خەڵکی کوردستان داوای نەکردووە و ئەوانەی دەسەڵاتیان بە گروپە چەپەکان داوە، ناچاریان دەکەن کە بەرەو ئەو دیاردەیە بڕۆن و حیزبی دیموکرات چەندان جار ڕایگەیاندووە کە جیاوازیخواز نیە و کۆمەڵەش تا ئێستا باسی مەسەلەیەکی لەو جۆرەی نەکردووە.

ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار لە کاروباری کوردستاندا سەبارەت بە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد گوتی: **(هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لە هەلومەرجێکی سالمدا پێکنەهاتووە، هەرچەندە بەشێک لە خەڵکی کوردستان لەو هەلومەرجەدا دەنگیان پێداوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەسەندکراوی هەموو خەڵکی کوردستان نیە. بۆ نمونە من شێخ عیزەدین بە ئیمام جومعەی مهاباد دەناسم کە لەسەردەمی ڕژێمی پێشودا هەندێک بۆچوونی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو، بەڵام لەم دواییانەدا هەندێک هەڵوێستی هەیە کە دەردەکەوێت نەک زانیاریی دروستی لە ئیسلامدا نیە، بەڵکوو بە داخەوە لە ڕا دەربڕینەکانیدا جار جار لەژێر کاریگەریی دەوروبەرەکەیدا قسە دەکات و بۆچوونەکانی پتر لە کۆمەڵە و چریکی فیدایی دەچێت و هەرگیز نزیکایەتی لە ئیسلامەوە نیە. بە ڕاستیی یەکێک لە چارەڕەشییەکانی ڕابردووی کوردستان بنەماکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبەرانی ئایینیی هەرێمی کوردستان یەکگرتوو نەبوون و ڕژێمی پێشو کەڵکی لەو مەسەلەیە وەردەگرت، بە تایبەتیی لەو بوارەدا**

**کە ڕێبەرانی ئایینیی کوردستان داهاتی سەربەخۆیان نەبوو کە پێی بژین و ناچاربوون پارە لە حکومەت وەربگرن، لەبەرئەوە دەبێت ڕێگایەک بۆ سەربەخۆیی ئابووری ڕۆحانیەت لە کوردستان بدۆزرێتەوە.).**

دەربارەی دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی ئێران پەرتەوما گوتی: (بە ڕای من قاسملوو خوێندەوارترە لەوانی تر، هەروەها کەسانێک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتن وەک دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی یان غەنی بلوریان کە کەسانی تێگەیشتوو و خاوەن ئەزمونن و هەستی نەتەوەییشیان هەیە، بەڵام بە داخەوە ئەوانیش دەچنە ژێر کاریگەریی دەوروبەرەکانیانەوە و هەندێک بڕیار دەدەن کە دەبنە هۆی ناباوەڕیی و ئەگەر ئەوان هێڵی خۆیان دیاریی بکەن و لەسەری بوەستن و لەژێر کاریگەریی دیاردەکانی ناوخۆیی و دەرەوە بۆچوونەکانیان نەگۆڕن، ڕێگەی وتووێژ ئاسانتر دەکەن. لە لایەکی ترەوە ڕۆژی 1359/3/9، داریوش فروهەر دوای چاوپێککەوتنی لەگەڵ خومەینی و وتوویژکردنی لەگەڵیدا، لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان، وتوویژێکی تایبەتی لەگەڵ هەواڵنێری پارس کرد. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/10دا دەقی وتووێژەکەی بڵاوکردەوە و لەو بارەیەوە گوتی:

- دوای تێپەڕکردنی نەخۆشیی بە خزمەت ئیمام نەگەیشتبووم و ئەوەش دیدارێکی ئاسایی بوو، بەڵام کێشرایە سەر بارودۆخی وڵات. بۆچوونەکانم لەسەر کوردستان و پێویستیی بەهێزکردنی سوپا لەو هەرێمەدا و کردەوەی نادروست کە زیان بە یەکیەتی هێزە بە ئەمەگەکانی لایەنگریی شۆڕش و نەتەوەی ئێران دەگەیەنێت، بە عەرزی ئیمام گەیاند. سەبارەت بە ڕێگەچارەی کێشەی کوردستان فروهەر گوتی:

- (بە ڕای من دوای ئەوە کە حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد ڕێگەیان بە خۆیاندا کە هێڵی هاتوچۆی سوپا بگرن و هێرش بکەنە سەر هێزەکان، سوپا ناچار بوو لەمپەر لەسەر ڕێگای خۆی هەڵگرێت، هەرچەندە بە ژمارەیەکی زۆری شەهید و بە یارمەتی سوپای پاسداران زۆربەی شارەکانی گرتەوە، تەنانەت لەو شارانەش کە شەڕیان تێدا نەبوو، بە گوێرەی هەواڵ حیزب و گروپە سیاسییەکانی کورد بەجێیان هێشتوون و جێگەی داخە کە لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی

مـەدەنی شـارەکانـی سنـە و سـەقز، تەنانـەت بانـەش کـوژراون و زیـانێکی زۆریـش لــە خــەڵک کــەوت کــە بێگومــان گوناحەکــەی بــۆ ئــەو کەســانە دەگەڕێتــەوە کــە شــەڕیان بەســەر ســوپادا بــڕی. بــەڵام ئێسـتا حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسییەکانی کـورد کـە گومـان لـە بـەکرێگیراویی هەندێکیانـدا نیە، لـە دەرەوەی شـارەکان و لـە جادەکانـدا خۆیـان حەشـارداوە و ناکرێت بڵێین قەیرانی کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە کۆتایی پێهاتووە. بە ڕای من دور لـەو شەڕە کـە دیار نیـە تـا کـەنگی بـەردەوام دەبێت، دەوڵـەت لـە لایەکــەوە دەبــێ بــە زوویــی زیــانی هاووڵاتییــان قــەرەبوو بکاتــەوە و دەستبکات بـە جێبـەجێکردنی پڕۆژەیـەکی ئاوەدانکردنـەوەی درێژخایـەنی ئــابووری لــە زەمینــەی پیشەســازیی، کشــتوکاڵ و ئاوەدانکردنــەوە و لــە لایەکی ترەوە بـە پشتبەستن بـەو ڕاستییەی کـە خـەڵکی کوردستـان بـەبێ هـیچ جیاوازییـەک بەشـداربوون لـە سەرخستنی شـۆڕش ئیسـلامییدا و بـە لەبـەرچاوگرتنی بنـەماکانی یاسـای هەمیشـەیی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کە تەئکید لەسەر نەهێشتنی هـەر چەشنە ستەمکارییەک دەکاتـەوە و بۆ خەڵکی ئێران کە سەر بە هەر نەتەوەیەک بـن، مـافی یەکسانیی دەوێت و بــە لەبــەرچاوگرتنی پــەیامی مێژوویــی ڕۆژی 26ی خــەزەڵوەری 1358ی ئیمـام خومـەینی کــە لــە لایــەن گــەلی کوردســتانەوە پێشـوازیی لێکـرا، هــەروەها ئــەو بەڵێنانــەی کــە لــە لایــەن کاربەدەســتانی حکومەتــەوە بــۆ لەناوبردنی هەر چەشنە جیاوازییەک کە بـە هاونیشتمانیی کورد دراوە و بـە لەبەرچاوگرتنی یاسای هەمیشەیی کـە پێکهێنـانی سیستمی شوراکانی لـە گوندەکانـەوە تـا دەگاتـە پارێزگاکـان بـۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات پێشـبینیی کـردووە، یـان بـە وتەیـەکی تـر مـافی بـەڕێوەبردنی ئیـداریی ناوچــەیی و نــاوخۆیی داوە. بــە ڕای مــن دەبێــت لــە هــەر گونــدێک، شــارۆچکەیەک، شــارێک و پارێزگایــەک خــەڵک لــە خۆیــان شــورایەک هەڵبژێرن و ئەو شورایانە لـە پارێزگاکانـدا کاروبـاری ناوچـەی خۆیـان لـە بوارەکانی ئابووری، فەرهەنگیی و ئەمنیـەت بخەنـە دەست خۆیـان، بـەڵام لـە هـەر حاڵـەتێکدا لـە بـەڕێوەبردنی کارەکـانی ناوخۆیـان، لـە پرینسیپە گشتییە سیاسییەکان دەرنەچن.)

سەبارەت بە گەلاڵەی شەش ماددەیی پرسیار لە فروهەر کرا کە ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێز سەرۆککۆمار داوای لە ئێوە کرد کە زەمینەی ئیجرایی گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران فەراهەم بکەن، لەم بارەیەوە تا ئێستا چ کارێکتان کردووە؟ فروهەر گوتی:

- (دوای ئەوەی کە خۆم لە پۆستی وەزیری ڕاوێژکاریی کێشایەوە و ئیمام قبوڵی نەکرد، بە کردەوە هیچ چەشنە ڕۆڵێکم لە کاروباری بەڕێوەبەریی حکومەت لە کوردستاندا نەبووە، تەنانەت دەتوانم بڵێم چالاکیی هەیئەتی تایبەتییش لە هەمان کاتەوە تەواو بوو، بەڵام چونکە بەڕێز سەرۆککۆمار لە هەلومەرجی ئێستادا تا ڕادەیەک ئەرکی سەرۆکی دەوڵەت بەڕێوەدەبات، من لە پلەی وەزیری ڕاوێژکاردا، پێشنیازی خۆم سەبارەت بە هەندێک دیاردە ئاراستەی کردووە. نزیکەی دوو هەفتە لەمەوبەر، دوای دەرکردنی هێزە چەکدارەکان لە سنە، بەڕێزیان تەلەفۆنی بۆ کردم، بەڵام بەهۆی هەلومەرجێکی ناڕێک و پڕ لە هەڕەشە و توهمە سازکردنی هەندێک حیزب و کەسایەتی، هیچ هەوڵێک لەم بارەیەوە ئەنجامی نەبووە.).

لە ڕاستیدا بەنیسەدر، فروهەر، پەرتەوما و زۆر کەسایەتی تر لە حکومەتدا هەوڵیاندا کە بەشێک لە مافی گەلی کورد دابینبکەن، بەڵام بواریان پێنەدان. لەبەرئەوە ئەگەر بە دڵی فرەوان و دور لە لایەنگریی بڕوانینە ڕووداوەکان، دەبێت چاو لە گەلاڵەی شەش ماددەیی و هەر چەشنە سازشێک لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بپۆشین. هەڵگیرسانی شەڕی سنە و تەشەنەکردنی بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و ڕاسپاردەکانی خومەینی و سوپا و سوپای پاسداران بۆ "پاککردنەوەی" کوردستان لە هێزە سیاسییەکان، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ناسیونالیزمی ئێرانیی و لایەنە شەڕخوازەکان لە کۆماری ئیسلامیدا سەرکەوتنیان بەدەستهێنا لە پێشێلکردنی داخوازییەکانی گەلی کوردستاندا و دەبێت بزانین کە ئەو ڕەوتە گەلی کورد بەرەو کوێ دەبات و کام حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی لە کوردستان و ئێراندا پەنجە بۆ خاڵە لاوازەکانی خۆیان

ڕادەکێشن و بەرپرسیاریی لەدەستدانی ئەو هەلە مێژووییە بۆ ئێران و کوردستان دەستنیشان دەکەن!

لە درێژەی سیاسەتی یەکدەست کردنی حکومەت و پاکتاوکردنی بیرجیاوازاندا، سەرئەنجام کۆمەڵێک مەئموری بڵند پایەی دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیوە شەوی 1377/8/31 (1998/10/23) پەلاماری ماڵی داریوش فروهەر سکرتێری گشتیی حیزبی میللەتی ئێرانیان دا و ناوبراویان لە تەمەنی حەفتا ساڵییدا لەگەڵ پەروانە خانمی خێزانی، بەشێوەیەکی دڕندانە بە زەبری چەقۆیان کوشت.

هەروەها پێشمەرگەگانی ڕێکخراوی سنەی حیزبی دیموکرات بە دوای شەڕی سنە، دوکتۆر مەزەفەری پەرتەومایان دەستگیر کرد و هێنایانە مهاباد. چونکە ئێمە دەرەتانی ڕاگرتنی ناوبراومان لە شورای نیزامی نەبوو، دەفتەری سیاسی ئەوی لە ماڵی "عەینەدین زیایی" لە "کوی فرح" دانا و دواتر بە هۆی ئەندازیار محەمەد ئاریاوە ئەوی دایەوە بە پارێزگاری ورمێ. پەرتەوما کە پێشتر یەکێک بوو لە ئەندازیارەکانی ڕێکخراوی "ناسا"، ئێرانی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئەمریکا.

**هەڵوەشاندنەوەی ستروکتوری سوپا و ڕێکخستنەوەی بە شێوەی ئیسلامیی**

ساڵی 1343 (1964)، بە فەرمانی محەمەد ڕەزاشا سوپای ئێران لەسەر شێوازی ڕێکخستنی سوپای ئەمریکا ڕێکخرایەوە. کوردەکانی ناو سوپای ئێران دوو دەستە بوون، یان زۆر چالاک و دڵسۆز و هەستی نیشتمانپەروەرییان تێدا بەهێز و خاوەن هەڵوێست و بەرێوەبەر و بەرنامە داڕێژەر بوون، یان بە تەواویی لەناو سیستمی سوپادا تواببوونەوە و گوێ لە مست و بێ ئیرادە بوون و بە تەواویی بە فەرمانی دەسەڵاتداران دەجوڵانەوە و کەڵکیان بۆ خۆیان و بۆ خەڵک و نەتەوەکەیان نەبوو. لە ڕاستییدا سەرجەم ئەندامانی سوپا لە کۆنەوە خۆیان لەو دوو هێڵەدا دەبینییەوە. ئەوەی کە من لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، ئەو بەشەیە کە بەرلە شۆڕشی 1979 و لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی بنەماڵەی پەهلەوییدا بە هۆی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ئالاهەڵگری ئازادیی بوون لە ئێراندا و ژمارەیەکی زۆریان لە لایەن ساواک و ڕوکنی دووەمەوە گوللەباران کران یان لە سەربازیی دورخرانەوە، یان خۆیان سوپایان بەجێهێشت و چوونە ڕیزی حیزبە سیاسییە نیشتمانییەکانەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامییشدا ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو. نمونەی ئەو دیاردەیە دەتوانین لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران و چەککردنی سەربازگە و دەزگا پۆلیسییەکان و ساواکی شا و چەککردنی سەربازگەی مهاباد و شەڕی سنەدا ببینین کە 670 ئەفسەر و پلەداریان لە لەشکری 28 ی سنە دەستگیرکرد، یان دوریان خستنەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر و پلەدار لە ماوەی شەڕی ڕزگارییخوازانەی کوردستاندا هاتنە ڕیزی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لەناوبردنی ئەو هەستە پاکە لە ناو سوپادا و چاوخشاندنەوە بەسەر شێوەی پەروەردەکردندا، قەوارەی سوپای هەڵوەشاند و سەرلەنوێ بە شێوەی ئیسلامیی ڕێکیخستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای پاسداران و ڕێکخراوی بەسیجی دامەزراند و سوپای پاسدارانی بە ڕادەیەک بەهێز کرد کە بەسەر سوپادا زاڵ ببێت و بەو

جۆره خەیاڵی لە لای ئەفسەر و پلەداره نیشتمانپەروەرەکانی ناو سوپادا ئاسوده بێت. بەو مەبەستە دەزگای زیدیئیتلاعاتی لە سوپادا هەڵوەشاند و لە جیاتی ئەو لە یەکە سەربازییەکاندا "کۆمەڵەی ئیسلامیی" جۆراوجۆری دامەزراند. دوای ماوەیەک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە ڕێکخراوێکی تری پێکهێنا کە ناوی ڕێکخراوی "سیاسی و ئایدیۆلۆژی" سوپا بوو. ئەرکی ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە چاودێرییکردن بوو بەسەر ئەندامانی سوپا و پەروەردەکردنیان بە بیری ئایینی شیعەی دوازده ئیمام کە خومەینی بە ئیمامی سەردەم دابنێن. لە هەر سەربازگەیەکدا مەلایەک بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و فەرماندەکان لەژێر چاودێریی ئەو مەلایەدا کە ڕاستەوخۆ لە ڕێبەری شۆڕشەوه فەرمان وەردەگرێت، ئەرکی ڕۆژانەیان بەڕێوەدەبەن. کۆمەڵە ئیسلامییەکانیش هەر بەو جۆره ئەرکیان پەروەردەکردن و چاودێرییکردنی کار و ژیانی ئەندامانی سوپا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەیەکی تریان دامەزراند کە ئەرکی پاراستنی سەربازگەکانی بەڕێوەدەبرد و سەرهەنگ "دیزجی" سکرتێری بوو. سەرتیپ فەلاحی فەرماندەی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران لە وتووێژێکیدا لەگەڵ هەواڵنێری تایبەتیی ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕۆژی 1359/3/3 (1980/5/24) بڵاوکرایەوه، ئاماژەی بۆ ئەو گۆڕانکارییە کرد و گوتی:

**- (دەربارەی کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەبێت بڵێم کە ئەو کۆمەڵانە دوای پێکهاتنیان و ماوەیەک تێکۆشان هەڵوەشان و ڕێکخراوی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە سوپادا پێکهات کە جێگەی ڕەزامەندیی ئیمامە. ئەرکی ئەو ڕێکخراوە پەروەردەکردنی ئەندامانی سوپایە بە شێوەی ئیسلامیی. لە ژمارەیەک ئەندامی هەڵبژێرراوی کۆمەڵە ئیسلامییەکان ڕێکخراوێکی تر پێکهات کە لە دەسەڵاتی مندا نیە و حوجەتولئیسلام "سەفایی" سەرۆکایەتی دەکات. پەیوەندیی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان پرۆگرامەمان دەدەنێ و منیش بە یەکەکانی ڕادەگەیەنم کە پرۆگرامەکانیان جێبەجێبکەن. بۆ نمونە دەڵێن دوو کاتژمێر وانەی قورئان دابنێن، من بە یەکەکان ڕادەگەیەنم کە دوو کاتژمێر وانەی قورئان لە پرۆگرامەکەتاندا بگونجێنن. ئەو ڕێکخراوە**

سیاسـییە ئایدیۆلۆژییـە جێـی بـاوەڕی منــە و قبـوڵی دەکــەم و زۆریــش یارمەتی دەدەم. کۆمەڵەیـەکی تر هەیـە کـە بـەڕێز سـەرهەنگ "دیزجـی" سـکرتێری گشـتییەتی. ژمارەیــەک لــە ئەنــدامانی ئــەو کۆمەڵەیــە پاشنیوەڕۆیان دوای تەواوبوونی ئەرکی ڕۆژانەیان لە یەکەکانیاندا کاری تـەبلیغات و ڕێنـوێنی دەکـەن. ئەوانــە دوای کـاتژمێر دووی پاشـنیوەڕۆ پێکـەوە کۆدەبنـەوە و یـەکتر ڕێنـوێنی "ارشـاد" دەکـەن و بۆچوونـەکانیان دەنووسن و لـە نـاو کۆمەڵەکەیانـدا بـڵاوی دەکەنـەوە. ئەوانـە پاشماوەی کۆمەڵــە ئیسـلامییەکانن. ئــەو کۆمەڵانــە بوونــە ســێ بــەش: بەشـێکیان ڕێکخـراوی سیاسـی - ئایـدیۆلۆژییان پێکهێنـا، بەشـێکی تریـان کۆمەڵـەی دیزجـی بـوون و بەشـەکەی تریـان نەچوونـە نـاو ڕێکخـراوی سیاسـی - ئایدیۆلۆژییـەوە.). فـەلاحی دەربـارەی هـۆی نـەچوونی ئـەو بەشـە بـۆ نـاو ڕێکخراوی سیاسی - ئایدیۆلۆژی گوتـی:

- (ئــەو گروپــە لــە حاڵــەتێکی ســەرگەردانییدایە، لــە لایــەک ئەنــدامی ڕێکخـراوی سیاسـی - ئایـدیۆلۆژیین و دەبـێ لـەوێدا خزمـەت بکـەن، بـەڵام ناچن و لەو ناوەدا دەخۆن و دەسوڕێنەوە، ژمارەشیان زۆرە و بـەو هۆیـەوە کــە دوای ســەرکەوتنی شــۆڕش زەحمــەتیان کێشــاوە و ســەربازگەکانیان پاراسـتووە، بۆیـان بووەتـە مافێـک و ئامـادەنین بگەڕێنـەوە سـەر کـارە ئەسڵییەکانیان و بە ڕەواڵەت دەڵێن ئێمە ئەرکی خۆمان بەڕێوەدەبەین و "ارشاد"یش دەکەین. ژمارەی ئەو گروپە لە سوپادا زۆرە و چونکە پێشینە و ئەزمونیان هەیە، ماوەیەک لە کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا هەڵسوڕان و شتێک لە زەمینەی ئیرشاد و پەروەردە دەزانن، بەڵام کارەکانیان بەڕێوەنابەن.). تیمسار فەلاحی لە بەشێکی تری قسەکانیدا گوتـی:

- (تـا ئێسـتا کۆتـایی بـە خاوێنکردنـەوەی یەکـە سـەربازییەکانی سـوپا نەهێندراوە. لەبەرئەوە ئێمـە ئەنـدامانی کۆمەڵـەی ئیسـلامیی هێزەکـانی زەمینیــی دەنێرینــە بانــە کــە ورەی ســەربازەکانی ئــەوێ بەرزبکەنــەوە، هــەروەها کــاری تــەبلیغاتیی و پــەروەردەی ئەنــدامان بەڕێوەببــەن. لــە کۆتاییدا فەلاحی ڕایگەیاند: ئێمە بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ دژەشۆڕشەکان ئەندامانی کۆمەڵە ئیسلامییەکان ڕەوانە ناکەین.). هـەر لـەو ڕووەوە و لـە بەرامبــەر دژایــەتی کردنــی بەشــێک لــە فــەرمانــدەکانی ســوپا لــە

ڕێکخستنەوەی نوێی سوپادا، بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/25، ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرککۆماری ئێران گوتی:

- ڕێکخراوی سوپا بە چەشنێک بوو کە ئەگەر کەسێک کارێکی پێدەدرا، دەبووایە لە چوارچێوەی فەرماندا کارەکەی بەڕێوەببات و فەرمانەکان جێبەجێبکات. کاتێک ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشێنرا، دەوڵەت بوو کە لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچوو، باوەڕهێنانی ئەفسەران و پلەداران و سەربازان لە کۆماری ئیسلامییدا جێی گرت. دیارە ئەوە مەترسی نابێ و ئێمە دەبێ لەسەر ئەو هێڵە بڕۆین و نابێ پەرە بدەن بە شک و گومانەکان و دەبێ ئەفسەر و پلەدار و سەربازەکان هان بدەن. ئینشاالله بەو ڕێکخستنەوەیە سوپایەک پێکدێت کە چەندان جار بەهێزتر بێت لە خزمەتکردنی ئامانجە گرنگەکاندا.

## دیسان گەلی قاسملوو

پێشتر لە بەشی "**شەڕ لە گەلی قاسملوو و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی قەڵاتان**"دا گوتم ڕۆژی 1359/1/3(1980/3/23) بەشێک لە هێزەکانی لەشکری 64 ی ورمێ توانییان سێ ڕێیانی "کانی سپی" بخەنە دەست خۆیان و لێی جێگیر ببن. هەروەها ڕونم کردەوە کە سێ ڕێیانی کانی سپی، مەرگەوەڕ و گەلی قاسملوو بە جادەی ورمێ دەبەستێتەوە و ئەو سێ ناوچەیەش پێکەوە دەبەستێتەوە.

لەشکری 64 ی ورمێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەلومەرجی ئالۆزی ناوچەکانی سنە، سەقز، بانە و مەریوان، بیری لە گۆڕینی سەربازەکانی سێ ڕێیانی کانی سپی دەکردەوە. بەو مەبەستە ڕۆژی 1359/2/5 بە دوو هێزی تۆکمە و پڕچەک لە گوندی "بالانیش" لە سەر جادەی ورمێ هاتە پێشەوە و توانی ئەندامانی یەکەی سێ ڕێیانی "کانی سپی" بگۆڕێت و بیگەڕێنێتەوە بالانیش. لەشکری 64 ی ورمێ گۆڕینی ئەو یەکە سەربازییەی بە سەرکەوتنێکی مەزن وەسف کرد و بەیاننامەیەکی لەسەر بڵاوکردەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/20دا ئاماژە بۆ بەیاننامەی لەشکری 64 ی ورمێ دەکات:

- بەناوی خواوە - سڵاو لە برایان و خوشکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. هەروەک ڕۆژی پێشو بینیتان جارێکی تریش لەشکری 64 ی پیادەی ورمێ توانای خۆی بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانەکانی ڕێبەری شۆڕش سەلماند. لەشکر بۆ گۆڕینی یەکەیەکی قارەمانی خۆی ڕۆژی 1359/2/5 لە گەلی قاسملوو تێپەڕی و پلانی شەیتانیی دژەشۆڕشەکانی پوچەڵ کردەوە و لە کانی سپی جێگیر بوو. ئاڵوگۆڕکردنی ئەو دوو یەکە سەربازییە کاتژمێر 14:00 ی ڕۆژی 1359/2/14 کۆتاییهات و یەکە گۆڕاوەکە کاتژمێر 17:00 ی ڕۆژی 1359/2/14 بە سەلامەت گەیشتەوە بالانیش. سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای تەواویەتی خاکی ئەم وڵاتە و سڵاو بۆ هەموو هاووڵاتیانی بەڕێز کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا یارمەتییان داین.

لەشکری 64 ی ورمێ دوای ئەو گۆڕانکارییە گوندە کورد و تورکنشینەکانی دەوروبەری سێ ڕێیانی کانی سپی تا بالانیشی ئاگادار

کردەوە کە چەکەکانیان بدەنە دەست یەکە سەربازییەکان. ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی گوندە تورک نشینەکان فەرمانی دوژمنیان جێبەجێکرد، بەڵام زۆربەیان گوێیان نەدا بەو فەرمانە. لەبەرئەوە لەشکری 64 ی ورمێ لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ڕۆژی 1359/2/23 بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند:

- بەڕێزان خەڵکی گوندەکانی تۆمەتەر و کۆکی، مەحمودئاوا و شەیتانئاوا، گەلی قاسملوو، مام برایم، بەڕۆژ، سێلان، شەنگەرێ و حەسار و کانی سپی، پێتان ڕاگەینرابوو کە تا ڕۆژی 1359/2/22 چەک و تەقەمەنییەکانتان بدەن بە حکومەت. ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو گوندانە هاوکاریی ئێمەیان کرد و بەو بۆنەیەوە کۆماری ئیسلامیی سوپاسیان دەکات. لەبەرئەوەی کە ژمارەیەکی زیاتر چەک و تەقەمەنییەکانیان نەداوەتەوە، تا ڕۆژی 1359/2/24 ماوەیان بۆ دیاریی دەکەین کە چەکەکانیان بدەنەوە، ئەگەرنا بەگوێرەی یاسا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت و سوپای کۆماری ئیسلامیی بە توندیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات.

## حیزبی دیموکرات هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان
## بە ناشەرعی دەزانێت

لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە سنە و تەشەنەکردنی بۆ شارەکانی تر، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هەموو شێوەیەک دژی شەڕەکە وەستا و ویستی بە ڕێگای ئاشتیی گرفتەکان چارەسەر بکات، بەڵام هەوڵەکانی بێسود بوون. لە گەرمەی شەڕەکەدا کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1358/2/19 (1980/5/9) ی بۆ خولی دووەمی هەڵبژاردن دیارییکرد و ویستی خولی دووەمی هەڵبژاردن بکات و لە گۆڕەپانی شەڕدا خەڵکی شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز و هەوشار و ...تد ڕابکێشێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

شایانی باسە کە لە هەڵبژاردنی خولی یەکەمدا، هەڵبژاردن لەو شارانەدا پوچ کرابووەوە، یان کاندیدەکان دەنگی تەواویان نەهێنابوو. حیزبی دیموکرات دژی ئەو هەڵبژاردنە وەستا و لەو بارەیەوە دەفتەری سیاسی حیزب لە بەیاننامەیەکدا ئەو هەڵبژاردنەی بە ناشەرعیی ناساند. ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/2/19 دا بەیاننامەکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە:

**- (هاونیشتمانانی بەڕێز، خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان. هەموومان لەبیرمانە کە لە دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنی یەکەم مەجلیسی شورای ئیسلامیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، کاندیدەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو بنکەکانی دەنگدانی کوردستاندا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێنا و لە چەند ناوچەی هەڵبژاردندا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە سەرکەوتن. بەداخەوە لە چەند شاری کوردستاندا لە سەرەتادا بە بیانووی "نەبوونی ئەمنیەت" هەڵبژاردنیان دواخست و لە چەند شارێکیشدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان پوچ کردەوە. هەموو ئەوانە بەشێکن لە جیاوازیی دانان کە کاربەدەستانی ئێران بەرامبەر گەلی کوردستان دەیکەن. ئێستا ڕۆژی 1359/2/19 یان بۆ هەڵبژاردنی دەورەی دووەم داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنیان لە چەند بنکەی دەنگدان بۆ**

**ماوەیەکی نادیار دواخستووە و هەلومەرج لە چەند بنکەی تر بە هۆی داسەپاندنی شەڕێکی ترەوە، خەڵکی کوردستان ناتوانن بچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و چالاکانە بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، بە خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنین کە دژی داسەپاندنی شەڕیماڵوێرانکەر بەسەر گەلی کوردستاندا، حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداریی دەورەی دووەمی هەڵبژاردن ناکات و ئەگەر هەڵبژاردن لە کوردستان بکرێت، ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە لە ئیرادەی خەڵکی کورددا نابینێت. پێویستە ئەوە ڕابگەیەنین کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دەنگانەی کە کاندیدەکانی ئێمە لە خولی یەکەمدا هێنایان، ئەگەر هەڵبژاردن لە دۆخێکی ئارامدا بکرایە، سەرکەوتنی ئەوان نەدەگەیشتە خولی دووەم.).**

لە کاتی دیاریکراودا کۆماری ئیسلامیی نەیتوانی هەڵبژاردن لەو شارانەدا بکات و ڕایگرت بۆ دوای پاشەکشەی پێشمەرگە لە شارەکان و دوای ئەوەش چەند بەکرێگیراوێکی خۆی وەک نوێنەری خەڵکی کورد بردە پەرلەمان و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانی پێسپاردن.

## چەککردنی پێگەی دوژمن لە شارۆچکەی ڕەبەت و قولْتێ

دوای داگیرکردنی سەربازگەی سەردشت و شەڕی دارساوێن کە لە بەشەکانی پێشودا ئامازەم بۆ کردوون، سوپای ئێران شارۆچکەی "ڕەبەت"ی خستە دەست خۆی و پێگەیەکی لێ دانا. هەروەها لە نێوان سەربازگەی سەردەشت و شارۆچکەی ڕەبەتدا کە مەودای نێوانیان کەمترە لە پێنج کیلۆمەتر، پێگەیەکی بەهێزی لە تەنیشت پردی "قولْتێ" دانا، بۆ ئەوەی کە لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی هاتوچۆی خەڵکدا، پارێزگاریی لە جادەی نێوان سەردەشت و ڕەبەت و سەردەشت و بانە بکات. لەگەڵ هێرشی دووبارەی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر کوردستان و بەردەوامیی شەڕ لە سنە و سەقز و بانە و شکاندنی ئاگربەس، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین گەمارۆی پێگەی ڕەبەت دەدەن و هەوڵدەدەن بەبێ شەڕ دەستی بەسەردا بگرن، بەڵام سەرناکەون. جاری دووەم عەبدول نەستانی و ئەحمەد نەستانی لەگەڵ چەند پێشمەرگەی لکی دووەمی شەهید محەمەد نستانی لە هێزی موعینیی حیزبی دیموکرات لە گوندی "سەرچاوێ" چاویان بە فەرماندەی پێگەکە دەکەوێت و پێیڕادەگەیەنن کە بە ئاشتیی و بەبێ شەڕ پێگەکە بداتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب. ناوبراو دەڵێ من سەرگورد عەباسی دەناسم و ئامادەم پێگەکە بدمە دەست ئەو. لەو پەیوەندەدا "عەبدول نستانی" فەرماندەی لکی دوو دەچێتە مهاباد و مەسەلەکە بە دوکتۆر قاسملوو ڕادەگەیەنێ، چونکە لەو کاتەدا سەرگورد عەباسی لە ناوچەی ورمێ دەبێت، دوکتۆر قاسملوو سەرگورد کەریم عەلیار لەگەڵ عەبدول نستانی دەنێرێتە ڕەبەت. ناوبراو بە شوێن فەرماندەی پێگەکەدا دەنێرێت، بەڵام ئەو وەڵامی ناداتەوە و پێشمەرگەکان بۆیان دەردەکەوێ کە ئامانجی فەرماندەی پێگەکە کوشتنی کات بووە بۆ ڕزگارکردنی سەربازەکانی نەک بەدەستەوەدانی پێگەکەی.

لەم بارەیەوە عەبدول نستانی ڕۆژی 2007/11/12 پێیڕاگەیاندم، دوای ئەو هاتوچۆیە، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا هێرشیان کردە سەر پێگەکە و لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکی

کۆمەڵـە بـە نـاوی "حـەسـەنی خلـە بزمـارەی" خـەڵکی گونـدی "وسـوەکەلی" شـەهید بـوو. بـە شـەهیدبوونی حەسـەنی خلـە بزمـارەی پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە و دەفتـەری مامۆسـتا کـە هاوپـەیمانی یـەکتر بـوون، وازیـان لـە چەککردنی پێگەی ڕەبەت هێنا و پاشەکشەیان کرد، بـەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات درێژەیان بـە گـەمارۆ و تەقەکردنەکـەیاندا. سـەرئەنجام ئێوارەی 1359/2/21 بە تۆپی 105 میلیم و خۆمپارەی 120 و 81 میلـیم لـە پێگەکە دەدەن و بە تفـەنگی 57 میلـیم و نـارنجۆک ئەنـداز و ئـاڕپیجی 7 و چەکی سوک هێرشی بۆ دەکـەن، بـەڵام لـە دەستپێکدا پێگەکـەیان بـۆ چـەک ناکرێت و دوای ماوەیەک کە لـە پێگەکـە نزیک دەبنـەوە، دەبینن لـە کـاتی تەقەکردنەکـەدا، سـەربازەکان پاشەکشـەیان کـردووە و لـە پێگەکەیانـدا نـەماون و دواتـر بۆیـان دەردەکـەوێت کـە لـە ژێـر ئـاگری تۆپخانـەی سەربازگەی سەردەشت و " واشـی قازیـاوێ" دا، شـوێنەکەیان بـەجێهێشـتووە و خۆیان گـەیاندووەتـە پێگەی قوڵتێ. لـەو شـەڕەدا دوو پێشمەرگەی حیزبـی دیمـوکرات بـەناوەکانی عـەوڵای مینـەی فـەقێ خـەڵکی گونـدی "بنـاوێ" و " فـەتاح گامێشانیی" شەهید و یازدە پێشمەرگەش برینـدار بـوون و پێگەکـەش بـە تـۆپێکی 106 میلـیم و ژمارەیـەکی زۆر فیشـەک و گوللـە ئـاڕپیجی و دۆشکەیەک و خۆمپارەیەکی 81 میلیم و ژمارەیەک گوللەی خۆمپـارە و سـێ ئوتۆمبێـل و چـادر و کەرەسـەیەکی زۆرەوە کەوتـە دەسـت پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیمـوکرات. بـەیانیی ڕۆژی دوایـی واتـە 1359/2/22 (1980/5/12) ژمارەیـەک پێشـمەرگەی کۆمەڵـە و دەفتـەی مامۆسـتا خۆیـان دەگەیننـە پێگەکـە و داوای بەشـە دەسـتکەوت دەکـەن، پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیمـوکرات بەشێکی کـەم لـەو دەسکەوتانـە دەدەن بـە کۆمەڵـە و دەفتـەری مامۆستا.

دەربـارەی چـەککردنی پێگـەی ڕەبـەت، حوسێن مورادبـەگی لـە لاپـەڕەی 192ی کتێبی "مێژووی زیندووی کوردستان- چەپ و ناسیونالیزم"دا دەڵێت:

**- (پێشـمەرگەکانی کۆمەڵـە لـە ناوچـەی سەردەشـت کـە بنکەکـەیان لـە شارۆچکەی ڕەبەت بوو، هەموو ڕۆژێک تا نزیک پێگەکە دەچوون و داوایان لە ئەندامانی پێگەکە دەکرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن. بەیانیی ڕۆژێک وەک ڕۆژانـی پێشـو دەچـن و ئەنـدامانی پێگەکـە بانـگ دەکـەن، کـەچی**

**وەڵامێک نابیستن. بەرە بەرە دەچنە پێشەوە و دەبینن سەنگەرەکان بەتاڵن و تاق و لۆق پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە پێگەکەدان. ئیتر تێدەگەن کە چی بووە و دەچنە ناو پێگەکە و تەماشا دەکەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پێگەکەدا نەماون. دواتر پێدەزانن کە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پەیوەندییان پێوەگرتوون و بەڵێنیان پێداون کە ئەگەر پێگەکە بدەنە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، ئەوا هاوکارییان دەکەن بە سەلامەتیی خۆیان بگەیەننە سەردەشت و بەو جۆرە هێزەکانی ناو ئەو پێگەیە خۆیان دەدەنە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، ئەگەرنا لە ڕاستییدا ئەو پێگەیە لە گەمارۆی پێشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشتی کۆمەڵەدا بوو.).**

بە هەر حاڵ دوای چەککردنی پێگەی ڕەبەت، فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی کۆماری ئیسلامیی تا چەند ڕۆژێک ناوچەی ڕەبەت و گوندەکانی دەوروبەری بۆمبباران دەکەن، بەو بۆنەیەوە خەڵکی گوندەکان بە ناچاریی گوندەکانیان بەجێدەهێڵن. چۆڵبوونی گوندەکانی ناوچەی ڕەبەت مەلا حەسەن شێوەسەڵی سەرلکی لکی یەکی هێزی موعینی دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە کەڵک لەو دۆخە وەربگرێت و پێگەی "قوڵتێ" چەک بکات. مەلا حەسەن شێوەسەڵی و مەلا حەسەن ڕەستگار بەرپرسی ڕێکخراوی سەردەشت و کەریم حەداد فەرماندەی هێزی موعینی کۆدەبنەوە و بڕیاری چەککردنی پێگەی قوڵتێ دەدەن.

شەوی 25 - 1359/2/26 (15-1980/5/16) ، لکی یەکی هێزی موعینی بە هاوکاریی لکی دووەمی ئەو هێزە بۆ ماوەی نۆ شەو بەچەکی قورس و سوک لەو پێگەیە دەدەن و چەکدارانی ئەو پێگەیە کە یەکەیەکی ژاندارم بوو، بە تەواوییماندوو دەکەن. شەوی شەشەم مەلا حەسەن بە سوکیی برینندار دەبێت، بەڵام هێرشەکە بەردەوام دەبێت و هێزەکانی ئاسمانیی و زەمینیی سوپا و سوپای پاسداران ناتوانن بەرگریی بکەن و پێگەی قوڵتێ لە شەوی نۆیەمی شەڕدا دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات. شایانی باسە کە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و چریکی فیدایی و دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی بەشداریی شەڕەکەیان کرد،

بەڵام جگە لە پێشمەرگەیەکی چریکی فیدایی، ئەوانی تر زیانیان لێ نەکەوت.

لەو شەڕانەدا بەگوێرەی ئاماری شەڕکەرەکان 25 ژاندارم کوژران و پتر لە 30 کەسیش بریندار بوون. تەرمی 10 کوژراو لە پێگەکەدا مابوون. هەروەها دوو پێشمەرگەی لکی یەکی هێزی موعینییش بە ناوی "مەحمود پیرە" و "خدر قەویدڵ" شەهید و 23 پێشمەرگەش بریندار بوون. ڕێکخراوی چریکی فیداییەکانی خەڵکی ئێران سەبارەت بە بریندار‌بوونی مەلا حەسەن لەو شەڕەدا، لە ڕۆژنامەی کاری ژمارە 59 دا بەهەڵە بڵاویکردەوە کە: **(جاشێکی بەناوبانگ بە ناوی مەلا حەسەن شیوەسەڵی لە شەڕی قولتێ دا بریندار بووە).** دەربارەی چۆنیەتی ئەو شەڕە مەلا حەسەنی شێوەسەڵی ڕۆژی 2008/5/20 پێیڕاگەیاندم:

**- (بەرلە چەککردنی پێگەی "پردێ"، هێزی شەهیدانی وێردی داوای چەکی قورس و تۆپی 105 میلیمی لێدەکردین، ئەو چەکانەش لە بەری جادەی سەردەشت بۆ پیرانشار بوون و بۆ ناردنیان بۆ ناوچەی بانە دەبووایە بەسەر پردی قولتێ دا ڕەوانە بکرێن و پێگەی دوژمنیش لە تەنیشتییەوە بوو. جگە لەوە من بیرم لەوە کردەوە کە هەمیشە سەردەشت لە بەری بانەوە هێرشی بۆ کراوە و بە بوونی ئەو پێگەیە، دوژمن دەتوانێت بە گیروگرفتێکی کەمترەوە بێت و ناوچەی سەردەشت داگیر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک لە قولتێ پێگەی هەبێت، ڕەبەت ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت و لە لایەن دوژمنەوە دەگیرێتەوە. قولتێ بۆ ئێمە وەک دارساوێنە و هاتوچۆی پێشمەرگەی لە ناوچەکەدا لاواز کردبوو. بۆیە بەو تێبینییە کە خەڵک بە هۆی بۆمببارانی فڕۆکەکانەوە گوندەکانی دەوروبەری قولتێ یان چۆلکردبوو، هەلێکی باش ڕەخسابوو بۆ چەککردنی پێگەی قولتێ. بەو بۆنەیەوە داوای کۆبوونەوەیەکم لەگەڵ مەلا حەسەن ڕەستگار بەرپرسی ڕێکخراوی سەردەشت و کەریم حەداد فەرماندەی هێز کرد و لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازی گرتنی پێگەی پردی قولتێم کرد. مەلا حەسەن گوتی کاتەکەی باشە، بەڵام کەریم حەداد دژی وەستا و گوتی گرتنی ئەو پێگەیە دژوارە و ڕەنگە بۆمان نەگیرێت، بەڵام دواتر بە پێداگریی من ئەویش ڕازیی بوو. بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ پەلی "مەلا**

خدری کانی زەردی" و پەلی "حوسێنی حاجی خدری" بۆ ماوەی نۆ شەو بە چەکی سوک و قورس لەو پێگەیەمان دا و چەکدارانی پێگەکەش کە **120** ژاندارم بوون، زۆر بە توندیی بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. شەوی شەشەم من بە سوکیی بریندار بووم و لە شەڕەکە دورخرامەوە، بەڵام شەوی دوایی گەڕامەوە و لەگەڵ پێشمەرگەکان درێژەمان بە تەقەکردن دا و سەرئەنجام چەکدارانی پێگەکە توانایان نەما و شەوی نۆیەم لەژێر ئاگری چەکی قورسی سەربازگەی سەردەشتدا پێگەکەیان بەجێهێشت. لەو شەڕەدا "مەحمود پیرە" و "خدری قەویدڵ" شەهید و **23** پێشمەرگەشمان بریندار بوون. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگەی ڕێکخراوی چریکی فیدائییەکانی خەڵکی ئێران هاوکارییان کردین کە پێشمەرگەیەکیان چاوێکی کوێر بوو. هەروەها ڕۆژی دوای شەڕەکە پێشمەرگەی کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا هاتن و داوای چەک و تەقەمەنییان لێکردین و کەم مابوو لە نێوانماندا شەڕ هەڵبگیرسێت، بەڵام سەرئەنجام ناچارکراین کە چەند سندوق فیشەکیان بدەینێ.).

**بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان گەشەدەسێنێت**

پێشتر لە بەشی (**بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان سەرهەڵدەداتەوە**) دا، ئاماژەم بۆ زیندووبوونەوەی شۆڕش لەو بەشەی کوردستاندا کرد و گوتم: (**بەگوێرەی پێشبینییەکانی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانیی، ساڵێک بەسەر وەستانی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕیبوو کە پێشمەرگە گەڕایەوە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانە و بە دیارییکردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی "قیادەی موەقەت" لە 26 ی گوڵانی 1976دا شۆڕشی گوڵانی ڕاگەیاند. لە لایەکی تریشەوە دوای مانگێک جەلال تاڵەبانیی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد و عەبدولڕەزاق میرزا "فەیلی" و چەند کەسێکی تر لە وڵاتی سوریا دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان ڕاگەیاند.**).

لە ڕاستییدا شۆڕشی ئێران ئەو سودە مەزنەی بۆ گەلی کورد هەبوو کە بتوانێت خۆی ڕێکبخاتەوە و نەهێڵێت دوژمنانی کورد بە ئاوات و ئارەزووەکانیان بگەن. ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشوری کوردستان بە یارمەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران گیانێکی تازەیان هاتووەتەوەبەر و لە ساڵی 1980 وە ڕەوتی گەشەسەندنیان بەخۆیانەوە گرت. جگە لە حیزبە کوردستانییەکان چەند ڕێکخراوی عێراقییش وەکوو حیزبی "دەعوەی ئیسلامیی" و "مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیی" کە پەیڕەویی لە ڕێچکە ئاییینی شیعە دەکەن، خۆیان ڕێکخستووە و دژی ڕژێمی بەعس هاتنە مەیدانەوە. عەرەبە ئیسلامییەکانی دژ بە ڕژێمی عێراق، لە هەرێمی پارێزگاکانی خوزستان و ئیلام و ناوچەکانی خەسرەوی و قەسری شیرین جێیان گرتووە. پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی عێراق لە ناوچەکانی هەورامان و یەکێتی نیشتمانیی لە ناوچەی مەریوانەوە تا دەگاتە سەردەشت. هەروەها پارتی دیموکرات و حیزبی شیوعی و پارتی سۆسیالیست، ناوچەکانی پیرانشار، شنۆ، تەرگەوەر و مەرگەوەڕیان بەدەستە.

ڕۆژنامەکانی ئێران بە بەردەوامیی چالاکیی پێشمەرگە و شەڕکەرە عێراقییەکان بڵاودەکەنەوە و ڕژێمی بەعسیش بۆ تێکشکاندنیان دەست بۆ

هەموو لایەک پان دەکاتەوە. ڕۆژی 1359/2/25 (1980/5/15) ڕۆژنامەی کەیهان ڕاپۆرتێکی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستانی بڵاوکردەوە و دەڵێت پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لە چەند شەڕ و پێکهەڵپرژانی جیاوازدا 77 کەسیان لە هێزەکانی عێراق کوشتووە و پتر لە 100 کەسیشیان بریندارکردووە و 9 کەسیان بە دیل گرتووە و 33 چەکیشیان دەستکەوتووە. جگە لەوە ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕۆژی 1359/1/25 بڵاویکردەوە، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شەڕێکدا کە هەر ئێستاش لە چۆمان و دەربەندیخان بەردەوامە، 190 کەسیان لە هێزەکانی بەعس کوشتووە و بریندارکردووە. ڕۆژی 1359/1/19 (1980/4/8) پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی "باڵەک" لە پارێزگای هەولێر نوسینگەی مەخفەرێکیان وێرانکردووە و پێشمەرگەیەکیان لێ بریندار بووە. ڕۆژی 1359/1/16 پێشمەرگەکان هێرشیان کردووەتە سەر مەخفەری ژاندارمەریی "ڕێکان" لە ناوچەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک. هەروەها ڕۆژنامەی کەیهان ڕۆژی 1359/3/26 (1980/6/16) ڕاپۆرتێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانی بڵاوکردەوە و نوسی: لە هێرشەکانی چوار ڕۆژی ڕابردوودا پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی 5 جاش و سیخوڕ و ئەفسەری عێراقیان کوشتووە. لە جادەی سلێمانیی بۆ کەرکوک 50 ئوتۆمبێلیان ڕاگرتووە و قسەیان بۆ گەشتیارەکان کردووە و لە ناحیەی "شوان" سێ جاشیان بە ناوی "فەتاح ئەحمەد، بەکر ئیسماعیل و نوعمان ئەسعەد" موحاکمە و ئیعدام کردووە. هەروەها پێشمەرگەکان هێرشیان کردووەتە سەر بنکەی جاشەکان لە چوارقوڕنە.

گرفتی سەرەکیی ڕژێمی بەعس ڕێکخراوە ئیسلامییە شیعەکانن، چونکە نزیکەی 60% دانیشتووانی عێراق شیعەن و کۆماری ئیسلامیی بەبێ ترس لە داهاتوو، یارمەتییان دەدات. تەنانەت لە ئۆرگانەکانی حکومەت و سوپای پاسداراندا پەروەردەیان دەکات و لە شەڕەکانیشدا کەڵکیان لێوەردەگرێت، بەڵام بەو ئەزمونەی کە لە بزوتنەوەی کورد هەیەتی و بۆ خۆشی لە سەرەتای شۆڕشەوە دەستەویەخەی هێزە سیاسیەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، باوەڕ بە هێزە سیاسیە کوردەکان لە باشور ناکات.

ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشوری کوردستان بە دەستپێشخەریی حیزبی شیوعی عێراق و بۆ چڕکردنەوەی شۆڕش دژی ڕژێمی بەعس خەریکبوون لە بەرەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەییدا کۆببنەوە، کەچی یەکێتی نیشتمانیی ئامادەنەبوو لەگەڵ پارتی دیموکرات لە بەرەیەکدا خەبات بکات. لەبەر ئەوە هێزە سیاسیەکانی کورد و عێراقیی دوو بەرەی "جوقد و جود"یان پێکهێنا. لەم بارەیەوە ئەحمەد بانیخێڵانیی لە لاپەڕەی 395-396 ی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

**- (لە ئەنجامی وتوویژ و چەندان دیدار لە ڕۆژی 1980/11/12 (1359/9/21) بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی دیموکراتیی پێکهات. حیزبی شیوعی عێراق، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سوسیالیستی کوردستان، قیادەی قوتری حیزبی بەعس، حیزبی کارتراکی عەرەبی، تحریر الشعب العراقی کە "دەستکردی "ینک" و قیادەی قوتری بوو" ، مستقلون و جەماعەتی بیت النهرین، بەڵام هەر لەو کۆبوونەوەیەدا حزبی شیوعی و حزبی سوسیالیست ئەوەیان ڕاگەیاند کە دەست لە دۆستایەتی پارتی هەڵناگرن و هاوکاریی دووقۆڵییان لەگەڵ دەکەن).**

هەژدە ڕۆژ دوای پێکهاتنی بەرەی جوقد، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق ڕۆژی 1980/11/28 (1359/9/7) کۆبوونەوە و بە هاوبەشیی بەرەی نیشتمانیی دیموکراتیی "جود" یان پێکهێنا.

سەدام حوسێن گومانی لەوە نیە کە ئەگەر بەرەنگاری دروشمەکانی گواستنەوەی شۆڕشی ئیسلامیی بێت بۆ دەرەوەی سنورەکانی ئێران و بەتایبەتی عێراق، هەموو هێزە سیاسیەکانی کورد و ئیسلامیی و عەرەبیی پشتی ڕژێمی خومەینی دەگرن. لەبەرئەوە هەوڵیدا بە هۆی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پێش بە بەرەوپێشچوونی ئەو حیزبانە بۆ ناو خاکی عێراق بگرێت و نەهێڵێت زیانی پێبگەیەنن.

مەیدانی چالاکیی بۆ حیزبە عێراقییەکان لە ناوچەی ئەهواز و ئابادان لەباربوو. ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی خۆیان دەگەیاندە پارێزگای

بەسرە و زەبریان لە ڕژێمی بەعس دەدا. تەنانەت یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە ڕادەیەکی زۆر دەستی بۆ ئەو مەبەستە کراوە بوو. هەر وەک پێشتر ئامازەم بۆ کرد، کۆمەڵە لە بواری ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە لەژێر کاریگەریی یەکێتی نیشتمانییدا بوو. چریکی فیدایی و هێزە چەپەکانی ئێرانیش کە بە "خەتی سێ" دەناسرێن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دژی کۆماری ئیسلامیی خەبات دەکەن، دژی پارتی دیموکرات، یارمەتی یەکێتی نیشتمانیی دەدەن. تەنانەت چریکی فیدایی خەڵک "لقی کوردستان" لە نامیلکەیەکی 89 لاپەڕەییدا کە بە ناوی "قیادە موقت چماق امپریالیزم و ارتجاع در کردستان" بڵاویکردووەتەوە ، پارتی دیموکراتی بە داردەستی ئەمریکا و ئیسرائیل تاوانبار دەکات. حیزبی تودەی ئێرانیش دژی پارتی دیموکراتە و هەر کاتێک دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتار بڵاودەکاتەوە و دەیەوێت زیان بە کەسایەتی دوکتۆر قاسملوو بگەیەنێت، شکانی شۆڕشی ئەیلول و سەرۆک بارزانیی بە نمونە دێنێتەوە. حیزبی دیموکراتیش هەڵسوکەوتی باشی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی و بە تایبەتی پارتی دیموکرات نیە و هەردوو لایان بەوە تاوانباردەکات کە دەست دەخەنە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەو ڕێکخراوانە ڕادەگەیەنێت کە وەک میوان بمێننەوە. بۆ ئەو مەبەستەش گوشاری زیادتر بۆ پارتی دیموکرات دێنێت.

## سوپای ئێران شاری شنۆ داگیردەکات

لەشکری 64 ی ورمێ لە دوو ڕاگەینراوی ژمارە 3 و 4 دا کە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1359/3/29 بڵاویکردنەوە، ڕایگەیاند: **(برایانی سەربازی ئێوە لە بەرزاییەکانی ناوچەکەدا ئامادەن پشتیوانی لە ئێوە بکەن. بەو مەبەستە داواتان لێدەکەین کە وەرن و چەکەکانتان بدەنەوە و پشتتان بە ئیسلام بسپێرن. گروپە گوشارهێنەرەکان خەریکن دوا پشووی ژیانیان لە شنۆ دەدەن و بە گوێرەی شکایەتی گروپێک لە خەڵکی چیاکانی شنۆ، ئەگەر کەسێک بەرگریی لە خۆی بکات، ناجوانمێرانە تیرۆری دەکەن. بۆیە ئەو نیشتمان فرۆشانە هۆشیار دەکەینەوە کە دوای دەستگیر کردنیان، لە دادگای شۆڕشدا دادگایی دەکرێن و سزا دەدەرێن.)**

لەشکری 64 ی ورمێ لە ڕاگەیەنراوی ژمارە چوارەمیدا هەڵوێستی پێشوی خۆی گۆڕی و ئامادەبوو کە چەک و تەقەمەنی خەڵکی ناوچەی شنۆ بکڕێتەوە و بۆ ئەوەش کاتی بۆ خەڵکەکە دیارییکرد کە تا کاتژمێر 18:00 ڕۆژی 1359/3/29 بچن چەک و تەقەمەنییەکانیان بدەنەوە و لە بەرامبەریاندا پارە وەربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەی لێکردن کە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوەستن، بە توندیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت و سزادەدەرێن.

کۆماری ئیسلامیی لە وەرگرتنەوەی ژمارەیەک چەکی ئاغاکان و خەڵکی گوندەکانی ژێردەسەڵاتیدا سەرکەوت و ڕێگەی بۆ هەنگاوەکانی دوایی خۆشکرد. دوای تەواوبوونی ماوەی دیارییکراو، ڕۆژی 1359/3/30 بە پشتیوانیی تۆپخانە و فرۆکە و هێلیکۆپتەرە بۆمبهاوێژەکانی، بە دوو هێڵی نەغەدە و باسکی "بەستێ"دا چووە پێش و گردی پشت گوندی "شاوانێ"ی گرت و لە نەغەدەشەوە هات و بە لای "کانی گراوان" دا خۆی گەیاندە شنۆ و لە بەشی دەرمانگا و نەخۆشخانە، دوخانیات و خوێندنگەی فیردەوسی شار جێیگرت و ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی لە کەیهانی ڕۆژی 1359/3/31 (1980/6/21) دا بڵاوکردەوە:

بسم الله الرحمن الرحیم- برایان و خوشکانی ناوچەی شنۆ، سڵاوی پڕ لە مێهر و خۆشەویستیی سەربازان و نیشتمان دۆستان لە ئێوە خەڵکی ئازا و

دلێر بێت کە بە زۆرەملێی دیلی دەستی نیشتمان فرۆشان و بێگانە پەرستان و نۆکەرانی ئیمپیریالیزمی جیهانیی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بەکرێگیراوانی حکومەتی بەعسی عێراق بوون. سڵاو لە هەموو ئەو خوشک و برایانەی کە بە باوەشی ئاوالاوە پێشوازییان لێکردین. سەری ئێمەتان بەرزکردەوە و سەلماندتان مرۆڤی ئێرانیی هەردەم ئێرانییە، هەرچەندە بە هۆی ئەوەوە کە لەژێر گوشاردا بوون، ڕەنگە بۆ ماوەیەک کەسانی بەکرێگیراو قبوڵ بکەن، بەڵام سەرئەنجام دەیانخەنە ناو زبڵدانی مێژووەوە. بە کوێریی چاوی هەموو گروپە نیشتمان فرۆشەکانی خاین بە نیشتمان و میللەت، لەشکری 64 هاوکات لەگەڵ ئێوە، لە پەنای خوادا تا دوا تنۆکی خوێن بەرامبەر هەرچەشنە دەستدرێژییەک دەوەستێت، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ بەرامبەر بەدکاران و بەکرێگیراوانی ئەمریکا و بەعسی عێراق بەرگریی لە خۆی دەکات. هەروەها بەبیرتان دێنینەوە کە لەشکری 64 هەموو بەڵێنەکانی دەباتەسەر و لە دەستپێکدا سوتەمەنی پێویست دەنێرێت و جادەی نەغەدە بۆ شنۆ قیرتاو دەکات.

به هەر حاڵ دوای جێگیربوونی یەکەکانی لەشکری 64 و ژاندارمەریی و سوپای پاسداران لە شنۆ، لەشکری 64 دیسان داوای لە گوندەکانی ناوچەی مەرگەوەڕ کرد کە بە زوویی چەک و تەقەمەنییەکانیان بدەنە دەست هێزەکانی ژاندارمەریی لە گوندەکانی "کانی سپی" و "مەلەکان". لەو بارەیەوە لەشکری 64 ی ورمێ بەیاننامەیەکی لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1359/4/13دا بڵاوکردەوە و نوسی:

خوشکان و برایانی ناوچەی مەرگەوەڕ

سڵاو - برا سەربازەکانی ئێوە بۆ پشتیوانیی لە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەیی و دابینکردنی ئارامیی و ئاساییش، ئێستا لە ناو ئێوەدان. داوا لە ئێوە خەڵکی ناوچەکە دەکەین بۆ ئەوەی کە ناوچەکەتان ئارام ڕابگرین و پێویستییەکانتان دابین بکەین، دەست لەناو دەستی یەکتر لە دەمی دژەشۆڕشەکان بدەین و لەناویان ببەین. بە هیوای خوا و سەربەرزیی ئێران بە سەرۆکایەتی ئیمام خومەینی، ژیانێکی ئارام پێکبهێنین. پێگەکانی وەرگرتنەوەی چەک بریتین لە: "کانی سپی" و "مەلەکان".

لەشکری 64 ی ورمێ لە کاتێکدا ئەو هەڕەشانەی لە گەلی کورد و پێشمەرگەکانی دەکرد کە جگە لەو بەشانەی شار کە ئامازەم بۆ کردن، هەموو دەوروبەری شاری شنۆ لە دەست پێشمەرگەدا بوون. ئەوان بە تاکتیکێکی هەڵە و بەبێ پشتیوان هاتبوون لە شنۆ جێگیر ببوون و جادەکانیان بۆ نەدەپارێزرا. لەگەڵ ئەوەشدا بە پێچەوانەی بیرکردنەوەیانەوە کە لە ڕاگەینراوەکەی لەشکری 64 دا پەنجەیان بۆ ڕاکێشاوە، خەڵکی شنۆ بە هیچ شێوەیەک پێشوازیی لێنەدەکردن، تەنانەت دوکاندارەکان ئامادەنەبوون کە کاڵایان پێ بفرۆشن. لە لایەکی ترەوە ماوەیەک بوو لە بەشی باشوری ئێران لە قەسری شیرینەوە تا ئابادان لەگەڵ عێراق تەقەیان لە یەکتر دەکرد و مەترسی حکومەتی بەعسی عێراقیشیان لەسەر بوو.

بە هەر حاڵ، یەکەی ژاندارمەریی لە شنۆ، بۆ ئەوەی کە بتوانێت خۆی ڕابگرێت، پەیتا پەیتا داوای لە خەڵکی شنۆ دەکرد کە یارمەتییان بدەن، بەڵام جگە لە چەند ئاغایەک، خەڵکەکە پشتی نەگرتن. لەبەرئەوە پەنایان بردە بەر توند و تیژیی و هەڕەشە لە خەڵکەکە و هەوڵیاندا هاتوچۆی ئاسایی خەڵکی ناوچەکەش کۆنترۆڵ بکەن. بەو مەبەستە، لەشکری 64 ی ورمێ لە ڕاگەینراوی ژمارە 16 دا کە هەواڵنێری پارس بڵاویکردەوە و ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕۆژی 1359/5/13 چاپی کرد، ڕایگەیاند:

بەناوی خوا - خەڵکی بە شەرەف و موسڵمانی ناوچەی شنۆ، ئێستا کە بە خواستی خوا و خواستی ئێوە خەڵکی بەغیرەتی سەر سنور و گیانبەختکەر، هێزەکانی سەربازیی و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکەتان جێگیر بووە و بەرپرسە لە دابینکردنی ئاسایشی ئێوە، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئێوە، سەرنجی ئێوە خوشکان و برایانی ئازیزی شاری شنۆ و دەوروبەر بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕادەکێشین:

1- بۆ دابینکردنی ئاسایشی خەڵک هەرچەشنە هاتوچۆیەک لە کاتژمێر 21:30 تا 05:00 ی ڕۆژی دوایی لە هێڵەکانی شنۆ بۆ نەغەدە و شنۆ بۆ جەڵدیان و گەلی قاسملوو، هەروەها ئەو هێڵانەی کە دەگەنەوە شنۆ دەبێ بە ئیزنی بەرپرسانی سەربازیی و ئەمنیەتیی بکرێت.

2- هەموو چەشنە هاتوچۆیەکی چەکدارە نایاساییەکان یاساخە.
3- ئەگەر لەو کاتە دیارییکراوانەدا گوێ لە فەرمانی بوەستەی مەئمورەکان نەگرن، دەبێت دەستبەجێ خۆتان بدەنە دەست مەئمورەکان، ئەگەرنا لە لایەن ئەوانەوە تەقەتان لێدەکرێت.

هیچکام لەو هەولانە نەیانتوانی یارمەتی مانەوەی یەکەی ژاندارمەریی جێگیرکراو لە شنۆ بدەن. تەنانەت مەلا فەوزی جێگری مەلا حەسەنی لە ورمێوە هاتە شنۆ و لە مەلا ئەبوبەکری خەڵکی "گاپیس"ی و مەلا مەجید حەکیمی کۆمیتەیەکی شۆڕشی بۆ پێکهێنان تا بە یارمەتی ئەوان خۆیان ڕابگرن، بەڵام چونکە خەڵک پشتی نەگرتن، ئەو کۆمیتەیەش سودی نەبوو.

دوای ئەو مەسەلەیە، ژمارەیەک لە ئەندامانی یەکەی ژاندارمەریی لە سێ ڕێیانی شنۆ بۆ نەغەدە کەوتنە کەمینی پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ و زۆربەیان کوژران. ئەمە وای لێکردن کە فەرماندەی یەکەکە داوای یارمەتی بکات و سوپا یارمەتی نەدا. لەبەرئەوە داوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ شێخ عەبدولرەحمان بەرزنجی سەرۆکی قەزای شار و ژمارەیەک لە پیاوماقولانی شاری شنۆ دەکات. لە کۆبوونەوەیەدا کە لە ماڵی شێخ عەبدولرەحمان پێکهات داوا دەکات ڕێگایان بدەن کە شنۆ بەجێبهێڵن و پێشمەرگە هێرش نەکەنە سەریان. بەو جۆرە لە شنۆ پاشەکشە دەکەن و دەچن لە سەر گردی "مەلا ئەحمەد" لە دووریی یەک کیلۆمەتر لە شنۆوە کە شوێنێکی ستراتیژیی ناوچەکەیە جێگیردەبن، بەڵام لەوێش خۆیان ڕاناگرن و دەگەڕێنەوە نەغەدە.

## ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان

لە بەشی **" سنە لە ناو ئاگر و خوێن دا "** گوتم: لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە سنە و شکاندنی ئاگربەس، کۆماری ئیسلامیی هەموو شارەکانی مهاباد، بۆکان، سەقز، بانە، مەریوان و سەردەشتی خستە ژێر گەمارۆی ئابوورییەوە و نەیهێشت خۆراک و سوتەمەنی بۆ ئەو شارانە بچێت. هەروەها گوتم بۆ سوککردنەوەی باری ئابڵوقە لە سەر مهاباد، ڕۆژی 1359/3/21 (1980/6/11) حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد کۆبوونەوەیەکی بەرفرەوانی بۆ نوێنەرانی حیزب و گروپە سیاسی و چەکدارەکان و پیاوماقوڵانی شار لە هۆڵی فەرمانداریی پێکهێنا.

بەرلەو کۆبوونەوەیە لە مهاباد، ڕۆژی 1359/3/1 نۆ فەرماندار، سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی قەزای شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا چوونە تاران کە چاویان بە سەرۆککۆمار بکەوێ و هەوڵبدەن ئابڵوقە لەسەر کوردستان هەڵبگرێت، کەچی پاسدارەکانی بەشی ناوەندیی سوپای پاسداران ڕۆژی 1359/3/2 ئەو نۆ کاربەدەستیان گرت و ڕەوانەی زیندانی "ئەوین" یان کردن. دەستگیرکراوەکان بریتی بوون لە: حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد، حەسەن کەریمیی واحد و عومەر قارەمانی نوێنەرانی شارەوانیی مهاباد، سەلیم سەیادیی سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی تەلەفۆنخانەی پیرانشار، عمرئەدین ئاسفی سەرۆکی قەزای بۆکان و عەلی حەبیب زادەی بۆکانی سەرۆکی شارەوانی بۆکان و محەمەد عەتاری مامۆستای خوێندنگە و جێگری سەرۆکی پەروەردە و بەرپرسی شورای شاری پیرانشار، فەرمانداری سەردەشت و سەیفەدین سەفەوی. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/5دا ڕایگەیاند کە ئەو ژمارەیە لە لایەن پێشمەرگە موسڵمانە کوردەکانەوە "جاش" ناسراونەتەوە و بە سوپای پاسداران ناسێنراون.

بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/10دا، داریوش فروهەر سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو ژمارەیە بە هەواڵنێری ئیتلاعاتی ڕاگەیاند: **(فەرماندار و سەرۆکی شارەوانی و سەرۆکی قەزای چەند شارێکی کوردنشینی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا هاتبوونە تاران و لە دیدارێکیاندا لەگەڵ من سکالایان هەبوو کە ناهێڵن خۆراک و سوتەمەنی**

**بچێتە شارەکانیان. بڕیار بوو کە ڕۆژی شەممە چاویان بە سەرۆککۆمار بکەویت، بەڵام ئێوارەی ڕۆژی هەینی دەستگیریان کردن. بەڕێز سەرۆککۆمار فەرمانی ئازادکردنیانی دا، بەڵام تا ئێستا "ئێوارەی ڕۆژی هەینی 1359/3/9 "، ئازاد نەکراون و هیوادارین بە زوویی ئازادیان بکەن.).**

بە هەر حاڵ کاتێک باباتاهری نەیتوانی بە ڕێگەی یاسایی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر مهاباد هەڵبگرێت، ڕۆژی 1359/3/21 ئەو کۆبوونەوەیەی لە مهاباد پێکهێنا کە ئاماژەم بۆ کرد. کەریم حیسامی، محەمەدئەمین سیراجی، جەلیل گادانی، ڕەسوڵ پێشنماز و حامید گەوهەری لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەکە بووین.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا حەسەنی باباتاهری ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی مهاباد و ئاوارەکانی شەڕ و هەڵسوکەوتی حکومەت لەسەر ئابلۆقەی ئابووری پێشکەشکرد و داوای لە بەشداران کرد کە پێشنیاز بکەن کە چۆن گوشاری ئابلۆقە لەسەر خەڵکی هەژاری مهاباد و ئاوارەکانی شەڕ کەم بکرێتەوە. لەو بوارەدا گەلێک پێشنیازی بەکەڵک کرا، بەڵام لەناو پێشنیازکەرەکاندا "کەریم قادری" کە لە لایەن کۆمەڵەوە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردبوو، پێشنیازی کرد: **(بۆ ئەوەی گوشاری ئابووری لەسەر هەژارەکان کەم بکەینەوە، پێویستە ڕۆژانە بە بازاڕەکاندا بگەڕێین و لە هەر دوکانداریێک هەندێک پارە وەربگرین و بیدەین بە خەڵکە هەژارەکە.).** لەناو هاوڕێیانی حیزبی دیموکراتدا، جەلیلی گادانی زۆر بە توندیی دابەزییە سەر حکومەت.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە فەرمانداری مهاباد بروسکەیەکی بە ناوی خەڵکی مهابادەوە نارد بۆ سەرۆککۆماری ئێران و لە وەڵامیدا، بەنیسەدر فەرمانیدا ئابلۆقە لەسەر شارەکانی کوردستان هەڵبگرن، بەڵام پاسدار و کۆمیتەچییەکان وەڵامیان نەدایەوە. بەو بۆنەیەوە فەرمانداری مهاباد پەیوەندیی بە هەواڵنێری پارسەوە کرد و داوای چارەسەری دۆخەکەی کرد. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/28 دا نوسی:

**- (ئەو بارهەڵگرانەی کە لە ورمێوە نەوت و گازئۆیلیان دەهێنایە مهاباد، لەگەڵ ئەوەدا کە سەرۆککۆمار فەرمانی هێنانی دابوون، لە ڕێگەدا**

پێشیان پێگیرا و گەڕێنرانەوە ورمێ، یان هەر لەوێ بەتاڵیان کردن. بەو جۆرە شارە کوردنشینەکان لە گەمارۆی سوتەمەنیدا مانەوە و ئەگەر تا چەند ڕۆژی تر سوتەمەنی پێویست نەگاتە شارەکان، دەرەتانی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکاندا نامێنێت. بۆیە دیسان داوا لە سەرۆککۆمار دەکەین کە هەوڵی هەڵگرتنی ئەو ئابڵوقەیە بدات.).

لە لایەکی ترەوە بەپێی نوسینی ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/28 دا، کەریم حیسامی بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بە هەواڵنێری کەیهانی ڕاگەیاند: **(بە هۆی گەمارۆی کوردستانەوە لە چەند مانگی ڕابردوودا، ئابووری کوردستان بەرەو نەمان دەڕوات و هەموو ئامێرەکانی کشتوکاڵ لە کار کەوتوون و جوتیاران بۆ بەربەرەکانی ئەو دۆخە، تراکتۆرەکانیان هێناوەتە مهاباد. جەنابی سەرۆککۆمار و پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا چەندان جار ڕایانگەیاند کە کۆتایی بە ئابڵوقەی کوردستان بێت، بەڵام ئەو فەرمانە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە و تەنیا دوو تانکەری گازئۆیل گەیشتووەتە مهاباد.).** حیسامی لە کۆتایی وتەکانیدا گوتی: **(بە ڕاستیی دیار نیە ئەوانە کێن کە ناهێڵن خواردەمەنی و سوتەمەنی بگاتە کوردستان.).**

## هێزە سیاسییەکان ناوەندەکانیان لە شارەکان دەگوازنەوە

توندبوونەوەی شەڕ و تەشەنەکردنی بۆ شارە ئازادکراوەکان، جگە لە شارەکانی شنۆ، مهاباد و بۆکان، ڕێبەرایەتی ڕێکخراوە سیاسییەکانی خستە ئەو باوەڕەوە کە شاری مهاباد وەک ناوەندی سیاسی بەجێبهێڵن و لە گوند و شوێنە ئاساییشیەکاندا بنکەی سەرکردایەتی بۆ خۆیان بکەنەوە. بەو مەبەستە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد لە "کانی شێخان"ی "سەرشاخان" لە چەند ژوورێکدا جێگیر بوو کە پێشتر سەید ڕەسوڵی دهقان "بابی گەورە" بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردبوون. سەرشاخان ناوچەیەکی ساردە و زستانان لەبەر بەفر و سەرما هاتوچۆکردن بۆی دژوارە و لە بواری ستراتیژییەوە کەوتووەتە ناوەندی سەربازگەکانی مهاباد، پەسوێ و پیرانشار و لە هەموو لایەکەوە گوللەی تۆپی دەگاتێ و لە ئاسمانیشەوە شوێنێکی لەبارە بۆ فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان. هەرچەند خانووبەرەکانی بە شێوەی سەربازیی دروستکرابوون، بەڵام لە هەموو بوارێکەوە ناوچەیەکی ناڕێک و نائەمن بوو. دەفتەری سیاسی حیزب زۆر لەو جێیە نەمایەوە و گواستیەوە بۆ ناوچەی گەورکایەتی و لە شیوێکی بەشی باکوری گوندی "شیوەجۆ"، باروبنەی خست و ئەوێش لەژێر پڕیشکی ئاگری تۆپخانەی دوژمندا بوو.

کۆمەڵە و چریکی فیدایی خەڵکی ئێرانیش بەرلە گواستنەوەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، دوو شوێنیان بۆ خۆیان دەستنیشان کردبوو. کۆمەڵە لە ناوچەی بۆکان لە گوندی "سەلامەت" بنکەی دانا و پێشمەرگەکانی لە گوندەکانی دەوروبەری جێگیر کرد و چریکی فیدایی لقی کوردستانیش سەرکردایەتییەکەی بردە گوندی "قزڵجە"ی سەروو و گوندی قزڵجەی خوارووشی بۆ پێشمەرگەکانی تەرخان کرد. تا ئەو کاتە چریکی فیدایی "ئەکسەریەت" نەگەڕابووەوە ناو شارەکان و دواتر بەشێک لە چەکەکانیان دایەوە بە حکومەت و گەڕانەوە شارەکان کە خەباتی ئاشکرا بکەن، بەڵام بەشی کەمایەتی چریک لە کوردستان مایەوە.

سەرکردایەتی ئەو هێزانە بۆ ماوەی پتر لە دوو ساڵ لەو جێیانە مانەوە و دواتر کە کۆماری ئیسلامیی گوشارە سەربازییەکانی چڕتر کردەوە و جادەکانی لە دەست پێشمەرگە دەرهێنا، هێزە سیاسییەکان ناوەندەکانیان

گواستەوە بۆ ناوچەی ئالان و هەر یەکە لە گوندێکدا خۆیان گرتەوە و لە جێی خۆیدا ئامازەیان بۆ دەکەم.

**چریکی فیدایی خەڵکی ئێران دوولەت بوو.**

پێشتر لە بەشی (**کۆبوونەوەی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران لە مهاباد**) دا ئامازەم بۆ دوو ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک و چریکی فیدایی خەڵک گروپی "ئەشرەف" کرد. هەروەها لە بەشی "**بەردەوامیی شەڕ لە سەقز و شار و ناوچەکانی تری کوردستان**" دا گوتم کە لەناو چریکەکاندا قەیرانی ئایدیۆلۆژیی و ناکۆکیی ناوخۆیی هەیە. ئەو ڕێکخراوە کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا باڵی شۆڕشگێڕیی بەسەر ئێراندا کێشابوو، بە هۆی بێدەسەڵات بوونی لە خەباتی دیموکراتیی لە بەرامبەر چارەسەرکردنی قەیرانەکانیدا، بۆ جاری دووەم، دوای جیابوونەوەی گروپی ئەشرەفی دهقان، لەت بوو. ئەو بەشە کە بە ناوی کەمایەتی "اقلیت" خۆی ناساند، هۆی جیابوونەوەکەی لە نامیلکەیەکدا بڵاوکردەوە و لە ڕۆژنامەی کاری ژمارە (61 - 62- 63) دا ئامازەی بۆ جیابوونەوەکەی کرد و هۆیەکەی گەڕاندەوە بۆ خۆبواردنی زۆرایەتی کۆمیتەی ناوەندیی لە خەباتی ئایدیۆلۆژیی ئاشکرادا. لە لایەکی ترەوە ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "ئەکسەریەت" لە ڕاگەینراوێکدا کە ڕۆژی 1359/3/21 (1980/6/11) لە لاپەڕەی 13، ژمارە 62، ڕۆژنامەی کار ئۆرگانی سەرانسەریی ئەو ڕێکخراوەدا بڵاوکرایەوە، باسی جیابوونەوەی بەشی کەمایەتی ڕێکخراوەکەی کرد و لە بەشێکیدا نوسی:

**- بە ئاگاداریی هاونیشتمانانی هۆشیار و خەباتگێڕ ڕادەگەیەنین کە کەمایەتی ڕێکخراوەکەمان بە بڵاوکردنەوەی نامیلکەیەک و کەڵکوەرگرتن لە ناو و ئارمی بڵاوکراوەی کار- ئۆرگانی سەرانسەریی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران جیابوونەوەی خۆی بە ڕەسمیی لە ڕێکخراوەکەمان ڕاگەیاند. پێویستە ڕابگەیەنین کاتێک ڕۆژنامەی کاری ژمارە 61، ڕۆژی چوارشەممە 1359/3/14 دوای دوو ڕۆژ دواکەوتن بڵاوکرایەوە، هۆیەکەی بۆ ئەو مەسەلانە دەگەڕایەوە کە کەمایەتی ئامازەی بۆ دەکردن لەگەڵ بڵاوکردنەوەی پاشکۆیەک کە ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ کەمایەتی سەبارەت**

بە خەباتی ئایدیۆلۆژیی ئاشکرا و پێکهاتەی دەوڵەت لەسەری ڕێککەوتبوو. کەمایەتی کە هەڵگری دید و بۆچوونی ڕابردووە، لە پیلینۆمی یەکەمی ڕێکخراوەکەماندا لە مانگی ڕەزبەری ساڵی **1358** دەرکەوت کە ڕێژەی کەمتر لە **10%**ی ڕێژەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمانە. ئەو بەشە دوای کۆمەڵێک هەوڵی تێکدەرانە لە بەرامبەر هەوڵ و کۆشش و نەرمیی ڕێبەرایەتیدا، دوا بیانووی بۆ جیابوونەوە ئەوە بوو کە زۆرایەتی لە پاشکۆی کاری ژمارە **61** دا بۆچوونەکانی خۆی بە ئیمزای ڕێکخراوەکەمان بڵاوکردووەتەوە. پێویستە بڵێین کە هەرچەندە گوشاری کەمایەتی مەنتقی و ئوسوڵیی نیە، بەو حاڵەش بەرلە بڵاوکراوەکەی کەمایەتی لە ڕۆژی سێشەممە **1359/3/13**دا، ڕۆژنامەی کار ئامادەی بڵاوکردنەوە بوو، بەڵام بەرلە بڵاوکردنەوەی، ڕێبەرایەتی بە کەمایەتی ڕاگەیاند کە بۆ پێشگیرییکردن لە جیابوونەوە، ئامادەیە بڕیاری خۆی سەبارەت بە ئیمزاکە وەرگرێتەوە و بەگوێرەی ئەو بڕیارە، لاپەڕە ئیمزا کراوەکانی پاشکۆی کاری ژمارە **61** ی کۆکردەوە، کەچی بەم حاڵەش کەمایەتی جیابوونەوەی خۆی ڕاگەیاند. ... تد.

لە لایەکی ترەوە بەشێک لە لایەنگرانی ئەقەلیەت بە ناوی " نەبەردی جنوب"، لە ڕاگەینراوێکدا کە ڕۆژی 1359/5/7 نوسیویانە، بەڵام ڕۆژنامەی کار لە ژمارە 73ی ڕۆژی سێشەممە 1359/6/4دا بڵاویکردەوە پشتگیریی لەو جیابوونەوەیە کرد و لە بەشێکی ڕاگەینراوەکەیاندا ڕایگەیاند:

**- (بە ئاشکرابوونی خەباتی ئایدیۆلۆژی لە لایەن باڵی شۆڕشگێڕی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "اقلیت"، باڵی ئۆپۆرتۆنیستی ڕێکخراوەکەمان بە ڕێبەرایەتی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندەدا پێش بە ئاشکراکردنی خەباتی ئایدیۆلۆژی بگرن، هەوڵەکەیان بێسود بوو. هەروەها هەوڵیاندا بە کەڵکوەرگرتن لە دەرەتانی ڕێکخراوەکەمان ڕاستییەکان بشێوێنن و ڕای ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمان لە باسەکاندا بە لارییدا ببەن و بەو ناوەوە کە ئێمە خوازیاری خەباتی ئایدیۆلۆژیین بۆ گەیشتن بە بەشێک لە تیۆرییە مارکسیی و لێنینیەکان و بەهێزکردنی بنەماکان بۆ یەکیەتی پتر، کەمایەتی تاوانبار دەکرد کە گوایە ناچێتە ژێر باری**

**خەباتی ئایدیۆلۆژییەوە. بە ئاشکراکردنی خەباتی ئایدیۆلۆژیی و بە ئاشکرا دەربڕینی بیروبۆچوونی کەمایەتی و زۆرایەتی، ناوەڕۆکی بۆچوونی پراگماتیستی و مێتافیزیکیی زۆرایەتی ئاشکرا بوو. بۆچوونی پراگماتیستیی زۆرایەتی نەک لە ڕەوتی ئاشکرا بوونی خەباتی ئایدیۆلۆژییدا بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی تیۆری و پراکتیکدا دیاردەیەکی ڕون و دوور لە خەباتی چینایەتی بوو... تد).**

ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵک "ئەکسەریەت" بۆ ماوەیەکی کورت لایەنگریی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد و دوای داگیرکردنی شارەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، چەکی دانا و گەڕایەوە ناو شارەکان کە بە ئاشکرا خەبات بکات. لە ڕەوتی ئەو خەباتەیدا وشەی چریکی لەسەر خۆی لابرد و لەژێر ناوی "فدائیانی خەڵکی ئێران"دا پیلینۆمی گرت و بڕیاریدا لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران یەکیەتی ڕێکخراوەیی پێکبهێنێت و دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتنە بەر گرتن و ڕاونان و لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

بە هەر حاڵ، دوای جیابوونەوەی باڵی کەمایەتی لە ڕێکخراوی چریکەکان، باڵی زۆرینەی ئەو ڕێکخراوە لە ڕاگەیەنراوێکیدا کە ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی 1359/4/1دا بڵاویکردەوە، ڕایگەیاند 61 پاسدار و سەربازی دیلی شەڕەکانی ڕابردوو ئازاد دەکات. چریکی فیدایی خەڵک لە ڕاگەیەنراوەکەیدا نوسی:

**- (ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران لە درێژەی خەباتی خۆیدا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژیی لە کوردستاندا و دابینکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژمارەیەک دیلی شەڕەکانی ڕابردووی کوردستان کە لە لای چریکی فیداییین، ئازادیان دەکات. ڕێکخراوی ئێمە لەو باوەڕەدایە کە مەسەلەی کوردستان بە ڕێگەی سەربازیی چارە ناکرێت و ئەوانەی ئەمڕۆ هەوڵدەدەن بە درێژەدانی سیاسەتی ڕەوانە کردنی لەشکر بۆ سەر کوردستان چارەی کێشەکە بکەن، تەنیا یارمەتیدەرن لە بەردەوام بوونی شەڕی براکوژیی و بەهێزکردنی دوژمنایەتی نێوان گەلانی ئێران و لاوازکردنی خەباتی خەڵکی ئێران دژی ئیمپیریالیزم و بەدیموکراتیکردنی**

**ئێران. ئێمە زۆر بەجددی داوا لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و سەرۆککۆمار دەکەین کە کۆتایی بە شەڕ بهێنن و ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر کوردستان هەڵبگرن. ڕاگەیاندنی ئاگربەس لە هەموو بەرەکانی شەڕدا و بە ڕەسمیی ناسینی ئەسڵەکانی خودموختاریی مەرجی پێویستن بۆ پێکهاتنی ئاشتیی لە هەرێمەکەدا. پشتیوانییکردن لە هەوڵی ئاشتییخوازانەی هێزە سیاسییە بەرپرسەکان لە کوردستاندا ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە نیگەرانی چارەنوسی شۆڕشی شکۆداری خەڵکی ئێرانن و ئەمریکا بە دوژمنی سەرەکیی گەلی ئێمە دەزانن. ڕێکخراوی ئێمە هەمیشە پشتیوانیی لە هەموو چەشنە هەوڵێک دەکات کە لەم بوارەدا بدرێت و بە توندیی دژی تۆڵەسەندنەوەیە کە ئاکامەکەی بەرفرەوانبوونەوەی شەڕی براکوژییە. ڕێکخراوی ئێمە سەرەڕای ئەو هەلومەرجە ناشیاوەی کە ئەمڕۆ بە هۆی بەرینبوونەوەی شەڕ لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێکهاتووە، لە هیچ کۆششێک بۆ پێکهاتنی ئاشتیی لە کوردستاندا درێغیی ناکات. بەم بۆنەیەوە ئازادکردنی کەسانێک کە بۆ شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی کورددا ڕەوانە کراون، بە هەنگاوێکی پۆزەتیف دەزانێت بۆ سەرخستنی ئەو ئامانجانە و هیوادارە خەڵکی خەباتگێڕی ئێران و هێزە شۆڕشگێڕەکان و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی پشتی هەوڵەکانی ئێمە بگرن. ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو ئەو بارمتانە ئازاددەکەین کە لە لای ڕێکخراوەکەمانن.).**

دوای بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە و ئازادکردنی دیلەکان، چریکی فیدایی خەڵکی ئێران "ئەکسەریەت" ڕۆژی 1359/4/21 (1980/7/12) کۆبوونەوەیەکی مەزنی لە چوارچرای شاری مهاباد کرد کە باسی سیاسەتی نوێی ڕێکخراوەکەی و جیابوونەوەی باڵی کەمایەتی لە ڕێکخراوەکەیان بکەن. لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا بۆمبێکی بەهێز لە چوارچرای شاری مهاباد تەقییەوە و حەوت کەسی شەهید و ژمارەیەکی تریشی بریندار کرد. ئەو بۆمبە پێشتر لە ژێر یەکێک لە پلەکانەکانی چوارچرا لە ڕووبەڕووی فەرمانداریی چێنرابوو. بە تەقینەوەی ئەو بۆمبە کۆبوونەوەکە تێکچوو، ئالۆزیی کەوتە شوێنەکەوە. حامید گەوهەری کە لەگەڵ چەند پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە پشت خەڵکەکە وەستابوون،

بۆ بەرگرییکردن لە ئالۆزیی پتر، چووە پشت میکرۆفۆنەکە و داوام لە خەڵکەکە کرد کە هێمنیی بپارێزن و پێشمەرگەکانی شورای نیزامیی حیزبی دیموکراتیشی لە شوێنەکەدا بڵاوکردەوە کە لەگەڵ چاودێریی کردنیان بە سەر دۆخەکەدا، یارمەتی خەڵک و بریندارەکان بدەن کە لە شوێنی ڕووداوەکە دوور بکەونەوە. بەر لەو تەقینەوەیە، پێشتر دوو تەقینەوەی تر لە مهاباد ڕوویاندا:

1- ڕۆژی 1359/4/3 لاوێک بە ناوی "عەلی پشتەپی" کاتی دروستکردنی بۆمبێک لە قاتی دووەمی ماڵی باوکی لە گەڕەکی "ئەرمەنیان" لە شاری مهاباد، بۆمبێکی لە دەستدا تەقییەوە و کوژرا.

2- ڕۆژی 1359/4/19 دوو ئەندامی چریکی فیدایی بە ناوەکانی سیاوەش حەمیدی و کامەرانی ڕزوانی لایەنگری باڵی چریکی ئەکسەریەت، بە هۆی ڕوخانی خانووبەرەیەکی کۆنی ئەحمەدی نمەشیری "ئەحمەدی حەمەکەوڵەی" لە کۆڵانی نمەشیری لە شەقامی پەهلەوی ڕووبەڕووی شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات لە سەد مەتریی چوارچرا کوژران.

لەگەڵ ئەو سێ تەقینەوەیەدا لە مهاباد، ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵک ڕۆژی 1359/5/12 حامیدی حەمە تاهربەگی جافی گرت و دوای ماوەیەک گوللەبارانی کرد. پێشتر لە چەند بەشی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ ناوی حامید بەگ کردووە. لەگەڵ هاوکارییکردنی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا، هاوکار و هاوپەیمانی مامۆستا شێخ عیزەدین و مەلا شێخ جەلال و کۆمەڵە بوو. بڕیاریدابوو کە واز لە هاوکاریی شێخ عیزەدین و شێخ جەلال و کۆمەڵە بهێنێت و هاوکاریی حیزبی دیموکرات بکات. بەو بۆنەیەوە ڕێکخراوی هەورامانی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1359/5/5 (1980/7/27) ڕەوانەی شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات لە مهاباد کردبوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە حامید بەگ لەگەڵ چوار چەکدار کە یەکێک لەوان خزمی خۆی بوو، دەچێتە شورای نیزامیی حیزب، چونکە من لەوێ نەبووم، پێشمەرگەکان دەهێننە ماڵەی ئێمە. نامەیەکی کۆمیتەی شارستانی پاوەی پێبوو، بۆ ئەوەی کە چاوی بە دوکتۆر قاسملوو بکەوێت. بەڵێنم پێدا کە داواکارییەکەی بە دوکتۆر قاسملوو بگەیەنم و گوتم تا وەڵامی دوکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە، لە هۆتێل "کیان" کە لە مەیدانی مەلا جامی و نزیک

ماڵی ئێمە بوو، چاوەڕان بێت. دوکتۆر قاسملووم لە هاتنی حامید بەگ ئاگادار کردەوە، پێیڕاگەیاندم کە خەریکی پێکهێنانی پیلینۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە و تا کۆتایی پیلینۆم بمێنێتەوە. مەسەلەکەم بە حامید بەگ ڕاگەیاند. داوای لێکردم کە بۆ پاراستنی بینێرمە دەرەوەی شاری مهاباد.

ڕۆژی 1359/3/7 لەگەڵ چەکدارەکانی و دوو پێشمەرگەی شورای نیزامیی ناردمە گوندی "دێبوکر" لە ناوچەی مەنگوڕایەتی. شورای نیزامیی لە ئەشکەوتی ئەو گوندەدا هەندێک کەلوپەلی هەبوو. خالید ڕەزازادە لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە کێشکی ئەو کەلوپەلەیان دەکێشا. حامید بەگ سێ ڕۆژ لەوێ مایەوە و ڕۆژی 1359/3/11 گەڕایەوە لای من و گوتی ئێمە پێویستیمان بە حەمام هەیە و لەو گوندەدا ناتوانین خاوێنیی خۆمان ڕابگرین و داوای کرد لە مهاباد بمێنێتەوە. دیسان گەڕایەوە هوتێل کیان.

ئێوارەی ڕۆژی 1359/3/12 ئاگاداریان کردمەوە کە حامید بەگ و خزمەکەیان ڕفاندووە و دواتر چریکی فیدایی خەڵک هەواڵی کوشتنی بڵاوکردەوە. لە لێکۆڵینەوەی دواییدا دەرکەوت کە دوو پێشمەرگەی چریک دەچنە هۆتێل کیان و بە حامید بەگ دەڵێن کە لە لایەن مەلا محەمەد جوانرۆوە هاتوون و پێیخۆشە چاوی پێت بکەوێت. ئەو دوو پێشمەرگەیە حامید بەگ و خزمەکەی دەبەنە گوندی "قزلْجە". لەوێ عەلی ڕەزا شاندیزی "جەواد" و عومەری حەمیدیی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن و دەینێرنە بەندیخانەی چریکەکان لە ناوچەی مەریوان و لەوێ گوللەبارانی دەکەن. "عەلی بهجت" لە کتێبەکەیدا "انقلاب اسلامی، کردستان و مواضع گروهها و سازمانها" لاپەڕەی 136- 141، لێپرسینەوەی چریکی فیدایی لەگەڵ حامید بەگ بڵاوکردووەتەوە.

## لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دوابەدوای لەتبوونی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، کەمایەتییەکی 7 کەسییش لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/3/25 (1980/6/15) بڵاویانکردەوە، بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" جیابوونەوەی خۆیان لە حیزبی دیموکرات ڕاگەیاند. ئەو حەوت کەسەی کە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردبوو، بریتی بوون لە: غەنی بلوریان، دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی، فەوزیە قازی، محەمەد ئەمین شێخولئیسلامیی "مامۆستا هێمن"، نەوید موعینی، ئەحمەد عەزیزی و فاروق کەیخەسرەوی. بە جیابوونەوەی ئەو ژمارەیە لە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوی ئافرەتانی حیزبی دیموکرات چوونە پاڵ بەشە جیابووەوەکە. هەروەها ڕێکخراوکانی حیزب لە سەقز و بۆکان لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا بە مێژووی 1359/3/29 کە لە ڕۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران، ژمارە 265 دا بڵاویانکردەوە، پشتیوانییان لە لایەنی جیابووەوەی حیزبی دیموکرات کرد و لە ڕێکخراوەکانی تری حیزبیشدا ژمارەیەک بە تاک و بە گروپ چوونە پاڵ جیابووەوەکان. دواتریش لە دوو قۆناخی جیاوازدا، ڕەحمان کەریمی، سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە کە هەر سێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی چوارەم بوون، چوونە پاڵ ئەندامانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و لە حیزبی دیموکرات جیابوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی تودەی ئێران لە ڕۆژنامەی "مردم" ژمارە 262 دا پشتیوانیی ڕاشکاوانەی خۆی لە جیابووەوەکان کرد. هەواڵنێری ڕۆژنامەی کەیهان لە کرماشانەوە دەربارەی هۆی جیابوونەوەی ئەو کەمایەتییە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ژمارەی ڕۆژی 1359/3/28 دا ڕایگەیاند:

- سەبارەت بە جیابوونەوەی گروپێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، یەکێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبە ڕایگەیاند هۆی

جیابوونەوەکە سەرهەڵدانی ناکۆکیی بووە لەسەر گەلالەی شەش ماددەیی و شەڕەکانی ئەم دواییانە. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لە مهابادوە گەیشتوون، لەم دواییانەدا کۆمەڵێک گرفت لەسەر چۆنیەتی دەوڵەت و پێویستیی خەبات دژی ئیمپیریالیزم لە قۆناخی ئێستادا و گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکرات ڕوویداوە. دوێنێ حەوت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بەیاننامەیەکیان لە هەرێمەکەدا بڵاوکردەوە و کشانەوەی خۆیان لە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب ڕاگەیاند. ناوی ئەو حەوت ئەندامە بریتییە لە: غەنی بلوریان، فاروق کەیخەسرەوی، فەوزیە قازی کچی پێشەوا قازی محەمەد، دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی ئەندامی بنەماڵەی قازی محەمەد، ئەحمەد عەزیزی، هێمن شاعیری نەتەوەیی کوردستان و نەوید موعینی. هەروەها ڕۆژنامەی کەیهان لە کرماشانەوە نوسی کە ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات سەرەڕای پشتیوانییکردنی لە حیزبی دیموکرات، داوای لە خەڵکی کوردستان کردووە کە پشتی ئەو گروپە بگرن. بەو جۆرە ناکۆکییەکی قوڵی سیاسی کەوتووەتە ناو ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتەوە. جەلیل گادانی کە یەکێکە لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات، هۆی جیابوونەوەی ئەو گروپەی لە سەرکردایەتی حیزب بە هەنگاوێکی "سازشکارانە" وەسف دەکات و دەڵێت:

**- (ئەو گروپە، گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکراتیان بەبێ قەیدوشەرت قبوڵکردووە، لە حاڵێکدا دەبێت ئێمە گۆڕانکارییە پێکهاتووەکان لەو گەلاڵەیەدا ببینین و بڕیار بدەین. سەبارەت بە شەڕەکانی ئەم دواییانەش لە کوردستاندا ناکۆکیی هەبوو، بە ڕای ئێمە ئەوانە لایەنگریی لە حیزبی تودە دەکەن و چوونەتە ناو هێڵی حیزبی تودەوە.).**

غەنی بلوریان کە خۆی یەکێکە لە ئەندامانی جیابووەوە لە وتووێژێکیدا وتەی ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی ڕەتکردەوە کە گوتویەتی ئەو گروپە پێشتر لە کۆمیتەی ناوەندیی دەرکراون و ڕایگەیاند:

**(ئێمە بەرلە دەرکردنمان لە حیزب، جیابوونەوەی خۆمان ڕاگەیاندووە، ئەگەر دەرکردنێک لە ئارادا هەبووایە، دەبوو بەرلە جیابوونەوە**

**ڕایبگەیەنن.).** هەروەها بلوریان ئەوەی ڕەتکردەوە کە زۆربەی ئەندامانی جیابووەوە لە ئەندامانی کۆنی حیزب نین و گوتی: (دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی چل ساڵە ئەندامی حیزبە و فەوزیە خانمی قازی کچی پێشەوا قازی محەمەد لە ساڵی 1332وە لەگەڵ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات بووە.). بلوریان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا هۆی سەرەکیی جیابوونەوەکە چی بووە؟ گوتی:

- پێویستە ئەوە بڵێم کە من بەوە ناڵێم جیابوونەوە، چونکە ئێمە ڕیزی خۆمان لەوان جیا کردووەتەوە. هەروەها هۆی سەرەکیی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ لادانەکانیان لە بڕیار و پەسەند کراوەکانی کۆنگرەی چوارەم. ئێمە زۆر هەوڵماندا کە بیانگەڕێنینەوە سەر هێڵی ئەسڵی، بەڵام نەمانتوانی، لەبەرئەوە لایەنی ئێمە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم"ی بۆ خۆی هەڵبژارد و ڕیزی خۆمان لەوان جیاکردەوە. بلوریان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئایا کاربەدەستانی حکومەت بەرلە جیابوونەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێوە هەبووە یان نا؟ گوتی نە بەرلە جیابوونەوە و نە دوای جیابوونەوە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت نەبووە و ئێستاش نازانین کە ئایا ئەوان بەو جیابوونەوەیە دەزانن یان نا. هەروەها بلوریان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئێوە لایەنگری پێشنیازی کاربەدەستانی دەوڵەتن سەبارەت بە دانانی چەک یان نا؟ گوتی ئەگەر دەوڵەت گەڵاڵەی پێشنیازکراوی شەش ماددەیی بەو گۆڕانکارییەوە قبوڵ بکات کە بە ئێمەی ڕاگەیاندووە و بە شێوەی ڕەسمیی ڕایبگەیەنێت، لەو باوەڕەدام کە ئیتر پێویستمان بە چەک نامێنێ، چونکە بە قبوڵکردنی ئەو گەڵاڵەیە و دابینکردنی ئاساییش و ئارامیی و بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوخۆی کوردستان لە لایەن خەڵکی هەرێمەکەوە، ئیتر پێویستمان بە چەک نابێت. هەواڵنێری کەیهان لە بلوریانی پرسی: ئایا ئێوە ڕێبەرایەتی لایەنی جیابووە دەکەن؟ بلوریان گوتی: ئێمە هێشتا بە کۆمەڵ ڕێبەرایەتی دەکەین و گۆڕانکارییەکانیش بە داهاتووەوە دەبەسترێنەوە.

بەیاننامەیەکیش بە سەردێڕی **"بۆچوون و هەڵوێستی بەشێك لە کادیری بەڕێوەبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران سەبارەت بە وەزعی ئێستای وڵات و شۆڕشی ئێران و مەسەلەی کوردستان"** بڵاوکرایەوە کە لەوە دەڵێت ژمارەیەک لە ئەندامانی باڵای حیزبی دیموکرات لە ڕێبەرایەتی حیزب کشانەوە و هێزێکی گەورەیان پێکهێناوە. ئەو بەیاننامەیە باسی بارودۆخی ڕابردوو دەکات و بەتوندیی ڕەخنەی لە کەموکوڕییەکان، تەنانەت خیانەتەکان دەگرێ و بە وردیی ئاماژە بۆ هۆی جیابوونەوەکە دەکات. لە بەشێکی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: نە گەلی کورد و نە هیچ گەلێکی تر ناتوانێ لەژێر باری جیاوازییدانان و ستەمدا بژی و دەبێ مافی بدرێتێ تا بۆ خۆی کاروباری ناوچەی خۆی بەڕێوەببات و حاکم بێت بەسەر ژیانی خۆیدا.

بەو مەبەستە هەواڵنێری پارس لە سنە پەیوەندیی کرد بە جەلیل گادانی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و گوتی: **(جگە لە غەنی بلوریان ئەوانی تر ئەندامی کۆنی حیزب نین و ئەو وتەیەی ڕەتکردەوە کە گوایە جگە لە قاسملوو 19 کەسایەتی ناسراوی تر لە ڕێبەرایەتی حیزبدا نەماون و گوتی ئێستا 19 کەسایەتی ناسراو لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتدان. ئەو گروپە شەش کەسییە پێشتر لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دەرکراون. هەروەها حیزب جیابوونەوەکەی مەحکوم کرد و ڕایگەیاند جیابووەوەکان لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەم لایانداوە.)**

لە لایەکی ترەوە غەنی بلوریان بە هەواڵنێری پارسی ڕاگەیاند: بەرلەوەی کە ئێمە لە حیزب دەربکەن، ئێمە خۆمان لە حیزب جیابووینەوە. بە ڕای ئێمە حیزب دەبێ بەگوێرەی بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم خەباتبکات، چونکە ئێمە زانیمان لەو ڕەوتەدا لادان هەیە، بۆیە بڕیارماندا لێی جیاببینەوە و ڕێگەیەکمان هەڵبژارد کە هێڵی ئەسڵی کۆنگرەی چوارەمە.

لە بەشێکی تری بەیاننامەی جیابووەوەکاندا هاتووە: ئێمە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە هەم بەرەی هێزەکانی بەناو بەرگرییکردن لە مافی گەل کە شەڕ دەکەن و هەم بەرەی کاربەدەستان و هێزەکانی

دەوڵەت کە لە بەرامبەریاندا وەستاون، یەکدەست نین و هەر یەکەیان دوو هێزی بەهێزی دژیان لەناو خۆیاندا هەیە. لە لایەنی دەوڵەتدا کەسایەتی وەک ئیمام خومەینی دەبینرێ کە پەیامە مێژووییەکەی هیوای زۆریدا بە گەلی کوردی ستەم لێکراو. ئەو بوو کە داوای لە پاسدار و پێشمەرگە کرد کە ڕووی تفەنگەکانیان نەکەنە یەکتر و بیکەنە ئەمریکا. ئەو بوو کە بەڵێنی هەڵگرتنی هەموو چەشنە ستەمێکی پێداین و دەوڵەتی ڕاسپارد کە بە زووترین کات یاسای پەیوەندییدار بە مەسەلەکەوە ئامادە بکات. لە دەوروبەری ئیمام خومەینی دا کەسایەتی وەک ئایەتوڵا مەکارم شیرازی، ئایەتوڵا کارراقی، ئایەتوڵا عەلامەی نوری، حوجەتولئسلام حوسێن کرمانی و داریوش فروهەر دەبینرێن کە لەگەڵ بۆچوونی کوردەکان هاودەنگن، لە بەرامبەریشیاندا بەرەیەکی دژ بە خواستی کورد دەبینرێت. لە کوردستانیش دابەشکردنێکی لەو جۆرە هەیە، ئەوانەی دژی ئیمپیریالیزمن، بۆ بەربەرەکانی ئیمپیریالیزم لە دەوری هێزە شۆڕشگێڕەکان کۆدەبنەوە و ئەوانەش کە لەلایەن بەختیارییەکان، ئووەیسییەکان، پالیزبانییەکان، بەگرێگیراوانی "سیا" و پاشماوەکانی ساواک و بەعسی عێراقەوە هەڵدەسوڕێن، لە بەرەیەکدا خۆیان دەبیننەوە.

لە بەیاننامەکەدا چەندان جار ئاماژە بۆ پەیامی ئیمام خومەینی وەک دیاردەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان کراوە و ستایشی هەوڵەکانی دوکتۆر بەنیسەدر و فروهەر و کەسانی تر کراوە. لە کۆتایی بۆچوونەکانیاندا، ڕێبەرانی جیابووەوە پەیامێکیان ئاڕاستەی هاوڕێیان و دۆستانی خۆیان کردووە و دەڵێن:

-ئێمە ئەندامانی بە ئەمەکی ڕێبازی قازی محەمەد و ئەو ڕێبازە پێشکەوتووە شۆڕشگێڕانەیەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە کۆنگرەی چوارەم تەئکیدی لەسەر کردووەتەوە، چونکە لە ڕێبەرایەتی حیزبدا بووین، وەک کەسانی ڕاستگۆ و شۆڕشگێڕ بە ئەم بەرپرسیارییە ڕازیین کە ڕاستییەکان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ئاشکرا بکەین. ئێمە سەرەڕای دژایەتی کردنمان لە لادانەکان، بە ڕادەی خۆشمان شەریکی لادانەکانی ڕێبەرایەتی حیزبین، بەڵام پتر لەوە نەدەکرا بمێنینەوە و لە تواناماندا نەما کە چیتر پەرەسەندنی لادانەکانی

ڕێبەرایەتی حیزب ببینین، بەو جۆرە و سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی هاوڕێیان و لایەنگرانی حیزب و گەلی کورد و گەلانی تری ئێران، پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ ئەو ڕێبەرایەتییە دەپچڕین کە زۆربەیان لە هێڵی دیارییکراوی کۆنگرەی چوارەم لایانداوە، ڕایدەگەیەنین کە خەباتی خۆمان بەگوێرەی بەرنامە و ڕێنوێنییەکانی کۆنگرەی چوارەم درێژە پێدەدەین. بەرگریی لە شۆڕشی دژی ئیمپریالیستیی ئێران دەکەین و گەشە بە خەبات دەدەین بۆ دابینکردنی دیموکراسی لە ئێراندا. هەروەها دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و ژیانی باشتر بۆ زەحمەتکێشانی سەرانسەری ئێران. بەو بۆنەیەوە و لەم کاتە ئەستەمە چارەنوسییەدا، داوا دەکەین لە ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕشی ئێران، شورای شۆڕش، سەرۆکایەتی کۆمار، مەجلیسی شورای میللی و هەموو بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەش ئەسڵی پێشنیازکراوی خودموختاریی بەو گۆڕانکارییانەوە کە تێیدا کراوە، بە ڕەسمیی ڕابگەیەنن. بیرۆکەی ئەو شەش ئەسڵە لە ناخی ئیمام خومەینییەوە هەڵقوڵیوە و لە پەیامە مێژووییەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە. بە ڕاگەیاندنی ئەو شەش ئەسڵە بە شێوەی ڕەسمی، پاڵپێوەنەرە بە بەردەوامیی خەباتی ئێمەی لایەنگرە بە ئەمەگەکانی خوازیاری یەکیەتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی ئێران و تێکۆشەرانی بە ئەمەکی دەسکەوتەکانی شۆڕشی مەزنی ئێران کە پیلانە گڵاوەکانی ئیمپیریالیزم، ڕژێمی بەعس، ڕاکردووەکانی ڕژێمی پێشو و لایەنگرانیان لە کوردستان و ئێران پوچەڵ بکەینەوە. درێژەدان بە شەڕی براکوژیی، دەست و پێی هێزە بە ئەمەگەکان دەبەستێ، بەڵام ڕاگەیاندنی مافی گەلی کورد و ڕاگرتنی شەڕی براکوژیی دەست و پێی دژەشۆڕشەکان دەبەستێت. هیوادارین بەبێ ئەملا و ئەولا سەرنج بدرێت بەم ڕاستییە.

لە لایەکی ترەوە سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ هەڵوێست وەرگرتنی کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندیی، دەستبەجێ ڕێکخراوی لاوانی حیزبی هەڵوەشاند و بڕیاریدا لە جیاتی ڕێکخراوی لاوان، یەکیەتی لاوانی حیزبی دیموکرات بە ڕێبەرایەتییەکی نوێوە دابمەزرێنێت. بەو بۆنەیەوە ڕێکخراوی لاوانی ئەو حیزبە لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/3/26

(1980/6/16) لــــه ڕۆژنامــــەی "مــــردم" ژمـــارەی 263 دا بڵاوکرایــــەوە، ڕایگەیاند:

**هاونیشتمانانی بەڕێز! ڕاگەیاندنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی بەشێک لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەم قۆناخە ئەستەمە مێژووییەی خەباتی گەلانی ئێران و بەتایبەتیی گەلی کورددا، سەبارەت بە لادانەکانی ڕێبەرایەتی حیزب و پیلانگێڕییەکانی بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزم و ڕژێمی تاوانباری بەعس، پشوویەکی نوێی دا بە جەستەی مرۆڤە بە ئەمەگەکان بە ئارمانی حیزبەکەمان و هەموو ئەو کەسانەی کە لە بەرامبەر گەلدا خۆیان بە بەرپرس دەزانن. ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بە بەردەوامیی بەرنامە و پەیڕەوی حیزب ڕێنوێنیی خەباتی بووە، شێلگیرانە دژی هەر چەشنە لادانێک لە ناو حیزب و دەرەوەیدا هەڵسوڕاوە، ئەمەش تەنیا هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەمان بووە لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە. هەڵوێستی بەو شێوەیە لە لایەن بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەوە لەم قۆناخە چارەنوسییەی خەباتی گەلەکەماندا و کاریگەریی لە ئاست دژایەتیکردنیان لەگەڵ پیلانگێڕیی بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزم دەسەلمێنیت و شێلگیرانە پشتیوانیی لێدەکەین.**

**مردن بۆ ئیمپیریالیزم بە سەرۆکایەتی ئەمریکا - بۆ پێشەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردستان و دابینکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد**

**ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**1359/3/26**

لەتبوونی حیزبی دیموکرات بە پێچەوانەی لەتبوونی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران کە هەردوو لایان بە ناوی چریکی فیدایی خەڵک "ئەکسەریەت" و چریکی فیدایی خەڵک "ئەقەلیەت" بەردەوام بوون و کارەساتی لێنەکەوتەوە. بەرلە هەڵوێستەکردنی ئەو کەمایەتییە لە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتدا، زۆرینەی حیزب بیری لە ڕاونانی لایەنگرانی ئەو گروپە کردەوە و هەروەک ئاماژەم بۆ کرد ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی هەڵوەشاند و لە جیاتی ئەو، ڕێکخراوێکی

تـری بـە نـاوی یەکیـەتی لاوانـی دیمـوکرات بـە ڕێبەرایەتییـەکی نوێـوە پێکهێنـا. لـە کۆبوونـەوەیـەکی کتـوپڕدا، جیابووەوەکـانی بـە جـاش و خیانـەتکـار نـاوبرد و لـە بەیاننامەیەکدا کـە ڕۆژی 1980/6/18 بـە نـاوی **"خەیانـەتی گروپی حـەوت نـەفەری"** بڵاویکردەوە، داوای لـە گـەلی کورد کرد کە ئەو گروپە خۆفرۆشە حەوت کەسییە لـە ڕیزی خۆیـان جیابکەنـەوە. لـە مهابـاد، بۆکـان، سـەقز، پیرانشـار، سەردەشت و شـوێنەکانی تـر پـەلاماری هەڤاڵانی دوێنێی خۆیان دا و سوکایەتییان پێکردن. مەلا عەبدوڵا حـەسـەن زادە ناوی مامۆستا هێمنی نابوو، جاش هێمن و هـەر کـە لـە جێیـەک نـاوی مـامۆستا هـێمن دەهێنـرا، مـەلا عەبدوڵا قـوت دەبـووەوە و دەیگوت: **(مـەڵێن مامۆستا هێمن! بڵێن جاش هێمن.)**. لەگـەڵ ئـەو سوکایەتیی پێکردنانـەدا، ڕێبـەرایـەتی حیـزب بڕیـاری گرتنـی ئـەنـدامان و لایـەنگرانی حیزبـی تـودە، ڕێکخـراوی چریکـی فیـدایی خـەڵک "ئـەکسـەریـەت" و پـەیڕەوانی کـۆنگرەی چـوارەمی دا و فـاروقی کـەیخـەسرەوی و ئـەحمـەد عـەزیزی خـەڵکی سـەقز، محـەمـەد ماجد، ڕەحمـەتی پیرۆتـەسوری، کـەریم بیـژەن، عـەزیز محـەمـەد زادە، خـالید ئیبراهیمی، نـادر کـەریمی، ڕەحمان شازدە، یوسف مـەرزەنـگ و کـەمال بـادینی دەستگیر کـرد و بـەرەبـەرە ژمـارەی گرتووەکـانی زیـادکرد و لـەگەڵ جاش و پاسداران زینـدانی کـردن. لـە ڕاستییدا ڕێبـەرایـەتی حیـزب هـیچ جـۆرە بێزێزییـەک نـەما کـە لـەگـەڵ گیراوەکـانی نـەکات، لـە شـوێنی خۆیـدا ئـامـاژە بـۆ چارەنوسـی بـەشێک لـە گیراوەکـان دەکـەم. هـەروەها جـەعفـەر کروبـی و عـەلی کروبـی تێـرۆر کـرد کـە هـەردووکیان بـرا و پێشـمـەرگەی قارەمـانی شـەڕی سـێ مانگـەی حیـزب بـوون و لـەگـەڵ جیابووەوەکان ڕۆیشتبوون. لـەگـەڵ ئـەو دەستدێژییانـەی حیزبـی دیموکراتـدا بـۆ سـەر لایـەنگرانی پـەیڕەوانی کـۆنگرەی چـوارەم، ڕژێمـی ئێـرانیش دەستـی لێنـەپاراستن و ئـەویش چەند کـەسێکی لێگـرتن و گوللـەبارانـی کـردن. ناسـر خۆشکـەلام و سـەید رەحیمی نـادر ئـەحمەدی دووان لـەو ئـەندامانـە بـوون کـە کۆمـاری ئیسـلامیی هـەرچەنـدە دەیزانـی لـەگـەڵ پـەیڕەوانی کـۆنگرەی چوارەمن، بـەڵام گوللـەبارانی کردن.

جـەلیل گـادانی لـە کتێبـەکـەیدا "50 ساڵ خـەبات" لاپـەڕەی 250 و عـەبدوڵا حـەسـەن زادە لـە "نیو سـەدە تێکۆشان" لاپەڕەی 236 دا، بـە توندیی هێرش

دەکەنــە ســەر ئەنــدامانی جیــابووەوە لــە حیزبــی دیمــوکرات و هیچیــان ناپرژێنــە سـەر هۆیـەکانی سـەرهەڵدانی ئـەو کێشـەیە و لێـی ناکۆڵنـەوە و ئــەو گرفتــە مەزنــە بــۆ خوێنــەرانی کتێبــەکانیان ڕون ناکەنــەوە و بــۆ خۆڕزگارکردنیان لـەو باسـە، تـاوانی سـەرهەڵدانی کێشـەکە دەخەنـە سـەر ڕێبەرایەتی حیزبی تودە. کەریم حیسامی یەکێکی ترە کە لـە لاپـەڕەی 67 ی بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ جیابوونـەوەی پـەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم دەکات، سەرەڕای سەرکۆنەکردنی هەڵوێستی ئـەو گروپـە لە لاپـەڕەی 68 ی کتێبەکەیدا دەپرسێت: **(بـۆچی غـەنی بلوریـان جارێک نــەهات نــەک هــەر لەگــەڵ مــن، بــەڵکوو لەگــەڵ کۆمیتــەی شارستان یـان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزب مەسەلەی ناکۆکیی نێو کۆمیتـەی ناوەنـدیی بــاس بکـات و بــە گــوێرەی پـەیڕەوی نێوخـۆی حیـزب بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکی داوای کۆنفرانس بکات؟).**

بــە هــەر حــاڵ، دوای کۆبوونــەوەی کۆمیتــەی ناوەنــدیی و بڵاوبوونــەوەی بەیاننامــەی "خەیانــەتی گروپــی حــەوت نەفــەری"، دوکتــۆر قاسـملوو لــە بنکــەی حیــزب لــە "سەرشــاخان" ی ناوچــەی مەنگوڕانــەوە گەڕایــەوە بــۆ مهاباد و بەشداریی کۆبوونەوەیەکی مەزنی کرد کـە لـە چوارچرای مهابـاد بـۆی ڕێکخرابـوو. دوکتـۆر قاسـملوو لـەو کۆبوونەوەیـەدا هەڵوێسـتی حیزبـی دیموکراتی لەسەر دووبارە بوونـەوەی شـەڕ لـە کوردسـتاندا ڕاگەیانـد و لـە بەشــێکی وتەکانیــدا ئامــاژەی بــۆ شــەڕی ســێ مانگــە، پــەیامی ڕۆژی 1358/8/26 خومەینی سەبارەت بە جێبەجێکردنی مافەکانی گـەلی کـورد، وتووێژی نێوان هەئیـەتی نوێنەرایـەتی خـەڵکی کـورد و لیژنـەی تایبـەتیی حکومــەت، گەلاڵــەی شــەش مــاددەیی و دەنگــۆی دانــی خودگــەردانیی بــە خـەڵکی کـورد لـە جیـاتی خودموختـاریی، لادانـی گروپـی حـەوت کەسـیی و دەرکردنیان لە حیزب و سەرئەنجام هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا، دوا و لە کۆتایی وتەکانیدا گوتی:

**- (کە لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە بۆ ئـەوەی بەشداریی ئـەم کۆبوونەوەیـە بکەم، لەبەر دەرگای ئەو ماڵەی کە لێی بووم، چاوم بـە منـاڵێکی دوازدە سـاڵان کــەوت و لێمپرسـی: حکومــەت دەیــەوێ لــە جیـاتی خودموختـاریی، خودگەردانیی بە گەلی کورد بدات، ئایا تۆ دەزانی خودگەردانیی چییـە؟**

**منالەکە وەڵامی دامەوە و گوتی خودگەردانی یانی سەرگەردانی. جا بۆیە من لە ئێوەی بەشدارانی بەڕێزی ئەم کۆبوونەوەیە دەپرسم، ئایا دەتانەوێ سەرگەردان بین؟ لە وەڵامی دوکتۆر قاسملوودا خەڵکەکە گوتیان نا ئێمە خودموختاریمان دەوێت! دوکتۆر قاسملوو گوتی: ئەگەر وایە ئێمە خۆمان بۆ شەڕێکی درێژخایەن ئامادە دەکەین و بۆ ئەوەش دۆستی دێرینی گەلەکەمان لەگەڵمانە!)** بەو جۆرە کۆبوونەوەکە بە دروشمی بژی حیزبی دیموکرات کۆتاییهات. شایانی باسە مەبەستی دوکتۆر قاسملوو لە دۆستی دێرینی گەلی کورد، یەکیەتی سۆڤیەت بوو.

دوای ئەو کۆبوونەوەیەی حیزبی دیموکرات، "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" یش کۆبوونەوەیەکیان لە چوارچرای مهاباد بۆ ئەحمەد عەزیزی، یەکێک لە ئەندامانی گروپەکەیان پێکهێنا. هەر وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، ئەحمەد عەزیزی لە شەڕی سنەدا قاچی بریندار ببوو، بە دارشەق دەڕۆیشت. ئەحمەد عەزیزی لەناو ئەندامانی گروپەکەیدا کەسایەتییەکی بەهێز نەبوو، بەڵام چونکە بە دارشەق دەڕۆیشت، ئەویان دیارییکردبوو کە بەڵکوو بریندار بوونەکەی لە شەڕی سنەدا، کاریگەریی دەروونیی هەبێت لەسەر بەشدارانی کۆبوونەوەکە. عەزیزی هات کە هۆی جیابوونەوەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بۆ بەشداران ڕونبکاتەوە و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی بە لادەر لە بڕیار و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم تاوانبار بکات، کەچی ژمارەیەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە دژی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم دروشمیاندا و ئەوانیان بە لادەر ناوبرد و ڕێگەیان بە ئەحمەد نەدا قسە بکات. بەو بۆنەیەوە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم ئەم بەیاننامەیەیان لە "نامە مردم" ژمارە 279، 1359/4/19دا بڵاوکردەوە:

**- (دوای هەڵوێستوەرگرتنی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، خەڵکی کوردستان بە گشتیی چاوەڕوان بوون و داوایان لێکردین کە هۆی هەڵوێست وەرگرتنمان بۆ خەڵک ڕونبکەینەوە، بۆ ئەوەی کە ڕاستییەکان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا ببێت، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەک گۆپاڵبەدەست لە ترسی ئەوەی کە وتەکانمان پەردە لەسەر نهێنی و کردەوە دژەگەلییەکانیان لادەدات، ئاژاوەیان نایەوە و ڕووی گۆپاڵبەدەستانی**

**سەردەمی ساواکی ڕژێمی پەهلەوییان سپی کردەوە. ئێمە چیدەڵێین؟ ئێمە دەڵێین کە نامانەوێ و ناهێڵین گەلی ئێمە مامەڵەی لەسەر بکرێت و ڕێگا نادەین کوردستانی ئێمەش وەک کوردستانی عێراق توشی کارەسات ببێت. ئێمە ناهێڵین کوردستانی ئێمە ببێت بە پێگەی بەعسی فاشی و ئیمپیریالیزمی ئەمریکا و بەکرێگیراوانیان. ئێمە نامانەوێ شارەکانی تری کوردستان تووشی چارەنوسی شارەکانی سنە و سەقز و بانە ببن، وێران بکرێن و خەڵکەکانیان ئاوارە ببن. ئێمە بە ڕاستیی هەستمان بە مەترسی کرد کە لایەنگرانی شا- بەختیار دەیانەوێ کوردستان بکەن بە پێگەی دژەگەلییەکان و بەو هێزانەی کە لەسەر سنوری عێراق مۆڵیانداون، لەم هەرێمەدا حکومەتی ئازاد پێک بهێنن و کوردستان بکەنە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی. ئەگەر پلانە گڵاوەکانیان سەربکەوێ، شۆڕشی ئێران و گەلی ئێمە توشی مەترسی دەبێت و گوند و شارەکانمان خاپور دەبن. ئایا ئێمە مافی ئەوەمان نیە کە ئەو پلانانە بە خەڵک ڕابگەیەنین؟ ئایا ئێمە مافی ئەوەمان نیە کە بە خەڵک ڕابگەیەنین کە هۆشیار بن و مامەڵەتان لەسەر نەکەن و توشی چارەنوسی کوردستانی عێراقتان نەکەن؟ ئەوە ئەرکی ئێمەیە و دەمانەوێ لەسەر ئەو مەسەلانە بدوێین و بە خەڵکیان ڕابگەیەنین...).**

بە هەر حاڵ ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات ناوی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی نا "تاقمی حەوت کەسیی" و بە جاش و تودەیی ناوی بردن و ئەوانیش بە حیزبی دیموکراتیان دەوت "تاقمی قاسملوو". ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جگە لە کۆمیتەی ناوەندیی و ژمارەیەکی کەم لە کادیرە بەرزەکان، ئەندامانی تری حیزب هۆی لەتبوونی حیزبەکەیان نەدەزانی.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هۆی جیابوونەوەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمیان لە حیزب لە دوو خاڵدا دەبینی: ڕازیبوون بە گەلاڵەی شەش ماددەیی حیزبی دیموکرات بە ناوی خودگەردانیی و لایەنگرییکردنیان لە سیاسەتی حیزبی تودە لە کۆماری ئیسلامیی. لایەنەکەی تر واتە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمیش هۆی جیابوونەوەی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ لادانی ڕێبەرایەتی حیزب لە پرۆگرام و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارەم. لە پرۆگرام و پەسەندکراوەکانی

کۆنگرەی چوارەمدا چەند خاڵێک جێی مەبەستی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بوو. یەکێک لەو خاڵانە لە لاپەڕەی 20 ی ڕاپۆڕتی کۆمیتەی ناوەندییدا بۆ کۆنگرەی چوارەم هاتووە:

**- (بە پێویستی دەزانین جارێکی تریش بۆچوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بەو پلانانە ڕابگەیەنین کە خەریکە دژی کۆماری ئیسلامیی و دەستکەوتەکانی شۆڕش و بەتایبەتی ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی دەکرێن، پاشماوەکانی ڕژێمی شا، کۆنەپەرستان، ساواکییەکان کە بە داخەوە لە کوردستان پاکنەکراونەتەوە و بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزمی ئەمریکا لە ناو سوپادا خەریکی پلانگێڕانن و دەیانەوێت دژی کۆماری ئیسلامیی کودێتا بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا لە کوردستان شەڕی چەکدارانە هەڵدەگیرسێنن و دواتر شەڕەکە بەرین دەکەنەوە و کوردستان و هەموو هەرێمەکانی ئێرانی تێوەوەردەدەن و بەو جۆرە کۆماری ئیسلامیی لاواز دەبێت و یەکەکانی سوپا دەرەتان پەیدا دەکەن کە پتر بڵاوببنەوە و سەرئەنجام بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە، کودێتا بکەن و دەسەڵات بگرنەدەست. ... ئێمە جارێکی تر پشتیوانیی خۆمان لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و ڕێبەرایەتی ئیمام خومەینی ڕادەگەیەنین و شان بە شانی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان بەرامبەر پلانەکانی دژ بە شۆڕش و دارودەستەی ئیمپیریالیزم بە هەموو هێزمانەوە ڕادەوەستین و پشتی شۆڕشی ئێران دەگرین.).**

برگەی دووەم و جێی مەبەستی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم دەگەڕایەوە بۆ ئامانجە گشتییەکانی پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم کە دەڵێت:

**1- (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی پێشڕەوی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و هاوئاهەنگ لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ نەهێشتنی نفوزی سیاسیی و ئابووریی و سەربازیی و فەرهەنگیی ئیمپیریالیزم و سەربەخۆیی ئێران و بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا خەبات دەکات.).**

بەگوێرەی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە چەشنی حیزبە کۆمونیستەکان سەرەتا دەبووایە هەوڵی

ڕیشەکێشکردنی نفوزی ئیمپیریالیزم بدات لە ئێراندا و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێکبکەوێت و دوای جێگیربوونی دیموکراسی لە ئێراندا، داوای خودموختاریی بۆ گەلی کورد بکات. تیۆرییەک کە "یۆریس پۆناماریۆڤ" خاوەن بیرۆکەی ڕێگای گەشەکردنی ناسەرمایەداری لە حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت و حیزبە براکانی لایەنگری سۆڤیەت بۆ وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندا لەبەرچاوی دەگرن و مێژوو سەلماندی کە ئەوە تیۆرییەکی سەرکەوتوو نەبوو. بە هەر حاڵ ئەو دوو خاڵە و لاوازبوونی دیموکراتییەت و تاکڕەویی دوکتۆر قاسملوو لە ناوخۆی حیزبدا بۆ ئەندامانی، پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی دژی ڕێبەرایەتی حیزب وروژاند. داوایان کرد حیزب دژی کۆماری ئیسلامیی شەڕ بوەستێنێت و پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بپچڕێنێت و کێشەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی بە ڕێگای ئاشتیی چارەسەربکات و شەش ئەسڵی پێشنیازکراوی خودموختاریی بە ناوی خودگەردانیی قبوڵ بکات، بەڵام ئەوان ڕونیان نەکردبووەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی داواکارییەکانی حیزبی دیموکرات و گەلی کوردی قبوڵ نەکرد و ئامادەنەبوو بە ڕێگای ئاشتییانە مافی گەلی کورد بدات، دوای چەکدانانی حیزب، ئایا کۆماری ئیسلامیی ڕێبەران و ئەندامانی حیزب بە تاوانی هەڵگرتنی چەک و کوشتنی پاسدار ناگرێت و گوللەبارانیان ناکات؟ ئەوە ڕاستییەک بوو کە هەموومان بە چاوی خۆمان بینیمان و ئەو جۆرە سیاسەت کردنە لەگەڵ ڕێبەرانی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی بە کوشتنی دەیان هەزار کەس تەواو بوو.

حیزبی دیموکرات لە ساڵی 1971 ەوە پەیوەندیی بە حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراقەوە هەبوو، بەو تێبینییەوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی داخوازییەکانی حیزبی دیموکرات و گەلی کوردی جێبەجێ نەکرد و حیزبی دیموکرات توشی شەڕ بوو، دەبێ حیزب ناوچەیەکی ئارام بۆ پاشەکشە و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکانی هەبێت، بەڵام پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بیریان لێ نەکردبووەوە و دژی ئەو بۆچوونە بوون.

هەڵەی مەزنی ڕێبەرایەتی حیزب دوای کۆنگرەی چوارەم ئەوە بوو کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ حکومەت

لـه پـەڕاوێز خست، چونکـه هیچ مـەرجێک بـۆ ئـەوە دیـاریی نـەکرابوو کـە هێزەکـانی هاوپـەیمان لـە هەیئـەتی نوێنـەرایەتیدا لـە لایـەک پێکـەوە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تێبکۆشن و لە لایەکی ترەوە هێزێک بە تـەنیا بـۆ خـۆی پـڕۆژە پێشـکەش بکـات و ڕای هێـزە هاوپەیمانـەکانی وەرنـەگرێت. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بـە کـەم بایەخدان بـە هاوپەیمانـەکانی لـە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد، ئەوانی بە دژی خۆی ڕاپەڕاند..

شـەڕی سـنە کـە کۆمەڵـە و گروپـە تونـدڕەوەکانی تـر هەڵیانگیرسـاند و حیزبـی دیمـوکرات دژی بـوو، دەبووایـە ڕێبەرایـەتی حیـزب بـۆ ڕاگرتنـی شـەڕەکە هەوڵبدات و ڕێگـە لـە پەرەسـەندنی بگرێت و نـەهێڵێت تەشـەنە بکات بۆ شارەکانی تر، نـەک پێشمەرگەکانی خۆی بخاتـە نـاو شـەڕەکەوە، چونکە بێگومان کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تر خاوەنی ئـەو هێزە نـەبوون کـە لە چەند بەرە و چەند شاراندا هاوکات دژی دوژمن شەڕ بکەن.

دوکتـۆر قاسملوو خودگـەردانیی بـە سـەرگەردانیی نـاودەبرد. لـە کاتێکدا پڕۆژەکـە هـەمان گەلاڵـەی شـەش مـاددەیی حیزبـی دیمـوکرات بـوو کـە بـەنیسـەدری سـەرۆککۆمار و داریـوش فروهـەری وەزیـری کـار، بەرپرسـی ئـامـادەکردنی پڕۆژەکـە، هـەوڵی جێبـەجێکردنیان دەدا. دەبووایـە سـەرکردایەتی حیـزب ئـەو پڕۆژەیـە قبـوڵ بکـات و ڕێگـا بـۆ وتووێژکـانی داهـاتوو خـۆش بکـات و بـە نـەفەسێکی نوێـوە بـەرەوپیری وتووێژکانـەوە بچێـت، تەنانـەت ئەگـەر مەبەسـتی کۆمـاری ئیسـلامیی لـە دانـی خودگـەردانیی فریـودانی حیزبـی دیمـوکراتیش بووایـە. بێگومـان دوکتـۆر قاسملوو و چەند ئەندامێکی تری ڕێبەرایەتی حیزب دەیانزانی کـە هـەردوو وشەی خودموختاریی و خودگەردانیی یەک واتە دەبەخشن و ناوەڕۆکەکەی مەرجی سەرەکیی بوو نـەک ناوەکـەی. ڕێبەرایـەتی حیزبـی دیمـوکرات بـەم جـۆرە دەیتـوانی ڕێکخراوەکـانی ڕێکبخاتـەوە و توانایـەکی نـوێ بـە حیزبەکەی ببەخشێت.

خاڵی بنەڕەتیی سەرهەڵدانی کێشەکان لە حیزبی دیموکراتدا بـە شێوەی ڕاسـتەوخۆ دەگەڕایـەوە بـۆ هەڵوێسـتی یەکلایەنـە و تاکـە کەسـیی و ڕێزنەگرتن لە دیموکراسی ناوخۆیی لـە حیزبـی دیموکراتدا و ڕێگـە نـەدان بـە ئەندامانی حیـزب کـە بـەبێ تـرس لـە دواڕۆژی خۆیـان، بیروبۆچـوون و

گرفتــەکانی حیــزب بخەنــە بــەر دیــدی ڕێبەرایــەتی و ڕێگــەچارەیان بــۆ بدۆزنەوە. ئەوە بوو کە نەیهێشت ڕێبەرایەتی حیزب و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم پێکەوە لە کۆنفرانس، کۆنگرە، یان لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا کۆبکاتەوە و بە لێکۆڵینەوەی دروست لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەم و کێشە داسەپاوەکانی دوایی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ڕێگەچارەیەکی شیاو بۆ گرفتەکان بدۆزنەوە و متمانە بۆ ڕێبەرایەتی حیزب بگێڕنەوە. ئەو گرفتە بە دوای جیابوونەوەی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمیش لە حیزبی دیموکراتدا بەردەوام بوو، لە جێی خۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

بەهەرحاڵ ئاکامی جیابوونەوەکە بەوە گەیشت کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" چوونە ژێر باڵی حیزبی تودەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر هەوڵیاندا مافی خودگەردانیی بۆ کوردستان وەربگرن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی وەڵامی نەدانەوە و سەرئەنجام ژمارەیەکیان گیران، دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی گەڕایەوە ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئەوانی تریش ڕایانکردە لای حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کورستان و دواتر و غەنی بلوریان، محەمەد ئەمین سیراجی و نەوید موعینی بە یارمەتی پارتی دیموکرات خۆیان گەیاندە ئەوروپا و ئەحمەد عەزیزی گەڕایەوە لای حیزبی دیموکرات، بەڵام بەبێ مەرج وەریانەگرتەوە و ئەویش ناچار بوو بگەڕێتەوە ئێران و بە یارمەت حیزبی تودە خۆی بگەیەنێتە ئەفغانستان و لەوێوە بێتە سوید. فاروق کەیخەسرەوی بۆ ماوەی پتر لە سێ ساڵ لە زیندانی حیزبی دیموکراتدا بەندبوو، فەوزیە قازی و مامۆستا هێمن لە کوردستان مانەوە. حیزبی دیموکرات بۆ ماوەیەک مامۆستا هێمنی گرت و دواتر بە هۆی گوشاری ڕای گشتیی لە زیندان ئازادی کرد.

## ڕادیۆی دەنگی کوردستان

دوای جێگیربوونی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە "سەرشاخان"، سەرکردایەتی حیزب وێستگەیەکی ڕادیۆیی لە سەرشاخان دانا. ئوستوار خەیاتی لەسەر داخوازیی کەمالی شافعی، کەریم حیسامی و بە هاوکاریی خەلیل گادانی ئەو وێستگەیەی لە چەند دەزگایەکی بێتێل دروستکردبوو، بە هاوکاریی سەید ڕەسوڵ دەهقان گواستییەوە بۆ "کانی شێخان". وێستگەی حیزبی دیموکرات بە ناوی "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" دوای چەند ڕۆژێک تاقیکردنەوە، ڕۆژی 1359/3/27 (1980/6/17) بە پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، بە شێوەی ڕەسمی کرایەوە. دەنگی کوردستان کە لەسەر شەپۆلی 41 مێگاهێرتز بڵاودەکرایەوە، سەرەتا تەوەری بیستی زۆر کەم بوو، بەڵام دواتر حیزب توانی بە وێستگەیەکی بەهێزتر دەنگی خۆی بگەیەنێتە خەڵکێکی زیادتر. لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەت هاشوهوش "پەڕازیت"ی دەخستەسەر و گوێ لێگرتنی یاساخ کرد، بەڵام خەڵکی کورد بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی کاتی بڵاوکردنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دەبوون تا هەواڵی شەڕی ڕۆڵە قارەمانەکانیان ببیستن و ئاگاداری هەواڵەکانی کوردستان ببن. پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کردنەوەی ڕادیۆکە لە لایەن دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەشکرا. ئەو پەیامەم لە لاپەڕەی 244- 247ی کتێبی "50 ساڵ خەبات"ی جەلیل گادانی وەرگرتووە:

گوێگرە بەڕێزەکان، خوشک و برا بەڕێزەکان، گەلانی بە شەرەفی ئێران و خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان

ئەمڕۆ بە ناوی گەلانی شەهیدپەروەری ئێران، بە ناوی شەهیدانی لە خوێن گەوزاوی کوردستان و بە ڕێزگرتن لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێران، قسەکانی خۆمان دەستپێدەکەین. هاووڵاتیانی بەڕێز! جارێکی دیکە دەسەڵاتی حاکم، نیشتمانی خۆشەویستمان ئێران بە خێرایی بەرەو دیکتاتۆری پاڵپێوە دەنێت. جارێکی دیکە کەسانێک حوکمی وڵاتیان بە دەستەوەیە کە قەڵەمی ئازادیخوازان دەشکێنن، زاری شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە پڕ لە فیشەک دەکەن، زۆربەی گەورەپیاوانی ئازادیخوازی وڵاتیان ڕەوانەی زیندان کردوە و ویستی ڕەوای گەلانی ستەملێکراوی ئێران

بە گوللـە وەڵام دەدەنـەوە. ڕاگەیاندنـە گشتییەکان کەوتوونەتـە بەردەست جەماعـەتێکی دواکـەوتوو و بیرتـەسکەوە، دەنـگ و ڕەنگـی ئێـران جیـا لـە تـەبلیغاتی ژاراویـی و درۆ، شـتێکی دیکـە بڵاوناکەنـەوە. ڕونـاکبیران لـە دەربڕینی بیروڕای خۆیان سەبارەت بە وەزعی وڵات بێبەشکراون. کرێکاران و زەحمەتکێشـان مـافی دەربڕینـی ویسـتە کۆمەڵایـەتی و ئابووریـەکانی خۆیـان نیـە. لاوانـی نیشـتمان، بێکـار و سـەرگەردانن و لـە سـەرەتاییترین ئیمکاناتی تەفریحی، تەنانەت لە بیستنی مۆسیقا بێبەش ماونەتەوە، بۆ ژنـانی ئێـران تـەنیا ئـەرکێک دیـارییکراوە و ئـەویش ئەوەیـە کـە چارشێو بەسـەردا کـەن و باسـی مـافی خۆیـان نەکـەن. بێکـاریی پـەرەی سـەندووە و ئاوسـان و گرانیـی سەرسـوڕهێنەر زەحمەتکێشـان بـەرەو فـەقر و نـەداری پـاڵپێوەدەنـێ. زۆربـەی پێویسـتییەکانی ژیـان بـە کـەمی دەست دەکـەون و سـەفی دوور و درێـژ بـۆ کڕینـی ئـەم پێداویسـتییانە لـە هـەموو شـارەکانی ئێـران پێکهـاتووە. دەورانێکـی ڕەشـی وەک سـەدەکانی نێوەڕاست دەچـێ تـا بەسەر ئێمەدا زاڵ بێ، بەڵام لەم هەلومەرجە دژوارەدا، سـەنگەرێکی قـایم و لـە گیـران نـەهاتوو بـۆ دیفـاع لـە ئـازادیی ئێـران هـەر ماوەتـەوە. ئـەم سـەنگەرە، کوردسـتانی ئێرانـە کـە درێـژە بـە بـەرخۆدانی قارەمانانـەی خۆیدەدا.

هاووڵاتییە بەڕێزەکانم! ئێمـە لـەم سـەنگەرەوە قسـەتان لەگـەڵ دەکـەین، لـە کوێسـتانە سـەربەرزەکانی کوردسـتان، لـە خـاکی شـەهیدەکان و پێشـمەرگەکان، بـە نـاوی گـەلی کـورد و بـە نـاوی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێرانـەوە سڵاو دەنێرین بـۆ هـەموو گوێگرە خۆشەویستەکان و ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتانی ئێـران دەکەینـەوە. دەنگـی کوردسـتانی ئێـران زمـانی ڕاستەقینەی هـەموو ئـازادییخوازان و شۆڕشگێڕانی ئێـران و هـەموو زەحمەتکێشان و گەلانی ستەملێکراوی ئێرانە و لە ئیختیاری تـەواوی هێـزە دیموکراتیکـە خەڵکییەکاندایـە. لـە هەلومەرجێکدا کـە تـەواوی ڕاگەیاندنـە گشـتییەکان و چاپەمەنییـەکان بـە دەسـت دەسـەڵاتداری حاکمەوەیـە، ئـەم مەسەلە گرنگی شایانی هەیە.

هاووڵاتییـە خۆشەویسـتەکان! خـەڵکی کوردسـتان شانبەشـانی هـەموو گـەلانی وڵات لـە شۆڕشـی شـکۆداری ئێرانـدا چالاکانـە بەشـدارییان کـرد،

شـەهیدیان دا، فیـداکارییان نوانـد و سـەرئەنجام ڕژێمـی نـەفرەتلێکراو و زۆردار و سەرەڕۆی پاشایەتییان ڕوخاند. ئـەم شۆڕشـە هـی هـەموو خـەڵکی ئێـران و تـەواوی گـەلانی وڵاتـە خۆشەویسـتەکەمان و هـەموو حیـزب و ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان لـە بـەرەوپێشبردنیدا بـەشدارییان کردووە. ئـەوەی کـە کەسـانێکی وا پـەیدا دەبـن کـە بـەرهـەمـەکانی شـۆڕش بـە هـی خۆیـان دەزانن و گەلانی ستەملێکراوی ئێران و پەیڕەوانی مەزهەبی "سوننە" وەک هـاووڵاتیی دەرەجـە دوو سـەیر دەکـەن و بـەتـەمان شـۆڕش لـە ڕێگـای دیموکراتیک و خـەڵکی خـۆی بـەلاریدا ببـەن، نێـوەڕۆکی گـەلیی و ئینسانیی شۆڕشی ئێران ناگۆڕن. ... بێگومان لـەبیرتانـە کە لـە ئـاخر و ئـۆخری مـانگی گـەلاوێژی سـاڵی ڕابـردوودا دوای هێرشـێکی تـەبلیغاتیی بـەربڵاو لـە لایـەن ڕاگەیاندنـە گشـتییەکان و دەرکردنـی فتـوای "جیهـاد" دژی خـەڵکی کوردستان، لـەشکرکێشیی بۆ کوردستان دەستیپێکرد و شـەڕێکی سێ مانگـە بەسـەر خـەڵکەکەمانـدا داسـەپا. سـێ مـانگی تـەواو شـار و گونـدەکانی کوردسـتان کەوتنـە بـەر هێرشـی تـۆپ و تانـک و هێلیکۆپتـەر و فـانتۆم و سـەدان مـاڵ وێـران کـران، هـەزاران کـەس دەربـەدەر بـوون و سـەدان کـەس کوژران، بـەڵام خـەڵکی کوردستان یەکپارچە ڕاپەرین و لـە مان و شـەرافـەتی خۆیان بـەرگرییان کرد. بە حـەق دەبێ بڵێین: حیزبـی ئێمـە ئـاڵای بـەرگریی لـە سەرانسەری کوردستاندا هەڵکرد و بـە ڕێبـەرایـەتی حیزبی ئێمە، خـەڵکی کوردستان ئـەرتـەش و پاسدارەکان و دەوڵـەتی بـەچۆکدا دا.

لـە ڕێکـەوتی بیسـت و شەشـەمی خـەزەڵوەری سـاڵی 1358 دا کاتێـک پەیامی آیت اللە خومەینی بۆ خـەڵکی کوردستان سـەبارەت بـە پێویستیی لابردنـی سـتەمی سیاسـی، ئـابووری و فەرهـەنگیی لـەسـەر گـەلی کـورد بڵاوبـووەوە، حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـە خۆشـحاڵییەوە پێشوازیی لێکرد و ئـەوەی بە سـەرەتای چارەسـەری ئاشتییانـەی مەسـەلـەی کوردستان هەڵسەنگاند. ڕۆژی 29 خـەزەڵوەر لـە چیاوە هاتمـەوە بۆ مهاباد و لـە لایـەن حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانـەوە لـە گۆڕەپـانی "قاضـی محمد"ی مهابـادەوە "لبیـک"م بـە پەیامەکـەی آیـت اللـە خومـەینی وت... سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی شەڕی ئێستا لـە کوردستان، دەسـەڵاتدارانی حاکم، ڕاستییەکان لە خـەڵک دەشارنـەوە و ئیددیعا دەکـەن کـە گوایـە شـەڕ

لە شاری سنەوە دەستی پێکردووە، ئەمە ئیدیعایەکی بە تەواویی درۆیە. ئەم جارە شەڕ بە هۆی هێرشی تەبلیغاتیی بەربڵاوی ڕاگەیاندنە گشتییەکان دژی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەستیپێکرد. ژمارەیەک لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی وەک منتظری، خلخالی، خامنەیی هێرشەکەیان توندتر کرد. ئاغای بەنیسەدریش هەر وەک پێشتر ملکەچی ئەوان بوو مەسەلەی چەکدانانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی لە کوردستان هێنایە کایەوە. بۆ ئاگاداریی هاونیشتمانانی بەڕێز دەبێت بڵێم کە یەکەم ئەوەی کە خودموختاریی ویستی هەموو خەڵکی کوردستانە، نەک ویستی هێندێک تاقمی تایبەتی، دووهەم ئەوە کە ئەم ڕێکخراوانە نین کە چەکیان هەڵگرتووە و لە ئاست هێرشی ئەرتەش و پاسدارەکاندا بەربەرەکانی دەکەن، بەڵکوو ئەوە هەموو خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کوردە کە چەکداربووە و ئامادەی بەرگرییکردنە لە مافە ڕەواکانی خۆی...

هاونیشتمانییانی خۆشەویست! ئێستا کە شەڕێکی دیکە بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاوە، دەبێت بزانن کە خەڵکی کوردستان تەنیا بۆ خودموختاریی و مافی نەتەوایەتی خۆی شەڕ ناکات، خەڵکی کوردستان لەپێناوی جێگیرکردنی دیموکراسی لە سەرانسەری ئێران، لەپێناوی دابینکردنی مافەکانی هەموو گەلانی ستەمدیدەی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیک، لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی زەحمەتکێشان، لەپێناوی بەرەوپێشچوونی عیلم و هونەر، لەپێناوی گەشەکردنی فەرهەنگی میللیی، چەکی هەڵگرتووە. لە خۆڕا نیە کە پەرەسەندنی شەڕ لە کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ هێرش بۆ سەر زانستگاکان و ئوستادان و خوێندکارانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز و ڕێکخراوەکانیان. کوردستان مەتەرێزی خەبات لە ڕێگەی ئازادیی سەرانسەری ئێرانە. لەبەرئەوەیە کە پێویستە گشت ئازادییخوازانی ئێران، هەموو کەسانی دیموکرات، تەواوی ئەوانەی کە چارەنوسی شۆڕش و ئێرانیان بە لاوە گرنگە، یارمەتیمان بدەن. ئێمە لە ڕێکخراوە سیاسییە پێشکەوتووەکان و لە کەسایەتییە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان دەخوازین کە لە هەلومەرجی ئەستەمی ئێستادا دەست لەسەر دەست دانەنێن و سیاسەتی زاڵمانە و شەڕهەڵایسێنانەی ریژیم کە دەیهەوێ بزوتنەوەی

نەتەوایەتی و دیموکراتیکی گەلەکەمان لە خوێندا نوقم بکا، لە قاوبدەن. ئێوە بە خەڵکی ئێران بڵێن کە لە کاتی ناشتنی ئەو کەسانەی لە کوردستان کوژراون، نە دژی خەڵکی کوردستان نە دژی حیزبی ئێمە، بەڵکوو دژی سەبەبکارانی ڕاستەقینەی ئەم شەڕە دروشم بدەن و مەهێڵن ئاگری ئەم شەڕە براکوژییە پەرە بستێنێ. ... ئێمە لە کەسانی شۆڕشگێڕ و بە شەرەفی نێو ئەرتەش داوا دەکەین ئەگەر بە زۆر بۆ ئەم شەڕە ڕاکێش کراون، لەوێ لولەی تفەنگەکانیان بەرەو سنگی ئەو جنایەتکارانە وەرگێڕن کە بوونەتە هۆی شەڕی نەخوازراو نێوان ئەرتەش و گەلەکەمان. ئێمە لە کوژرانی هەر یەکێک لە برایانی ئەرتەشی بەداخین، بەڵام برایانی ئەرتەشی دەبێت ئەوە قبوڵ بکەن کە ئێمە لە شەرافەت و مانی خۆمان و لە ئازادیی ئێران بەرگریی دەکەین. داوا لە پاسدارەکان دەکەین پێش ئەوەی بێنە کوردستان، بیری لێبکەنەوە و بە خۆڕایی ژیانی خۆیان فیدای هەوا و هەوەسی ژمارەیەک بەناو ڕۆحانی نەکەن، بڕوایان بە درۆی ئاخوندەکان نەبێت، لە کوردستان نە سەربەخۆیی وڵات لە مەترسی دایە و نە ئایینی ئیسلام، ئەوان بە بڵاوکردنەوەی ئەم درۆ و دەلەسانە، ئێوە بەرەو نەمان دەنێرن. ئەگەر موسوڵمانن نابێت دژی برایانی موسوڵمانی کورد چەک هەڵبگرن، ئەگەر ئێرانییشن نابێت لە شەڕ دژی کوردەکان کە ئێرانیی ڕاستیینەن، بەشداریی بکەن. جگە لەمە لەگەڵ بەربەرەکانیی توندی خەڵک و پێشمەرگەکانی کوردستان بەرەوڕوو دەبنەوە و بەرپرسیاریی چارەنوسی ناخۆشی بەشداربوون لە شەڕی براکوژیی لە ئەستۆی خۆتان دەبێت.

شایانی باسە کە ئەوە سێیەم جار بوو لە ژیانی حیزبی دیموکراتدا کە بە هۆی شەپۆلی ڕادیۆوە دەنگی خۆی بە گوێی لایەنگرانی و خەڵکی کورد دەگەیاند. جاری یەکەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و جاری دووەم، دوای بوژاندنەوەی حیزب لە بەغدا لە ساڵی 1972- 1974 و ئەم جارەش لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان و بەدەست ئوستوار خەیاتی کە خۆی ئازەری زمان و خەڵکی ورمێ بوو، بەڵام لە هەنگی ژاندارمەریی مهاباد خزمەتی دەکرد و دۆستی نزیکی کەمال شافعی بوو.

ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەتا ئێستاش بەردەوامە و تەنیا جارێک یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە فەرمانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە ڕۆژی 1995/3/18 بە هێزی پێشمەرگە ئەو ڕادیۆیەی داخست و ڕێبەرایەتی حیزب شوێنی ڕادیۆکەی لە بەشی ئازادکراوی کوردستانەوە گواستەوە کەرکوک و ڕۆژی 1995/8/16 سەرلەنوێ وەکاری خستەوە. حامید گەوهەری لە لاپەڕەی 144- 149 ی کتێبی **"باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا"** بە وردی ئامازەی بۆ چۆنیەتی ئەو ڕووداوە کردووە.

## کودێتای سەربازیی نۆژە

ڕۆژی 1359/4/20 (1980/7/11) ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران لەگەڵ سەرهەنگ جەواد فەکوریی فەرماندەی هێزەکانی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەلەڤزیۆنەوە ڕایگەیاند کە ژمارەیەک ئەفسەر و پلەداری بنکەی ئاسمانیی "نۆژە" لە هەمەدان خەریکبوون ڕۆژی 1359/4/18 کودێتایەکی سەربازیی بکەن بۆ لەناوبردنی کۆماری ئیسلامی. هەروەها بەنیسەدر ڕایگەیاند کە کاربەدەستانی ڕژێم لە مانگی ڕابردووەوە بەو کودێتایەیان دەزانی، تەنانەت بیست و چوار کاتژمێر بەرلە کودێتا، زانیارییان لەسەر کات و جێگەکەی هەبووە.

بۆ زانیاریی خوێنەری بەڕێز پێویستە بڵێم کە ناوی پێشوی بنکەی ئاسمانیی نۆژە، بنکەی "شارۆخی" هەمەدان بوو. نۆژە ناوی سەرهەنگێکی سوپای کۆماری ئیسلامیی بوو کە لە شەڕی پاوەدا کوژرا.

بە نوسینی سایتی "ڕاویان نور" ئایەتوڵا خومەینی ڕۆژی 1359/4/20 لە حوسێنییەی جەماران، دەربارەی ئەو کودێتا سەربازییە گوتی: **(ئەگەر ئێمە تەنانەت توانای ئاشکراکردنی ئەو پلانەشمان نەبووایە و کودێتاکە بکرایە، خەڵک پوچەڵیان دەکردەوە. ئێمە لەم بوارەدا ناترسین، ئێمە لە چینی خۆمان دەترسین، لە ئێوە لایەنی ڕۆحانیەت کە ئەگەر خوا نەکردە کارێک بکەن، تەنانەت درێژخایەنیش بێت و خەڵک پێی نەزانێت، ئەو ڕۆژە ئیتر فانتۆم پێویست ناکات، چونکە میللەت ئێوە بە لاوە دەنێت و هیچ کەسیش ناتوانێت کارێکتان بۆ بکات. من لەوە دەترسم کە ئێمە نەتوانین، ڕۆحانیەت نەتوانێت ئەرکی سەر شانی خۆی بە باشیی جێبەجێ بکات.)**. لە جێیەکی تردا، ڕۆژی 1359/4/23 پارێزگاری هەمەدان لە وتووێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی جمهوریی ئیسلامیی گوتی: (شەوی پێنج شەممە کاتژمێر دووی نیوە شەو چەند ئوتۆمبێلێکی وەک یەک لە تارانەوە بەرەو سەربازگەی نۆژە دەهاتن، پاسدارەکان لە ڕووبەڕووی سەربازگەکە ئوتۆمبێلەکانیان بۆ پشکنین وەستاند و لە کاتێکدا خەریکی پشکنینی یەکێک لەو ئوتۆمبێلانە بوون، چەند کەس بە بێ چەک لە ئوتۆمبێلێک دابەزین و یەکێکیان پەلاماری پاسدارێکی دا و چەکی کرد. بە بینینی ئەو

دیمەنە پاسدارەکانی تر تەقەیان کرد و پێنج لە کودێتاچییەکانیان کوشت، لەو تێکهەڵچوونەدا، بە خۆشحاڵییەوە، پاسدارەکان زیانیان پێنەگەیشت. کاتی لێپرسینەوە لە کودێتاچییەکانی تر ئاماژە بۆ ناوی ژمارەیەکی زۆر لە گۆشە و کەناری ئێران کرا. بە لێبوردنەوە هێشتا ناتوانم ناویان ئاشکرا بکەم، بەڵام کودێتاچییەکان بە ناوی سوپای ئازادکەری ئێران و ناوی نهێنی "ئارا" پلانەکەیان دارشتبوو.).

لە لایەکی تردا تیمسار زەهیر نژاد بە رۆژنامەی کەیهانی رۆژی 1359/4/23ی راگەیاند: مانگی رابردوو زانیارییمان لەسەر ئەو گروپە ئاراستەی سەرۆککۆمار کردبوو، نزیکەی پانزە رۆژ لەمەوبەر نزیکەی پانزە ئەندامی ئەو گروپەمان بۆ دەرکەوت، رۆژی چوار شەممەی رابردوو بە خزمەت سەرۆککۆمار گەیشتم، بەرێزیان فەرموویان ئەو گروپە دەیانەوێت هەر ئەمشەو لە هەمەدانەوە دەستپێبکەن و هەر ئێستا لە پارکی "لالە" خەریکی دوا پەیوەندییەکانیانن. حوجەتولئیسلام "محەمەد رێشەهری" حاکمی شەرعی دەزگای دادی سەربازیی سوپای ئێران دەربارەی چۆنیەتی ئاشکرابوونی ئەو کودێتایە بە رۆژنامەکانی راگەیاند:

**- (ئێمە کادیری پاراستنی بەهێز و بە ئەزموونمان نیە کە زانیارییمان پێبگەیەنێت، زۆربەی زانیارییەکانمان لە لایەن خەڵکەوە بۆ دێت و لەو میانەشدا ژمارەیەک خوێندکار لە زانکۆکان زۆر زەحمەت دەکێشن. نزیکەی چوار پێنج مانگ لەمەوبەر توانیمان تۆرێکی بچوک بدۆزینەوە و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەو تۆرەدا، تۆری دووەممان دۆزییەوە و سەرئەنجام توشی رێکخراوی "نقاب" بووین لە تیپی ئاسمانیی "نۆحد" دا. لە بەشوێنداچوونی ئەو رێکخراوەدا دەستمان گەیشتە رێکخراوی "عقاب" کە لایەنگری بەختیار بوون و زانیمان کێن. ئەوانیشمان گرت و ئەو گروپە تۆرێکی زۆر بەرینە و پەیوەندیی بە زۆر شوێنەوە هەیە.).**

یەکێک لەو پاسدارانەی کە ئەرکی گرتنی سەرتیپ "ئایەت موحەققی" سەرۆکی تۆری کودێتاچیان بوو، رۆژی 1359/4/23 بە هەواڵنێری رۆژنامەی ئازادەگانی راگەیاند: (ئێمە چەند کەسێک کاتژمێر سێی بەیانیی رۆژی پێنجشەممە لە کۆمیتەی ناوەندیی سوپای پاسدارانەوە چووینە "کەرەج"، ئەرکی ئێمە دەستگیرکردنی تیمسار موحەققی بوو، دواتر زانیمان کە

ڕێبەری کودێتاکە بووە. لە نێوان سوپای پاسدارانی شاری کەرەجەوە تا ماڵی تیمسار موحەققی هەموو ڕێگاکان بەسترابوون و چوونی ئوتۆمبێل بەو جادانەدا یاساخ کرابوو. چووینە ماڵی تیمسار، بەڵام لە ماڵ نەبوو، ماڵەکەمان پشکنی و چەکێکمان دۆزییەوە لەگەڵ ژمارەیەک کتێبی "ماموریت برای وطنم و بسوی تمدنی بزرگ" و "سندوقێکی پڕ لە بەڵگەنامەی سیخوڕیی". شایانی باسە کە هەردوو کتێبی مەئموریەت بۆ وڵاتەکەم و بەرەو پێشکەوتنی مەزن، لە نوسینەکانی محەمەد ڕەزا شا بوون.

بۆ ماوەیەک ئەندامانی حیزبی تودە و موجاهیدینی خەڵکی ئێران باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان کودێتاکەیان ئاشکرا کردووە و نورەدین کیانوری سکرتێری گشتیی حیزبی تودە لە وتارێکیدا کە ڕۆژی **1378/2/9** **(1999/5/29)** لە سایتی "راه توده" دا بڵاوکرایەوە، دەڵێت: کودێتای نۆژە لە لایەن ڕێکخراوی سەربازیی حیزبی تودەوە بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ڕاگەینراوە و پوچەڵ کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە نوسینی سایتی "راویان نور" سەر بە کۆماری ئیسلامیی، یەکێک لە فرۆکەوانە بەشدارەکان لەو کودێتایەدا توشی گومان و دوودڵیی بووە و ئەو مەسەلەکەی بە دایکی ڕاگەیاندووە و بە ئامۆژگاریی دایکی چووەتە لای حوجەتولئیسلام خامنەیی و لە پلانی کودێتاکە ئاگاداریی کردووەتەوە.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بە سەر ئەو ڕووداوەدا، ڕێکخراوی "نقاب" لە ڕاگەیەنراوێکدا بەرپرسیاریی کودێتاکەی خستە ئەستۆی خۆی و ڕایگەیاند: **(لە ڕێگای موسەدیق دا کە پێشەوای گەل و بەختیارە، ئێمە ڕاپەڕین تا کۆتایی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی قێزاویی بهێنین و دەسەڵاتی وڵات بە شاپوور بەختیاری قوتابی بەوەفای موسەدیق بسپێرین.).**

سایتەکانی ئینتەرنێت لەوانە: سایتی www.abfiran.org و nejhadegan.blogspirit.com و www.cloob.com ئامازەیان بۆ چۆنیەتی کودێتاکە و ناوی گوللەبارانکراوەکان کرد، هەروەها بەشێک لە فیلمی دادگاییکردنی سەرتیپ ئایەت موحەققی یان بڵاوکردەوە. موحەققی دەربارەی بەشدارییکردنی خۆی لەو کودێتایەدا دەڵێت:

**- (خەباتی ئێمە لە مانگی گوڵانی ساڵی 1359وە دەستی پێکردووە و بەرلەو مێژووە من ئاگادار نیم. هۆی بەشدارییکردنم دەگەڕێتەوە بۆ ناڕازیی بوونم لە بارودۆخی وڵات، چونکە وڵاتەکەم خەریک بوو بەرەو نەمان دەچوو. سەرەتای مانگی گوڵان یەکێک لە ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانیی هاتە ماڵمان و گوتی هاتووم باسی دۆخی وڵاتت بۆ بکەم، ئیتر خۆت دەزانیت، دەتەوێ یارمەتیمان بدەیت یان نا، خۆت بڕیار بدە. ناوی ئەو ئەفسەرە دێنم، چونکە دەزانم گرتووتانە و ئەویش وەک من چارەنوسی نادیارە. ئەویش ستوان "ناسر ڕوکنی" بوو. چەند ڕۆژێک بیرم لە پێشنیازەکەی کردەوە و گوتم ڕەنگە تاقیم بکەنەوە و یارمەتیم نەدان تا سەرئەنجام بە هۆی چەند جار وتووێژکردنەوە، هاتمە ناو خەباتەکەوە.).**

کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی دە ڕۆژدا 115 فڕۆکەوان و پاڕاشوتەوان و تۆپهاوێژ و ئەندامانی هێزی تایبەتیی ئاسمانیی سوپای ئێرانی بە تاوانی بەشدارییکردن لە پلانی کودێتای سەربازگەی نۆژەدا گوللەباران کرد. سەرتیپی فڕۆکەوان ئایەت موحەققی، سەرگوردی فڕۆکەوان فەرۆخزاد جهانگیریی، سەروانی فڕۆکەوان محەمەد مەلیک، سەروان تێکنیککاری ئاسمانیی بێژەن ئێران نژادی سابت ڕۆژی یەکشەممە 1359/4/29 بە فەرمانی حوجەتولئیسلام محەمەد ڕێشهری حاکمی شەرعی دەزگای دادی سەربازیی سوپای کۆماری ئیسلامیی گوللەباران کران و تا ڕۆژی 1359/6/31 کە عێراق هێرشی سەربازیی کردە سەر ئێران و دواتر ئاماژەی بۆ دەکەم، سەرهەنگ زادنادری، سەرهەنگ هادی ئیزەدی، سەرهەنگ ئیرەج خەلەف بەگی، سەرهەنگ داریوش جەلالی، ئوستوار عەبدولعلی سەلامەت، ستوان ناسر ڕوکنی، ئوستوار غولامحسێن قایەقوەر، سەرهەنگ ڕەحمەتولا خەلیفە سوڵتانی، سەگورد کورش ئازەرتاش و... تد گوللەباران کران. سایتی "عاشقانی ئێران" ناوی 157 ئەفسەر و پلەدار و مەدەنیی بلاوکردووەتەوە کە بە تاوانی بەشدارییکردنیان لە کودێتای نۆژەدا گوللەباران کراون.

محەمەد ڕێشهری حاکمی شەرعی دەزگای دادی سەربازیی سوپای ئێران، ئایەتولا شەریعەتمەداریشی لەو کودێتایە گلاند و گوتی بەڕیز شەریعەتمەداری ئاگاداری کودێتاکە بووە و بڕیار وابووە کە دوای

سەرکەوتنی کودێتاکە، بەڕێزیان بە ناوی مەرجەعی ئایینیەوە پشتگیریی لێبکات. بەگوێرەی نوسینی ڕۆژنامەکانی ئێران، کودێتاچییەکان دەیانویست ناوچەی جەماران و شوێنی نیشتەجێی خومەینی بۆمباران بکەن و دەست بگرن بەسەر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سەرکردایەتی هێزەکانی زەمینیی و سەرکردایەتی گشتیی ئێران و سەربازگەکانی "حوڕ، قەیسەر، جەمشیدیە و زیندانی ئەوین"، بە هۆی کۆماندۆکانی تیپی 23 ی نۆهەدەوە بیانخەنە دەست خۆیان و دوای سەرکەوتنیان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ حوکمی سەربازیی ڕابگەیەنن، مەلاکانی سەربە کۆماری ئیسلامیی و کاربەدەستانی بالای حکومەت بگرن و کۆماری ئیسلامیی بڕوخێنن.

لە ڕاستییدا بیری ئەو کودێتایە لە سەردەمی دەسەلاتدارییەتی شاپوور بەختیارەوە لە مێشکی بەختیاردا چەکەرەی کردبوو. بەختیار دەیویست ڕۆژی 1357/11/21، واتە ڕۆژێک بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئەو کودێتایە بکات، بۆ ئەوەی کە لە لایەک کۆتایی بهێنێت بە سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا و لە لایەکی ترەوە پێش بە سەرکەوتنی خومەینی و لایەنگرانی بگرێت، بەلام هەر وەک پێشتر لە بەشی **"خەڵک پەیکەری شا و ڕەزا شا دادەگرن و بنکەکانی ڕژێم دەخەنە دەست خۆیان"**دا ئاماژەم بۆ کرد، بەشێک لە ئەفسەرانی شورای سەڵتەنەت کە لایەنگریی محەمەد ڕەزاشا بوون، دژی وەستان. شاپوور بەختیار چەند جارێکی تریش بۆ ئەو مەبەستەی هەوڵیدا، بەلام سەرنەکەوت. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمانی عەلی خامنەیی وەلی فەقێ و هاشم ڕەفسەنجانی سەرۆککۆمار، سێ تیرۆریستی بە ناوی "محەمەد ئازادیی، فەریدون بۆیر ئەحمەدی و وەکیلیی ڕاد" مەئموری کوشتنی شاپوور بەختیار کرد. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی 1370/5/15 (1991/8/6) شاپوور بەختیاریان لەگەڵ هاوکارێکی خۆی بە ناوی "سروش کەتیبە" لەناو ماڵی خۆیدا لە پاریس بە چەقۆ تیرۆر کرد. محەمەد ئازادیی و فەریدون بۆیر ئەحمەدی دوای تیرۆرکردنی بەختیار ڕایانکردەوە ئێران، بەلام وەکیلیی ڕاد لە لایەن پۆلیسی فەرەنسەوە گیرا و دادگای تاوانەکانی پاریس بە بیست ساڵ زیندانیی سزای دا.

## ڕژێمی بەعس ئەرک بۆ حیزبی دیموکرات دیارییدەکات

پێشتر لە بەشی "**تۆژەڵ و چەند ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش**"دا ئاماژەم بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕژێمی بەعسی عێراق کرد. هەروەها سەبارەت بەو پەیوەندییە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی 254 ی بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانیدا پەنجە بۆ وتووێژی لیژنەیەک ڕادەکێشێت کە بە سەرۆکایەتی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە بەغدا کراوە و دەڵێت:

**- (دوای ئەوەی حکومەتی ئێران داوای وتووێژی کرد لەگەڵ حیزبی دیموکرات و شەڕ لە کوردستان ڕاگیرا و دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکهات، حکومەتی بەعسی عێراق گوشاری بۆ نوێنەری حیزب هێنا کە دەستەیەکی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات بچێتە بەغدا و وتووێژیان لەگەڵ بکات. حەمەدەمین سیراجی کە نوێنەری حیزب بوو لە بەغدا گەڕایەوە و ڕایگەیاند کە زەختێکی زۆریان خستووەتە سەر و تا نەنێرن قسەیان لەگەڵ نەکەن ناچمەوە بەغدا. کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا دەستەیەکی نوێنەرایەتی بە سەرۆکایەتی نوسەری ئەم دێڕانە بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی عێراق بنێرێتە بەغدا. دەستەی نوێنەرایەتی بریتی بوون لە: کەریم حیسامی، محەمەدئەمین سیراجی، فەتاح کاویان، فەتاحێکی دیکە." نەک ئەو فەتاحەی کە ئێستا لە پاریس نوێنەری حیزبی دیموکراتە و بەناوی حەوت میلیۆن کوردی ئێرانەوە دەپەیڤێت!" .... چووینە حاجی ئۆمەران، ئەفسەرانی عێراق خەبەریان بە بەغدا دا کە دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات هاتووە. گورج ترومبیلیان ئامادەکرد و شەو چووینە هەولێر. بەیانی بردیانین بۆ لای بەرپرسی بەعسی هەرێمی کوردستان و لای فەرماندەی لەشکری هەولێر. دوای نیوەڕۆ بردیانین بۆ بەغدا و وەک میوانی حکومەتی بەعس لە هۆتێلێک دایانبەزاندین. پاش دوو ڕۆژ حەسانەوە، وتووێژ دەستی پێکرد. لە لایەن عێراقەوە پێنج کەس بە سەرۆکایەتی "ئەبو ئەحمەد" مودیری گشتیی موخابەرات بەشدارییان کرد.)**. کەریم حیسامی لە درێژەی نوسینەکەیدا ئاماژە بۆ پێنج مەرج دەکات کە حکومەتی عێراق بۆ یارمەتیدانی حیزبی دیموکرات دایناوە و دەڵێت ئەبو ئەحمەد گوتی:

1- لەگەڵ حکومەتی خومەینی وتووێژ کۆتایی پێبهێنن.
2- نوێنەرێکی دایمی ئێمە لای ئێوە بێ و لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشداری بکات.
3- نوێنەرێکی ئێمە لە کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتدا بێ.
4- نوێنەرێکی ئێوە بە دایمی لە بەغدا بی و لەگەڵ ئێمە پێوەندی بگرێ.
5- نوێنەرێکی ئێوە لە ئوروپا لەگەڵ بالویزخانەی ئێمە لە پێوەندیدا بێ و ئاگاداری و دەنگ و باس بگۆڕنەوە.

مەبەستی حیسامی لەو فەتاحەی کە لە پاریس نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی دەکرد، فەتاحی عەبدولییە کە ڕۆژی 1371/6/26 (1992/9/17) لەگەڵ دوکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و هومایون ئەردەڵان بەرپرسی حیزب لە ئەڵمانیا لە کردەوەیەکی تیرۆریستییدا کە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردیان، لە ڕەستورانی میکۆنۆس شەهیدبوو. بە هەر حاڵ سەبارەت بەو وتووێژەی نێوان حیزبی دیموکرات و حکومەتی بەعسی عێراق کە کەریم حیسامی ئاماژەی بۆ کردووە، ڕۆژی 2008/8/15 پەیوندییم بە محەمەدئەمین سیراجییەوە کرد و پێیڕاگەیاندم کە: **(ئەو فەتاحەی کە کاک کەریم پاشناوی نەنوسیووە، بەڕێز "فەتاح ئەمیری" بوو. جگە لەوە، ئەبوئەحمەد جێگری سەرۆکی موخابەرات بوو، نەک مودیری گشتیی موخابەرات. هەروەها یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی کە نوێنەرانی حکومەتی بەعس پێداگریان لەسەر دەکردەوە، جیددی بوونی حیزبی دیموکرات بوو لەسەر بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی و وەرگرتنی لیژنەی نوێنەرایەتی بەعس لەناو حیزبی دیموکراتدا.)**.

نوێنەرانی حیزبی دیموکرات دوای گەڕانەوەیان بۆ مهاباد، پێشنیازەکانی حکومەتی بەعس دەدەن بە دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات. لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا (سەرماوەزی 1358) کە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد پێکهات، دوکتۆر قاسملوو بەو هیوایە کە وتووێژی نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد و حکومەتی بازرگان سەربکەوێت، گوێ بە پێشنیازەکانی بەعس نەدا، بەڵام پەیوەندیی حیزبی لەگەڵ بەعس هێشتەوە. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی

پێـــنج مانـــگ بەســـەر ئـــەو ڕووداوەدا و شکســـتهێنانی وتووێژەکـــان و هەڵگیرســـانەوەی شـــەڕ و گوشـــاری ســـوپای ئێـــران بـــۆ ســـەر ناوچـــە ئازادکراوەکـانی کوردسـتان و پاشەکشـەی هێزەکـانی پێشـمەرگە لـە سنە، ســـەقز، بانـــە، مـــەریوان، دیوانـــدەرە و کامیـــاران و بەرزبوونـــەوەی پێویسـتییەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و بەتایبـەتیی حیزبـی دیموکرات کـە هێـزی بـەرچاوی بـەرگریی شـەڕەکان بـوو لـە کوردسـتاندا، دوکتۆر قاسملوو ناچار بوو بە پێشنیازێکی تری ڕژێمی بەعس ڕازیی ببێت کـە ئـەویش دانـانی لەمپـەر بـوو لـە پـێش هێـزە سیاسـییەکانی باشـوری کوردستان کە نەتوانن لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستانەوە دزە بکەنـە نـاو خـاکی باشـور و زەبـر لـە ڕژێمـی بـەعس بوەشـێنن. دوکتـۆر قاسـملوو لـەم بـوارەدا سیاسەتی حیزبی دیموکرات بۆ بەرپرسانی بەعس ڕون دەکاتەوە.

حیزبـی تـودەی ئێـران ڕۆژی 1359/4/16 نامەیـەکی ڕۆژی 1359/3/10ی دوکتـۆر قاسـملووی لـە ڕۆژنامـەی "مـردم" ژمـارە 302 دا بڵاوکـردەوە و پەردەی لەسەر ئەو مەسەلەیە لابرد و ڕایگەیاند کە حیزبی دیموکرات بە فـەرمانی ڕژێمـی بـەعس شـەڕ لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامیی دەکـات. دوکتـۆر قاسملوو ئـەو نامەیـەی بـۆ ڕەحمـان کـەریمی نوسیوە و بـە مـەلا ڕەحمـانی کـاژێدا بـۆی نـاردووە! حیزبـی تودە لـە نامەکـەدا نـاوی ڕەحمـان کـەریمی سڕیوەتەوە. مەلا ڕەحمان یەکێک بوو لەو کادیرانەی حیزب کـە لـە کۆنـەوە بە ڕواڵـەت شۆفێری حیزب بوو لە بەغدا، بـەڵام لـە ڕاستییدا کەسـی هـەرە بـاوەڕپێکراوی دوکتـۆر قاسـملوو بـوو لـە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ڕژێمـی بـەعسدا. ڕەحمـان کـەریمی ئەنـدامی کۆمیتـەی نـاوەنـدیی هـەڵبژێردراوی کـۆنگرەی چـوارەم و فـەرماندەی هێـزی ئـاوارە بـوو لـە ناوچـەی پیرانشـار. نـاوبراو پێشـتر چووبـووە عێـراق و کۆمـەڵێک چـەک و تـەقەمـەنی بـۆ هێـزی پیرانشار لە ڕژێمی بەعس وەرگرتبوو. دەقـی نامـەی دوکتـۆر قاسـملوو بـەم جۆرەیە:

**برای بەڕێز کاک ڕەحمان   پاش سڵاوێکی گەرم.**

**پێشمەرگەکانی  مەحمود هاتن و زۆر سوپاس. ئەوە قەناسەکە بە  .... دا بۆت دەنێرین. بۆ ڕۆژی دووشەممە کاک مەلا ڕەحمان دێ بۆ لات بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ ئەودیوی. وەڵامی ئێمەش لەسەر داواکانیان بەم شێویەیە:**


**1-** لەسەر مەحدود کردنی گروهە عێراقیەکان بۆ ئەوەی لە کوردستانی ئێرانەوە پەلامار نەبەنە سەر عێراق خەریک دەبین و جێ بەجێی دەکەین.

**2-** لەسەر ئەوە کە داوایان کرد ئێمە دوو نەفەر بۆ ئەوێ بنێرین و ئەوان دوو نەفەر بۆ لای ئێمە بنێرن نەزەرمان ئەوەیە:

ئێوە تا ئێستا چەک و فیشەکێکی زۆرتان داوە بە چەند دەستە و گروهی دیکە، بەڵام هیچ شەرتێکی واتان دانەناوە کە نوێنەری خۆتان بنێرنە لایان. ئێستا چۆنە کە ئەو داوایەی لە ئێمە دەکەن. باشە ئێمە قبووڵ دەکەین، بەڵام داوامان لە ئێوە ئەوەیە یارمەتی چەک و کەل و پەلی تر بە هیچ تاقم و گروهێک نەکەن مەگەر بە ئاگاداری ئێمە.

زۆر سڵاوم هەیە بۆ هەموو برادەران

برات ع- قاسملو **1359/3/10**



نامەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ڕەحمان کەریمی

سەبارەت بەو نامەیە، ڕۆژی **2007/12/10** پەیوەندییم بە مەلا ڕەحمان کاژێوە کرد و گوتی: **(ئەو نامەیەی دوکتۆر قاسملوو پێشتر لە ڕۆژنامەی حیزبی تودەدا بڵاوکراوەتەوە و من بردوومە بۆ ڕەحمان کەریمی. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ کاک فەتاح کاویان و عەبدوڵای برام و سێ پێشمەرگەی تر چووینە بنکەی حیزب لە پیرانشار. ڕەحمان لەوێ نەبوو،**

**پێشمەرگەیەکی هەندێک بەتەمەن کە ناسیاوییم لەگەڵی هەبوو، پێیگوتم ڕەحمان چووە بۆ بنکەی چریکەکان و لەگەڵ ئەوان کۆبووەتەوە. لەگەڵ پێشمەرگەکان چوومە بنکەی چریکەکان. ڕەحمان لەوێ لەگەڵ چریکەکان لە دەوری مێزێک کۆبووبوونەوە. کاتێک منی بینی زۆر تێکچوو، هاتە لام و نامەکەم دایە، بەڵام ئامادە نەبوو کە لەگەڵ ئێمە بێت بۆ لای عێراقییەکان و من و کاک فەتاح کاویان بۆ ئەو کارە ڕۆیشتین. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر داوای کاک فەتاح من نامەیەکم دەربارەی ڕەحمان کەریمی بۆ دەفتەری سیاسی نوسی و ڕەحمان لەوێوە توشی کێشە بوو. ڕەحمان بۆ خۆی ئەو نامەیەی داوە بە حیزبی تودە و ئەوان لە ڕۆژنامەکەیاندا بڵاویان کردەوە).**

هەروەها دەربارەی نوسینی ئەو نامەیە بۆ ڕەحمان کەریمی و ناردنی قەناسە بۆی، پرسیارم لە ئەمیر قازی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و بەرپرسی چەک و تەقەمەنییەکانی حیزب لەو سەردەمدا کرد و ناوبراو ڕۆژی 2007/12/13 گوتی: **( دوکتۆر قاسملوو زۆر کەم مەشورەتی بە ئێمە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی دەکرد و من هیچ ئاگام لەو نامەیە و ئەو پەیوەندییکردنە نیە. دوکتۆر قاسملوو هەندێک جار کە گرفت لە پەیوەندییەکانیدا پەیدا دەبوون، بەرلەوەی کە مەسەلەکە بتەقێتەوە و خەڵک پێی بزانێت، داوای کۆبوونەوەی دەکرد و بڕیاری بۆ مەسەلەکە وەردەگرت، بۆ ئەوەی کە بڕیاری ئەنجامدانەکەی بخاتە سەر شانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی، چەندان جار ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی باجی ئەو شێوە کارکردنەیان داوە).**

ئەو نامەیە کاریگەریی بەپەلەی لەسەر حیزبی دیموکرات نەبوو، بەڵام بەرە بەرە بە بەرتەسکتر بوونەوەی مەیدانی خەبات و هەڵسوڕانی پێشمەرگەی باشور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شوێنەوارەکانی دەرکەوتن و سەرئەنجام شەڕی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستانی لێکەوتەوە و زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان گەیاند و لە جێگەی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

## محەمەد ڕەزاشای پەهلەویی مرد

ئـــــەمڕۆ چوارشـــــەممە 1359/5/5 (1980/7/27) ڕادیـــۆ و ڕۆژنامــــە بیانییــەکان مردنـــی محـەمــەد ڕەزاشــای پەهلــەوییان لــە وڵاتــی میسـر ڕاگەیانـد. محـەمـەد ڕەزا دوا پاشـا و درێـژەدەری سیسـتمی سـەڵتەنەتیی 2500 ساڵەی پاشایەتی بوو لە ئێراندا کە بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد. و کوڕە گەورەی ڕەزاشـا بـوو. ڕۆژی 1298/8/4 (1919/10/27) لـە تـاران و لـە خانمێک بـە نـاوی " تـاج ئـەلملوک" کـە دووەم هاوسـەری ڕەزا خـانی سەردار بوو، لە دایکبوو. ڕەزاشا ماوەیەک دوای تاج لەسەرنانی و بوونی بە پاشای ئێران، ساڵی 1304 محەمەد ڕەزای بە میراتگر و جێگری خۆی دیارییکرد. محەمەد ڕەزا لە سویسرا دەیخوێند کە لە مـانگی خـەرمانانی سـاڵی 1320 دا هاوپـەیمانانی جـەنگی دووەمـی جیهـانیی "سـۆڤیەت، ئینگلسـتان و ئـەمریکا" ئێرانیـان داگیرکـرد و ڕەزا شـایان بـۆ دوورگـەی "مۆریس" دورخستەوە، محەمەد ڕەزا لە تەمەنی 22 ساڵییدا جێی بـاوکی گرتـەوە و بوو بە پاشـای ئێـران و بـۆ مـاوەی 37 سـاڵ حـوکمی کـرد و ڕۆژی 1357/10/26، واتــە 26 ڕۆژ بـەرلـە سـەرکەوتنی شـۆڕش لـە ئێرانـدا، بـە بنەماڵەوە ئێرانی بەجێهێشت و چوو بۆ وڵاتی میسر.

محەمـەد ڕەزا سـێ ژنـی هێنـاوە. یەکـەم هاوسـەری "فـەوزیـە" خوشـکی مـەلیک فـاروق پاشـای میسـر بـوو. لـەو خـانمـە کچێکـی هـەبوو بـە نـاوی "شـاناز"، دووەم هاوسـەری محـەمــەد ڕەزا، سـورەیا ئیسـفەندیاریی بـوو، دایکـی سـورەیا ئـەڵمانیی و بـاوکی دەرەبـەگێکی هـۆزی بـەختیاریی بـوو. چونکە سورەیا مناڵی نەدەبوو، شا لێی جیابووەوە. محـەمـەد ڕەزا تـەمـەنی گەیشتە چل ساڵ، بەڵام هێشتا خـاوەن کـوڕ نـەبوو کـە جێگـەی بگرێتـەوە و بـەگوێرەی دەستوری هەمیشـەیی ئێـران دوای مردنـی، یـەکێک لـە براکـانی جێی دەگرتەوە. بۆ ئەوەی کە براکانی جێی نەگرنەوە، جارێکی تریش ژنی هێنا. دوا هاوسەری محـەمەد ڕەزاشـا، فـەرەح دیبـا بـوو کـە نزیکـەی بیست ساڵ لە خۆی بچوکتر بوو. فەرەح خوێندکاری بەشی ئەندازیاریی ساختمان "بیناسازیی" بوو لە فەرەنسە کە ساڵی 1338 شووی کـرد بـە شـا و سـاڵێک دواتـر یەکـەم کـوڕی محـەمـەد ڕەزا چـاوی بـە ژیـان هـەڵهێنا. فـەرەح سـێ مناڵی تری بە نـاوی "فـەرەحناز"، "عـەلی ڕەزا" و "لـەیلا" بـوو. لـەیلا کچـە

بچوکی محەمەد ڕەزا ساڵی 1380 (2001) لە تەمەنی 31 ساڵییدا لە لەندەن خۆی کوشت.

لە بەشەکانی پێشوی ئەم کتێبەدا چەندان جار ئاماژەم بۆ کار و کردەوەکانی محەمەد ڕەزا شا کردووە. دەسەڵاتدارێکی دیکتاتۆر بوو، تەنانەت متمانەی بە دەوروبەرەکەی خۆشی نەدەکرد. جارێک لە ساڵی 1332 دا و لە سەردەمی دوکتۆر موسەدیق و "جبهەی میللی"دا ڕایکرد و دواتر بەهۆی کودێتایەکی سەربازییدا کە سپەهبود زاهدی بە هاوکاریی ئەمریکا و ئینگلیز کردی، گەڕایەوە ئێران. لە سەردەمی دوکتۆر "ئەمینی"دا کۆمەڵێک چاکسازیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بە ناوی "شۆڕشی سپی شا و گەل" کرد و گەشەی بە ئێران دا، بەڵام لە بواری ئازادییە دیموکراتییەکاندا لە جیاتی ئازادکردنی ڕۆژنامە و دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و مەدەنیی، زۆر بە توندیی لە بەرامبەریاندا دەجولایەوە و بە توندیی دژی هێزە چەپ و نەتەوەییەکان و گەلی کورد بوو. محەمەد ڕەزا بە پلانێکی نێودەوڵەتیی، کۆماری کوردستانی تێکشکاند و بەسەر بزوتنەوەی چەکدارانەی ساڵانی 46-1347 (1967- 1968)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵبوو. لە تویێی ئەم کتێبەدا زانیاریمان لەسەر خیانەتی شا بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان و هێزە چەپەکانی وڵاتی عومان لە زەفار پەیدا کرد. دوو دروشمی محەمەد ڕەزاشا لەناو سوپادا زۆر باو بوون و دەیگوت: بۆ ئەوەی کە شەڕ نەکەوێتە ماڵەکەتەوە، دەبێ لە دەرەوەی ماڵەکەت لە دوژمن بدەیت و بۆ ئەوەی کە ئەرکەکان بە دروستیی بەڕێوەبچن، نابێ کەسێک کاری چەند کەس بکات و دەبێت چەند کەس کاریی کەسێک ڕابپەڕێنن.

بە فەرمانی محەمەد ڕەزا چەندان زیندانی گەورە لە ئێراندا ساز کرا و هەموویان پڕبوون لە لاوانی خوێنگەرم و خەباتگێڕی هەڵگری دروشمی ئازادیی و بە ئازادیی ژیان لە ئێراندا. شا لە جیاتی ڕێزگرتن لە یاسا و بڕیارە نێودەوڵەتییەکان، بە بەردەوامیی دژیان دەجولایەوە و هەروەک لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا بینیمان، هەوڵیدا هەموو خەڵکی ئێران لە حیزبێکدا بە ناوی "حیزبی ڕەستاخیز" کۆبکاتەوە کە لە لایەن کاربەدەستانی دەزگای هەواڵگریی "ساواک"وە هەڵدەسوڕا. بەگشتیی محەمەد ڕەزا،

ئێرانی بۆ ئازادیخوازان کردبوو بە زیندان و هیچ ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بەبێ ڕا و فەرمانی ئەو نەدەکرا.
یەکەم پڕیشک و سوتانی دەسەڵاتدارییەتی محەمەد ڕەزا و سیستمی 2500 ساڵەی پاشایەتی لە ئێراندا، بە وتارێک سەریهەڵدا کە کەسێک بە ناساوی "ڕەشید موتلەق" ساڵی 1356 لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا بڵاویکردەوە و تیایدا سوکایەتی کرابوو بە ئایەتوڵا خومەینی مەرجەعی شیعەکان. ئەو وتارە ڕۆژی 1356/10/19 خەڵکی شاری "قوم"ی ڕژاندە ناو شەقامەکان. پۆلیس و ساواک تەقەیان لە خەڵکەکە کرد و ژمارەیەکیان لێکوشتن. دواتر لە ڕۆژی 1356/11/29 دا کە ڕۆژی چلەی شەهیدانی قوم بوو، خەڵکی تەورێز لەسەر داوای ئایەتوڵا شەریعەتمەداری بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی قوم ڕژانە ناو شەقامەکانی شار و دژی شا و ڕژێمەکەی دروشمیاندا. خۆپێشاندانی تەورێز تەشەنەی کردە شارەکانی تری ئێران و بەرەبەرە بنەمای حکومەتی پەهلەوی بێهێز کرد.
لەگەڵ پەرەسەندنی خۆپێشاندانەکاندا، کرێکارانی پیشەسازیی مانیان گرت و سوپا و ساواک بۆ وەستاندنی خۆپێشاندانەکان، بەگشتیی لە هەموو شارەکاندا تەقەیان لە خەڵک کرد، بەڵام سێڵاوی خەڵکەکەیان بۆ نەنیشتەوە. محەمەد رەزاشا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا جەمشید ئاموزگار، جەعفەر شەریف ئیمامی، غولامڕەزا ئەزهاری و شاپوور بەختیاری کرد بە سەرۆکوەزیران و بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵیدا ئارامیی بگەڕێنێتەوە بۆ ئێران، بەڵام سەرنەکەوت.
محەمەد ڕەزا دوای بەجێهێشتنی ئێران لە 1357/10/26 دا چوو بۆ میسر، بۆ ماوەیەک لە مەراکش، باهاماس، مەکسیک و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیا و ساڵ و نیوێک دوای دەرچوونی لە ئێران ڕۆژی چوارشەممە 1359/5/5 (1980/7/27) بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە قاهیرە مرد و لە مزگەوتی "رەفا"ی ئەو شارە بە خاک سپێردرا. پرۆفیسۆر عەباس سەفەویان یەکێک لە پزیشکانی شا ڕۆژی 2008/8/12 لە پرۆگرامی "میزگردی با شما" لە تەلەڤزیۆنی ئەمریکا ڕایگەیاند کە شا شێرپەنجەی خوێنی هەبووە.

**کێشەی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە بەرفرەوان دەبێتەوە**

بە نوسینی دوکتۆر نورەدین کیانوری سکرتێری پێشوی حیزبی تودەی ئێران لە لاپەڕەی 67ی بیرەوەرییەکانیدا کە ساڵی 1371 (1992) بنکەی لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەی "دیدگا" بڵاویکردووەتەوە، حیزبی تودە لە 1320/7/10 (1941/10/2)دا دامەزراوە. هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە کە هێشتا حیزبی دیموکراتی کوردستان دانەمەزرابوو کە پەیوەندیی بە بزوتنەوەی کورد و کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە هەبوو. بەڵگەنامەکان پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە یەکیەتی سۆڤیەت و باقرۆف سەرۆککۆماری ئازەربایجان لە ساڵی 1946دا دەستیان هەبووە لە هەڵوەشاندنی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا، بەڵام حیزبی تودەی دژی سەربەخۆیی ئەو دوو ڕێکخراوانە و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد و ئازەریی بووە و ویستوویەتی ئەوان بخاتە ژێربالی خۆی و لەژێر ناوی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودەدا کاریان پێبکات بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران و بەدەستهێنانی خودموختاریی لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا.

دواتر بە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستاندا کە حیزبی تودە لە کۆنگرەی دووەمی خۆیدا لە بانەمەڕی 1327 (ئاپریلی 1948) دروشمی "بژی جوڵانەوەی نەتەوەیی ئازەربایجان و کوردستان و نەمان بۆ هەموو شێوازێکی چەوساندنەوەی نەتەوەیی" بەرزکردەوە و پشتگیریی کرد لە مافی خودموختاری نەتەوەی کورد و ئازەربایجان لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا، ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بەرەو ئەو حیزبە کێشیان پەیداکرد. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لەو کاتەوە تا هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت، حیزبی تودەیان بە نوێنەر و چاوساغی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێراندا دەبینی و ڕایان وابوو کە حیزبی تودە کلیلی دامەزراندن و پێکهێنانی پەیوەندییە لەنێوان بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد و یەکیەتی سۆڤیەتدا.

ماوەیەکی کورت دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، غەنی بلوریان بە هاوکاریی ژمارەیەکی تر حیزبی دیموکراتی زیندووکردەوە و بە یارمەتی حیزبی تودە، ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی بۆ کاری نهێنی ڕاهێنا. بە نوسینی غەنی بلوریان لە ئاڵەکۆکدا، **(حیزبی تودە بە ناردنی کادیری بە ئەزمونی خۆی، وەک جەوهەری کە کارگەرێکی کوردی خەڵکی سنە و نیشتەجێی تاران بوو، ئیحسانولا و عەبدولرەحمان قاسملوو کە هەردووکیان کادیری لێوەشاوەی حیزبی تودە بوون، بۆ ناو حیزبی دیموکرات، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو حیزبە چڕکردەوە).** حیزبی تودە لە ڕەوتی خەباتیدا بە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان بە کردەوە بە ئاواتەی گەیشت کە حیزبی دیموکرات بکات بە لقی حیزبی تودە و لە کوردستاندا و سیاسەتەکانی خۆی پێ بەڕێوەبرد. هەروەها غەنی بلوریان و عەزیز یوسفی لە حیزبی دیموکراتدا بە هاوکاریی فیرقەی دیموکرات و عەبدولرەحمانی قاسملوو و سەدیق ئەنجیریی ئازەر کە ئەویش کادیری حیزبی تودە بوو، لە ساڵی 1333(1954) دا، چوار ژمارە ڕۆژنامەی کوردستانیان چاپ و بڵاوکردەوە. دواتر بە هۆی ئاشکرابوونی چاپخانەی فیرقەی دیموکرات و گیرانی "جەعفەر قەوسی" سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازەربایجان چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان وەستا.

دوای کودیتای 1332/5/28 (1953/8/19) کە محەمەد ڕەزاشا بە پلانی ئەمریکا و ئینگلیز و ئەرتەشبود زاهیدی گەڕایەوە ئێران، دەزگای هەواڵگریی ئێران دزەی کردە ناو ڕیزەکانی حیزبی تودەوە و بە نوسینی ئەرتەشبود حوسێن فەردوست لە لاپەڕە 279- 471 ی کتێبەکەیدا "سەرهەڵدان و ڕوخانی سەڵتەنەتی پەهلەوی"، هەروەها نورەدین کیانوری لە لاپەڕەکانی 443-461 ی بیرەوەرییەکانیدا، کەسانی وەك محەمەد بەهرامی، نادر شەرمینی، ئەمانولا قوریشی، دوکتۆر مورتەزا یەزدی، ئەرسەلان پوریا، موتەقی، قودرەتولا نادری، حوسێن و فەرەیدون یەزدی و عەباسعلی شەهریاری خۆیان بە دەزگای هەواڵگریی "ساواک" فرۆشت و بە هۆی ئەوانەوە ژمارەیەکی زۆر تودەییان خستە داوەوە و دەستگیریانکردن،

لەوانە: خەسرەو روزبە، محەمەد حوسێن مەعسوم زادە، حوسێن ڕەزمی و پەرویز حکمەتجو.

لەبەرئەوە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەهاری ساڵی 1334 (1955) لە تاران و لە ماڵی سەدیق ئەنجیریی ئازەر پێکیهێنا و: هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف"، سلێمان موعینی، محەمەد ئەمین ڕاتبی، عەبدوڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، سەدیق ئەنجیری، غەنی بلوریان و ڕحمان قاسملوو تێیدا بەشداربوون، حیزبی دیموکرات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ حیزبی تودە سڕ کرد. لەو بارەیەوە غەنی بلوریان لە لاپەڕە 155-156 ی ئاڵەکۆکدا دەڵێت: **(لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە بەهاری ساڵی 1334- 1955 بەسترا، ئەو خاڵانەی خوارەوە کەوتنە بەرباس و لێکۆڵینەوە:**

**1- (پساندنی پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە بە هۆی دزەکردنی پۆلیس بۆ ناو ڕێکخراوەکانی حیزبی تودەوە. هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ ڕێکخراوەکانی حیزبی تودە، لەوانە بوو ئەندامانی حیزبی دیموکراتیش توشی گیروگرفت بکات. لەبەرئەوە داوامان لە ڕەحمانی قاسملوو کرد و گوتمان ئەگەر پێتخۆشە هاوکاریی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بکەیت، دەبێت پێوەندیی خۆت لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕیت. من بە قاسملووم گوت بەو گرفتەی کە بۆ حیزبی تودە خوڵقاوە، ئەگەر تۆ پێوەندیی بە ئەوانەوە بکەیت و بێیتەوە لای ئێمە، لەوانەیە ڕێکخراوی ئێمەش ئاشکرا ببێت. قاسملوو کە لە بیروبۆچوونی ئێمە گەیشت، بەڵێنی پێدایـن کە پێوەندیی لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕێت و ببێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات.**

**2- شیکردنەوەی کارەساتی 28 ی گەلاوێژ. لە لێکۆڵینەوەی کارەساتی 28 ی گەلاوێژدا بەو ئاکامە گەیشتین کە ئەو کارەساتە بە هۆی نەبوونی ورەی شۆڕشگێڕانە لەناو ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدا و هەڵوێست وەرنەگرتنی خورت و جددیی و بە پەلە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی تودەوە، "شا و زاهیدی" توانییان کودیتا بکەن. لەبەرئەوە بڕیارماندا بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نامەیەک بۆ ڕێبەرانی حیزبی تودە لە دەرەوەی ئێران بنوسین و لە هەنگاوی لاواز و بێورەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە سەرهەڵدانی کارەساتی 28 ی گەلاوێژ، ڕەخنە بگرین. بڕیار ئەوە**

بوو قاسملوو ئەو نامەیە ببات بۆ ئەورووپا و بیدات بە ڕێبەرانی سۆڤیەت و کۆپییەکیشی بدات بە سەرۆکایەتی حیزبی توودە لە دەرەوەی وڵات و ڕێگەیەک بکاتەوە بۆ پێوەندیی ڕاستەوخۆی حیزبی دیموکرات لەگەڵ سۆڤیەت.).

بلوریان لە درێژەی نوسینەکەیدا دەڵێت: (ڕەحمان قاسملوو دەچێتە ئەورووپا و هەردوو نامەکان دەدات بە ڕادمەنیش سکرتێری حیزبی توودە و بە (1500) تمەن یارمەتییەوە دەگەڕێتەوە ئێران کە نەهێڵێت پەیوەندیی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی توودە بپچڕێت، کەچی بە هۆی "ئەرسەلان پوریا" ئەندامی کۆمیتەی ئەیالەتیی حیزبی تودەوە کە هاوکاریی پۆلیسی کردووە، لە کۆبوونەوەیەکی بە ڕواڵەتیی حیزبی تودەدا دەگیرێت و لە لایەن سەرهەنگ "زیبا"یی ئەفسەری دەزگای هەواڵگریی "ساواک"ەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت و دوای چەند ڕۆژێک بە بەڵێندانی هاوکارییکردن، لە زیندان ئازادی دەکەن.).

دوکتۆر قاسملوو لە پاشکۆی تێکۆشەری ژمارە 27دا ئاماژە بۆ چوونی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەی دەکات، بەڵام ناڵێت کە دوای گەڕانەوەی گیراوە و بە بەڵێندان هاوکاریی لەگەڵ ساواک، ئازادیان کردووە، دەنوسێت: (ئێمە ئەو وەختە لەبەر خاتری ئەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو تەماسمان لەگەڵ حیزبی توودە هەبوو، بیروباوەڕی توودەییمان تێدا زۆر بەهێز بوو. بۆیە پێمانوابوو ئەو تەشکیلاتەی حیزبی توودە کە لەنێو خۆی وڵاتدا فەعالییەت دەکا، چەوت رۆیشتوە. بەڵام ئەوانی دەرەوە وەك "رادمنش" و "اسکندری" و ئەوانی دیکە باشترن. لەسەر ئەو ئەساسە کومیتەی کوردستان (مەبەستی نوسەر لە کۆمیتەی کوردستان حیزبی دیموکراتە کە کۆمیتەی کوردستانیی حیزبی توودە بووە- نوسەر) بڕیاریدا کە ئێمە لە دەرەوە پێوەندییان لەگەڵ بگرین و من بۆ بەڕێوەبردنی ئەو مەئمووریەتە چوومە عێراق و لەوێڕا چوومە دەرەوە. لە دەرەوە پێوەندیم گرت، هەم لەگەڵ حیزبی توودە و هەم لەگەڵ سۆڤیەتییەکان. لەو تەماسەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1334 یانی 34 ساڵ لەوەپێش و بە دوور و درێژی قسەم دەگەڵ کردن، ئەوان گوتیان: بەڵێ داخوازەکانتان

**راست و ڕەوایە و جێبەجێیان دەکەین، تۆ بگەڕێوە داخڵی وڵات و بە هاوڕێیانیش بڵێ.).**
شایانی باسە بەڵێندانی هاوکارییکردن لە لایەن ڕەحمان قاسملووەوە بە "ساواک" دەبێتە هۆی گومان لێکردنی عەبدوڵا ئیسحاقی و سلێمان موعینی و ئەندامانی نوێنەری کۆنگرەی دووەم و لەو کۆنگرەیەدا ناوبراو بە تاوانبار دادەنێن. بە هەر حاڵ دوای ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات بۆ ساواک بە هۆی ئیسماعیل قاسملوووە لە ساڵی 1338 (1959) دا و گیرانی بەشێک لە کادیر و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی، قادر شەریف و ژمارەیەکی تر لە ئەندامانی حیزب کە نەکەوتبوونە دەست پۆلیسی ئێران و خۆیان گەیاندبووە باشووری کوردستان، لەژێر چاودێریی پارتی دیموکرات و سەرۆک مستەفا بارزانییدا، حیزبی دیموکرات زیندوو دەکەنەوە. بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەم، ڕێبەرایەتی نوێی حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی عەبدوڵا ئیسحاقی جەخت لەسەر سەربەخۆیی حیزبی دیموکرات و پەیڕەویی کردنی حیزب لە هێڵی نەتەوەیی و نیشتمانیی دەکاتەوە و ڕێبازێکی نوێ دەگرێتەبەر و بە حیزبی تودەی ئێران ڕادەگەیەنێت کە **(برامان برایەتی و چیغمان جودایی.).**
ڕەحمان قاسملوو و کەریم حیسامی بەرلە کۆنگرەی دووەم واتە لە ساڵی 1961دا بە هاوکاریی حیزبی تودەی ئێران لە عێراقەوە چوونە چیکوسلاڤیا. قاسملوو لە بەشی زانستیی ئابوورییدا دوکتۆرای وەرگرت و کەریم حیسامی بوو بە کادیری ڕادیۆی "پەیکی ئێران" و لە بەشی کوردیی ئەو ڕادیۆیە و لەژێر بەرپرسایەتی "حەمید سەفەری" ئەندامی سەرکردایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی تودەدا، بۆ ماوەی نزیک بە هەشت ساڵ هاوکاریی حەسەن قزلجی و چەند ئەندامێکی تری حیزبی تودەی کرد.
حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1343/8/28 (1964/11/19) کۆنگرەی دووەمی خۆی پێکهێنا. سلێمان موعینی ڕۆژی 1344/7/1 (1965/9/23) واتە نزیکەی 10 مانگ دوای کۆنگرەی دووەم نامەیەک بۆ دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی تودە، مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمونیستی

یەکیەتی سۆڤیەت و کەریم حیسامی دەنوسێت و بە حیزبی شیوعی عێراقدا نامەکانی دەنێرێت. لەو نامانەدا سیاسەتی کۆنگرەی دووەمیان سەبارەت بە بڕیاری هەڵگیرساندنی شەڕی چەکدارانە دژی ڕژێمی ئێران پێڕادەگەیەنێت و داوای یارمەتییان لێدەکات. سلێمان موعینی لە نامەکەیدا بۆ کەریم حیسامی ئاماژەی بۆ هەلومەرجی حیزب کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا سەرکۆنەی کەریمی کردووە و نوسیویەتی: **(ئێوە مەیدانتان چۆلکردوە و نانی وەرزێرانی گوندی "قەرەبلاغ" ڕشت دەکاتەوە.)**. هەروەها داوای لێکردووە کە چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە ڕادیۆی پەیکی ئێراندا بڵاوبکاتەوە. کەریم حیسامی دەقی نامەی سلێمان موعینی لە لاپەڕە 20- 26، بەرگی سێی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردووەتەوە.

کەریم حیسامی بە خوێندنەوەی نامەی سلێمان هەستی بریندار دەبێت. لەگەڵ وەڵامدانەوەی، ڕۆژی 1966/1/2 نامەیەکیش دەنێرێت بۆ دوکتۆر ڕادمەنیش و ناوەڕۆکی نامەکەی سلێمان موعینی بۆ ڕون دەکاتەوە و داوای لێدەکات پاسپۆرت و بلیتی هاتوچۆی بۆ ئامادەبکەن کە بچێتە عێراق و چاوی بە هەڤاڵانی حیزبی دیموکرات بکەوێت. ڕادمەنیش ڕۆژی 1966/2/12 وەڵامی حیسامی دەداتەوە و بۆی دەنوسێت کە سلێمان نامەیەکیشی بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە و حیزبی کۆمونیستی یەکیەتی سۆڤیەت ناردووە و مەکتەبی سیاسی حیزبی تودە بە حیزبی شیوعی عێراقدا وەڵامی داوەتەوە و ڕایگەیاندوە ئامادەیە لە عێراق، لوبنان یان سوریا لەگەڵیان کۆببێتەوە. سەبارەت بە گەڕانەوەی کەریم حیسامی، ڕادمەنیش بۆ حیسامیی نوسیوە و دەڵێت هاوڕێ ئەسکەندەریی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی دێتە بولغارستان و پەیوەندیی پێوە بکە. لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا، ڕۆژی 1345/6/12 (1966/9/3) نامەیەکی سەعید کاوە "کوێستانی" بە کەریم حیسامی دەگات و محەمەدئەمین سیراجییش نامەیەک ئاڕاستەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە دەکات. سەرکردایەتی حیزبی تودە لەژێر کاریگەریی نامەی سلێمان موعینی و حەمەدەمین سیراجییدا بڕیاردەدات پەیوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دیموکرات زیندووبکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستە کەریم حیسامی دەنێرێتە عێراق.

نوێنەرایەتی حیزبی تودە لە بولغارستان لە مانگی گولانی 1346 (1967) دا کەریم حیسامی ئاگادار دەکاتەوە کە بچێتە ئەڵمانیا و لەوێ چاوی بە دوکتۆر ڕادمەنیش سکرتێری گشتیی حیزبی تودە بکەوێت. حیسامی لە "لایپزیک" چاوی بە ڕەزا ڕادمەنیش، ئیرەج ئەسکەندەری و عەبدولسەمەد کامەبخش دەکەوێت و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەو سێ ئەندامانەی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە، لەسەر مەسەلەی کوردستان و دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ **" هاوڕێیانی کورد"** دەدوێن و ڕادمەنیش بە کەریم حیسامی ڕادەگەیەنێت کە بچێتە عێراق و "هاوڕێیانی کورد" ببینێت و سەرەڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخیان، کاتێکیان لەگەڵ دیاریی بکات کە لە عێراق یان لوبنان چاویان بە یەکتر بکەوێت. ئەمە دەستپێکی دامەزراندنی پەیوەندیی دووبارەی حیزبی تودە لەگەڵ حیزبی دیموکرات بووە، بەڵام لەو سەرەتایەدا هیچکام لە دوو لایەنی هاوڕێیانی کورد و سەرکردایەتی حیزبی تودە نەیانویستووە دوکتۆر قاسملوو تێکەڵاوی ئەو کۆبوونەوە و پەیوەندییانە ببێت. ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە هۆی بەڵێندانی هاوکارییکردنی قاسملوو بە ڕژێمی شا و سەرکردایەتی حیزبی تودە بە هۆی بێباوەڕییەوە گومانیان لێی هەبوو. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە دوکتۆر قاسملوو بە هاوکاریی حەسەن قزڵجی، کەریم حیسامی، دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی و دوکتۆر عەلی گەلاوێژ لە ساڵی 1966وە لەسەر بڕیاری حیزبی تودە ڕۆژنامەیەکی بە ناوی کوردستان بڵاودەکردەوە.

بە هەر حاڵ ڕۆژی 1967/4/5 حەمید سەفەری بە کەریم حیسامی ڕادەگەیەنێت کە ڤیزای ئەڵمانی بۆ هاتووە و ڕۆژی 1967/4/12 دەچێتە ئەڵمان و ڕۆژی 1967/4/17 لە بەرلینەوە دەچێتە لوبنان و لەوێوە بۆ دیمەشق و ڕۆژی 1967/4/23 بە سواری ئوتۆبوس دەچێتە بەغدا. لەوێ یوسف ڕیزوانی ئەندامی دێرینی حیزبی دیموکرات دەدۆزێتەوە کە دوکانی وێنەگریی هەبووە. بە یارمەتی ڕیزوانی چەند نامەیەک ڕەوانەی سلێمان موعینی و محەمەد ئەمین سیراجی، ئەمیر قازی و چەند کەسێکی تر دەکات و لە ئەنجامدا چاوی بە ئیسماعیلی شەریفزادە و هاشم ئەقەلەتولاب "قادر شەریف" و سەعید کوێستانی و چوکەڵ گەوهەری دەکەوێت، بەڵام ناتوانێت موعینی و سیراجی ببینێت و ڕۆژی 1967/5/4

نامەیەکی لە سیراجی و ڕۆژی 1967/5/12 نامەیەک لە موعینی و ڕۆژی 1967/5/3 نامەیەکیشی لە ئەمیر قازی لە بارەگای بارزانییەوە پێدەگات. حیسامی لەو سەفەرەیدا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و ڕۆژی 1967/5/19 دەگەڕێتەوە دیمەشق و ڕۆژی 1967/5/23 بە لوبناندا دەچێتەوە بەرلین و ڕاپۆرتی سەفەرەکەی دەدات بە ئیرەج ئەسکەندەریی. هۆی سەرنەکەوتنەکەی دەگەڕایەوە بۆ ناکۆکیی لەنێوان ئەندامانی حیزبی دیموکراتدا کە دابەش ببوون بەسەر سێ باڵی "لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال، لایەنگرانی بارزانی" و ژمارەیەک ئەندامی بێلایەنی دوور لەو دوو باڵانە.

کەریم حیسامی دوای گەڕانەوەی بۆ بولغارستان بە نامەیەک دوکتۆر قاسملوو لە ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە و ئەویش لە وەڵامیدا ڕۆژی 1967/9/9 نامەیەکی بۆ دەنێرێت و ڕەخنە لە هەڵسوکەوتی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دەگرێت سەبارەت بە خۆی کە بۆچی لە پەیوەندیی لەگەڵ مەسەلەی کوردستاندا پەیوەندیی پێوە ناکەن.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوان پارتی دیموکرات و ئیبراهیم ئەحمەد و لایەنگرانی، بە ناوی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەوە دژی ڕژێمی شا ڕادەپەڕن. لە ئاکامدا پارتی دیموکرات ئەو باڵەی حیزب دەخاتە ژێر چاودێریی و ژمارەیەکیان دەگرێت و چەند کەسێکیشیان دەداتەوە بە ڕژێمی ئێران و ئەوانی تریش کە گەڕابوونەوە ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆربەیان شەهید دەکرێن یان بە برینداریی دەکەونە دەست هێزەکانی ژاندارمەریی و جاش و حکومەتی ئێران گوللەبارانیان دەکات.

حیزبی تودە بۆ جاری دووەم ڕۆژی 1967/10/15 کەریم حیسامی دەنێرێتەوە عێراق کە هەوڵبدات بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک لە نێوان هاوڕێیانی کوردی ئێران و ڕێبەرانی حیزبی تودەدا. کەریم حیسامی تا ڕۆژی 1967/11/27 لە بەغدا دەمێنێتەوە و لەو ماوەیەدا چاوی بە سەعید کاوە، مەلا محەمەد خزری و چوکەڵ گەوهەری دەکەوێت، بەلام دەستی بە

سلێمان موعینی و محەمەدئەمین سیراجی ئاگات و بە نامە لە مەبەستی گەڕانەوەکەی بۆ بەغدا ئاگاداریان دەکاتەوە.

ڕۆژی **1967/12/1** وەڵامی سیراجی و موعینی پێدەگاتەوە و هەردووکیان خۆشحاڵیی خۆیان بۆ بینینی "ئارام" واتە دوکتۆر ڕادمەنیش ڕادەگەیەنن. کەریم حیسامی بە تەلەفۆن مەسەلەکە بە عەبدولسەمەد کامبەخش دەگەیەنێت و ئەویش ڕۆژی **1967/12/17** حیسامی ڕەوانەی عێراق دەکاتەوە و پێیدەڵێت ڕادمەنیش چووەتە بەغدا و بچۆ لەوێ کۆبوونەوەکە ڕێکبخە، کەچی کاتێک حیسامی دەگاتە بەغدا دەبینێت ڕادمەنیش لەوێ نەماوە. ڕۆژی **1967/12/28** سیراجی و موعینی دێنە بەغدا، بەڵام دیسان کۆبوونەوەکە پێکنایەت و کەریم حیسامی ڕۆژی **1968/1/5** بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سۆفیا.

ڕۆژی **1968/1/10** حیزبی تودە کۆبوونەوەیەک بۆ دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان لە "پراگ" ڕێکدەخات. حەسەن قزڵجی، دوکتۆر قاسملوو، کەریم حیسامی، دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی، دوکتۆر عەلی گەلاوێژ، دوکتۆر ڕادمەنیش و کامبەخش بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، دوای گفتوگۆ کردنیان لەسەر ڕۆژنامەکەیان، باسی **"کوردە هاوڕێکانیان"** لە عێراق دەکەن و لەسەر داوای بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، ڕادمەنیش و کامبەخش ڕازییدەبن کە دوکتۆر قاسملووش بخەنە ناو ئەو هەوڵانەوە کە بۆ ڕاکێشانی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیدەن.

بەو مەبەستە، حیزبی تودە بۆ جاری چوارەم ڕۆژی **1968/1/26** کەریم حیسامی دەنێرنەوە عێراق کە زەمینەی ڕێکخستنی ئەو کۆبوونەوەیە خۆشبکات. ناوبراو دەچێتەوە عێراق و حەمەدەمین سیراجی و سلێمان موعینی ئاگادار دەکاتەوە و ئەوانیش ڕۆژی **1968/2/5** دەگەنە بەغدا. بە هاوکاریی حیزبی شیوعی عێراق شوێنێک بۆ کۆبوونەوەکە لە "ئەبو نەواس" دیارییدەکەن. ڕۆژی **1968/2/6** دوکتۆر ڕادمەنیش لەگەڵیان کۆدەبێتەوە و پێشنیاز دەکات کە ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی وڵات و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بنوسن و پێشنیازەکانیان گەڵاڵە بکەن، تا حیزبی تودە بڕیاریان لەسەر بدات. سلێمان موعینی بە توندیی دژی ئەو بۆچوونەی ڕادمەنیش دەوەستێت و پێی دەڵێت ئێمە نوێنەری دوو حیزبی

جیاوازین و ئامادەنین لەسەر بارودۆخی خۆمان ڕاپۆرت بۆ ئێوە بنوسین. لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەی موعینیی دا، ڕادمەنیش ڕازیی دەبێت کە وەک دوو حیزبی جیاواز، واتە حیزبی تودە و حیزبی دیموکرات لەگەڵیان کۆببێتەوە، نەک "هاوڕێیانی کوردی ئێران".

ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی 1968/2/9 بە ڕەسمیی لەنێوان حیزبی تودە و دیموکراتدا کرا. بەشدارانی بریتی بوون لە: سلێمان موعینی، محەمەدئەمین سیراجی، دوکتۆر ڕادمەنیش، دوکتۆر قاسملوو و کەریم حیسامی. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا سلێمان موعینی ڕازیی نابێت کە دوکتۆر قاسملوو بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات، بەڵام بە وتەی محەمەد ئەمین سیراجی لە 2008/7/12 دا دوای دوو ڕۆژ هەوڵدان، سەرئەنجام عەزیز محەمەد سکرتێری حیزبی شیوعی عێراق ڕازیی دەکات واز لەو ڕایەی بهێنێت و بەو جۆرە دوکتۆر قاسملوو بەشداریی کۆبوونەوەکە دەبێت. لەو کۆبوونەوەیەدا دەربارەی خەبات و چالاکیی لە ئێران، کێشەی ناوخۆی حیزبی دیموکرات و زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی، بەرنامەی خەباتی سیاسی و سەربازیی، داواکارییەکانی حیزبی دیموکرات لە حیزبی تودە باس و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بە نوسینی کەریم حیسامی لە بەرگی سێی بیرەوەرییەکانیدا، کۆبوونەوەکە چوار ڕۆژی خایاندووە و ئەم بڕیارانەی پەسەند کردووە:

**- بەو مەرجەی مارکسیستەکان ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بگرنە دەست، حیزبی تودە حیزبی دیموکرات بە ڕەسمیی دەناسێت.**

**- شەڕی چەکدارانە دژی ڕژێمی ئێران بەهێز بکرێت و بۆ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی کەڵکی لێوەربگیرێت.**

**- پرۆگرامی حیزبی دیموکرات دژی پرۆگرامی حیزبی تودە نەبێت.**

**- هیچ کام لەو دوو حیزبە بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتر دەربارەی کێشەی کورد لەگەڵ هیچ حیزب و حکومەتێک پەیوەندیی نەکەن.**

**- هەوڵ بدرێت خۆ لە بارزانیی نزیک بکەنەوە.**

**- حیزبی تودە یارمەتی سیاسی، ئابووری و فەننی حیزبی دیموکرات بدات.**

**- محەمەد ئەمین سیراجی و سلێمان موعینی نابێ پەیوەندیی بەو کەسانەوە بکەن کە هەڵگری بیری ماوستۆنگ و لە لایەن مام جەلال تاڵەبانییەوە یارمەتی دەدرێن.**
**- دوکتۆر قاسملوو بۆ پەروەردەکردنی کادیری سیاسی بگەڕێتەوە کوردستان و.... چەند بڕیارێکی تر.**
هەروەها بڕیاردەدەن کە سیراجی و قاسملوو پێکەوە بەیاننامەی کۆبوونەوەکە ئامادەبکەن تا لەو کۆبوونەوەیەدا پەسەند بکرێت. ئەو بەیاننامەیە لە لاپەڕەی 96 ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیدا بە زمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە. لە بەیاننامەکەدا دڵنیایی لە **"یەکیەتی ڕێکخراوەیی"** لە نێوان حیزبی تودە و دیموکراتدا کراوە و دەڵێت حیزبی دیموکرات لە یەکەم کۆنفرانس یان کۆنگرەی خۆیدا ئەو پڕۆژەیە دەخاتە بەرباس و هەوڵی پەسەندکردنی دەدات. هەروەها کەریم حیسامی نوسیویەتی کە بەیاننامەکە بە خەتی حەمەدەمین نووسراوە، کەچی محەمەدئەمین سیراجی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ڕۆژی 2008/7/5 پێیڕاگەیاندم کە هەڵبژاردنی من و ڕەحمان قاسملوو شتێکی ڕواڵەتیی بوو، چونکە بەیاننامەکە پێشتر لە لایەن حیزبی تودەوە ئامادەکرابوو.
سەبارەت بە هەڵسوکەوتی ڕێبەرانی حیزبی تودە و دوکتۆر قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا و سەرنجدانی پتری ڕادمەنیش بە حەمەدەمین سیراجی لە بەرامبەر سلێمان موعینی دا کە ئەندامی ڕێبەرایەتی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات بوو، پرسیارم لە بەڕێز سەعید کاوە "کوێستانی" کرد و گوتی: **(چونکە کاک سلێمان پەیوەندیی بە ئەحمەد تۆفیقەوە مابوو، بۆیە پتر سەرنجیان بە کاک حەمەدەمین دەدا.).**
کەریم حیسامی لە بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت، نوێنەرانی حیزبی دیموکرات داوای چەک و پارەیان لە ڕادمەنیش کرد و ئەویش، پارەیەکی باشی دانێ. سەبارەت بە ڕادەی ئەو پارەیە پرسیارم لە محەمەد ئەمین سیراجی کرد، گوتی: **(ڕادمەنیش دوو هەزار دیناری عێراقیی داوە بە ئێمە کە ئەو کاتە نزیکەی حەوت هەزار دۆلاری ئەمریکی بوو.).** لە پەیوەندییەکمدا سەبارەت بەو وتەی حەمەدەمین سیراجی پەیوەندییم بە ئەمیر قازییەوە کرد، ناوبراو وتەی سیراجی سەلماند.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە و گەڕانەوەی نوێنەرانی حیزبی تودە بۆ دەرەوەی وڵات، ئیسماعیل شەریفزادە و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕ لە لایەن ژاندارمەریی و جاشەکانی ئێران شەهید دەکرێن و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق سلێمان موعینی گوللەباران دەکات و تەرمەکەی دەداتەوە بە ئێران. مەسعود بارزانیی لە کتێبی "بارزانیی و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورد، بەرگی 3، شۆڕشی ئەیلول، لاپەڕەی 362، بە زمانی عەربیی، ساڵی 2002" سەبارەت بە گوللەبارانکردنی سلێمانی موعینی دەنوسێت:

**- (شۆڕش لە ساڵی 1967 ناچاربوو لە کردەوەیەکی خەمباردا سلێمان موعینی کە جێنشینی ئەحمەد تۆفیق بوو، لەگەڵ جاشەکانی 66 بوو و دژی شۆڕشی کورد هاوکاریی ڕژێمی عێراقی دەکرد، بیکوژێت و تەرمەکەی بداتەوە بە ئێران. نابێ لە ڕوانگەی حیزبایەتییەوە بنوارینە چارەنوسی سلێمان موعینی، چونکە ئەو لەگەڵ جاشەکانی 66 بوو، واتە دژی شۆڕش بوو. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ سەیری بکرێت و ئێمە خوازیاری ئەو چارەنوسەی نەبووین.).**

بەرلە شەهید بوونی ئیسماعیل شەریفزادە و سلێمان موعینی، محەمەد ئەمین سیراجی کوردستان بەجێدەهێڵێت و دەچێتە بەغدا لە لای حیزبی شیوعی عێراق بە نهێنی دەمێنێتەوە. لە لایەکی ترەوە کەریم حیسامی لە لاپەڕەی 137ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا دەنوسێت، حیزبی تودە بڕیاریدا خەباتی چەکدارانە ڕابگرێت و پێشمەرگەکان بگەڕێنێتەوە بۆ عێراق. هەروەها هەوڵدەدات کە بارزانیی ڕازیی بکات کە لێیان نەدات و لە ناوچەیەکدا کۆیان بکاتەوە. هەر لەو کاتەدا سیراجی نامەیەک بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دەنوسێت و ئەوانیش ڕۆژی 1968/10/9 کەریم حیسامی دەنێرنەوە بۆ بەغدا کە چاوی پێی بکەوێت. بە نوسینی حیسامی لە بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا، بڕیاری حیزبی تودە لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بۆ باشوری کوردستان بە سیراجی ڕادەگەیەنێت، بەڵام ئەو ئامادە نابێت کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دەڵێت: **(برادەران باوەڕ بە مەلا مستەفا ناکەن.)**. هەروەها سیراجی

هەواڵی گیران و گوللەبارانکردنی مەلا ئاوارە لە سەردەشت بە کەریم حیسامی ڕادەگەیەنێت.
کەریم حیسامی دەگەڕێتەوە بۆ بولغاریا و ڕاپۆرتی سەفەرەکەی دەنێرێت بۆ ڕادمەنیش. ڕۆژی 1969/2/1 دوکتۆر ڕادمەنیش و دوکتۆر قاسملوو دەچنە "سۆفیا" و لەوێ کۆدەبنەوە. ڕادمەنیش پێیانڕادەگەیەنێت کە چووەتە عێراق و چاوی بە سیراجی کەوتووە و پێویستە سیراجی بۆ ماوەیەک بێت بۆ بولغاریا. لەو ماوەیەدا سیراجی بروسکەیەک بۆ ڕادمەنیش دەنێرێ و سەرلەنوێ ڕادمەنیش ڕۆژی 1969/5/29 کەریم حیسامی دەنێرێتەوە بۆ بەغدا. لەو سەفەرەدا بۆ کەریم حیسامی دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پاڵیان بە مام جەلالەوە داوە و لە "کوروش لاشایی" نزیکبوونەتەوە. لاشایی لە حیزبی تودە جیابووەوە و لەگەڵ کۆمەڵێکی تر "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە"یان دامەزراند بوو. لاشایی ئەو کاتە لە بەکرەجۆ و لە لای مام جەلال بوو، دواتر گەڕایەوە بۆ ئێران و خۆی دایەوە دەست ساواک و لەسەر تەلەڤزیۆنی ئێران "دانی"بە هەڵەکانی خۆیدا نا.
دوای گەڕانەوەی حیسامی بۆ بولغاریا، حیزبی تودە کارە سەرەتاییەکانی هێنانی سیراجی بۆ بولغاریای ئامادەکرد و ناوبراو ڕۆژی 1970/2/15 گەیشتە سۆفیا، بەڵام دوای نزیکەی مانگێک لە ڕۆژی 1970/3/20 دا گەڕایەوە بۆ بەغدا. کەریم حیسامی لە بەرگی سێی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: ( **حەمەدەمین سیراجی بە ناڕەحەتی گەڕایەوە بۆ بەغدا.)**. بەڵام سیراجی ڕۆژی 2008/7/2 پێیڕاگەیاندم:
**- (حیزبی تودە دەیویست لە ڕادیۆی پەیکی ئێراندا هاوکارییان بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا درێژە بە خوێندن بدەم، بەڵام من ڕازیی نەبووم. هۆیەکەشی دەگەڕایەوە بۆ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ڕێککەوتنی عێراق و پارتی دیموکرات و بڵاوبوونەوەی بەیانی 11ی ئادار. بەو ڕێککەوتنە ئێمە لە بێهەویەیی "ناسنامە" ڕزگارمان دەبوو و دەمانتوانی هەوڵی بوژاندنەوەی حیزبی دیموکرات بدەین. بۆیە بەرلە گەڕانەوەم لەگەڵ ڕەحمان قاسملوو و مامۆستا حەسەن قزڵجی ڕێککەوتین کە من بگەڕێمەوە و دوای من ئەوانیش بێنەوە.).**

دوای گەڕانەوەی سیراجی بۆ بەغدا، دوکتۆر قاسملوو بەڵێنەکەی دەباتە سەر و بەبێ پرسکردن بە حیزبی تودە دەچێتەوە بەغدا، کەچی لەوێ توشی ڕادمەنیش دەبێت و لەگەڵ سیراجی و یوسف ڕیزوانی دوو جار لەگەڵی کۆدەبێتەوە. دواتر دەچێتە لای سەرۆک بارزانی و لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارزانی ڕازیی دەبێت کە ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموکرات کە چوونەتە لای تاڵەبانی، بگەڕێنەوە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و پێکەوە حیزبی دیموکرات ببووژێننەوە، بەو مەرجەی کارێکی وا نەکەن کە پارتی دیموکرات لەگەڵ ئێران دەرگیر بکەن. هەروەها بارزانیی ئامۆژگارییان دەکات کە پەیوەندیی بە حکومەتی عێراقەوە بکەن و دەڵێت: **(پەیوەندیی ئێوە بە حکومەتەوە هەندێک کێشەی ئێمە و ئێران چارەسەر دەکات.)**.

دوای گەڕانەوەیان لە لای سەرۆک بارزانی، قاسملوو نامەیەک بە مێژووی 1970/4/15 بۆ حیسامی دەنوسێت. حیسامی نامەکەی دوکتۆر قاسملووی لە لاپەڕەی 188ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا بڵاوکردووەتەوە. لەو نامەیەدا قاسملوو دەڵێت: **(لە دانیشتن لەگەڵ ڕادمەنیش لە بەغدا ئێمە نەزەرمان ئەوە بوو کە ئەو پێکهاتنەی مانگی فوریەی 1968 لە بەینی ئێمە و ئەوان کە لە بەغدا ئیمزاکراوە ئیعتباری هەیە.)**. هەروەها قاسملوو نوسیویەتی کە هەڵسوکەوتی ڕادمەنیش لەگەڵ ئەودا دۆستانە نەبووە، تەنانەت لە دووەم کۆبوونەوەدا گوتویەتی تۆ بەبێ ئیزنی ئێمە هاتوویتەوە و ئێمە خەرجی سەفەری تۆ نادەین. قاسملوو لە نامەکەیدا نەینوسیوە، یان کەریم حیسامی بڵاوینەکردووەتەوە کە لەو سەفەرەیدا لەگەڵ ئەمیر قازی چووەتە لای "عەبدولخالق سامەرایی" سەرۆکی "لیژنەی قیادەی قەومی"ی حیزبی بەعسی عێراق و لەو دیدارەدا حیزبی بەعس ڕازیی بووە مانگانە دوو هەزار دینار بدات بە حیزبی دیموکرات. لە بڕی یەکەمی ئەو پارەیە، محەمەد ئەمین سیراجی، ئەمیر قازی و عەبدوڵا حەسەنزادە 120 دینار پارەی سەفەری دوکتۆر قاسملوو دەدەن و لە بەغدا ماڵێک بۆ حیزب دەگرن. ئەمیر قازی سەبارەت بەو پەیوەندیی کردنە ڕۆژی 2008/7/9 پێی گوتم:

- (بەرلــەوەی کــە مــن و دوکتــۆر قاســملوو بچینــە لای عەبــدولخالق سامەرایی، من دوو جار لە گەلاڵە و بەغدا چاوم بـە سامەرایی کـەوتبوو. جاری یەکەم کە هاتە گەلاڵە بۆ وتوویژ لـەگەڵ بارزانی، بـارزانیی پێشـتر ئاگاداری کردبوومەوە کـە بچمـە گەلاڵـە. چووم و لـەدوای وتووێژکردنەکـە منـی بـە سـامەرایی ناسـاند و گـوتی ئـەوە بـرادەری حیزبـی دیمـوکراتی کوردستانی ئێرانە. دوای یەکتر ناسین، سامەرایی داوای لێکردم کە بچمە لای. هەروەها بەرلەو دیدارە ڕەسمییە، دوکتۆر قاسملووش جارێک چاوی بـە سامەرایی کەوتبوو.).

لەو میانەیەدا سەرکردایەتی حیزبی تودە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئیرەج ئەسکەندەریی لە جیاتی ڕادمەنیش دەبێتە سکرتێری یەکەمی حیزبی تودە و لـەگـەڵ کامبـەخش دەچێتـە سـۆفیا و لـە کۆبوونەوەیەکدا بـە بەشداریی حەسەنی قزڵجی بڕیاری حیزبی تودە بـە حیسامی و قاسملوو دەگەیەنێت. کـەریم حیسامی دەربـارەی ئـەو بڕیـارەی حیزبـی تـودە لـە لاپـەڕەی 189ی بەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا 1965- 1970 " دەنوسێت:

- (ڕۆژی 1970/10/16 ئیرەجـی ئەسـکەندەری و کامبــەخش لــە لایــەن هەیئەتی دەبیرانـی حیزبـی تـودەوە لـەگـەڵ ئێمـە، سـێ کـەس " حەسـەنی قزڵجی، دوکتـۆر قاسملو و من" کۆبوونـەوە. ئیرەجـی ئەسکەندەری گـوتی: هەیئەتی دەبیرانـی حیزب لە کۆبوونـەوەی خۆیدا لـەسـەر پێوەنـدی لـەگـەڵ حیزبی دیموکرات ئەم بڕیارانەی داوە:

1- هاوالانی حیزبی دیموکراتی کوردستان تێبکۆشن کە حیزبی دیموکرات لە جەریانی دژی کۆمونیستی و دژی سۆڤیەتی دور بێت.

2- سیاسەت و ڕەوتی دژی حیزبی تودەی ئێران نەگرێتەبەر.

3- لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی پەیوەندیی باشی هەبێت.

4- حیزبـی دیمـوکرات خـۆی بـە بەشـێک لـە جوڵانـەوەی ڕزگـارییخوازیی سەرانسەری ئێران بزانێت.

5- پاش پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ئەووتۆ، حیزبی تودەی ئێران ئەم حیزبە بە ڕەسمیی دەناسێت و بە هەموو تواناوە پشتیوانیی لێدەکات.

دوکتۆر قاسملوو گوتی: حیزبی دیموکرات جگە لەو ڕێبازە، ڕێبازی دیکەی نیە.).

لە کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی سێیەمدا قاسملوو سەرنج ناداتە بڕیاری ڕۆژی 1968/2/9 ی بەغدا سەبارەت بە پێکهێنانی یەکیەتی ڕێکخراوەیی لەنێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودەدا و ئەو مەسەلەیە دەبێتە هەوێنی سەرهەڵدانی کێشەیەکی نوێ لەنێوان حیزبی تودە و حیزبی دیموکرات و بەتایبەتیی دوکتۆر قاسملوودا و سەرئەنجام کێشەکە خۆی دەخزێنێتە ناو ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە و دیموکراتەوە. لە وتارێکدا کە دوکتۆر قاسملوو لەژێر سەردێڕی"دەرسەکانی جوڵانەوەی مهاباد" لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارەی 1 ڕێبەندانی 1349 ژانویەی (1971)، لاپەڕەی 1 و 3 و سەبارەت بە "هۆیە بنەڕەتییەکانی تێکشکانی جوڵانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی مەهاباد کامە بوون؟"، تاوانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان دەخاتە سەر سێ حیزبی تودە و دیموکرات و فیرقەی دیموکرات و بە دارێک هەردوو لایەنی سەرۆکایەتی کۆماری کوردستان و سەرۆکایەتی حیزبی تودە دەکوتێت و دەڵێت:

**- (دیارە هۆی ئەسڵی شکانی جوولانەوەی مەهاباد چونیەتی وەزعی ناوەوە بوو. لە پێشدا هۆی تی شکانەکە نەبوونی یەکگرتنی پتەو و یەکیەتی بە کردەوە لە ناو هێزە دێمۆکراتی یەکانی ئێران بوو. جوولانەوەی نیشتمانی ئازەربایجان و کوردستان بە کردەوە لە جوولانەوەی سەرانسەری ئێران جیا کرایەوە و سەرکردەی سێ حیزب، حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان نەیان توانی لە وەختی خۆی واتە لە کاتی پێویستدا یەکگر و یەکپارچە هێزەکانی خۆیان داخلی مەیدان بکەن و بەرامبەر بە دوژمنی هاوبەش، ئیمپریالیزم و کونەپەرستی ئێران رابوەستن. سەبەبی ئەم حالە سستی و گورج و گول نەبوونی سەرکردەی ئەم حیزبانە بوو کە وەک سەرکردەییەکی شۆڕشگیر نەجوولانەوە.).**

دوای شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێران، هەرچەندە حیزبی دیموکرات هەڵگری دروشمی دژ بە ئیمپیریالیزم بوو، یەکیەتی سۆڤیەتی بە دۆستی گەلی کورد دەزانی، بەڵام کێشە لەنێوان حیزبی تودە و دیموکراتدا بەردەوام بوو، تا سەرئەنجام نورەدین کیانوری سکرتێری گشتیی حیزبی تودە بە

ڕاشکاویی دوکتۆر قاسملووی بە لایەنگریی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و عێراق و سەڵتەنەتخوازەکان و لەناوبردنی کۆماری ئیسلامیی و شکاندنی شۆڕشی ئێران تاوانبارکرد.

سەرەتا حیزبی توده بە شێوازی جیاواز هەوڵیدا دوکتۆر قاسملوو لە مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی و کۆمەڵە دور بخاتەوە و بیکێشێتە لای خۆی، بەڵام سەرنەکەوت و ئیتر ویستی لە کێشەی نێوان غەنی بلوریان و ئەندامانی پەیڕەوی کۆنگرەی چوارەم دژی دوکتۆر قاسملوو کەڵکوەربگرێت و دوکتۆر قاسملوو بە تەنیا بهێڵێتەوە و حیزبی دیموکرات بکێشێتەوە لای خۆی، بەڵام دیسان شکستی هێنا. لە ڕاستییدا ئەزمونی خەبات و لێوەشاوەیی دوکتۆر قاسملوو لە بەڕێوەبەرایەتیدا ڕێگەی بە حیزبی توده نەدا کە بە ئامانجی خۆی بگات. لەبەرئەوە کێشەی نێوان ئەو دوو حیزبە لە سەرەتای ساڵی 1959 (1980) دا بە لوتکەی خۆی گەیشت. حیزبی توده هێزە سیاسییەکانی ئێرانی دابەشکرد بەسەر دوو گروپی لایەنگری شۆڕش و دژی شۆڕشدا و دوکتۆر قاسملووی لە حیزبی دیموکراتدا خستە خانەی دووەمی ئەو بۆچوونەیەوە. حیزبی توده لە دوو وتاری جیاوازدا کە ڕۆژی 1359/4/18 لە ڕۆژنامەی "مردم"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توده، ژمارە 278، لەژێر سەردێڕی "کوردستان: بەرەکان ئاشکرا دەبنەوە" و "سێڵاوی چەکی بەعس بۆ قاسملوو" دا نوسی:

**- (بە داخەوە بەرەی شەیتانیی هێشتا بۆ هەموو چینەکانی خەڵک ئاشکرا نەبووە و دەمامکی فریودان لە ڕوی ناحەزان بەلاوە نەنراوە... قاسملوو و هاوبیرانی لەو هێزانەن کە هەوڵدەدەن وەک مەلا مستەفا بارزانی کە خۆی بە بەعسییەکان فرۆشتبوو، لەژێر ئاڵای بەرگرییکردن لە مافی گەلی کورد، ئەو گەلە دژی شۆڕشی ئێران هانبدەن و توشی شکاندنی بکەن. قاسملوو ماوەیەکی زۆرە کە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئیمپیریالیزمی ئەمریکا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ناتۆ و حکومەتی بەعسدا ئەو ڕۆڵە ناحەزە دەگێڕێت. هۆڵەند بە نوێنەرایەتی ناتۆ، نۆ میلیۆن دۆلاری لە بودجەی ناتۆ و ڕەنگە بۆ ئازادکردنی گەلی کورد و دەستەبەرکردنی مافەکانی داوە بە قاسملوو. لە کەرکوک مەلا عەبدوڵا بە نوێنەرایەتی قاسملوو و "ڕەنگە بۆ وەرگرتنی مافی گەلی کورد" و خەبات دژی بەعسی عێراق، خەریکی**

**وتووێژکردنە و ئەمیری قازی بە فەرمانی قاسملوو لە ڕێگەی قەڵادزێ بینراوە تا لەگەڵ "ئەنساری" وەزیری ئابووری ڕژێمی شای پێشو وتووێژ بکات. ڕۆژی 1359/3/10 نزیکەی 30 پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە گوندێکی سەر سنور بە ناوی "حاجی ئۆمەران"، چاویان بە بەکرێگیراوێکی ساواک و بەعسی عێراق بە ناوی عەلی قازی ناسراو بە "کوڕی ڕەش" کەوتووە. لەو دیدارەدا، عەلی قازی 500 تا 1000 چەکی کالاشنیکۆف و 100 هەزار دیناری داوە بە چوار ئەندامی ناسراوی حیزبی دیموکرات و بە ڕاشکاویی پێیڕاگەیاندون کە ئەم چەک و پارەیە دەبێت بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی حاکم و دژی کۆمونیستەکان و بەتایبەتیی حیزبی تودە کەڵکیان لێوەربگیرێت. ڕۆژی 1359/3/25 نزیکەی 20 باری هێستر، چەک لە عێراقەوە بۆ قاسملوو هات و لە ناوەڕاستی مانگی پوشپەڕدا "موراد قادری" لە لایەن قاسملووەوە چووە عێراق کە "چاشنی مین" بهێنێت. لەو سەفەرەدا مەلا محەمەدی فەقێ مەحمودی و سەروان حاتەم لەگەڵ قادری بوون و... تد.).**

لە ئاکامی ئەو هەڵسوکەوتەی حیزبی تودەدا، ڕۆژی 1359/4/21 پێشمەرگەکانی شورای نیزامی حیزبی دیموکرات، لاوێکی لایەنگری حیزبی تودەی ئێرانیان بە ناوی "ئیسماعیل بازیار" بە کۆمەڵێک بەیاننامەی حیزبی تودەوە دەستگیرکرد کە لە شەقامی شاپووری مهاباد خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانە دەبێت کە حیزبی تودە تێیدا دوکتۆر قاسملوو بە وەرگرتنی نۆ میلیۆن دۆلار لە ناتۆ، تاوانبار دەکات.

من ئیسماعیل بازیارم ئازاد کرد و بە پێشمەرگەکانی شورای نیزامییم گوت کە لە دەستگیر کردنی کەسانی سیاسی خۆبپارێزن، چونکە حیزبی دیموکرات و دوکتۆر قاسملوو دەتوانن وەڵامی حیزبی تودە بدەنەوە. دوای ئەو مەسەلەیە ژمارەیەک لایەنگری کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی لەبەر کتێبخانەی حیزبی تودە لە تەنیشت قاوەخانەی "کەریم جوجو" لە نزیک مزگەوتی هەباس ئاغا کۆبوونەوە و خەریک بوون کتێبخانەی حیزبی تودە کۆبکەنەوە. لەو پەیوەندییەدا تەلەفۆنیان بۆ شورا کرد و من لەگەڵ چەند پێشمەرگە چووم و بڵاوەم بە خەڵکەکە کرد، بەڵام بەیانیی ڕۆژی 1359/5/17 (1980/8/8) کۆمەڵێک ئەندام و لایەنگر و

تەنانەت پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوای حیزبی دیموکرات چوونە سەر نوسینگەی حیزبی تودە لە نزیک چوارچرا لە ڕووبەڕووی بانگی سپە لە بینای ئیدارەی تاپۆ و دۆسیە و ڕۆژنامە و تەنانەت مێز و کورسییەکانی ئەو نوسینگەیەیان فڕێدایە دەرەوە و لەناو شەقامەکەدا بڵاویانکردنەوە. لەگەڵ چەند پێشمەرگە چووم کە پێش بەو توندڕەوییە بگرم کە بینیم ئەحمەد جاویدفەر "هەژار" لەوێیە. پرسیم تۆ چیدەکەیت لێرە و بۆچی ڕێگە لەو خەڵکە ناگریت کە ئەم کارە دەکەن؟ لە وەڵامدا نامەیەکی دوکتۆر قاسملووی پێشاندام کە بۆ هەژاری فەرماندەی هێزی پێشەوای نوسیبوو: **(ئەگەر خەڵکی مهاباد ویستیان دەفتەری حیزبی تودە داگیربکەن، ئێوە پێشیان لێ مەگرن!)** بۆم دەرکەوت کە ئەو پلانە لە ڕێگەی هێزی پێشەوا و بە فەرمانی دوکتۆر قاسملوو کراوە.

حیزبی تودەی ئێران لە بەرامبەر داگیرکردنی نوسینگەکەیدا ڕۆژی 1359/5/20 لە ڕۆژنامەی "مردم" ژمارە 305 دا نوسی: **(دوای لە قاودانی "نامە مردم" سەبارەت بە بەستراوەیی قاسملوو بە بەعسییە تاوانبارەکانەوە، کەسانی بەرەڵا و هیچ و پوچی سەر بە گروپی قاسملوو کە لە تورەییاندا شێت ببوون، کاتژمێر 11:30 ڕۆژی 17 گەلاوێژ هێرشیان کردە سەر نوسینگەی حیزبی تودەی ئێران و کتێب و بەیاننامەکانی ئەو نوسینگەیەیان سوتاند و مێز و کورسییەکانیان تاڵان کرد. لە ڕەوتی ئەو هێرشکردنەدا سێ هاوڕێی ئێمە بە ناوی "قاسم خۆیی، مستەفا سانی و قاسم ڕەیانی" بە توندیی بریندار بوون و خۆشبەختانە بەرەو چاکبوونەوە دەچن. ئێوارەی ئەو ڕۆژە لایەنگرانی گروپی قاسملوو 8 هاوڕێی ئێمەیان بە تاوانی فرۆشتنی "نامە مردم" دەستگیرکرد و بردیانن بۆ شورای بەناو نیزامیی گروپی قاسملوو. لەوێ هەڕەشەیان لێکرا کە واز لە فرۆشتنی نامە مردم بهێنن. یەکێک لە ئەوانەی کە بێڕێزیی بە هاوڕێیانی ئێمە کرد و جنێوی پێدان، کەریم حیسامی بەرپرسی حیزبی دیموکراتی گروپی قاسملوو بوو لە مهاباد.).**

شایانی باسە کە لەو ڕۆژەدا هیچ ئەندام و لایەنگرێکی حیزبی تودە لە لایەن پێشمەرگەکانی شورای نیزامی حیزبەوە دەستگیر نەکراوە. کەریم حیسامی بەرپرسایەتی لە شورای نیزامی حیزبدا نەبووە و ئەو نوسینەی

حیزبی توده سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو 8 کەسە لە لایەن شورای نیزامی حیزبی دیموکراتەوە ڕاست نیە!

بە هەر حاڵ بەرلەو ڕووداوە، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات شاری مهابادیان بەجێهێشتبوو و ناوەندەکانیان بردبووە دەرەوەی شاری مهاباد، بەڵام شورای نیزامیی و ڕێکخراوی حیزب لە جێی خۆی مابوو. دەفتەری سیاسی بە ئێمەشی ڕاگەیاندبوو کە شار بەجێبهێڵین. هەر لەو کاتەدا من خەریکبووم خۆم ئامادەدەکرد کە لەگەڵ گروپێک بەرەو باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە ناوچەکانی سنە و مەریوان و هەورامان بچم.

## نابێت پێشمەرگە بە چەکەوە لە شاری مهاباددا بێت

دوای ئەوەی کە حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر ناوەندە سیاسییەکانیان لە شاری مهاباد گواستەوە و لە گوندەکان جێگیر بوون، بەرەبەرە بنکەی پێشمەرگەکانیش لە شار گواسترانەوە، بەڵام پێشمەرگەکان بە بەردەوامیی لە شاردا بوون. شورای نیزامیی پێشتر بنکەیەکی لە گوندی دێبوکر هەبوو کە خالید ڕەزازادە سەرپەرشتیی دەکرد و وەک عەمبار کەڵکمان لێوەردەگرت، بەڵام بنکەی سەرەکیی شورای نیزامیی هێشتا شاری بەجێنەهێشتبوو.

ڕۆژی 1359/5/12 (1980/8/3) دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد و فەرماندەی سەربازگەی مهاباد ڕێککەوتبوو کە پێشمەرگە بە چەکەوە لە شاری مهاباددا نەبێت و تەنیا ئەو چەکدارانە مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبێت لە شاردا کە ئەرکی پۆلیس و ئاساییشی شاریان پێسپێرراوە. هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد زۆربەی چەکدارەکانی ئەو بەشە لایەنگری حیزبی دیموکرات بوون.

فەرماندەی سەربازگەی مهاباد لە ڕێی فەرمانداری مهابادەوە بە حیزبی دیموکراتی ڕاگەیاندبوو کە نەسوڕانەوەی چەکدار لە شاری مهاباددا دەتوانێت پێش بە هێرشی سوپا و سوپای پاسداران بۆ سەر شار بگرێت، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ حکومەت کە بەبێ شەڕ و تێکهەڵچون پێشمەرگە لە شاری مهاباد دوربخاتەوە بۆ پلانەکانی دواتری. بە نەبوونی پێشمەرگەی چەکدار لە شاردا، بەرلە هەر شتێک وەی خەڵک دادەبەزێ و بواری زیاتر بۆ سیخوڕ و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی دەڕەخسا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان. سیاسەتی بەبێ چەک سوڕانەوەی پێشمەرگە لە شاری مهاباددا پێشتر لە سنە تاقیکرابووەوە و ئەنجامەکەی شەڕی 24 ڕۆژەی سنەی لێکەوتەوە و لە مهابادیش تیرۆری سەرگورد عەباسی و دوو لایەنگری حیزبی بە دواوە بوو کە لەجێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

بە هەر حاڵ هێشتا ئەو بڕیارە نەکەوتبووە بواری پراکتیکەوە و لەسەر ڕاسپاردەی دوکتۆر قاسملوو دەبووایە من و سەرگورد عەباسی کاتژمێر

08.00 ی ڕۆژی 1359/5/21 بچینـــە فەرمانـــداریی و لەســـەر چۆنیـــەتی جێبەجێکردنی ئـەو ڕێککەوتنـە، لەگـەڵ فەرمانـدەی سـەربازگە و حەسـەن باباتـــاهری وتـــووێژ بکـــەین، کـــەچی کـــاتژمێر 21.00 ڕۆژی 1359/5/20 (1980/8/11) ژمارەیەک پاسدار لـە پشت "کوی فرح" لـە تەنیشت جادەی مهابـادەوە بـەرەو سەردەشت لـە دوریـی 200 مـەترەوە لـە بنکەکەیانـەوە، کەمینیان دانا و کەسێکی مەدەنییان شەهید کرد. ئەو شەوە دەنگۆ داکەوت کـــە پاســـدارەکان هێرشـــدەکەنە ســـەر شـــار و بـــەوەش شـــڵەژا. پێشمەرگەیەکی زۆر کەم لەشاردا بوو، هەر چەند خولەکێک هەواڵێکیان بۆ دەهێنـاین و دەیـانگوت سـوپا و سـوپای پاسـداران دەیانـەوێت بـێن و شـار داگیربکەن. ناچار بووم پێشمەرگەکانی شورا نزیکەی سێ کـاتژمێر لـە شار دور بخـەمـەوە و بچینـە گونـدی "گوێـک تـەپـە"، بـەڵام ئۆقرەمـان نـەگرت و کـاتژمێر سـێی بـەیانیی گەڕاینـەوە. لـە چـوارچرا و دەوروبـەری شـورای نیزامیی کەمینمان دانابوو. دوای تەواوبوونی نوێژی بەیانیی و دەرکـەوتنی زەردەی خۆر، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی بە ساڵداچوو لـە مزگەوتەکانـەوە خۆیـان گەیانـدە چـوارچرا و هـەر کـە چاویـان بـە ئێمـە دەکـەوت، دەسـتیان بـەرەو ئاسـمان بـەرزدەکردەوە و بـۆ تەندروسـتیی پێشـمەرگە دەپاڕانـەوە. بەشـێکیان دەگریـان و ئێمـەیان لـە ئـامێز دەگـرت و دەیـانگوت: (خـودا مەحفوزتـان بکات.). دیمەنێکی بەهەست و خەفـەتبار و سامناک بـوو، ئـەو خەڵکە خاوەن ئەزمونە، ساڵانی پێشویان بەبیردەهاتـەوە و بۆ چارەنوسـی خۆیان و ماڵ و منـاڵیان و نـەتەوەکـەیان بە پەرۆش بوون.

کـات بـە پەلـە تێدەپـەریی و خـۆر تـەواو دەرکـەوتبوو. چاوەڕوانی هـاتنی سـەرگورد عەباسـییم دەکـرد کـە بچـین لـەگـەڵ فـەرمانـدار و فـەرمانـدەی سـەربازگە وتـووێژ بکـەین، بـەڵام نـەهات. لەبەرئـەوە پێشـمەرگەکانم لـە چـوارچرا و بـەردەرگای فەرمانـداریی دامەزرانـد و لـەگـەڵ دوو پێشـمەرگە چوومـە قـاتی دووەمـی فـەرمانـداریی و بـە دروسـتیی کـاتژمێر 08:00 لـە دەرگای حەسەن باباتاهریم دا و چوومە ژورەوە. باباتاهری واقی وڕما و بە شێوەیەکی ترسناک چاوی تێبـڕیم و هەستایە سەرپێ. بە ئارامیی سڵاوم لێکرد، کاتێک زمانی ئارام و سیمای ڕونـاکی منـی بینـی، هاتـەوە سـەرخۆ و بـە گـەرمیی پێشـوازیی لێکـردم. گـوتم کـاتژمێر هەشـتە. تەلـەفۆنی بـۆ

فەرماندەی سەربازگە کرد، کەچی ئەویش ئامادە نەبوو بێت و بەشداریی کۆبوونەوەکە بکات.

لە فەرمانداریی دەرچووم، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە دەوروبەری چوارچرا و شورای نیزامیی کۆببوونەوە. لەگەڵ پێشمەرگەکان چووینەوە شورای نیزامیی و وەک ڕۆژانی پێشو، هەر کەسە و ئەرکی خۆی گرتە ئەستۆ. محەمەد زەنگەنە و حامید غەوسە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی پەلەکانیان هاتن، پێمڕاگەیاندن کە تا ئەو کاتەی شار لە دەست ئێمەدا بێت، نابێت بێ چەک لە شاردا بسوڕێنەوە و ئەو مەسەلەیە بە هەموو پێشمەرگەکانی شورا و هێزی پێشەوا ڕابگەیەنن کە کاتی هاتنەوەیان بۆ ناو شاری مهاباد، بڵێن پێشمەرگەی شارەوانیین و ئەرکی ئاسایشی شار بەڕێوەدەبەن.

ڕۆژی 1359/5/22 سەرگورد عەباسی بە بێ چەک هاتەوە شورای نیزامیی. تەنانەت دەمانچەکەشی لەخۆی کردبووەوە. گوتی پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی بڕیاریداوە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی باڵای حیزبی بەسەر سێ ناوچەدا بەشبکرێن و لەژێر بەرپرسایەتی سێ ئەندامی دەفتەری سیاسیدا بە کوردستاندا بڵاوببنەوە و بڕیاریانداوە تۆش لەگەڵ مەلا عەبدولڵا بچیت بۆ ناوچەی سنە و هەورامان و منیش تا تۆ دەگەڕێیتەوە لە دەفتەری سیاسی دەبم و کاری هێزەکان بەڕێوەدەبەم.

## حیزبی دیموکرات بەرپەرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە دەداتەوە

دوای هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر شارەکانی سنە، سەقز، مەریوان، بانە، شنۆ و ناوچەی قوتور لە بەهاری ساڵی 1359 دا و جیابوونەوەی کەمایەتییەک لە حیزبی دیموکرات بە ناوی "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" و گەورەبوونی کێشە لەنێوان حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی گەلاوێژدا دووەم پیلینۆمی خۆی لە گوندی "داغە" لە ناوچەی مەنگوڕایەتی مهاباد پێکهێنا. لەو پیلینۆمەدا بڕیاردرا کە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و پوچەڵکردنەوەی هەڕەشەکانی حیزبی تودە و بوژاندنەوەی ورەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و خەڵکی گوندەکانی ژێردەسەڵاتی پێشمەرگەکان لە بەرامبەر هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییدا، بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیرانی باڵای خۆی دابەشبکات بەسەر سێ گروپدا و هەر گروپەی بە سەرۆکایەتی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی ڕەوانەی هێز و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوەند و باکور و باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات. لەگەڵ کۆتاییهاتنی ئەو پیلینۆمەدا، شورای نیزامیی حیزب ئارپیجی 7 تێکی دەستکردی تاقیکردەوە کە "مەحمودیی" تێکنیککاری شورای نیزامیی بە کەرەسەی خۆماڵیی دروستیکردبوو. ئارپیجییەکە تەقەی کرد، بەڵام پێشمەرگە تەقەکەرەکە "عەلی دووکچی"، لە بەرامبەر زەبری ئارپیجییەکەدا خۆی بۆ ڕانەگیرا و کەوت، بەڵام زیانی پێنەگەیشت. لەو تاقیکردنەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئارپیجییە بۆ تەقە پێکردن نابێت. ئەمیر قازی دوای تاقیکردنەوەی ئەو ئارپیجییە دەستکردە، سەرسوڕمانی خۆی ڕاگەیاند و گوتی: **(نازانم مەبەستی دوکتۆر قاسملوو لە دروستکردنی ئارپیجی چیە! چونکە هەر ئێستا دەیان ئارپیجی لە عەمبارەکانی حیزبدا هەن و هێشتا لە ڕۆن دەرنەهاتوون.).**

بە هەر حاڵ، بەگوێرەی ئەو بڕیارە، مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە لەگەڵ کەمال دەباغی، مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەرهەنگ قادری، عوسمان ئەسراری

و حامید گەوهەری بۆ باشوری ڕۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەکانی سنە و مەریوان و هەورامان دیارییکران و بڕیار وابوو کە فەرەیدون میتران بەرپرسی ڕێکخراوی هەورامان لەوێ لەگەڵ گروپەکەدا بێت. جەلیل گادانی لەگەڵ ئەبوبەکری هدایەتی، سەرهەنگ ڕەبیعی، مەلا حەسەن شێوەسەڵی، تاهر عەلیار، عەبدوڵا ئەمینی، سەید عیزەتی پارسا و بوورجی لەگەڵ پەلێک پێشمەرگە کە مەلا خدری کانیزەردی سەرپەلیان بوو بۆ باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەکانی ورمێ، سەڵماس و ماکۆ و مستەفا هیجری لەگەڵ قادر عەبدی، ڕەحمان کەریمی و چەند کەسێکی تر بۆ ناوەندی کوردستان و ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، سەردەشت، بۆکان و بانە دەستنیشان کران.

ڕۆژی 1359/5/24 (1980/8/15) گروپی ئێمە لە گوندی "کاوڵانی خواروو" لەسەر ڕێگای مهاباد بۆ سەردەشت کۆبووەوە و دوای بارکردنی چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکانی تر لەگەڵ دوو پەل پێشمەرگەی شورای نیزامیی بە سەرۆکایەتی سەید محەمەدی زاواى مەلا ڕەسوڵ و ناسری پیرانی بە گوندی "کیتکە"دا بەرەو بۆکان بەڕێکەوتین. ڕۆژێک بەرلە ڕۆیشتنمان بە خالید ڕەزازادە و پێشمەرگەیەکی ترم گوت کە تا گەڕانەوەم لەگەڵ سەرگورد عەباسیی بن و لێی جیانەبنەوە، بەڵام دوابەدوای ڕۆیشتنی من سەرگورد عەباسی بەو دوو پێشمەرگەیەی دەڵێت: پێویستم بە ئێوە نیە و بچن خەریکی کاروباری خۆتان بن.

لە بۆکان لەسەر داوای حوسێن مەدەنی بەرپرسی ڕێکخراوی بۆکان، ڕۆژی 1359/5/25 (1980/8/16) بەشداریی ڕێوڕەسمی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتمان کرد و ئێوارەی ڕۆژی 1359/5/27 لەگەڵ سەید ڕەسوڵ دهقان "بابی گەورە" لە بۆکان دەرچووین. شاری سەقز و جادەی سەقز بۆ دیواندەرە لەژێر کۆنترۆڵی سوپای ئێراندا بوو. لەبەرئەوە کاروانەکەمان بەژێر چیای "ناڵەشکێنە"دا بەرەو ڕۆژهەلات و لەمپەری "ساروقامیش" ڕۆیشت و لە نزیک گوندی "ئاخبلاخ" بەرەو باشوری ڕۆژهەلات پێچی کردەوە و لە گوندەکانی "یەکشەوە"، "قەلەندەر" و "جانبلاخ" تێپەڕی و بەرلە گەیشتنمان بۆ گوندی "تاوەقڕان" وەستاین تا کاروانەکەمان بەسەربکەینەوە، کە بۆمان دەرکەوت کەمال دەباغی و سێ پێشمەرگە

نەهاتوون. کەوتینە ڕاوێژکردن و من و ناسری پیرانی و دوو پێشمەرگەی تر گەڕاینەوە و دوای بیست خولەک کەمال و پێشمەرگەکانمان دۆزییەوە. ڕێیان ونکردبوو، چاوەڕوان بوون کەسێک بەشوێنیاندا بگەڕێتەوە.
کاتژمێر پێنجی بەیانیی ڕۆژی 1359/5/28 گەیشتینە گوندی "ئالْکەلۆ". بە تەنیشت گوندەکەدا شۆڕبووینەوە بۆ سەر چۆمی سەرشیو کە لەنێوان ئەو گوندە و جادەی سەقز بۆ دیواندەرە دایە. لە پەڕینەوەدا ئوتۆمبێلە بارهەڵگرە سەربازییەکەمان لە ناو ڕوبارەکەدا چەقی. ئاسۆ ڕوناک ببوو، زۆری نەمابوو کە یەکە سەربازییەکان بێن و کۆنترۆڵی جادەکە بکەن. ئێمە کەمتر لە چوار کیلۆمەتر لە مۆڵگەکانی دوژمن لە سەقزەوە دور بووین. بیرمان لە دابەزاندنی باری بارهەڵگرەکە دەکردەوە، بەڵام بە شارەزایی شۆفێرەکە، بارهەڵگرەکە لە ئاو ڕزگاری بوو. شۆفێری بارهەڵگرەکە پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بوو. بارهەڵگرەکە ڕاکێشەرێکی "وینچ" هەبوو، وایەری وینچەکەی کردەوە و لە بنەدارێکی بەست و گەڕایەوە ناو بارهەڵگرەکە و بە خستنەگەڕی وینچەکە، وایەرەکە کۆبووەوە و بارهەڵگرەکەی بەرەو بنەدارەکە ڕاکێشا و لە ئاو و لیتەی چۆمەکە دەریهێنایەوە.
کاتژمێر 07:20 لە جادەی سەقز بۆ دیواندەرە پەڕینەوە و دوای ماوەیەکی کورت گەیشتینە گوندی "تالْەجار". لەوێ ئەنوەر خانی سوڵتانپەنا زۆر بە گەرمیی پێشوازیی لێکردین. شەوی 1359/5/29 لە ماڵی ئەنوەرخان ماینەوە و ڕۆژی دوایی، کاتژمێر 14:00 ماڵئاواییمان لێکرد و کەوتینەوە ڕێ. نزیکەی 70- 80 کیلۆمەترمان بڕیبوو. ئێوارە بوو کە ئوتۆمبێلەکانمان بەجێهێشت و بە بناری چیاکاندا سەرکەوتین و چووینە گوندی "کان نعمەت". بەرەبەرە تاریک دەبوو، ویستمان هەندێکی تر بڕۆین و دواتر لە جێیەک بارگە بخەین. لە نزیک گوندی کان نعمەت توشی کابرایەک بووین و لێمانپرسی تا گوندی دوایی چەند ڕێیە؟ کابرا چەناگەی بەرزکردەوە و گوتی: (ئەمەتا دوو گوندی "بەردەڕەشە" و "دووپلورە" لێرەن.). ئێمە کاتژمێرێکمان بۆ دانا، کەچی نزیکەی حەوت کاتژمێری گرت، شەو لە نیوە تێپەڕی ئێمە گەیشتینە گوندی هەنجیران.

ڕۆژی 1359/5/31 هەنجیرانمان بەجێهێشت و بە دەشتی "بێلۆ و بەردەڕەش"دا چووینە گوندی "دەرە تفێ" کە تۆفیق قادرزادە "عەلی مەریوانی" بەرپرسی پێشمەرگەکانی دەستەیەک لە لکی مەریوان لەوێ بوو. شەو لە ماڵی تۆفیقماینەوە و ڕۆژی دوایی بە گوندەکانی "وەلەژێر و وشکێن"دا گەیشتینە گوندی "دزڵی" کە ناوەندی ڕێکخراو و لکی مەریوان بوو. کاتژمێر 15:00 بوو، سەعید ئەفشار لە تەنیشت جادەکە لەگەڵ دوو بەرپرسی کۆمەڵە و چریکی فیدایی کۆبووەوە و خەریکبوون پلانیان بۆ لێدانی سوپای ڕزگاریی دادەڕشت، بەڵام ئێمە لێمان هەڵوەشاندەوە.

ئێوارەی ڕۆژی 1359/6/1 گروپەکەمان بە سەرۆکایەتی مەلا عەبدوڵا و بەشداریی فەرەیدون میتران کۆبووەوە. فەرەیدون یەکێک بوو لە ئەندامانی گروپەکەمان و لە نەوسودەوە هاتبوو. لەو کۆبوونەوەیەدا مەلا عەبدوڵا داوای لێکردین کە هەریەکەمان بەرنامەیەک بۆ کارە پێڕاسپێراوەکەمان بنوسین و سبەینێ ئێوارە بیخەینە بەرباس و پلانێک بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ هێز و ڕێکخراوەکانی سنە و مەریوان و هەورامان پەسەند بکەین. ڕۆژی 1359/6/2 کۆبووینەوە، مەلا عەبدوڵا داوی بەرنامەکانی لێکردین، جگە لە من و مەلا عەبدوڵا، کەس لە هاوڕێکانمان بەرنامەیان بە نوسراو ئامادە نەکردبوو، مەلا عەبدوڵا بەرنامەکەی خۆی و منی کردە هەوێنی باسەکان و دوای دەوڵەمەند کردنیان بە پێشنیازی جۆراوجۆر، شوێنی کاری هەریەکێک لە ئەندامان دیارییکرا. مەلا عەبدوڵا ناوچەی سنەی بۆ خۆی هەڵبژارد. مەلا ڕەسوڵ، سەرهەنگ قادری و عوسمانی ئەسراری بەرپرسیاریی مەریوانیان وەرگرت و من و کەمالی دەباغی بۆ ناوچەی هەورامان دیارییکراین کە فەرەیدون میتران بەرپرسی ڕێکخراوەکەی و کەریم پورقوباد فەرماندەی هێزی بوو.

لە کۆبوونەوەکەدا بووین کە ڕادیۆی کوردستان "ڕادیۆی حیزبی دیموکرات" هەواڵی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسی و ستوان ئەحمەد چەڵەبی و مەحمود ساڵحی پاسەوانی ئینتزاماتی شاری مهابادی ڕاگەیاند. بە بیستنی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە، من ڕۆژژمێرەکەم لە باخەڵم دەرهێنا و گوتم "دەربەندی" سەرگورد عەباسیی تیرۆر کردوە. مەلا عەبدوڵا بە بیستنی ئەو قسەیەی من، واقی وڕما و پرسی چۆن؟ منیش مەسەلەکەم بۆ

باسکردن. لە بەشی **"سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی تیرۆر کرا"** دا ئاماژە بۆ چۆنیەتی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسیی و ئەو دوو لایەنگرانەی حیزبی دیموکرات دەکەم.

بە هەر حاڵ دوای پەسەندکردنی پلانی خەبات و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارییەکان لە دزڵی، سەید ڕەسوڵی بابی گەورە گەڕایەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و ئێمەش بڕیارماندا هەموو پێکەوە بچینە ناوچەی سنە و لە گوندی "تەوریوەر" سەردانی کۆمیتەی شارستانی سنە و هێزی سنە بکەین، مەلا عەبدولا لەوێ بەجێبهێڵین و بگەڕێینەوە شوێنی بەرپرسیاریی خۆمان. من و ناسری پیرانی و دوو پێشمەرگە لە جیپێکدا بووین، ناسر ئارپیجییەکی پێبوو کە لەسەرپێ بوو، بە هەڵبەزینەوەی ئوتۆمبێلەکەمان، گوللەکەی تەقییەوە و میچی ئوتۆمبێلەکەی دڕی و ئاگری پشتیشی، ئاسنی ژێر ئوتۆمبێلەکەی کونکرد، بەڵام زیانی بە ئێمە نەگەیاند.

بەرلە گەیشتنمان بۆ تەوریوەر، ئاگاداریان کردین کە ڕژێم خۆی ئامادەکردووە لە کامیارانەوە بێت و ناوچەکە بگرێتەوە و پێگەیان لێ دابنێت. لەبەرئەوە ئێمە سەرەتا چووینە "زەمانگریوە" کە لەوێ چاومان بە شاپوور فیروزی و پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بکەوێت. لە زەمانگریوە کۆبووینەوە و لەسەر داوای شاپوور فیروزی بڕیاردرا من لەگەڵ شاپوور و چەند پێشمەرگەیەک بچم و چەند مینێک لەسەر ڕێگەی هاتنی دوژمن بچێنین. ئێوارەی ڕۆژی 1359/6/3 چووین و لە دوژمن نزیک بووینەوە و لە جادەی ژێر ئاویی "زیویە و میرسوورئاو" سێ مینی تانک و ئوتۆمبێلمان چاند و پێشمەرگەکان ناوچەکەیان خستە ژێر چاودێرییەوە. لەگەڵ شاپوور گەڕامەوە و شاپوور کۆمەڵێک پێشمەرگەی تری لەگەڵ خۆی بردە ئەو شوێنەی کە دیارییانکردبوو، ئێمەش بەرەو "تەوریوەر" کە ناوەندی هێز و ڕێکخراوی سنە بوو، کەوتینە ڕێ. بە ڕاپۆرتی شاپوور و پێشمەرگەکان، دوژمن ڕۆژی 1359/6/4 گەیشتبووە ناوچەکە و دووان لە مینەکان تەقیبوونەوە، بەڵام مینی سێیەمیان دۆزیبووەوە، زیانی دوژمن بۆ ئێمە ڕون نەبوو. لەوێوە دوژمن بەرزاییەکانی "شیرین سوار"ی داگیرکردبوو،

بەڵام پێشمەرگەکان لە ڕۆژی 1359/6/6 لە گوندی "میسوراو"ەوە هێرشیان بۆ کردبوون و پێگەکەیان گرتبووەوە.

سەید عەلی ڕەحمانی بەرپرسی ڕێکخراوی سنە و قاسم حوسێنی فەرماندەی هێزی شەریفزادە بوو. پێشتر ئاماژەم بۆ ناوی سەید عەلی کرد. قاسم حوسێنی "شاهۆ" پێشتر ئەفسەری ژاندارمەریی بوو، هاوکات لە شەڕی 24 ڕۆژەی سنە، لەلایەن لایەنگرێکی حیزبەوە بەناوی "عەینەدین زیایی" دادوەری دادگای مهاباد کە خوشکەزای قاسم بوو، بە شورای نیزامیی ناسێنرا، چونکە بە بریندار بوونی مەلا محەمەدی جوانڕۆ، هێزی شەریفزادە فەرماندەی هێزی نەبوو، ئەو کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە. قاسم حوسێنی لە پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی تیشکدا کە ڕۆژی 2007/8/16 بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیموکرات ئامادە کرابوو، ڕایگەیاند لە شەڕی پاوەدا لەگەڵ زولفەقاریی بووە. زولفەقاریی سەرۆکی کۆمیتەی سەر بە ڕژێمی ئیسلامیی و هەڵایسێنەری شەڕی پاوە بوو.

بە هەر حاڵ دوو شەو لە تەوریوەر ماینەوە و ڕۆژی 1359/6/7 لەگەڵ مەلا ڕەسوڵ، سەرهەنگ قادری، فەرەیدون میتران، عوسمان ئەسراری و کەمال دەباغی و پێشمەرگەکان گەڕاینەوە دزڵی. من و کەمال دەباغی لەوێ هەڤاڵانمان بەجێهێشت و لەگەڵ فەرەیدون میتران چووینە نەوسود کە ناوەندی ڕێکخراو و هێزی شاهۆ بوو. لە سەرەتای گەیشتنمان بۆ نەوسود لەگەڵ پێشمەرگەکانی ناوەندی هێز کۆبووینەوە و دواتر سەردانی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆمان لە"نەودشە" و "هانەگەرمەڵە" کرد. لەگەڵ کەریم پورقوباد چوومە ناوچەی "بەلەبزان" و پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی شاهۆم بەسەر کردەوە کە "سابیر ئێناخی" سەرلکیان بوو. هەروەها لەگەڵ سێ پێشمەرگە چوومە ناوچەی "مەڕەخێڵ" و لە نزیکەوە چاوم بە "خاڵە یارە" و "فەرەج شەمشیریی" و کۆمەڵێکی زۆر جاشی عێراق کەوت کە لەناو دۆڵێکدا لە نزیک مەڕەخێڵ دەمانەوە. سەرەڕای پێشوازیی زۆر گەرمیان، ڕەخنەیان لێگرتم و گوتیان: **(ئێمە خۆمان بە پێشمەرگەی حیزب دەزانین، کەچی جگە لە جەلیلی گادانی هیچ بەرپرسێکی حیزبی دیموکرات لێی نەپرسیوینەتەوە.)**. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ژمارە زۆرە چەکی ڕژێمی بەعسیان پێبوو، بە فەرمانی ئیستخباراتی عێراقیش

دەجوڵانـەوە، بـەڵام ئامـادەبوون فـەرمانـەکانی حیـزب جێبەجێبکـەن. لـەو دیدارەمـدا پلانـێکم بـۆ دارشـتن کـە بچـن لـە پێگەیـەکی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیی بدەن. شەوی دوایی هـەموو بـە یەکـەوە چوون و زەبـری قورسیان لە پێگەی "گەزەن" وەشاند. دوای ئەو دیدارەم کە چوار کـاتژمێری خایانـد، سـەرۆک جاشـەکان بـە تـاک و دوو دوو هاتنــە لام و پێشـنیازیان کـرد کـە ئەگـەر ڕازیـی ببـین، چەنـد سـندوق فیشـەکی برنـو و کالاشـنیکۆفمان بـۆ دەهێننە نەوسود، دواتر بەڵێنەکەشیان بەجێگەیاند.

لەگـەڵ ئـەو چالاکییانـەماندا لـە نـەوسود، نەودشـە، "شۆشـمێی سـەروو"، هانەگەرمەڵـە و "دزاوەر" خـەڵکمان کۆکردەوە و سیاسـەتی ڕژێمـی کۆمـاری ئیسلامیی و بەعسی عێراقمـان سـەبارەت بـە گـەلی کـورد بـۆ ڕونکردنـەوە و گوێمـان لـە ڕەخنـە و پێشـنیازەکانیان گـرت. کـادیر و پێشـمەرگەی مهابـاد لـەوێ زۆر جێگـەی ڕێـزی خەڵکەکـە بـوون. کاتێـک لـەسـەربانی ماڵـەکانی شۆشمێی سەروو لـەسەر هێڵی سنوری دەستکردی کوردستان لە نێوان عێراق و ئێراندا، باسی تاوانـەکانی ڕژێمی بـەعسم کرد لـە کوردستاندا، خـەڵکەکـە دروشمی بژی حیزبی دیموکراتیان دەکوتەوە.

ڕۆژی 1359/6/13 لەگـەڵ کـەریم پورقوبـاد، فەرەیـدون میتـران، کـەمال دەباغی و کەمال دشەیی "معاون کەمال" و مەلا ڕەحمان نوریـاویی و چەنـد پێشـمەرگەیەکی تـر چووینـە سـەر کـەلی "شەمشـی" کـە لـەوێوە بـە تـۆپ پێگـەکانی دوژمـن تۆپبـاران بکـەین. کـەریم لـەوێ تـۆپێکی 105 میلیمـی دانابوو، هەندێک جار بەگوێرەی پێویست پێگە و ناوچـەکانی ژێردەسـەڵاتی دوژمنــی پــێ تۆپبــاران دەکــرد. ئــەو ڕۆژە کــەریم و چەنــد پێشــمەرگەیەک چوونە لای تۆپەکە و ئێمەش لە بناری کەلەکە لە ناو چیایەکی بەردەڵانـدا بـە دەزگایەکی بێسیم دیدەوانیمان بۆ دەکرد. بەر لەوەی کە بگەینە شوێنی مەبەسـت، مـەلا ڕەحمـان بـە گـوێی ئێمەیـدا دەخوێنـد کـە نـەترسین و هـیچ شتێک بەبێ ئەمری خوا نابێت و ئەگەر ئەجەلمان نەهاتبێت، تۆپی دوژمـن کارمان لێناکات. من بـە تـەنیا چوومـە سـەر لوتکەیـەک و لـەناو کۆمـەڵێک بەرددا خۆم شاردەوە، کەمال و فەرەیدون و مەلا ڕەحمانیش لـە خـوارەوەی مـن چوونـە نـاو کۆمـەڵـە بـەردێکی تـرەوە. کـەریم سـێ گوللـە تـۆپی بـەرەو "کەلەقەنـدی" تـەقانـد. چیـای کەلەقەنـدی زۆر لـەو جێیـە بـەرزتر بـوو کـە

کـەریم تـۆپی لـێ دامەزرانـدبوو، لەبەرئـەوە ئێمـە لـەژێر دیـد و چـەکی دوژمنـدا بـووین و بـۆ ئێمـە دیارنـەبوو کـە گوللـە تۆپـەکانی کـەریم لـە کوێ دەکەون. دوای سێیەم گوللـە، دوژمن شوێنـی ئێمەی دۆزییەوە و بـە خـەستیی ئێمـەی خۆمپارەباران کرد و وزەی لـە ئێمـە بڕی. گوللـە خۆمپارەکانـی دوژمن لـە چیا بـەردەڵانەکـەی ئێمـە دەکەوتنـەوە و لـە جیـاتی چەنـد پزیشکێک، سـەدان پزیشـکی ئاسـن و بـەردیان بـە چیاکـەدا بڵاودەکـردەوە. زۆری نەخایانـد کـە کـەمال و فەرەیـدون و مـەلا ڕەحمـان شـوێنەکەی خۆیـان بەجێهێشـت و ڕایـانکردە پشـت تەپۆڵکەیەکـەوە کـە لەسـەر جـادەی نێـوان نەوسـود و "نەودشـه" و دزڵـی بـوو. بـە ڕاسـتیی دەرچوونیـان لـەو هەلومەرجـەدا کـارێکی زۆر ترسـناک بـوو، بـەڵام بـەبێ زیـان خۆیـان دوورخستـەوە و ئەگـەر لـەو جێیـە دەرنەچوونایـە، گوللـە خۆمپارەیـەک کـە دوای ئـەوان کەوتـە سـەنگەرەکەیانەوە، کۆتـایی بـە ژیـانی هـەر سێکیان دەهێنـا. خۆمپارەبـارانی دوژمـن نزیکـەی بیسـت خولـەکی خایانـد، لەبەرئـەوەی کـە لـە لایـەن ئێمـەوە تەقـە وەستابوو، ئـەوانیش تەقـەیان ڕاگرت. دوای وەستانی تەقە، من سەنگەرەکەم بەجێهێشت و بەرەو کەمال و فەرەیدون چووم. بینیم دوژمن پێبەپێی پاشەکشەی کـەمال و هاوڕێیـانی بـە گوللـەی خۆمپارە لـە جادەکـەی داوە. لـە جادەکـە لامدا و ڕوم لـە بنـاری لای ڕاستی جادەکـە کـرد کـە بەسـەر گونـدی "دزاوەر" و "هانەگەرمەڵـە" و دەشتی شـارەزوردا دەیڕوانـی. لـە قـەراخ جادەکـە گـوێم لـە دەنگـی مـەلا ڕەحمـان بـوو، بـەرەو دەنگەکـە چـووم، بینـیم لەگـەڵ فەرەیـدون و کـەمال و هاوڕێیانی و کۆمەڵێکی تر لە ئەشکەوتێکی بچوکدا وەستاون و دەڵێت: **(برا ئەو تۆپانەی دوژمن خوا ناناسن و پیاو نابێت خۆی لەبەریان ڕابگرێت!).**

لەو چالاکییەدا ئێمە زیانمـان پێنەگەیشت، وا دەردەکـەوت کـە دوژمنـیش بـێ زیـان بـوو، چونکـە تـۆپ لـەو ناوچەیـەدا ناتوانێـت زیـان بـە لوتکـەی کەلەقەنـدی بگەیـەنێت. تـۆپ چـەکی دەشـت و بیابانـە و پشـت لوتکـەی کەلەقەندی ناگرێتەوە. چەکی شیاو بۆ چیاکـانی هـەورامان خۆمپارەیـە کـە وەک لولە کورە لـە ئاسمانەوە دێتە خوارێ و دەچێتـە نـاو سـەنگەر و قوڵکـە و سەر و ژێری بەرزاییەکان دەدۆزێتەوە.

هەروەها من و مەلا ڕەسوڵ لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێمان و کۆمەڵێک پێشمەرگەی لکی مەریوان لەگەڵ سەعید ئەفشار چووینە سەر پێگەیەکی دوژمن لە قەراخ شاری مەریوان و بە چەکی سوک و قورس لێماندا، بەڵام بە زیانی دوژمنمان نەزانی. سەعید ئەفشار بە دەستی برینداروەوە بەشداریی ئەو شەڕەی کرد و لە پێشەوەی هەمووماندا بە دەستی چەپی و بە دەمانچە تەقەی لە پێگەی دوژمن دەکرد.

ڕۆژی **1359/6/29** بەپێی بڕیار گەڕاینەوە "تەوریوەر" و لەگەڵ مەلا عەبدوڵا کۆبووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەکەمان ڕاپۆرتی چالاکیی ناوچەکانی خۆمان ئاڕاستە کرد و بڕیارماندا تەیفور بەتحایی و دوکتۆر حوسێن خەلیقی کە لایەنگرییان لە حیزبی دیموکرات دەکرد و نەیاندەتوانی تێکەڵاوی ڕێکخراوی سنە بن و لە ناوچەی پێشمەرگەکاندا دەسوڕانەوە، ڕەوانەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بکەین کە لەوێ کاریان پێبسپێرن. هەروەها باباعەلی مێهرپەروەر لە مەریوان ڕایکردبوو، بەڵام سەعید ئەفشار و پێشمەرگەکانی مەریوان بەو تاوانەی کە لە ڕژێمی پێشودا سەرۆکی حیزبی ڕەستاخیز بوو لە مەریوان، ئامادە نەبوون لە حیزبدا ڕایبگرن، لەبەرئەوە بڕیارماندا کە ئەویش ڕەوانەی دەفتەری سیاسی حیزب بکەین.

ڕۆژی **1359/6/31** لە گەڕانەوەماندا بۆ دزڵی دوو فڕۆکەی سیخۆی ڕوسییمان بینی کە زۆر نزم بەرەو ئێران دەفڕین. دوای گەیشتنەوەمان بۆ دزڵی بیستمان کە عێراق هێرشی کردووەتە سەر ئێران و شەڕ لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەڵگیرساوە. لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەو شەڕە دەکەم.

چەند ڕۆژێک دوای گەڕانەوەمان بۆ نەوسود لەگەڵ فەرەیدون و کەریم و کەمال دشەیی دانیشتبووین، کەسێک بە ناوی حاجی "کەریم گەڵاڵی" هات و گوتی دەمەوێت حامید گەوهەری ببینم. لەگەڵ حاجی کەریم چوومە ژورێکی چۆل و گوتی: **(دوکتۆر حەسەن جاف چل سندوق فیشەکی ئارپیجی 7، چل سندوق فیشەکی بڕنو، چل سندوق فیشەکی کالاشنیکۆف و چل هەزار دینار پارەی بۆ دانایوت، ئەگەر ڕازیی بیت، دەچم دەیانهێنم.)**. بۆ ئەوەی کە وەڵامی بدەمەوە، چوومەوە لای هاوڕێیانم و مەسەلەکەم بۆ باسکردن. لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە حاجی کەریم ئەو دیارییانە بباتە

"هانەگەرمەڵە" و لە ماڵی فەرەیدون دایانبنێت. حاجی کەریم ئێمەی بەجێهێشت و دوای دوو ڕۆژ گەڕایەوە و گوتی: **(دوکتۆر حەسەن پێیخۆشە جەنابت ببینێت و دیارییەکانیشت پێشکەش بکات.)**. من ڕازیی نەبووم ناوبراو ببینم و ئەویش بەڵێنەکەی نەبردەسەر.

ڕژێمی عێراق بە هەموو هێزیەوە خەریکی کڕینی ئەندامانی حیزب و بەتایبەتیی ئەندامانی بەشی سەربازیی حیزب بوو. بە شێوەی جۆراوجۆر پەیوەندیی بە فەرماندەی هێزەکان و سەرلکەکان، تەنانەت فەرماندەکانی هێزی بەرگریی حیزبی دیموکراتەوە دەکرد و بە پارە و چەک دەیکڕین. لەو بوارەدا چەند فەرماندەیەکی هێزی حیزبی دیموکرات کێشەی مەزنیان بۆ ساز بوو. سەروان حاتەم و سەرهەنگ سمکۆ عەلیار دوو نمونەن لەو فەرماندە هێزانەی کە بە فەرمانی دوکتۆر قاسملوو سکرتێری حیزبی دیموکرات چوونە عێراق و چەک و پارەیان بۆ حیزب هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوکتۆر قاسملوو لە بەرامبەر ڕای گشتیی پێشمەرگەکاندا پشتیانی نەگرت، تەنانەت بۆ ئارام کردنەوەی ڕای گشتیی و بەستنی زاری نەیارانی، لە بەرپرسایەتیش دووریخستنەوە.

بە هەر حاڵ ئێمە ڕۆژی 1359/8/1 سێیەم کۆبوونەوەی گروپەکەمان لە دزڵی کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەمان بۆ چالاکییەکانمان کرد و پەنجەمان بۆ چالاکییەک ڕاکێشا کە بەگوێرەی بڕیار و ناوی نهێنی "چەپکە گوڵێکی سورت پێشکەش دەکەم" ڕۆژی 1359/7/18 (1980/10/10) لەسەر پێگەی پردی "دواوان" کردمان، لە جێی خۆیدا ئامادە بۆ ئەو چالاکییە دەکەم.

لەو کۆبوونەوەیەدا مەلا عەبدوڵا گوتی پێویستە بگەڕێمەوە دەفتەری سیاسی و پێمخۆشە حامیدیش لەگەڵ من بگەڕێتەوە. ڕۆژی 1359/8/4 لەگەڵ مەلا عەبدوڵا بە سوای تراکتۆرێک بە دەشتی شلێردا گەڕاینەوە بۆ ناوچەی سەقز و لەوێوە چووینە بۆکان. لە بۆکان میوانی حوسێن تەهایی ئامۆزای باوکم بووین. هاوسەرەکەم بەهۆی شەهیدبوونی سلێمان سەرخانیی برای و برایم بێکەسی پورزام لە شەڕێکدا کە ڕۆژی 1359/7/28 لە نزیک گوندی "کۆسەکەرێز" ڕوویدابوو، هاتبووە بۆکان و لەگەڵ مناڵەکانی لەوێ بوون. من لە بۆکان مامەوە کە جێگەیەک بۆ مناڵەکانم

بدۆزمەوە و مەلا عەبدوڵا بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی کە گواستبوویانەوە بۆ شیوێکی پشت گوندی "شیوەجۆ" لە ناوچەی سەردەشت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە لە ماوەی مانەوەمان لە هەورامان، باوک و مام و بنەماڵەی فەرەیدون میتران لە ڕادە بەدەر خزمەتی ئێمەیان کرد و پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکەش زۆر ڕێزیان گرتین و خۆشەویستییەکی زۆریان لە دڵی ئێمەدا چاند. هەروەها کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە پیلینۆمی خۆیدا لەسەر پێشنیازی مەلا عەبدوڵا دەستخۆشیی لە خەبات و تێکۆشانی من لە هەورامان کرد. ئەوەی جێگەی پەرۆشیی دواییمان بوو، ئەوە بوو کە دوای گەڕانەوەی ئێمە بۆ دەفتەری سیاسی لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و سوپای ڕزگاریی لە ناوچەی مەریوان و هەوراماندا شەڕ دروست بوو، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە شەڕەکە بەبێ زیانی گیانیی وەستا و کۆتایی پێهات.

## سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی تیرۆر کرا

دوای ڕۆیشــتنی مــن لــە مهابــاد، دەفتــەری سیاســی شــورای نیزامیــی هەڵوەشاند. بەشێک لە پێشمەرگەگانی شورا چوونە ناو هێزی پێشەواوە و دوو پەلیشیان چوونە گوندی "دێبوکر" و لە عەمباری شورا مانەوە تا من لە هەورامان گەڕامەوە. بە نەمانی شورای نیزامیی، سەرکردایەتی لەشکری 64 ی ورمێ و سەربازگەی مهاباد چەند بەیاننامەیەکیان دژی پێشمەرگە و کەسانی چەکدار بڵاوکردەوە. سەربازگەی مهاباد لە بەیاننامەی ژمارەی دووەمیدا کە لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1359/5/25 دا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاند:

**- (خەڵکی خاوەن ڕێز و بەشەرەفی مهاباد.. لەو کاتەدا کە گروپە سیاسییە نابەرپرسەکان شاری مهابادیان بەجێهێشتووە، لەوانە کەسانی هەلپەرست و دژەشۆڕش بە دانانی مین لە ناوەندە گشتییەکان و جادەکاندا، تۆوی ترس و دوودڵیی لەناو خەڵکدا بچێنن و زیانی ئابووری و جەستەیی بە خەڵک بگەیەنن و بەرپرسیاریی ئەو کارانە بخەنە پاڵ هێزە ئەمنییەکان، سوپای پاسداران یان ئۆڕگانەکانی تری حکومەت و بڵێین ئەوە ئێمە بووین کە ئەمنیەتی شارمان ڕاگرتبوو. لەبەرئەوە سەربازگەی مهاباد چاوەڕوانە کە هەر تاکێکی ئێوە ئەوپەری هاوکاریی لەگەڵ برایانی پاسدار و هێزەکانی شۆڕشی ئیسلامیی بکەن. گوێ نەدەنە پروپاگەندەی ژاراویی دژەشۆڕشەکان و خۆتان پوچەڵیان بکەنەوە. سوپا پشتیوانیی ئێوەی خەڵکی کوردە و تا دوا تنۆکی خوێنی بەختی نەتەوە و ئامانجە نەتەوەییەکان دەکات و پێویستە هەموو بنەماڵەکان بزانن کە برایانی سوپا پشتیوانیانە.).**

دوای کۆنگرەی چوارەم، دوکتۆر ڕەحیم سەیفی قازی کرا بە بەرپرسی شورای نیزامیی و دوای جیابوونەوەشی لەگەڵ ئەندامانی پەیڕەوی کۆنگرەی چوارەمدا، سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی چوارەم بوو، ئەو بەرپرسیارییەی وەرگرتەوە. عەباسی بەپێچەوانەی ڕێنوێنییەکانی دەفتەری سیاسی حیزبەکەی، دوای هەڵوەشاندنی شورای نیزامیی، لە مهاباد مایەوە و

بەشێک لە دیدارەکانی لە بینای شورای نیزامیی بەڕێوەدەبرد. ئێوارەی ڕۆژی 1359/6/1 بەبێ پاسەوانی چاودێر لەو جێیە، لەگەڵ دوو لایەنگری حیزبی دیموکرات بە ناوی مەحمود ساڵحی پاسەوانی ئینتزاماتی شاری مهاباد و ستوان ئەحمەد چەڵەبی کۆدەبێتەوە. چەڵەبی لە شەڕی سنە لە سەربازگەی ئەو شارە ڕایکردبوو. لەو کاتەدا پاسدار "دەربەندی" و پاسدارێکی تر دەگەنە سەریان و دوو دەراخ گوللەی "یوزی"یان پێوەدەنێن. سوپای پاسدارانی ورمێ لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی 1359/6/2 لە ڕۆژنامەی کەیهاندا بڵاویکردەوە، دەربارەی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسی ڕایگەیاند:

**- (لە چالاکییەکدا کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ شەممە 1359/6/1 لە لایەن گروپی شەهید "چغند" لە یەکانی "زەربەتی" سوپا لە شاری مهاباد کرا، سەرگورد عەباسی بەرپرسی چالاکییە سەربازییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سەروان ئەحمەد چەڵەبی ئەفسەری ڕاکردووی سوپا و مەحمود ساڵحی کوژران و ژمارەیەکیش پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بریندار بوون. سەرگورد عەباسی یەکێک بوو لە تاوانبارانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد لە ساڵی 1357 و پلاندارێژەری ئەو چالاکییە بوو کە چل ڕۆژ لەمەوبەر پانزە پاسداری لە "بەندی" ورمێ تیادا شەهیدکرا. لە چالاکیی کوشتنی سەرگورد عەباسی دا یەکێک لە پاسدارەکان شەهید و ئەوی تریان بە سەلامەتیی گەڕایەوە و ... تد).**

کەریم حیسامی دەربارەی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسی لە بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا لاپەڕەی 97 دەڵێت: ڕۆژی 1359/6/1 (1980/8/23) بەیانی زوو دوو پێشمەرگەی دەفتەری سیاسی پەیدابوون، نامەیەکی دوکتۆر قاسملوویان هێنابوو، دوکتۆر نوسیبووی: **(کەریم تکایە بە سەرگورد عەبباسی بڵێ، ئەو هیچ کاری لە مهاباددا نەماوە. هەقی نیە لەنێو شار بێ. هەر ئێستا بکەوێتەڕێ و بێتە ئێرە، دەفتەری سیاسی چاوەڕوانیەتی.)**. هەستام چوومە کن سەرگوردی، بەتەنیا لە شورای نیزامی دانیشتبوو. لەبەرئەوەی کە بەتەمای چوونەدەرێ بوو، کێشک و پێشمەرگەی لە شورای نیزامی نەهێشتبوو. نامەکەی دوکتۆر قاسملووم نیشاندا و گوتم: پێشمەرگەکانم ڕاگرتووە و ئێستا دەبێ برۆی، تکایە خۆت

ئامادەکە و گیرمەبە. گوتی: ( **کەریم هێندێ کارم ماوە، تەواویان دەکەم، ناوی هێندێ کەس هەیە بۆت دێنم. شتێکم دامەزراندوە، دێنم تەحویلت دەدەم و لای ئێواری دەکەومەڕێ و دەڕۆم.**). سەعات 3 ی دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان هەبوو، باس لەوە دەکرا کە بڕێک خۆ کۆبکەینەوە و سەنەد و بەڵگە و کەلوپەلی پێویست لە شار وەدەرخەین و پێشمەرگە لە بنکەی خۆیان لە ئامادەییدابن و بە چەکەوە نەسوڕێنەوە. لەپڕ تەلەفۆن زەنگی لێدا، کە هەڵمگرت یەکێک گوتی: کاک کەریم سەرگورد عەبباسی کوژرا.

دەربارەی چۆنیەتی شەهیدکرانی سەرگورد عەباسی، ڕۆژی هەینی 2008/8/19، مەلا محەمەد عەباسی پێیڕاگەیاندم: ( **نزیکەی دە خولەک بەرلە هاتنی ئەو پاسدارەی کە سەرگورد عەباسی شەهید کرد، من و شەهید محەمەد زەنگەنە لە لای سەرگورد عەباسی بووین. ئەو مەئموریەتی بە ئێمەدا کە لەگەڵ پاسدارێک بچینە ورمێ. گوتی ئەو پلانی کوشتنی مەلا حەسەنی دارشتوە و ئێوە دەبێ لە نزیک دەرگای ماڵی حەسەنی بوەستن و ئەگەر کارەکەی بەڕیوەبرد، یارمەتی بکەن کە لە شوێنەکە دوور بکەوێتەوە. محەمەد زنگەنە چوو خۆی ئامادە بکات و چونکە من لەلایەن هێزی پێشەواوە بۆ هەوشار مەئمور کرابووم، نامەیەکی بۆ سەرگورد عەلیار فەرماندەی هێزی پێشەوا نوسی. من هەستام کە بچم نامەکە بگەیەنم، کە مەحمود ساڵحی و ئەحمەد چەڵەبی هاتن و لەجێی من و محەمەد زەنگەنە دانیشتن. دوابەدوای ئەوان، پاسدارەکەش بە سندوقێک دەرمانەوە هات، سەرگورد عەباسی بە پێشمەرگە "عەلی دووکچی" گوت، دەرمانەکانی لێوەرگرە. ئەو دەرمانەکانی لێوەرگرت و ئێمە پێکەوە لە دەرگا چووینەدەر. من چوومە بنکەی هێز کەچی دەرگاکە داخرابوو، لە گەڕانەوەدا بووم کە بینیم خەڵک بە کۆمەڵ بەرەو شورای نیزامیی ڕادەکەن و دەڵێن سەرگوردیان کوشت. یەکێک لە پاسدارەکان کەوتبووە بەر گوللەی محەمەد زەنگەنە و خەڵک کەوتنە سەری و کوشتیان و ئەویتریان کە قاتڵی سەرگورد عەباسی بوو، ڕایکرد و خۆی گەیاندە بنکەی سوپای پاسداران.**).

ڕۆژی 1357/11/30 کە من بە هاوکاریی کەریم پورقوباد و چەند کەسێکی تر سەربازگەی مهابادم چەککرد، دوکتۆر قاسملوو کاتژمێر 14:00ی ئەو ڕۆژە لەگەڵ محەمەدی گادانی و سەرگورد عەباسی و چەند پێشمەرگەیەک هاتە سەربازگە و بۆ یەکەم جار سەرگورد عەباسی بە من ناساند و داوای لێکردم ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد ئاگادار بکەمەوە کە ڕایبگەیەنین سەرگورد عەباسی فەرماندەی نوێی سەربازگەی مهابادە. بەو مەبەستە تەلەفۆنم بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مهاباد کرد و ئەوانیش بڵاویان کردەوە کە سەرگورد عەباسی فەرماندەیی نوێی سەربازگەی مهابادە. سەرگورد عەباسی ئەندامی تیپی سێی مهاباد نەبوو، بەڵکوو برادەرێکی جەلیلی گادانی بوو لە تاران کە لە ئالۆزییەکانی تاراندا سوپای بەجێهێشتبوو. جەلیل لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە مهاباد کە لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا هاوکاریی حیزب بکات، بەڵام دوای چەککردنی سەربازگە هات و هیچ ڕۆڵێکی لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا نەبوو. یەکەم جار بوو کە من سەرگورد عەباسییم دەبینی و بە هۆی دوکتۆر قاسملووەوە ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیداکرد. دوکتۆر قاسملوو گوتی: (**سەرگورد عەباسی ئاشنایەتی لەگەڵ سەربازخانەی مهاباد و سەربازەکانی نیە، داوات لێدەکەم بە تەنیا نەیهێڵیتەوە و پێکەوە کارەکان بەڕێوەببەن.**). من هاوکاریی عەباسییم کرد و لەو ئاشنایەتییەوە، دۆستایەتییەکی قووڵ لەنێوانماندا دروستبوو. لە نوسینەکانی جەلیلی گادانی و مەلا عەبدوڵای حەسەن زادە لە "پەنجا ساڵ خەبات و نیو سەدە تێکۆشان" دا کە دەڵێن سەرگورد عەباسی ڕۆڵی هەبووە لە چەککردنی سەربازگەی مهاباددا، بە تەواویی دورە لە ڕاستییەوە.

سەرکردایەتی گشتیی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران ڕۆژی 1358/2/15، گروپێکی 48 کەسیی بە تاوانی چەککردنی سەربازگەی مهاباد و بەدەستەوەدانی بە بەدخوازان "ئەشرار" دایە دادگای سەربازیی. ناوی ئەو گروپە 48 کەسەی نابوو: "گروپی پلانگێڕیی عەمەلیات- گروە توطئە عملیات" و کەسی پێنجەمی ئەو گروپە سەرگورد عەباسی بوو کە تاوانی پەیوەندیی نێوان حیزب و گروپی پلانگێڕیی عەمەلیاتی لەسەر نابوو. سەرهەنگ محەمەدی سەرۆکی دادگای سەربازیی ئێران لە

دادگاییکردنێکی پاشملەدا "غیابیی"، پێنج کەسی یەکەمی ئەو گروپەی بە ئیعدام مەحکوم کرد و فەرمانی بەڕێوەبردنی حوکمەکەی بە سوپا سپارد.
بەم مەبەستە کۆماری ئیسلامیی هەوڵیدا ڕۆژی 1358/5/24 (1979/8/15) من تیرۆربکات، بەڵام سەرنەکەوت، جەعفەری برامی بریندار کرد و ڕایگەیاند: سەربازانی ئیسلام ئوستوار حامید گەوهەریان ئیعدام کرد. کەسی دووەمی ئەو گروپە ستوان سێیەم عەبدوڵا ئەفشین ڕاد بوو کە ڕۆژی 1359/1/13 لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر بە ناوی عەبدوڵا فەیزی و عومەر قەڵاجۆغەیی لە نزیک گوندی "شیناوێ"، لە جادەی میاندواو بۆ بۆکان کەوتنە کەمینی دوژمنەوە و شەهیدکرا.
بە هەر حاڵ سەرگورد عەباسی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر، خاوەن هەستی کوردایەتی، مرۆڤدۆست و زۆر پاک و خۆشناو بوو. زۆر سەرنجی بە خۆی و خۆشییەکانی ژیانی نەدەدا، بە گەرمای هاوین دەستێک بەرگی شڕ و جووتە پێڵاوێکی لاستیکی کۆنی لە پێدا بوو کە لە دوو لاوە کون بوو، لەسەر داوای من بەرگ و پێڵاوەکانی گۆڕی. کاتێک بە میوانیی دەچووە ماڵێک، تەنیا لەو خۆراکەی دەخوارد کە لەبەردەستی بوو، ئیتر دەستی بۆ خواردنەکانی تر نەدەبرد. هەرگیز لە بەرامبەر ئافرەتاندا سەری بەرزنەدەکردەوە کە تەماشایان بکات، کەمتر دەبینرا کە پارەی لە گیرفاندا هەبێت. لە کاتی خۆیدا نوێژی دەکرد و بە گەرمای هاوینی ساڵی 1359 بە ڕۆژو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە لە سوپای ئێراندا بە پلەی سەرگوردیی گەیشتبوو، بەڵام لە بواری سەربازیی و سیاسییدا زۆر کەم ئەزمون بوو. ڕۆژی 1359/2/22 کە سوپای ئێران ناوچەکانی سنە، سەقز، بانە و مەریوانی بە خوێنی لاوانی کورد سور کردبوو، دوو پێشمەرگەی هێزی پێشەوای لە دادگاییکردنێکی ئاشکرادا لە باخی "پێشاهەنگی"ی مهاباد بە تاوانی کوشتنی بازرگانێکی تورکی خەڵکی میاندواو لە 359/2/18، مەحکوم و گوللەباران کرد.
پاسدارێک سەرگورد عەباسی تیرۆرکرد کە پێشتر دوو جار لە ماوەی مانگێکدا لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە دەستگیر کرابوو، بەڵام هەردوو جارەکە سەرگورد عەباسی ئەو پاسدارەی ئازاد کرد. جارێک چوار پێشمەرگەی هێزی سمکۆ لەگەڵ ئەحمەدی عەزیزی جێگری ئەو هێزە

لە شەقامی پەهلەوی شاری مهاباد، لە دەروازەی کۆڵانی مزگەوتی سور لە لای "ناسر"ی دۆفرۆش تووشی ئەو تیرۆریستە دەبن و تێدەگەن کە هەڵسوکەوتی ئاسایی نیە. کاتی لێپرسینەوە دەبینن نەخشەیەکی شاری مهابادی پێیە. لە نەخشەکەدا فەرماندارییی، شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، نەخۆشخانەی شیروخورشید، سەربازگە و سوپای پاسداران نیشانە کرابوون. پێشمەرگەکان گرتیان و هێنایانە شورای نیزامی. من ناویم پرسی و بە پێشمەرگەکانی شورام گوت بۆ لێپێچینەوە ڕایبگرن. سێ کاتژمێری بەسەرچوو، سەرگورد عەباسی هاتە شورا و من مەسەلەکەم بۆ باسکرد، بەڵام چوو "دەربەندی" هێنایە لای من و گوتی ئەوە دۆستی خۆمانە و من پەیوەندییم لەگەڵی هەیە و کارێکم پێسپاردووە، ڕێبدە ئازادی بکەن. هەرچەندە من تێگەیشتم کە دەربەندی، سەرگورد عەباسی فریوداوە، بەڵام دەربەندیم ئازادکرد. نزیکەی دوو هەفتە دوای ئەو ڕووداوە، دوو پێشمەرگەی شورای نیزامیی حیزبی دیموکرات لە مهاباد تووشی دەربەندی دەبن و لێی بەشک دەبن. دەیپشکنن و دەبینن کارتی سوپای پاسدارانی ورمێی پێیە. دووبارە هێنایانەوە شورای نیزامیی و من وەک جاری پێشو زیندانییم کرد. سەرهەنگ قادری لەوێ بوو کە سەرگورد عەباسی هات و ئەو جارەش بە من و سەرهەنگ قادری گوت: **(دەربەندی هاوڕێی خۆمانە و مەئموریەتم داوەتێ کە مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ بکوژێت.)**. ئێمە هەر سێکمان لە دالانی شورادا وەستابووین و دەربەندیشمان لا بوو. سەرهەنگ قادری و سەرگورد عەباسیی هەر یەکەی نارنجۆکێکیان بەخۆیانەوە هەڵدەواسی، سەرگورد عەباسی سەرەتا نارنجۆکەکەی لە خۆی کردەوە و دایە دەست دەربەندی و دواتریش داوای لە سەرهەنگ قادری کرد کە ئەویش نارنجۆکەکەی بداتێ. دەربەندی هەردوو نارنجۆکەکانی وەرگرت و سەرگورد عەباسی پێی گوت چاوەڕوانیت دەکەم، لە ئێمە دوورکەوتەوە و شورای بەجێهێشت. ئەو کاتە من ناوی دەربەندییم لە ڕۆژژمێرەکەمدا نوسی و لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانیی خۆم بە سەرگورد ڕاگەیاند.

هەروەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حەسەن باباتاهری فەرمانداری مهاباد و فەرماندەی سەربازگەی مهاباد

ڕێککەوتبوو کە پێشمەرگە بە چەکەوە لە شاری مهابادا نەبێت و تەنیا ئەو چەکدارانەی کە ئەرکی ئینتزاماتیان لە شاردا بەڕێوەدەبرد مافی هەڵگرتنی چەکیان هەبێت. ئەو مەسەلەیە هەلی بۆ کۆماری ئیسلامیی ڕەخساند و دەستی تیرۆریستەکانی کردەوە کە بتوانن سەرگورد عەباسی تیرۆربکەن.

بەو جۆرە ڕۆژی 1359/6/1 پاسدار دەربەندی لەگەڵ پاسدارێکی تر کە چەکی "یوزی"یان پێبوو، بەگوێرەی بڕیار دەچنە شورای نیزامیی حیزب و خۆیان دەگەیەننە سەرگورد عەباسیی و دەبینن لەگەڵ دوو کەسی تر دانیشتووە و قسەدەکەن. دەربەندی یوزییەکەی لەژێر جاکەتەکەی دەردەهێنێت و هەرسێکیان دەکوژێت و بەگوێرەی پلان لەگەڵ تیرۆریستەکەی تر لە پەنجەرەی قاتی سەرووی شوراوە خۆیان فڕێدەدەنە خوارەوە و بەرەو نەخۆشخانەی شێروخورشید ڕادەکەن کە بچنەوە بنکەی سوپای پاسداران. دەربەندی خۆی ڕزگار دەکات، بەلام تیرۆریستە هاوڕێکەی دەکەوێتە دەست خەڵک و دەیکوژن. ڕۆژی 1359/6/2 ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات لە مهاباد بە شکۆیەکی مەزنەوە تەرمی سەرگورد عەباسی لە گۆڕستانی شاری مهاباد بە خاکی نیشتمان سپارد و کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی مهاباد و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بەشداریی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەکەیان کرد.

ئێوارەی ڕۆژی 1359/6/2 لەگەڵ ئەو گروپەی کە چووبووینە ناوچەی سنە و هەورامان لە دزڵی کۆبووبووینەوە کە ڕادیۆی کوردستان "ڕادیۆی حیزبی دیموکرات" هەواڵی شەهیدبوونی سەرگورد عەباسیی و ستوان ئەحمەد چەڵەبی و پاسەوان مەحمود ساڵحی ڕاگەیاند و گوتی: **(دوژمن بە پلانێک سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و سەروان ئەحمەد چەڵەبی و پێشمەرگە مەحمود ساڵحی شەهید کرد. یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو پلانە کوژرا و دوو کەسیشیان دەستگیرکران.)**. حیزبی دیموکرات دەقی ئەو هەواڵەی لە نامیلکەی "جنگ در کردستان، ضمیمه پنجم، تیر، مرداد، شهریور، مهر و آبان ماه 1359"دا بە زمانی فارسیی بڵاوکردووەتەوە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو هەواڵەی کە دەڵێت دووان لە بەڕێوەبەرانی پلانەکە دەستگیرکران، بە تەواویی دورە لە ڕاستییەوە و

هەروەک ئاماژەم بۆ کرد یەکێک لە تیرۆریستان کوژرا و ئەوی تریان ڕایکرد و خۆی گەیاندە بنکەی سوپای پاسداران لە مهاباد.
بە هەر حاڵ هەواڵی تیرۆرکردنی سەرگورد عەباسی و هەڤاڵانی ئێمەی تاساند و داخ و پەژارەیەکی زۆری خستە دڵمانەوە و بۆ چەند خولەکێک هەموومانی بێدەنگ کرد. لەو کاتەدا مەلا عەبدوڵا گوتی ئێمە چەند جار داوامان لێکرد کە بێتە دەفتەری سیاسی و لەوێ بێت، کەچی گوێی نەداینێ و گوتی کارێکم بەدەستەوەیە کە بەم زووانە ئەنجامی دەدەم و دێمە لاتان. هەریەکێک لە هەڤالان شتێکیان لەسەر پیاوچاکیی سەرگورد عەباسی گێڕایەوە و منیش ڕۆژژمێرەکەم کردەوە و ناوی دەربەندی بکوژی ئەو سێ تێکۆشەرانەم پێڕاگەیاندن و گوتم دەربەندی سەرگورد عەباسی کوشتوە! مەلا عەبدوڵا پرسی: **(تۆ چۆن دەزانی، دەربەدندی کێیە؟)** ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە و سەرهەنگ قادری گوتی حامید ڕاست دەکات.
دوای نزیکەی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە ورمێ دەربەندی کوشت. ڕادیۆی کۆماری ئیسلامیی لە ورمێ یادی دەربەندی کردەوە و گوتی: (دەربەندی لە یەکانی زەربەتی سوپا لە گروپی شەهید "چغند" لە شاری مهاباد سەرگورد عەباسی کوشتووە.

**جادەی بانە- سەردەشت دەبێت بە دۆزەخ و کارەساتی لێدەکەوێتەوە**

دوای جێگیربوونی هێزەکانی سوپا و سوپای پاسداران لە بانە و خۆڕێکخستنەوەیان، بڕیاردەدن بەشێک لە یەکەکانی سەردەشت بگۆڕن و بەهێزیان بکەن. بەو مەبەستە گوردانێکی پیادە لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر پاسدار و بەسیج، بە وتەی خۆیان "هێزی گەلیی" لە بانەوە ڕەوانەی سەردەشت دەکەن. سەرلەشکر "عەلی سەیاد شیرازی" لە کرماشانەوە دێتە بانە و بە فەرماندەی ئەو گوردانە پێشنیاز دەکات کە لە جیاتی چوونیان بە هێلیکۆپتەرەکانی هەوانیروز "هێزی ئاسمانیی سەربە نیروی زەمینی" بۆ سەردەشت، بە زەویدا بچن. فەرماندەی گوردان بەبێ بیرلێکردنەوە لە داهاتوو، ئەو پێشنیازە قبوڵ دەکات و دورلە هەر چەشنە تێگەیشتنێکی سەربازیی، ڕۆژی 1359/6/12 (1980/9/3) ملی ڕێگا دەگرێت و بەرەو سەردەشت دەکەوێتە ڕێ.

دوای گرتنەوەی سەردەشت لە شەڕی سێ مانگەدا و جێگیربوونی سوپای ئێران لەوێ کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد و سەرهەڵدانی کارەساتی "کەربەلای دارساوێن"، ئەوە یەکەم جار بوو کە فەرماندەکانی سوپای ئێران بیریان لە چوون بۆ سەردەشت بە جادەدا دەکردەوە. بەو بیرکردنەوە نا یاساییە لە فەرهەنگی سەربازییدا، کاروانەکەیان بە لەدەستدانی نزیکەی نیوەی ئەندامانی، دوای چل ڕۆژ توانی ماوەی شەست کیلۆمەتر ببڕێت و بە شەکەتیی بگاتە سەردەشت. چەند کاتژمێرێک دوای بەڕێکەوتنی ئەو کاروانە، سەیاد شیرازیی دەگاتە بانە کە لە نزیکەوە چاودێریی بەسەر کاروانەکەدا بکات و پێویستییەکانی ئامادە بکات.

کاروانی سوپا و سوپای پاسداران دوای چەند کیلۆمەترێک لە بانەوە، کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و دەفتەری مەلا شێخ عیزەدینەوە و زەبری قورسی لێکەوت. بەو بۆنەیەوە نوسینگەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی سەرکردایەتی عەمەلیاتی هاوبەش لە

ڕۆژئـــاوای ئێـــران بەیاننامەیـــەکی لـــە ڕۆژنامـــەی ئیتلاعـــاتی ڕۆژی 1359/6/13 دا بڵاوکردەوە:

- ئەوانەی ژیانی ئەم دنیا لەبری ژیانی ئەو دنیا هەڵدەبژێرن، دەبێت لـــەپێناوی خـــوادا بکـــوژرێن، ئەوانـــەش کـــە لـــەپێناوی خـــوادا خۆیـــان بەکوشتبدەن، یان سەربکەون، ئەوا پاداشتێکی مەزنیان ئەدەینێ.

کاروانی بەڕێکراو بۆ سەردەشت لەگەڵ هەموو ئەو لەمپەرانەی کە دژەشۆڕشەکان دەیخەنە بەر ڕێگاکەی، بە چەکی خوێن و شەهادەت درێـژە بـە ڕێگاکـەی دەدات کـە ڕێگـای خـوا و ڕێگـای شـەهیدان و پیاوچاکانە. هەرچەندە دژە شۆڕش بە بەردەوامیی لە بۆسەدایە کە کارەسات بخوڵقێنێت، سەربازە گیان لەسەردەستەکان لە چیاکانی کوردستان بە ورەی بەرزەوە لە بەرامبەریاندا وەستاون. کارەسات خوڵقێنەران لە کوردستان دەستیان لە بچوکترین لایەنگریی لە وڵاتە زلهێزەکان هەڵنەگرتووە و شەرمهێنەرانە نۆکەرایەتییان بۆ دەکەن، تەنانەت ڕێبەرەکانیان، ئەو خوانەناسە دژگەلییانە، هێرشکردن بۆ سەر ئەو کاروانە بە ئەرکی شەرعیی ناودەبەن و لەناوبردنی سوپای خوا بە ئەرکی سەرەکیی بە ڕواڵەت "سۆسیال ئیسلامیی" خۆیان دەزانن. ئەوان بە درۆ لە بەرامبەر خەڵکدا دەستی دوعا و پاڕانەوە بەرز دەکەنەوە و قورئان بە سەری سەرنێزەکانیانەوە دەکەن. دژی خوا و دژگەلییەکان نمونە لە ئایاتی قورئان دەهێننەوە و بە هەڵە کوژراوەکانیان بە شەهیدانی خوا و شەهیدانی ڕێگای خەلیفەکانی ڕاشیدین ناودەبەن. ئەو کوێردڵانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناحەزەکانیان چاو لە هیچ خیانەتێک ناپۆشن، جا ئەگەر خوا بێت، یان قورئان، هیچ جیاوازیی نیە لە لایان. بە نەتەوە و خەڵکی هۆشیارمان لە کوردستان کە لە سەنگەری خوادا ماونەتەوە و بەرگریی لە سەرکەوتنی حەق دەکەن، مزگێنی دەدەین کە بەگوێرەی ئایاتی قورئان، کوژران و سەرکەوتن بۆ ئێمە وەک یەکە و هـەردووکیان بـۆ ئێمـە بـە واتـەی سـەرکەوتنە. تاقمـە چەکـدارە نایاساییەکان و خەڵکی کوردستان هۆشیار دەکەینەوە کە دەست لە مرۆڤ کوشتن هەڵبگرن و چیتر گیانی خوشک و براکانمان لە کوردستان نەخەنە مەترسییەوە، بەخوا عەزابی ئێوە سەخت و دەردناکە.

**ئــەی خــەڵکی موســوڵمانی کوردســتان، ئــەو بەکرێگیراوانــە بگــرن و بیاندەنە دەست بەرپرسانی حکومەت و ئەرکی خۆتان لە خزمەتی خوادا، لە بەرامبەر خوێنی پتر لە هەزار شەهیددا بەجێبگەیەنن.).**

کـاروانـی سـوپا دوای خۆڕزگـارکردنـی لـەو بۆسـەیە، دووبـارە لـە نزیـک "کۆخان" دەکەوێتەوە کەمینی پێشمەرگە و زەبری زۆر قورسی لێدەکەوێت و دەوەستێت. سەیادی شیرازی بە ناچار بە هێلیکۆپتەر خۆی دەگەیەنێتە کۆخان، تا لە نزیکەوە یارمەتی فەرماندەی کاروان و سەردار جەعفەری فەرماندەی یەکەیەکی ئەو کاروانە بدات، بەڵام کارێکی گرنگی ئەووتۆی پێناکرێت، جگە لەوەی کە فەرمان بدات بە فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە جەنگییەکان، گوندەکانی دەوروبەری جادەکە و پێش و پاشی کاروانەکە بۆمبباران بکەن.

لە کۆخان دیسان کاروانی سوپا و سوپای پاسداران بە هێزی تازە و چەکی نوێوە خۆی ڕێکدەخاتەوە و بە فەرمانی سەیاد شیرازی درێژە بە ڕێگا دەدات، کەچی ئەم جارەیان لە دارساوێن، لەو جێیەی کە جاری پێشو "کەربەلای" بۆ خوڵقاندبوون، دەکەوێتەوە کەمینی پێشمەرگەکان و هێزی بەرگریی میللی حیزبی دیموکرات و بە تەواوی تێکدەشکێت. کاروان بە هۆی هەڵەی سەیاد شیرازی لە ڕەوانەکردنی بەبێ پشتیوانیی بە زەوییدا کە شوێنە ستراتیژییەکان بخاتە دەست خۆی، هەردوو ڕێگای چوونە پێشەوە و گەڕانەوی لێدەگیرێت. شیرازی بۆ دەربازکردنی خۆی و کاروانەکـە لـەو دۆزەخـە، ناچـار دەبێـت ئەنـدامانی کاروانەکـە لـە ئوتۆمبێلەکان دابەزێنێت و بە پێ بەرەو سەردەشتیان ببات.

هــەر لــەو کاتــەدا فەرمانــدەدات بــە فڕۆکــە و هێلیکۆپتــەرەکان کــە گوندەکانی سەر ڕێگا و دەوروپشتی ڕێگاکە بۆمبباران بکەن و دەست لە وێرانکردنی ماڵ و خانووبەرە قوڕینییەکانی گوندنشینان و لەناوبردنی زەوی و کێڵگەکان نەپارێزن. بەو جۆرە کاروان توانی بە کوشتنی دەیان کوردی مەدەنی، خۆی لە چنگ پێشمەرگە ڕزگار بکات. بە وتەی سەیاد شیرازی، کاروان دوای چل ڕۆژ و بە لەدەستدانی نیوەی ئەندامانی کە سـەدان کـەس بـوو، خـۆی گەیانـدە سەردەشـت و ئـەو زیانـە قـەرەبوو نەکراوەی بە خەڵکی کوردستان گەیاند.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەگوێرەی یاسا و پرینسیپە سەربازییەکان، دەبووایە سەیاد شیرازی بە تاوانی لەبەرچاونەگرتنی تاکتیکی شەڕی دژەگێریلا و بەکوشتدانی ئەو ژمارە خەڵکە، بدات بە دادگا و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، کەچی لەجیاتی سزادانی خەڵاتی کرد.
لەگەڵ ئەوەشدا دوای کوژرانی لە 1378/1/21 (1999/3/10) دا لە لایەن لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لەبەر دەرگای ماڵەکەی لە تاران، کۆماری ئیسلامیی فیلمێکی دۆکیومێنتیی بە ناوی ڕۆژەکانی بێگەڕانەوە **"روزهای بی بازگشت"** لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی و شەڕی جادەی بانە- سەردەشت ساز کرد. ئەگەر ئەو بەشەی فیلمەکە کە پەیوەندیی بە مەیدانەکانی شەڕی جادەی بانە- سەردەشتەوە هەیە، لێی جیابکەینەوە، هیچ کام لە دیمەنەکانی تری ئەو فیلمە پەیوەندییان بە شەڕی بانە و سەردەشتەوە نیە.
نوسەر و دەرهێنەری فیلمی ڕۆژەکانی بێگەڕانەوە "محەمەد عەلی فارس"، وێنەی بەشێک لەو دیمەنانە پیشاندەدات کە هەواڵنێرانی ئەوروپایی "ئەڵمانیا و ئینگلیز" لە گەشتەکانیاندا بۆ کوردستان گرتوویانە و لە تەلەڤیزیۆنەکانی ئەوروپادا پێشاندراون. لەوانە وێنەی مامۆستا شێخ عیزەدین پێشاندەدات کە لەناو کۆمەڵێک خەڵکدایە و وێنەی بەڕێزان دوکتۆر قاسملوو و عەبدوڵا موهتدی لە گوندی "مەزرێ" لە ئالان پێشاندەدات کە لە لایەن دوو هەواڵنێری ئەڵمانیی لە ساڵی 1363 دا گیراوە. نوسەر و دەرهێنەری فیلمی ڕۆژەکانی بێگەڕانەوە هەوڵدەدات لە فیلمە دۆکیومێنتەکەیدا بەستراوەیی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بە بێگانە بسەلمێنێت و هەڵگیرساندنی شەڕ لە کوردستاندا بخاتە ئەستۆی ئەو حیزبانە و مەلا شێخ عیزەدین و بە پێشاندانی ئەو دیمەنانە هەستی خەڵک و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیی دژی نەتەوەی کورد زەق بکاتەوە.
بۆ ئەو مەبەستە چەند دیمەنێک لە شەڕی بانە پێشاندەدات کە پەیوەندییان بە شەڕەکەوە نیە. لەو دیمەنانەدا، دوکتۆر قاسملوو خەریکی بڵاوکردنەوەی چەکە لەناو پێشمەرگەدایە و من نوسەری ئەم دێڕانە پێشمەرگە بۆ شەڕ، دژی کۆماری ئیسلامیی ڕەوانە دەکەم و پۆلا

نانــەوازادە لەســەر ڕادیــۆی حیزبــی دیمــوکرات خــەڵک دژی کۆمــاری ئیسلامیی هاندەدات. لە ڕاستییدا وێنەی دوکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی خولی "سیاسی و نیزامی"ی پێشمەرگەی نوێ و پۆلا خەریکی وتار خوێندنەوەیە و منیش دوو ساڵ دوای شەڕی بانە، واتە لە ساڵی 1361 (1982) دا لەسەر داوای "هێلگا" هەواڵنێری کەناڵی چواری تەلەڤزیۆنی B B C ئینگلیز کە بۆ ماوەی حەفتەیەک دەفتەری سیاسی ناردبوویە هێزی بانە و میوانی من بوو کە فیلم و دۆکیومێنت لەسەر ناوچەکە ئامادە بکات، ئەو فیلمەی لە ڕۆژێکی بەفریندا لە مەشقی سەربازیی پێشمەرگەکانی بانەدا گرتووە.

دوای پێشاندانی ئەو وێنانە، فیلمە دۆکیومێنتەکە دێتە سەر دیمەنەکانی شەڕی جادەی بانە- سەردەشت و توێژینەوەی شەڕەکانی کوردستان. سەرتیپ تورکان، سەرتیپ خورسەندی، سەرتیپ ئازەرفەر و سەرتیپ سەروەریی هەرکامەیان لە گۆشەیەکەوە باسی شەڕەکانی سنە و شارەکانی تری کوردستان دەکەن و سەرتیپ خورسەندی بە ڕاشکاویی داریوش فروهەر و ئەبولحەسەن بەنیسەدر بە خایین و تاوانبار بە بینەرانی فیلمەکە دەناسێنێت. لە فیلمەکەدا نایشارنەوە کە پێشمەرگەکانی کوردستان لە بانە، یەکانی پێشقەرەوڵی کاروانی بانە- سەردەشت لەناودەبەن و لە کۆخان زەبری قورس لە کاروانەکە دەکەوێت و پێشمەرگەکانی هێزی موعینی و هێزی بەرگریی میللی لە دارساوێن گۆمی خوێن و ئاگر و دۆزەخ بۆ کاروانەکە پێکدێنن و ڕێگای پێشڕەویی و پاشەکشەیان لێ دەگرن. سەیاد شیرازی باسی ئەوە دەکات کە نەیانتوانیوە بریندارەکان لە مەیدانی شەڕەکە دوربخەنەوە و بە ناچاریی ژمارەیەکی زۆر لە بریندارەکانی بە دەستی خۆی کوشتووە! بۆ ئەوەی کە پتر عەزاب نەکێشن. لە دیمەنێکی تری فیلمەکەدا پێشاندەدات کە کاروانەکە پەکیکەوتووە و ئەندامانی بە پێ جادەکە دەبڕن، تا خۆیان لە گوللەی ئارپیجی پێشمەگەکان و زەبری پتر بپارێزن و کەمتر زیان ببینن. کاروانەکە بە بەکوشتدانی پتر لە 500 ئەندامی و ژمارەیەک پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنیی، دوای چل ڕۆژ گەیشتە سەردەشت، بەبێ ئەوەی کە جادەی بانە- سەردەشت بخاتە دەست خۆی.

**تاوانی گەورەی کۆماری ئیسلامیی لە مهاباد**

بە گواستەوەی ناوەندی ڕێکخراوە سیاسیەکان لە مهاباد بۆ ئەوەی کە شەڕ نەکەوێتە ناو ئەو شارە، لەشکری 64 ی ورمێ و سەربازگەی مهاباد دوو بەیاننامەی هێرشکەرانەیان دژی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە ڕۆژنامەی کەیهانی ڕۆژی 1359/5/25 دا بڵاوکردەوە. لەشکری 64 ی ورمێ لە بەیاننامەی ژمارەی 19 ی خۆیدا هەڕەشەی لە دانیشتووانی مهاباد، پیرانشار و شنۆ و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارانە کرد و ڕایگەیاند:

**- (بە ناوی خوا - خەڵکی خۆشەویستی مهاباد، پیرانشار و شنۆ و گوندەکانی سەربە ئەو شارانە، هەر وەک پێشتر ئاگادارمان کردنەوە، ئەگەر کەسێک، گروپێک، یان ڕێکخراوێکی چەکداری نایاسایی ببینرێت مین بچێنن، یان شوێنێک خراپ بکەن، یان کەسێک بە بارمتە بگرن و کاری چەتەگەریی بکەن و کەلوپەل و کەرەستەی سەربازان و هێزە ئەمنییەکان داگیربکەن، یان هێرش بکەنە سەر کەسانی مەدەنیی، دەستبەجێ دەستگیریان دەکەین و دەیاندەین بە دادگای سەربازیی، تا بە سزای کارە شەرمهێنەرەکانیان بگەن. هەروەها ئەو کەسانەش کە لە نزیک ڕووداوەکە بن، دەبێت وەڵامی میللەتی ئێران بدەنەوە. لەبەرئەوە بە هەموو دژە شۆڕشەکان و گروپە چەکدارە نایاساییەکان ڕادەگەیەنین کات بە فیڕۆ مەدەن و بە زوویی چەک و تەقەمەنییەکانتان بدەنە دەست هێزە ئەمنییەکانی نزیکتان، ئەگەرنا بە توندیی سەرکوت دەکرێن. جگە لەوە ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەر شێوەیەک هاوکاریی دژە شۆڕشەکان بکەن، وەک دژە شۆڕشەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت و دەدرێن بە دادگا تا بە سزای خۆیان بگەن. خەڵکی خاوەن ڕێز و بە شەرەفی ناوچەکە، لە هەڕەشە و بارمتەگرتن و پێکهێنانی ترس و ئاڵۆزیی ئەو خۆفرۆشانە ناترسن. پێشتر سوپاسی هاوکاریی براکوردەکان دەکەین. ئیسلام پیرۆزە. سوپا بە پشتبەستن بە هێزی خوای گەورە هەموو دژەشۆڕشەکان لەناو دەبات.).**

جگـە لـەو بـەیاننامـە شـەڕئەنگێزەی لـەشـکری 64 ی ورمـێ سـەربازگەی مهابـادیش لـە بەیاننامـەی ژمـارەی دووەمـی خۆیـدا کـە تایبـەت بـوو بـە خەڵکی شاری مهاباد ڕایگەیاند:

**- (خـەڵکی خـاوەن ڕێـز و بەشـەرەفی مهابـاد، لـەو کاتـەدا کـە گروپـە سیاسیە نابەرپرسەکان شاری مهابادیان بەجێهێشتووە، ڕەنگـە کەسانی هەلپەرسـت و دژە شـۆڕش بـە دانـانی مـین لـە ناوەنـدە گشـتییەکان و جادەکاندا، تۆوی ترس و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکدا بچێنن و زیانی ئابووری و جەستەیی بە خەڵک بگەیەنن و بەرپرسیاریی ئەو کارانە بخەنە پاڵ هێزە ئەمنییەکان و سوپای پاسداران، یان ئۆڕگانەکانی تری حکومـەت و بڵێین ئـەوە ئێمـە بووین کـە ئەمنیـەتی شـارمان ڕاگرتبـوو. لەبەرئـەوە سەربازگەی مهاباد چاوەڕوانە کە هەر تاکێکی ئێوە ئەوپەڕی هاوکاریی برایـانی پاسـدار و هێزەکـانی شۆڕشـی کۆمـاری ئیسـلامیی بکـات. گـوێ نەدەنـە پروپاگەنـدەی ژاراویـی دژەشۆڕشـەکان و بـۆ خۆتـان پوچـەڵیان بکەنەوە. سوپا پشتیوانیی ئێوەی خەڵکی کوردە و تا دوا تنۆکی خوێنی بـەختی نەتـەوە و ئامانجـە نەتەوەییـەکان دەکـات. پێویسـتە هـەموو بنەماڵەکان بزانن کە برایانی سوپا پشتیوانیانە).**

**سوپای پاسدارانی ورمێ بـە هاوکـاریی سوپای پاسـدرانی مهابـاد، بـە پلانێک کە پێشتر دایانڕشتبوو، سەرگورد عەباسییان تیرۆر کـرد و دواتـر سـەربازگەی مهابـاد ڕۆژی 1359/6/7 (1980/9/29) بـە بیـانووی بـوونی پێشمەرگە لـە شـاری مهابـاددا، ئـەو شـارەی تۆپبـاران کـرد. بـە نوسـینی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لـە لاپـەڕەی پێنجـەمی نامیلکـەی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کردستان 58-68"دا، چوار کەس بـە نـاوی "فەرانـەک سـەدری، زیبـا محەمـەدی، محەمـەد ئەحسـەنی و محەمەد خشتی" لـەو تۆپبارانـەدا شـەهید و 13 کەسیش برینـدار بـوون. دوای بـەڕێوەبردنی ئـەو تاوانـە، حوسـێن تـاهری پارێزگـاری ورمـێ و "موجتەبا هاشمی" جێگری سیاسی و ئیداریی پارێزگاری ورمێ بەشداریی کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەنوسـییان کـرد و لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی پرۆگرامـی داهاتوویـان بـۆ پارێزگـای ورمـێ، وەڵامـی پرسـیاری ڕۆژنامەنوسـانیان**

دایەوە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی 1359/6/10دا ئاماژەی بۆ بەشێک لە بۆچوون و وەڵامەکان کردووە، هاشمی ڕایگەیاند:

- (ئەمنیەت و سیاسەت و بە گشتیی ڕووداوەکانی ناوچە لە دوو ڕوانگەوە جێی باسن. یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک و هێزە شۆڕشگێڕەکان و ئەوی تریان بۆ پلانەکانی دوژمن و سیما جیاوازەکان لە ناوچەکەدا. ئەوەی پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە، لە ڕاستییدا دەبێت ئەوان پەیڕەویی لەو شێوازانە بکەن کە لە ناو شۆڕشدا بەکاریانهێنا بۆ دابینکردنی ئەمنیەت و ژیانی خۆیان و تیایدا سەرکەوتن، بەڵام لە هەندێک شاردا بە داخەوە زەنجیرەیەک گرفت و ناکۆکیی سەلیقە لەناو خەڵکدا هەیە، ئەگەر بە سەداقەت و نییەتی پاکەوە بۆی بچن، گرفتەکان چارەسەر دەکرێن، بەڵام ئەگەر خوانەکردە ناکۆکییەکان ئاوێتەی غەرەز بن، زەبر لە شۆڕش و ئەمنیەتی ناوچەکە دەدەن. مەسەلەیەکی تر کە دەبێت پەنجەی بۆ ڕابکێشم، ناسینی ئیسلام و ئایدیۆلۆژیی ئیسلام و پلەی فەرهەنگیی خەڵکی ناوچەکەیە کە بە هۆی کۆمەڵێک دیاردەی جیاوازەوە، بیرکردنەوی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا حاکم نیە و بەگشتیی پلەی فەرهەنگی ئیسلامیی لە ناوچەکەدا نزمە. هەرچەندە کۆمەڵێک مرۆڤی لەخۆبوردوو زەحمەتی زۆر دەکێشن، بەڵام کەسانێک هەن کە حوکمیان بە دەستە و بەرپرسیاریی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکە دەکەن، خۆیان گرفتیان هەیە. ئومێدەوارم بە ڕێنوێنییەکانی ئیمام و ئەو ئەرکە مەزنەی کە لەسەر شانی هێزە ڕێنوێنییکەر و شۆڕشگێرەکانە، ئەو ناکۆکییانە چارەسەر بکرێن.).

کەیهان دەنوسێت یەکێک لە ڕۆژنامەنوسان پرسی: لەگەڵ ئەوەدا کە بەگشتیی هەموومان دەزانین ئاژاوەکانی کوردستان لە مهابادەوەن و ناوەندی سەرەکیی گروپە نایاساییەکان لە مهابادە، بۆچی دەوڵەت مهاباد نەگرێتەوە؟ ئەندازیار هاشمی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ڕایگەیاند:

- (نەک هەر مهاباد، بەڵکوو پیرانشار، نەغەدە و بۆکانیش هەلومەرجێکی بەو جۆرەیان هەیە و ئەگەر کەسێک بچێتە ئەو شارانە،

گروپە ناپاساییەکان دەیپشکنن. دیارە لە هەندێکیاندا لەوانە لە پیرانشاردا هەندێک ئەمنیەت هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دەسەلاتی دەولەت لەوێ. گومانی تێدا نیە کە ئەگەر هێزەکانی ئیسلام لە جێیەک جێگیر نەبن و دەولەت حوکمی ئەو جێیە نەکات، ناوچەکە نائارام دەبێت، بەلام لە وەلامی ئەو پرسیارەدا کە هێزەکان بۆچی مهاباد و شارەکانی تری وەک مهابادیان بەدەستەوە نیە، دەبێت بڵێم کە ئەوە بۆ منیش جێگەی تێبینییە و دەبێت ئەو پرسیارە لە کاربەدەستانی بەرپرس بکەم، چونکە ئەوان لە بەرامبەر میللەتی شەریفی ئێران و ئیمامی ئومەتدا بەرپرسن. هەرچەندە لەوانەیە کە یەکێک لە هۆیەکان، ناهەمئاهەنگیی بێت لەناو هێزەکاندا کە نەیانتوانیوە بە پلانێکی یەکگرتوو هەولی بۆ بدەن. لەبەرئەوە پێویستە هاوئاهەنگیی لەناو هێزە چەکدارە کاندا پێکبێت.).

ئەو وتووێژە سەرەتای پلانێکی یەکگرتوو بوو لەنێوان پارێزگاری ورمێ، سوپا، ژاندارمەریی، سوپای پاسداران و بەسیجیە کۆکراوەکانی سەربە حوجەتولئیسلام حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێدا، بە مەبەستی بەدەستخستنەوەی حوکم لە شاری مهابادا.

پلانەکەیان لەوێوە دەست پێکرد کە لەشکری 64 ی ورمێ دوای چەند ڕۆژ تۆپبارانکردنی شاری مهاباد و شلەژاندنی ئەو شارە و ڕاگەیاندنی مەلا حەسەنی کە دەیانەوێت شاری مهاباد وێران بکەن و پەتاتەی لێ بچێنن! لەشکری 64 ورمێ ڕۆژی 1359/6/22 کاروانێکی پڕچەکی لە ئەندامانی سوپا، ژاندارمەریی، سوپای پاسداران و بەسیجە کۆکراوەکانی ورمێ لەژێر چەتری فڕۆکە و هێلیکۆپتەرە بۆمبهاوێژەکان و بە پشتیوانیی چەندان تانک و زرێپۆش، ڕەوانەی مهاباد کرد. لەگەڵ گەیشتنی ئەو کاروانە بۆ مهاباد، نوسینگەی سەرکردایەتی لەشکری 64 بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە و داوای لە خەڵکی مهاباد کرد کە تا کاتژمێر 12:00 ڕۆژی 1359/6/23 (1980/9/14) چەک و تەقەمەنییەکانیان بدەنەوە بە هێزەکانی سوپا لە مهاباد. چونکە خەڵک بەدەنگ ئەو بانگەوازەوە نەچوو، ماوەی مۆڵەتەکەیان 24 کاتژمێر درێژ

کردەوە. ئەم جارە بە هەموو هێزیانەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە سەربازگە و پێگەی داشامەجیدەوە بەچەکی قورس و سوک لە شاریاندا. پێشمەرگە توانای وەڵامدانەوەی نەبوو، چونکە سەربازگە و داشامەجید لە بواری ستراتژیی سەربازییەوە پارێزراو بوون و بەتەنیا دەیانتوانی بە خۆمپارە لە سەربازگە بدەن کە لێیان نەدا. سەرئەنجام بەرەبەیانی ڕۆژی 1359/6/25 کە هێشتا زۆربەی خەڵکی مهاباد لە ژێرخانی ماڵەکانیاندا خەوتبوون، هێزەکانی ژاندارمەریی چوون پێگەی هەنگی ژاندارمەریی مهابادیان گرتەوە کە لە دید و تیری سەربازگە و سوپای پاسداراندا بوو. لەم بارەیەوە بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 1359/6/25 (1980/9/16) دا، حوسێن تاهری پارێزگاری ورمێ بە تەلەفۆن بە هەواڵنێری ئەو ڕۆژنامەیەی ڕاگەیاند:

**- (هێزەکانی سوپا، ژاندارمەریی، سوپای پاسداران چوونە ناو شاری مهاباد و لە چەند شوێنی دیارییکراودا جێیان گرت. بە خۆشییەوە تا ئێستا کاتژمێر 09:00 هیچ چەشنە پێکهەڵپرژانێکی توند ڕووی نەداوە. لەشکری 64 ی ورمێ کە تا دوێنی کاتژمێر 12:00 ی بۆ گەڕاندنەوەی چەک و تەقەمەنی بۆ خەڵکی شار دیاریی کردبوو، مۆڵەتەکەی تا 08:00 ئەمڕۆ درێژ کردەوە. دوای جێگیر بوونی هێزە شۆڕشگێڕەکان لە مهاباد، چەکدارە نایاساییەکان شاریان بەجێهێشت.).**

سوپا ئەرکی پاکسازیی شاری مهابادی بەو کاروانە سپارد کە لە ورمێوە هاتبوو. هەروەها سوپا بەگوێرەی پلان هەموو ئەو گەڕەکانەیان تۆپباران کرد کە دەیانویست پێگەی لێدابنێن. لەوانە گەڕەکی "گومرگ"، گەڕەکی "شوانان"، گەرەکی "سەربەرداشی"، گەڕەکی "مەجبورئاوا" و...تد. دوای تۆپباران کردنی ئەو گەڕەکانەی شار، یەکانی ژاندارمەریی پاشنیوەڕۆی 1359/6/25 بینای باخی پیشاهەنگی و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی خستە دەست خۆی. هێزێکی تری ژاندارمەریی و سوپای پاسداران لەو دوو شوێنەوە خۆیان گەیاندە ناوەندی شار و لە وەرزشگەی "تەربیەت بەدەنی" و بینای یەکانی ژاندارمەریی مهاباد کە شورای نیزامی حیزبی دیموکراتی لێ دانرابوو جێیگر بوون. بە نوسینی

ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات لـە ژمـارەی ڕۆژی 1359/6/26 دا، حوسێن تـاهری پارێزگاری ورمێ لەم بارەیەوە بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند:

**- (کاروانی ڕەوانەکراو بۆ مهاباد کـە بریتییـە لـە یەکـەکانی لەشکری 64، ژاندارمـەریی و سوپای پاسداران، خەریکـە لـە شوێنە گرنگـەکانی شاری مهاباد جێگیر دەبێت. هەر کە یەکـەکانی ژاندارمـەریی گەیشتنە مهاباد، چەند خاڵی گرنگی شاری گرتەوە.).**

تاهریی ئێوارەی دوێنـێ ئـەو هەواڵـەی هـەواڵنێری پارسی ڕاستکردەوە کـە یەکـەکانی ژاندارمـەریی لـە تەلـەڤیزیۆن، وەرزشـگەی تەربیـەت بەدەنی و شوێنی پێشوی یەکانی ژاندارمەریی کە کرابوو بە نووسینگەی حیزبی دیموکرات جێگیر بوو. هەروەها گوتی:

**- (لـەو عەمەلیاتـەدا چەنـد پێکهـەڵپرژانێکی بـەربڵاو هـەبووە، بـەڵام هێشتا ئاگاداری زیانەکانی نین. هەروەها کاروانێکی تریش خەریکە لە میاندواوەوە بەرەو مهاباد دەچێت.).**

لە کاتێکدا تاهری ڕایدەگەیاند کە ئاگای لـە زیانـەکانی شـەڕ نیـە، بـە سـەدان تـەرمی ژن و منـاڵ و گـەورە و بچـوکی مهابـاد لـە خانووبـەرە و کۆڵانـەکانی شاردا کەوتبوون و بـوار بـە کۆکردنـەوە و ناشتنیان نـەدەدرا. نەخۆشـخانەی شێروخورشید پڕ بـوو لـە برینـداری شـەڕ، پێشـمەرگە لـە شـاردا هـەبوو، بـەڵام لـە جیـاتی شـەڕ و تەقـەکردن لـە دوژمـن، سـەرقاڵی کۆکردنـەوەی تـەرمەکان و ڕاگواستن و گەیاندنی بریندارەکانـان بوون. ئەو جێیانـەی کە دوژمـن پلانـی بـۆ داگیرکردنیـان هـەبوو، سـەرەتا لـە پێگـەی داشـامەجیدەوە بـە تونـدیی تۆپبـاران دەکـرا و ڕێگایـان بـۆ پێشـڕەویی هێزەکان خۆشدەکرد. پتر لە دوو ساڵ بوو کۆنەپەرستانی دەسـەڵاتدار لـە کۆماری ئیسلامییدا لە ڕۆژێکی لەو جۆرە دەگـەڕان کـە بـە بـێ تـرس و بـۆ سوکنایی دڵیان، خـەڵکی کورد و بەتایبـەتیی خـەڵکی مهاباد بکوژن.

تاهری و موجتـەبا هاشمی دووان لـەو موسوڵمانە توندڕەوانـە بـوون کـە ئـەو ئـەرکە ناپیرۆزەیان لە ئـەستۆ گرت و بۆ درێژەدانی لە هـیچ تاوانێک چاویـان نـەدەپۆشـی. بـە نوسینی ڕۆژنامـەی ئیتلاعـات لـە ژمـارەی ڕۆژی

1359/6/26 دا، موجتەبا هاشمی جێگری سیاسی پارێزگاری ورمێ بە هەواڵنێری ڕەسمیی کۆماری ئیسلامیی "پارس"ی ڕاگەیاند:

**- (دوای جێگیربوون لە تەلەڤیزیۆن، وەرزشگەی تەربیەت بەدەنی، یەکەی پێشوی ژاندارمەریی و ڕێکخراوی پێشاهەنگی، هێزەکانمان خەریکن خۆیان ڕێکدەخەنەوە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاو و کارەبا، پەروەردە و سایلۆی مهاباد بخەنە دەست خۆیان. فەرماندەی لەشکری 64ی ورمێ دوێنی بۆ جارێکی تریش گروپە چەکدارە نایاساییەکانی هۆشیارکردەوە کە بە زوویی چەکدابنێن، ئەگەرنا سوپا بە هەموو هێزییەوە بنکەکانیان لەناو دەبات).**

ژمارەیەک لە ئەندامان و فەرماندەکانی سەربازگەی مهاباد دژی ئەو توندڕەوییە بوون کە بەرامبەر بە گەلی کورد دەکرا، لەبەرئەوە چەند کەسیان، تەنانەت سەروان "سوڵتانی" جێگری فەرماندەی سەربازگەی مهاباد، سەربازگەی بەجێهێشت و خۆی دایە دەست پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات.

هەر وەک گوتم بە هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر شاری مهاباد سەدان کەس کوژران و برینداربوون. بە ئاماری خەڵکی شاری مهاباد 550 کەس شەهید و ژمارەیەکی پتریشیان بریندار بوون. بەشێک لە بنەماڵەکان لەوانە بنەماڵەی محەمەد عەتاری و بنەماڵەی عەلی پەنجە، هەر یەکەیان پێنج ئەندامی بنەماڵەکانیان شەهیدبوون. محەمەد ڕیحانی، ڕەحمەت حاجی سلێمانی، ئەحمەد شەریفی ئەقدەم، ئەبوبەکر دیوباد، عەبدوڵا خودادادی، کەریم بازیار، محەمەد پەیوەستە، کەریم شانەزەری، ماپەرەی کەریم زادە بەشێکن لە شەهیدەکانی تۆپبارانی مهاباد.

تۆپبارانی شاری مهاباد بە ڕادەیەک توند و بەردەوام بوو کە خەڵکەکە ناچاربوون تەرمی شەهیدەکانیان لە ناو ماڵ و مزگەوتەکاندا بنێژن. تەرمی سلێمان ئەمین گەلاوانی، حەسەن ئەمین گەلاوانی، خاتون جەلالی، محەمەد خشتی، جەلال بەقاڵی و...تد ئێستاش لە مزگەوتی "شادەرویش"ی شاری مهاباد ماون. ئەو تۆپبارانە لە کاتێکدا بوو کە

هێزە سیاسیەکان بڕیاریاندابوو لە شاری مهابادا شەڕ نەکەن، بەڵام مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ لە ڕادیۆی ورمێوە ڕایگەیاند: **(ئێمە شاری مهاباد وێران دەکەین و پەتاتەی لێ دەچێنین.).**

بە نوسینی ڕۆژنامەی ئیتلاعات لە ژمارەی ڕۆژی 28-6-1359 دا، حوسێن تاهری پارێزگاری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ هەواڵنێری پارس ڕایگەیاند: **(عەمەلیاتی پاکسازیی شاری مهاباد درێژەی هەیە و لە پێکهەڵپرژانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لەو شارە پاسدارێک شەهید و چوار پاسدار و دوو سەربازیش برینداربوون. دوێنێ شەو گروپە چەکدارە نایاساییەکان ویستیان بەرگریی لە خۆیان بکەن، بەڵام تێکشکێنران و هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی درێژە بە پاکسازیی دەدەن.).**

سەبارەت بە بارودۆخی دانیشتووانی مهاباد لە کاتی تۆپبارانەکاندا، داوام لە کاک کەمالی گەروێسی کرد کە چۆنیەتی ئەو دیاردەیەم بۆ بنوسێت. کاک کەمال بە هۆی برینداربوونی باوکی لەو تۆپبارانکردنانەدا، بۆ خۆی لە نزیکەوە دیمەنی تۆپبارانەکانی بینیوە و هەستی بە ئازارەکانی خەڵکی شاری مهاباد کردووە:

- (بەرلە تۆپبارانکردنی مهاباد لە لایەنی هێزەکانی چەکداری کۆماری ئیسلامییەوە، من بۆ سەردانی خزمان چوومەوە شاری بۆکان کە لە دەست پێشمەرگەدا بوو. کاتژمێر 08:00 ی ڕۆژی 1359/6/23 لە کارێژی(گەراج) مەهاباد لە بۆکان توشی هاوەڵێکی گەڕەکی خۆمان بە ناوی مەحمود محاڵی بووم. پاش چاک و چۆنیی، گوتی گوللە خۆمپارە کەوتووەتە حەوشەی ماڵی ئێوە و باوکت شەهید بووە! بە بیستنی ئەو هەواڵە حەپەسام، نەمدەزانی چی بکەم، لەبەرئەوە هەر لەوێ سواری مینیبوسێک بووم کە دەچوو بۆ ئاوایی بورهان.

نازانم ئەو ڕێگایە کەی تەواوبوو، چۆن گەیشتم. لە بورهان سواری جیپێک بووم و تا ئاوایی دۆستاڵی چووم. لە دۆستاڵی بە پێ بەرەو بەسری و لەوێشەوە بەرەو ئاوایی سەیدئاوا بە ڕووکاری مەهابادا داگەڕام. بڕنویەکی درێژی دارشوشەی ژمارە حەڤدەم پێبوو. لەبەر ئاوایی سەیدئاوادا توشی ژنێک و دوو مناڵ بووم. هەر وا بەدەم ڕێگاوە

دەنگوباسی شارم لێپرسی و گوتی ماوەی سێ ڕۆژە لە ماڵ دەرچووم و چووبووم بە دوای هێوەرەکەمدا کە بێت و مێردەکەم لە شار بباتە دەرەوە، پاشان بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی بە ناشکوریی نەبێت ئەویش خۆی تێنەگەیاندین.

یەکێک لە منداڵەکان کیژۆڵەیەکی چوار پێنج ساڵان دەبوو، بە پێی خۆی وردەوردە لە پێش ئێمەوە دەڕۆیشت. منداڵەکەی تر بە باوەشی دایکییەوە بوو. کاتێک گەیشتینە لێواری چۆمی "یەرغوو" لە نیزیک پێچەکەی ڕێگای لاچینێ، هەستمکرد ژنەکە ماندوو بووە. داوام لێکرد منداڵەکەیم بداتێ، بۆی هەڵگرم، گوتی بابەکەم ئاخر ئەتۆ ئەو هەموو تفەنگ و فیشەکدان و شتەت پێیە و دەڵێیت لە دۆستاڵییەوە بە پێ هاتوویت، ماندوویت و نابێت. گوتم دایکەکەم من ماندوو نیم و منداڵەکەی دایە دەستم. منیش تفەنگەکەم لە شانی ڕاستم هێنایە خوار و بە لاشانی چەپەمدا سەرەوخوار شۆڕم کردەوە و منداڵەکەم بەسەر شانی ڕاستمدا دا. کاتێک گەیشتینە ڕاستە ڕێیەکە و بەرەو ناو شاری مهاباد دەچووین، بینیمان سەر گردەگڕوێی پشت تەپەی قازی ئەرتەشی لێیە و تەقەش دەکەن. سەر شاخی داشامەجیدیش پایەگای هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێبوو و لەوێوە بە کالیبەر 50 و دۆشکە و تۆپ و خۆمپارە لە شاریان دەدا. بە دەنگی تەقەکان کیژۆڵەکە ترسا و دەستی گرت بە داوێنی کراسی دایکیەوە و لە پەنایدا دەڕۆیشت و بە دەنگی هەر تەقەیەک ڕادەچڵەکی و بە چاوە نیگەرانەکانی دەیڕوانییە دەوروبەری ڕێگاکە.

گەیشتینە ئاستی دارچنارەکانی پێش باخچەی ساوایان "مەهدی کودک" و بینیمان کچ و کوڕی لاو هەر کەس پەڕۆیەکی سپی لە باسکی ئاڵاندووە و یارمەتی بریندار و لێقەوماوان دەدەن. خەیاڵمان هەر لای ئەو پۆلە خەڵکە بوو کە لە پەنا دیواری کوچە و کۆڵانەکاندا بە سەرەتاتکێ و خۆکوڕکردنەوە و جاروبار بۆ پەڕینەوە لە شەقامەکان تیژ تێدەپەڕین. لە ناکاو دەنگی ڕەگبارێکی قەناسە و هاژەی گوللەکان بەسەر سەری ئێمەدا هاتن. کچە بچکۆلەکە لە ترسان زریکاندی و بەرەو پێشەوە ڕایکرد. دایکی هاواری کرد، شادیی گیان هەڵمەیە هیچ نیە. ئیتر زانیم کە ئەو

کیژە بچکۆلە خوێن شیرینە ناوی شادیی یە. شادیی بە بیستنی دەنگی چەند تەقەیەکی تر، خێراتر ڕایکرد و هەر دەیزریکاند. دایکی خێراتر ڕۆیشت تا بگاتە شادیی و هێوری بکاتەوە.

هێشتا چەند هەنگاوێکی مابوو دەستی بگاتە دەستی شادیی، دەنگی ڕەگبارێکی کورت هات. دایکی شادیی هەر هەڵدەهات، بەلام ئەم جارە هەنگاوەکانی وەک پێشو نەدەهاویشت و بەملا و ئەولادا دەکەوت. دوای چەند هەنگاوێک ئەژنۆکانی چەمانەوە و کەوتە سەر زەوی.

سەرەتا وام زانی هەڵخلیسکاوە. بە تاو خۆم گەیاندە لای. شادیی پەنجە گەورەی دایکی گرتبوو دەیگوت دایە هەستە با هەڵبێین! منیش ژێر باڵی دایکی شادییم گرت کە هەڵیبستێنمەوە، بینیم کەلەکەی لای چەپی خوێنی لێدەچۆڕێت! ئیتر زانیم ئەو ڕەگبارە کورتە، دایکی شادیی پێکاوە.

خەڵکی ناو شار کە شاهیدی ئەو دیمەنە بوون، بە دەست ڕاوەشاندن و هەرا کردن بانگیان دەکردین کە بەرەو ئەوان بڕۆین. مەودای 200 مەترێکمان مابوو بگەینە سەری کوچەکان و لە سێڕێی پایەگای گردەگروێ و داشامەجیددا نەمێنین. کەس نەیدەوێرا بێت بۆ لامان. دایکی شادییم هەڵگرت و دەستیم خستە سەر شانم و منداڵە بچکۆلەکەم بە شانی تفەنگەکەمدا هەڵگرت، لە ڕاستییدا دایکی شادییم ڕادەکێشا!

شادیی لە پێشەوە دەڕۆیشت و خێرا خێرا ئاوڕی دەدایەوە و بانگی دایکی دەکرد. دایە.. دایە. گەیشتینە ڕێکی باخچەی ساوایان و لەوێ چەند کەسێک لەوانەی پێیان دەگوتن"ئیمدادگەر" یارمەتیدەر، بە پیرمانەوە هاتن. دووانیان کچ بوون و دایکی شادییان لێوەرگرتم و درێژیان کرد. کراسەکەیان لەبەردا دڕاند. ڕیخۆڵەکانی هاتبوونەدەر و دوای دڕاندنی کراسەکەی زیادتر خزانە خوارێ. گوێم لێبوو یەکێک لە کچەکان گوتی ئەوە نازیی. لەو ماوەیەدا شادیی لە پەنا دایکیەوە ڕەق ڕاوەستابوو. دایکی هۆشی نەبوو. ئیمدادگەرەکان لێیان پرسیم ئەم ژنە چی تۆیە؟

گوتم نایناسم و لەبەر ماڵەکانی سەیدئاوادا توشیان بووم، بەلام دەزانم ماڵیان لە کوێیە، لە ڕێگادا کە دەهاتین لێمپرسیوە و پێی گوتووم.

یەکێک لە ئیمدادگەرەکان گوتی ئەگەر وایە بە مێرد و کەسوکارەکەی بڵێ بێن بۆ مزگەوتی سەعدی. دەستی شادییم گرت و کچە بچکۆلەکەشم لە باوەش گرت و بەرەو گەڕەکی تەکیەی بابە خەلیفە کەوتینە ڕێ.

لە لای مزگەوتی سەعدیەوە تا سەر شەقامی زەند بە بن دیواراندا هاتین و مەترسی گوللەی ڕاستەوخۆمان لەسەر نەبوو. لای ڕاستی جلەکانی من خوێناویی بوون و جارجار بە لەشمەوە دەنوسان. شادیی هەر ئاوڕی دەدایەوە و دەیپرسی دایە کەی دێت؟ نەمدەزانی چیی پێبڵێم، هەر دەمگوت دایە نەخۆشە و دوایی ئەگەر چاک بووەوە دیتەوە بۆ لاتان. منداڵە بچکۆلەکە بەسەر شانمەوە خەوی لێکەوتبوو.

بە شەقامی زەنددا بەرەو دەرگای تەکیەی بابە خەلیفەدا داگەڕاین. بە گورجیی بە شەقامەکەدا پەڕینەوە و خۆمان لە حەوشەی تەکیە هاویشت. تەکیە دوو دەرگای هەبوو، یەکێکیان بەسەر شەقامی زەنددا بوو، ئەوی تریان بە لای کۆڵانی پشتەوەیدا. لە شادییم پرسی لێرەوە ماڵی خۆتان دەزانییت؟ بە ڕاوەشاندنی سەری تێیگەیاندم کە ماڵی خۆیان دەناسێتەوە. گوتم بڕۆ با بچینە ماڵی ئێوە. پێشمکەوت، کاتژمێر نزیک 15:00 گەیشتینە بەردەرگایەکی دارین.

لە دەرگام دا، پاش تاوێک دەنگی ئافرەتێک هات و پرسی کێیە؟ شادیی هاواری کرد، دادە بیکەرەوە. بە دەنگی پێڵاوەکانیدا دیاربوو بە پەلە بەرەو دەرگا دێت. دارەکەی پشت دەرگاکەی ڕاکێشا و دەرگا کرایەوە. کچێکی تەمەن شازدە حەڤدە ساڵان بوو. بە نیگەرانییەکی زۆرەوە منداڵە بچکۆلەکەی لێوەرگرتم و لێمی پرسی ئەدی دایکم کوا؟ نەمدەزانی چیی پێبڵێم!

شادی گوتی دایە نەخۆشە خوێن لە سکی دەهات! کیژە گەنجەکە دایە پڕمەی گریان و بەرەو قولایی حەوشەکە چوو. بە دوایدا چوومە ژورەوە و بانگم کرد. دەنگێکی لاوازی پیاوانە لە بنەبانی ژێرزەمینێکەوە پرسی کێیە؟ زێنەب کچم ئەوە کێیە؟ چیی دەوێت؟ بۆ لای دەنگەکە چووم. لە پێش دەرگای ئەو ژێرزەمینە بە بڵنداییی دەرگاکە، کیسە خۆڵ هەڵچنرابوو. کەلێنێکی تەسک لە نێوان دەرگاکەی ژێرزەمینەکە و کیسە خۆڵەکان مابووەوە.

تفەنگەکەم لە شانم داگرت و چوومە ژوورەوە. سڵاوم کرد و وەڵامی سڵاوی دامەوە. پێمگوت مامە گیان من لە نزیک ئاوایی سەیدئاوا توشی خێزانت و ئەو دوو منداڵەبووم. هەموو ڕووداوەکە چۆن ڕوویدابوو، بۆم گێڕایەوە. هەر دەیگوت، پەکوو، پەکوو، پشتم شکا. من بەو حاڵەم چی لەو منداڵانە بکەم؟ بە دڵێکی پڕ پەرۆشەوە لە ژێرزەمینەکە هاتمەدەرەوە. لە حەوشە کیژەکە لەسەر زەوی دانیشتبوو، کچە بچکۆلەکەی لە باوەش گرتبوو، شادییش لە تەنیشتیەوە سەری نابوو بە کەلەکەیەوە. نەمدەزانی چی بڵێم، بۆ لایان چووم و دەستێکم بە سەری شادییدا هێنا و ماڵئاواییم لێکردن.

هاتمە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بارەکەم سوک ببوو، هەنگاوەکانم کورت و قاچەکانم قورس ببوون و بە زەحمەت بە دوامدا دەهاتن. بیرم لە منداڵە بچکۆلەکە دەکردەوە کە چی بەسەر دێت؟ چۆن شادیی ئەو دیمەنەی برینداربوونی دایکی لەبیر دەچێت و زۆر پرسیاری تر.

بە کۆڵانەکەدا هاتم و خۆم گەیاندە کوچەی پشت "بازاڕی روز" و لەوێوە بە خێرایی خۆم گەیاندە گەڕەکی"سەربەرداشی" و بەوێدا بەرەو ژور ڕۆیشتم. بیرم لە باوکم دەکردەوە و نەمدەتوانی باوەڕبکەم شەهیدبووە و دەمگوت، مەحمود باش نەیبینیوە و لێی تێکچووە. جارجاریش کە دایکی شادیی و منداڵەکانیم بیردەکەوتەوە، کزە لە جەرگم هەڵدەستا و دڵم پڕدەبوو.

بە دەم بیر و خەیاڵەوە گەیشتمە لای مزگەوتی "سەید نیزام"ی و بە کوچەکەیدا هاتمە سەر شەقامی "فەرەح" و بەرەو شەقامی "وەرەهرامی شەرقی، لە ڕێکی کوچەی "مەنسوری" لە گەڕەکی "ئەرمەنی"یان، ئامبولانسێک لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا ڕاوەستابوو.

دەرگای لای شۆفێرەکەی کرابووەوە. بە هۆشیارییەوە لێی چوومە پێش و بینیم شۆفێرەکەی سەری بە لای ناوەوەی ئامبولانسەکەدا سوڕاندووە. بانگم کرد وەڵامی نەدایەوە. دەستم لەسەر شانی دانا و گوتم کاکە کاکە، وەڵام نەبوو. هەستمکرد بۆنی ئاسنی ژەنگاویی دێت، بینیم بەرپێی شۆفێرەکە پڕە لە خوێنی مەییو. دیاربوو لە مێژ بوو شەهیدکرابوو، بۆیە خوێنەکەی مەیيبوو.

## شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران

سوپای عێراق بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو بە ناوی "قادسیەی سەدام" و "جەنگی بەرگریی"یەوە ڕۆژی 1359/6/31 (1980/9/22) لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری ئێرانیدا و هێزەکانی تانک و پیادەی عێراق بەشێک لە خاکی ئێرانیان داگیرکرد. شەڕی نێوان ئێران و عێراق شەڕێکی هەرە پڕ لە کارەساتی مرۆڤ بوو لە سەدەی بیستەمدا و بۆ ماوەی هەشت ساڵ درێژەی کێشا.

دوای شەڕی ڤێتنام، یەکێک بوو لە درێژترین شەڕەکانی سەدەی بیستەم و بە جەنگی هەشت ساڵە ناوبانگی دەرکرد. هۆیەکانی سەرهەڵدانی شەڕی هەشت ساڵە لە نێوان عێراق و ئێراندا دەگەڕایەوە بۆ دوو خاڵی سەرەکیی کە بریتی بوون لە:

1- پێداگریی ئێران لە گواستنەوەی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ دەرەوەی سنورەکانی لەژێر ڕۆشنایی بۆچوونەکانی ئایەتوڵا خومەینی بۆ بەرینکردنەوەی شورشی ئیسلامیی لە جیهاندا. خومەینی بۆ یەکەم جار لە دیدارێکیدا لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک لە مزگەوتی جەماران ڕوی لە خەڵکەکە کرد و گوتی: **(ئێوە دەبێت ئیسلام بەرەوپێش ببەن و ئینشاڵا بۆ هەموو دنیای بگوازنەوە و دەسەڵاتی ئیسلام بە هەموو زلهێزەکان بسەلمێنن.).**

2- حکومەتی بەعسی عێراق و سەدام حوسێن کۆماری ئیسلامییان بە هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتی عێراق و دەسەڵاتی حیزبی بەعس دەزانی، چونکە نزیکەی 60%ی دانیشتووانی عێراق شیعە و هاوڕێچکەی ئایینی ڕێبەرانی ئێرانن.

ڕەوتی سیاسی ئاشکرا و نهێنی و سیاسەتی گواستنەوەی شۆڕشی ئێران بۆ دەرەوەی سنورەکانی لە ساڵی 1358دا هەردوو حکومەتی عێراق و سعودیە لە یەکتر نزیک کردەوە و ناچاری کردن کە ڕۆژی 1358/6/29 (1979/9/20) پەیمانێکی ئەمنیەتیی لەناو خۆیاندا ئیمزا بکەن.

سەدام حوسێن بە بۆچوونی خۆی کاتێکی لەباری بۆ هێرشکردن بۆ ئێران دەستنیشان کردبوو، چونکە ئێران لە لایەک بە هۆی داگیرکردنی

سەفارەتی ئەمریکا لە تاران لە 1358/8/13 (1979/11/4) لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە کەنارخرابوو، لە لایەکی ترەوە قەوارەی سوپای ئێران بە ڕێکخستنەوەی بە شێوەی ئیسلامیی هەڵوەشابوو. هەروەها سوپای ئێران ڕێکخراوێکی ماندوو بوو، شەڕ لە کوردستان پشتی چەماندبووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەربەرەکانیی ناوخۆیی و کودێتای نۆژە ژمارەیەکی زۆری لە فەرماندەکان و ئەندامانی سوپا لەو ڕێکخراوە دورخستبووەوە، یان حکومەت دەستبەسەری کردبوون.

لەو هەلومەرجەدا ڕژێمی بەعس بە ڕاکێشانی ڕای عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداو بۆ شەڕ لەگەڵ ئێران، توانی دەرەتانێکی ئابووری زۆر کۆبکاتەوە. ساڵی 1358 عێراق نزیکەی 38 میلیارد دۆلار پاشکەوتی هەبوو. هەر لەو کاتەدا وڵاتانی کوەیت، ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبیی و قەتەر، ئامادە بوون 14 میلیارد دۆلار قەرزی بەبێ سود بدەن بە عێراق. نزیکەی نۆ مانگ بەرلە دەستپێکردنی شەڕ، سەدام حوسێن هەوڵیدا پێویستییەکانی هێرش بۆ سەر ئێران ئامادە بکات و بەو مەبەستە کۆمەڵێک چەکی نوێی کڕی. لەوانە دوو هەزار تانکی نەفەرهەڵگری زەمینیی و ئاویی EE11 ی لە برازیل کڕی کە هێزە سەربازییەکانی لە ڕوباری "کارون" پێ بگوازێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای بەچۆکداهێنانی حیزبی گەلی ئازەربایجان و دەستبەسەرکردنی ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی ڕێبەری ئایینیی شیعەکانی ئازەربایجان، لە سەرەتای مانگی گوڵانی ساڵی 1359 دا هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد و گەلی عەرەبی خوزستان چڕ کردەوە و حیزبی گەلی عەرەبی بەچۆکدا دا. لە کوردستان حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تری لە زۆربەی شارەکان دورخستەوە و ڕادەی یارمەتییەکانی بە ڕێکخراوە نەیارەکانی بەعسی عێراق وەک حیزبی دەعوەی ئیسلامیی، مەجلیسی ئەعلای ئیسلامیی، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و تەنانەت عەشیرەتەکانی سەر سنوری ئێران بەرزکردەوە. لە بەرامبەردا سەدام حوسێن پشتی شاپوور بەختیاری گرت لە ڕوخاندنی ڕژێمی کوماری

ئیسلامیدا و شێلگیرتر لە جاران، یارمەتی بە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و لایەنگرانی سەردار جاف و نەیارانی کۆماری ئیسلامیی دا.

شورای فەرماندەیی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن ڕۆژی 1359/6/29 (1980/9/20)، واتە دوو ڕۆژ بەرلە هێرشکردن بۆ سەر ئێران، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: **(ئەگەر تاکتیکی سەربازیی و ئەمنیەتی عێراق پێویست بکات کە وڵاتێک داگیربکات، ئێمە ئەو وڵاتە دەخەینە دەست خۆمان.)**.

هەروەها سەدام حوسێن پەیماننامەی 1975ی جەزایری شکاند و گوتی ئەوە پەیمانێکی یەکلایەنەیە. دوای ئەو ئامادەکارییە بوو کە سوپای عێراق ڕۆژی 1359/6/31 پەلاماری ئێرانی دا. هەر لەو ڕۆژەدا وتەبێژی ڕژێمی عێراق سێ مەرجی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ ڕاگەیاند و بریتی بوون لە:

1- ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی عێراق لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا.

2- بە ڕەسمیی ناسینی مافی یاسایی عێراق بەسەر شەتولعەرب دا.

3- گەڕاندنەوەی سێ دوڕگەی "تەنبی بچوک، تەنبی گەورە و ئەبوموسا".

لەگەڵ ئەوەدا ڕژێمی عێراق ناوبژیی وڵاتانی عەرەبیی بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ بە توندیی ڕەتکردەوە. کەچی سەدام حوسێن لە دوو حەفتەی یەکەمی شەڕەکەدا تێگەیشت کە سوپاکەی نەیتوانیوە ئامانجە دەستنیشانکراوەکانی بپێکێت. بۆیە ڕۆژی 1359/7/4 (1980/9/26) نامەیەکی ئاڕاستەی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد و ڕایگەیاند سوپای عێراق بۆ بەرگرییکردن لە بەرژەوەندە نەتەوەییەکانی گەلی عێراق ڕۆژی 1359/6/31 "شەڕی بەرگریی" کردووە.

ئەوە لە کاتێکدابوو کە بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی بەندی پێنجەمی بڕیارنامەی ژمارەی 2314 ی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ڕۆژی 1974/4/12 پەسەندکراوە، **(هیچ پاساوێکی سیاسی، ئابووری و سەربازیی، یان شتێکی تر ناتوانێت بەڵگە بێت بۆ دەستدرێژیی کردنی وڵاتێک بۆ سەر وڵاتێکی تر.)**.

له دەستپێکی شەڕەکەدا کاتژمێر 13:45، شەش فڕۆکەی میگی عێراقی فڕۆکەخانەی ئەهوازیان بۆمبباران کرد و لە کاتژمێر 14:12 سێ میگ فڕۆکەخانەی مێهرئابادی تاران و کاتژمێر 14:45 سێ میگ فڕۆکەخانەی هەمەدان و سنە و هەشت میگیش فڕۆکەخانەی تەورێز و فڕۆکەخانەی شائابادی غەرب و کرماشانیان بۆردومان کرد.

دوو کاتژمێر دوای ئەو زنجیرە بۆمبباران‌کردنە، واتە کاتژمێر 16:00 فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانیی ئێران بە فڕۆکەی F4 فڕۆکەخانەی "ئەلرەشید" یان لە باشوری بەغدا و "شوعەیبە"یان لەسەر سنوری ئەو وڵاتە بۆردمان کرد. ڕۆژی دوایی فڕۆکەوانەکانی هێزی ئاسمانیی ئێران لەگەڵ بەنیسەدر سەرۆککۆمار لە باشگای ئەفسەران کۆبوونەوە و بە خوێندنەوەی سرودی "ئەی ئێران" بە 140 فڕۆکەی بۆمبهاوێژ هێرشیان کردە سەر عێراق و لە ئاسمان لەگەڵ فڕۆکەکانی عێراق تێکهەڵپرژان و زیانیان بە یەکتر گەیاند. لەو ڕۆژەدا فڕۆکەوانە ئێرانییەکان دوو سەد جار فڕین و توانای جەنگیی خۆیان سەلماند. هەروەها لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیی 3 و 1359/7/4 (25 و 1980/9/26) دا، 59 فڕۆکەی ئێران شوێنە ستراتیژییەکانی عێراق و دامەزراوە نەوتییەکانیان بۆمبباران کرد و 41 فڕۆکەی میگی عێراقییان خستەخوارەوە. هێزی ئاسمانیی عێراق بۆ بەرگرییکردن لە فڕۆکەکانی، ژمارەیەک لە میگەکانی بردە فڕۆکەخانەی "ئەلولید" لە نزیک سنوری ئۆردون، بەڵام فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بە وەرگرتنی بەنزین لە ئاسماندا، خۆیان گەیاندە ئەو جێیە و پەلاماری فڕۆکەکانی عێراقیان دا. ئەو عەمەلیاتە بە ناوی هێرشی H3 لە مێژووی سەربازیی ئێراندا تۆمارکراوە.

لە سەرەتای شەڕدا هێزەکانی زەمینیی سوپای عێراق خۆیان خزاندە ناو خاکی ئێرانەوە و چواردە هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیان لە خاکی ئێران داگیرکرد و شارەکانی "خۆڕەم شەهر، سوسەنگرد، مێهران، دێی لوڕان، قەسری شیرین، هۆیزە، نەوتی شا، سومار و موسیان"یان خستە دەستی خۆیان و بە تۆپی قورس لە شارەکانی "ئابادان، ئەهواز، ئەندیمشک، دیزفول، شوش و گیلان غەرب"یان دا، بەڵام هێزی ئاسمانیی ئێران نەیهێشت پتر لەوە بێنە پێشەوە و بە هەڵگرتنی دروشمی

"بەرگریی مقدس و جەنگی بەسەردا سەپاو"، وەڵامی دروشمی "قادسیەی سەدام"ی دایەوە و سوپای عێراقیان لە مەودای دە کیلۆمەتری ئەندیمشک و بیست کیلۆمەتری ئەهوازەوە وەستاند.

سوپای عێراق ڕۆژی 8 و1359/8/9 (30 و 1980/10/31) بە دوو لەشکر هێرشی کردە سەر پردی ڕووباری "کەرخە" کە کەوتووەتە سەر جادەی نێوان ئەندیمشک و ئەهواز، بەڵام لەشکری 21 ی هەمزە، "لەشکری گاردی جاویدانی پێشو" و گوردانێک لە لەشکری 77 ی خۆراسان لەمپەریان خستە سەر ڕێگای سوپای عێراق و بە هاوکاریی گوردانی 44 ی پیادەی هێزەکانی زەمینیی سوپای ئێران پاشەکشەیان پێکرد. هاوکات لەگەڵ وەستاندنی سوپای عێراق، هێزەکانی دەریایی ئێران ڕۆژی 1359/9/7 بەسەر هێزی دەریایی عێراقدا زاڵبوون و بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی و هێلیکۆپتەرەکانی هەوانیروز "فرۆکەکانی هێزی زەمینیی" توانای خۆیان سەلماند و بە هاوکاریی یەکەکانی لەشکری 77 ی خۆراسان، لەشکری 21 هەمزە، لەشکری 16 قەزوێن، گروپی زرێپۆشی شیراز و خوڕەمئاوا، هێزە عێراقییەکانیان لە بەشێک لە خاکی ئێران دورخستەوە.

لە ڕۆژی هەشتەمی شەڕەکەدا ئێران تەنیا یەکەیەکی زەمینیی بە فەرماندەیی سەرهەنگ "هوشەنگ عەتاریان" فەرماندەی لەشکری ڕۆژئاوای ئێران لە ناوچەی قەسری شیرین هەبوو، ئەو یەکەیە توانی بە تاکتیکی "عەمەلیاتی دژەهێرش"، سوپای عێراق لە قەسری شیرین دوربخاتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بەو شەڕە ڕایگەیاند:

**- (دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ سەرهەنگ عەتاریان قەسری شیرینی ڕزگار کرد و هێزەکانی ئێمە 80 تانکی عێراقیان لەناوبرد و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی قەسری شیرینیان خستەوە دەست خۆیان.).**

دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی 1362/12/6 (1983/2/25) سەرهەنگ عەتاریانی بە تاوانی ئەندام لە حیزبی تودەی ئێراندا گوللەباران کرد. لەو سەردەمەدا بەندەری "ئوم قەسەر" کە لە دەرەوەی ڕووباری "ئەروەند" هەڵکەوتووە، پێگەی گواستنەوەی کاڵا و پێویستییەکانی عێراق بوو. هەروەها عێراق

نـەوتی خـۆی بـە دوو سـەکۆی "ئەلبـەکر" و "ئەلامیـە" لـە نزیـک ڕوبـاری ئـەروەنـدا دەنـاردە دەرەوە، ئێـران هـەردوو سـەکۆکەی تێکـدا و پێشـی بـە ناردنی نەوتی عێراق بە کەنداودا گرت. فەرماندەی هێزەکانی دەریایی و پلانـداڕێژی ئـەو عەمەلیاتـە دەریـادار "بـەهرام ئـەفزەلی" فەرمانـدەی هێزەکـانی دەریـایی کۆمـاری ئیسـلامیی بـوو، کۆمـاری ئیسـلامیی ڕۆژی 1362/12/6 (1983/2/25) بـە تـاوانی ئەنـدام لـە حیزبـی تـودەی ئێرانـدا گوللـەبارانی کـرد. جگـە لـە سـەرهەنگ عـەتاریان و سـەرتیپ ئـەفزەلی، کۆمـاری ئیسـلامیی هـەر لـەو ڕۆژەدا سـەرهەنگ "حەسـەن ئازەرفـەر" ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی بەرگریی و سەرهەنگ "بێژەن کەبیری" جێگری فەرماندەی تیپی کڵاوسەوزەکانی "نۆهە" کە لـە شۆڕشـی ساڵی 1979دا، سـەربازگەی نۆهـەی دابـووە دەسـت ڕاپـەڕیوەکان، بـە تـاوانی ئەنـدام لـە حیزبی تودەدا گوللەباران کرد.

بـە هـەر حـاڵ، هێرشـی عێـراق بـۆ سـەر ئێـران کـە لـە سـەرەتای سـاڵی 1359دا بە چەند دستدرێژیی دوولایەنە بەرپابوو، توانایەکی نوێی بە کۆمـــاری ئیســـلامیی بەخشـــی، لــــە بەرزکردنـــەوەی هەســـتی نیشتمانپەروەرانەی خەڵکی ئاساییدا، بۆ بەرگرییکردن لە خاکی ئێران و بەو جۆرە بەشێک لە ناکۆکییەکانی ناو ئێرانی چارەسەرکرد.

ڕەخنەکانی کەم کردەوە و مەلا و کاربەدەستانی حکومەتی یەکدەست کـرد. حیزبـی تـودەی ئێـران، موجاهیـدینی خـەڵکی ئێـران و ڕێکخـراوی چریکـی فیـدایی خـەڵک "ئەکسـەریەت" بـە شـێوەی ڕەسـمیی پاڵیـان بـە ڕژێمەوەدا و ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان ڕەوانەی بـەرەکانی شـەڕ کرد بۆ ڕاونانی سوپای عێراق لە ئێران.

لە کوردستان کۆمەڵە شەڕی ئێران و عێراقی بە شەڕێکی کۆنەپەرستانە ناسـاند و داوای ڕاگرتنـی کـرد و هـەر لـەو کاتەشـدا داوای یـەکگرتنی نـەیارانی کۆمـاری ئیسـلامیی کـرد بـۆ ڕوخانـدنی ئـەو ڕژێمـە. حیزبـی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، بەشێک لـە ئەنـدامانی حیزب لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە حیـزب دەبێت بـە بـێ مـەرج شـەڕ لـە دژی کۆماری ئیسلامیی ڕابگرێت، بـەڵام بەشێکی زیادتریـان بـە سـەرۆکایەتی دوکتۆر قاسملوو دژی ڕاگرتنـی شـەڕ بـە بـێ قبـوڵکردنی خودموختـاریی بـۆ

کوردستان بوون و ڕاگەیاندنی بە شێوەی ڕەسمیی. سەرئەنجام کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە بەیاننامەیەکدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران دەربڕی. جەلیل گادانی لە کتێبی "50 ساڵ خەبات، لاپەڕەی 252" دا ئاماژە بۆ هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات دەکات و دەنوسێت:

- لە ئاخری خەرمانانی 1359 شەڕی ئێران و عێراق کە پێشتر لە زۆر شوێنی سنوور دیاردەکەی لە تێکهەڵچوونی هێزە چەکدارەکانی هەردوولادا خۆی نواندبوو، بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕەسمیی ڕاگەیەنرا و دەستی پێکرد. عێراق پەلامارێکی پان و بەرینی زەمینیی و ئاسمانیی کردە سەر ئێران و لەم پەلامارە توندەدا، تەنیا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا توانی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێران بگرێت. لەم بابەتەوە زۆر کەس و هێز و ڕێکخراوەکان وایان بیردەکردەوە حیزبی ئێمە لە دەربڕینی هەڵوێستی ڕون، خۆی دەپارێزێت، بەڵام بەپێچەوانە، ئەم هێرشەی بە کارێکی خراپ زانی و مەحکومی کرد و هەر لەم بوارەدا لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی ڕونی خۆی ڕاگەیاند. ئەوەش کورتەیەک لە بۆچوونی حیزب لەم بابەتەوە: **(ئێمە ئەو هێرشە بۆ سەر خاکی وڵاتەکەمان بە کارێک دەزانین کە لەگەڵ هەموو مەوازینی نێونەتەوەیی دژایەتی هەیە. ئەگەر آیت الله خومەینی یا سەرۆککۆمار شەش خاڵی پێشنیاریی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ خودموختاریدا قبوڵ بکەن و بە شێوەی ڕەسمیی ڕایبگەیەنن، هەروەها ئەرتەش لە کوردستان کە بە شارەکاندا بڵاوبووەتەوە، بگەڕێتەوە سەربازخانەکان و جاش و پاسدارەکانی غەریبە لە کوردستان دەرخەن، ئەگەر بە پێچەوانەی تەجرەبە تاڵەکانی پێشو عەقڵ و لێزانیی لەنێو هێزی حاکمدا سەرکەوێ و ئەو پێشنیارانەی ئێمە قبوڵ بکەن، نە تەنیا عەمەلیاتی نیزامی دژی ئەرتەش و پاسداران ڕادەگرین، شان بەشانی ئەوان بۆ بەرگریی لە سنووری وڵاتەکەمان گیانبازی دەکەین.)**.

نزیکەی پێنج مانگ دوای هەڵگیرسانی شەڕ و دوای ئەوەی کە عێراق نەیتوانی بەو مەبەستە بگات کە دیارییکردبوو، مەسەلەی ئاگربەس لە لایەن لیژنەی کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامیی و لیژنەی وڵاتانی سەربەخۆ

کەوتە بەرباس و ئەو لیژنانە چەندان جار سەردانی ئێران و عێراقیان کرد. سەرئەنجام ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران ڕۆژی 1360/2/12 (1981/4/22) نامەیەکی ئاڕاستەی ئایەتولا خومەینی کرد و پێشنیازی لیژنەی وڵاتانی سەربەخۆی بە قازانجی ئێران زانی. بڕیار وابوو کە لیژنەی وڵاتانی سەربەخۆ لە کۆتایی مانگی جۆزەردانی ساڵی 1360 دا بۆ وەرگرتنی وەڵام بگەڕێتەوە بۆ ئێران، کەچی "محەمەد عەلی ڕەجایی" سەرۆک وەزیرانی ئێران بە هۆی سەفیری وڵاتی "کوبا" لە تاران، لیژنەکەی ئاگادارکردەوە کە: **(ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا هەیە و جارێ ناتوانین پێشوازیی لە لیژنەی ئاشتیی بکەین.).**

سوپای ئێران لە عەمەلیاتێکدا کە ڕۆژی 1360/2/10 (1981/4/20) دەستی پێکردبوو توانی ڕۆژی 1360/3/3 (1981/5/24) شاری خوڕەم شەهر لە پارێزگای خوزستان لە دەست سوپای عێراق بسەنێتەوە. ئێران ناوی ئەو عەمەلیاتەی نابوو "بەیتولمقەدەس" و لە درێژەی شەڕەکانی بەیتولمقەدەسدا 5500 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی داگیرکراوی خوڕەم شەهر ئازاد کرا و 34 هەزار سەربازی عێراق لە لایەن سوپای ئێرانەوە بە دیل گیران. بەو حاڵەش عێراق بە ڕاشکاویی ئامادە نەبوو کە مەرجەکانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ قبوڵ بکات، بەڵام کوەیت و وڵاتانی تری عەرەبی ئامادەبوون زیانەکانی شەڕ بۆ ئێران قەرەبوو بکەنەوە، کەچی ئەو سەرکەوتنە خومەینی توشی هەڵە کرد و هانیدا کە شەڕ نەوەستێنێت و ڕایگەیاند بەو مەرجە شەڕ دەوەستێنێت کە عێراق هێزەکانی خۆی لە سنوری نێودەوڵەتیی بکێشێتەوە و قبوڵ بکات کە هەڵگیرسێنەری شەڕ بووە، هەروەها زیانەکانی ئەو شەڕە بداتەوە بە ئێران. عێراقیش ڕازیی نەبوو. لە ئەنجامدا شەڕەکە بەردەوام بوو کە لە جێیەکی تر ئاماژەی بۆ دەکەم.

## پێشمەرگە بە زەبری قورس وەڵامی دوژمن دەداتەوە

ئەرکی کوردکوشتنی کاروانی ورمێ لە مهاباد کۆتاییهات. هێزەکانی ژاندارمەریی، پاسدار و بەسیج لە خاڵە دەستنیشانکراوەکانی شار دامەزران و کۆنترۆڵی دەروازەی شاریان بەرەو جادەی سەردەشت، ورمێ و میاندواو خستەدەست خۆیان. هەنگی ژاندارمەریی شوێنی پێشوی خۆی لە نزیک کۆلانی فەرەح و یەکانی ژاندارمەریی لە نزیک چوارچرا کە حیزبی دیموکرات کردبووی بە نوسینگەی شورای نیزامیی جێگیرکران. سوپا تەپۆڵکەی داشامەجیدی پڕچەککردووە و لە دوو تەپۆڵکەی تری خەزایی و فەرهەنگیان پێگەی نوێی داناوە. کاروانی میاندواو لە مهاباد ڕاگیرا و بە فەرماندەی کاروانی ورمێ ڕاگەینرا کە بگەڕێتەوە بۆ ورمێ.

سەرلە بەیانیی ڕۆژی 1359/7/28 (1980/10/20) پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە گوندی ئیندرقاش ئاگادارکرانەوە کە کاروانێکی سوپا خەریکە بە چەند تانکەوە کە لەسەر ترەیلەر دانراون و کۆمەڵێک ئوتۆمبێلی بارهەڵگری پڕ لە سەرباز و پاسدار دەگەڕێنەوە بۆ ورمێ. پێشمەرگەکانی پەلی بێکەس و پەلی ڕەحیم باڵغی لە لکی سێی هێزی پێشەوا کە سەلاح ئەحمەدپور و ئیسماعیل خدری بەرپرسیان بوون، لەگەڵ کەریم خاڵدار سەرلکی لکی سێ و ئەبوبەکر حەسەنە سوری کادیری سیاسی لک، دەستبەجێ بۆ لێدانی ئەو کاروانە بەڕێدەکەون و لە باخەکانی گوندی ئیندرقاش ڕووبەڕووی تەپۆڵکەی "بەردە کونتێ" بۆسە بۆ کاروانەکە دادەنێن و بۆ ئەوەی کە زیانیان لێنەکەوێت، بڕیاردەدەن کە لە سەری کاروانەکە نەدەن و دوای دەرچوونی بەشێکی، لە بەشی دوایی کاروانەکە بدەن.

کاروان نزیکەی کاتژمێری 08:00 ی ئەو ڕۆژە گەیشتە جێی دیاریکراو. بەشێک لە کاروانەکە لە پێشمەرگەکان تێپەڕی، تانکێک لە سەر ترەیلەرێک کەوتە بەر گوللەی ئارپیجی پێشمەرگە و ئاگری گرت. تەقە زیادبوو، سەرباز و پاسدارەکان بە ڕۆخی پێچەوانەی تەقەکەدا لە ئوتۆمبێلەکان دابەزین و دەستیان کردەوە. چەند تانک و ترەیلەر و بارهەڵگر بە گوللەی ئارپیجی پێشمەرگەکان تەقینەوە و ئاگریان گرت.

تەقــەی پێشــمەرگەکان ســەری لــە فەرمانــدە و ئەنــدامانی کاروانەکــە شێوابوو، مۆڵــەتی ســەر بەرزکردنــەوەیان نــەبوو، نەیانــدەزانی ڕوو لــە چ لایــەک بکــەن و لەخۆیانــەوە تەقــەیان دەکــرد. ســەربازگەی مهابــاد بــۆ ڕزگارکردنی لەو کاروانە لە مۆڵگەی "خەزایی" وە کە پێگەی هەرە نزیکی شــەڕەکە بــوو، بــە بــەردەوامیی ناوچــەی پێشــمەرگەکانی تۆپبــاران و خۆمپارەبــاران دەکــرد. هێــزی یاریــدەدەر بــۆ ڕزگــارکردنی کاروانەکــە لــە مهابادەوە گەیشتەجێ، بەڵام جگە لە تەقەکردنی بێ ئامانج لە مەیدانی شــەڕەکە نزیــک نــەبوونــەوە. پێشــمەرگەکان دەســتیان بەســەر تانــک و ئوتۆمبێلەکاندا گرت، بەڵام جگە لـە دوو ئوتـۆمبێلی جیپ، ئـەوانی تریـان بـۆ نـەبرا. شـەڕ تـا تـاریکی شـەو درێـژەی کێشـا. دوژمـن بـە لەدەستدانی ژمارەیەک لە سەربازانی کاروانەکە پاشەکشەی کرد و پێشمەرگەکانیش گەڕانەوە گوندی ئیندرقاش.

لــە کــاتی بــەردەوامیی ئــەو شــەڕەدا پــەلێک لــە پێشمەرگەکانی شورای نیزامیـی کـە پێشتر گـوتم دوای ڕۆیشـتنی مـن و سـەرهەنگ قـادری و مـەلا ڕەسـوڵ پێشـنماز بـۆ هـەورامان و شـەهیدبوونی سـەرگورد عەباسـیی، چووبوونە پاڵ هێزی پێشەواوە و محەمـەد پوورڕەشـید "گوگـە" سـەرپەلیان بـوو، ئاگـادار دەکرێنـەوە کـە بەشـێک لـە کـاروانی مهابـاد بـۆ ورمـێ لـە کــەمین دەرچــووە و خــەریکــە بــەرەو ورمــێ دێــت. ئــەوان دەســتبەجێ لــە گونـدی "دریـاز"ە دەکەونـە شـوێن ئـەو کاروانـە. لـە نزیـک گوندەکـە لـە نزمایی لێواری جادەکە بۆ کاروانەکـە دادەنیشـن و تەقـەی لێدەکـەن. لـەو کاتەدا کاروانێکی زۆر گەورە بۆ ڕزگارکردنـی کاروانـە تێکشکاوەکە دێـت و بە چەند تانک و ئوتۆمبێلی جیپەوە کـە تفـەنگی 106 میلـیم و دۆشکـەیان لەسـەر دابەسـتبوون، ڕووبـەڕووی پێشـمەرگەکان دەبنـەوە و گـەمارۆیان دەدەن. لــە ئەنجامــدا محەمــەد پوورڕەشــید و حــەوت پێشــمەرگە شــەهید دەکــەن و دوو پێشــمەرگەش ڕزگاریــان دەبێــت. دوای کۆتاییهــاتنی ئــەو شــەڕە، چەنـد ڕیـش سـپی خـەڵکی گونـدی دریـازی بـە تراکتـۆر تـەرمی شـەهیدەکان دەهێننـەوە مزگـەوتی گونـدی ئینـدرقاش و لـەوێ بـە خاکیـان دەسـپێرن. نـاوی شـەهیدەکان بریتیـە لـە: محەمـەد پوورڕەشـید "گوگـە"،

ئیبراهیم بێکەس، مەنسور ڕەهایی، سلێمان سەرکەبود، ڕەحیم سابت، سلێمان مەنسوری، دڵشاد نەواخوا و سلێمان سەرخانی.

لە ناو ئەو پێشمەرگانەدا، سلێمان سەرخانی برای هاوسەرەکەم و ئیبراهیم بێکەس پورزام بوو. دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو دوو شەڕانە ڕۆژی 2008/8/30 لە شاری ڤێستەرۆس لە وڵاتی سوید پەیوەندیم بە بەڕێز ئەبوبەکری حەسەن سوری کادیری هێزی پێشەوا و یەکێک لە بەشدارانی شەڕەکەوە کرد و گوتی:

**- (جەژنی قوربان بوو، ئاگاداریان کردین کە کاروانێک لە مهابادەوە دێت و دەچێت بۆ ورمێ. من لەگەڵ پەلی بێکەس و پەلی ڕەحیم باڵغی لە لکی سێ هێزی پێشەوا کە سەلاح ئەحمەدپور و ئیسماعیل خدری سەرپەلیان بوون، لەگەڵ کەریم خاڵدار کە سەرلکی لکی سێ بوو، سەرلە بەیانیی ڕۆژی 1359/7/28 چووین لە ناو باخەکانی گوندی "ئیندرقاش" ڕووبەڕووی تەپۆڵکەی "بەردە کونتێ"، چاوەڕوانی هاتنی کاروانەکەمان کرد. بڕیارماندا لە سەری کاروانەکە نەدەین و ڕێ بدەین بەشێک لە کاروانەکە بڕوات و ئێمە لە ناوقەدی کاروانەکە بدەین. کاروان نزیکەی هەشتی بەیانی بە چەند تانکێک کە لەسەر ترەیلەر دانرابوون و هێزێکی گەورەوە گەیشتە ئێمە. چەند ترەیلەرێکی تانکهەڵگر و ئوتۆمبێل لە ئێمە تێپەڕبوون و ئێمە لە کاروانەکەمان دا و لە شەڕێکی سەخت و دژواردا کە لەژێر بارانێکی نەرم و تۆپبارانی زۆر توندی پێگەکانی داشامەجید، خەزایی و تەپەی فەرهەنگیان و سەربازگەی مهابادەوە، دوژمن دەیویست خۆی لەو بۆسەیە ڕزگاربکات کە پێشمەرگەکان مۆڵەتیان نەدا و لە ئەنجامدا شەڕ تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە و تاریکبوون بەردەوام بوو. سەربازەکان ناچاربوون تانک و ئوتۆمبێلەکان بەجێبهێڵن و بەپێ ڕابکەن بۆ پێگەی "خەزایی" کە پێگەی هەرە نزیکی شەڕەکە بوو. ئێمە لە تانک و ئوتۆمبێلەکان نزیکبووینەوە و دوو ئوتۆمبێل و چەند تفەنگ و هەندێک کەلوپەلی سەربازییمان هێنا، چونکە کەسی پسپۆڕمان نەبوو کە تانک و ئوتۆمبێلەکانی تر بهێنێت، ئەوانی ترمان سوتاند. ئێمە لەو شەڕەدا زیانمان پێنەگەیشت، بەڵام کاتێک گەڕاینەوە گوندی ئیندرقاش لەگەڵ هەواڵێکی دڵتەزێن ڕووبەڕوو بووینەوە. هەواڵی ئەو**

**ژمارە ئوتۆمبێل و تانکانەی کە ئێمە ڕێگامان دابوون، لە کاروانەکە جیاببنەوە، لە گوندی "دریاز" بە پەلی محەمەد پوورڕەشید دەگات. محەمەد و پەلێک پێشمەرگە کە پێشتر لەگەڵ شورای نیزامیی بوون، دەکەونە شوێن ئەو کاروانە و لە نزیک گوندەکە لە قەڵەمەکانی قەراخ جادە بۆ کاروانەکە دادەنیشن و تەقە لە کاروانەکە دەکەن. لەو کاتەدا کاروانێکی زۆر گەورە دەگاتە سەریان. ئەو کاروانە لەسەر داخوازیی ئەو کاروانە بوو کە ئێمە تێکمانشکاندبوو، بۆ ڕزگارکردنی دێت و توشی ئەو شەڕە دەبێت. گەمارۆی ئەو پەلە پێشمەرگەیە دەدات و لە شەڕێکی سەخت و نابەرامبەردا هەشت پێشمەرگەی ئەو پەلە شەهید دەکەن. دوو پێشمەرگە بە جۆگەی ئاوەکاندا خۆیان ڕزگار کردبوو. چەند ڕیش سپی خەڵکی دریازی بە تراکتۆر تەرمی شەهیدەکانیان هێنایەوە مزگەوتی گوندی ئیندرقاشی. من چووم یارمەتی مجەوری مزگەوتەکە بدەم لە شوشتنی تەرمەکاندا، بینیم دوژمن بە شێوەیەکی نامرۆڤانە تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکانی بە سەرنێزە شێواندووە).**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لاپەڕەکانی 20-21 ی نامیلکەی "جنگ در کردستان"، تایبەت بە مانگەکانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری ساڵی 1360، ئاماژەی بۆ ئەو شەڕانە کردووە و نوسیویەتی:

**- (ڕۆژی 1339/7/28 پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە جادەی مهاباد-ورمێ، چەند کیلۆمەترێک لە گوندی "وسوکەند" پەلاماری کاروانێکی سەربازیی ڕژێمیان دا و پتر لە 150 کەسیان لە هێزەکانی دوژمن کوشت و بریندارکرد و پێنج تانک و پێنج ئوتۆمبێلیان شکاند. هەر لەو ڕۆژەدا دەستەیەکی تر لە پێشمەرگەکان لە نزیک گوندی "کۆسەکەرێز" لە جادەی مهاباد بۆ ورمێ لەگەڵ کاروانێکی تری دوژمن شەڕیان کرد و 70 کەسیان لە کاروانەکە کوشت و بریندارکرد. لەو شەڕەدا حەوت پێشمەرگەی حیزب بە ناوی محەمەد پوورڕەشید "گوگە"، ئیبراهیم بێکەس، مەنسور ڕەهایی، سلێمان سەرکەبود، ڕەحیم سابت، سلێمان مەنسوری، دڵشاد نەواخوا و سلێمان سەرخانی شەهید بوون).**

شایانی باسە کە شەهیدەکانی حیزبی دیموکرات لەو شەڕەدا هەشت کەس بوون نەک حەوت و لەو نامیلکەیەدا ناوی شەهید "دڵشاد نەواخوا"

لەبیرکراوە. هەروەها ئاماری ڕاگەیانراوی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە کوژراوەکانی دوژمن لەو دوو شەڕەدا ژمارەیەکی خەیاڵییە، چونکە پێشمەرگەکان تەنانەت یەک تەرمی کوژراوی دوژمنیان نەبینیوە. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە پەیوەندیم بە کاک سەلاح ئەحمەدپور سەرپەلی پەلی بێکەسەوە کرد و گوتی:

**- (شەڕەکە کۆتاییهات و تۆپبارانی دوژمن وەستا. کاتژمێر نزیکەی 20:00 بوو، من و کاک ئەبوبەکری سوریی و تاهر جۆلاکار "تالی" چووینە لای تانک و ئوتۆمبێلەکان، لاشەی کوژراو و چەکی دوژمنمان نەبینی، بەڵام ئوتۆمبێل و تانکی ساغمان بینی کە لەسەر ترەیلەرەکان بەجێیانهێشتبوون. ئێمە تانک و ترەیلەرەکانمان سوتاند. لە لای قۆڵی ئێمەوە چەند شۆفێرێکی ترەیلەرەکان و ئوتۆمبێل کەوتنە بەر گوللەی پێشمەرگەکان و لە لای کاک کەریم خاڵداریش هەر بەو جۆرە بوو کە دوژمن لەژێر ئاگری تۆپخانەدا کوژراو و بریندارەکانی خۆی گواستبووەوە.).**

**کارەسات لە گوندی ئیندرقاش، وسوکەند، سۆفیان و مەحمەشە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گرتنەوەی شاری مهاباد زیانێکی زۆر و قەرەبوونەکراوی بە ڕێکخراوە سیاسییەکان و بزوتنەوەی گەلی کورد گەیاند. لە ڕاستییدا ناوەندی بەهێز و سەرەکیی سیاسی، تدارکاتیی و دیپلۆماسی بزوتنەوەی کوردیی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەلوەشاند و هەر لەو کاتەشدا زەبرێکی گەورەی بە خەلک و دانیشتووانی مهاباد گەیاند. سەرکەوتنی سوپای ئێران لە مهاباد، فەرماندەکانی لەخۆبایی کرد و ئەوەش وای کرد کە کاتی گەڕانەوەی کاروانی ورمێ، پێشمەرگەکان 15 کیلۆمەتر لە مهابادەوە لە ڕووبەرووی گوندی ئیندرقاش زەبری کوشەندە و گورچبڕ لە کاروانەکە بدەن، هەر وەک لە بەشی پێشودا (**پێشمەرگە بە زەبری قورس وەلامی دوژمن دەداتەوە**) ئاماژەم بۆ کرد.

دوای ئەو شکستە، مەلا حەسەنی و مەعبودی کۆمەلێکی زۆر پاسدار و بەسیج لە ورمێ و نەغەدە کۆدەکەنەوە و ڕۆژی 1359/8/13 (1980/11/4) واتە پازدە ڕۆژ دوای تێکشکانی کاروانەکە، بە پشتیوانیی هێزەکانی لەشکری 64 ی ورمێ خۆیان دەگەیننە ئەو ناوچەیەی کە شەڕی لێکراوە و بەبێ ئەوەی کە پێشمەرگە لە ناوچەکەدا بێت، دەچنە سەر گوندی ئیندرقاش و وسوکەند هەر کەسێکیان دەستدەکەوێت دەیکوژن.

لە گوندی ئیندرقاش خەلک لە مزگەوتی دێ کۆدەکەنەوە و بەشێک لە مالەکانی گوند دەسوتێنن. ڕۆژنامەکان ناوی 35 کەسیان بلاوکردەوە و ئەو تاوانە سامناکەیان بە کۆکوژیی ناوبرد. دوای ئەو تاوانە سامناکە، کۆمەلێک پاسدار و بەسیجی ورمێ و نەغەدە پەلاماری گوندی "مەحمەشە"ی کوردانیان دا و بە خەلکەکەیان ڕاگەیاند گوندەکەیان بەجێبهێلن و مانەوەیان لەو گوندەدا مەترسی بۆ گوندی "مەحمەشەی" تورکان هەیە. هێشتا خەلک و بەتایبەت ژن و منالەکانی گوند خۆیان کۆنەکردبووەوە کە سوپای ئیسلام گوندەکەیان سوتاند و زیانێکی زۆریان بە خەلکەکەی گەیاند.

لــە بەرامبــەر ئــەو کردەوەیــەدا پێشــمەرگەکانی هێــزی پێشــەوا ڕۆژی 1359/8/22 (1980/11/13) هێرشــیان کــردە ســەر گونــدی مەحمەشــەی تورکان و لەگەڵ کۆمەڵێک پاسدار و بەسیجی چەکدار ڕووبەڕوو بوونــەوە. سەرەتا پێشمەرگەکان هەڵیانکوتایە سەر چەکدارەکان و چەند کەسێکیان لێکوشــتن و ئــەوانی تــریش ڕایــانکرد. بــە داخــەوە لــەو هێرشــەدا پێشــمەرگەکانی حیزبــی دیمــوکرات لــە تۆڵــەی شــەهیدانی گونــدەکانی ئینێدرقاش و وسوکەند و سوتاندنی گوندی مەحمەشەی کوردان لە لایەن ئــەو پاسـدار و بەسـیجانەوە، ئـەوانیش بەشـێک لـە گونـدی مەحمەشـەی تورکانیان سوتاند.

- ســایتی www.bati-azerbaycan.blogsky.com کۆمیتــەی بــەرگریی کردن لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا **"غربی آذربایجان مدافعه کمیتەسی"** کـە بــە نــاو بــەرگریی لــە مــافی تورکــە ئازەرییــەکانی هــەرێمی ڕۆژهــەڵاتی کوردستان دەکات، لە ئاگادارییەکدا بە بێ ئـەوەی کـە ئامـاژە بـۆ تـاوانی سـوتاندنی گونـدی مەحمەشـەی کـوردان بکـات، سـەبارەت بـە سـوتاندنی گوندی مەحمەشەی تورکان دەڵێت:

**- (ڕۆژی 1359/8/22 گروپێک لــە حیزبــی دیمــوکرات کــە چــەکی قورســی وەک خۆمپارە و تفەنگی 106 میلیمەتر و ئارپیجی 7 یان پێبوو، هێرشیان کــردە ســەر گونــدی مەحمەشــەی ســەروو. دوای کوشــتنی 11 کــەس و برینــدارکردنی 7 کــەس، مزگــەوت و شــەریکەی تــەعاونیی و زۆربــەی ماڵەکانی ئەو گوندەیان سوتاند.).**

سـایتی کۆمیتــەی بــەرگریی لــە ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوا دەربـارەی ئــەو کردەوەیە کە بە حەق کردەوەیەکی نادروست و جێی ڕەزامەندیی حیزبـی دیموکرات نەبوو، سوتاندنی گوندی مەحمەشەی تورکـان بـە کردەوەیـەکی ڕەگەزپەرستی ناودەبـات و دەڵێـت تـاوانی ئەرمەنـەکان لـە قـەرەباغ و ناوچــەی تورکمــان نشــینی کــەرکوک دەهێنێتــە بــەرچاو کــە ڕێبــەرانی تیرۆریسـتی کوردسـتان دەیانــەوێت کوردسـتانی گــەورە لەســەر خــاکی نەتەوەکانی تر دروستبکەن و بۆ پاکتـاوکردنی نەتـەوەکانی تـر بەکۆمـەڵ بیانکوژن.

کۆماری ئیسلامیی دوای کۆکوژییەکانی لە گوندەکانی ئیندرقاش و وسوکەند، ڕۆژی 1359/8/27 (1980/11/18) بە چەند یەکەیەکی سوپا و سوپای پاسداران و بەسیج و بە هاوکاریی جاشە خۆماڵییەکانی ناوچەکە و بە پشتیوانیی فڕۆکە و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا، هێرشیان کردە سەر گوندی "سۆفیان" و بە چەشنی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندوقاش و وسوکەند تەقەیان لە خەڵکی ئەو گوندە کرد. ڕۆژنامەی کار ئۆرگانی ڕێکخراوی چریکی فیدایی لە ژمارەی 92 ڕۆژی 1359/10/18دا ناوی 13 شەهیدی ئەو کارەساتەی بڵاوکردەوە، بەڵام بە نوسینی "کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نامیلکەی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کردستان 1358-1368" کە مانگی گەلاوێژی ساڵی 1969 (1990) بڵاویکردووەتەوە، شەهیدەکانی ئەو کارەساتە 12 کەس بوون. ناوی شەهیدانی گوندەکانی ئیندرقاش، وسوکەند و سۆفیان بریتین لە:

**شەهیدانی گوندی ئیندرقاش:** حاجی مستەفا، سەید عەلی، ڕەحیم ئەندەرز، ساڵح ئەندەرز، ڕەحمان شەوقی، مەحمود موحەمەدئاغا، سلێمان محەمەدئاغا، محەمەد قەنبەری، خدر قەنبەری، عەلی قەنبەری، سەید ڕەحمان، ئیرەج حەمەدۆکی، زوبەیدە حەمەدۆکی، مەحمود شێخی، کەریم سەیدە، سلێمان کەریم سەیدە، ڕەسوڵ سەیدە، حوسێن خدر حاجی، عوسمان سەعید لولو، خوسرەو حاجی وەیسی، خالید حاجی وەیسی، پەریزاد "خێزانی ئیبراهیم"، عەبدوڵا مەحموود ڕەحیمی، دەروێش موحەمەد، عەلی ئەحمەد شێخە، بیلال عەجەم، حوسێن خۆیی، حاجی خۆیی، سلێمان گاقوڵە و ئەحمەد حەسەن.

**شەهیدانی گوندی وسوکەند:** عەبدوڵا پاسەبانی، عەزیز ئیسماعیل، مستەفا خەڵکی گوندی پشتەپ، ئەبوبەکر خاوشی و هەمزە کەشوانی.

**شەهیدانی گوندی سۆفیان:** حاجی حوسێن پورخزر ، شێخ محەمەد پورخدر، سەید تەها تەوحیدی "مامۆستای قوتابخانە"، سەید زادە زڵێخا تەوحیدی، مەلا سەید حوسێن هاشمی "مەلای گوند"، ئەبوبەکر قادرزادە، تاهیر قەیتەران، سەید حەسەن شێخ موحەمەدەمین، حەسەن شەمس، عەبدولڕەحمان خوشڕەو، محەمەدئەمین شوان و ڕەحیم شوان.

## چەپکە گوڵێکی سور، ورمێی کرد بە دۆزەخ بۆ پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات

لە بەشی **"حیزبی دیموکرات بەرپەرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی توودە دەداتەوە"** دا گوتم لە پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییدا بڕیاردرا سێ گروپ ڕەوانەی سێ ناوچەی ناوەند و باکور و باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێن. لەگەڵ ئەو بڕیارە، بڕیاری چالاکییەکی هاوکات و هاوبەشیش بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی حیزب دیارییکرا. بڕیار وابوو کە ئەگەر لە ڕادیۆی کوردستان "ڕادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان" پەیامێک بە ناوی نهێنی "چەپکە گوڵێکی سورتان پێشکەش دەکەم" بڵاوکرایەوە، هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانیاندا پەلاماری پێگەکانی دوژمن بدەن و بە هەر جۆرێک بۆیان دەلوێت، زەبر لە دوژمن بدەن.

ڕۆژی 1359/7/17(1980/10/9) لەگەڵ کەمال دەباغی لە نەوسود بووم کە ئەو پەیامە لە ڕادیۆ خوێندرایەوە، بۆیە بە پەلە لەگەڵ کەریم پورقوباد فەرماندەی هێزی شاهۆ و فەرەیدون میتران بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە هەورامان و سەرلکەکانی هێزی شاهۆ کۆبووینەوە و پێمانڕاگەیاندن کە پێویستە چالاکییەک بۆ سەر مۆڵگەکانی دوژمن بکەن. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا بە هێزێکی پۆشتەوە هێرش بکەینە سەر پێگەی دوژمن لە پشت پردی واوان و ئەگەر توانیمان دەستی بەسەردا بگرین و ئەگەرنا دوای زەبر لێدانیان دەگەڕێینەوە. ئێمە ڕۆژی 1359/7/18 (1980/10/10) لەگەڵ کاک کەریم و پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ چووین و ئەوان ئەو ئەرکەیان ڕاپەڕاند. زەبری قورسیان لە دوژمندا، بەڵام پێگەکەیان بۆ نەگیرا و بە بێ زیان گەڕانەوە. لە ناوچەی سنە و مەریوان ئەو چالاکییە نەکرا، بەڵام بەشێک لە هێزەکان لەو ڕۆژەدا فەرمانی دەفتەری سیاسی حیزبیان بەجێگەیاند و بە شێوەی جۆراوجۆر زەبریان لە دوژمن وەشاند.

بەگوێرەی پلانێک کە پێشتر دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بۆ هێزەکانی شنۆ و نەحۆ لەگەڵ دوو دەستە لە پێشمەرگەی هێزی بەرگریی

ناوچەی ورمێ و گەلی قاسملووی داڕشتبوو، پێشمەرگەکانی ئەو دوو هێزە بە بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزب، چالاکییەکی هاوبەشیان لە ناو شاری ورمێ کرد. مەبەست لەو چالاکییە چەککردنی سەربازگە و سەرکردایەتی لەشکری 64، پێگەکانی سوپای پاسداران و زیندانی دەریا، ناوەندی بەسیج، عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی دەریا و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ورمێ بوو. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات سەروانی فرۆکەوان "حاتەم دوعاخان"ی کردبوو بە فەرماندەی ئەو چالاکییە و پێی ڕاسپاردبوو ڕۆژی 1359/7/18 (1980/10/10) بەو دوو هێزەوە بچینە ناو شاری ورمێ و بە پەیامی نهێنی "چەپکە گوڵی جوتێریتان پێشکەش دەکەین" کە لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاودەکرێتەوە، شار بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە بنکەکانتان. بەو مەبەستە، ڕەحمان ڕەحیمی "چەکۆ" فەرماندەی هێزی سمکۆ، ئەحمەد عەزیزی جێگری فەرماندەی هێزی سمکۆ، سەروان حاتم فەرماندەی هێزی نەحۆ و غەنی غەنی پوور جێگری فەرماندەی هێزی نەحۆ کۆدەبنەوە و بەرپرسیارییەکانی ئەو چالاکییە دیارییدەکەن. جگە لە سەروان حاتەم کە لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە بە فەرماندەی چالاکیی دیارییکرابوو، ئەحمەد عەزیزی و غەنی غەنی پوور دەکرێن بە جێگری حاتەم لەسەر پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ و هێزی نەحۆدا. بڕیاردەدەن پێشمەرگەکانی هێزی نەحۆ کە خەڵکی ناوچەی ورمێ بوون، لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ و هێزی بەرگریی ناوچەی ورمێ و گەلی قاسملوو ڕێکبخەنەوە و هێزێکی یەکپارچەیان لێ پێکبهێنن. بۆ ئەو مەبەستە لە مەرگەوەڕ کۆدەبنەوە و دوای خۆڕێکخستنەوە، بەرەو "بەند"ی ورمێ دەکەونە ڕێ. ئێوارەی ڕۆژی 1358/7/18 هەموو پێشمەرگەکان لە چیای "سیر" کۆدەکەنەوە. چیای سیر بەسەر ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و ناوچەی دەشتەبێل دا دەڕوانێت. لەوێ ئامانجی مەئموریەتەکە بە پێشمەرگەکان ڕادەگەیەنن و لەگەڵ ئەوەشدا پێیان دەڵێن کە ئەگەر کەسێک بیەوێت، بۆی هەیە بەشداریی ئەو چالاکییە نەکات، بەڵام ئەگەر بەشداریی بکەن و بە بێ ئیزنی فەرماندەکەیان پاشەکشە بکەن، بۆیان بە تاوان دەژمێررێت و دادگایی دەکرێن. پێشمەرگەکان بە شادمانییەوە ئامادەیی خۆیان

ڕادەگەیەنن و فەرماندەکانیان دابەشیان دەکەن بەسەر چوار دەستەدا. کۆی پێشمەرگەکان نزیکەی 400 کەس بوون، دەستەیەک بۆ سەربازگەی لەشکری 64 ورمێ، دوو دەستە بۆ ناو شار و مەیدانی "بوغەدە" و دەستەیەکیش بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دادەنێن و چەند کەسێکیش لەگەڵ تۆپێکی 105 میلیم لە چیای سیر بەجێدەهێڵن کە ئەگەر پێویست بوو، تەقە بکات.

هەروەها بەگوێرەی بڕیاری دەفتەری سیاسی، پێشمەرگەکانی هێزی قارەمان و سەرگورد عەباسیی لە ناوچەی شاپوور بە فەرماندەیی سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە ئامادە دەکرێن کە لە "شپیران"وە بە "قوشچی" و فڕۆکەخانە و کارخانەی قەندی ورمێدا خۆیان بگەیەننە ورمێ. پێگەکانی پاسدارانی ناوچەی باکوری شاری ورمێ چەک بکەن و لە ناوەندی شار لەو گۆڕەپانەی کە گاراجەکانی لێیە، لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەستەی "ئەحمەد بەندەیی" کە بۆ بوغەدچی مەیدان دیارییکرابوون و سەروان حاتەمیش لەگەڵیان بوو، یەکبگرنەوە و پێکەوە بچنە زیندانی دەریای ورمێ و زیندانییەکان ئازادبکەن و دەستبگرن بەسەر عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنیدا و ناوەندی بەسیجەکان چەک بکەن.

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی دوکتۆر قاسملوو کە زانیارییەکەی لە دوو ئەفسەری ڕاکردووی سوپا و شارەبانیی ورمێوە بە ناوی سەروان پیرڕەزایی "ڕۆحانی" و سەرگورد درخشانفەر "عەباسی" وەرگرتبوو، سەربازگەی ورمێ جگە لە 150 کەس کە بەرپرسی پاراستنی سەربازگەکە بوون، ئەوانی تریان ڕەوانەی شەڕی عێراق کردووە، تەنانەت بڕیار وا بووە کە بەشێک لەو 150 کەسە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا بن و یارمەتی پێشمەرگەکان بدەن.

گوتراوە دوای چەککردنی سەربازگە بەشێک لە پێشمەرگەکان لەوێ بمێننەوە و ئەوانی تر لەگەڵ ئەندامانی سوپا بچنە ناو شار و یارمەتی دەستەی ئەحمەد بەندەیی بدەن. هەروەها دوکتۆر قاسملوو پێیڕاگەیاندوون کە ژمارەیەک لە زیندانییەکانی دەریای ورمێ لەگەڵ دەستپێکردنی چالاکیی پێشمەرگەکان ڕادەپەڕن و بەرپرسانی زیندان

چەک دەکەن. ئەو دەستەیەی کە بۆ گرتنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دیارییکرابوو، بڕیاربوو کە پەیام و ئاگاداریی پێشمەرگەکان لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەوە بە ئاگاداریی خەڵکی ورمێ بگەیەنێت و خەڵک هانبدەن کە دژی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ڕاپەڕن.

هەروەها بە پێشمەرگەکان ڕاگەیانرابوو کە بە باشیی و بە ڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی شاری ورمێ بکەن و پێیان بڵێن ئێمە دۆستی ئێوەین و دژی کۆماری ئیسلامیی کە گەلی کورد و تورک قەلاچۆ دەکات. پێشمەرگەکان شەوی 18 لەسەر 1359/7/19 بە هێمای نهێنی "گوڵی شێوەڕز" لە چوار دەستەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو چالاکییە دەکەونە ڕێ. لە نێوان چیای سیر و شاری ورمێدا جاشەکانی ناوچە لە چەند جێگەیەکدا تەقەیان لێ دەکەن، بەڵام ئەوان خۆیان لە شەڕ دەپارێزن و بەرەو شوێنی مەئموریەتەکەیان دەچن. بەرەبەیانی ڕۆژی 1358/7/19 بەرلە شەفەق، دەگەنە قەراخ شاری ورمێ:

1- دەستەیەک لە لکی "سەید ئەنوەر" لەگەڵ ڕەحمان ڕەحیمی "چەکۆ" و محەمەد پیرۆت بۆ گرتنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەچن. ئەحمەد عەزیزی جێگری فەرماندی چالاکیی و فەرماندەی چالاکیی پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ لەگەڵ ئەو دەستەیە بوون.

2- دەستەی خورشید پۆڵایی کە خۆی سەرلکی هێزی نەحۆ بوو، بە فەرماندەی ئەو دەستەیەی بۆ گرتنی سەربازگە دەچێت.

3- دەستەیەک لە لکی هێزی نەحۆ کە یوسف ئەمینی سەرلکی بوو، بە فەرماندەیی یوسف بۆ ناو شار دەڕوات.

4- دەستەی ئەحمەد بەندەیی لەگەڵ حاتەم بۆ ناو شار و بوغدەچی مەیدان دەچن کە لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی شاپور بە فەرماندەیی سەنار مامەندی یەک بگرنەوە و بەرەو دەریا بچن و دەستبگرن بەسەر زیندان و عەمبارەکانی چەک و تەقەمەنی و ناوەندی بەسیجەکانی ورمێدا.

پێشمەرگەکانی دەستەی یوسف ئەمینی لە هێزی نەحۆ، دەوری سەربازگە دەدەن و زۆر ئازایانە خۆیان دەگەیەننە شەقامی خەیام و لە دەوروبەری سینەمای "ئاپادانا" و دەوری سەربازگە و سەرکردایەتی

لەشکری 64 توشی شەڕ دەبن و پاسدار و یەکەکانی سوپا و بەسیج دەوریان دەگرن. پەنا بۆ خانوو و دوکانەکانی نزیکیان دەبەن و لە ئەنجامی تەقەکردنی پاسدارەکاندا چەند ماڵ و دوکان بە گوللەی ئارپیجی 7 و چەکی تر ئاگردەگرن. پێشمەرگەکان ناچار دەبن ماڵ بە ماڵ و دوکان بە دوکان لە ناو ئاگردا شەڕ بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا زەبری زۆر قورس لە دوژمن بدەن. پێشمەرگەکانی ئەو دەستەیە زیانی زۆریان لێکەوت، بەڵام قارەمانانە خۆیان ڕادەگرن، تەنانەت فیشەکیان تەواو دەبێت و بە چەک و فیشەکی پێشمەرگە شەهیدەکانی خۆیان و کوژراوەکانی دوژمن شەڕ دەکەن و سەرئەنجام لە کاتێکدا یوسف بریندار دەبێت، بە کەڵکوەرگرتن لە تاریکیی شەو پاشەکشە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا چەند پێشمەرگەیان لێ بە دیل دەگیرێت و تەرمی شەهیدەکانیشیان دەکەونە دەست دوژمن.

دەستەی خورشید پۆلایی کە بۆ چەککردنی سەربازگە چوون، خۆیان دەگەیەننە بەر تەلەدڕکاوییەکانی سەربازگە و لەوێ دەکەونە بۆسەی دوژمنەوە. ناچار دەبن لە ناو باخەکان و جۆگەکانی نزیکیان تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە شەڕ بکەن، زیانی زۆر بە دوژمن دەگەیەنن و خۆشیان زەبری قورسیان لێدەکەوێت و دوانزە تەرمیان دەکەوێتە دەست دوژمن.

دەستەی ئەحمەد بەندەیی دەگەنە مەیدانی "بوغدە"، ئیتر ناتوانن پتر بچنە پێشەوە. لە هەموو لایەکەوە پاسدار و بەسیج دەوریان دەگرن و ئەوانیش تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە شەقامی شاپور و ناو بازاڕدا شەڕ دەکەن و خۆیان ڕادەگرن و سەرئەنجام پێشمەرگەکان دوو دوو و سێ سێ خۆیان ڕزگار دەکەن، تەنانەت چەند کەسێکیان بەرگ دەگۆڕن و لە ناوچەی شەڕەکە دوور دەکەونەوە و بە ئوتۆمبێل خۆیان دەگەیننە مهاباد.

دەستەی لکی "سەید ئەنوەر" دەگاتە نزیک ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و دەبینن دەوری بیناکە بە تەلدڕک گیراوە. لە تەلەکان نزیک دەبنەوە و لە ناکاو دەکەونە بەر دەستڕێژی ئەو پاسدار و کێشکچییانەی کە پێشتر بۆیان لە کەمیندا بوون. پێشمەرگەکانی ئەو دەستەیە بە هۆی دەشتایی ناوچەکەوە، ناچار دەبن خۆیان بگەیەننە جۆگەلە ئاوێکی نزیکیان و تا

ئێواره لـه نـاو ئـاودا دهست دهكهنـهوه و سـهرئـهنجام لـه تـاریكیی شـهو كهڵكوهرگرن و پاشهكشه دهكهن.

پێشمهرگهكانی ناوچهی شاپور كه سهنار مامهدی فهرماندهیان بوو، به بێ هیچ ئاگادارییهك بهشداریی ئهو چالاكییه ناكهن و له ئهنجامدا دهستهی ئهحمهد بهندهیی ناتوانێت له بوغدهچی مهیدانهوه بهرهوپێشهوه بچێت. لهو شهڕهدا 48 پێشمهرگه شههید بوون و تهرمی ههموویان كهوته دهست دوژمن. له 48 پێشمهرگهیه، 10 كهسیان به برینداریی و به هۆی نهمانی فیشهكهوه، به دیل گیران و حكومهت له میانهی شهڕهكهدا گوللهبارانی كردن. حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران دوای تێپهڕبوونی ساڵێك بهسهر ئهو شهڕهدا، له نامیلكهی "جنگ در كردستان، مهر و آبان 1360 ضمیمه چهارم، لاپهرهی 26 " دا ئاماژهی بۆ ئهو شهڕه كرد و نوسیوی:

**- (ڕۆژی 1359/7/19 پێشمهرگهكانی هێزی سمكۆ و هێزی نهحۆ له چالاكییهكی هاوبهشدا چوونه ناو شاری ورمێ بۆ ماوهی دوو شهو و ڕۆژ پهلاماری ناوهنده جیاوازهكانی سوپای پاسداران و شارهبانیی ئهو شارهیان دا و ژمارهیهكی زۆریان له هێزهكانی ڕژێم كوشت و بریندار كرد و 27 تانك و ئوتۆمبێل و هێلیكۆپتهرێكیان تێكشكاند. لهو چالاكییهدا پتر له چل پێشمهرگهی قارهمان شههید بوون كه ناوهكانیان له لیستی ناوی شههیدهكاندا نوسراوه.).**

بۆ ڕونكردنهوهی پتر و زانیاریی پهیداكردن لهسهر وردهكارییهكانی ئهو چالاكییه، ڕۆژی 2008/3/8 - 2008/3/10 پهیوهندیم به ئهحمهد عهزیزی جێگری فهرماندهی چالاكیی و فهرماندهی چالاكیی پێشمهرگهكانی سمكۆ و فهرحان ڕهسوڵی پێشمهرگهی دهستهی خورشید پۆڵایی لهو شهڕهدا و سهرههنگ سمكۆ عهلیار خاوهن زانیاریی لهسهر ئهو پلانه، كرد:

**ئهحمهد عهزیزی فهرماندهی چالاكیی گرتنی ورمێ:** (كاك چهكۆ فهرماندهی هێزی سمكۆ و من جێگری ئهو هێزه بووم. ماوهیهكی زۆر نهبوو كه سوپای ئێرانم بهجێهێشتبوو و هاتبوومه ڕیزی پێشمهرگهكانی حیزبی دیموكراتهوه كه خزمهتی نهتهوهكهم بكهم. كاك چهكۆ باسی ئهو كارهی بۆ كردم، له ڕاستییدا به بیستنی سهرسام بووم و گومانم لێكرد. گوتم

چۆن شارێکی مەزنی وەک ورمێ کە بە هەزاران سەرباز و پاسدار و کۆمیتەچی و ژاندارم و پۆلیس بە دەریایەک چەک و تەقەمەنی پارێزگاریی لێدەکەن، بە دوو، یان چەند هێزی پێشمەرگە چەکدەکرێت؟

گوتی دەستوری حیزبە و حاتەم فەرماندەی هێزی نەحۆ و فەرماندەی ئەم چالاکییە، خۆی دێت و مەسەلەکەمان بۆ ڕوندەکاتەوە. ئەو هات و گوتی بەڵێنتان پێدەدەم کە خەڵکی شار یارمەتیمان دەدەن. سەرهەنگ "ڕۆحانیی" و سەرگورد "عەباسی" کە لە پۆلیس و سوپای ورمێدا بوون، ڕایانگەیاندبوو جگە لە 150 کەس، هەموو ئەندامانی سەربازگەیان ڕەوانەی شەڕی عێراق کردووە و سەربازگە چۆڵ بووە و گوتوویانە ئەگەر ئێوە بێن، ئێمەش هاوکاریتان دەکەین. من زۆر لە کار و هەڵسوڕانی پێشمەرگایەتی ئاگادار نەبووم و لام وا بوو فەرماندەکانی حیزب بە چەشنی سوپا کاردەکەن و هەر کەسە ئەرکی خۆی بە دروستیی ڕادەپەڕێنێت!. ئەوە بوو وەک سەربازێک ملمدا و باوەڕم بەو پڕۆگرامە کرد کە حیزب دایناوبوو. لەبەرئەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە شنۆ و بە بەشداریی کاک چەکۆ و سەروان حاتەم و غەنی غەنی پوور پێکهات، من بەرپرسیاریی بەشی چالاکیی هێزی سمکۆم گرتە ئەستۆ. نزیکەی 400 پێشمەرگەی هێزەکانی نەحۆ و سمکۆ و نزیکی 70- 80 پێشمەرگەی هێزی بەرگریی شنۆ و گەلی قاسملوو کە حاجی محەمەدی ئەسکەندری و کاک خالێد بەرپرسیان بوون، لە هێزێکدا ڕێکخست و ڕۆژی 1359/7/17 بەرەو شوێنی مەبەست ڕۆیشتین و لە چیای "سیر" کۆبووینەوە. چیای سیر بەسەر شاری ورمێ و هەموو ناوچەی دەشتەبێل و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕدا دەڕوانێت.

لەوێ چالاکییەکەمان بە پێشمەرگەکان ڕاگەیاند و هەموو بە ویستی خۆیان بەشدارییان تێیدا کرد. چوار دەستە چووینە ناو شار و هەر دەستەی شوێنی مەبەست و ئەرک و بەرپرسیارییەکەی بۆ ڕونکرایەوە. من لەگەڵ دەستەی گرتنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بووم و کاک چەکۆش لەگەڵ من بوو. لە ڕێگادا بەرەو ڕاپەڕاندنی ئەو چالاکییە، چەندان جار تەقەمان لێکرا، بەڵام ئێمە وەڵامی تەقەکانمان نەدایەوە. دەستەکانی پێشمەرگە بە گشتیی گەیشتنە شوێنە دیارییکراوەکانیان، بەڵام بەرلە

تەقەکردنیان، لە لایەن دوژمنەوە پەلاماردران و ناچاربوون تا تاریکیی شەوی دوایی دەست بکەنەوە و بە شەڕ پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ بەندی ورمێ.

پێشمەرگەکانی شاپوور کە سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە بەرپرسیان بوون، بە بێ ئاگادارکردنەوەی ئێمە بەشداریی چالاکییەکەیان نەکرد و ئەوە کارێکی وای کرد کە هێزەکانی ئێمە گوشاری زیادتریان بکەوێتە سەر. هەر چوار دەستەکە شەڕی قارەمانانەیان کرد، دەستەی یوسف ئەمینی لە هێزی نەحۆ زۆر ئازایانە لە شەقامی خەیام و دەوروبەری سینەما "ئاپادانا" لە نزیک بیناکانی دەرگای سەربازگە و سەرکردایەتی لەشکری 64 خۆی ڕاگرت و ماڵ بە ماڵ بەرەنگاری دوژمن بووەوە. لەناو ئاگردا شەڕی کرد و وەڵامی هێرشەکانی دوژمنی دایەوە. پێشمەرگەکانی لکی کورد نژاد کە لەگەڵ خورشید پۆڵایی بوون، خۆیان گەیاندە سەربازگە و هەر کە خەریکی بڕینی تەلدڕکەکانی دەوری سەربازگە بوون، کەوتنە بەر تەقەی چەکدارانی ڕژێم و بە ناچاریی پەنایان بۆ باخەکانی تەنیشت سەربازگە برد و لە ناو درەخت و باخچەکانی "کەلەم" دا تا شەو شەڕیان کرد و سەرئەنجام لە تاریکییدا پاشەکشەیان کرد.

دەستەی ئێمە گەیشتە نزیک بینای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، بەڵام لەگەڵ تەلدڕکیی دەوری بیناکە ڕووبەڕوو بووینەوە کە لە چوار دەوری سەنگەر کرابوو. بەر لەوەی کە خۆمان بگەیەنینە بیناکە لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکردین. ئێمە ناچار بووین لە جۆگەلە ئاوێکی تەنیشت بیناکەدا سەنگەر بگرین و دەستبکەینەوە و لە بەرامبەر هێرشەکانی ناو بیناکە و دەرەوەی بیناکەدا خۆمان بپارێزین و پاشەکشە بکەین.

پێشمەرگەکانی دەستەی ئەحمەد بەندەیی کە دەبووایە بچنە مەیدانی بوغەدە بەرلە گەیشتنیان توشی شەڕ بوون و دوای شەڕێکی قارەمانانە ماڵ بە ماڵ بە شەڕکردنەوە پاشەکشەیان کرد و چەند دیوارێکیان کون کرد و بە چەند برینداریکەوە گەڕانەوە. چەند پێشمەرگەیەکمان وەک "ڕەحیم سمێل" لە هێزی شنۆ و "ئادەم" لە هێزی نەحۆ بە دیل گیران و گوللەبارانیان کردن. ئایەتوڵا فەوزی و مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی

ورمــێ لــە مزگەوتــەکان و شــەقامەکاندا چــەکیان لــەناو خەڵکــدا بڵاودەکردەوە و بە بڵندگۆ خەڵکیان هاندەدا کە بەرەنگاری ئێمە ببنـەوە، کەسی وا هاتبوو کە تەنیا شانەیەک فیشەکی پێبوو. ئافرەتەکان لە قاتی سەرووی ماڵەکانەوە ئاوی گەرمیان پێدادەکردین و لەتە خشت و بـەردیان پێـدادەداین. لــەو شـەڕەدا زەبـری زۆر قورسـمان لـە دوژمـن دا، هــەموو نەخۆشـخانـەکانی ورمێیـان بـۆ کـوژراو و بریـندارەکانیان تـەرخانکردبوو. دەیان ماڵ و دوکان سوتان. دەیانگوت نزیکەی 800- 900 کەس لە دوژمن کــوژراوە. لــە بەرامبــەردا ئێمــەش 48 پێشـمەرگەمان لــێ شــەهیدبوو، نەمانتوانی تەرمەکانیان ببەینەوە.

**ئەحمـەد عـەزیزی لـە وەڵامـی ئـەم پرسیارەی منـدا کـە دوای شـەڕەکە هەڵســەنگاندنی ئێــوە لەســەر ئــەو شــەڕە چــی بــوو؟ گــوتی:** (کاتێـک گەیشـتینەوە شنۆ، بنەماڵـەی شـەهیدەکان زۆر بـە تونـدیی بـەرەنگارمان بوونـەوە و گوتیان ئێوە مناڵەکانی ئێمەتان بە کوشتداوە، بەشێکیان بـەو گوتنـە کـە ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوان بـووین، تـا ڕادەیـەک ئـارام بوونـەوە. هەڵسـەنگاندنی دوایـی دەریخسـت کـە ئێمـە بـە تـەواویی بیرمـان لـە چالاکییەکــە نــەکردبووەوە. هەڵــەی زۆر لــە کارەکانمانــدا هــەبوو، ئاگادارییـەکانی دەفتـەری سیاسـی و بەڵێنـەکانی سـەرهەنگ ڕۆحـانی و ســـەرگورد عەباســـی دوربـــوون لـــە ڕاســـتییەوە. هەڵســـەنگاندنی ئامانجـەکانمان بـە دروسـتیی نـەبوو. گوتبوویـان تـەنیا چەنـد کەسێک پارێزگـاریی لـە ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆن دەکـەن و ئـەوانیش هاوکـاری ئێمـەن، ئــەوەش ڕاســت نــەبوو، ژمارەیــەکی زۆر چەکــدار لــە دەوری ڕادیــۆ و تەلەڤزیۆن سەنگەریان گرتبوو، بـە دۆشکە و ئـارپیجی 7 لـە ئێمـەیان دا و ئێمە نەمانتوانی لە بەرامبەریاندا دەستبکەینەوە. ئێمە لـە نـاو دەشـتدا مابووینــەوە و ئــەوان لــە ســەنگەردا. تەنانــەت ئێمــە بێســممان بــۆ پەیوەنـدییکردن لەگـەڵ دەسـتەکان پێنـەبوو. گوتبوویـان لـە سـەربازگە هاوکارییمـان دەکـەن، کـەچی بـە درۆ دەرچـوو. گوتبوویـان خـەڵکی شـار هاوکارییمان دەکەن، هەرچەنـدە خـەڵکی وا هـەبوو کـە دڵسۆزمان بـوون و لـە چەند ماڵێک نان و خواردنیان دابوو بە پێشمەرگەکان، بەڵام هـەزاران کەس بە چەند فیشەکێکەوە و بە یا حوسێن، یا حوسێن، هـاتن بمـانگرن.

چەند هێلیکۆپتەر بە بەردەوامیی لەسەر شار بوون، بەڵام شەڕکەرەکان بە ڕادەیەک لە یەکتر نزیک بوون کە نەیاندەتوانی تەقەمان لێ بکەن. پێشمەرگەکانی شاپوور نەهاتن و بەشداریی شەڕەکانیان نەکرد. دوای کۆتایی شەڕەکە پرسیارم لە جهانگیر ئیسماعیل زادە کرد، بۆچی بەشداریی چالاکییەکەتان نەکرد و ئێمەتان بە تەنیا هێشتەوە؟ گوتی: ئێمە لە سەدا سەد بڕیارمان نەدابوو کە بەشداریی ئەو چالاکییە بکەین. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دوژمن بەو چالاکییەی زانیبوو، کاتێک لە شنۆ خۆمان بۆ ئەو چالاکییە ئامادە دەکرد، کوڕێک بە ناوی "سەدیق" بە منی گوت: بیستوومە خەریکن هێرش دەکەن، ئەوە بزانە کە بە هیچ جۆرێک سەرناکەون!).

**فەرحان ڕەسوڵی پێشمەرگەی لکی کورد نژاد کە لەگەڵ خورشید پۆڵایی بەشداریی شەڕی ورمێی کرد دەڵێت:** (بڕیار بوو ئێمە لەگەڵ پەیامی "چەپکە گوڵێکی سور" چالاکییەک بکەین. دوو ئەفسەر گوتبوویان سەربازگەی ورمێ چۆل بووە و 150 کەس ماون. حیزب بەگوێرەی ئەو هەواڵە، پێیڕاگەیاندین کە بە چەند هێزێکی پێشمەرگە، سەربازگە و شاری ورمێ بگرین. بە گەلی قاسملوودا چووینە "حەسار" و "کانی سپی" و لەوێوە پەڕینەوە بۆ "نازلی چایی" و بە گەلی "بەراندڕێز" دا چووینە "مەندە دۆڵ" و لەسەر چیای سیر کۆبووینەوە. لەوێ پرۆگرامەکەیان پێڕاگەیاندین و گوتیان لە دەفتەری سیاسیەوە پێیان گوتووین شاری ورمێ بگرین. لە ڕاستییدا ئێمە گاڵتەمان بەو وتەیە هات، چونکە شارەکە زۆر گەورە بوو. لەسەر چیای سیرەوە ورمێ لە دەریایەک دەچوو. بووین بە چوار بەشەوە. هەر تیمەی 70- 80 کەس بوو. تیمێک بۆ گەرووی "ئەڵاهوئەکبەر- ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن"، " غەفور ڕەوەندی"ی دانرا کە دوای گرتنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پەیام بخوێنێتەوە. تیمێک بۆ سەربازخانە، تیمێک بۆ شەقامی "زنجیر" و تیمێک بۆ شەقامی شاپوور. بەرنامەکە خوێندرایەوە، گوتیان ئەوانەی ناتوانن باشترە نەیەن. گوتیان دەستدرێژیی بۆ سەر خەڵک مەکەن و زۆر بە ئارامیی لەگەڵیاندا بجوڵێنەوە.

تۆپێکی بیابانییمان پێبوو لە چیای سیر بەجێیانهێشت کە تەقە بکات. بۆ ئێوارە کەوتینە ڕێ، دەزگای پەیوەندیی "بێسیم"مان پێنەبوو کە بتوانین پەیوەندیی لەگەڵ یەکتر بکەین. تیمی پێشەوە ئێمە بووین. خورشید پۆلایی سەرلکی هێزی نەحۆ فەرماندەی تیمی ئێمە بوو. تیمی شەقامی زنجیر یوسف ئەمینی و لەگەڵ دەستەیەکی ئێمە پێکەوە بوون. لە بەندی ورمێوە کە ڕۆیشتین، هێزەکانی دەوڵەت، بۆمان ئامادە بوون، هەر کە لە شار نزیک بووینەوە، ڕوومان لە هەر لایەک دەکرد، تەقەیان لێدەکردین.

هەردوو تیمی ئێمە و یوسف ئەمینی گەیشتینە ناو شار و بەرە بەیانیی گەیشتینە قەراخ پادگان. خورشید پۆلایی کۆیکردینەوە، پۆستەکانی سەربازەکان دیاربوون، هەر کە ویستی تەلدڕکەکانی دەوری پادگان بقرتێنێت، لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکردین! دوای 5- 6 خولەک، یوسف و ئەوانیش کەوتنە کەمینەوە. ئەوان پەنایان بۆ خانووەکان برد و ئێمەش لە باخەکانداماینەوە. دنیا ڕوناک بووەوە، هێرشیان بۆ کردین. تانک بە پشت باخەکاندا لە "تەرزلی"یەوە هاتن. هێرشی پیادە کەوتە سەرمان. چوار جار پەلاماریان داین. کاتژمێر 11:00 ڕادیۆمان کردەوە، بەڵکوو بە هۆی ڕادیۆوە ئاگاداری شەڕەکان ببین. پێشمەرگەیەکی هێزی نەحۆ بە ناوی "ئادەم" بە دیل گیرابوو. لەسەر ڕادیۆ قسەیان لەگەڵ دەکرد، دەیگوت بەعسییمان لەگەڵە! بێگومان ئەوە دوربوو لە ڕاستییەوە.

قوڕەیشی جێگری حەسەنی بە بڵندگۆ خەڵکی هاندەدا و دەیگوت بەعسییەکان و دیموکرات هاتوون و چەکیان بە خەڵک دەدا و دەیاننااردن لە ئێمە بدەن و ئێمەش لێمان دەدان و زۆریان لێ کوژرا. کاتژمێر 12:00 ژمارەیەکی زۆر لە هەموو لایەکەوە بە نارنجۆک و ئارپیجی و چەکی ترەوە، هێرشیان بۆ کردین و دیسان شکان. یوسف و ئەوانیش هەر بەو جۆرە لە پێشی ئێمەوە لە ماڵەکاندا بەرنگاری چەکدارەکان دەبوونەوە.

کاتژمێر 4- 5ی ئێوارە دەوریان گرتین، ئێمە ناچار بووین پەنا بۆ جۆگەیەکی ئاو ببەین و ئەوانیش ئاویان بەردایەوە بۆ سەر جۆگەکە و بە یا حوسێن، یا حوسێن، لێمان نزیکبوونەوە. من لەوێ بریندار بووم و 12 پێشمەرگەمان لەو کاناڵەدا شەهید بوون. بە تفەنگ و فیشەکی

شەهیدەکان شەڕمان دەکرد. برادەرێک کە دواتر چووەوە ئێران، گوتی هەستن پاشەکشە بکەین. ئێمە دوو دوو و سێ سێ بە ناو باخەکاندا کشاینەوە و چووینە تەرزەلی، چونکە خەڵکی گوندەکە کورد بوون، هاوکارییان کردین. لەوێوە گەڕاینەوە بەندی ورمێ. لە ڕێگەدا جاشەکان پشتیان لێمان گرتبوو، بەڵام شەڕیان لەگەڵ نەکردین! تەنانەت یەکێک لە ئاغا جاشەکان یارمەتیداین و بە سواری تراکتۆر ئێمەی لە کەمینەکان دەربازکرد.

جادەیەک لەوبەری بەندێ هەیە کە دەچێتە ڕاژان، لەوێ دابەزاندین و ڕێگەی پێشانداین و گوتی بێرەدا سەربکەون. بەو ڕێگەیەدا هاتینەوە مەندەدۆڵ. بە هەردوو هێزی سمکۆ و نەحۆ 48 پێشمەرگەمان لێ شەهید بوو، هیچ تەرمێکمان بۆ نەهاتەوە. هەروەها ژمارەیەکیشمان برینداربووین و ژمارەیەکیش بە گۆڕینی بەرگەکانیان، چوونەوە مهاباد.).

**جهانگیر ئیسماعیل زادە لە هێزی سەرگورد عەباسیی دەڵێت:** (لە سەرەتادا ئێمە ئاگاداریی ئەو شەڕەی ورمێ نەبووین. دروست لە ڕۆژی شەڕەکەدا، حەسەن شەرەفی هاتبووە گوندی "هوەسن" و لەوێ بە ئێمەی گوت: پێشمەرگەکان ئەمڕۆ چوون ورمێ بگرن و باشترە ئێوەش بچنە سەر ڕێگا و جادەکە کۆنترۆڵ بکەن. گوتمان ئەوە پێویستی بە دانانی بەرنامە هەیە و چۆن دەکرێت هەر ئێستا بچین بۆ کۆنترۆڵی جادە و ئێمە نەچووین. لە پیلینۆمدا ڕەخنەم گرت و گوتم بەرنامەڕێژیی ئەو عەمەلیاتە غەڵەت بوو. ئەوان دوژمنایەتی کۆنیان لەگەڵ کوردان هەبووە و دەبووایە وردتر بۆ مەسەلەکە بچن. دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامی مندا گوتی ئەوان دوژمنایەتیان لەگەڵ شکاکان هەیە.).

**سەرهەنگ سمکۆ عەلیار ئاگادار لەو عەمەلیاتە دەڵێت:** (سەروان حاتەم داوای لە دوکتۆر قاسملوو کردبوو کە من پلانی ئەو چالاکییەیان بۆ بنوسم کە بە خوێندنەوەی "ئاراستە کردنی چەپکە گوڵێکی سور" دەستی پێدەکرد. حاتەم ئەفسەری فڕۆکەوان بوو، شارەزا نەبوو لە شەڕی زەمینییدا، بەڵام چەکۆ ئەفسەری پیادە بوو، ئەو دەیزانی چۆن لە شاردا شەڕ دەکرێت. گەڵاڵەی پلانەکەم بە دەمیی بە دوکتۆر قاسملوو ڕاگەیاند و گوتم بۆ ئەو مەبەستە 2000 پێشمەرگە پێویستە. ئەو 2000 کەسەش،

دەبێت شەش مانگ مەشقیان پێبکرێت و لەو ماوەیەشدا کەرەستەی پێویستیان بۆ دابینبکرێت و بە شار و سەربازگەی ورمێ ئاشنا بکرێن، نە هەر بە جارێک و لە یەک دیدەوە، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر و بە کەسانی شارەزا لە کاروباری سەربازییدا. دوکتۆر قاسملوو دەیویست زۆر بە پەلە زەبرێکی قورس لە ورمێ بدات. پێمگوت خەڵکی ورمێ هاوکاریی پێشمەرگە ناکەن و لە سەردەمی سمایل ئاغا و تالآن کردنی ورمێوە سەبارەت بە کورد دڕدۆنگن. ڕای قاسملوو شتێکی تر بوو، لەبەرئەوە پلانەکەی منی لەبەرچاو نەگرت. پێشمەرگەگان چوون و گیانبەختکەرانە فەرمانی حیزبیان جێبەجێکرد و کۆمەڵێکی زۆریان لێ شەهید و بریندار بوو. دوای ئەو شکستە مەزنە، چاوم بە دوکتۆر قاسملوو کەوتەوە. داوای لێکردم لە هیچ جێیەک باسی ئەو چالاکییە نەکەم! سەروان پیرڕەزایی کە خۆی ناوناوبوو "سەرهەنگ ڕۆحانی"، ئەفسەری تدارکات بوو، نەک ڕەزمی و سەرگورد درخشانفەر کە ببوو بە "سەرگورد عەباسی" ئەفسەرێکی گومانلێکراو بوو، تەنانەت لە شاری پاریسی وڵاتی فەرەنسەش ئەو گومانەی لەسەر بوو.).

**ناوی شەهیدەکانی دۆزەخی ورمێ:**

1. عومەر پیرۆتی، ناسراو بە عومەر جاشێرانی، خەڵکی ئاوایی جاشێران لە ناوچەی شنۆ، هێزی شەهید سمکۆ.

2. خانەمیر ئەحمەدی، خەڵکی ئاوایی گەڵاز لە ناوچەی شنۆ، هێزی شەهید سمکۆ.

3. ئیبراهیم سەمەدی، خەڵکی ئاوایی تاژاندەرێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی لکی شەهید فەتاح ئەمینی هێزی شەهید سمکۆ.

4. رەحمان تەهاپور، خەڵکی ئاوایی سۆفیان لە ناوچەی پیرانشار، پێشمەرگەی لکی شەهید فەتاح ئەمینی هێزی شەهید سمکۆ.

5. عەبدولسەلام زاهیدی، خەڵکی ئاوایی هۆلستانەی مەرگەوەڕ، پێشمەرگە لەلکی شەهید فەتاح ئەمینی هێزی شەهید سمکۆ.

6. عەبدوڵا حەسەن زادە، خەڵکی ئاوایی قەزەناوێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.

7. ئیسماعیل ئەحمەدپور، خەڵکی ئاوایی قەزەناوێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
8. مەولود رەسوڵی ناسراو بە مەولود قەننەزەرد، خەڵکی ئاوایی قەزەناوێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
9. ئەبوبەکر ڕۆستەمی ناسراو بە سۆفی ئەبوبەکر، خەڵکی ئاوایی گوندەوێڵە لە ناوچەی شنۆ، سەرپەل لە هێزی شەهید سمکۆ.
10. کەریم نەبی پور، خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
11. محێدین کۆخە، ناسراو بە محێدین گەرمێنی خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
12. محێدین پشتەک ناسراو بە محێدین شوانە خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
13. ئیبراهیم مەکاریان، خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
14. مارف ئاب، خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
15. رەحیم مورتەزەوی،خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ
16. رەحیم قادرپور، ناسراو بە "رەحیم نەخشین و رەحیم بازووکە"، خەڵکی ئاوایی سەردەرێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
17. حەمەرەحیم مەحمودی، خەڵکی ئاوایی هێیە لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
18. عەباس عارفی، خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی بەرگری لە شنۆ.
19. رەحیم میرزایی، خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی بەرگری لە شنۆ.
20. کەریم میرزایی، خەڵکی ئاوایی میراوێ، شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
21. رەحیم حەسەن زادە،خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
22. مەجید محەممەدیان،خەڵکی زیوەی دۆڵێ لە ناوچەی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
23. عەبدوڵا بەنگینی، خەڵکی ئاوایی خەڵیفان لە ناوچەی نەغەدە، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.
24. مستەفا عەلیزادە،خەڵکی شنۆ، پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ.

25. سەلیم حەقیقی، خەڵکی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمی، فەرماندەی لک لە هێزی شەهید نحۆ.
26. خەلیل حەقیقی، خەڵکی گێسیان، کوڕی شەهید سەلیم حەقیقی، ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، کادری کومیتە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ.
27. سادق حەقیقی خەڵکی گێسیان، کوڕی شەهید سەلیم حەقیقی، ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
28. ئادەم بەشیری، خەڵکی ئاوایی ئەورسی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ، یەکەم بەدیل گیراو، کە دوایی چەند سەعات گوللەبارانی دەکەن.
29. حاتەم ئەبوبەکری، خەڵکی ئاوایی فلکان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
30. خالید خەلیلی، خەڵکی ئاوایی لۆرزنی، لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
31. رەحمان سحەت، خەڵکی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
32. رەمەزان تاهیری زادە، خەڵکی ئاوایی دەزگر لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
33. محەممەد حەقی، خەڵکی ئاوایی لۆرزنی لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
34. سولەیمان پوشندە، خەڵکی ئاوایی هاشم ئاوا لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
35. عەبدولحەمید میرزایی، خەڵکی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
36. عەبدولڵا سەحرانەوەرد، خەڵکی ئەنبێ لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
37. عەبدولڵا ئەحمەدی، خەڵکی ئاوایی ڕەزگە لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
38. کامیل جیهانگیری، خەڵکی ئەنبێ لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.

39. محەممەد سەلیم هەرکی، خەڵکی کوردستانی باشور، دانیشتوی زێوە لە ناوچەی مەرگەوەڕ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
40. محەممەدئەمین تاهیری، خەڵکی ڕاژان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
41. محەممەد تاهیر ئەسەدی، خەڵکی دزەی سیاوەش، لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
42. مەحمود ڕەحمان نژاد، خەڵکی ئاوایی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
43. میرزا محەممەد کەنعانی، خەڵکی تەرزیلو لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ
44. موسا شەعبانی، خەڵکی گێسیان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
45. تەمەر حەسەن زادە، خەڵکی تەرزیلو لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
46. ڕەمەزان ئیراندوست، خەڵکی شەملەکان لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
47. سەلیم ئەشرەفی، خەڵکی وەلەند لە ناوچەی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.
48. ڕەسوڵ مەیدان مەسکەن، خەڵکی گریک لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پێشمەرگەی هێزی شەهید نحۆ.

**قەیرانی سیاسی، باڵی کۆترەکانی ئازادیی دەپەڕێنێت**

لە بەشی **"حیزبی دیموکرات بەرپەرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە دەداتەوە"** دا گوتم ڕۆژی **1359/8/4 (1980/10/26)** لەگەڵ مەلا عەبدوڵا بە سواری تراکتۆرێک بە دەشتی شلێردا گەڕاینەوە بۆ بۆکان. مەلا عەبدوڵا بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی حیزب کە گواستبوویانەوە بۆ شیوێکی پشت گوندی "شیوەجۆ" لە ناوچەی سەردەشت و من لە بۆکان مامەوە کە جێگەیەک بۆ خێزانەکەم بدۆزمەوە. سێ ڕۆژ لە بۆکان مامەوە و جێگایەکەم دەست نەکەوت، ناچار بووم لە دراوسێیەکی ماڵی شەهید عەبدوڵا ئەفشین، دوو ژور بە کرێ بگرم و بگەڕێمەوە دەفتەری سیاسی و دواتر جێگەیەکیان لە دەرەوەی شاری بۆکان بۆ بدۆزمەوە. بەو پێیە ڕۆژی **1359/8/17** چوومە "شیوەجۆ" کە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی لێبوو. لەبەرئەوەی جێیەکەم بۆ مانەوە نەبوو، ماوەیەک لە ژورەکەی فەتاح کاویان بە میوانیی مامەوە تا ئەرکم بۆ دیاریی بکەن، لەو ماوەیەدا دوو جار گەڕامەوە لای مناڵەکانم و بەرلەوەی کە هەوا سارد بێت، کەریم پورقوبادیش لە هەورامانەوە گەڕایەوە و لە بۆکان یەکترمان گرتەوە.

لەوێ خێزانەکانمان بردە گوندی داغەی ناوچەی مهاباد و لە تەویلەیەکدا دوو ژورمان بە قوماش و پەتۆ بۆ دروستکردن. نزیکەی دوو مانگ لەوێ ماینەوە، بەڵام نەمانتوانی بەردەوام ببین و بەفر و سەرما ناچاری کردین، خێزانەکانمان بنێرینەوە مهاباد و کورد وتەنی بە دەست خوایان بسپێرین.

لەو کاتەدا جگە لە بۆکان، شنۆ، پیرانشار و نەوسود، هەموو شارەکانی تری کوردستان کەوتبوونەوە دەست حکومەت و سوپای پاسداران بە بەردەوامیی خەریکی ئازاردانی دانیشتووانی شارەکان و بەتایبەتیی خەڵکی مهاباد بوو. گوندەکان ئابڵوقە درابوون و ڕێگا نەدەدرا، تەنانەت دەرمانیشیان بۆ بچێت.

هەر چەند ڕۆژێک و کۆمەڵێکیان لە خەڵکی شارەکان دەگرت و بە بیانووی هاوکارییکردنیان لەگەڵ پێشمەرگەدا، ئازاریان دەدان. ئەو

دیاردەیە بە تەنیا کوردستانی نەدەگرتەوە، بەڵکوو لە هەرێمەکانی سیستان و بلوجستان، ئازەربایجان، تورکمان سەحرا و تەنانەت تاران و شارەکانی تریشدا بەردەوام بوو. توندوتیژیی گۆپاڵبەدەستان و چەکدارانی ڕژێم بەرامبەر بە خەڵک و ڕێکخراوە سیاسی و شارستانییەکاندا بەوپەڕی گەیشتبوو. هەرچەندە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک وەک حیزبی تودە و فیدائیانی ئەکسەریەت بە ئازادیی خەباتی دەکرد، بەڵام بە بەردەوامیی و کۆبوونەوەکانیان لێ دەشێواندن.
لە زیندانەکاندا سوکایەتییان بە گیراوەکان دەکرد و بە تف و قسەی ناشیرین پێشوازییان لە زیندانییەکان دەکرد، تەنانەت دەستدرێژییان بۆ سەر کچانی حوکمدراو بە کوشتن دەکرد، بەو بیانووەوە کە نابێت ئافرەت بە کچیی بکوژرێت! ئەگەرنا دەچنە بەهەشتەوە!
لەو بارودۆخەدا شەڕ لە بەرەکانی خوزستان و ئیلامدا بە توندیی بەردەوام بوو. هەردوو ڕژێمی ئێران و عێراق شارەکانی سەر سنوری یەکتریان بۆمباران دەکرد و خەڵک زیانی زۆری پێدەگەیشت. ئەبولحەسەنی بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران، بە بەردەوامیی ناڕازییبوونی خۆی لەو دۆخە دەردەبڕی، بەڵام هیچ کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامیی گوێی لە سکاڵاکانی نەدەگرت. بۆ ڕونبوونەوەی پتر لەسەر ئەو بارودۆخە، سەرنج بدەن بە بەشێک لەو نامەیەی خوارەوە کە بەنیسەدر ڕۆژی 1359/8/19 (1980/11/10) بۆ ئەحمەد خومەینی کوڕی ئایەتوڵا خومەینی نوسیوە:

**بە ناوی خواوە**

**برای خۆشەویست حاج ئەحمەد خومەینی.**

**1- بە ڕەسمیی و هۆشیارکردنەوە، بۆ مێژوو ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم: بە هۆی کەڵکوەرگرتنم لە شێوەی زانستیی کارەکانمدا، لە ڕوخانی ڕژێمی شاوە تا شەڕی ئێستا و بارمتەگرتن، هەموو پێشبینییەکانم ڕاست دەرچوون. لە چەند بواردا کە پێشنیازەکانم لەبەرچاوگیراون، سودیان هەبووە و لە چەند جێشدا کە بە پێچەوانەی پێشنیازەکانمەوە کارکراوە، گرفتی مەزن پێکهاتووە. ئێستاش پێشبینیی دەکەم:**

2- ... هەوڵدەدەن کە جارێکی تریش ئێران بکەوێتەوە دەست ئەمێریکا....

3- سەبارەت بە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بڵاوکراوەکان دەڵێم، ئیزن بدەن بە گوێرەی ئوسوڵ کاری خۆیان بکەن. وەرن بۆ ڕەزای خوا بە لایەنی کەمەوە تەنانەت بە یەکێک لەو بەڵینانەمان وەفادار ببین کە لە سەردەمی شادا بە خەڵکمان داوە. پێکهێنانی توندوتیژیی لەو بارودۆخەدا ئەو مەترسییەی لێ دەکەوێتەوە کە ڕوخانی ڕژێمی شای بە دوادا هات. ئیزن بدەن داخوازییەکان بە ئازادیی ڕابگەینرێن و خەڵک لایەنی گۆشەگیریی نەگرێتەبەر. بیرتان لەو وڵاتانە کردووەتەوە کە دەزگا دادوەرییەکانیان ئازادیی و ئاساییشیان خستووەتە ژێر پێ و ڕۆژنامەکانیان بێدەنگ کردووە، چۆن ئابووری و کشتوکاڵی وڵاتەکانیان لەناوبردووە و حکومەتەکەیان کەوتووەتە دەست کەسانی نەزان و لە ڕوخان نزیک بوونەتەوە؟ بە لایەنی کەمەوە بە ڕادەی ڕژێمی شا هۆشیاریی پێشانبدەن و بزانن چۆن ئەوان کاتێک لەگەڵ هەلومەرجێکی بەو جۆرە ڕووبەڕوو دەبوونەوە، پەنجەرەیەکی ڕوناکیان بۆ باوەڕهێنانی خەڵک دەکردەوە؟ دژەکان لە قەراخەوە، ئەوانەی خۆشمان سانسور دەکرێن. ئایا بیرتان لە بەرینیی تەقینەوەکە کردووەتەوە؟ ئێستا کاتی بێدەنگ کردنی ڕۆژنامەکان و بەد ڕەوشتکردنی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن نیە.

4- بۆچی ئێوە دەبن بە ئاگرخۆشکەری ئەو کێشەیە؟ ئەگەر لە من دەبیستن، کات و مێژوو بەرپرسیارییەکی قورسی خستووەتە سەرشانتان، ئەگەر ڕاستییەکانت بە ئیمام نەگەیاندووە. وڵات هەنگاو بە هەنگاو لە کارەسات نزیک دەبێتەوە و هەڵسوڕانی خۆشمان یارمەتی وەزعەکە دەدات. لە من ببیستن و داوا لە ئیمام بکەن لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەییدا تەئکید لەسەر ئازادیی بڵاوکراوەکان بکاتەوە، بێگومان ئەوە یارمەتیدەرە لە چارەنوسی شەڕ و ورەی خەڵک بەرز دەکاتەوە و هەستی فریو و خیانەت کە بەدیهێنەری لاوازیین، کەمدەکاتەوە. .. تد.

**ئەبولحەسەن بەنیسەدر 1359/8/29**

مەترسی کێشەکان لەوەدا بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ خۆیان داهێنەری بوون و بە بەردەوامیی هەوڵیان بۆ دەدا. لە ناوچە ئازادەکانی کوردستانیشدا کە هێشتا نەکەوتبوونەوە دەست دوژمن و لە دەرەوەی بازنەی حکومەتدا بوون، ڕێکخراوە سیاسیەکان هاوکات لەگەڵ بەربەرەکانیی جەنگیی لە بەرامبەر سوپا و سوپای پاسداراندا، ئەرکی خزمەتگوزارییەکانی ئەو ناوچانەشیان وەک دانانی خوێندنگە بۆ منالانی گوندەکان، پاککردنەوە و چاککردنی جادەکان، دانانی بنکەی تەندروستیی بۆ خەڵکی گوندەکان، پێڕاگەیشتن بە ئەرکی دادوەریی خەڵکی گوندەکان و چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و... تد، کەوتبووە سەرشانیان. حیزبی دیموکرات کۆمیسیۆنێکی پێکهێنا کە بەو ئەرکانە هەڵبستێت. کۆبوونەوەی هێزە سیاسییەکان لە بۆکان و لە گوندەکاندا، بەرە بەرە ناکۆکیی لەنێوان پێشمەرگەکاندا دروستکرد و ئەو حیزبەی کە پتر هەوڵی بۆ ئاساییشی خەڵک دەدا، چاوەڕوانیی ئەوەشی دەکرد کە ڕێکخراوەکانی تر پتر گوێڕایەڵی بن. بە چەشنێک کە بەرە بەرە حاڵەتی مەزنیی هێزەکان لە بەرامبەر یەکتردا خۆی زەقکردەوە و توانای خۆڕاگرییان لە بەرامبەر پروپاگەندەی یەکتردا نەما. ئەو مرۆڤدۆستانەی کە ڕۆژگارێک بە مەبەستی بەربەرەکانیی دژی دەنگ کپکردنەکانی کۆماری ئیسلامیی چەکیان هەڵگرتبوو، ئیتر چەکەکانیان بە دژی خۆیان بەکارهێنا و دەنگی یەکتریان کپکرد.

لە ناوچەی کامیاران و مەریوان و سنە، سەرلە نوێ شەڕ و پێکدادان لەنێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و سوپای ڕزگارییدا سەریهەڵدایەوە و چەندان پێشمەرگەیان لە گوندەکانی "بێساران"، "دەلە مەرز" و جادەکاندا لە یەکتر کوشت.

ڕۆژی 1359/12/7 (1981/2/26) دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا دوای چەند شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ سوپای ئێراندا، بۆ پشوودان دەچنە بۆکان. لە بنکەی ڕێکخراوی بۆکان چاویان بە حوسێن مەدەنی بەرپرسی ڕێکخراو دەکەوێت و دەبیستن کە ئەندامێکی ڕێکخراوی پەیکار کە هێزێکی ماویی بوو، خەریکە لە نزیک بنکەی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات، بەیاننامەیەک بە دژی حیزب بڵاودەکاتەوە.

کەریم خاڵدار فەرماندەی پێشمەرگەکانی لکی سێی هێزی پێشەوا بە هاندانی حوسێن مەدەنی دەچێت بەیاننامەکان بە تۆبزی لە دەست کابرا دەسەنێت و لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچێتە سەر بنکەی پەیکار کە لە نزیک بنکەی کۆمەڵە بوو. پێیانڕادەگەیەنێت کە بە دەستوری حیزبی دیموکرات ئێوە دەبێت چەک ببن. پێشمەرگەکانی پەیکار لە ترسی خۆیان ڕادەکەنە سەربانی بنکەکەیان و سەنگەر دەگرن. کاتێک دەبینن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات سورن لەسەر چەککردنیان، تەقە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەن و پێشمەرگەیەک بریندار دەکەن. پێشمەرگەکانی حیزب بە ئارپیجی 7 وەڵامیان دەدەنەوە و سەنگەرەکەیان بەسەردا دەڕوخێنن و سێ کەسیان بەو ناوانەی خوارەوە لێ دەکوژن و سێ کەسیش بریندار دەکەن: **(مەحمود ئیبلاغیان "ڕەزا"، تاهر ئیبراهیمی و باقی خەیاتی.)**. پێشمەرگەکانی پەیکار بە ناچاریی خۆیان بەدەستەوەدەدەن و خەڵکی دەوروبەری شەڕەکەش خۆیان دەگەیەننە ناو بنکەکەوە و تالانی دەکەن.

بەشێک لەو کردەوە دژە دیموکراتییانە، دەگەڕایەوە بۆ ژێرپێخستنی پرینسیپی چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لە ئازادیی و بەشەکەی تریشی بۆ نەخۆشیی خۆبەزلزانین و باوکسالاریی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات کە لە کۆنگرەی چوارەم و دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران توشی ببوون و حیزبیان بە دەسەڵاتدار و بەرپرسی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانی و دەیانگوت دەبێت ڕێکخراوەکانی تری کوردستان ڕێز لە دەسەڵاتی ئەوان بگرن. ئەو بۆچوونە دەیان شەڕ و سەدان کوشتنی لێکەوتەوە کە لەجێی خۆیاندا ئامازەیان بۆ دەکەم.

## خیانەتی ڕەحمان کەریمی و شکانی پلانی حیزبی دیموکرات
## بۆ چەککردنی سەربازگەی پیرانشار

پێشتر لە بەشی **" پلان بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی پیرانشار"** دا ئاماژەم بۆ پلانی حیزبی دیموکرات کرد بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی پیرانشار و گوتم کۆماری ئیسلامیی ژمارەیەک ئەفسەر و پلەداری لەو پەیوەندییەدا گرت و گوللەبارانی کردن. دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران، ڕژێمی عێراق پێشنیاز بە حیزبی دیموکرات دەکات کە ڕێی بۆ خۆش بکات کە بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان بخاتە دەست خۆی! هەروەها ڕایدەگەیەنێت کە دوای داگیرکردنی ڕۆژهەلاتی کوردستان پشتیوانیی لە حیزبی دیموکرات دەکات کە سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت و دەلێت ولاتانی عەرەبیی ئامادەن کە بە ڕەسمیی دان بە سەربەخۆیی کورد لەو بەشەدا بنێن. دەفتەری سیاسی هاودەنگیی لەگەل ئەو داواکارییەی عێراق ناکات، بەلام پلانێکی تر دەخاتە بەردەم بەرپرسانی عێراق کە پێشتر لەسەر پێشنیازی ڕەحمان کەریمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و فەرماندەی هێزی ئاوارە لە پیرانشار ئامادەکرابوو.

ئەو پرۆژەیە پێشتر لە لایەن حەبیبولا عەباسیی، ئەحمەد جاویدفەر "هەژار"، ڕەحمان کەریمی و بە بەشداریی مەلا ڕەحمان کاژە لە مزگەوتی "کۆنەخانێ" وتووێژی لەسەر کرابوو. مەبەست لەو پرۆژەیە ئەوە بوو کە حکومەتی عێراق بە یەکەکانی تۆپخانە هاوکاریی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بکات و پێشمەرگەکانیش هەر سێ سەربازگەی پیرانشار، پەسوێ و جەلدییان چەک بکەن. حکومەتی عێراق خۆشحالیی خۆی لەو پلانە دەردەبڕێت و ڕاپەڕاندنی ئەو کارە بە "سولتان هاشم" قائید فەیلەقی یەکی کەرکوک دەسپێرێت. بۆ زانیاریی پتر لەو پرۆژەیە، پەیوەندیم بە کاک ڕەحمان کاژەوە کرد و گوتی:

**- (بەرلە شەڕی عێراق و ئێران، حکومەتی عێراق داوای لە دوکتۆر قاسملوو کردبوو کە ڕێی پێبدات کوردستانی ئێران داگیر بکات، بەلام دوکتۆر قاسملوو ڕازیی نەبوو. لە لایەکی ترەوە ڕەحمان کەریمی پێشنیازی کردبوو کە بە هاوکاریی تۆپخانە و فڕۆکەکانی عێراق سێ**

سەربازگەی پیرانشار، جەڵدیان و پەسوێ چەک بکات. تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە کۆبوونەوەیەک لە مزگەوتی کۆنەخانێ کرا کە سەرگورد عەباسی، کاک هەژار، ڕەحمان کەریمی و من بەشدارییمان تیادا کرد. دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و گێچەڵ فرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامیی بە گەلی کورد و حیزبی دیموکرات، دوکتۆر قاسملوو ڕازیی بوو کە ئەو پلانەی ڕەحمان کەریمی جێبەجێبکرێت. بۆ ئەو مەبەستە من چوومە لای "سوڵتان هاشم" قائید فەیلەقی یەکی کەرکوک کە بەرپرسیاریی ئەو ئەرکەی پێسپێررابوو.).

هەر لەو بوارەیەوە و بۆ ئەوەی کە زانیاریی پتر سەبارەت بە ڕاستیی ئەو مەسەلەیە بەدەست بێنم، پەیوەندیم بە ئەمیر قازیی ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو کاتەی حیزبی دیموکراتەوە کرد و گوتی: **(بەڵێ .. بەرنامە دانرا بۆ گرتنی پادگانی خانێ بە دەست ڕەحمان کەریمی. ڕەحمان گوتی جارێ ماوە بدەن، چونکە خۆیان دەیانەوێت تەسلیم ببن. لەگەڵ عێراقیش قسە کرابوو کە ئەگەر ئەو سنورە ئازاد بکرێت، بۆ هەردوو لامان باشترە. کەچی لە ماوەیەکی کورتدا ڕەحمان بەرنامەکەی جێبەجێنەکرد و دواتر دەرکەوت، نەک خۆیان تەسلیم ناکەن، بەڵکوو خۆیان بەهێزکردووە.).**

هەرچەندە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بە تەواویی ئاگای لە هەڵسوکەوتی ڕەحمان کەریمی هەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو، بێدەنگیی لە پلانەکەی بکات. ئەوە بوو دوای هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران، پرۆژەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوە لە کاتێکدابوو کە سەرگورد عەباسی ڕۆژی 1359/6/1 (1980/8/23) لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆرکرابوو. لەبەرئەوە ئیتر هەژار و سەرگورد کەریم عەلیار و ڕەحمان کەریمی بۆ دوا جار خۆیان لەسەر سەربازگەی پیرانشار شارەزا دەکەن، بەڵام چەند جارێک بە هۆی خاوەخاوکردنی ڕەحمان کەریمییەوە، ڕۆژی هێرشەکەیان دوادەخەن.

مەلا حەسەنی ئیمام جومعە و نوێنەری خومەینی لە ورمێ لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، دەڵێت: **(کاتێک گەیشتمە سەربازگەی پیرانشار هێشتا**

**دیموکراتەکان هێرشیان نەکردبوو.)**. واتە ڕژێمی ئێران بەرلە هێرشکردن ئاگاداری هێرشەکە بووە.

بە هەر حاڵ سەرئەنجام شەوی 11 لەسەر 1359/7/12 بۆ هێرشەکە دیاریی دەکرێت و بەرلە دەستپێکردنی، دەستەی دەستوەشێنەری لکی سێی هێزی پێشەوا بە فەرماندەیی کەریم خاڵدار و دەستەیەک لە هێزی ئەفشین بە فەرماندەیی عوسمان، دەگەنە پیرانشار تا هاوکاریی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە بکەن. بەگوێرەی پلان پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە دەبووایە لە باسکی کۆنەخانێ و پردی "سەلکاوێ" و پشت سەربازگەوە تەلەدڕکاوییەکان ببڕن و بچنە ناو سەربازگە و پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا بە دەرگای سەربازگەدا و پێشمەرگەکانی هێزی ئەفشین لە باسکی بەشی "کارخانەی قەند" و پردی "دربکە"وە خۆیان بگەیەننە ناو سەربازگەوە و هاوکاریی هێزی ئاوارە بکەن. لەو بارەیەوە کەریم خاڵدار فەرماندەی دەستەی دەستوەشێنەری هێزی پێشەوا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵمدا، گوتی:

**- (بەگوێرەی بەرنامە، دەبووایە هێزی پێشەوا لە دەرگای سەربازگەوە هێرش بکات و پاسدارخانە و تەلەفۆنخانە بگرێت و ئەوانی تریش لە پشتەوە لە سەربازگە بدەن. لە حاجی ئۆمەرانیش تۆپخانەی عێراق بە تۆپ لە پادگان بدات. ئێمە شەو لە سەربازگە نزیکبووینەوە و بە سنگەخشە گەیشتینە نزیکەی 50- 60 مەتریی سەربازگە کە لەپڕ تەقەمان لێکرا و دەرکەوت کە ئەوان ئاگاداری هێرشی ئێمەن! کاک کەریم عەلیاریش لەوێ بوو. دوای ئەو ڕووداوە، هەر ئەو شەوە بڕیارەکەیان گۆڕی و گوتیان هەموو پێشمەرگەکان لە باسکی پشتەوە هێرش بکەن. بۆ ئەو مەبەستە گەڕاینەوە کۆنەخانێ، هاوئاهەنگیی لەنێوان پێشمەرگەکاندا نەدەکرا و تەقەی بڵاوی ئێمەش کاریگەریی نەبوو. لە ڕاستییدا ڕەحمان کەریمی لایەنگری پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم، حکومەتی لەو هێرشە ئاگادار کردبووەوە. لەبەرئەوە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و کاک مستەفا شەلماشی کە چاودێرییان بەسەر بەرنامەکەدا دەکرد، ڕایانگەیاند کە بکشێینەوە و چالاکییەکە هەڵوەشایەوە.).**

مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و نوێنەری خومەینی لەو شارە لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا کە ڕۆژی 1384/5/2 (2005/7/24) بە قەڵەمی "ڕەسوڵ جەعفەریان" بڵاوی کردووەتەوە، داستانێکی خەیاڵیی بۆ ئەو مەسەلەیە دروستکردووە کە بە عەقڵی مرۆڤدا نایەت! دەڵێت:

**- (یەکێک لەو ناوەندە سەربازییانەی کە پتر لەوانی تر چاوی تەماحیان تێبڕیبوو، سەربازگەی پیرانشار بوو. چونکە ئەو سەربازگەیە، سەربازگەیەکی هەرە نزیک بوو لە عێراق و گرنگییەکی تایبەتیی هەبوو. سەربازگەکانی پەسوێ و جەڵدیان و سەردەشت نزیکەی 50- 60 کیلۆمەتر لە سنوری عێراق دور بوون، بەڵام سەربازگەی پیرانشار تەنیا 15 کیلۆمەتر لە سنورەوە دور بوو. لەبەرئەوە بۆ حیزبی دیموکرات جێگەیەکی هەڵکەتوو بوو ... سەربازگەی پیرانشار دوای سەربازگەکانی ورمێ و مهاباد، سەربازگەی هەرە مەزنی پارێزگاکە بوو.**

**ڕۆژی 1359/6/31 کە ڕژێمی سەدام هێرشی سەربازیی کردە سەر سنورەکانی باشور و ڕۆژئاوای ئێران، چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتیش بە پشتیوانیی لەو ڕژێمە، ویستیان سەربازگەی پیرانشار بگرن. دوای هاوئاهەنگیی لەگەڵ فەرماندەی لەشکری 64 ی ورمێ تیمسار زەهیرنژاد لەگەڵ گروپێک لە پاسەوانەکانم چوومە پیرانشار. دەرکەوت سوپای عێراق لەگەڵ دیموکراتەکان ڕێککەوتووە و هەندێک جار بە تۆپی دورهاوێژ لە خاکی عێراقەوە لە سەربازگە دەدات. لە ڕاستییدا دەبووایە ئێمە لەوێ لەگەڵ دوو بەرەی یەکگرتوو شەڕ بکەین. بەرەیەکی عێراقییەکان کە لە دورەوە بە تۆپ و خۆمپارە لێیاندەداین و بەرەیەکیش کە دیموکراتەکان بوون و بەشێوەیەکی نادیار لە دەوروبەری سەربازگەکە بڵاوبووبوونەوە.**

**کاتێک گەیشتمە سەربازگە، هێشتا دیموکراتەکان هێرشیان نەکردبوو، بەڵام ورەی ئەندامانی سەربازگە بە توندیی دابەزیبوو. لەو هەلە کەڵکم وەرگرت و سەبارەت بە "خەزا لە ڕێی خوادا" و گرنگیی بەرگرییکردن قسەم بۆ ئەفسەر و پلەدار و سەربازەکان کرد. باسی شەڕی نەغەدە و ورمێم بۆ گێڕانەوە و بە ڕادەیەکی زۆر ترس و دڵەڕاوکێیان نەما و بۆ بەرگریی و لەخۆبوردوویی بە تەواویی ئامادەبوون. شەوی یەکەمی**

هێرش، سەدامییەکان بە تۆپی دورهاوێژ لە سەربازگە و دەوروبەرەکەیان دا، دواتر دیموکراتەکان هێرشیانکرد و ئێمە پیاوانە بەربەرەکانییمان کرد، تەنانەت تا نزیک سنور ڕاومانناان. من بە بەردەوامیی لە پشت بێسیمەوە ڕاپۆرتی شەڕەکەم بە تیمسار زەهیرنژاد دەگەیاند و ئەویش ئامۆژگاریی دەکردم. شەوی یەکەم ئەوان توانییان تا نزیک سەربازگە بێنە پێشەوە، بەڵام شەوی دووەم کە دیسان دیموکراتەکان هێرشیان کرد، ئێمە ئامادەیی زیادترمان هەبوو. بە تۆپێکی مەزن کە 27 کیلۆمەتر دەڕۆیشت و من فێر ببووم چۆن بیتەقێنم، بەرگرییمان لە سەربازگەکە کرد.

نزیکەی حەفتەیەک هەموو شەوێک کاتژمێر 12:00 دیموکراتەکان هێرشیان دەکرد و ئێمەش بەرگرییمان دەکرد و لە شەفەقدا، سەدامییەکان تەقەیان دەوەستاند و دیموکراتەکانیش دەکشانەوە و لە نزیک سنور خۆیان حەشاردەدا، تا بۆ شەوی دوایی ئامادەبن. شەوی حەوتەم یان هەشتەم، کاتژمێر 21:00 هێرشیان بۆ کردین. ئەو جارە هێرشەکەیان بەرینتر بوو، دیارە ڕۆژی پێشتر هێلیکۆپتەرەکان کە بەسەر ناوچەکەدا بڵاوببوونەوە، پێیانڕاگەیاندین کە دوژمن خەریکی هاتوچۆی گوماناوییە، ئێمە بۆیان ئامادەبووین. تەنانەت سەدامییەکانیش ئەو شەوە بە ڕادەی دە بەرامبەری شەوەکانی پێشو، گوللەیان بەسەردا باراندین. دیموکراتەکان دیدەوانییان بۆ دەکردن و ئەوانیش بە چەکی جۆراوجۆری وەک تۆپ و خۆمپارە تەقەیان لێدەکردین. شەوێکی زۆر سەخت و دژوار بوو، ئێمە بە هەموو هێزمانەوە بەرگرییمان کرد، تەنانەت دوو تانکمان لە سەربازگەوە بردە دەرەوە و بەبێ ڕۆشنایی بە دەوری سەربازگەکەدا گەڕاین. من لەسەر کالیبەر 50 ی یەکێک لە تانکەکان بووم و هاوکات بەرەی دیموکراتەکانمان تۆپباران دەکرد و دەچووینە پێشەوە. نزیکەی 300 سەربازی پیادە لە پشت و قەراخی تانکەکان بوون. دەنگی تۆپی تانکەکان ورەی سەربازەکانی بەرزکردەوە و گەیشتینە جێیەک کە دەنگی دیموکراتەکانمان دەبیست کە بۆ هاندانی هێزەکانیان دروشمیاندەدا. ئێمەش بە دروشمی ئەڵاهو ئەکبەر کەوتینە شوێنیان و لە هەندێک جێدا شەڕی دەستەویەخە ڕوویدا.

**ئەو شەوەش بە هەموو تاڵییەکەیەوە کۆتاییهات. چەند کەسمان شەهید بوون و ژمارەیەکی زیادتریش لە دیموکراتەکان کوژران. دۆخەکە جێی نیگەرانیی بوو. هەر ئەوەندە دەزانم کە دەبووایە بە هێرشکردن بەرپەرچمان بدایەتەوە. داوام لە زەهیرنژاد کرد چەند هێلیکۆپتەرێکمان بۆ بنێرێت کە بە پشتیوانیی ئەوان دوژمن ڕاوبنێینە ناو خاکی عێراقەوە. بە چەند تانک و هێلیکۆپتەرێکەوە دوژمنمان بۆ پشت چیای "قەمتەرە" ڕاونا. قەمتەرە چیایەکی بەرزی سەر سنورە و ئێمە تا نزیک ترۆپکی چیاکەمان گرت و لێی جێگیر بووین. چەند هێلیکۆپتەرێکی عێراق لەگەڵ هێلیکۆپتەرەکانی ئێمە لە ئاسمان شەڕیان کرد، بەڵام بە هۆی تاریکییەوە، هیچ لایەنێک زیانی پێنەگەیشت. ڕۆژی دوایی کە ڕۆژی نۆیەم، یان دەیەم بوو، من لە پیرانشار بووم، کاتژمێر 9 – 10 ی بەیانی بوو کە چوار میگی 27 ی عێراق هاتن و سەربازگەی پیرانشاریان بۆمبباران کرد، بەڵام چونکە هێزەکانی ئێمە لە دەرەوەی سەربازگەکە بوون، زیانمان پێنەگەیشت. ئاگادارکراین کە هاوکات سەربازگەکانی پەسوێ و جەڵدیان و سەردەشتیش بۆمبباران کراون. ئەگەر ئەو بۆمبارانە ڕۆژێک زووتر بکرایە، بێگومان زیانێکی زۆرمان پێدەگەیشت، چونکە هەموو هێزەکەمان لە سەربازگەکەدا بوو. بەو جۆرە دیموکراتەکانیش دەیانتوانی ئێمە لەناوببەن و دەست بەسەر سەربازگەدا بگرن، بەڵام خوا نەیویست و .. تد).**

هەر وەک گوتم نوسینەکەی حەسەنی داستانێکی خەیاڵییە، چونکە پلانی هێرشکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بۆ سەر سەربازگەی پیرانشار لە یەکەم کاتژمێردا پوچەڵکرایەوە و بەردەوام نەبوو. جگە لە هەندێک تەقەکردنی بەربڵاو کە ئەویش جێی گومان بوو، ئیتر هێرش نەکراوەتە سەر سەربازگەکە. ئەو تۆپبارانەش کە حەسەنی ئاماژەی بۆ دەکات لە شەڕی ئێران و عێراقدا دیاردەیەکی ئاسایی بوو کە هەردوو لایان بۆ خافڵاندن و زیانگەیاندن بە لایەنەکەی تر کردوویانە و هیچ پەیوەندیی بە حیزبی دیموکراتەوە نەبوو. هەروەها گوندی قەمتەرە پێنج کیلۆمەتر لە سەربازگەی پیرانشار و نزیک کۆنەخانێیە و سەر گوندەکە تەپۆڵکەیەکە کە نزیکەی 10 کیلۆمەتر لە سنورەوە دورە.

هۆی پوچەڵکردنەوەی ئەو پرۆژەیە بۆ خاڵێکی زۆر گرنگ دەگەڕایەوە کە بریتی بوو لە گێرەشێوێنییەکانی کاربەدەستانی دەزگاکانی هەواڵگریی و سوپای عێراق لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە قین و تورەیی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی بە دواوە بوو. لەو بارەیەوە کاک محەمەد ئیسماعیلی ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی ڕێکخراوی پیرانشار و سەرۆکی یەکیەتی لاوانی ڕێکخراوی پیرانشار ڕۆژی 2008/11/27 پێمی گوت:

**- (هێشتا پلانەکەی حیزب بۆ چەککردنی سەربازگەی پیرانشار نەکەوتبووە بواری پراکتیکەوە کە عەرەبێک بە بەرگی مەدەنییەوە کە کوردییشی دەزانی و بە ڕواڵەت ناوی "ئەحمەد" بوو، بە من ناسێنرا و بۆ ماوەی هەفتەیەک، تەنانەت شەوانیش لە لای من بوو. گوتیان ئەوە پلانداڕێژە و کارەکانی پێشوەختی هێرش بۆ سەر سەربازگە ئامادەدەکات، کەچی دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەو کابرایە، مەئمورێکی دەزگای هەواڵگرییە و بۆ جاسوسیی هاتووە. ڕەخنەگرتنم لەسەر ئەو مەسەلەیە دواتر کێشەی بۆ دروستکردم، تەنانەت لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە گیرام و زیندانیی کرام.).**

هێزی 31 ی ئاوارە بنکەیەکی لە نزیک سنور لە تەمەرچییان هەبوو. سوپای عێراقیش هاتبوو پێگەیەکی بەهێزی لە "شیوەڕەش" لە نزیک حاجی ئۆمەران دانابوو. یەکێک لە ئەرکەکانی ئەو پێگەیە ئاژاوەنانەوە و ناردنی بۆمب بوو بۆ ناو ئێران و زیانگەیاندن بە خەڵکی مەدەنیی و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کوردەکانی باشوری کوردستان. بۆ زانیاریی لەسەر کردەوەی ئەو پێگەیەی سوپای عێراق پرسیارم لە کاک سلێمان خشت زەرد "خۆشناو" جێگری ئەو کاتەی هێزی ئاوارە کرد و گوتی:

**- (کەسێک بە ناوی "ڕائد کاکل" لە پێگەی شیوەڕەشەوە گروپێکی لە کوردستاندا ڕێکخستبوو. بۆمبی دەنارد و ئەوانیش دەیانبرد لە ئێران دەیانتەقاندەوە، تەنانەت بۆمبەکانی "کاکل" گەیشتنە نوێژی هەینی تارانیش. ڕۆژێک ئاگاداریان کردین کە 25 بۆمبیان لەژێر پردی "سێ گرکان" شاردووەتەوە و پیاوانی کاکل دێن دەیانبەن. ئێمە بڕیارماندا کە**

**بە بێدەنگیی چاودێریی بۆمبەکان بکەین و ئەگەر کەسێک بۆ بردنیان هات، دەستگیری بکەین. دوو ڕۆژ تێپەڕی و کەس نەهات، دەرکەوت لەناو خۆماندا ئەوانیان ئاگادارکردووەتەوە، بۆیە ناچاربووین کە بۆمبەکان بهێنین و پوچەڵیان بکەینەوە. تەنانەت ڕۆژێک لەو پێگەیەوە ژمارەیەک جاشیان ناردبوو کە بچنە سەر دوو بنکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندەکانی "زێوە" و "کونە لاجان"، بەڵام کەوتنە کەمینی ئێمەوە و ژمارەیەکمان کوشت و چەند جاشێکیشمان دەستگیر کرد، دوایی دەفتەری سیاسی گیراوەکانی گەڕاندەوە).**

ئەو پرۆژەیەی حیزبی دیموکرات بە ڕەواڵەت بە هۆی خیانەتی ڕەحمان کەریمی و لە ڕاستییدا بە هۆی نافەرمانیی پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەوە سەرنەکەوت، چونکە پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە و زۆربەی هەرە زۆری کادیر و پێشمەرگەکان و خەڵکی کوردستان بەو ڕادەیەی کە لە کۆماری ئیسلامیی تورە بوون و ئەویان بە دوژمنی گەلی کورد دەزانی و لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا ئەشکەنجە دەدران و بە کۆمەڵ لە گوندەکانیاندا قەلاچۆدەکران، هەر بەو ڕادەیەش دوژمنایەتی ڕژێمی بەعسیان لە بەرامبەر نەتەوەکەیاندا بۆ ئاشکرا بوو. ئەوان نەیاندەویست شانبەشانی سەربازیی بەعس گوللە بەرەو نیشتمانی خۆیان بتەقێنن، ئەوەش گرفتی سەرەکیی خەباتکارانی حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی تری کوردستان بوو کە دوژمن لە لایەک کوردی بەشەکەی خۆی قەلاچۆدەکرد و لە لایەکی ترەوە فرمێسکی تیمساحی بۆ کوردی بەشەکانی تر هەڵدەڕشت و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی دەیویست ئەوان بەکاربهێنێت و ویژدانی نیشتمانپەروەریی ئەوانی بریندارەکرد.

دەفتەری سیاسی دوای ئەو ڕووداوە بە بێدەنگیی ڕەحمان کەریمی لە پیرانشار دورخستەوە و ڕەوانەی ناوچەی ورمێ و هێزی "نەحۆ"ی کرد. بۆ زانیاریی پتر لەو مەسەلەیە پەیوەندیم بە ئەمیر قازی ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو کاتەی حیزبی دیموکراتەوە کرد، گوتی:

**- (دەفتەری سیاسی لای وا بوو کە ڕەحمان کەسێکی ڕاستگۆ نیە و بۆ لایەکی تر کاردەکات. دەفتەری سیاسی وازی لە چەککردنی سەربازگەی پیرانشار هێنا و گوتیان ڕەحمان کە کێشەی سەرەکیی بووە و نفوزی لە**

ناو پێشمەرگەکانی پیرانشاردا هەیە، بینێرینە سنە و هەورامان. گوتیان ڕەحمان ئێرەی خراپ کردووە و دەچێت ئەویش خراپ دەکات. پێشنیاز کرا لە نزیک خۆمان لە دەفتەری سیاسی بێت. من پێشنیازم کرد لە ڕەبەت بێت، کەچی قبوڵیان نەکرد. دوکتۆر سادق و دوکتۆر قاسملوو گوتیان دەینێرینەوە بۆ پیرانشار و کۆنترۆڵی زیادتری لەسەر دادەنێین. سەرئەنجام لە پیرانشار دورمان خستەوە و ناردمان بۆ هێزی نەحۆ.

ڕەحمان تاوانبار بوو بە چریک و تودەیی، هەروەها کاری کردبووە سەر سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیلزادەش. لە سەرەتادا پەیوەندیی لەگەڵ ئێمە هەبوو، تا ڕۆژێک نامەیەکی بۆ ناردین کە حکومەت داوای وتووێژی کردووە. دکتۆر قاسملوو لە فەرەنسە بوو. بەگوێرەی نامەی ڕەحمان، هەرچەندە باوەڕمان پێی نەدەکرد، حکومەت دەیویست لە پلەی وەزیراندا وتووێژمان لەگەڵ بکات. دوکتۆر سادق شەرفکەندی و کاک مستەفا شەلماشی بۆ ئەو وتووێژە دیارییکران و منیش چوومە بەغدا کە دوکتۆر قاسملوو ئاگادار بکەمەوە کە بە زوویی بگەڕێتەوە. چونکە حکومەتی عێراق لەوانە بوو تەلەفۆنەکەمان کۆنترۆڵ بکات، نەمدەتوانی بە ڕاشکاویی مەسەلەکە بە دکتۆر قاسملوو بڵێم، بەڵام هەر چۆنێک بوو ڕازییم کرد کە بگەڕێتەوە. ڕۆژانی چوارشەممە فڕۆکە دەهات و ئەو لە دووەم چوارشەممەدا گەڕایەوە. لەو ماوەیەدا دوکتۆر سادق و کاک مستەفا دەچن وتوێژ بکەن، بەڵام بۆیان دەردەکەوێت کە ڕەحمان ویستویەتی بەگرتیان بدات. دوکتۆر سادق کە کەسێکی ئازا و نەترس بوو، دەستبەجێ بڕیاری گرتنی ڕەحمان دەدات، بەڵام ڕەحمان ڕادەکات. دوکتۆر سادق یەکێک لە سەرلکەکان بە ناوی "شەریف"، دەکات بە فەرماندەی هێزی نەخۆ.).

دوای ڕاکردنی، ڕەحمان کەریمی دەچێتە لای سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیلزادە و هاوکاریی خۆی لەگەڵ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە چڕ دەکاتەوە و بە کردەوەش بە لای کۆماری ئیسلامییدا دەکەوێت، بەڵام کۆماری ئیسلامیی جیاوازیی لەنێوان ڕەحمان و سەنار و جهانگیر لەگەڵ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە دادەنێت و ئامادە نابێت لەو چوارچێوەیەی ئەواندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیلزادە بەرلەوەی کە ڕەحمان کەریمی لە حیزبی دیموکرات یاخی ببێت. بە تایبەتیی سەنار، دەستی هەبوو لە هەموو جۆرە ناپاکییەکدا کە لە ناوچەکانی باکوری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا ڕوویاندەدا. لە لایەک خۆی بە سەڵتەنەتخوازەکانەوە هەڵواسیبوو، لە لایەکی تریشەوە هاوکاریی لایەنگرانی شاپوور بەختیاری دەکرد. هەر لەو کاتەشدا بەبێ ئەوەی کە بەشداریی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کردبێت، لەسەر پێشنیازی دکتۆر قاسملوو کرابوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەو دەرەتانەی کە حیزب بۆی ڕەخساندبوو، خەریکی ڕاو وڕوتی خەڵکی ناوچەکە و فرۆشتنی تریاک و مادە بێهۆشکەرەکان بوو. بەگشتیی لە هەر جێیەک خراپەیەک دەبینرا، سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەنار و جهانگیر ئیسماعیل زادەشی پێوە دەسوتا. جەلیل گادانی لە ڕاپۆرتی گروپی باکوری کوردستاندا بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە پێشتر لە بەشی **"حیزبی دیموکرات بەرپرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە دەداتەوە"** دا ئاماژەم بۆ ئەو گروپە و ئەندامەکانی کرد، ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی سەنار مامەدی گرتووە لە بەرامبەر فەرمان و پرینسیپەکانی حیزبدا.

پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە پاییزی 1359 دا بڕیاردەدات نامەیەک بۆ سەنار بنوسرێت و هۆشیاربکرێتەوە کە ڕێز لە بڕیارەکانی حیزب بگرێت. بۆ ئەو مەبەستە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی ڕۆژی 1359/9/21 نامەیەک بۆ سەنار دەنوسێت و بڕیاری پیلینۆمی حیزبی پێڕادەگەیەنێت. سەنار لە کتێبەکەیدا "فهرستی از خاطرات سیاسی من" ئاماژەی بۆ ئەو نامەیەی دوکتۆر شەرەفکەندی کردووە و دەڵێت: **(لە هەموو مەسەلە سیاسی، نیزامیی و ناوخۆیی و دەرەکییەکانی حیزبدا، ناکۆکییم لەگەڵ ڕێبەرایەتی حیزب هەبوو.)**. بە گەیشتنی ئەو نامەیە بە سەنار، ئیتر بارەکەی بە لای کۆماری ئیسلامیدا دەخات و لەگەڵیان وتوویژ دەکات کە بە ڕواڵەت خودموختاریی بۆ گەلی کورد وەربگرێت!

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بە زانیاریی تەواو لەسەر سەنار و ڕەحمان کەریمی لە پیلینۆمی 16- 1360/1/20 (5-1981/4/9) دا سەنار

مامەدی و ڕەحمان کەریمی لە حیزب دەردەکات و دەیانداتە دەست دادگای شۆڕش. جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 259 ی "50 ساڵ خەبات"دا ئاماژە بۆ ئەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندیی دەکات و دەنوسێت: پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی دوای گوێدان بە ڕاپۆرتی لیژنەی لێپرسینەوە، بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەی لەبەر دەستدا بڕیاریدا:

**ئـ – ڕەحمان کەریمی بە تاوانی پلانگێڕیی دژی حیزب، خیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسوسیی بۆ هێزی دەسەڵاتدار، وەک بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب، پەیوەندییکردن بە سوپای پاسداران و ئەرتەشەوە بە بێ ئیزنی حیزب، ئەنجام و تەواو کردنی چالاکیی پیرانشار بە سودی دوژمن (لەسەر دانپیادانانی خۆی بەم تاوانە، بە نوسراو)، پلانگێڕیی لە ناو حیزبدا بۆ تێکدانی ڕیزەکانی حیزب، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و بوهتان هەڵبەستن بۆ ڕێبەریی حیزب و هاوکاریی لەگەڵ سەنار مامەدی، بە خایین بە حیزب و گەلی کورد ناسرا. لەبەرئەوە لە حیزب دەردەکرێت و بۆ سزادان بە دادگای شۆڕش دەسپێررێت.**

**ب- سەنار مامەدی بە تاوانی پێکهێنانی پەیوەندیی لە گەڵ اویسی و داروەدەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پارە و چەك لەوان، چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان لە جێ و ڕێی خۆیان، بەکارهێنانی ڕەفتاری دەرەبەگانە لە کاروباری حیزبییدا، هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەحمانی کەریمی بۆ خیانەت لە حیزب و گەل، بە خایین ناسرا. هەر بەو دەلیلانە ئەویش لە حیزب دەردەکرێت و بۆ سزادان دەدرێت بە دادگای شۆڕش.**

لە بڕیاری پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتدا ناوی جهانگیر ئیسماعیلزادە بەرچاو ناکەوێت و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جهانگیر سەرەڕای بەشدارییکردنی لەو ڕووداوانەدا، پەیوەندیی خۆی بە حیزبی دیموکراتەوە نەپچڕیبوو. کەچی 8 ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی بڕیاری پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، سەنار مامەدی، ڕەحمان کەریمی و جهانگیر ئیسماعیلزادە ڕۆژی 1360/1/28 بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و پاڵیان بە پێرەوانی کۆنگرەی

چوارەمـــەوە دا و بـــۆ درێـــژەدان بـــە پلانـــەکانیان چوونـــە ڕیـــزی بەڕێوەبەرایـەتی پـەیڕەوانی کـۆنگرەی چوارەمـەوە. لـەو بارەیـەوە کـاک حوسێن بەخشی یـەکێک لـە ئەندامانی ڕێبەرایـەتی پـەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم لە لاپەڕەی 44ی کتێبی "لێکدابڕان"دا ئاماژە بـۆ ڕۆیشتنی ئـەو سێ کەسە بۆ ناو "حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" دەکات و دەڵێت:

**- (سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاک غەنی و کاک حەمەدەمین و دوکتور ڕەحیم کە لە تاران دەژیان، بۆ ماوەیەک سەردانی گوندی ڕاژانیان کرد، تا لە نزیکەوە لە گەڵ سەنار و ڕەحمان و جهانگیر لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندییدا بەشداریی بکەن و هەلومەرجەکە هەڵبسەنگێنن و بڕیاری لەسەر بدەن. حیزبی تودەش لە ڕێی ڕاسپێراوەکانیەوە، وەک عەلی گەلاوێژ و ڕەزا شەڵتوکی، بۆ لای پێڕەو بەتایبەت، سەنار ڕاستەوخۆ بەشداریی لە هەڵوێست و بڕیارەکاندا دەکرد.).**

### بزوتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان

دوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و بە دەسەڵات گەیشتنی مستەفا کەمال پاشا سەرۆکی پارتی کۆماریی خەڵک "جمهوری هەلک پارتسی" لە ساڵی 1923 دا، ئەو پارتە تا ساڵی 1940 بە بەردەوامیی دەسەڵاتی تورکیای بە دەستەوە بوو. لە ماوەی نێوان دەسەڵاتداریی پارتی کۆماریی خەڵکدا، سێ بزوتنەوەی گرنگی خوارەوە لە باکوری کوردستان سەریهەڵدا و هەر سێکیان بەم شێوەیەی خوارەوە تێکشکێنران:

1- بزوتنەوەی شێخ سەعیدی پیران و لە سێدارەدانی و 46 لە هاوسنگەرانی لە 30 ژوئیەی 1925دا.

2- بزوتنەوەی ئارارات و حیزبی خۆیبوون بە سەرۆکایەتی ئیحسان نوری پاشا و تێکشکانی لە مانگی ئاوگۆستی 1927 دا.

3- بزوتنەوەی سەید ڕەزای دەرسیم تا 1937/9/5 و لە سێدارەدانی و 11 لە هاوڕێیانی لە 1937/11/10دا.

لە ساڵی 1940 و سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییدا، لە تورکیا دەستوری هەمیشەیی گۆڕا و سیستمی فرەحیزبیی دامەزرا و لە هەڵبژاردنێکی گشتییدا، پارتی دیموکراتی تورکیا بە سەرۆکایەتی "عەدنان مەندەریسی" سەرۆکوەزیرانی تورکیا بە دەسەڵات گەیشت و تا ساڵی 1960 حوکمی تورکیای کرد.

ساڵی 1960 سوپای تورکیا کودێتای سەربازیی کرد و سەرلەنوێ پارتی کۆماریی خەڵک کە پێشتر مستەفا کەمال پاشا دایمەزراندبوو، ڕێکخراوێکی شۆڤێنیست و فاشیستیی تورک بوو، حوکمی تورکیای گرتەوەدەست. پارتی دیموکراتی تورکیای هەڵوەشاند و عەدنان مەندەریسی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکیا و دوو هەڤاڵی لەسێدارە دا، بەڵام سیستمی فرەحیزبیی هێشتەوە. دوای هەڵوەشانی پارتی دیموکراتی تورکیا و لەسێدارەدانی عەدنان مەندەریس و هەڤاڵانی، زۆربەی ئەندامانی پارتی دیموکرات چوونە ناو پارتی "عەدالەت" کە سلێمان دەمیریل سەرۆکی بوو. ئەو پارتە لە

هەڵبژاردنی دواتردا دەسەڵاتی تورکیای گرتەدەست و دەکرێت بڵێین تا ئێستاش حوکمی تورکیای بەدەستەوەیە.
ساڵی 1970 سەرلەنوێ سوپای تورکیا کودێتای کردەوە و حکومەتێکی کاتیی دامەزراند، بەڵام دیسان پارتی "عەدالەت" لە هەڵبژاردندا سەرکەوت و دەسەڵاتی گرتەوەدەست خۆی. لە سالانی 70 – 80 دا جگە لە پارتی کارگەریی کوردستان "شۆڕشگێڕی دیموکرات" DDKD کە زووتر دامەزرابوو، کۆمەڵێک ڕێکخراوی سیاسی چەپ و سۆسیالیستی تورکیی و کوردستانیی لە تورکیا دامەزران و هەر یەکەیان بە شێوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و شارستانییەکانی تورکیا و کوردستان تێدەکۆشان. پارتە کوردستانییەکان کە ناوەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، تێکڕا بە نهێنی خەباتیان دەکرد، چونکە دامەزراندنی پارتی کوردستانیی و هەوڵدان بۆ مافی کورد لە تورکیا بەگوێرەی یاسای هەمیشەیی تورکیا، یاساخ بوو:
- پارتی کارگەریی کوردستان (شۆڕشگێڕی دیموکرات) DDKD بە سەرۆکایەتی دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک.
- پارتی کارگەریی کوردستان "پارتی سۆسیالیستی کوردستان" بە سەرۆکایەتی کەمال بورکای.
- پارتی ڕزگاریی بە سەرۆکایەتی ئۆرهان کۆتان کە دواتر پارتی ئالای ڕزگاریی بە سەرۆکایەتی خەدیجە یەشار لێ جیابووەوە.
- ئالای ڕزگاریی بە سەرۆکایەتی خەدیجە یەشار، لە پارتی ڕزگاریی جیاببووەوە.
- پارتی بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کوردستان KUK .
- پارتی کاوە
- پارتی کرێکارانی کوردستان PKK
ساڵی 1979 باری سیاسی تورکیا تێکچوو، دیسان ساڵی 1980 کودێتای سەربازیی کرا. کودێتای ئەم جارە زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی گەلی کورد لە باکوری کوردستان گەیاند، چونکە زۆربەی ئەندامان و لایەنگرانی هێزە کوردستانییەکان بۆ حکومەت ئاشکرا ببوون، سوپا خۆی گەیاندە کوردستان و کۆمەڵێکی زۆری گرت و بڵاوەی بە ڕێکخراوە

کوردستانییەکان کرد. بەشێک لە ئەندامانیان ڕوویان لە سوریا و بەشێک لوبنان کرد و بەشێکیشیان خۆیان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
پێشتر لە بەشی **"حیزبی دیموکرات بەرپەرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە دەداتەوە"** دا ئاماژەم بۆ ئەو گروپە و ئەندامانی کرد و گوتم بەشێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کوردستانییانە هاتوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کاک جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 251 ی کتێبەکەیدا "50 ساڵ خەبات"، لەو ڕووەوە دەڵێت:
**- (هەر لەم ساڵەدا بوو کە ژینرالەکانی تورکیە کوودیتایان کرد و هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر هێزەکانی کوردستانی تورکیە، جەماعەتێکی زۆر لە پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، هەروەها بەشێک لە ئەفرادی پارتی کرێکارانی کوردستان کە دوایە بە ناوی پ.ک.ک مەشهور بوون، هێندێک لە ئەفرادی پارتی کوک ڕایان کردە کوردستانی ئێران و بە فەرمانی حیزب لە لای بنکە و بونیادەکانی پارتی لە شیمالی کوردستان مانەوە. بەتایبەتی بەشێکی بەرچاو لە ئەفرادی پارتی سۆسیالیست بە لەبەرچاو گرتنی دۆستایەتی پێشتریش لە لایەن حیزبەوە جێگا و ڕێگایان پێدرا و بنکەیان بۆ داندرا. هێندێک لەوانیش چەکیان هەڵگرت و لە شەڕەکانی دژی ڕێژیمی ئاخوندیدا شان بە شانی پێشمەرگەکانی حیزب بەشدار بوون و شەهیدیشیاندا.).**
بەگشتیی لە پەیوەندیی لەگەڵ مێژووی بزوتنەوەی گەلی کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باکوری کوردستاندا، لێکۆڵینەوەیەکی چەند ساڵەم کردووە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەم لە کتێبێکی 100 لاپەڕەییدا بە ناوی **"کۆماری دیموکراتی- ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، ستراتیژی، تاکتیک و کردەوەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK "** لە ساڵی 1999 دا بڵاومکردووەتەوە. ئەم کتێبە پێنج جار لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان چاپکراوەتەوە، هەروەها خراوەتە سەر زاراوەی کرمانجیی سەروو.

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان تا پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست

لە بەشەکانی پێشوی ئەم کتێبە و لە پەیوەندیی لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی کوردستاندا، چەند جارێک ئاماژەم بۆ خەبات و چالاکییەکانی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان" کرد. بۆ زانیاریی پتری خوێنەرانی بەڕێز سەبارەت بەو ڕێکخراوە، لێرەدا بە کورتیی لەسەر چۆنیەتی دامەزران و هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵە، تا کۆنگرەی دووەمی ئەو ڕێکخراوەیە دەدوێم، تا خوێنەرانی بەڕێز پتر ئاشنایەتی لەگەڵ بکەن. هۆی ئەو هەڵوێستەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بە شێوەی ئەرێنی دەربارەی مێژوو و چۆنیەتی دامەزران و هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵە بۆ ئەو ڕێکخراوە بڵاونەکراوەتەوە، تەنانەت لە ماوەی ڕابردوودا دەنگۆی جیاواز سەبارەت بەو باسانە گوتراون، بۆ نمونە:

بەشێک لە خەباتکارانی کۆمەڵە بە هەر حەوت باڵە جیابووەوەکانیەوە، لە وتار و نوسینەکانیاندا دامەزراندنی کۆمەڵە دەگەڕێننەوە بۆ پاییزی ساڵی 1348 (1969)، تەنانەت هەندێکیان بە بزوتنەوەی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان" یەوە دەلکێنن، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو مەبەستەیان ناهێننەوە.

هەر وەک لە لاپەڕەکانی پێشوی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆ کرد، بزوتنەوەی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکراتی کوردستان" لە کۆنگرەی دووەمی ئەو حیزبەدا لە 1343/8/28 (1964/11/19) بە سەرۆکایەتی عەبدوڵا ئیسحاقیی "ئەحمەد تۆفیق" بڕیاری بۆ دراوە و هیچ پەیوەندییەکی بە کۆمەڵە و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەوە نیە. لەو بارەیەوە کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خاڵی 13 ی بڕیارەکانیدا دەڵێت:

**- (13- کۆنگرە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانتاریزمی هەڵداشت و خەباتی شەقامی بە هەڵوێستێکی بێکەڵك و بەفیڕۆدانی هێزی خەباتی گەل لێکدایەوە و خەباتی شۆڕشگێڕی چەکدارانەی لەژێر دروشمی یەکیەتی،**

**خەبات، سەربەخۆیی و دیموکراتی کردە چرای ڕوناکی ڕێگەی تێکوشانی حیزب.).**

کەواتە، بزوتنەوەی ساڵی 46-1347 دەگەڕێتەوە بۆ حیزبی دیموکرات. بەشێکی تری ئەو بەڕێزانە بەبێ ئەوەی کە ئاماژە بۆ بزوتنەوەی ساڵی 46-1347 ی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی حیزبی دیموکرات بکەن، دەڵێن کۆمەڵە لە پاییزی ساڵی 1348 (1969) دامەزراوە، بەڵام جگە لە قسە، هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەو چەمکەش ناهێننەوە. لەبەر ئەوە من ناچار بووم بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەو مەسەلەیە کاتێکی زیادتر تەرخان بکەم و بە شوێن نوسراوە کۆن و نوێیەکاندا بگەڕێم و دەستی یارمەتی بۆ هەر بەڕێزێک درێژ بکەم کە زانیاریی لەسەر ئەو دیاردەیە هەیە، تا سەرئەنجام مەسەلەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە ڕونکردەوە.

**سەرهەڵدانی بیری چەپی شۆڕشگێڕانە لە جیهاندا:** ساڵی 1346(1967) تا ساڵی 1354(1975)، سەردەمی سەرهەڵدانی بیری چەپی شۆڕشگێڕانە بوو. لەو ساڵانەدا لاوان و خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران، تورکیا، عێراق، عومان و بەشێک لە وڵاتانی باشوری ئەمریکا و ئاسیا لەژێر کاریگەریی شۆڕشی وڵاتی "چین" و سەرهەڵدانی کێشە لە نێوان ئۆردووی سۆسیالیستیی و بەتایبەتیی وڵاتی چین و سۆڤیەتدا، بەشێک لە کۆمونیستەکانی ئێران بە بۆچوونی خۆیان، بۆ بەربەرەکانیی دژی دیکتاتۆرییەتی بنەماڵەی پەهلەویی، هەروەها دژی بیری ئوپۆرتۆنیزمی چەپی لایەنگریی سۆڤیەت و ڕیڤیزیۆنیزمی نەتەوەیی پێیاننایە گۆڕەپانی خەباتی نهێنی و دروستکردنی گروپی بچوکی چەکداریی و پارتیزانیی لە ئێراندا.

ئەو بزوتنەوەیە بە ڕواڵەت بە جیابوونەوەی سێ ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەی ئێران بە ناوی ئەحمەد قاسمی، غولام حوسێن فروتەن و عەباس سەخایی لە ساڵی 1346- 1967دا دەستی پێکرد. ئەو سێ ئەندامانەی حیزبی تودە کە لە ڕێکخراوی دەرەوەی حیزبی تودەدا بوون و لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نیشتەجێ بوون، چوونە وڵاتی "ئەڵبانیا" و لە حیزبی تودە جیابوونەوە و لەگەڵ کوروش لاشایی، موحسین ڕیزوانی، مەهدی خانبابا تهرانی، سیروس نەهاوەندی، محەمەد جاسمی، بێژەن

حیکمەت و ژمارەیەکی تر، ساڵی 1347- 1968 لە "تیرانا" پایتەختی ئەڵبانیا "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە"یان دامەزراند. بە تیۆریی دژی حیزبی تودە نەبوون، بەڵکوو لە پراکتیکدا دژی نەجوڵان و دەستەوەستانی ئەو حیزبە بوون، بەتایبەتیی لە بزوتنەوەی ساڵی 1953 و ڕووداوی 28 ی گەلاوێژی ساڵی 1332 (1953/8/19) دا کە شا و زاهیدی کودێتایان بەسەر دوکتۆر محەمەد موسەدیق دا کرد. پێشتر لە لاپەڕەکانی پێشودا ئاماژەم بۆ ئەم باسە کردووە.

شایانی باسە کوروش لاشایی یەکێک بوو لە ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە، ماوەیەک لە بەنداوی "سەد" مهاباد کارگەریی دەکرد و دوای پێکهێنانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، لەگەڵ چەند ئەندامێکی تری ئەو ڕێکخراوەدا چووە باشوری کوردستان و لە "بەکرەجۆ" لە لای مام جەلال و هەڤالانی بوو. لاشایی بە هۆی لێوەشاوەییەوە کرا بە سکرتێری ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ. لەو پۆستەدا بوو کە بە ڕێگای کەنداودا بە نهێنی گەڕایەوە بۆ ئێران و لە لایەن ساواکەوە دەستگیرکرا. هێندەی پێنەچوو کە ڕوخا و هێنایانە سەر تەلەڤزیۆنی تاران و پەشیمانیی خۆی ڕاگەیاند و کەوتە پێداهەڵدانی شا و ڕژێمەکەی. ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ بەیاننامەیەکی لەسەر بڵاوکردەوە و بە خائینی لە قەڵەمدا. لاشایی بوو بە یەکێک لە کاربەدەستە نزیکەکانی دەرباری شاهەنشاهی ئێران. دوای شۆڕشی ساڵی 1979 و ڕوخانی ڕژێمی محەمەد ڕەزا شا، ڕایکردە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێ بە کاری پزیشکییەوە خەریکبوو، تا لە ئۆکتۆبەری 2002 دا بە نەخۆشیی شێرپەنجە مرد.

هەرچەندە لێرەدا جێی نیە کە من بە قوڵیی بچمە ناو چارەنوسی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەوە، بەڵام هەر ئەوەندە پێویستە بڵێم کە بەشێک لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوە دواتر ڕێکخراوی مارکسیی لێنینیی "تۆفان" یان دامەزراند.

لە عێراقیش دیاردەیەکی لەو جۆرە ڕویدا، عەزیز ئەلحاج ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق، ساڵی 1967 لە حیزبەکەی جیابووە و نزیکەی 75% ی ئەندامانی حیزبی شیوعی لەگەڵ خۆی برد، بەڵام لە هەنگاوەکەیدا سەرنەکەوت. بەشێک لەو ئەندامانە گەڕانەوە

ناو حیزبی شیوعی و بەشێکیان وازیان لە خەباتی پارتایەتی هێنا و ژمارەیەکی کەمیشیان دوای ساڵی 1975 بەشدارییان کرد لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا کە ئەویش ڕێکخراوێکی چەپ و ماویی بوو و لەژێر کاریگەریی کوروش لاشایی و هەڤالانی دامەزرا. بۆ زانیاریی پتر لەو بزوتنەوە گشتییە کە لە ئەوروپادا بە شۆڕشی لاوان ناسرا، داوام لە کاک نەوزاد وەلی کرد کە سەبارەت بەو ڕووداوەی عێراق ئاگادارمان بکاتەوە و گوتی:

**- (بە ڕاستیی مایەی دڵخۆشییە کە ئەمڕۆ کەسانێک، کەم و زۆر لەو مێژووە درەوشاوەیەی گۆڕانکارییەکانی ناو بزوتنەوەی چەپ و کۆمەڵگای کوردستان ئەکۆڵنەوە و بەدواداچوون ئەکەن. ئەم هەنگاوەی جەنابیشتان شایانی پێزانینە و هیوادارم کەسانی تریش هەر بەو شێوەیە و بێلایەنانە و مێژوییانە، دوای ئەو قۆناغە مێژووییە بکەون.**

**لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەم باسە گرنگە، کارێکی ئاسان نیە و بە کەسێک و دووان ناکرێت، بەڵام ئەکرێت هەر کەسە و بەپێی زانیاریی زانستانەی خۆی و بێلایەنانە، بەشدارییەک بکات و دور لە گیانی سۆز و لایەنگریی و دوژمانیەتییەوە، چونکە نوسینەوەی مێژوو، سەری سارد و دڵی گەرمی ئەوێت، نەک سۆز و لایەنگریی، یان دوژمنایەتی.**

**هیچ شەرمیشی ناوێت کە باسی کەموکوڕییەکان و نەهامەتییەکانی بزوتنەوەی چەپ بکرێت، ئەویش وەک هەر بزوتنەوەیەکی تر، زادەی بیر و هۆشی مرۆڤە و بێ کەموکوڕیی نابێت و مێژووش بە ئارەزوو نانوسرێتەوە و کەس ناتوانێت ڕاستییە مێژووییەکان بشێوێنێت.**

**ماوەیەکە خەریکی نوسینی کتێبێکم لەو بوارەدا، بەڵام بە داخەوە، لەبەر سەرقاڵیی هێشتا دەرفەتی تەواوکردنیم بۆ هەڵنەکەوتووە. بەشێکی ئەم زانیارییانەش لەسەر ئەو باسانە، لەو کتێبەوەیە.**

**ئەو بزوتنەوەیە، ڕووداوێکی لاوەکیی و ئاسایی نەبوو، هەر وەک لە وڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپا و بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی بزوتنەوەکە، ناویاننابوو بزوتنەوەی لاوان! سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیە، ئەگەڕایەوە بۆ زۆر گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و چینایەتی، بێگومان سەدان هۆی هەمەجۆرەی تریش کە کەم و زۆر**

ڕۆڵیان هەبوو لەو گۆڕانکارییانەدا. کەڵەکەبوونی ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە ساڵانی شەڕی سارددا، بووە هۆی دروستبوونی دۆخێکی نوێ لە زۆربەی بوارە گشتییەکاندا، بەتایبەتییش لە بواری سیاسی، فیکریی و ڕێکخراوەییدا.
لەو سەردەمەدا، سۆڤیەت بۆ تەواوی بزوتنەوەی کۆمونیستیی، سۆشیالیستیی و چەپ، لە ڕووی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت و ئابوورییەوە، سەرچاوەی بڕیار بوو. لەو سەردەمەدا کە ئەکرێت، بۆ سۆڤیەت ناوی بنێین "سەردەمی زێڕین!"، سەدان میلیۆن مرۆڤ لە دنیادا، سروش ـ ئیلهامیان لە سۆڤیەتەوە وەرئەگرت و دەروێشی بوون و بە تەنیا هێزێکی ڕزگارییکەری گەلانی چەوساوەیان ئەزانی، ئەوەش نەک هەر لە ڕووی ئەوەوە کە کرۆکی مارکسیزم نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ و دادپەروەرییە، بەڵکوو لە جەنگی جیهانیی دووەمدا سۆڤیەت نزیکەی بیست میلیۆن قوربانیی دا، لەپێناوی ڕزگارکردنی گەلانی ئەوروپا و جیهاندا لە دەست فاشیزمی ئاڵمانیی، ئیتالیی و یاپانیی.
لەگەڵ ئەوەشدا و لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، سیاسەتی ڕۆژانەی سۆڤیەت بەرامبەر بە بلۆکی سەرمایەداریی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە شێوەیەکی دور لە "سیاسەت" و ئایدیۆلۆجیاوە، پیادە ئەکرا و لە سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا گەیشتە قۆناخێک کە کەسانی ڕۆشنبیر و "چەپ"ی ڕاستینە، بۆیان هەرس نەئەکرا. سۆڤیەت و وڵاتانی ئۆردووگای سۆشیالیزم، بوون بە کەڵەگای کۆمونیزم، سۆشیالیزم و چەپەکانی دنیا. هەر پارت و ڕێکخراوێک کە لەگەڵ بلۆکەکەیان و بیروبۆچوونەکانیان نەبووایە، ئەوا وەک دوژمن سەیریان ئەکرد، بەڵام بە پێچەوانەشەوە، ئەو پارت و بزوتنەوە و وڵاتە دیکتاتۆرییەی کە سەرکوتی گەلەکەی خۆی ئەکرد و تەنیا بە ڕواڵەت دژی بەشێک لە سیاسەتەکانی ئینگلیز و ئەمێریکا بووایە، بە دۆستی هەرە نزیکی خۆیانیان دائەنا!
سەیر نیە کە هێشتا بزوتنەوەی چەپ لە هەندێک جێی دنیادا، هەر بەو عەقڵییەتەوە ئەژین، بۆ نمونە کاسترۆی "پاشای کۆمونیستی وڵاتی کوبا"، سەدامی دیکتاتۆر و بەعسی بە ڕزگارکەری گەلانی عەرەب ناوئەبرد! هەر لەبەرئەوەی کە بە ڕواڵەت دژی ئەمێریکا بوو.

هوگـو خـاڤیزی ڤێنێـزوێلا کـە لـەو دواییانـەدا ویسـتی دەسـتوری وڵات بگۆڕێت و وەک کاسترۆی مامۆستای، پەنجا ساڵ ببێت بە پاشا بـە نـاوی "چەپەوە" و گەلەکـەی دەنگیـان بـەو دەسـتورە نـەدا، ئـەویش ئەحمـەدی نژادی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران بـە "شۆڕشگێڕ" ناوئـەبات! هەر لەبەرئەوەی دژایەتی ئەمێریکا ئەکەن.

لەو سەردەمەی دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە، هـەر لـەو ڕووەشـەوە بـوو کـە باسـمانکرد، سـۆڤیەت و بلۆکەکـەی و پارتـە کۆمونیسـت و سۆشیالیستەکانی ئەڵقەلەگوێیان، کەم و زۆر دژایەتی چین، یوگۆسلاڤیا و ئـەڵبانیایان ئـەکرد، چونکـە پارتـە کۆمونیسـتەکانی ئـەو وڵاتانـە ڕێچکەیەکی جیاوازیان لە بوارەکـانی ژیانـدا هـەڵبژاردبوو کـە پێیـان وا بوو زیـادتر گونجـاوترە بۆیـان، وەک لـەوەی ئۆردووگـای سۆشیالیسـتیی و سۆڤیەت.

سـاڵانێکی کـەم لـە دوای کۆتاییهـاتنی جـەنگی جیهـانیی دووەمـەوە، شـەپۆلێکی شـۆڕش و کودێتـای سـەربازیی لـە وڵاتـە هـەژار و سیسـتمە پاشایەتی و دواکەوتووەکاندا دەستپێکرد و سیسـتمی دەسـەڵاتداریی لـە زۆر وڵاتـی دنیـادا گـۆڕیی، یـان هـەر هـیچ نـەبێت بـۆ ماوەیـەک گـۆڕیی. ئـەوەی لێرەدا جێـی سـەرنجە، ئەوەیـە کـە زۆربـەی ناوچـەکانی ئاسـیا، بەتایبـەتییش خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت، زۆرترینـی ئـەو شـەپۆل و گۆڕانکارییانـەی بەرکەوت.

گومان لەوەدا نیە کە ئـەو وڵاتانـە، نـە هێجگـار دواکـەوتوو بـوون و نـە پێشـکەوتووش، بـەڵام کۆڵۆنیـالیزم و بـوونی بزوتنـەوە جەماوەرییـە هەمەجۆرەکانی دژی، لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، ماوەیەکی باش و کەم و زۆر، جێگیـر بووبـوو. نمونـەش بـۆ ئـەوە سـەرهەڵدانی دەیـان بزوتنـەوەی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی و چەکداریی بـوو لـە کوردسـتاندا، بەتایبـەتیی جوڵانـەوە نـەتەوەییـەکانی دژی داگیرکـەرانی عوسـمانیی و ئینگلیـز. بـە هـەمان شـێوەش لـە وڵاتـانی دراوسـێی کوردسـتاندا هـەمان جوڵانـەوە و بزوتنـەوەی هەمـەجۆرە سـاڵانێکی زۆر بـوو سـەریانهەڵدابوو، واتـە زەمینـەیەکی لەبار هەبوو.

لە ساڵانی نزیکی دوای شەڕی جیهانیی دووەمدا، چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ لە هەندێک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، وەک کودێتا سەربازییەکەی میسر لە ساڵی 1952 دا و لە هەمان کاتیشدا بزوتنەوە گەلییەکەی ئێران کە ئەویان بە ناوی جەمال عەبدولناسرەوە و ئەمیشیان بە ناوی دکتۆر موسەدەقەوە کە سەرکردەی ئەو دوو جوڵانەوەیە بوون، زیادتر ناویان دەرکرد.
ئەوە سەرەتای گۆڕینی ئەو سیستمە پاشایەتییانە بوو لە ناوچەکەدا و کەم و زۆر گۆڕینی کۆڵۆنیالیزمیش. بێگومان لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمدا و بە یارمەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی سۆڤیەت و شەڕەکەوە، هەندێک وڵاتی گەورەی وەک چین و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ڕژێم و سیستمەکانیان گۆڕی و دەسەڵات تیایاندا پێچەوانە بووەوە، لە ڕاستییدا ئەو گۆڕانکارییانەش کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە ڕێچکەی گۆڕانکارییەکانی ساڵانی شەستەکان و دواتردا، بەتایبەتیی وڵاتی چین.
هەروەها نابێت ئەوەش نەڵێین کە بەشێکی وڵاتەکەی ئێمەش سودی لەو بارودۆخە نائاساییەی جەنگی جیهانیی دووەم وەرگرت و لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا کۆماری دیموکراتیی کوردستان ڕاگەیاندرا، بەڵام بە داخەوە تەنیا 333 ڕۆژ بەردەوام بوو، یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی شکستەکەی لە تویێی ئەم باسە و تێڕوانینی سۆڤیەت بۆ باسە هەمەجۆرەکانی ئەو سەردەمەوە، دەرئەکەوێت.
لە کاتێکدا کە سۆڤیەت بە لانەی لانەوازان و قەڵای گەلانی بەشخوراوان ئەناسرا، بەڵام ڕژێمە ستالینییەکەی لەپێناوی بەرژەوەندێکی خۆیدا، پێشێلی ئەو هەموو بیروباوەڕە جوانەی مارکسیزمی ئەکرد و پشتی ئەکردە دەیان گەلی وەک کورد و بە پەیمانێکی نەوت لەگەڵ ڕژێمی پاشایەتی ئێراندا، بزوتنەوەیەکی ڕزگارییخوازیی نیشتمانیی گەلی کوردی ئەفرۆشت.
جەمال عەبدولناسری سەرۆکی کودێتا بەسەر ڕژێمی پاشایەتی شا فاروقدا کە دواتر خۆی بوو بە سەرۆککۆماری میسر، دیاردەیەکی سیاسی نوێ بوو بە لای سەرانی سۆڤیەتەوە کە خۆیان بە خوای بیروباوەڕی

کۆمونیزم ئەزانی! لایان وا بوو کە ناسرێکی کوڕە جوتیار، بەو کردەوە شۆڕشگێڕییەی و خۆماڵییکردنی چەند بانکێک و چەند کارگە و دامودەزگایەک، وەرچەرخانێکی لە بیروبۆچوونەکانی چەپدا دروستکردووە! هەروەها هەر بەو شێوەیەش ئەیانڕوانییە بڕیاری خۆماڵییکردنی نەوتی ئێران لە لایەن دکتۆر موسەدەقەوە. لایان وا بوو هەندێک بۆشایی ئایدیۆلۆجیی کە کارڵ مارکس "لەیادی چووە"!، یان "بیری بۆ نەچووە"!، ئەوا جەمال عەبدولناسر، ئەمڕۆ بە کردەوە دەستنیشانی ئەکات!

یۆریس پۆناماریۆڤ، کابرایەکی سۆڤیەتیی بوو کە لەو سەردەمەدا دە ساڵ بوو ئەندامی جێگری پۆلیتبیرۆی پارتی کۆمونیستی سۆڤیەت بوو. جارجار مامۆستاش بوو لە قوتابخانەی بەرزی "پێگەیاندنی کادیران" لە مۆسکۆ کە سەربە کۆمیتەی ناوەندیی بوو، خاوەنی ئەو تیۆرییە بوو کە ئیلهامەکەی لە تاقیکردنەوەکەی جەمال عەبدولناسرەوە وەرگرتبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ئەشێت بگەیتە قۆناخی سۆشیالیزم، بە بێ تێپەڕبوون بە قۆناخی سەرمایەدارییدا!

دواتر ئەو تیۆرییە سەقەتە کە لە ڕاستییدا دژی مارکسیزم بوو! وەک بروسکە لە دنیادا بڵاوبووەوە و بوو بە ئامانجی کتوپڕ و بەپەلەی دەیان پارتی کۆمونیست و سۆشیالیست و هەر بەو ناوەشەوە ناوی دەرکرد، واتە "گەشەکردنی ناسەرمایەداریی، بەرەو سۆشیالیزم"! بێگومان لە هەر وڵاتێک و بە ناوێکەوە ئەو تیۆرییە بڵاوئەبووەوە.

لوتکەی گۆڕانکارییەکان و سەرەتای بزوتنەوە هەمەجۆرەکانی ناو پارتە کۆمونیستەکان، لەوێوە دەستیپێکرد کە سۆڤیەت بە ڕادەیەکی بێ مانا "دەستی گرتبوو بەسەر" ئەو پارتە کۆمونیستانەدا کە لە چەرخی خۆیدا ئەسوڕانەوە و بەزۆر ناچاریانی ئەکرد کە سازش لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتکەرەکانیاندا بکەن و دژایەتییان نەکەن!

لە کاتێکدا کە جەمال عەبدولناسر و سەرانی سۆڤیەت و وڵاتانی ئۆردووگای سۆشیالیزم بەنداوی ئوسوانیان کردەوە و ئاهەنگی خۆشییان ئەگێڕا، ئەو بەنداوە مەزنەی میسر کە لە لایەن سۆڤیەتەوە دروستکرا،

هەر لەو ڕۆژانەدا ناسر و ڕژێمەکەی زیادتر لە حەوت سەد کۆمونیستیان لە میسردا قەلاچۆکردبوو!

لە کاتێکدا کە عەبدولسەلام عارف لە عێراقدا بە کودێتا بەسەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا دەسەڵاتی گرتەدەست و گەورەترین قەسابخانەی مرۆڤی لە مێژووی عێراقدا لە هەشتی فێبرواری ساڵی **1963** دا دانا و دەیان هەزار کۆمونیست، ئازادیخواز و دیموکراتخوازی کوشت، لە ساڵی **1964** دا سۆڤیەت سەرانی حیزبی شیوعی عێراقی ناچارکرد کە بەیاننامەیەک دەربکەن و بە حکومەتی عارفی خوێنڕێژ بڵێن "حکومەتی نیشتمانیی عێراق"! بەڵام تا ئەو کاتە حیزبی شیوعی عێراق ئەیوت "ڕژێمی سەربازیی کۆنەپەرستی عارف)!

هەر لەو ماوەیەدا حیزبی شیوعی عێراق ڕایگەیاند کە ئەچێتە ناو " ئیتیحادی کارتراکیی" - یەکیەتی سۆشیالیستیی پارتی دەسەڵاتدارەوە! و دواتر لەناو سیاسییەکانی عێراقدا، ئەو هەڵوێستەی حیزبی شیوعی عێراق بە "خط آب" - هێڵی ئاب، ناویدەرکرد، چونکە ڕەوتەکە لە مانگی ئەوگوستیدا و لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندییدا بە تەواویی پەرەیسەند و بڕیاری لەسەردرا و بوو بە سیاسەتی ڕەسمیی سەرکردایەتی پارتەکە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی **1967** دا لە مۆسکۆ، کۆنگرەی پارتە کۆمونیستەکانی وڵاتانی عەرەب گیرا، دواتر بە دوا کۆنگرەی ئەو پارتانە ناویدەرکرد. لەو کۆنگرەیەدا سۆڤیەت، " لە ڕاستییدا دەزگای هەواڵدەر و سیخوڕیی کەی جی بی"، بەزۆر ئەیویست سیاسەتە هەمەجۆرەکانی بسەپێنێت بەسەر پارتە کۆمونیستەکاندا و سازشیان لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانیاندا پێبکات، نمونەی ئەو ڕژێمانەش عێراق، سوریا، لبنان، سودان و میسر بوون، هەروەها دژایەتی پارتی کۆمونیستی چین بکەن.

تەنیا هۆیەکی ڕون و ئاشکرا بۆ ئەو هەڵوێستەی سۆڤیەت، ئەوە بوو کە ئەو تیۆرییە بەدناوەی پۆناماریۆڤی کردبوو بە سەرچاوەی تێڕوانینە ئابوورییەکانی و لایان وا بوو کە دژایەتی ئینگلیز و ئەمێریکا و خۆماڵییکردنی چەند دامودەزگایەک، ئەو ڕژێمانە و وڵاتەکانیان بەرەو

سۆشـیالیزم ئەبـەن و بـە قۆنـاخی گەشەسـەندنی سەرمایەدارییشـدا تێناپەڕن!

چەرمەسـەریی شـیوعییەکانی عێـراق لـەوەدا بـوو کـە حیزبـی شـیوعی عێراق سودی لەو تاقیکردنەوە شومانەی پێشوی وەرنـەگرت و پـاش ئـەو هەموو قەلاچۆکردنەی کە ساڵانێک بە دەستی حیزبـی بەعسـە لێیئـەکرا، لە ساڵی 1973 دا و لە ڕۆژی شومی دەسەڵاتگرتنەدەستی بەعسییەکاندا بـۆ دووەم جـار، لـە 17 ی تـەموزی سـاڵی 1973 دا چوونـە بەرەیەکـەوە لەگەڵ بەعسییەکاندا و بەشداریی ڕژێمەکەیان کرد!

دوای ئـەو کۆنگرەیەی پارتە کۆمونیستەکانی وڵاتانی عەرەب لـە سـاڵی 1967 دا، جگـە لـە پـارتی کۆمونیسـتی لبنـان، تـەواوی پارتـە کۆمونیستەکانی تری وڵاتـانی عـەرەب، دووبـەرەکیی و جیابوونـەوەیان تێکەوت. ڕونەدانی دووبەرەکیی لە پارتی کۆمونیستی لبناندا، هۆیەکەی بـۆ ئـەوە ئەگەڕایـەوە کـە زۆربـەی سـەرکردەکانی ئـەو پارتـە، دژی ئـەو سیاسەتە چـەوت و دیکتاتۆرییـەی سـەرانی پـارتی کۆمونیستی سۆڤیەت بوون و لە هەمان کاتیشدا هـەر بـەو ڕادەیـە دژی سیاسـەتەکانی چین و ماویزم بوون و کاریگەریی پارتە کۆمونیستەکانی ڕۆژئـاوای ئـەوروپایان لەسەر بوو کە تا ڕادەیەک خۆیان لە توندوتیژیی دور ئەگرت.

ئـەو زنجیـرە جیابوونـەوە و دووبەرەکییانـەی کـە زیـادتر بـە هـۆی دووبـەرەکیی نێـوان سـۆڤیەت و چینـەوە و سیاسـەتە هەڵەکانیانـەوە ڕوویاندا، بـاڵی کێشا بەسـەر تـەواوی بزوتنـەوەی کۆمونیستیی و چەپی دنیـادا و دووبـەرەکیی و جیابوونـەوە لـە هیندوسـتان لـە ئاسـیاوە دەستیپێکرد و بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریکادا تێپەڕی، تا ڤێنێزوێلا لە ئەمێریکای خواروو. بێگومان لە ناوچەکەی ئێمەشدا، کاریگەریی ئەو سیاسەتە چەوتانەی سۆڤیەت و چین و دووبەرەکییەکان، زۆربـەی پارتـە کۆمونیسـتەکانی گرتـەوە، بـە حیزبـی شـیوعی عێـراق و تـودە و پـارتی کۆمونیسـتی تورکیـا و ئەفگانستانیشـەوە. بەرامبـەر بـەو سیاسـەتە خۆبەدەستەوەدانەی کە سۆڤیەت لە پارتە کۆمونیستەکانی هەندێک لـە وڵاتانی ئەویست، شـەپۆلێکی نـاڕەزایی و شۆڕشگێڕیی و یـاخیبوون لـە دنیادا دروستبوو.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتیی لە سەرەتای ساڵی 1967 ـەوە، دەیان ڕێکخراوی توندڕەو لە ئەوروپا و هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبوون کە ئامانجیان گۆڕینی دەسەڵات بوو لە ڕێی ڕوخاندنی ڕژێمەکانەوە و گرتنەبەری هەموو جۆرە شێوازێکی خەبات بۆ ئەو مەبەستە و چاولێکردن لە ئێرنستۆ چێ ڤارا و خەباتی چەکدارانە.

نمونەی ئەوانەش زۆرن، بەڵام دیارترینیان لە ئەوروپا، لە وڵاتی ئیتالیا، ئاڵمانیا و یۆنان دەرکەوتن، هەروەها بە شێوەیەکی کەمیش لە ئەمێریکای سەروو و خواروو، وەک (بریگاردە سورەکان) لە ئیتالیا، (بادر-ماینهۆف) لە ئاڵمانیا و (17 ی ئۆکتۆبەر) لە یۆنان و بزوتنەوەی چەپ و جەماوەریی بە سەرکردایەتی ئافرەتی ڕەشپێست "ئەینجێلا دەیڤیس" لە ئەمێریکای سەروو، هەروەها دیاردەی "کارلۆس" لە ئەمێریکای لاتین کە دواتر خەباتەکەی گواستەوە بۆ ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەندێک لەو ڕێکخراوانە، بەتایبەتیی ئەوانەی ئەوروپا و کارلۆس، بە هەموو شێوەیەک، تەنانەت بە تێرۆر و ڕفاندنی بەرپرسانی دەوڵەت و سەرمایەداران و ئەندامانی خێزانەکانیان و کوشتنیان، دژایەتی ڕژێمە سەرمایەدارییەکان و سەرمایەدارانیان ئەکرد. لە هەمان کاتدا شێوازی ئەو نارەزایی و بێزارییانە لە هەندێک لە وڵاتەکانی ئەوروپادا، وەک سوید و وڵاتانی سکاندیناڤیا، فەرەنسا، بریتانیا، سپانیا و .. تد، ئارامتر و شارستانییانە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا کە لە ناوەڕاستی ساڵی 1968 دا خۆپێشاندان و مانگرتنە بەرفرەوانەکانی خوێندکاران، لاوان و کارگەران لەو وڵاتانەدا گەیشت بە لوتکەی، بەڵام ئەو کارەساتە خوێناوییانەی لێنەکەوتەوە کە لە ئیتالیا، ئاڵمانیا و یۆنان، جار جار ڕوویانئەدا، یان ئەوانەی کارلۆس کە هیچ جێیەکی دیارییکراوی نەبوو، ڕۆژێک لە وڵاتێکی ئەوروپا کارێکی تیرۆریستیی ئەکرد و هەفتەی دواتر لە وڵاتێکی ئاسیا و ڕۆژێکیش لە وڵاتێکی ئەمێریکای لاتین.

ئەو هەموو سیاسەتە هەڵانەی سۆڤیەت و ئەو پارتە کۆمونیستانەی کە لە چەرخیدا ئەسوڕانەوە و ئەو گۆڕانکاریی و دووکەرت و چەند

کەرتبوونانەی کە لەناو پارتە کۆمونیستەکانی وڵاتانی داگیرکەرانی کوردستاندا ڕوویانئەدا، گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و بەردەوامیی ڕژێمەکانی داگیرکەرانی کوردستان لە شۆڤێنیستیی و دیکتاتۆرییدا، بەربڵاویی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و چەوسانەوەی چینایەتی لە کوردستاندا، کەم و زۆر کاریگەرییان هەبوو لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەیەکی نوێی چەپ لە کوردستاندا و ڕۆشنبیرانی مارکسیی کوردستان لەو ڕووداوانەی دنیا و ناوچەکەوە دور نەبوون.

لەبەرئەوەی کە چەپەکانی کوردستان، جگە لە چەوسانەوەی چینایەتی، لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانییشەوە ئەچەوسانەوە، بۆیە زەمینەی ئەو بزوتنەوەیە، زیادتر بەپیت بوو بۆ ئەو ڕۆشنبیرانەی کورد کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم بوون و لە سێ لاوە ئەچەوسانەوە.

دووبەرەکییەکەی ناو حیزبی شیوعی عێراق لە ئەیلولی ساڵی **1967** دا، بە یەکێک لە گەورەترین دووبەرەکییەکانی مێژووی ئەو حیزبە دائەنرێت. ئەو جیابوونەوەیە بە سەرکردایەتی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بوو بە ناوی عەزیز ئەلحاج کە فەیلیی بوو. هەروەها ڕەوتەکەیان کە بە حسابی خۆیان، شۆڕشگێڕ بوو، ناویاننا "سەرکردایەتی ناوەندیی".

زۆرینەی هەرە زۆری ڕێکخراوەکانی ئەو حیزبەی لەگەڵ خۆی برد، بەتایبەتیی کۆمیتە بەرزەکان و کۆمیتە تایبەتییە هەمەجۆرەکان و سەرکردایەتی زۆربەی شارەکان، بە شارەکانی کوردستانیشەوە. جیابوونەوەکەشی هەر لە سەرەتاوە بە شێوازێکی "شۆڕشگێڕیی"! بوو، پلانەکانی وا بوو کە "بەزۆر"! ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و مەکتەبی سیاسی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەگەر نەیانکرد، ئەوا هەر بە "شۆڕشگێڕانە"! سزایان بدات. بۆ ئەو مەبەستەش دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعییان گرت و ئازارێکی زۆریان دان، وەک بەهادین نوری و زەکی خەیری. هاوڕێ قادر ڕەشید "ئەبو شوان" لەگەڵ دوو هاوڕێی تریدا، زوو فریای زەکی خەیری کەوتبوون و توانیبوویان ڕزگاری بکەن.

هەر لەو کاتانەدا چەند کادیرێکی بەرزی حیزبی شیوعی عێراق پەنایانبردە بەر زەلکاوەکانی خوارووی عێراق و دەستیانکرد بە خەباتی چەکداریی دژی ڕژێمی عەبدولرەحمان عارف، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەیانویست وەک کوردستان، لەناو زەلکاوەکاندا خەباتی چەکداریی بکەن! ئەوەش لە زۆر ڕووەوە لۆجیک نەبوو، بەتایبەتیی لە ڕووی جیۆگرافییەوە، جگە لەوەی کە خەباتی چەکداریی لە کوردستاندا خەباتێکی ڕزگاریی نەتەوەیی و جەماوەریی بەرفرەوان بوو.

پاش هاتنەوەی بەعس بۆ دووەم جار لە 17 ی تەموزی ساڵی 1968 دا بۆ سەر حوکم، زۆربەی سەرانی "سەرکردایەتی ناوەندیی" جیابووەوە لە حیزبی شیوعی عێراق، گیران و هەندێکیان بە عەزیز ئەلحاجیشەوە، لە تەلەڤزیۆنی بەعسەوە دەرکەوتن و بەو هەموو پروپاگەندە شۆڕشگێڕانەیانەوە کە لەوەوبەر ئەیانکرد، پاکانەیان کرد و بە شانوباڵی ڕژێمی "نیشتمانیی"! نوێدا هەڵیاندا و زۆربەی هەرە زۆری لایەنگرانیشیان، دوای ئەوە گەڕانەوە ناو حیزبی شیوعی عێراق و هەندێکیشیان هەر بە هەڵگری ئەو بیروباوەڕە چینیی "ماوییە" وە مانەوە و دواتر بە شێوەی نیوە ڕێکخراوەیی، یان وەک کەسانی هەڵگری ئەو بیروباوەڕە لە یەکتر نزیک کەوتنەوە و هەندێکیان لە کوردەکان، چوونە لای جەلال تاڵەبانیی و ئەو فارسە ماوییانەی کە هەر لەو سەروبەندەدا لە حیزبی تودەی ئێران جیابووبوونەوە و لە بەکرەجۆ لە لای جەلال تاڵەبانیی گیرسابوونەوە.

لێرەدا ئاڵۆزییەک لە ڕووی مێژووییەوە هەیە و تا ئێستا سەرچاوەیەکی ئەووتۆ لەبەردەستدا نیە، هەرچەندە گرنگییەکی ئەووتۆشی نیە، بەڵام ئەوەیە کە ئایا شیوعییە ماوییە جیابووەوەکانی حیزبی شیوعی عێراق کاریگەرییان لەسەر کوردەکانی باڵەکەی برایم ـ جەلال و بەکرەجۆ هەبوو، یان فارسە ماوییەکانی جیابووەوە لە حیزبی تودە؟

بە ڕای من ئەوی یەکەمیان ڕاستترە، ئەویش لەبەر سێ هۆی سەرەکیی:

1- شیوعییەکانی عێراق پەیوەندییەکی مێژوویی و دێرینیان لەگەڵ حیزبی تودەدا هەبوو، دەیان ئەندامی کوردی حیزبی تودەش ساڵانێکی زۆر لە باشوری کوردستاندا لە ناو حیزبی شیوعییدا ژیاون، نمونەیەکی

دیــاریش مامۆســتا حەســەنی قزڵجــی بــوو. هــەر بــەو جــۆرەش فارســە تودەییــەکان لــە شــارەکانی خــوارووی عێراقــدا لــە لایــەن شــیوعییەکانی عێراقەوە داڵدەدراون. نەک هەر ئەندامانی تودە، تەنانەت هەندێک لە شیوعییەکانی هەندێک لە وڵاتانی عەرەبییش دەیان ساڵ لـەناو حیزبـی شیوعی عێراقدا بـوون، وەک سودانیی، جـەزائیریی و فەلەستینییەکان، نمونـەی دیاریشیان مـوعین بسیسۆ، ئـەدیب و شـاعیر و سیاسـی نـاوداری حیزبی شیوعی عێراق بوو کە لە ڕاستییدا فەلەستینیی بوو.

**2-** تێکەڵاوییـەکی زۆر لـەنێوان حیزبـی شـیوعی عێـراق و ڕۆشـنبیرانی کـورددا هـەبووە، چ لـە سـەردەمی پـارتـی دا و چ لـە دوای جیابوونـەوەی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیی و لەناو هەردوو باڵەکەدا. بۆ نمونـە، نـەک ژماردن، هەر لە سەرەتای دروستبوونـی پارتییـەوە، چەنـدانی وەک هەمزە عەبدوڵا، ساڵح حەیدەریی و هەندێک لە برا و کەسەکانی، عەلی عەبدوڵا و دواتـر سـامی عەبـدولڕەحمان، فرانسۆ هـەریریی، فەلەکـەدین کاکـەیی، فـاخیر مێرگەسوریی و ڕەفیـق چـالاک، تـا ئـەبو حیکمـەت کـە کەسانی ناودار و بەتواناکانی حیزبی شیوعی بوون و دەیان شـیوعی تـر کە لەم سەردەمانەی دواییدا کە زوو، یان درەنگ چوونەتە ناو پارتییەوە و کەسـانی وەک عومـەر دەبابـە، کـەمال فوئـاد، مستـەفا سـاڵح کـەریم، عیــزەدین مســتەفا ڕەســوڵ و فــاروقی مــەلا مســتەفای بــرای و مســتەفا چــاوڕەش و دەیــانی تــر کــە هەنــدێکیان لــە کۆمــەڵی عــەزیز ئــەلحاج "سەرکردایەتی ناوەندیی" بوون و چوونەتە نـاو بـاڵی ئـەو کاتـەی بـرایم جەلال و یەکیەتییـەوە، هـەموویان سـەردەمانێکی زۆر ئەنـدام و کـادیری حیزبی شیوعی عێراق بوون.

**3-** هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولـەوە، ژمارەیەکی زۆری شیوعییەکان بــە عــەرەب و کــورد و کەمینــە نەتــەوەکانی تــرەوە، بەشــدارییان لــە شۆڕشـەکەدا کـردووە و هەنـدێکیان ڕۆڵـی بـەرچاویان هـەبووە. ئێسـتاش "ئەبو رائد" کە ئەفسەرێکی بەناوبانگی عێراقیی ئەو سەردەمەی شۆڕشی ئەیلول بوو، ئەندامی ئەوسا و ئێستای حیزبی شیوعی عێراقە و ئێستاش ڕاوێژکاری سەربازیی سەرۆکی باشوری کوردستانە.

وەک وتم، مێژووی ئەو تێکەڵاوییەی ڕۆشنبیرانی مارکسیی و شیوعی عێراق و کوردستان لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگارییخوازیی کورددا، دەیان ساڵ بەرلە هاتنی ئەو چەند فارسە ماوییەی حیزبی تودەیە بۆ باشوری کوردستان و بەتایبەتییش بۆ بەکرەجۆ بۆ لای جەلال تاڵەبانیی. لەبەرئەوە، زیادتر ئەو ڕایە ڕاستە کە شیوعییەکانی عێراق بە ڕەوتە جیاجیاکان و سۆڤیەتیی و ماوییەکانیانەوە، کاریگەرییان لەسەر هەندێک لە ڕۆشنبیرانی مارکسیی کورد و ئەو کۆمەڵانەی بەکرەجۆ هەبووبێت.

هەروەها "ئارام" کە بە بیریاری کۆمەڵەی مارکسیی ـ لێنینیی دائەنرێت، لەو سەردەمانەدا کە لە زانکۆی بەغدا ئەیخوێند و دواتریش کە لە دەزگای ڕاگەیاندنی کوردیی حکومەت و هەفتەنامەی هاوکارییدا کاریئەکرد، تێکەڵاوییەکی گەرمی لەگەڵ شیوعییە کورد و عەرەبەکانیشدا هەبووە، چ لە زانکۆ و چ لە دەرەوەی. ڕۆشنبیران، پێشکەوتنخوازان و مارکسییەکانی کوردستانیش کەم و زۆر کەوتبوونە ناو ئەو گۆڕانکارییانەی بزوتنەوەی کۆمونیستیی ناوچەکەوە و هەر بە هەمان شێوەش کاردانەوەی ڕووداوەکانیان لەسەر بوو.

دوای ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەر بزوتنەوەی کۆمونیستییدا هات، حیزبی شیوعی عێراق گۆڕانکارییەکی ئەووتۆی لە سیاسەتەکانیدا نەکرد کە ببێت بە پارتێکی جەماوەریی، بەتایبەتیی لە ڕووی نەتەوەیی گەلی کوردەوە، بۆیە لە ساڵی **1967** بە دواوە، تەوژمێکی نەتەوەیی دیار لەناو حیزبی شیوعی عێراقدا سەریهەڵدایەوە. لێرەدا کە ئەڵێم سەریهەڵدایەوە، مەبەست لەوەیە کە مێژووی بیری چەپ لە باشوری کوردستاندا کۆنە و ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو، وەک ئەو حیزبەی کە شیوعی و مارکسییە کوردەکان بە ناوی "حیزبی شۆڕش" لە کۆتایی ساڵی **1943** و سەرەتای ساڵی **1944** دا لە لایەن ساڵح حەیدەریی و نافع یونس و کەسانی ترەوە دروستبوو کە بە لای منەوە، مێژووی دروستبوونی یەکەم پارتی کۆمونیستە لە کوردستاندا. هەروەها دوای ساڵێک هەر هەمان ئەو کەسانە و کۆمەڵێکی تر لە شیوعییەکانی کوردستان "حیزبی ڕزگاریی کورد"یان دروستکرد.

هەروەها "پەیمانی باسم" کە لە ساڵی 1952 دا لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکانی میسر و ئێراندا و ڕاپەڕینەکانی جوتیارانی دزەیی و وارماوای باشوری کوردستان و جوتیارانی خوارووی عێراق، بەهادین نوری سکرتێری ئەو کاتەی حیزبی شیوعی عێراق نوسیبووی، خۆشی کوردە، لەو پەیمانەدا گوژمێکی تەواوی بەبیری نەتەوەیی و کوردستانیی لەناو شیوعییە کوردستانییەکان دا.

بەردەوامبوونی حیزبی شیوعی عێراق لەسەر سیاسەتە سۆڤیەتییەکانی و کەم و زۆر سەرەتاتکێی لەگەڵ دەسەڵاتی نوێدا لە ساڵی 1968 دا و چڕبوونەوەی سەرەتاتکێکان بۆ دروستبوونی پەیوەندیی و وتووێژی ڕاستەخۆ و دواتر دروستبوونی "بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز" و هەڵگرتنی چەک بە ڕووی شۆڕشی کوردستاندا، هەرچەندە لە ناچارییشدا بوو، بەڵام بە تەواویی ڕێی خۆشکرد بۆ هەوڵدانە هەمەجۆرەکانی کەسانی مارکسیی و ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کورد بۆ یەکخستنی تواناکانیان لە دروستکردنی ڕێچکەیەکی نوێی چەپ لە باشوری کوردستاندا و هیوایان بە "پێشڕەویی"! حیزبی شیوعی عێراق نەما.

ئەوەی کە زیادتر لە سەرەتا و لە سەروبەندی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەو سەردەمەدا سودی بینی، جەلال تاڵەبانیی بوو، توانی بە نهێنی و بە ئاشکرا کەسانێکی ئەو "سەرکردایەتی ناوەندییە" بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و بە هەمان شێوەش سودی لەو پەیوەندییانەی نێوان جیابووەوەکانی حیزبی تودە و "سەرکردایەتی ناوەندیی" عەزیز ئەلحاج ببینێت و خۆی کرد بە ڕیشسپی ئەو ماوییانەی کە لە حیزبی شیوعی عێراق و تودەی ئێران جیابووبوونەوە، هەرچەندە مێژووش سەلماندی کە خۆی دور بووە لەو بیروباوەڕانەوە.

ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستاندا دروستیکرد و جێپێی خۆی تیادا لەق کرد، بووە هۆی ئەوەی کە چەند ڕەوتێک پڕیبکەنەوە و هەر ماوەیەک و بە ناوێکەوە خۆیان ڕابگەیەنن، جارێک بە ناوی کۆمەڵەی مارکسیی ـ لێنینیی و جارێک بە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و دواتر تەنیا بە ناوی کۆمەڵەوە. هەروەها دوای

ئــەوەش زەحمەتكێشــان و بزوتنــەوەی سۆشیالیسـتیی، حسـک، حسـیک و شۆڕشگێڕان و چەنـدان ڕێکخـراو و ڕەوتــی تـر دروسـتبوون کـە سـەرجەم، هــەموویان ڕاسـتەوخۆ و نـا ڕاسـتەوخۆ، خۆیـان بـە هــەڵگری جۆرێـک لــە جۆرەکــانی بیروبــاوەڕی چــەپ ئــەزانی، تەنانــەت پــارتی دیمــوکراتی کوردستانیش لە کۆنگرەی نۆیەمیدا ئـەو ڕسـتە بـاوەی لـە بەرنامەکەیدا داڕشـت کـە ئـەڵێت: " لــەژێر ڕۆشـنایی بیروبـاوەڕی مارکسـیزمدا.. تـد، خەباتئەکەین"!

ئەوەش بە ڕای من ئەو ڕاستییە تاڵەیە کە هەموو ئـەو لایەنانـە دڵنیـا بــوون لــەوەی کــە حیزبــی شــیوعی عێــراق لــە ڕووی ئایــدیۆلۆجیی و ڕێکخراوەییەوە، بۆشایی لە کوردستاندا دروستکردووە، بۆیە هـەموو ئـەو لایەنانە ئەیانویست ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە.

هــەروەها نابێـت ئـەوەش نـەڵێین کـە لـەو سـەردەمەدا سۆڤیەت هــەر هەیبەتی هــەبوو، یارمــەتی هەمــەجۆرەی بــەپێی بەرژەوەنـدی خـۆی، بـە زۆربەی بزوتنەوە و لایەنە بەناو چەپەکان ئەدا.

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە سـاڵی **1967** سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئـەو ڕەوتـە چەپــە هەمەجۆرانــەی عێــراق و کوردســتانن، بــەڵام تــا ئــەو کاتــەی دەستتێکەڵاوکردنی حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ بەعسدا ئاشکرا نەبوو، واتە لە سەرەتای ساڵی **1972** دا، ئەوا "کۆمەڵە" ی باشور بـە تـەواویی دروست نەبووبوو، چونکە لەو مێژووەوە، ئیتر مارکسییە کوردستانییەکان بــە تــەواویی بــێ هیــوا بــوون لــە حیزبــی شــیوعی عێــراق و لــە ڕووی ڕێکخراوەییــەوە بــە پــەنای خۆیــان نەئــەزانی و بــە کــردەوەش حیزبــی شیوعی عێراق بوو بە بەشێک لە دەسەڵات. لە کاتێکدا دەسەڵاتی بەعس، یەکێک لە دڕندەترین دوژمنەکانی مێژووی گەلی کوردمان بووە. هەروەها لە سەروبەندی نسکۆ مەزنەکەی شۆڕشـی ئەیلولـدا، واتـە دوای پـەیمانی بەدناوی جەزائیر لە ساڵی **1974** دا، کۆمەڵـەی مارکسیی ـ لێنینیـی بـە تەواویی بەرەو ئەو ئاسۆیە ئەڕۆیشت کە ببێت بـە ڕێکخراوێکـی خـاوەن پەیڕەو و بەرنامە، هەرچەندە لە ساکارترین شێوەشیدا بوو.

ئەوەش ڕاستییەک بوو کە هەموو ڕۆشنبیرانی مارکسیی و نامارکسیی هەستیان بەوە ئەکرد کە بۆشاییە سیاسییەکەی کوردستان هێجگار قوڵ

بووەتەوە، ئەویش بەوەی لە لایەکەوە حیزبی شیوعی عێراق لە سێبەری دەسەڵاتی بەعسدا بوو، لە لایەکی تریشەوە نسکۆکەی شۆڕش مەزنترین بۆشایی سیاسی، چەکداریی و گیانی نەتەوەیی دروستکرد، بۆیە مارکسییە کوردەکان و نامارکسییەکانیش لەو کاتەدا ئەیانویست ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە. دواتر مێژووش ئەو ڕاستییەی دەرخست.

لێرەدا ناکرێت لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەوە نەڵێین کە تەمەنی ئەو بزوتنەوە چەپە، یان لە ڕاستییدا ئەو کۆمەڵە مارکسیی ـ لێنینییە، بەپێی دیالێکتیک و بارودۆخەکە، کورت ئەبوو، چونکە بزوتنەوە چەپە کوردستانییەکە بە شێوەیەکی ئاسایی لەدایک نەبوو. هەرچەندە بزوتنەوەیەکی چەپ لە کوردستاندا پێویستییەکی مێژوویی بوو، بەڵام ئەو بزوتنەوە چەپەی ئەو سەردەمە، لە مەنجەڵی پڕ لە ناکۆکیی ئایدیۆلۆجیی و سیاسی نێوان ڕەوتی ستالینیی و ماویی، لێکترازانەکانی ناو حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆچوونی کوردستانیی و عێراقچیەتی و بیری نەتەوەیی و بیری کۆمونیزمییەوە سەریهەڵدا، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕاستییە دیاربوو کە ئەو بزوتنەوەیە ناتوانێت ببێت بە میراتگری ڕێکخراوەکانی حیزبی شیوعی عێراق لە کوردستاندا، چونکە بنەما فیکریی و ڕێکخراوەییەکەی هەر لە سەرەتاوە بە تاساوی لەدایک بوو.

کەسانێک لەو بزوتنەوەیەدا بوون کە هیچ پەیوەندییەکی ئایدیۆلۆجییان بە چەپەوە نەبوو، نمونەی دیاری ئەوەش نەوشیروان مستەفا بوو. هەر وەک خۆی لە کتێبەکانیدا نوسیویەتی، بۆ تەنیا ڕۆژێکیش لە ژیانیدا مارکسیی نەبووە! بەڵام دواتر لەسەر داوای جەلال تاڵەبانیی بووە بە سەرۆکی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکەشی لە یەکەم کۆنگرەی یەکیەتی نیشتمانییدا، هەڵوەشاندەوە و کردی بە دیارییەکی چەور بۆ جەلال تاڵەبانیی!

بێگومان دەیان کەسی تر کە لە دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە بوون و ئێستا بەرپرسی گەورەن و خاوەن ملیۆنان دۆلارن و ئەوەی بە خەویش بیری لێ نەکەنەوە، بیروباوەڕی چەپە! جگە لەوەش ئەو سەردەمە و تا ئێستاش زۆربەی ئەو چەپڕەوانە بە شێوەیەکی کلاسیکیی، وەک زۆربەی

کۆمونیستەکانی دنیا بیریانئەکردەوە و ئێستاش هەر وا بیرئەکەنەوە و لە ناو هەمان ڕێکخراودا "چینایەتی" و "پلەداریی" هەیە!

دڵسۆزیی بۆ بیروباوەڕی مارکسیی و چەپ لە گیرفانەوە ئەبینن وەک لەوەی لە عەقڵەوە. واتە ئەگەر کەسێک ئازا، زیرەک، هۆشیار، بەتوانا، قوربانییدەر و دڵسۆزی بیروباوەڕی مارکسیزم بووایە، بەڵام بە دەرامەت بووایە، یان لە خێزانێکی بە دەرامەت بووایە، یان خاوەنی گوێدرێژێک و دوو گیسک بووایە، ئەوا حسابێکی ئەووتۆیان بۆ نەئەکرد و زۆر بێشەرمانە بە پێوەرە کلاسیکییە ستالینییەکە، لەناو خۆیاندا پێیان ئەوت "بۆرجوا"، یان "وردە بۆرجوا"!، سەدان کەسی لەو جۆرە لەناو ئەو بزوتنەوانەدا کەوتنە دەست ڕژێمە فاشیستییەکانیان و خۆیان ڕاگرت و شەهید بوون، نمونەش بۆ ئەوانە لە حیزبی شیوعی عێراقدا وەک عائدە یاسین، دکتۆر سەفاء ئەلحافز و دکتۆر حەبیب ئەلمالح و سەدانی تر، بەڵام دەیان سەرکردەی بەناو "پرولیتار"!، پاش دەیان ساڵ لە ئەندامیەتی لە سەرکردایەتی پارتێکی کۆمونیستدا، لە یەکەم بەرەنگار بوونەوەیان لەگەڵ دوژمندا، ئەدۆڕان و خۆیان ئەدا بە دەستەوە، وەک عەزیز ئەلحاجی بەناو شۆڕشگێڕی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق و نائب عەبدولای نیوە خوێنەوار و شاگرد بەرگدروو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی، هەروەها نورەدین کیانوری سکرتێری حیزبی تودە "پارتی کۆمونیستی ئێران" و ئیحسان تەبەریی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بیرمەندی "مەزن" ی تودە!

کەواتە بیروباوەڕ لە هۆشی مرۆڤەوە هەڵئەقوڵێت، نەک لە گیرفانیەوە! ڕاستە زۆر جار بەرژەوەندی ئابووری هەڵوێستی مرۆڤ ئەگۆڕێت، بەڵام مرۆڤی هۆشیار هەرگیز ناگۆڕێت.

هەر بۆ نمونە، فرێدریک ئێنجلس کە دووەم بنیادنەری بیروباوەڕی مارکسیزمە، دەوڵەمەند و دارا بوو، باوکی خاوەنی کارگەی مەزنی قوماشسازیی سەردەمی خۆی بوو. ئایا بەو پێوەرە ستالینییە کلاسیکییە کە ئەوسا و ئێستاش لە لایەن زۆربەی بەناو کۆمونیست و چەپەکانەوە پەیڕەوئەکرێت، ئەبێت ئێنجلس دوژمنی سەرسەختی مارکسیزم بووایە؟

کلۆڵییەکەی ئەو سەرەتایەی چەپە نوێیەکانی کوردستانیش تەنیا لە پەرتەوازەیی ئایدیۆلۆجیی نێوان بەرەی چین و سۆڤیەتدا نەبوو، بەڵکوو لە ڕووی ڕێکخراوەییشەوە بوو. هەندێک لەبەر بیری نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، ساڵانێک بوو وازیان لە حیزبی شیوعی عێراق هێنابوو، هەندێک وازیان لە "سەرکردایەتی ناوەندیی" کۆمەڵی عەزیز ئەلحاجی جیابووەوە لە حیزبی شیوعی عێراق هێنابوو، هەندێک لە دووڕێیانی جەلالیی و مەلایی ئەو سەردەمەدا قەتیس مابوون و نەیانئەزانی سەربە کام لا و کام ڕەوتی ئایدیۆلۆجیین، هەندێکیش لەناو جەلالییەکان خۆیاندا، خۆیان بۆ یەکلایی نەئەکرایەوە و هەندێکیش لەناو پارتییدا لەنێوان بیروباوەڕی مارکسیی و نەتەوەییدا پەنگیان خواردبوو.

گومان لەوەدا نیە و لە ڕوانگەیەکی لۆجیکییەوە، لە سەرەتای ساڵی **1974** دا کە دەیان هەزار کوردی باشور لە زوڵمی بەعس هەڵهاتن و لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ماوەیەک جێگیربوون، هەر لەو کاتانەدا کەسانی هەڵگری ئەو بیروباوەڕە چەپە جیاوازانەی باشور، کەم و زۆر کاریگەریی خۆیان لەسەر کەسانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێهێشتووە و دواتر کە شۆڕشی نوێ لە باشوردا هەڵگیرسایەوە و کۆمەڵەی مارکسیی- لێنینیی خەباتی چەکداریی ئەکرد، ئەو کاریگەرییانە زەقتر بوونەوە و ڕەوتە هاوشێوەکانی ئەوانیش لە ڕۆژهەڵاتدا دروستبوون و دیارترینیان "کۆمەڵە" بوو.

لە کۆتاییدا، ئەمەوێت بڵێم شانبەشانی پێویستییە مێژوویی و چینایەتی و تێکشکانەکان و گۆڕانکارییەکانی ناو بزوتنەوەی کۆمونیستیی عێراق، لەگەڵ سیاسەتە هەڵەکانی سۆڤیەت و دژایەتیکردنی سۆڤیەت و چین لەناو خۆیاندا و ئەڵقەلەگوێیی زۆربەی پارتە کۆمونیستەکان بۆ سۆڤیەت و هەندێکیش بۆ چین، بە شێوەیەکی سەرەکیی سەرچاوەی دروستبوونی ئەو سەدان ڕەوتە چەپانەی دنیا و ناوچەکەی ئێمە و کوردستان بوون.

ئەوەی لێرەدا گرنگە کە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە کە بە خۆشحاڵییەوە، خەباتی ئەمڕۆی زۆربەی چەپەکانی کوردستان، زیادتر لە

هەر سەردەمێکی ڕابردوو، شانبەشانی خەباتی چینایەتی، تێکەڵ بووە لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیی و ڕزگارییخوازیی گەلی کوردستاندا و تا ڕادەیەکی باش دورکەوتووەتەوە لە "چەپی منالآنە". وەک لە سەرەتاشدا وتم، ئەم باسە گرنگە و بە نوسینی دەیان کتێب کۆتایی نایەت.).

هەروەها بەڕێز قادر ڕەشید "ئەبو شوان" کە خۆی لەناو ڕووداوەکەی حیزبی شیوعیدا بوو، لەو بارەیەوە دەڵێت: **(عەزیز ئەلحاج و هاوڕێیانی ساڵی 1967 لەبەر هەندێک هۆ لە حیزبی شیوعی جیابوونەوە. بۆ نمونە لەو کاتە و پێشتریش حیزب لە ڕوخاندنی حوکمی عەبدولرەحمان عارف دا چەقی بوو. ئەو دیاردەیە لەناو سەرکردایەتی و بەدەنی حیزبدا ڕەنگی دابووەوە، ناڕەزاییەکە گەیشتبووە ڕادەیەک کە مەترسی لێبکەوێتەوە. لەناو سەرکردایەتی حیزبی شیوعیدا کێشەی فیکریی و کێبڕکێ بۆ بەدەستخستنی کورسی هەبوو. پەرتبوونی حیزبی شیوعی زیانی گەورەی بەو حیزبە و گەلانی عێراق گەیاند و تا ڕادەیەک حیزبی شیوعی چیکوسلۆڤاکیا ئاگاداری ئەو کێشەیەی ناو حیزبی شیوعی بوو. دەتوانم بڵێم 75% ی ڕێکخراوەکانی حیزب دوای عەزیز ئەلحاج کەوتن. سەرەتای جیابوونەوەکە بە توندوتیژیی و گرتن و ڕاونانی لایەنی بەرامبەر، واتە لیجنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی دەستیپێکرد، وەک گرتنی زەکی خەیری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گرتن و لێدانی بەهادین نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و خەڵتانکردنی لە خوێندا و بڵاوکردنەوەی جنێو و تۆمەتبارکردنی سەرکردایەتی حیزب، دور لە پرینسیپی سیاسی و فیکریی. سەرئەنجام عەزیز ئەلحاج لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە گیرا و گیرانەکەی بووە هۆی تێکچوونی گروپەکەی. پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەو ڕووداوە دور نەبوو لەو فیکرە ئاڵۆزەی کە لە جیهاندا لە ئارادا بوو. بەشێک لە هاوڕێیانی عەزیز ئەلحاج گەڕانەوە بۆ ڕیزی حیزب و بەشێکی تریان وازیان لە خەباتی حیزبایەتی هێنا و ژمارەیەکیشیان ڕێی بزوتنەوەی ماوییان گرتەبەر.).**

بەشێک لە زانکۆکانی ئێران لەژێر کاریگەریی ئەو بزوتنەوانەدا بوون، بە پێگەی پەروەردەیی بیری چەپ و بەرهەڵستکارانەی خوێندکاران بۆ

بەدەستخستنی داخوازییە مەدەنیی و سیاسیەکانی گەلانی ئێران و بە بەردەوامیی خوێندکارەکانیان خەریکی مانگرتن و خۆپێشاندان بوون.
لەو کاتەدا گروپێکی 13 کەسیی بە سەرۆکایەتی "بیژەن جەزەنی" لە چیاکانی سیاکەل ڕاپەڕی و ڕۆژی 1349/11/19 (1971/2/8) بنکەی ژاندارمەری سیاکەلیان چەککرد. هەروەها خەسرەو گوڵ سورخی و کەرامەت دانیشیان، دوو خەباتکاری گروپێکی تر بوون کە دوای دەستگیرکردنیان لە لایەن ساواکەوە، لە دادگایەکی سەربازییدا دادگاییکران و ڕۆژی 1352/11/29 (1974/1/23) لە لایەن ڕژێمی شاوە گوللەباران کران.
هەر لەو ساڵانەدا بوو کە گروپێکی تر بە سەرۆکایەتی "مەسعود ئەحمەدزادە" ڕۆژی 1350/1/18(1971/4/7)، سەرتیپ "زیا فرسیو" سەرۆکی ئیدارەی بازرەسیی سوپای ئێرانی تیرۆر کرد. سەرئەنجام مەسعود ئەحمەدزادە لەگەڵ 10 هاوڕێی تریدا ڕۆژی 1355/4/8 (1976/6/29) لە شەڕێکی نابەرامبەری چەکدارانەدا لەگەڵ پۆلیس و ساواک لە تاران شەهیدکرا.
هەروەها لە وڵاتی عومانیش بزوتنەوەی چەکدارانەی چەپەکانی هەڵگری بیری ماوتسی تۆنگ سەریهەڵدا و حکومەتەکانی ئینگلیز، ئێران، میسر، ئوردون و چەندان وڵاتی تریش چوونە عومان و هاوکاریی سوڵتان قابوسیان کرد لە تێکشکاندنی ئەو بزوتنەوەیەدا کە بە ناوی "بزوتنەوی ئەلزەفار" چووە مێژووەوە.
**پێکهێنانی گروپێکی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی حیزبی کۆمونیست لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە:** لەو ساڵانەدا ژمارەیەک خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی تاران و تەوریز لەژێر کاریگەریی ئەو بزوتنەوانە و بزوتنەوەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات و کاریگەریی بۆچوونەکانی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە" دا، بەرەو بیری چەپ و شۆڕشگێڕانە ڕاکێشران، بەڵام هیچیان تێکەڵاوی ئەو ڕێکخراوانە نەبوون کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد. لە ناو ئەو کۆمەڵە خوێندکارە کوردانەدا، چەند کەسایەتییەکیان کە هەڵگری بیری ماوتسی تۆنگ بوون و سیستمی ئێرانیان بە سیستمی دەرەبەگایەتی دەزانی، بە هەوڵی فوئاد مستەفا

سوڵتانی لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە کە پشتگیریی بکەن لە خەباتی جوتیاریی و کرێکارانی وەرزیی لە گوندەکانی کوردستاندا.
ئەوان کە تەمەنیان لەنێوان 19-21 ساڵدا بوو، بە خوێندنەوەی کتێب و بەتایبەتی بڵاوکراوەکانی "کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە" و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی لەگەڵ یەکتر، بیریان لە دامەزراندنی حیزبێکی کۆمونیست دەکردەوە و دوای باس و گفتوگۆ کردنێکی زۆر، سەرئەنجام گروپێکی "مەحفەل" بچوکیان پێکهێنا و ناویاننا "سازمان"، یان باشترە بڵێین "تەشکیلات". لەو بارەیەوە ئیرەج فەرزاد بە ناوی **"دیاردە هاوشێوەکان لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوودا - بزوتنەوەی کۆمونیستیی ئێران"**، دەڵێت:
**- (ساڵی 1348 لە سەرەتای هەوڵدانەکانماندا بووین بۆ پێکهێنانی مەحفەلێکی سەرەتایی بۆ کۆمەڵە کە بە بینینی یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی "ئەستێرەی سور" بڵاوکراوەی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران"، سیمای یەکیەتییەکی ستراتیژییمان دۆزییەوە و گومانمان نەما کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵیان یەکدەگرینەوە. ئەوە وتەی فوئاد بوو کە لە کۆبوونەوەیەکدا بە من و عەبدوڵا موهتدی و موسلیح شێخی ڕاگەیاند. ئەو ژمارەیەی ئەستێرەی سور ئێمەی پەشۆکاند، چونکە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕ لەو سەردەمەدا گەلێک ئەرکی گرنگی دژی ئوپۆرتۆنیزمی حیزبی تودە و ڕیڤیزیۆنیزمی خرۆشۆڤیی بەڕێوەبردبوو.).**
بۆ زانیاریی پتر لەم بارەیەوە، داوام لە فەرزاد کرد کە ئەو باسە پتر ڕونبکاتەوە کە ئایا مەبەست لە دامەزراندنی ئەو گروپە، بە واتەی دامەزراندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە، یان دامەزراندنی حیزبێکی کۆمونیستی هاوشێوەی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی تودە؟ بەڕێزیان ڕۆژی 2008/12/13 لە نامەیەکدا بومی نوسی:
**- (ئەوەی کە بە ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەناسرێت، لە ساڵی 1348(1969) دانەمەزراوە. ئێمە کەسمان لەو کاتەدا لە فیکری هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا نەبووین، تا دوای شەهیدبوونی هاوڕێی ئازیزمان**

محەمەد حوسێن کەریمی لە 1357/11/26 (1979/2/15)، ئێمە لەناو خۆماندا ناوی دیارمان نەبوو. لە پاییزی ساڵی **1348** دا ئێمە بە گروپەکەمان دەگوت "سازمان" و هەندێک جاریش "تەشکیلات" و بەو دوو ناوەوە خەباتمان دەکرد، بەڵام ئەو ناوانە لە هیچ بەڵگە و نوسراوێکدا ڕەنگیان نەدایەوە. لە سەردەمی شۆڕشی ئێران لە ساڵی **1357** دا، ئێمە ڕاگەیانراوەکانمان بە ناوی "هاووڵاتیانی خەباتکار" ەوە بڵاودەکردەوە و هەر وەک گوتم دوای شەهیدبوونی محەمەد حوسێن کەریمی بوو کە ڕێکخراوەکەمان ئاشکرا کرد و ناوی "سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران" مان بۆ دیارییکرد.). هەروەها ئیرەج فەرزاد سەبارەت بە سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی حیزب لە لای ئەو ژمارە لاوە خوێندکارانە، لە نامەکەیدا دەڵێت:

- (بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراو لە لای ئێمە، دەگەڕایەوە بۆ بەرلە پاییزی ساڵی **1348**. بۆ ئەو سەردەمەی کە دۆخی کۆمەڵایەتی سەرانسەریی، هەروەها دۆخی کۆمونیستەکانی ئەو سەردەمە لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕووی لە چەپی ڕادیکاڵ و خەباتی پارتیزانیی و تاقیکردنەوەی ئەو دیاردە کۆن و سوننەتییەدا بوو، لەگەڵ باس و وتووێژ سەبارەت بە خەباتی پارتیزانیی بەبێ حیزب و دور لە خەڵک. ئێمە سەرەتا لەژێر کاریگەریی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تیۆری لێنین دا، دەمانویست حیزب دابمەزرێنین و بە لەبەرچاوگرتنی کەلێنێک کە کەوتبووە ئۆردووگای جیهانیی کۆمونیزمەوە، هەروەها سنوردانانی چین و ماوتسی تۆنگ لەگەڵ ڕیڤیژیۆنیزمی خرۆشۆڤیی، دامەزراندنی حیزبێکی گەلیی و مارکسیستیی بەگوێرەی هەلومەرج و هەڵسەنگاندنی ئەو کاتە کە دەبێت جیاوازیی هەبێت لەگەڵ ڕەوتی پارتیزانیی و ئوپۆرتۆنیزمی حیزبی تودە، لە بیری ئێمەدا بوو. تەنانەت کاتێک ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە بەهۆی ئەو کەلێنەی نێوان ئۆردووگای جیهانی کۆمونیزمەوە، لە حیزبی تودە جیابووەوە و ئاڵای دامەزراندنی حیزبی سەرتاسەریی چینی کرێکاری بەرزکردەوە، ئێمە لە بواری ستراتیژییەوە ئەوانمان بە هاوپەیمانی خۆمان بینی و ویستمان لە حیزبێکی هاوبەش و یەکگرتوودا لەگەڵیان کۆببینەوە. گۆڕانکارییەک کە بەسەر ڕێکخراوی

**شۆڕشگێڕی حیزبی توودەدا هات و چەند بەشێکی لە وتوویژی "حەمید شەوکەت" و "کوروش لاشایی" دا دەرکەوت، ئێمە لەو مەسەلەیە پاشگەز بووینەوە. لایەنی دووەمی ئەو بیرۆکەیە دەگەڕایەوە بۆ کوردستان و هاوکاریی مەلا مستەفا بارزانیی لەگەڵ ساواک و ژاندارمەریی ڕژێمی شا بە مەبەستی تێکشکاندنی خەباتی چەکدارانەی 46-1347 ی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات. شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سلێمان و عەبدوڵا موعینی و هەڤاڵانیان و ئێمە بە لێکدانەوەی خۆمان سەبارەت بەو بزوتنەوەیە، هەروەها ڕۆڵی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران کە هەوڵی یارمەتیدانی دەدا، تەئکیدمان لە دامەزراندنی حیزب دەکردەوە. ئەوە بوو کە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی لە سەرەتای پێکهێنانی گروپەکەماندا دیمەنی خۆی ئاشکرا کرد و لە ئەنجامدا دەگەڕایەوە بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کۆمونیست.).**

هەروەها بەڕێز ئیبراهیم عەلیزادە لە ڕاپۆرتی سیاسی خۆیدا بۆ کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە کە لە بەهاری ساڵی 1367- 1988دا بە زمانی فارسیی نوسیویەتی، سەبارەت بە سەرهەڵدانی بنەما فیکرییەکانی دامەزراندنی کۆمەڵە، دەڵێت:

**- (مەرام و ئایدەلۆژی ماو بەتایبەتی بەهۆی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گرنگایەتیی بەڕێوەچوونی لە وڵاتی چین، بایەخێکی زۆری پەیدا کردبوو. بە جۆرێک کە بەگشتی ڕەوتی چەپ و ڕادیکاڵ لە جیهاندا پشتیان دەگرت. بنەمای ئەسڵیی پێکهاتەی کۆمەڵە لە ساڵی 1348دا بە لایەنگریی کردن لەو ڕەوتە جیهانیە و لەسەر بنەمای بەشداریی خەبات لە ئێراندا چەکەرەی کرد.).**

ئەو کۆمەڵە لاوە خوێندکارەی کە ئیبراهیم عەلیزادە ئاماژەیان بۆ دەکات، بەڵام ناویان ناهێنێت، لەو سەردەمەدا تەمەنیان لە دەوروبەری 19 و 20 ساڵدا بوو کە بەرەو بیری سیاسی و دامەزراندنی حیزبێکی لێنینیی ڕاکێشران و بنەمای "ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن" یان کرد بە مەرجی یەکگرتنیان، بەڵام هەر وەک گوتم تێکەڵاوی هیچکام لەو گروپانە نەبوون کە بە کردەوە بۆ مەبەستی خۆیان خەباتیان دەکرد و بۆ خۆشیان هیچ حیزبێکیان پێکنەهێنا. ئەوان بە ئەزمون وەرگرتن لە خەباتی

چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شکستی ئەو گروپە چەپە ماوییانەی کە ئاماژەم بۆ ناوەکانیان کرد، دژی هەڵگرتنی چەک و خەباتی چەکدارانە بوون. ئەوان تێکۆشانی خۆیان لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی دوو قۆڵیی و چەند قۆڵیدا بەرێوەدەبرد بۆ گۆڕینەوەی بیر و بۆچوون و زانیاریی گەیاندن و بەشدارییکردنیان لە خەباتی خوێندکاران لە زانکۆکان و ڕوناکبیرانی دەرەوی زانکۆکاندا.

بیرکردنەوەی ئەو خوێندکارانە لە سەرەتادا بە پێچەوانەی گروپە چریکەکانەوە، بیرۆکەیەکی نوێی لێنەکەوتەوە، وەک ئەوان دروشمی مەزنیان هەڵنەدەگرت و ئازاریان بە جەستە و دەرونی خۆیان نەگەیاند، بەڵام بە توندیی دژی بیری چەپی لایەنگری سۆڤیەت و نەتەوەیی وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون. هەر وەک گوتم تیۆری "ڕەخنە و ڕەخنە لەخۆگرتن" مەرجی سەرەکیی نزیکبوونەوەی ئەو خەباتکارانە بوو لە یەکتر.

زۆربەیان جارێک و دوو جار کەوتنە دەست پۆلیس و لە زیندانەکاندا ئازاردران، بەڵام چونکە خاوەن ڕێکخراو نەبوون، تەنانەت بە شێوەی بەردەوام پەیوەندییان بە یەکترەوە نەبوو، زۆر لە زینداندا نەماونەتەوە و ئازادکراون، جگە لە شوعەیب زەکەریایی کە بە دوازدە ساڵ زیندانیی مەحکومیان کرد، بەڵام دوای چوارساڵ لە سەردەمی شۆڕشی 1979دا ڕۆژی 1357/9/23 ئازادیان کرد.

هەڵسوڕانی ئەو لاوانە و ئاشنابوونیان بە تیۆری مارکسیستیی و پەیڕەویکردنیان لە بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ، بەو واتەیە نەبوو کە ئەوان لە ساڵی 1348- 1969دا "سازمانی زەحمەتکێشانی کوردستان"، یان "کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"یان دامەزراندبێت، بەڵکوو وەک سەدان لاویی تر کە لەو سەردەمەدا و سەردەمی بەرلە شۆڕشی 1979، لە گروپی چەند کەسییدا کۆدەبوونەوە و بیروڕایان دەگۆڕییەوە، ئەوانیش گروپێکی بچوکی چەپی چوار کەسیی بێ ناویان دامەزراند بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا، بەبێ ئەوەی کە هیچ نوسراو، یان پروتۆکۆڵێکی لەسەر بنوسن، بەگوێرەی بڕیاری زارەکیی و باوەڕپێکردن بە یەکتر، بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کردووە.

شوعەیب زەکریایی لە لاپەڕەی چوارەمی وتارێکیدا بە ناوی "مێژووی دۆڕاو" لە وەڵامی کتێبی "مێژووی زیندوو"ی بەڕێز حوسێن مورادبەگی دا، ئاماژە بۆ ناوی دامەزرێنەرانی ئەو گروپە دەکات و دەڵێت: **(فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی و موسلیح شێخ ئیسلامی پێکهێنەرانی ئەو گروپە سەرەتاییە بوون. لە ساڵانی دواییدا، سەرەتا بەڕێزان: سەدیق کەمانگر، ساعد وەتەندوست، ئیرەج فەرزاد، یەدوڵا بیگلەری و شوعەیب زەکریایی و دواتریش عەتا ڕۆستەمی، حوسێن مورادبەگی، ئیبراهیم عەلیزادە، عومەر ئێلخانیزادە، تەیب عەباسی ڕوحاللەیی، جەعفەر شەفیعی، سەعید یەزدیان، موحسین ڕەحیمی، سەعید موعینی "خانە"، یوسف ئەردەلان، ئەیوب نەبەوی و حوسێن پیرخدری چوونە ناو ئەو کۆمیتەیەوە.)**

هەر لەو بارەیەوە ڕۆژی 2008/12/17 یەدوڵا بیگلەری بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم: **(پێکهێنەرانی گروپی سەرەتایی بریتی بوون لە: فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی، موسلیح شێخ لئیسلامی، فاتح شێخ لئیسلامی، یەدوڵا بیگلەری، شوعەیب زەکریایی، جەعفەر حەسەنپور. دیارە بۆ پاراستنی ئەمنیەت و بۆ ئەوەی کە پۆلیس زەفەرمان پێنەبات، ئەو ئەندامانە بە شێوەی زەنجیرەیی ڕێکخرابوون و یەکتریان نەدەناسی.)**

ئیرەج فەرزاد سەبارەت بە ناوی ئەندامانی گروپی سەرەتایی دەڵێت: **(جگە لەو ناوانەی کە ئاماژەم بۆ کردوون، واتە فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی و موسلیح شێخ لئیسلامی. ئەم کەسانەی خوارەوەش دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەو بزافە کەوتن: موسا شێخ، عومەر ئێلخانیزادە، موحسین ڕەحیمی، جەعفەر شەفیعی، ئیبراهیم عەلیزادە، جەمیل زەکەریایی، ئەدیب وەتەندوست، جەعفەر حەسەنپور، ئەیوب نەبەوی، حوسێن پیرخدری، فەریدەی زەکەریایی، گوڵریز قوبادی، مەلەکە مستەفا سوڵتانی و جەمیلە ڕەحیمی.)**

بۆ ڕونکردنەوەی پتری ئەم مەسەلەیە بەهۆی کاک فەرەج شەهابییەوە پەیوەندیم بە بەڕێز فاتح شێخ لئیسلامی یەوە کرد کە یەکێکە لەو

سیاسیکاره دێرینانەی کە بەهۆی تێکەڵاویی لەگەڵ سیاسەتەوە لە تەمەنی 16 ساڵیدا زیندانیی کراوە. لە بواری تەمەنەوە نەوەیەک بەرلە دامەزرێنەرانی ئەو گروپەیە. لە دانیشتنێکدا کە ڕۆژی 2008/12/27 بە بەشداریی کاک فەرەج لەگەڵ بەڕێزیان هەمبوو، گوتی:

**- (کاک فوئاد و موسلیح لە تاران دەیانخوێند و لەگەڵ کاک عەبدوڵای موهتەدییش پەیوەندیی نزیکم هەبوو، بەڵام لە بواری تەمەنەوە من جیلێک بەر لەوان بووم. ئەو کاتە من خوێندنم تەواو کردبوو، لە مەریوان مامۆستا بووم. بەرلە دامەزراندنی ئەو گروپە من بەیاننامەیەکم نوسیبوو کە ئێران کۆمەڵگایەکی سەرمایەدارییە و بەیاننامەکەم بە موسلیحدا نارده تاران و لەوێ بڵاویانکردبووەوە. دوای دامەزراندنی ئەو گروپە، فوئاد گەڕایەوە مەریوان و داوای هاوکاریی لێکردم و منیش لەگەڵ گروپەکەیان کەوتم. فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی و موسلیح شێخ لئیسلامی پێکهێنەری ئەو گروپە سەرەتاییە بوون و دواتر ژمارەیەکی تریش لەگەڵ کەوتن، بەڵام چونکە گروپەکە دواتر بە شێوەی زنجیرەیی بەڕێوە دەچوو، ئەندامانی یەکتریان نەدەناسی. ئەو گروپە تا ساڵی 1353 - 1974 هەبوو و ئەندامانی چەند جارێک کەوتنە زیندان، بەڵام چونکە لە ڕاستییدا ڕێکخراوێکی دیاریان نەبوو، شتێکی ڕونیان لێ دەرنەدەکەوت. من خۆم یەکێک لەوانە بووم کە لە زیندانی "قەسر" لە تاران بەندکرابووم، چونکە لەسەر ناوی ڕێکخراوێکی دیار نەگیرابووم، تەنانەت زیندانییەکانیش بە منیان دەگوت "مونفەرد". مەبەستیان لە مونفەرد ئەوە بوو کە من بە تەنیام و لەگەڵ ئەو زیندانییانە نیم کە بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیار زیندانیی کراون.).**

ڕێکخەری ئەو گروپە سەرەتاییە، فوئاد مستەفا سوڵتانی بووە و گروپەکە لە محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی و موسلیح شێخ لئیسلامی پێکهاتبوو. دوای بەرفرەوان بوونەوەی، لە لایەن فوئاد، محەمەد حوسێن کەریمی و عەبدوڵا موهتەدییەوە بەڕێوەچووە، بەڵام بۆ پاراستنی ئەمنیەت و پارێزگاریکردن لە خۆیان و لایەنگرانیان لە

بەرامبەر دەزگای هەواڵگریی ئێراندا "ساواک"، هیچ نوسراو و پروتۆکۆڵێکیان لەناو خۆیاندا ئیمزا نەکردووە.

هەندێک جار بە هۆی ناکۆکیی لە بیر و بۆچووندا و هەندێک جاریش کە گومانیان لە هەڤاڵێکیان کردبێت، پێیانڕاگەیاندووە، گروپەکەیان هەڵوەشاندووە و پشتیان لە کاری سیاسی کردووە. لەو چوارچێوەیەدا سەرەتا بەڕێز موسلیح شێخ لئیسلامی و دواتریش فاتح شێخ لئسلامی یان لەخۆیان دورخستووەتەوە، بەبێ ئەوەی کە دووچاری هەڵەیەک بووبن، جگە لەوەی کە کاک فاتح لەو باوەڕەدا بووە کە کۆمەڵگای ئێران سەرمایەدارییە، نەک دەرەبەگایەتی. بنەمای خەبات و هەڵسوڕانی ئەو کەسانە بەگوێرەی باوەڕهێنان بە یەکتر و بەڵێنە ڕەوشتییەکان بووە و جگە لە گۆڕینەوەی بیروڕا و خەباتی تیۆریی، بە کردەوە جوڵەیەکی تری نەبووە. لەبەرئەوە کاتی گیران و دەستبەسەرکردنیان زۆر لە زیندان نەماونەتەوە. لەو بارەیەوە بەڕێز یەدوڵا بیگلەریی گوتی:

**- (زۆربەی هەواڵانمان بە هەڵکەوت و لە ڕێگەی گومان لێکردنی ساواک و پۆلیسەوە گیراون. هەلومەرجەکە بەم جۆرە بوو کە تەنانەت کەسی واهەبوو کە بەهۆی لەپێکردنی پێڵاوی وەرزشیی "ئادیداس" یان پانتۆڵی "لی" یان کۆبوونەوەی چەند کەسیی لە شەقامەکاندا دەگیرا).**

**هەڵوەشانی گروپی سەرەتایی:** ئەو گروپە تا ساڵی 1353- 1974 لە پەیوەندیی و کۆبوونەوە و دۆزینەوەی هاوڕێی نوێدا بەردەوام بوو. لەو ساڵەوە بە هۆی گیرانی فوئاد موستەفا سوڵتانی و مانەوەی لە زیندان بۆ ماوەی چوار ساڵ، هەروەها گیران، یان دورکەوتنەوەی ژمارەیەکیان لە زانکۆکان بە هۆی تەواوکردنی خوێندن، گروپەکە نەکسەی بەسەردا هات و چالاکیی نەما، جگە لە سۆز و خۆشەیستیی لایەنگرانی بۆ یەکتر.

یەکێک لە خەباتکارانی ئەو گروپە بە ناوی سەعید موعینی دوای سێ ساڵ و نیو زیندانیی، لە مانگی خەرمانانی ساڵی 1356- 1977 لە زیندان ئازاد دەکرێت و لە سەرەتای مانگی مای ساڵی 1978 ڕێی ئاوارەیی دەگرێتەبەر و دەچێتە باشوری کوردستان و بۆ لای پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان. ئەندامانی ئەو گروپە دەڵێن: خانە لە مەترسی گیرانی دووبارەدا بووە و بە ڕێنوێنی ئەوان

چووەتــە لای یــەکێتی نیشــتمانیی. خانــە لــەوێ دەبێتــە هاوســەنگەری دەســتەیەک لــە پێشــمەرگەکانی هــەرێمی ســێی یــەکێتی نیشــتمانیی و لەناویاندا بە مامۆستا قادر دەناسرێت.

بــەگوێرەی نوســینی ســایتی بنەماڵــەی مــوعینی، بەرەبــەیانی ڕۆژی چوارشــەممە 1978/6/21، بــەر لــەوەی گزنــگ بــدات لەگــەڵ حەڤــدە پێشمەرگە، بۆ ڕاپەڕاندنی کارێک دەچنە گوندی "دڕی" لای ماوەت و لە نزیـک کـانی "بیشـو" نـان دەخـۆن و پشـوودەدەن. کاتێـک خـۆر هەڵـدێت پێشمەرگەکان هەست بە جموجوڵی سەربازەکانی ڕژێمـی بـەعس دەکـەن. دەمودەســت خۆکۆدەکەنــەوە و هەوڵــدەدەن هــەر چۆنێــک بێــت خۆیــان دەربازبکەن و نەکەونە شەڕێکی نابەرامبەرەوە، بەڵام ڕژێم بە هێزێکـی گــەورەی پڕچەکــەوە، چواردەوریــان دەگرێــت و لــە چەنــدان لاوە هێــرش دەکاتە سەریان. ئەحمەد فەتحوڵا فەرماندەی ئەو پێشمەرگانە کە زۆر شارەزای دەوروبەرەکەی دەبێت، زوو بە پێشمەرگەکان ڕادەگەیەنێت کە کـام ڕێییـە بـۆ خۆدەربـازکردن لــەبارترە. ئیتـر پێشـمەرگەکان بـە دەم هەوڵدانــەوە بــۆ شــکاندنی ئابڵۆقەکــەی دوژمــن و خۆدەربازکردنیــان، شــەڕێکی ســەخت و قارەمانانــە دەکــەن کــە نزیکــەی شــەش کــاژێر دەخایـەنێت. لـە ئەنجامـدا شـەش پێشـمەرگە شـەهید دەبـن کـە یـەکێک لەوانە سەعید دەبێت و چوار پێشمەگەش بە دیل دەگیرێن.

شەهید سەعید کە لەناو بنەماڵە و دۆستانیدا بە "خانە" دەناسرا، برای شــەهید ســلێمان مــوعینی ئەنــدامی کۆمیتــەی ناوەنــدیی هــەڵبژێراوی کۆنگرەی دووەم و شەهید عەبدوڵای موعینی ئەندامی کۆمیتەی پشکنینی حیزبی دیموکرات بوو کە لە بزوتنەوەی ساڵی 46-1347 (1967-1968) دا شەهیدکران.

**یەکگرتنەوەی ئەندامانی گروپی سەرەتایی و بەرفرەوان بوونەوەی:** لـە ڕەوتــی بزوتنــەوەی ســاڵی 1357، واتــە 1978 و 1978 دا کــە ئــاڵۆزیی ئێرانی داگرت، فوئـاد مستەفا سوڵتانی دوای تێپەڕکردنی چوار ساڵ لـە مانگی ڕەزبەری ساڵی 1357 لە زیندان ئازادکرا و سەرلەنوێ پەیوەندیی لەگەڵ لایەنگرانی ئەو گروپە کۆمونیستییە دامەزراندەوە و بە هاوکاریی محەمەد حوسێن کەریمی و عەبدوڵا موهتدی سەرلەنوێ گروپەکەی زیندوو

کـردەوە. دەربـارەی چالاکبوونـەوەی ئەنـدامانی ئـەو گروپـە، ئیبـراهیم عـەلیزادە لـە ڕاپـۆرتی سیاسـی خۆیـدا بـۆ کـۆنگرەی شەشـەمی کۆمەڵـە دەڵێت:

**- (لە سەرەتای پەنجاکاندا ڕێکخراوی کۆمەڵە "مەبەست لە گروپەکەی پێشوە"، کەوتە بەر هێرشی پۆلیسی شا و زەبری قورسی لێکەوت. بەشی هەرە زۆری کادیر و چالاکانی لە شارەکانی ئێران، جگە لە کوردستان، خرانـە زینـدان و کەوتنـە بـەر ئەشـکەنجەی سـاواک و بـە زینـدانیی درێژخایـەن سـزا دران. زۆربـەیان لەگـەڵ شۆڕشـی سـاڵی 1357 دا لـە زینـدان ئـازادکران. سـالم مانـەوەی ئیسکلێتی کۆمەڵـە لـە کوردستـاندا دەرەتـانی بـۆ ڕەخسـاند کـە لـە هەلومـەرجێکی باشـتردا بـە نیسـبەت شوێنەکانی تر خۆ بگەیەنێتە سەردەمی شۆڕشی 1357.).**

ئـەو هەلومەرجـەی کـە ئیبـراهیم عـەلیزادە ئامـاژەی بـۆ دەکـات، بـە وتـــارێکی ڕۆژنامـــەی ئیتلاعـــات ســـەریهەڵدا کـــە ڕۆژی **1356/10/16** **(1978/1/6)** بە ناوی "ئێران و کۆڵۆنیالیستی سورورەش" دا بڵاویکردەوە. لە بەشی "**پڕیشکێک کە دەسەڵاتداریی 2500 ساڵەی پاشایەتی سوتاند**"، پەنجەم بۆ ئەو وتارە و ڕووداوەکانی دوای ئەوەش ڕاکێشاوە.

لـەو سـەردەمەدا، **1978**، محەمـەد حوسێن کـەریمی ئەنـدازیاری بەشـی کشتوکاڵ بوو لە "فێرگـەی کشتوکاڵی مهابـاد" لـە جادەی نێوان مهابـاد و میاندواو. بۆ ئەوەی کە هەست بە دەرد و ئازاری چینـی کرێکـاری وەرزیـی کوردستان بکات، دەچێتە ناوچەی میراوێی سەردەشت و لـەجیاتی ئـەوەی کـە جوتیـارانی کوردسـتان بـە کـاری کشـتوکاڵ ئاشـنا بکـات، بـە ناسـناوی "وەستا حەمە ساڵە" دەبێت بە "بەنا" و کرێکاریی دەکات. کاک ئیبـراهیم عـەلیزادە دەچێتـە گونـدی "سیسـێر"ی ناوچـەی سەردەشـت و دەبێـت بـە توتنـەوان. دکتـۆر جەعفـەر شـەفیعی و کـاک سـاعد وەتەندوسـت "مامۆسـتا برایم" دەچنە لای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.

کۆچی دوایی عەزیز یوسفی لـە **1357/3/15** **(1978/6/5)** هەلومـەرجێکی نوێی لـە کوردسـتاندا پێکهێنـا. ڕۆژی **1357/3/20** **(1978/6/10)** دوای سێ ڕۆژ ماتـــەمینیی لـــە خانـــەقای "ســـەید نیـــزام"، خـــەڵکی مهابـــاد بـــە خۆپێشاندانێکی ئارام، بە چەند تاجە گوڵینە و وێنەی کاک عەزیزەوە بە

شەقامی شاپووردا چوونە گومبەزان. دوای تەواوبوونی ئەو ڕێوڕەسمە کە لە بەشی **"یەکەم ڕاپەڕینی خەڵکی مهاباد و تەشەنەکردنی بۆ شارەکانی تر"** دا ئاماژەم بۆ کردووە، ئەو هەلومەرجە دەروازەیەکی نوێی بۆ خەباتی سیاسی کردەوە و دوای ئازادبوونی بەڕێز غەنی بلوریان و زیندانییە سیاسییەکانی تر، بەشێک لە ئەندامانی ئەو گروپەی لە یەکتر کۆکردەوە. لە کۆتایی پاییزی ساڵی 1357 دا کە ئێران لە قەیرانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا نوقم ببوو، ئاڵۆزیی هەموو ئێرانی داگرتبوو، شوعەیب زەکەریایی لە زیندان ئازادکرا. ئەو تەنیا ئەندامی ئەو گروپە بوو کە تا سەردەمی شۆڕشی ئێران لە زینداندا مایەوە.

**کۆبوونەوەیەک کە ناوی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی لێنراوە:** دوای زیندوکردنەوەی گروپی سەرەتایی لە لایەن کاک فوئادەوە، هەوڵەکان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرانی ئەو گروپە لە دەوری یەکتر دەستیپێکرد. کاک فوئاد دەیویست بزانێت لایەنگرانی ئەو بیرە دەتوانن بە یەکەوە خەبات بکەن بۆ دامەزراندنی حیزبێکی کۆمونیست، یان نا. بۆ ڕونکردنەوەی ئەو مەبەستە، ڕۆژی 2009/8/28 پەیوەندییم بە کاک موحسین ڕەحیمییەوە کرد و بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم:

**- (دوای ئازادبوونی لە زیندان، کاک فوئاد ڕۆحێکی تازەی دایەوە بە لایەنگرانی ئەو گروپە و دەیویست بزانێت تەفاهومی کارکردن لەناو ئەو برادەرانەدا هەیە و دەتوانن پێکەوە کاربکەن یان نا).**

فوئاد مستەفا سوڵتانی هەوڵدەدات بە هاوکاریی محەمەد حوسێن کەریمی و عەبدوڵا موهتەدی کۆبوونەوەیەک لە چالاکانی گروپەکەی پێکبهێنێت کە هەوڵەکەی ئەنجامی دەبێت و خۆی و نۆ کەسی تر لە لایەنگرانی بانگی ئەو کۆبوونەوەیە دەکرێن کە لە نیوەی دووەمی مانگی سەرماوەزی ساڵی 1357 سەرەتای ساڵی 1979 لە گەڕەکی چوارباغی سنە لە ماڵی ساعد وەتەندوست پێکهات. بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: فوئاد مستەفا سوڵتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵا موهتەدی، سەید ئیبراهیم عەلیزادە، عومەر ئیلخانی زادە، تەیب ڕوحولایی، ساعد وەتەندوست، سەعید یەزدیان، حوسێن موراد بەگی و موحسین ڕەحیمی.

دەربارەی ڕۆژی ئازادبوونی شوعەیب زەکەریایی و بەشداریی کردنی لەو کۆبوونەوەیەدا، ڕۆژی 2009/9/13 پەیوەندییم بە کاک شوعەیبەوە کرد و گوتی: **(من ڕۆژی 17 یان 23 ی سەرماوەزی 1357 لە زیندان ئازادکرام و بە هۆی پێشوازییکردنم لە میوانان، بەشداری ئەو کۆبوونەیە نەبووم، بەڵام لە دوا ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا سەردانی بەشدارانم کرد).**

سەبارەت بە ژمارەی کەمی ئەندامانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا، ڕۆژی 2009/9/6 پەیوەندییم بە عومەر ئێلخانی زادە سکرتێری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان **(باڵی جیابووەوە لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدوڵا موهتەدی)** کرد و بەڕێزیان پێیڕاگەیاندم:

**- (کۆبوونەوەکە هاوکات بوو لەگەڵ ئازادبوونی کاک شوعیەب زەکریایی لە زیندان. لە ڕاستییدا جۆری بیرکردنەوەی ئێمە لەو سەردەمدا ئەوە بوو کە ئەوانەی زۆر چالاک نەبن، بانگ نەکرێن بۆ کۆبوونەوەکە).** هەر لەو بارەیەوە، ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە "ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران" لە لاپەڕەی 73 ی کتێبی سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادەدا دەڵێت:

**- (لە ساڵانی تێکۆشانی نهێنیدا ئەندامەتی لەناو کۆمەڵەدا پرۆسەیەکی زۆر سەخت و دژوار بوو. بەتایبەت دوای ئەو زەربەیەی لە ساواکی شا خواردمان و ژمارەیەک لە هاوڕێیانمان چوونە زیندانەوە، یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی ئەوە بوو کە ئەبووایە ئەندامی کۆمەڵە وەک هەڵسوڕاوێکی پیشەیی ژیانی کرێکاریی و نهێنی بووایە. ئەم جۆرە سەختییانە ئێمەی مەحروم کردبوو لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر شۆڕشگێڕی کۆمونیست کە دەیانتوانی لەناو ڕیزەکانی ئێمەدا چالاک بن. ئێمە ئەو کاتە لامان وابوو کە ئەو هەڵسوڕێنەرانە مادام کە لە ژیانی وردە بورژواییانەی خۆیان نەبڕێن، ناتوانن هەڵگری بیروبۆچوونی کۆمونیستی و کرێکاریی بن... دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هۆی کەمبوونی کادرەکانی کۆمەڵە لە یەکەم کۆنگرەیدا دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی دژواری کاری نهێنی و بۆ داخراویی کۆمەڵە و ئەو گاردەی کە بووی بەرامبەر بە وەرگرتنی ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕ بە ئەندام).**

دەربارەی ناوەڕۆکی بابەتە باسکراوەکان لە کۆبوونەوەی سنەدا، پرسیارم لە کاک موحسین ڕەحیمی کرد، ئەو گوتی: **(دەربارەی خەباتی پێشوی ئەندامان بە تایبەتیی لە گوندەکاندا باس و وتوویژکرا و دەرکەوت ئەوانەی پێشتر چووبوون لە دێهاتدا کاریان کردبوو، کارەکانیان کاریگەریی زۆری نەبووە، لەبەرئەوە بەو ئەنجامە گەیشتین کە گرنگیی بدرێت بە خەباتی شارەکان. دیارە ئەو کۆبوونەوەیە بە هۆی ئەمنییەتەوە بەشێک لە کارەکانی هێشتەوە و بڕیاردرا لە یەک، یان دوو هەفتەی داهاتوودا جارێکی تریش کۆببینەوە.).**

کۆبوونەوەی دووەم لە ماڵی عومەری ئیلخانی زادە پێکدێت. کاک عومەر ئەفسەر وەزیفە بووە لە سەربازگەی ژاندارمەریی جەڵدیان و بە یارمەتی موحسین ڕەحیمی، خانووبەرەیەکی سێ ژوورەی لە "کوچەی حەمامی سەیدیی" شاری نەغەدە بە کرێ گرتبوو. بەشدارانی کۆبوونەوەی سنە دەچنە نەغەدە و لە ماڵی کاک عومەر کۆدەبنەوە، بەڵام دیسان کۆبوونەوەکە بە هۆی خۆبەستنەوە بە دیاردەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن لە خۆ، بە ئەرکەکانی ڕاناگات. کاک ئیبراهیمی عەلیزادە لە لاپەڕەی 89 ی "سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە" دا ئاماژە بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دەکات و دەڵێت:

**- (لە کاتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەدا خەبەرمان پێگەیشت کە توتنکارانی ناوچەی بانە بڕیاریانداوە ئەمساڵ توتنەکەیان نەدەن بە دەوڵەت. لە بیرمە کاک فوئاد گوتی: "بە بڕوای من ئەو کارەی ئەوان دەستیان پێکردووە ئێستا بۆ داهاتووی کوردستان لە درێژەدانی کۆنگرە گرنگترە، پێشنیار دەکەم کە کۆنگرە چەند ڕۆژێک دوا بخەین و بچین ئەو حەرەکەتە بە سەرکەوتن بگەیەنین.". زۆرمان ئەو پێشنیارەمان لا سەیر بوو، بەڵام ئەو پێی لەسەر داگرت و هەموومانی بە قەناعەت گەیاند و دواجار ڕونبووەوە کە جیهەتەکەی ئەو دروستبوو.).**

سەبارەت بەو دیاردەیە پرسیارم لە کاک عومەر ئێلخانی زادە کرد و دانی بەو ڕاستییەدا نا و گوتی: **(دوای چەند حەفتەیەک بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا، ئێمە جارێکی تریش لە سنە کۆبووینەوە، بەڵام نەک وەک کۆنگرە.).**

بۆ ئەندامانی ئەو گروپە ڕوخانی ڕژێمی شا گرنگیی سەرەکیی هەبووە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە بە ڕوخانی ڕژێمی شا، جوتیاران ڕادەپەڕن و ئەوان سەرۆکایەتی بزوتنەوەی جوتیاریی دەکەن! بەڕێز حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 314 ی کتێبی "تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم" دا ئاماژە بۆ ئەو باسە دەکات و دەنوسێت:

**- (لە کۆنگرەی یەکەمدا گرنگیی درا بە ڕوخانی ڕژێمی شا، بەو مەبەستە کە ئەگەر ڕژێمی شا بڕوخێت، جوتیاران ناچاردەکات بەرگریی لە زەوی و ژیانی خۆیان بکەن، ئەوەش دەبێتە بنەمای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی لەناویاندا).**

ئەو دوو کۆبوونەوەیەی کە وەک کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە ناسێنراون، هەرچەندە بە شێوەیەکی زۆر ساکار و وەک کۆبوونەوەکانی گروپی سەرەتایی بەڕێوەچوون و تەنانەت بەشدارانی ناوێکیان بۆ ڕێکخراوەکەیان دیاریی نەکرد و بڕیارێکیان جگە لە بڕیاری چڕکردنەوەی خەباتی شار و هەڵبژاردنی پێنج کەس: فوئاد مستەفا سوڵتانی، موحسین ڕەحیمی، ساعد وەتەندوست، عەبدوڵا موهتەدی و ئیبراهیم عەلیزادە، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانیان نەدا، بەڵام ئەنجامی پۆزیتیڤیان بەو گروپە بەخشی و هەلومەرجی دوای ڕوخانی ڕژێمی شا، بەرەبەرە پاڵیپێوەنان کە بەرەو بەرێکخراوەیی بوون بچن.

**خەبات و پەیوەندییەکانی سازمان:** دوای ئەو دوو کۆبوونەوەیە کە بەرلە ڕوخانی ڕژێمی شا لە نیوەی دووەمی سەرماوەز و سەرەتای بەفرانباری ساڵی 1357 کران، چالاکییەکانی "سازمان" کە لە ڕاستییدا ئەندامانی، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دوایی بوون، بۆ چڕکردنەوەی خەبات و پەیوەندییەکانیان، خۆیان لە ڕۆشنبیران و خوێندکارانی شار و گوندەکان نزیککردەوە. لە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بەتایبەتیی بەڕێز جەلال تاڵەبانیی پتر نزیکبوونەوە. پەیوەندیی ئەوانە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەگەڕایەوە بۆ ساڵی 1356 و گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانیی لە سوریاوە بۆ کوردستان. ئەو پەیوەندییە لەسەر ڕاسپاردەی سەلاح موهتەدی برا گەورەی عەبدوڵا موهتەدی بوو. مام جەلال لە پەیوەندیی لەگەڵ

کۆکردنـەوەی پارە و دەرمان و دژایـەتیی کردنـی ئـەو گروپە لـەگـەڵ قیـادەی موەقەت "سـەرکردایـەتی کاتیی" پارتـی دیموکراتـی کوردستـان و داڵـدەدانـی پێشـمـەرگـەکانـی یـەکێتـی لــە شـار و گوندەکانـدا، سـودی لــەو بـەڕێزانــە وەردەگــرت و ئــەوانیش دواتــر کــە هێــزی چەکـداریان دامـەزرانـد، لــە چالاکییەکانیانــدا سـودیان لــە پێشـمـەرگەکانی یــەکێتی نیشـتمانیی کوردستان دەبینـی. هـەروەها لایـەنگرانـی سازمان بـۆ نزیکبوونـەوەیان لـە کۆمـەڵگەی کـوردەواریی لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردسـتان و کاریگـەرییان لـەسـەر ڕووداوەکــان، خۆیــان وەک لایــەنگر و تـەنانــەت نوێنــەری مامۆسـتا شـێخ عیــزەدین حوسـێنی و مامۆسـتا مــەلا جــەلال حوسـێنی پێشـانـدا و بــە شێوەیـەکی تـەواو پۆپیولیستیی لـەو بوارەدا هـەڵسوکەوتیان کـرد و ئـەوەش ئــەوانی بــە ڕادەیــەکی زۆر لــە بیـری دامـەزرانـدنـی حیزبـی کۆمونیسـت دورخســـتەوە. بـــە وتـــەی چالاکــانی پێشــوی کۆمـەڵــــە و لایـەنــــە کوردستانییـەکانی کۆمـەڵـە جیاوازەکان، جگـە لـە حیزبی کۆمونیستی ئێران و هــەردوو باڵـەکـەی حیزبـی کۆمونیسـتی کارگـەریی و حیکمـەتیی، فوئـاد مستـەفا سوڵتانی هاندەر و پاڵپێوەنـەری ئـەو بیرە کوردستانییە بوو.

لـە چالاکییە سەرەتاییەکانی سازماندا، محەمـەد حوسێن کـەریمی ڕۆژی سـەرکـەوتنی شۆڕشی ئێران 1357/11/22 (1979/2/11)، لـەگـەڵ کۆمـەڵانی هــەراوی خــەڵکی خــەباتکاری سـەقز، چووە سـەر شـارەبانیی سـەقز کـە بەشداریی بکات لـە چەککردنیدا، بـەڵام بـە تـەقـەی بـەکرێگیراوانی ڕژێمی شا، بریندار بوو. کـاک حـەمـە حوسێن دوای چوار ڕۆژ دەست و پـێ لێدان لـەگــەڵ مــەرگ، بــە داخــەوە ڕۆژی 1357/11/26 لــە نـەخۆشـخانـەی سـەقز شەهید بوو.

بەشدارییکردنـی فوئاد مستـەفا سوڵتانـی لـە وتـووێژی نوێنـەرانـی کـورد و لیژنـەی حکومـەتی کاتیی بە سەرۆکایەتی داریوش فروهـەر کـە شـەش ڕۆژ دوای سـەرکـەوتنی شۆڕشـی ئێـران و شـەوی 29 لـەسـەر 1357/11/30، 18 لـەسـەر 1979/2/19 لــە مـاڵی حـاجی ڕەحـیم خـەرازی لــە مهابـاد کـرا، وزەیـەکی نوێ بـەو گروپە بەخشرا. فوئاد مستـەفا سوڵتانـی، مامۆستا شێخ عیزەدین، دوکتۆر قاسملوو، غـەنی بلوریـان و سـەلاح موهتدی بـە ڕواڵـەت بـە نوێنـەرایـەتی شورای شارەکانی کوردستان لـەگـەڵ نوێنـەرانی حکومـەت

کۆبوونەوە. هەرچەندە بەشدارییکردنی کاک فوئاد و سەلاح موهتەدی لەسەر خواست و ڕاسپاردەی مامۆستا شێخ عیزەدین بوو، بەڵام بۆ فوئاد مستەفا سوڵتانی و گروپە نەناسراوەکەی گرنگیی زۆری هەبوو. دەربارەی پێشنیازەکانی ئەو گروپە لە بەشی **"گەڵاڵەی هەشت مادەیی"** دا ئاماژەم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە و چۆنیەتی پێکهاتنی کردووە. لە کاتی ئەو کۆبوونەوەیەدا، هێشتا ئەو گروپە ناوی "سازمان" بوو و ڕاگەیانراوەکانی بە ناوی "هاووڵاتیانی خەباتکار" بڵاودەکردەوە. زۆر هەوڵمدا یەکێک لەو ڕاگەیانراوانەم دەستبکەوێت، بەڵام دەستم نەکەوت.

لایەنگرانی سازمان دوابەدوای ڕوخانی ڕژێمی شا، کۆمەڵەیەکیان لە سنە دامەزراند کە ناوی **"دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش"** بوو. لەگەڵ لایەنگرانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران کە ئەوانیش کۆمەڵەیەکیان بە ناوی **"ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە"** هەبوو، ڕۆژی 1357/12/27 (1979/3/17) **"شورای کاتیی شۆڕش"**یان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەدیق کەمانگەر دامەزراند. سەرۆکی شورا لەو ڕۆژەدا پەیامێکی لە ڕادیۆی سنەوە بڵاوکردەوە و داوای کرد سەربازگەی سنە خۆی بەدەستەوە بدات. کاتێک بۆی دەرکەوت فەرماندەی سەربازگە ئامادە نیە سەربازگەکە بەدەستەوەبدات، هەروەک کاک حوسێن موراد بەگی لە لاپەڕە 91 ی کتێبەکەی "تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم" دا ئاماژەی بۆ دەکات، کەمانگەر داوا لە خەڵک دەکات هێرش بکەنە سەر سەربازگە و دەڵێت: **(تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی هێرشکردنە بۆ سەر سەربازگە و خەڵک هەر چەکێکی هەیەتی بیگرێتە دەست و بە هەموو هێزەوە هێرش بکەنە سەر سەربازگە.)**

لایەنگرانی شورا و ژمارەیەک لە خەڵکی سنە هەوڵی چەککردنی سەربازگە دەدەن، بەڵام سەربازگە خۆی بەدەستەوە نادات و بە چەکی سوک و قورس وەڵامیان دەدەنەوە. لە هێرشێکدا کە یەکانی ئامادە بۆ سەر خەڵکی کۆکراوە لە دەوری سەربازگەکەی کرد، ژمارەیەکی زۆری شەهید و بریندار و ژمارەیەکیشی دەستگیر کرد. "سلێمان تیکان تەپە" کە بە لایەنگری ئەو گروپە ناسراوە، لەو ڕووداوەدا شەهید بوو و عەبدوڵا موهتدی بە دیل گیرا. ڕۆژنامەی کەیهان بەپێی ڕاپۆرتی نەخۆشخانەی

سنه، ڕۆژی 1358/1/6 ڕایگەیاند: **(99 کەس لە شەڕی سنەدا شەهید بوون.).**

کاتێک لایەنگرانی "دەفتەری جەمعیەتی دیفاع لە ئازادی و شۆڕش" و "ستاد هێزەکانی دیموکراتی سنە" یان بە واتەیەکی تر "شورای کاتیی شۆڕش"، تێدەگەن کە سەربازگەیان بۆ چەک ناکرێت و خەریکە شار توشی زیانێکی قورستر دەبێت، پاشنیوەڕۆی 1358/12/28 (1979/3/18) لەسەر پێشنیازی پارێزگاری سنە شەڕ ڕادەگرێت و لە بەرامبەردا حکومەتیش عەبدولا موهتدی و گیراوەکانی تر ئازاد دەکات. لە بەشی **(نەورۆزی خوێناویی سنە)** دا بە وردیی ئاماژەم بۆ ئەو شەڕە خوێناوییە کردووە. لایەنگرانی سازمان بە دوو بیرکردنەوەی جیاوازەوە خزابوونە ناو ژیانی سیاسی کوردستانەوە و بە کردەوە بە ناوی سازمانەوە خەباتیان دەکرد، بەڵام هێشتا هیچ گەڵاڵەیەکیان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵە لە مێشکدا نەبوو. بە بڕیاری زارەکیی کارەکانیان بەڕێوەدەبرد، واتە هەر کەسە و لە شوێنی خۆیدا چالاک و بە ئیمانەوە بۆ بیری خۆی هەوڵیدەدا، تەنانەت دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتیش، جگە لە کۆمیتەیەک کە بە کۆمیتەی بالا دەناسرا و لە ڕاستییدا کۆمیتەی ناوەندیی بوو و ئەندامانی لە کۆبوونەوەی سنە و نەغەدە هەڵبژێرابوون، نمونەیەکیان لە دیاردەی ڕێکخراوی سیاسی نەبوو. خاوەن بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ نەبوون و ئامانج و ستراتیژی دیاریان بە نوسراو نەبوو. تاکتیکەکانیان بە شێوەی ناوچەیی و بەگوێرەی هەلومەرج لە لایەن بەرپرسانەوە دیارییدەکرا و هەر ئەوەش ئەندامانی لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا بە وزە و توند و سەربەخۆ کردبوو. حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 312- 314 ی کتێبەکەیدا "تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم"، ئاماژە بۆ ئەو باسە دەکات و دەڵێت:

**- (بە هۆی نەبوونی بەرنامە و ئامانجی ڕون لەو سەردەمەدا، هەر کەسە ناچار بوو بۆ خۆی بەرنامەی کاری خۆی بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی شوێنی چالاکییەکانی دابڕێژێت و بۆ وەڵامدانەوە بە دیاردەی بچوک و گەورە کە دەوریان تەنیبوو، گوشارێکی هێجگار زۆر قورس قبوڵ بکات.).**

سازمان، تەنانەت لە بواری ئەندام وەرگرتنیشدا ئەو گرفتەی هەبوو. هەروەکوو ئیبراهیم عەلیزادە ئاماژەی بۆ کرد یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی ئەوە بوو کە ئەبووایە ئەندامی کۆمەڵە وەک هەڵسوڕێنەرێکی پیشەیی ژیانی کرێکاریی و نهێنی بووایە کە ئەو جۆرە سەختگیرییانە ئەوانی لە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر شۆڕشگێڕی کۆمونیست بێبەش کردبوو. حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 313 ی کتێبەکەیدا "تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم"، پەنجە بۆ مەرجەکانی ئەندام وەرگرتن لە ساڵی 1357دا ڕادەکێشێت و دەنوسێت مەرجی ئەندام وەرگرتن لە ساڵی 1357دا لە ڕوانگەی پۆپیولیستیی کۆنگرەی یەکەمەوە بەم جۆرە بوو:

**1- دەبێت بۆچوونەکانیان لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بە مارکسیزم-لێنینیزم بێت.**

**2- کۆمەڵانی خەڵک وەک مرۆڤی باش و دڵسۆز سەبارەت بە خۆیان قبوڵ بکەن.**

**3- کارامە بن لە کاری ڕێکخستندا و چالاکییەکانی بە کردەوە پێشانبدات.**

**4- لە هەموو بوارەکاندا پرۆگرامی ڕێکخراو قبوڵ بکات.**

**5- بە بەردەوامیی لە خزمەتی ڕێکخراودا بێت.**

**6- شێوەی ژیانی زەحمەتکێشان قبوڵ بکات و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵبدات.بە لایەنی کەمەوە دوو ئەندامی ڕێکخراو و کۆمیتەی باڵا داوای ئەندامەتی بۆ بکەن. بۆ زەحمەتکێشان مەرجی یەکەم، واتە قبوڵکردنی بۆچوونی مارکسیزم- لێنینیزم و مەرجی شەشەم، قبوڵکردنی ژیانی زەحمەتکێشیان لەبەرچاو نەدەگیرا.**

**سازمان هێزی چەکدار پێکدەهێنت:** لە پرۆسەی ڕووداوەکاندا، ئەو پێکهاتەیەی کە لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا، بەناوی سازمانەوە کەوتبووە ناو ژیانی پڕ لە کارەساتی کوردستانەوە، بەرەبەرە لە بەهاری ساڵی 1358دا پتر لەناو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیی ناوچەی مەریوان و سنەدا ناسرا. فوئاد مستەفا سوڵتانی لە کۆنفرانسێکدا کە سازمان لە بەهاری ساڵی 1358 لە سەردەشت پێکیهێنا، پێشنیاز دەکات

گرووپێکی چەکدار بۆ بەربەرەکانیی دژی دەرەبەگەکانی ناوچەی مەریوان پێکبهێنرێت و کۆنفرانسیش پێشنیازەکەی پەسەند دەکات.

بە گوێرەی ئەو بڕیارە، فوئاد مستەفا سوڵتانی لە کۆتایی مانگی گوڵانی 1358 دا، لە خۆی و دوو برای تری، ماجد و ئەمین مستەفا سوڵتانی و چەند کەسێکی تر، ئەو گرووپەی پێکهێنا. ئیبراهیم عەلیزادە لە لاپەڕەی 58 ی کتێبی سێ ساڵ لەگەڵ ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵە کە بەڕێز بەهمەن سەعیدیان ئامادەیکردووە، دەڵێت:

**- (یەکەم ئەزموونی کۆمەڵە لە کاری ڕێکخراوەیی و دیموکراتیک و غەیرە حیزبییدا لە یەکیەتی جوتیارانی مەریوانەوە دەستیپێکرد... ئەم تەجروبەیە لە ناوچەکانی تری کوردستان وەک سەقز، مهاباد، سەردەشت، دووپات بووەوە و زەحمەتکێشانی دێهات لەسەر ڕێنوێنی کۆمەڵە لە یەکیەتی جوتیارانی ناوچەکانی خۆیاندا کۆبوونەوە.).**

حوسێن موورادبەگی لە لاپەڕەی 313 ی کتێبەکەیدا "تاریخ زندە کردستان، چپ و ناسیونالیسم" پەنجە بۆ ناوی بەشدارانی ئەو بزوتنەوە چەکدارییە ڕادەکێشێت و دەڵێت: **(سێ هاوڕێی زەحمەتکێش و هەشت هاوڕێی خۆمان کە بریتی بوون لە: فوئاد مستەفا سوڵتانی، عوسمان ڕەوشەن تودە، محەمەد مووراد ئەمینی "حەمە مووراد"، عیزەت دارابی، تاهر خالدی، عەبدوڵا کۆنەپۆش "عەبەی شێخ عەزیز"، ماجد مستەفا سوڵتانی و ئەمین مستەفا سوڵتانی، ئەو دەستە چەکدارەیان پێکهێنا و بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە هەلومەرجی دژواری دارستانەکانی دەوروبەری "گاگل"ی مەریوان جەولەیان کرد.).**

هەروەها مووراد بەگی لە لاپەڕەی 115 دا یەکەم نامەی فوئادی بڵاوکردووەتەوە کە ڕۆژی 1358/3/19 بۆ ئەندامانی سازمانی نوسیوە. فوئاد لە بەشێکی نامەکەیدا باسی پێکهێنانی یەکەم دەستەی چەکداریی مەریوان دەکات و دەنوسێت: **(ڕۆژی 1358/3/8 دەستمانکرد بە جەولە و سەردانی دوو ئاوایمان کرد. خەڵک بە گەرمیی پێشوازیی کردین و ئێستا ژمارەمان بووە بە 17 کەس. ئێمە درێژە بە جەولەکەمان دەدەین تا دوژمن هێرش نەکاتە سەر جوتیاران. پێشمەرگەکان ڕۆژانە یارمەتی جوتیاران دەدەن و شەوانەش بەسەر ماڵ و مزگەوتەکاندا بڵاودەبینەوە و**

**کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەکەین. تاکتیکی ئێمە جارێ بەرگرییکردنە لە جوتیاران و درێژەدانە بەو جەولەیە.).**

شایانی باسە لایەنگرانی سازمان دوای دامەزراندنی یەکیەتی جوتیارانی مەریوان، چەند یەکیەتییەکی تریان وەک "یەکیەتی کرێکاران، مامۆستایان، ئافرەتان و خوێندکاران" دامەزراند.

ئەگەر سازمان لە کۆنگرەی یەکەمیدا گرنگیی دەدا بە ڕوخانی ڕژێمی شا و دەیگوت بە ڕوخانی ڕژێمی شا جوتیاران ناچاردەبن بەرگری لە زەوی و ژیانی خۆیان بکەن و ئەوەش دەبێت بە بنەمای بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیی لەناویاندا، ئیتر بە دامەزراندنی دەستەی چەکدار، هەوڵیدەدا پتر دژی دەرەبەگان و لایەنگرانی ئەحمەد موفتی زادە خەبات بکات، تا دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی و لە هەر جێیەکی کوردستان دەرەتانی بۆ بڕەخسێت، دژی دەرەبەگەکان و دابەشکردنی زەوییەکانیان و لایەنگرانی ئەحمەد موفتی زادە هەڵدەسوڕا، تا سەرئەنجام ڕۆژی 1358/4/23، لە تێکهەڵچوونێکدا کە لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکیەتی جوتیاران و چەکدارانی مەکتەبی قورئانی لایەنگرانی موفتی زادە لە مەریوان ڕوویدا، کاربەدەستانی سوپا و ژاندارمەریی کۆماری ئیسلامیی پشتی لایەنگرانی موفتی زادەیان گرت.

سەرگورد "شەیبانی" فەرماندەی سەربازگەی مەریوان ڕۆژی 1358/4/31 لەگەڵ فوئاد مستەفا سوڵتانی، سەعید دارابی، فاتح شێخ ئیسلامی، عەتا ڕۆستەمی، شێخ عوسمان خالدی و عەبدولڕەزا کەریمی "عەبو کەریمی" کە بەرپرسی ڕێکخراوی چریکی فیدایی بوو لە مەریوان و چەند کەسێکی تر کۆدەبێتەوە و پێیانڕادەگەیەنێت کە شار بەجێبهێڵن و کۆنترۆڵی شار بە سوپا بسپێرن. لە بەرامبەردا فوئاد مستەفا سوڵتانی و هەڤاڵانی بە فەرماندەی سەربازگە ڕادەگەیەنن کە ئەگەر سوپا دەست لە کاروباری شار وەربدات، ئەوا خەڵکەکە شاری مەریوان بەجێدەهێڵن. دوای ئەو ڕووداوە، لایەنگرانی یەکیەتی جوتیاران و چریکی فیدایی و بەشێک لە خەڵکی مەریوان، شاری مەریوانیان بەجهێشت و چوون لە نزیک گوندی "کانی میران" کۆبوونەوە. بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە، دکتۆر مستەفا چەمران وەزیری بەرگریی حکومەتی کاتیی، شەکیبا پارێزگاری سنە و

سەرگورد شەیبانی فەرماندەی سەربازگەی مەریوان، دوو جار لەگەڵ کاک فوئاد و ئەندامانی شورای شاری مەریوان کۆبوونەوە و لە ئەنجامدا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە فەرماندەی سەربازگەی مەریوان بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی شار، سەربازی بێچەک بنێرێتە شارەوە و ئەوانیش لە شاردا چەک هەڵنەگرن. لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا، سوپای کۆماری ئیسلامیی شاری مەریوان لە یەکیەتی جوتیاران و هێزی چەکدار پاک کردەوە. لە ڕووداوی مەریواندا دوو برای فوئاد، حوسێن و ئەمین لەگەڵ ئەحمەد پیرخدری، حوسێن پیرخدری، فایق عەزیزی، جەلال نەسیمی، عەلی داستانی، بەهمەن خدری، ئەحمەد قادرزادە، لە لایەن خەلخالی جەلادەوە کە قازی شەرعی کۆماری ئیسلامیی بوو، گوللەباران کران. شایانی باسە لە بەشی **"شەڕی مەریوان"** دا بە وردیی باسی ئەو ڕووداوەم کردووە.

**سازمان ناو بۆ خۆی دیارییدەکات:** دوای دامەزراندنی یەکیەتی جوتیاران و بەرلە شەڕی سێ مانگە، سازمان ناوی "سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ی بۆخۆی دیارییکرد و دواتر ناوی خۆی گۆری و بە ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ەوە پێی نایە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانەوە و لەجیاتی ڕاگەیاندنی مێژووی دامەزراندنی خۆی، ڕۆژی 1357/11/26 (1979/2/15) کرد بە ڕۆژی کۆمەڵە. 1357/11/26 ڕۆژی شەهیدبوونی محەمەد حوسێن کەریمییە کە یەکێک لەو چوار کەسە بوو کە ساڵی 1970 هەوڵی دامەزراندنی حیزبێکی کۆمونیستی دا و هەر وەک پێشتر گوتم ڕۆژی 1357/11/26 لە سەقز شەهید بوو.

هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بۆ ئەو ڕێکخراوە، لە ڕاستییدا ڕووسوڕانەوەی ئەندامانی بوو لە بیری کۆمونیستیی و سەرتاسەریی ئێران. ئەو ناوە، بە پێچەوانەی خواستی بەشێک لە ئەندام و لایەنگرانی سازمانەوە، ئەو ڕێکخراوەی پتر بە کوردستانەوە لکاند و لە بیری ئێرانچێتی دوریخستەوە.

ئەیوب زادە لە لاپەڕەی 25 ی کتێبی "چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- کۆمەڵە و دۆزی ناسیونالی کورد" دا سەبارەت بە هەڵبژاردنی

ناوی کۆمەڵە بۆ سازمانی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دەڵێت:

**- (ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەدا، بیرێکی ژیرانە دەوری بینیوە، چونکە لە کۆمەڵی کوردەوارییدا و لە ڕەوانناسیی مرۆڤی کورددا، ناوی کۆمەڵە بۆ بیروڕای گشتیی کورد ناوێکی نامۆ نەبوو. ناوی کۆمەڵە بیرهێنەرەوەی یەکەم ڕێکخراوی ناسیونالیستی کوردە. واتە "کۆمەڵەی ژ. ک" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە توانی لە ماوەی تەمەنی کەمخایەن و پڕ لە شانازیی خۆیدا گەورەترین هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو جەماوەری کورددا بڵاوبکاتەوە و پەیامی سەربەستیی، ڕزگاریی و مافی گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی بە گوێی مرۆڤی کورددا بدات، بۆیە لەو ڕووەوە، لە هەڵبژاردنی ناوی کۆمەڵەدا ئەوپەڕی وریایی بەکارهاتووە.).**

لە ڕاستییدا هیچکام لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی سازمان نەیانگوتووە ناوی ڕێکخراوەکەیان لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان "ژێکاف" وەرگرتووە، تەنانەت بەو تێبینییەشەوە ناوی ڕێکخراوەکەیان نەناوە کۆمەڵە کە باوەڕیان بە خەبات و پرۆگرام و پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانەوە هەبێت، بەڵکوو نزیکایەتی ژمارەیەک لە ئەندامانی دامەزرێنەری سازمان لە دوو ڕێکخراوی هاوپەیمان لە "یەکێتی نیشتمانیی کوردستان"دا، واتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستان"، ناڕاستەوخۆ ئەو بیرەی بۆ زەقکردوونەتەوە کە ناوی ڕێکخراوەکەیان بنێن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، چونکە بە بینینی لایەنگرانی سازمان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ڕێکخراوێکی مارکسیی بووە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانیش ڕێکخراوێکی نەتەوەیی. ئەگەر ئێمە ئەو دوو ناوە لە تەنیشت یەکتر دابنێین، دەبینین هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا نیە، جگە لەوەی کە دامەزرێنەرانی "کۆمەڵەی شۆڕشگێرانی زەحمەتکێشانی کوردستان"، وشەی "زەحمەتکێشان"یان لە جێی "ڕەنجدەران" داناوە و پاشکۆی ئێرانیان پێوە لکاندووە کە هەردووکیان یەک واتە دەبەخشن. دیارییکردنی ناوی کۆمەڵە بۆ سازمان

کــه دامەزرێنــەرانی بــە ســاڵان لــە ئــارەزووی دامەزرانــدنی حیزبێکــی کۆمونیستی مارکسیی- لێنینیی و سەرتاسەریی ئێراندا بوون، ڕووداوێکـی دڵخۆشـکەر نــەبوو. ئــەوان هێشـتا لەسـەر پرۆگـرام و سـتراتیژیی بـۆ ڕێکخراوەکـەیان ساخ نەبووبوونـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا فوئـاد هەوڵیـدەدا کۆمەڵـە پتـر تێکـەڵاوی خـەباتی پراکتیـک بکـات و بەرەبـەرە بـە بـەهێز کردنـی، کێشـە تیۆرییـەکان چارەسـەر بکـات. بـۆ نمونـە کێشـەی سیسـتمی سیاسـی ئێـران کـە ئایـا "نیـوە موسـتەعمەرە و نیـوە فیـۆداڵ"ە، یـان سەرمایەدارییە، لە مێشکی ئەوانەدا پەنگاوی خواردبوو.

لــە شــەڕی دووەمــی سـنەدا کــە خومــەینی فتــوا بــە دژی گــەلی کـورد ڕاگەیاند و شەڕ گەیشتە سنە و سەقز، فوئـاد مسـتەفا سوڵتانـی، عەبدوڵا موهتدی، حوسێن موراد بەگی، ئیرەج فەرزاد و دکتۆر جەعفەر شەفیعی لـە بۆکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی بەیاننامەیەک بە ناوی **"خلق کرد در بوتـه آزمایش"** بنوسن کە لەسەر نوسینی مەسەلەی "نیوە موستەعمەرە و نیوە فیۆداڵ" بوونی ئێران لەو بەیاننامەیەدا ڕێکناکەون و لەسەر داوای فوئاد باسـکردن لــەو مەسـەلەیە بـۆ کۆبوونــەوەکانی دوایــی ڕادەگـرن. لــەو بارەیـەوە حوسێن موراد بـەگی لـە لاپـەڕەی 137 ی کتێبەکەیدا "تـاریخ زنده کردستان، چپ و ناسیونالیسم"، دەنوسێت:

**- (ئێمـە ڕێبـەرانی کۆمەڵـەی ئـەو سـەردەمە، لەوانـە فوئـاد مسـتەفا سـوڵتانی کـە سـەرتۆپی لایـەنی ڕادیکـاڵی کوردسـتان بـووین، ئـەرکی ڕێکخسـتنی بـەرگرییکردنمان لـە بەرامبـەر هێرشـی خومـەینی بـۆ سـەر کوردستان لە ئەستۆ گرت. ڕۆژی دوایی واتە 1358/5/29، فوئاد و عەبدوڵا موهتدی و من لە سەقزەوە چووین بۆ بۆکـان. ڕۆژی 1358/5/29 ئێمـە لـە بۆکـان بـووین کـە خـەڵک ڕژانـە نـاو شـەقامەکان و دروشـمی مـەرگ بـۆ خومەینییان بەرزکردەوە و لە چاوترکاندنێکدا "مەکتەبی قورئان" ی ئەو شارەیان کۆکردەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئیرەجی فەرزاد و جەعفـەری شەفیعی بەشداربوون تیایدا و ئەگەر کەسێکی تریش بەشدار بووبێت، من لـەبیرم نیـە، دەربـارەی داواکـاریی کۆمەڵـە لـە خـەڵکی کوردسـتان بـۆ ڕێکخسـتنی خـەڵک و خـۆڕاگرتن لـە بەرامبـەر هێرشـی بـەکرێگیراوانی خومەینیدا، وتووێژمان کرد. بڕیارماندا بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەیەک**

**بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران بڵاوبکەینەوە و داوا لە خەڵک بکەین کە لە بەرامبەر هێرشی بەکرێگیراوانی خومەینیدا، بەرگریی لە خۆیان بکەن. تا ئەو جێیەی کە من لەبیرمە لەسەر نوسینی مەسەلەی "نیوە موستەعمەرە و نیوە فیۆداڵ" بوونی کۆمەڵگە لەو بەیاننامەیەدا کە فوئاد داوای دەکرد، لە وتووێژێکدا کە عەبدوڵای موهتدی و من لەگەڵ فوئاد بوومان، هاودەنگییمان کرد کە جارێ ئەوانە لە بەیاننامەکەدا نەنوسین، باسی ئەو مەسەلەیە بۆ کۆبوونەوە ئاساییەکانی کۆمەڵە ڕابگرین.).**

فوئاد مستەفا سوڵتانی ڕۆژی 1358/6/9 -1979/8/28 لە هێرشێکی چەکدارانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر سەرشیوی سەقز، لە "بەستام" شەهید کرا. بە شەهیدبوونی کاک فوئاد کێشەی تیۆریی ناو کۆمەڵە پەرەیسەند و ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەتایبەتیی دوای لاوازبوونی بزوتنەوەی چەکدارانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاشەکشەی پێشمەرگەکانی کوردستان بۆ چیا و گوندەکانی سەرسنوری دەستکردی ئێران و عێراق، بەرەبەرە لە سەرکردایەتیکردنی ڕێکخراوێکی کوردستانیی ساردبوونەوە و بەرەو دامەزراندنی حیزبی کۆمونیست، کێشیان پەیداکرد و کۆمەڵەیان لە ڕەوتی سروشتیی خۆی لادا.

**کۆمەڵە دوای شەهیدبوونی فوئاد مستەفا سوڵتانیی:** شەهیدبوونی فوئاد هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕێک کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە. کۆمەڵە لە شەڕی سێ مانگەدا بە هۆی کەمیی کادیر و پێشمەرگەوە، چالاکییەکی بەرچاوی نەبوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە و گەڕانەوەی هێزە سیاسییەکان بۆ ناو شارەکان و دەستپێکردنی وتوویژی ئاشتیی لەگەڵ ڕژێم کە کۆمەڵە و چریکی فیداییش لەسەر ڕاسپاردە و پێداگریی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی (نەک بە ناوی خۆیانەوە، بەڵکوو بە ناوی نوێنەرانی خەڵکی کوردەوە)، بەشدارییان تیادا کرد، کۆمەڵە بەرەبەرە جێی خۆی لەناو خوێندکاران و ڕوناکبیرانی شارەکاندا کردەوە. بەتایبەتیی لە سنە و مەریوان پێگەیەکی بەهێزی بۆ خۆی پەیداکرد. لەو قۆناخەدا سەرەڕای بەربەرەکانیی کۆماری ئیسلامیی، نوکی تیژی هێرشەکانی لە حیزبی تودەی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران)، سوپای ڕزگاریی،

ئەحمەدی موفتی زادە، سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادەی موەقەت" و دەرەبەگەکانی کوردستان بوو. حیزبی دیموکراتی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا بە سازشکار و داردەستی حکومەتی بەعس و نوێنەری بۆرژوای کوردستان دەناساند و لەناوبردنی ئەو ڕێکخراوانەی بۆ گرنگتر بوو لە بۆرژوای سەردەست واتە کۆماری ئیسلامیی. هەر وەک چۆن پێشتر دەیگوت بە ڕوخانی ڕژێمی شا، جوتیاران ڕادەپەڕن و داوای مافی خۆیان دەکەن و ڕێگە بۆ بزوتنەوەی کرێکاریی خۆشدەکەن، ئەم جارەش دەیگوت پێویستە ئێمە بۆرژوازیی خۆماڵیی لەناو ببەین، چونکە بۆرژوای سەردەست لە توانایدا نیە بێت لە کوردستان جێگیر ببێت و خەڵکی کورد ڕێی پێنادات!

لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوەیەدا، هەڵیدەکوتایە سەر دەرەبەگەکان و سامانیانی تالان دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا سامانی سەلاح موهتەدی دەپاراست و پاسەوانی بوو. لە زستانی 1359دا کە کۆماری ئیسلامیی ڕێگای هاتنی سوتەمەنی بۆ کوردستان بەستبوو، خەڵکی گوندەکان ناچاربوون دارودرەختەکانیان ببڕن و بۆ گەرمکردنەوەی ماڵەکانیان، تەنانەت درەختی میوەش ببڕن! لەو هەنگاوەدا، کۆمەڵە پێشڕەوی بڕینی دارودرەختی ئاغاکان بوو، بەڵام کاتێک خەڵکی ناوچەی بۆکان چوون "دارستانی" سەلاح موهتەدی ببڕن، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پێشیان گرتن و خەریک بوو بۆ دارستانی سەلاح موهتەدی شەڕێکی خوێناویی لە کوردستاندا بکات، بەڵام کاتێک خۆی لە بەرامبەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتدا بینیەوە، وازی لەو هەڵوێستەی هێنا.

کۆمەڵە زۆر بە کەمیی هەوڵیدەدا لە دەرەوەی شارەکان و لە جادەکاندا پێش بە کاروانەکانی سوپا بگرێت، بەڵام هەر کە ئەو کاروانانە لە شارەکان نزیک دەبوونەوە، پێشی پێدەگرتن و لایەنگران و خەڵکی شارەکانیان هاندەدا کە کاروانەکان چەک بکەن. دیارە هەموو ئەو کارە پۆپیولیستییانەیان بە پشتیوانیی ماموّستا شێخ عیزەدین دەکرد.

شایانی باسە ماموّستا شێخ عیزەدین لە شەڕی سێ مانگەدا لە "توژەڵ" نوسینگەیەکی بە ناوی دەفتەری مەلا شێخ عیزەدین بۆ خۆی دامەزراندبوو. لە ڕەوتی ئەم کتێبەدا چەندان نمونەی زیندوم لە ئاکار و

ڕەفتاری کۆمەڵە لە مهاباد، مەریوان و سنە هێناوەتەوە و ڕەنگە پێویست نەبێت کە سەرلەنوێ پەنجەیان بۆ ڕابکێشم، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێم کە بە شەهیدبوونی فوئاد موستەفا سوڵتانی کۆمەڵە بە ڕادەیەکی زۆر بە لارییدا کەوت و لە حیزبێکی کوردستانیی لایدا و داوی کۆمەڵێک سیاسیکاری سەرلێشێواو کەوت کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەورووپا بوون و شارەزاییان لە ئێران و بەتایبەتیی کوردستان نەبوو.

**دامەزراندنی حیزبی کۆمونیستی ئێران:** ئەگەر دامەزرێنەرانی گرووپی سەرەتایی سازمان لە سالانی 1349- 1353 دا بە تیۆریی چەواشەکارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی تودە، هەوڵی پەروەردە کردنی خۆیان دەدا، ئیتر بە خۆبەدەستەوەدانی کوروش لاشایی بە ڕژێمی شا و چەند پارچەبوونی ئەو کۆمیتەیە، ڕێبەرانی کۆمەڵە لەو بە ڕواڵەت کانگا فیکرییە بێبەشکرابوون و لاوازیی تیۆریی قورسایی بۆ دەهێنان. لەبەرئەوە ئەم جارەیان خۆیان لە چەند ڕێکخراوی ماویی وەک "سازمانی پەیکار، تۆفان، ڕەزمەندەگان، ڕەنجبەران، سەهەند و.. تد" نزیک کردەوە کە لە شارەکانی ئێرانەوە پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، تا سەرئەنجام لە داوی مەنسور حیکمەت و حەمید تەقوایی و چەند سەرلێشێواوێکی تر کەوتن کە سالانێک بوو لە ئەورووپا دەژیان.

**کۆنگرەی دووم:** کۆمەڵە لە چوارچێوەی ئەو ئالۆزییە فیکرییەدا لە مانگی جۆزەردانی ساڵی 1360-1981 لەناو مزگەوتی ئاوایی "خانەقی زەمبیل" لە ناوچەی بۆکان کۆنگرەی دووەمی خۆی پێکهێنا. لەو کۆنگرەیەدا هێشتا ژمارەیەک لە بەشدارانی کۆنگرە سیستمی ئێرانیان بە دەرەبەگایەتی دەزانی و بە پشتبەستن بە تیۆریی و ئەزمونی ماوتسی تۆنگ و وڵاتی چین ڕایان وا بوو شۆڕش لە دێهاتەوە دژی دەرەبەگەکان دەستپێدەکات و ڕاپەڕیوەکان خۆدەگەیەننە دەوری شارەکان و بە یارمەتی خەڵکی شارەکان چۆک بە حکومەت دادەدەن! ئەو ژمارەیە، لایەنێک بوون لە کۆنگرەی کۆمەڵەدا کە دەیانویست ستراتیژیی کۆمەڵە لەسەر ئەو ئەزمونە دابڕێژن، بەڵام لایەنێکی تر دەیانگوت ئێران لە قۆناخی سەرمایەداریی دایە و دەبێت سەرنج بدرێتە چینی کرێکاری شارەکان و بە یارمەتی ئەوان شۆڕش سەربخەن.

بـه وتـەی ئیبـراهیم عـەلیزادە لـە کتێبـی "سـێ سـاڵ لـەگـەڵ ئیبـراهیم عەلیزادە"، هەروەها بەڵگەنامـەکانی کـۆنگرەی دووەمـی کۆمەڵـە، سـەعید یـەزدیان، سـاعد وەتـەندوسـت و ئـیرەج فـەرزاد پێشـڕەوانی بیـری یەکـەم بـوون و عەبـدوڵا موهتـدی، حوسـین مورادبـەگی و ئیبـراهیم عـەلیزادە پشتیوانییان لە بیری دووەم، واتە سیستمی سەرمایەداریی ئێران دەکرد. بەشـدارانی کـۆنگرەی دووەمـی کۆمەڵـە بـۆ ئـەوەی کـە پارێزگـاریی لـە مانـەوەی کۆمەڵـە بکـەن و نـەهێڵن لـەت ببێـت، دەنگیـان بـە بۆچـوونی لایەنگرانی سیستمی سەرمایەداریی ئێران دا.

کـۆنگرەی دووەم عەبـدوڵا موهتـدی، حوسـێن مورادبـەگی، ئیبـراهیم عـەلیزادە، موحسـین ڕەحیمـی، شـوعەیب زەکـەریایی، حەسـەن قـادری، جەواد مشکی، عومـەر ئێلخـانیزادە، سـەعید یـەزدیان، محـەمـەد شـافعی و ساعد وەتەندوستی بۆ کۆمیتـەی ناوەنـدیی هـەڵبژارد و عەبدوڵا موهتدی پۆستـی سکرتێری کۆمەڵـەی پێدرا. کۆمەڵـە بـەگوێرەی بڕیـاری کـۆنگرەی دووەم بـەرەو دامەزرانـدنی حیزبـی کۆمونیسـت هـەنگاوینا و لـەناو ئـەو ڕێکخراوانـەدا کـە ئامـاژەم بـۆ ناوەکانیـان کـرد، بـە لای ڕێکخـراوی "سەهەند" دا کەوت کـە ڕێبـەرانی هـاوبیری کۆمیتـەی شۆڕشگێڕی حیزبـی تودە بـوون. بـە وتـەی ئیبـراهیم عـەلیزادە لـە لاپـەڕەی 135 ی "سـێ سـاڵ لەگەڵ ئیبراهیم عەلیزادە"، کۆمەڵە کۆمیتەیەکی بۆ دامەزراندنی حیزبـی کۆمونیسـت پێکهێنـا کـە ئەنـدامانی بریتـی بـوون لـە: عەبدوڵا موهتـدی، دوکتۆر جەعفەر شـەفیعی، شـوعەیب زەکـەریایی، جـەواد مشـکی، مەنسـور حیکمەت، حەمید تـەقوایی و خـەسرەو داوەر. هەروەها لە لاپـەڕەی 139 دا پەنجە بۆ ڕاگەیانراوێکی کۆنگرەی دامەزرێنـەر ڕادەکێشێت کـە ڕۆژی 11 خـــەرمانانی 1362، مـــوژدەی دامەزرانـــدنی حیزبـــی کۆمونیســـتی ڕاگەیاندووە. بانگکراوەکان بۆ کۆنگرەی دامەزرێنـەری حیزبـی کۆمونیسـت 36 کەس بوون. لەو ژمارەیە 5 کەسیان بـەشداریی کۆنگرەیان نـەکردووە و 4 کەسـیش بـە هـۆی تێکنیکییـەوە لـە کۆنگرەکـەدا ئامـادە نـەبوون و بـەو جۆرە حیزبی کۆمونیست بە بەشداریی 27 کەس دامەزرا.

## بۆمببارانی بەندیخانەی حیزبی دیموکرات لە گوندی دۆڵەتوو

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی سێ مانگە و پاشەکشەی دەفتەری سیاسی بۆ ناوچەی سەردەشت و جێگیربوونی لە "ئاشی پشکاوێ"، زیندانێکی بۆ گیراوەکانی شەڕ لە "نۆکان" دانا و سەید محەمەد کولیجی بە ناسناوی "سەرهەنگ کامەرانی" کرد بە بەرپرسی ئەو زیندانە.

حیزب لە پرۆسەی شەڕی سێ مانگەدا زیندانەکەی گواستەوە بۆ گوندی "دۆڵەتوو" کە نزیکەی نیو کاتژمێر لە ئاشی پشکاوێ و گوندی گۆڕەشێرەوە دور بوو. ناوچەی دۆڵەتوو ناوەندی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو. دوای تێکچوونی پەیوەندیی نێوان یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆسیالیست، ئەو حیزبە ناوەندەکەی خۆی گواستەوە بۆ گوندی دۆڵەتوو، زیندانەکەی حیزبی دیموکرات لە ڕووبەڕووی ئەو ناوەندە دانرابوو.

ڕۆژی 1360/2/17 (1981/5/11) حیزبی سۆسیالیست کۆنگرەی هەبوو، بەشێک لە ئەندامانی بۆ بەشدارییکردن لەو کۆنگرەیەدا، هاتبوون بۆ ئەو گوندە، کەچی ڕژێمی بەعسی عێراق بەو کۆنگرەیە دەزانێت و لە دەستپێکی کۆنگرەکەدا بە چەند فڕۆکە و هێلیکۆپتەرەوە هێرش دەکاتە سەر دۆڵەتوو، لەجیاتی بۆمببارانکردنی شوێنی کۆنگرەکە، زیندانی حیزبی دیموکرات دەکات بە ئامانج و بە داخەوە ژمارەیەک پێشمەرگە و بەندکراو شەهید و برینداردەکات. کاک جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 262ی "50 ساڵ خەبات" دا، ئاماژەی بۆ بۆمبارانی زیندانی حیزبی دیموکرات کردووە و لەو بارەیەوە دەڵێت:

**- (لە ڕۆژی 17 ی مانگی بانەمەڕ سەعات 10:30 ی سەرلە بەیانی چوار هێلیکۆپتەر و دوو فڕۆکەی عێراقیی بە توندیی پەلاماریان کردە سەر بەندیخانەی حیزب لە گوندی دۆڵەتووی ناوچەی سەردەشت و بۆمبی ناپاڵمیشیان بەکارهێنا. لەو بۆمبارانەدا 42 کەس کوژران و نزیکەی 50 کەسیش بریندار بوون. لەم ڕیزەدا شەش پێشمەرگەی حیزب شەهید و**

**ژمارەیەکیشیان بە توندیی بریندار بوون. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات ئەو کردەوەیەی لە بەیاننامەیەکدا بە توندیی مەحکوم کرد و بە جنایەتێکی ئاشکرای دژی مرۆڤایەتی ناساند و لە قاوی دا).**

لەو پەیوەندییەدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و ڕەجایی زۆر هەوڵیاندا بە ئاشکرایی درۆ بکەن و بە خەڵک بسەلمێنن کە دەستی حیزبی دیموکرات لەم تاوانەدا بووە و لە ڕۆژنامەکان و سایتی "جامع دفاع مقدس- جنوب شرق استان تهران- ورامین" دا ڕایانگەیاند:

**- (دوای ئاڵۆزییەکانی کوردستان و ناردنی هێزی سەربازیی بۆ ئارامکردنەوەی لە پارێزگای کوردستاندا، تاقمی نایاسایی دیموکرات، ژمارەیەک لە ئەندامانی لەخۆبوردووی ئەو هێزانە بە دیل دەگرێت و زیندانیان دەکات، چونکە لە پاراستن و چاودێرییکردن و دابینکردنی ئەمنیەتی ئەو زیندانە ترسناکە وەڕس ببوو، داوای لە ڕژێمی سەدام کرد کە بە بەرنامەیەکی ورد و حسابکراو، زیندانەکە بۆمباران بکەن. بەوجۆرە ژمارەیەک لە قارەمانەکانی نیشتمانی ئێمە کە دیلی حیزبی دیموکرات بوون، لە خوێن گەوزان و شەهید کران).**

حیزبی دیموکرات بە توندیی وەڵامی ئەو هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیی دایەوە و ئەوەی بە بوهتانێکی ناڕەوا ناوبرد کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی خستیانە پاڵ حیزبی دیموکراتەوە.

سێ ڕۆژ دوای بۆمبارانی دۆڵەتوو، چوار ڕۆژنامەنوس و فیلمگر لە لایەن ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێرانەوە، لە تارانەوە هاتن بۆ ناوچەی سەردەشت کە فیلم و دۆکیومێنت لەو ڕووداوە کۆبکەنەوە و ڕاستیی مەسەلەکە دەربخەن.

هۆی ئەو دوو جۆرە بۆچوونە لەسەر بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لە کۆماری ئیسلامییدا بۆ کێشەیەک دەگەڕایەوە کە بەشێک لە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی و بەتایبەتیی ئایەتوڵا بەهەشتی، حوجەتولئیسلام خامنەیی و حوجەتولئیسلام هاشمی ڕەفسەنجانی کە ڕێبەرانی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی بوون، دژی ئەبولحەسەن بەنیسەدر، سەرۆککۆمار بوون و خوازیاری توندوتیژیی پتر بوون لە ئێران و کوردستاندا.

ڕێبەرانی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی، بەنیسەدریان بە کەسێکی نەرم و سازشکار لە بەرامبەر کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان و ڕۆژنامەکان، تەنانەت شەڕ لەگەڵ عێراق و گەلی کورددا دەبینی و دەیانویست سەرنجی خومەینی بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەنیسەدر ڕابکێشن و ڕەجایی سەرۆکوەزیران لە جێی ئەو دابنێن.
ڕۆژی 1360/2/20 (1981/5/14) ئەو چوار کەسە ڕۆژنامەنوسە لە گوندی "وەرگێڵ" چاویان بە دوکتۆر قاسملوو کەوت و قاسملوو دوای چەند پرسیارێک لە بارودۆخی تاران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی، پێی گوتن: **(بە بەنیسەدر بڵێن حیزبی دیموکرات ئامادەیە پێشوازیی لێبکات و ئەگەر بیەوێت، دەتوانێت بێت بۆ کوردستان و ئێمە گیانی دەپارێزین.).**
ڕۆژی 1360/3/27 واتە نزیکەی مانگێک دوای ئەو ڕووداوە، ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە ڕادیۆی حیزبی دیموکرات بوو، ئەو داوایەی دووپاتکردەوە و داوای لەبەنیسەدر کرد کە خۆی بگەیەنێتە کوردستان، بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە.
بە هەر حاڵ دوای خواردنی فراوێن و ڕاسپاردەکانی دوکتۆر قاسملوو، پێشمەرگەکانی هێزی 111 ی شەهید موعینی، ئەو چوار کەسەیان برد بۆ دۆڵەتوو، تا وێنە و دۆکیومێنت لەسەر ڕووداوەکە کۆبکەنەوە و لە نزیکەوە چاویان بە زیندانییەکان بکەوێت و لە گەڕانەوەدا بینینەکانی خۆیان بڵاوکردەوە.

## ڕاپەڕینی موجاهیدینی خەڵک بە پشتیوانیی بەنیسەدر

کێشەی ڕێبەرانی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی لەگەڵ ئەبولحەسەن بە نیسەدر سەرۆککۆماری ئێران، هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد، هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ لایەنگرییکردنی بەنیسەدر لە ئازادیی ڕۆژنامەوانیی و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی. حیزبی کۆماریی ئیسلامیی کە ئایەتوڵا بەهەشتی سەرۆکایەتی دەکرد و هەموو گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی تیایدا کۆببوونەوە، بە توندیی دژی ڕۆژنامەوانیی ئازاد و کۆڕ و کۆمەڵێک بوون کە ڕەخنە لە مەلاکان و کردەوەکانیان بگرێت و بەو مەبەستە هەوڵی بەلاوەنانی بەنیسەدری دەدا لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و دژی ئەو قسانەش بوو کە بەنیسەدر بە پشتیوانیی نزیکەی 11 میلیۆن دەنگی هاووڵاتییان، سەبارەت بە ئازادییە سیاسییەکان دەریدەبڕین. حیزبی کۆماریی ئیسلامیی سەرئەنجام بەنیسەدری بە لایەنگرییکردن لە ڕێکخراوە سیاسییەکان و بەتایبەتیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، تاوانبارکرد.

ئایەتوڵا بەهەشتیی حەوت ڕۆژ دوای ڕوخانی ڕژێمی شا، واتە لە 1357/11/30 (1979/2/19) دا حیزبی کۆماریی ئیسلامیی دامەزراند. هەرچەندە ئەو حیزبە بە ڕواڵەت ڕێکخراوێکی سیاسی بوو، بەڵام بە لایەنگرییکردن لە سیستمی ویلایەتی فەقێ و بە ناوی ئیسلامی سیاسی و شۆڕشگێڕییەوە، چەندان گروپی 300- 400 کەسیی پێکهێنابوو. ئەرکی ئەو گروپانە هەڵکوتانە سەر خۆپێشاندانەکانی دژ بە ڕژێم و تێکدانیان و کپکردنی دەنگی خەڵک بوو لە بەرامبەر بەزۆرەملێییەکانی خومەینی و لایەنگرانیدا.

ڕۆژی 1360/2/7 (1981/4/27) ئەنجومەنی دایکانی موسوڵمان خۆپێشاندانێکیان لە مەیدانی فەلەستین کرد کە نزیکەی 200 هەزار کەس بەشدارییان تێدا کرد. خۆپێشاندانەکە بە شەقامی تاڵەقانیدا گە یشتە مەیدانی بەهارستان و لەوێ کەوتە بەر هێرشی چۆماخدارانی سەربە حیزبی کۆماریی ئیسلامیی، لە ئەنجامدا دوو کەس بە گوللەی

پیاوانی کۆماری ئیسلامیی شەهید بوون و چەند کەسێکیش بریندار و خۆپێشاندانەکەش شێوا.

ڕۆژی 1360/3/24 (1981/6/14) جبهەی میللی ئێران خۆپێشاندانێکی ئارامی دژی ئەو شێوە حوکمکردنە، لە شەقامی شۆڕش لە تاران کرد کە خۆپێشاندانەکەیان بە هۆی چۆماخدارەکانەوە تێکدرا.

ڕۆژی 1360/3/29 ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ڕایگەیاند بە پشتیوانیی لە بەنیسەدر و دژی دیکتاتۆرییەت و حیزبی کۆماریی ئیسلامیی، خۆپێشاندانێک لە تاران دەکات و داوای لە لایەنگرانی کرد کە بەشداریی تێدا بکەن.

ڕۆژی 1360/3/30 (1981/6/20) نزیکەی نیو میلیۆن خەڵک و بە تایبەتیی کچان و کوڕانی تاران ڕژانە ناو شەقامەکان و بەشداریی ئەو خۆپێشاندانەیان کرد. خۆپێشاندەران لە بەرامبەر چۆماخدارانی حیزبی کۆماریی ئیسلامییدا ڕاوەستان و وەڵامیان دایەوە. ئەو خۆپێشاندانە خومەینی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی سەرسام کرد و خومەینی ڕایگەیاند: **(ئەوانەی دژی حاکمانی شەرع قسەدەکەن، دوژمنی ئیسلامن.)**. و فەرمانیدا تەقە لە خۆپێشاندەران بکەن.

بە نوسینی سایتی "ویکی پیدیا- زانکۆی ئازاد)، بە تەنیا لە زانکۆی تاران 50 کەسیان کوشت و 200 کەسیان بریندار و پتر لە 1000 کەسیشیان دەستگیر کرد. لەو ڕۆژەدا ئێران کرا بە کوشتارگای شۆڕشگێڕان و خومەینی و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ڕووی شا و حکومەتەکەیان سپی کردەوە!

ڕۆژی دوایی، واتە 31-3-1360، پارلەمانی ئێران کە لە دەست توندڕەوەکاندا بوو، پێشنیازێکی سەبارەت بە بێتوانایی بەنیسەدر ئاڕاستەی نوێنەران کرد. پێشنیازەکە بە 177 دەنگ لە بەرامبەر دەنگێکی دژ و 12 دەنگی سپی، پەسەند کرا و ڕۆژی 1360/4/1 (1981/6/22) خومەینی ئەم فەرمانەی خوارەوەی سەبارەت بە لابردنی بەنیسەدر بڵاوکردەوە:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**دوای زۆرینەی دەنگی نوێنەرانی بەڕێزی مەجلیسی شورای ئیسلامیی سەبارەت بە ئاغای ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ئێران، توانای سیاسی نیە و لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری دەخەم.**

**1360/4/1 روح اللەالموسوی الخومینی**

شایانی باسە کە ڕۆژی 1360/3/20، واتە 11 ڕۆژ بەر لە پەسەندکردنی ئەو پێشنیازەدا، خومەینی بەنیسەدری لە پۆستی "فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان" لابرد و تا دانانی کەسێکی تر، ئەو ئەرکەی بە شێوەی کاتیی بە سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان سپارد.

لە هەمان ڕۆژدا کە پارلەمان دەنگی لابردنی بەنیسەدری پەسەند کرد، مەسعود ڕەجەوی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدین و ئەبولحەسەن بە نیسەدر لە ترسی لایەنگرانی خومەینی و حیزبی کۆماریی ئیسلامیی، خۆیان شاردەوە و موجاهیدین لەو ڕۆژەدا دوا تۆپی خۆی هاویشت و ڕایگەیاند: **(لە سیستمی ویلایەتی فەقێدا، هیچ چەشنە هاوبەشییەکی سیاسی نیە و پێی نایە قۆناخێکی نوێی خەباتەوە).**

لە بەرامبەردا، لایەنگرانی خومەینی هەزاران کەسیان لە ئەندامان و لایەنگرانی موجاهیدین و ڕێکخراوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکان کە پێشتر دەستبەسەر کرابوون، بە بێ دادگاییکردن لە زینداندا کوشت.

لە تاران و شارەکانی تردا دەستیان لە هیچ کەسێک نەپاراست. ڕۆژی چوارشەمە 1360/4/3 ڕۆژنامەی کەیهان ئەم ڕاگەیاندنەی خوارەوەی دادستانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی بڵاوکردەوە:

**- (دادستانی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی تاران داوا لەو بنەماڵە ڕێزدارانە دەکات کە مناڵەکانیان لە ڕووداوی دژەشۆڕشیی ئەم دواییانەدا دەستگیرکراون و حوکمی دادگایان بە سەردا دراوە، پێناسەی وێنەداری خۆیان و مناڵەکانیان کە ناویان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە، بهێنن و تەرمی مناڵەکانیان وەربگرنەوە).**

ڕۆژی 1360/7/7 (1981/9/29) ڕۆژنامەی کەیهان ناوی 54 گوللە بارانکراوی بڵاوکردەوە و ڕۆژنامەکانی کەیهان، ئیتلاعات و جمهوری

ئیسلامیی ناو و وێنەی 527 کەسیان بڵاوکردەوە کە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی لەو چەند ڕۆژەی دوای خۆپێشاندانی 30 جۆزەردانـدا، لـە سێدارەدراون! لە جێیەکی تردا لە کتێبی "30 جۆزەردان بە وتەی شاهیدان"، هەواڵی لەسێدارەدانی 2500 کەس ڕاگەیانراوە کە لە دوو مانگی دوای خۆپێشاندانی 30 جۆزەدان، کۆماری ئیسلامیی لەسێدارە یداون.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران ساڵی، لە لایەن سێ خوێندکاری گەنجی زانکۆوە بە ناوی حەنیف نژاد، سەعید موحسین و ئەسغەر بەدیع زادە، دامەزرا. ئەو سێ کەسە پێشتر خەباتکارانی جەبهەی میللی و نە هزەتی ئازادیی ئێران بوون. ئامانجیان لە دامەزراندنی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، ئازادکردنی ئێران لە چەوسانەوە و سەرمایەداریی و ئیمپیریالیزم بوو. ساڵی 1971 لە ڕێی کوشتنی شەش ئەمریکاییەوە، ئەم ڕێکخراوە خەباتی چەکداریی ڕاگەیاند.

ساڵی 1972 لە کۆی 13 ئەندامیکۆمیتەی ناوەندیی موجاهیدین کە لە لایەن ساواکەوە دەستگیر کرابوون، جگە لە "مەسعودی ڕەجەوی"، هەموویان لە سێدارەدران. ڕەجەوی بە هەوڵی کازم ڕەجەوی برای و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، لە مەرگ ڕزگاری بوو، ڕۆژی 1357/10/30 (1979/1/20) لەگەڵ دوا گروپی بەندکراوەکان لە زیندان ئازاد کرا.

لە ساڵانی 1970 دا کە زۆربەی هێزەکان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپەوە، موجاهیدین وەك هێزێکی ئیسلامیی، بوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام کەم تا زۆر چەپڕەویی لە ئەدەبیاتی ئەمانیشدا ڕەنگی دەدایەوە و دەزگای هەواڵدەریی ئێران "ساواك" و ڕژێمی شا ناویاننابوون "مارکسیستە ئیسلامییەکان".

ساڵی 1979 ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک یەکەم کۆنگرەی خۆی گێڕا و هەر لەو ساڵەدا، ئەندامانی بەشدارییان کرد لە دەستگرتن بە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بە بارمتەگرتنی ئەمریکاییەکاندا. ساڵی 1980 لە یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئێراندا، مەسعودی

ڕەجەوی خۆی کاندید کرد، بەڵام ڕەوایەتی کاندیدبوونەکەی لە لایەن خومەینییەوە ڕەتکرایەوە.

بە هەر حاڵ ڕۆژی 1360/5/7 (1981/7/29)، واتە دوای 37 ڕۆژ، مەسعود ڕەجەوی و ئەبولحەسەن بەنیسەدر بە فڕۆکەیەکی بۆینگی 707 کە فڕۆکەوانەکەی سەرهەنگ "موعزی" بوو، لە فڕۆکەخانەی مێهرئابادی تارانەوە خۆیان گەیاندە پاریس و ژمارەیەکیش لە بەرپرسانی موجاهید بەرلە ڕاکردنی ڕەجەوی و بەنیسەدر، خۆیان گەیاندبووە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە شیوەجۆ، تا بە یارمەتی ئەو حیزبە لە کوردستان، بنکەی چەکداریی بکەنەوە و دژی کۆماری ئیسلامیی خەباتبکەن.

بە بڕیاری دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ بەرپرسی سەربازیی ڕێکخراوی موجاهیدین دانیشتم و ڕێکخراوی سەربازیی و شێوەی خەباتی پێشمەرگایەتی حیزبم بۆ شیکردەوە. هەروەها حیزب ڕادیۆکەی خۆی بۆ تەرخان کردن کە ڕۆژانە کاتژمێرێک پڕۆگرامیان بڵاوبکەنەوە. دەنگی موجاهید ڕۆژی 1360/5/3 (1981/7/25) لە ڕادیۆی حیزبی دیموکراتەوە بڵاوکرایەوە.

مەسعود ڕەجەوی بە هاوکاریی بەنیسەدر و ژمارەیەک کەسایەتی سیاسی، ڕۆژی 1360/7/7 (1981/9/29) شورای نیشتمانیی بەرگریی و دەوڵەتێکی کاتیی ئیسلامیی بۆ ئێران دامەزراند. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەرلە کۆنگرەی پێنجەم، بوو بە ئەندامی ئەو شورایە و دوای کۆنگرەی شەشەمی شورای بەجێهێشت! لە جێی خۆیدا ئاماژە بۆ ئەندامییەتی حیزب لە شورا و هاتنەدەرەوەی دەکەم. مەسعود ڕەجەوی لە کاتی خۆشاردنەوەیدا لە ئێران، سەرەڕای ڕەوانەکردنی ئەو گروپە بۆ کوردستان، موسا خیابانی کەسایەتی دووەم و فەرماندەی موجاهیدین و هاوسەرەکەی خۆی "ئەشرەف ڕەبیعی" لە ئێران هێشتەوە کە دژی کۆماری ئیسلامیی خەبات بکەن. ڕۆژی 1360/11/19 (1981/2/8) هێزەکانی سوپای پاسداران هێرشیان کردە سەر شوێنە نهێنییەکەی خیابایی و هەڤاڵانی لە "زەعفەرانیە"ی تاران و لە شەڕێکی نابەرامبەردا، موسا خیابانیی و "ئازەر ڕەزایی" هاوسەریی و ئەشرەف

ڕەجەوی هاوسەری مەسعود ڕەجەوی و 23 لە هەڤاڵانیان کوشتن و کوڕە چکۆلەکەی مەسعود و ئەشرەفیان بە بارمتە گرت. لە هەمان ساڵدا ڕەجەوی لەگەڵ فەیروزە خانمی کچی بەنیسەدر پەیمانی هاوسەریی بەست و دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەنیسەدر، فەیروزە لێی جیابووەوە. ساڵی 1985، مریەمی ئەبریشەمچی بە مەبەستی هاوسەرگیریی لەگەڵ مەسعودی ڕەجەوی، لە هاوسەرەکەی خۆی، مەهدی ئەبریشەمچی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی موجاهیدین بوو، جیا بووەوە. ساڵی 1986 فەرەنسا داوای لە ڕەجەوی کرد خاکی ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت، ڕەجەوییش بارەگای فەرماندەیی گواستەوە بۆ عێراق کە بۆ ئەو مەبەستە پێشتر مەسعود ڕەجەوی و تاریق عەزیز لە پاریس کۆبووبوونەوە. ساڵی 1997 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکخراوی موجاهیدینی بە گروپێکی تیرۆریست ڕاگەیاند و لە 2002 شدا، یەکیەتی ئەوروپاش بە هەمان شێوە. ساڵی 2003 کە ڕژێمی سەدام حوسێن ڕوخا، موجاهیدین لەگەڵ ئەمریکا ڕێککەوت کە هێزەکانی خۆی لە کەمپی ئەشرەف، بداتە دەست ئەمریکا، بەو مەرجەی ئەمریکا چەکیان نەکات. کەمپی ئەشرەف "کە بە ناوی هاوسەرەکەی مەسعودی ڕەجەوییەوە ناونراوە"، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری "خالس"، لە پارێزگای دیالە، بەپێی ڕاگەیاندنی ئەمریکاییەکان، تا ئێستا 3400 ئەندامی موجاهیدینی تێدایە. لەم کەمپەدا ئەمریکا سەنتەرێکی بە ناوی TIPF کردبووەوە بۆ ئەوانەی لە موجاهیدانەی ڕادەکەن، ئەم سەنتەرە دەکەوتە ناو چوارچێوەی دیوارەکانی کەمپەکەوە و لە لایەن ئەمریکایی و بولغارییەکانەوە سەرپەرشتیی دەکرا. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی 2007 ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا: **(هێشتا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران توانای کاری تیرۆریستیی لە ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەیە.)**

لە کاتێکدا موجاهیدین بە فیتی ئێران لە لایەن بەشێك لە هێزە عێراقییەکانەوە دژایەتی دەکرێت و شێلگیرانە کار بۆ دەرپەڕاندنی لە عێراق و داخستنی کەمپی ئەشرەف دەکرێت، کەچی لە لایەن بەشێك لە کاربەدەستانی ئیدارەی ئەمریکاییەوە پشتیوانیی دەکرێن و پێیانوایە

دەکرێت لە کاتی پێویستدا وەك کارتی گوشار لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەڵکیان لێوەربگیرێت، چونکە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، یەکێکە لە دوژمنە سەرەکیی و هەرە سەرسەختەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەردوو لایان زەبری کاریگەریان لە یەکتر وەشاندووە و کوشتارێکی زۆریشیان لە یەکتر کردووە، تا ئێستاش لەو سیاسەتەدا بەردەوامن.

ڕۆژی 1388/5/6 (2009/7/28) کەمپی ئەشرەف کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و هێزی دژەشۆڕشی حکومەتی عێراق و نۆ موجاهیدیان شەهید و نزیکەی 200 کەسیان بریندار کرد و ژمارەیەکیشیان بە دیل گرت و بۆ ماوەیەکی زۆر 36 لە دیلەکانیان لای خۆیان هێشتەوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی موجاهیدین و هەندێک سەرچاوەی تر، مالکی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی عێراق لەسەر داوا و گوشاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەرمانی داخستنی کەمپی ئەشرەفی داوە کە بە دەستتێوەردانی حکومەتی ئەمریکا هێرشەکە وەستا.

## تابووتی بەتاڵی خالید بوراقی و تاوانی گەورە

ڕۆژی 1360/4/2 (1981/6/23) پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوای حیزبی دیموکرات لە نزیک حەمامی زەند لەناو شاری مهاباددا، خالید بوراقیی جاشیان کوشت. ناوبراو کە خۆی لاوێکی خەڵکی مهاباد بوو، دەستی هەبوو لە کوشتن و بەگرتدانی ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی مهاباد. ناوبراو جگە لە خۆی، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەشی خستبووە خزمەتی کۆماریی ئیسلامیی و جاشەتی پێدەکرن.

پاسدار ساڵحیی کە لە سەردەشتەوە نێردرابوو بۆ مهاباد و پۆستی فەرماندارییی مهابادی پێدرابوو، ڕۆژی 1360/4/3 پیاوماقوڵانی شاری مهاباد لە مزگەوتی سور کۆدەکاتەوە کە بە ڕەواڵەت تەرمی خالید بوراقییان پێدا ڕەوانەی گۆڕستانی شار بکات. لەو ڕۆژەدا، کاربەدەستان و کارمەند و فەرمانبەرانی حکومەت لەمزگەوتی سور کۆدەکرێنەوە و تابووتی خالید بوراقیان دەخەنە سەرشانیان و بە کۆڵانی مزگەوتی سور و میدانی ئارددا بەرەو شەقامی سەید نیزامیی "فەرەح" دا دەچنە چوارڕێی ئازادیی و لەوێوە بە شەقامی شەهید شاریکەندییدا "شاپوور"دا بەرەو گۆڕستانی شار دەچن. لە زارکی گەڕەکی خڕێ، لە نزیک کوچەی سۆفی زادە پاسدارەکان لەناکاو دەست دەکەن بە تەقە کردن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە جاشە چەکدارەکانی ڕژێم بە هەردوولای خەڵکەکەدا دەڕۆیشتن.

"ناسر موقەدەم" فەرمانــدەی گروپی زەربەتی سوپای پاسدران و پاسدارەکانی دەوروبەری لەبەر چاوی ئەو خەڵکە، بەبێ هیچ هۆیەک ڕووی چەکەکانیان لە خەڵکەکە دەکەن و 12 کەس لەو خەڵکە دەکوژن و بریندار دەکەن کە بە زۆرملێی بۆ بردنی تەرمی خالید بوراقیی جاش کۆیان کردبوونەوە.

لە کاتی تەقەکردنەکە، تابوتی خالید بوراقی لەسەر شانی پیاوەکانی ڕژێم دەکەوێتە خوارەوە و خەڵکەکە بە سەرسوڕمانەوە دەبینن تابووتەکە بەتاڵە و تەرمی تێدا نییە و بۆ خەڵکەکە دەرکەوت کە ئەوە بە پیلانی ڕژێم دانراوە بۆ چاوترساندنی خەڵکی مهاباد بە تۆڵەی کوشتنی خالید بوراقی جاش.

عەبدوڵا کەیانی بەڕێوبەری نوسینگەی داد، سەید عەبدولقادر سەبووریی کارمەندی ئیدارەی پەروەردە، محەمەد حوسێن قورەیشی کارمەندی ئیدارەی ئاو، سلێمان مەلکی کارمەندی تەربێت بەدەنی، سەید ئەنوەر کازمی کارمەندی ئیدارەی تاپۆ، خەلیل عیسەوی و سلێمان کەبودی بەشێک بوون لە شەهیدانی ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامیی لە مهاباد.

## تەقاندنەوەی بارەگای حیزبی جمهوریی ئیسلامیی

ڕۆژی 1360/4/6 (1981/6/27) چەکدارێکی نەناسراو لە مزگەوتی ئەبوزەر لە تاران تەقەی لە حوجەتولئیسلام سەید عەلی خامنەیی کرد و دەست و شانی ڕاستی برینداربوو، بەڵام نەمرد. ئەو برینداربوونەی شانسێکی زۆری پێبەخشی، چونکە لە مردنێکی دواتری ڕزگاری بوو. ڕۆژی دوایی کە خامنەیی لە نەخۆشخانە کەوتبوو، واتە ڕۆژی یەکشەمە 1360/4/7 (1981/6/28)، هاوڕێیانی لە حیزبی کۆماریی ئیسلامییدا لە تەقینەوەیەکی گەورەدا کوژران.

لەو ڕۆژەدا، ئایەتوڵا دوکتۆر محەمەد حوسێن بەهەشتیی و 97 کەس لە ئەندامانی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی لە بارەگای ناوەندیی ئەو حیزبە، لە "سەرچشمە"ی تاران کۆببوونەوە کە دوای دەرکردنی بەنیسەدر لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار، کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکەن کە لە ناکاو بارەگاکەیان تەقییەوە و بە نوسینی ڕۆژنامەکان 72 کەس لە کاربەدەستانی باڵای حکومەت و نوێنەرانی پارلەمان کوژران و 26 کەسیش بریندار بوون.

ئایەتوڵا دوکتۆر بەهەشتیی کە بەر لە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەژیا، هەفتەیەک دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ڕۆژی 1357/11/30 (1979/2/19) لەگەڵ ژمارەیەک لە مەلاکانی تر، دامەزراندنی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی بە ئامانجی بەرگرییکردن لە کۆماری ئیسلامیی و سیستمی ویلایەتی فەقێ بە دروشمی **"نە شەرقی و نە غەربی، جمهوری ئیسلامیی"** ڕاگەیاند.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیاریی بریندارکردنی سەید عەلی خامنەیی و تەقاندنەوەی نوسینگەی حیزبی جمهوریی ئیسلامیی خستە ئەستۆی ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵک و ڕایگەیاند "محەمەد ڕەزا کولاهی" ئەندامی موجاهیدینی خەڵک، نوسینگەی حیزبی جمهوریی ئیسلامیی تەقاندووەتەوە و ڕایکردووە بۆ فەرەنسە. لەو تەقینەوەیەدا، سەرەڕای کوژرانی سەید محەمەد حوسێن بەهەشتی، 27 ئەندامی پارلەمان، 5 وەزیر، 12 جێگری وەزیر و 28 ئەندامی بالآی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی کوژران و 9 ئەندامی پارلەمان، 2 جێگری وەزیر و 14 پارێزگار و ئەندامی بالآی حیزب و کارمەندی حیزبی جمهوریی ئیسلامیی بریندار بوون.

ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژی کۆماری ئیسلامیی بڵاویانکردەوە کە هاشم ڕەفسەنجانی چەند خولەکێک بەر لەو تەقینەوەیە، نوسینگەی ناوەندیی حیزبی جمهوریی ئیسلامیی بەجێهێشتووە و بەو جۆرە لە مەرگ ڕزگاری بووە. تەنانەت تەقاندنەوەی نوسینگەی حیزبی جمهوریی ئیسلامییان بە کێشەکانی ناوخۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە بەستەوە.

**ڕەجایی دەبێت بە سەرۆککۆمار و تیرۆر دەکرێت**

لە بەشی "**ڕاپەڕینی موجاهیدینی خەڵک بە پشتیوانیی بەنیسەدر**" دا گوتم ڕۆژی 1360/4/1 (1981/6/22) خومەینی پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری لە بەنیسەدر سەندەوە. ڕۆژێک دوای ئەو ڕووداوە، ئایەتوڵا بەهەشتیی "سەرۆکی دیوانی بەرزی وڵات"، هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی پارلەمان و محەمەد عەلی ڕەجایی سەرۆکوەزیرانی حکومەت کۆبوونەوە و بەگوێرەی مادەکانی 130 و 131 ی دەستوری کۆماری ئیسلامیی، شورایەکی کاتییان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرۆکایەتی کۆمار پێکهێنا کە تا هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ، ئەرکی سەرۆکایەتی کۆمار بەڕێوەببات. لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی سێ شەممە 1360/4/2 (1981/6/23) کرا، ئەرکی سەرپەرشتییکردنی وڵات بە شێوەی کاتیی بە ڕەجایی سپێررا، هەروەها بڕیاردرا کە ڕەجایی بڕیارەکانی پارلەمانیش ئیمزا بکات و ڕۆژی 1360/5/2 بۆ هەڵبژاردنی دووەم سەرۆککۆماری ئێران دیارییکرا. دوای دیارییکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و قبوڵکردنی شورای نیگەهبان، (71) کەس خۆیان بۆ ئەو پۆستە پاڵاوت، کەچی شورای نیگەهبان تەنیا "عەباس شەیبانی"، عەلی ئەکبەر پەروەرش"، "حەبیبوڵا عەسکەر ئەولادیی" و محەمەد عەلی ڕەجایی پەسەند کرد.

لە ڕۆژی 1360/4/21 پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەستییپێکرد و خومەینی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی بنکەی ناوەندیی حیزبی کۆماریی ئیسلامیی کۆبووەوە و پێیڕاگەیاندن: **(ئێمە بە هۆی هەڵەکانمانەوە زللەیەکمان خوارد و دەبێت بۆ لەناوبردنی کەموکوڕییەکانمان بەگوێرەی دەستوری ئیسلام بچینە پێشەوە و کەسێک بۆ سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێرن کە 100% ئیسلامیی بێت و نابێت هەڵەی پێشو دووپات بکەینەوە.).**

بەو جۆرە حیزبی کۆماریی ئیسلامیی و هەموو ڕێکخراو و گروپەکانی سەربە کۆماری ئیسلامیی ڕەجاییان بە سەرۆککۆماری وڵات ناساند و ڕایانگەیاند: **(تەنیا کەسێک کە لە هێڵی ئیمامدا بێت، محەمەد عەلی ڕەجاییە)** و بە هەموو شێوەیەک هەوڵیاندا کە ڕەجایی دەنگی هەرە زۆر بهێنێت.

ڕۆژی 1360/5/2 هەڵبژاردن کرا و تا ڕۆژی 1360/5/5 دەنگەکان خوێندرانەوە و ڕایانگەیاند لە 14 میلیۆن و 763 هەزار و 362 دەنگ، ڕەجایی 13 میلیۆن و 1761 دەنگی هێناوە و ڕۆژی 1360/5/10 شورای نیگەهبان ڕەجایی وەک سەرۆککۆماری کۆماری ئیسلامیی ڕاگەیاند.

یەکەم کاری ڕەجایی دانانی محەمەد جەواد باهونەر بوو بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئێران و ئەویش ئەو پۆستەی وەرگرت و ڕۆژی 1360/5/26 پارلەمانی ئێران دەنگی پێدا. ڕەجایی 28 ڕۆژ لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامییدا مایەوە و ڕۆژی یەک شەممە 1360/6/8 (1981/8/30)، لە کاتێکدا لە قاتی یەکەمی بینای سەرۆکوەزیراندا لەگەڵ "وەحید دەستجردی" سەرۆکی شارەبانیی گشتیی ئێران، سەرهەنگ "کەتیبە" فەرماندەی ژاندارمەریی و سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش و فەرماندەی سوپای پاسداران و مەسعود کشمیری نوسەری شورای ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی خەریکی کۆبوونەوە بوو، لەپڕ بۆمبێک لە پەنای ڕەجایی و باهونەر تەقییەوە و دەستبەجێ هەردووکیان کوژران، جگە لە مەسعود کشمیری کە لەو کاتەدا لە دەرەوەی شوێنی ڕووداوەکە بوو، ئەوانی تریش بریندار بوون.

بەو جۆرە دووەم سەرۆککۆماری ئێران نەیتوانی پتر لە 28 ڕۆژ سەرۆکایەتی بکات. ئەوە دووەم زەبری کوشندە بوو کە لە ماوەی دوو مانگدا لە کۆماری ئیسلامیی کەوت.

## سوکایەتیکردن بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی

هەر وەک لە بەشی (**سەرۆک مستەفا بارزانیی کۆچی دوایی کرد**) دا گوتم مستەفا بارزانیی رۆژی پێنجشەممە 1357/12/10 (1979/3/1) بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی ڕیخۆڵەوە لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتۆن کۆچی دوایی کرد. تەرمی بارزانیی هێنرایەوە بۆ شنۆ و ڕۆژی 1979/3/5 لە ناو ئاپۆرەی ماتەمینیی نزیکەی 300 هەزار کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر هەواڵنێری ئێرانیی و بیانیی لە نزیک گوندی "سەیدئاوا" لە گۆڕستانی کۆنی بارزانییەکان لە سێ سوچی سنوری ڕۆژهەڵات و باکور و باشوری کوردستان بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێررا.

دوای دوو ساڵ و چوار مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە تاڵەدا، بەیانیی ڕۆژی 1360/4/10 (1981/7/1) حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگادار دەکرێنەوە کە شەوی ڕابردوو تەرمی بارزانییان لە گۆڕەکەی هێناوەتەدەر و ویستوویانە بیبەن، بەڵام سەرنەکەوتوون. تەرمی بارزانیی دەگوێزێتەوە ڕاژان و لە گوندی "هەلەج" دەینێژنەوە. پارتی دیموکرات داوای چوار کەس لە بەرپرسانی حیزبی دیموکرات دەکات کە لەو پەیوەندییەدا لێیان بکۆڵێتەوە، بەڵام حیزبی دیموکرات داواکەی پارتی بە هێند وەرناگرێت.

هەر وەک دەزانین بە پێشنیازی مستەفا بارزانیی و سەرکردایەتی لیژنەی ئازادیی، لە مانگی فێبرواریی ساڵی 1946 لە شاری شنۆ، بنەمای پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەزمونی حیزبی دیموکراتی کوردستان دانراوە. دواتر بارزانیی هەمزە عەبدوڵای ناردەوە بۆ عێراق کە کۆنگرەی دامەزراندن و ئاشکراکردنی پارتی پێکبهێنێت. ئەو بڕیارە، ڕۆژی 25 ی گەلاوێژی ساڵی 1325 (1946/8/16) بە پێکهێنانی کۆنگرەی یەکەم و ئاشکراکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەنجام گەیشت. بەم جۆرە حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 1324/8/1 (1945/10/23) و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 1325/5/25(1946/8/16) نزیکەی دە مانگ دوای حیزبی دیموکرات دامەزراوە.

هەردوو حیزب بە ساڵان خاوەن پەیوەندیی برایانە بوون. بارزانیی بە چوار بەتالیۆنەوە لە دوو بەرەی شەڕی سەقز و سەردەشت هاوکاریی حیزبی دیموکراتی کرد و پێشەوا و بارزانیی دوو هاوپەیمانی ڕاستینەی کۆماری کوردستان بوون. دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و پاشەکشە بەناوبانگەکەی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت و دواتر سەرهەڵدانی شۆڕشی تەموزی 1958 لە عێراق و گەڕانەوەی بارزانیی بۆ ئەو وڵاتە، ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئەندامانی هەردوو حیزبدا بەردەوام بوو.

ساڵی 1338 (1959) کە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی ئێران "ساواک" ئاشکرا بوون و نزیکەی 120 ئەندامی سەرکردایەتی و کادیرانی حیزبی دیموکرات گیران و بەشێکیشیان بە ناچاریی ڕوویان لە باشوری کوردستان کرد، عەبدوڵا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"، سلێمان موعینی و قادر شەریف لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی سەرۆک مستەفا بارزانییدا، ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتیان بوژاندەوە و بە سەرۆکایەتی ئەحمەد تۆفیق ڕۆژی 1343/8/28 (1964/11/19) کۆنگرەی دووەمی حیزبیات پێکهێنا.

بۆ جاری دووەم کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هۆی ناکۆکیی ئەندامانییەوە توشی سەرلێشێواویی بوو، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، ئەمیر قازی، مامۆستا هێمن، کەریم حیسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، مەلا حەسەن ڕەستگار، یوسف ڕیزوانی و مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە "حەیاکی" بە هاوکاریی پارتی دیموکرات و مستەفا بارزانیی، دووبارە حیزبی دیموکراتیان بوژاندەوە. هەروەها سەرۆک بارزانیی لە بواری ئابووریدا، مانگانەی بۆ حیزبی دیموکرات بڕیبووەوە و تەنانەت کاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕیش، تا هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 دا، حیزبی دیموکرات بۆ دابینکردنی خەرجیی بنکەی پێشمەرگەکانی لە "هیران و نازەنین" و دواتر لە بناری قەندیل لە گوندی "ئاشقوڵکە"، یارمەتی ئابووری لە پارتی دیموکرات وەردەگرت.

مەلا ڕەسوڵ پێشنماز بەرپرسی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لەو سەردەمدا، سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕۆژی 1357/11/13 (2007/2/2) گوتی:

**- (هەموو مانگێک من خۆم بە نوێنەرایەتی حیزبی دیموکرات، پارەی دابینکردنی پێویستییەکانی بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبم لە پارتی وەرگرتووە.).**

بەو جۆرە، تا ساڵی 1975 و دواتریش تا گەڕانەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شۆڕشی 1979 ی ئێران، کێشەیەکی جیددیی لە نێوان ئەو دوو حیزبە برایەدا نەبووە. دوای گەڕانەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب لە عێراق و ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیاربوونی ڕیزبەندییەکانی سیاسی لە ئێران و کوردستاندا لە نێوان ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتدا، ناکۆکیی سەریهەڵدا.

هەموو دەزانین کە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، ئەندامان و لایەنگران و کوردە ئاوارەکانی باشوری کوردستان بە فەرمانی محەمەد ڕەزا شا، بەسەر شارەکانی ئێراندا بڵاوکرانەوە و ژمارەیەکی کەمیشیان کە خزم و کەسیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، لە شارەکانی کوردستان گیرسانەوە. بنەماڵەی بارزانیی و هەندێک لە بەرپرسانی پارتییش لە شاری کەرەج نیشتەجێ کران.

هەر وەک لە بەشی **"بزوتنەوەی کورد لە باشوری کوردستان سەرهەڵدەداتەوە"** دا گوتم: هێشتا ساڵێک بەسەر وەستانی شۆڕشی ئەیلولدا تێنەپەڕیبوو کە پێشمەرگە گەڕایەوە گۆڕەپانی خەباتی چەکدارانە و پارتی دیموکرات بە دیارییکردنی سەرکردایەتییەکی کاتیی (قیادەی موەقەت) لە 26 ی گوڵانی 1976 دا شۆڕشی گوڵانی ڕاگەیاند. هەروەها جەلال تاڵەبانیی، دوکتۆر فوئاد مەعسوم، دوکتۆر کەمال فوئاد و عەبدولڕەزاق میرزا "فەیلی" و چەند کەسێکی تر لە وڵاتی سوریا دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیان ڕاگەیاند. ئاڵۆزییەکانی بەر لە شۆڕشی 1979 ی ئێران ڕێی بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکرات خۆشکرد کە بزوتنەوەکە چڕتر بکاتەوە و گوشارەکانی بۆ سەر حکومەتی عێراق پتر بکات و بەشێک لە ئەندامانی بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیریان بکات و ناوەندەکەشی بگوازێتەوە بۆ ڕاژان.

بەر لەو ئاڵوگۆڕە، مام جەلال و بەشێک لە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانییش گەڕابوونەوە ناوچەی "نۆکان" و مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە "توژەڵە" بوون. بوونی مام جەلال لە ناوچەکەدا، زیانی زۆری بە پارتی دیموکرات گەیاند. مام جەلال خۆی وەک سەرکردەیەکی چەپ و هەڵگری بیری سۆسیالیستیی پێشاندەدا و ئەو مەسەلەیەش لەو سەردەمدا بۆ ڕێکخراوە چەپەکان موژدە و پشتیوانییەکی باشبوو کە دژایەتی پارتی و بنەماڵەی بارزانیی ناسیونالیست بکەن و بە لایەنگری ئەمریکا و ئیسرائیلیان بناسێنن.

حەوت ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، کۆبوونەوەیەک لە نێوان ژمارەیەک بەناو نوێنەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتی کاتیی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە شەوی 29 لەسەر 1357/11/30 لە ماڵی میرزا ڕەحیم خەرازیی کرا. بەشدارانی کۆبوونەوە کە بریتی بوون لە: مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، دوکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو، سەلاح موهتەدی و فوئاد مستەفا سوڵتانی و غەنی بلوریان بە نوێنەرایەتی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داریوش فروهەر، ئیبراهیم یونسی بانەیی، دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان، دوکتۆر محەمەد موکری، ئایەتوڵا نوری و ئەحمەد عەلی بابایی بە نوێنەرایەتی حکومەتی کاتیی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران. لەو کۆبوونەوەیەدا، نوێنەرانی کورد گەڵاڵەیەکی هەشت ماددەییان ئاڕاستەی نوێنەرانی حکومەتی کاتیی کرد کە دەقی خاڵی هەشتەمی بەم جۆرە بوو:

**- (8- بەو پێیە کە مەلا مستەفا بارزانیی و گروپی ناسراو بە قیادەی موەقەت بەکرێگیراوی ڕێکخراوی سیای ئەمریکا و ساواکی ئێران و میتی تورکیا بوون و هەن و هەموو خەڵکی کورد و تورک نەفرەتیان لێدەکات، هەر بۆیە لە دەوڵەتی شۆڕشگێڕمان دەوێت کە هەموو جۆرە پەیوەندیی و لێکنزیکبوونەوەیەك لەو دەستە و دایرەیە ببڕێتەوە و ڕێبەرانی خائینی ئەوان لە ئێران دەربکرێن، بەبێ ئەوەی کە ئەو سیاسەتە زیان بە بنەماڵەی پەنابەرە هەژارەکان بگەیەنێت.).**

ئەوە یەکەم هەنگاو بوو لە سەرهەڵدانی گرفتێک کە بە ناحەق دوکتۆر قاسملوو لەژێر کاریگەریی جەوی کۆبوونەوەکەدا حیزبی دیموکراتی توش کرد. دوای ئەو ڕووداوە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان نامەیەکی چەند لاپەڕەیی ئاڕاستەی مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی حکومەتی کاتیی کرد. لە نامەکەیدا داوای لە بازرگان کرد ئیدریس بارزانیی، مەسعود بارزانیی و سامی عەبدولرەحمان بداتەوە دەست یەکێتی نیشتمانیی کە لە دادگای شۆڕش لە چیاکانی کوردستان دادگایی و سزایان بدات. ڕۆژنامەی "آیندگان" ڕۆژی **1358/5/7 (1979/7/29)** دەقی نامەکەی یەکێتی نیشتمانیی بە ئیمزای جەلال تاڵەبانیی بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا نوسیویەتی:

**- (بەڕێز جەنابی ئەندازیار مەهدی بازرگان سەرۆکوەزیرانی بەڕێزی حکومەتی کاتیی شۆڕشگێڕی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەگەڵ سڵاوی شۆڕشگێڕانە، هیوادارین کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە بەردەوامیی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و گەشە بکات و بە هەموو ئامانجە پیرۆزە کانی لە ڕێی بەدیهاتنی خوێنی دەیان هەزار شەهید بگات. نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، کاتێک ئێوەی بەڕێز خەریکی خەباتی دژی ڕژێمی شا بوون، نامەیەکمان ئاڕاستە کرد و بە ناوی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هێزی چەکداری پێشمەرگەوە، پشتیوانیی تەواوی خۆمان لە شۆڕشی ئێران دەربڕی و ڕامانگەیاند ئەگەر ئیمام خومەینی ڕێبەری شۆڕش و سەرکردەکانی تری بزوتنەوەکە بیانەوێت و بە مەسڵەحەتی بزانن، بە هەموو شێوەیەک ئامادەین بە کردەوە بەشداریی خەبات بکەین و بەر لەوەش لە چەند نامەدا بۆ ئیمام خومەینی و ئایەتوڵا شەریعەتمەداریی و جەنابی دوکتۆر کەریم سەنجابی، ئامادەیی خۆمان ڕاگەیاندووە. هەروەها لیژنەیەکی ئێمە لە پاریس بە خزمەت ئیمام خومەینی گەیشت و لەگەڵ جەنابی دوکتۆر "یەزدی" گفتوگۆی کرد. ئێمە بەو ڕاستییەمان زانیوە کە ئەم بڕیارەمان بێگومان قین و توڕەیی ڕژێمی خائینی شا سەبارەت بە ئێمە پتر بەرز دەکاتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بیر و بۆچوونمان سەبارەت بە پێویستیی هاوکاریی و هاوخەباتییمان لەگەڵ شۆڕشی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە سەرووی هەمووانەوە شۆڕشی**

فەلەستین و شۆڕشی ئێران، شای خوێنڕێژ بە دوو شێوە دژەکردەوەی لە خۆی پیشاندا: لە لایەک هاوکارییەکانی لەگەڵ حکومەتی فاشیی بەغدا پەرەپێدا کە ئێمە بە سەبر و ئیمانی شۆڕشگێڕانەوە ڕووبەڕووی بووینەوە. شا بە هۆی هێزە چەکدارەکانییەوە بە ناوی سوپای شاهەنشاهی، کاتی دەرگیریی ئێمە لەگەڵ سوپای عێراق لە پشت بەرەی شەڕەوە لە ئێمەیاندا و دەیان کەسیان لە دۆستان و خەباتکارانمان گرت و تەسلیمی جەلادانی بەغدایان کردنەوە و هەموویان دادگاییکران و لە سێدارەدران. لە لایەکی ترەوە بەکرێگیراوە دێرینەکانی خۆی، واتە داروودەستەی بارزانیی خائینی بە ناوی "قیادە موەقەت" خستە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و بەگژ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی چەکدارانەی خەڵکی کوردیدا کرد لە کوردستانی عێراقدا. چاوخشاندنێک بە ناو دۆسیە و بەڵگەنامەکانی ئەرشیڤی ساواک، ژاندارمەریی و سوپا (کە بۆ ئێوەی بەڕێز و هاوکارە ڕێزدارە شۆڕشگێڕەکانتان دەست دەدات) پیشاندەدات کە هەم دەزگای ڕێبەرایەتی بارزانیی و هەم ئەوەی کە دواتر بە ناوی قیادە موەقەت پێکهات، بە پلان و دروستکراوی شا و ئەمریکا و مۆسادی ئیسرائیل بووە و لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک ژاندارمی شا و سەهیونیزم و ئیمپیریالیزم کەڵکی لێوەرگیراوە. هەروەها ئەم ڕاستییە لە چەندان بەڵگەنامەی تردا لەوانە ڕاپۆرتی "ئۆتیس بایک" لە کۆنگرەی ئەمریکا و ڕۆژنامەکانی ئەمریکایی و عەرەبیی و ئیسرائیلییدا کە کورتەیەکیان ئاڕاستە دەکەین، دەیسەلمێنێت. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ڕاکردنی بنەماڵە خوێنمژەکەی پەهلەوی، دیسان قیادە موەقەت لە لایەن سێ بەکرێگیراوی سیا، ساواک و مۆسادی ئیسرائیلەوە بە ناوی ئیدریس بارزانیی، مەسعود بارزانیی و محەمەد ئەحمەد عەبدولرەحمان ناسراو بە "سامی"، ڕێبەرایەتی کرا و وەک تابوری پێنجەم لە لایەن ئیمپیریالیزم و سەهیونیزم و دژەشۆڕشەکانەوە کەڵکیان لێوەردەگیرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلەیە، جێی داخ و سەرسوڕمانی فرەوانە کە دەوڵەتی بەڕێزتان کە هاوکار و هاوخەباتی نەتەوەی عێراقە بە عەرەب و کوردەوە و پشتیوانییەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هێزی

چەکداری پێشمەرگە لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، بەو جۆرە پاداشت و وەڵامیان بدرێتەوە و سیاسەت و بۆچوونەکانی شای خوێنمژ لە چوارچێوە یەکی ڕونتر و بەرینتردا، لە کۆماری ئیسلامییدا پیادەبکێت. ئەمڕۆ چەتەکانی قیادە موەقەت و بارزانیی کە لەژێر چاودێریی مۆسادی ئیسرائیل و ساواکی شای ئێران و سیای ئەمریکادا پەروەردەکراون و ڕێبەرانیان بەکرێگیراوانی ئیمپیریالیزم و سەهیۆنیزم و شان، بە ئازادیی لە ناو ئێراندا دەگەڕێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران لە داواکارییەکی هەشت ماددەییدا کە لە شاری مهاباد ئاڕاستەی نوێنەرانی حکومەتی کاتیی شۆڕشگێریان کرد، بەڕونیی داوای موحاکمەی ڕێبەرانی خائینی قیادە موەقەتیان کردووە. هەروەها هەموو هێزە شۆڕشگێرەکانی ئێران، لە ڕۆحانیەتی پێشکەوتووی وەک ئایەتوڵا خەڵخاڵیی و بەڕێز جەلالی فارسییەوە بگرە، تا دەگاتە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، چریکەکانی فیدایی خەڵکی ئێران و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تر، تێکڕا دەمامکیان لەسەر ڕوخساری خائینانەی قیادە موەقەت هەڵگرتووە و ڕایانگەیاندووە کە قیادەی موەقەت بە ئاشکرا هاوکاریی هێزەکانی سیا و دژەشۆڕشە شەیتانەکانی وەک پالیزبان و سەرۆک و ڕێبەرە کۆنەپەرستەکانی عەشایر دەکات. جەنابی سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆمانی دەزانین کە سەبارەت بە زیان و مەترسییەکانی سیاسەتی ناشۆڕشگێڕانەی هاوکارییکردنی قیادە موەقەتی سەر بە ساواک و سیا و مۆساد، هۆشیارتان بکەینەوە و ئاگادارتان بکەین کە ئەو مەسەلەیە لە بەرژەوەندی شۆڕشی ئێران و بزوتنەوەی نەتەوەی عێراق نیە بە عەرەب و کوردەوە. داواتان لێدەکەین هەرچی زووترە کۆتایی بەو سیاسەتە بهێنن و ڕێبەرانی خائین و جاسوسی قیادە بدەن بە دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، یان بە دادگای شۆڕشی عێراقیان بسپێرن کە لە چیاکانی کوردستان دەستی بە کار کردووە، تا بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی ئیدارەی دووەمی سوپا و ژاندارمەریی و ساواکی دەوڵەتی شاهەنشاهی کە ئێستا لە دەست حکومەتی شۆڕشگێڕ دایە و ڕاپۆرتی "ئۆتیس بایک" و وتاری ڕۆژنامەنوسە ناسراوەکانی عەرەب وەک "مامۆستا محەمەد

حوسێن هـەیکـەل" و دانپیادانـانی ڕۆژنامـەی "یـدیعوت ئـەحرونـوت" ی ئیسرائیلیی، موحاکمە و بە سزای خۆیان بگەن. هەر وەک چۆن خـائین و دژەشۆڕشەکانی تر و بەکرێگیراوانی سەر بەئیمپیریالیزم و سەهیۆنیزم و ڕژێمی شا لـە دادگاکـانی شۆڕشـی ئیسـلامییدا بـە سزاکانیان گـەیشتن. خیانەتی ئیدریس و مەسعود و سامی و جاسوسییکردنیان بۆ سیا و ساواک و مۆساد، بە هیچ جۆرێک لە خیانەتی ئەو خیانەتکارانە کەمتر نیە کـە لە دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامییدا ئیعدام کران، لەبـەرئـەوە بوونیـان بـۆ شۆڕشی ئێران و عێراق مەترسیدارترە لەو کەسانە. بۆیـە دەپرسین کـە چۆنـە ئـەوانە دەتوانن لـە هەموو وڵاتی ئێراندا بـە ئازادیی بگەڕێن و پلان دابڕێژن؟ یارمەتیدانی پەنابەرانی کوردی عێراق، جێی ڕێزە و ئێمە داوا دەکەین بە هـەر شێوەیـەک دەکرێت یارمـەتـی ئـەو ئاوارانـە بـدەن کـە ڕێبـەرە خائینـەکانیـان بوونــەتــە هـۆی ئـاوارەبوونیـان و ئـەمـڕۆ لــە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا لـە ئێران دەژین. لە هەموو ئـەوانـە سـەیرتـر ئەوەیە کە ئیدریس و مـەسعود بـارزانیی هـەر وەک چۆن لـە سـەردەمـی شای خوێنمژدا ببوون بە هۆی دەستبەسەرکردن و زینـدانییکردنـی دەیـان کەس-کە لەوانە حەوت کەسیان لـە براکانی ئێمە ئێستاش بێسەروشوێنن و لە بەڕێزتان داوا دەکەین کـە لـە دۆزینـەوەیانـدا یارمـەتیمـان بـدەن - ئێسـتاش لــە زۆربــەی ناوچــەکـان، لــەوانــە لــە "کرمـان" و "یــەزد" و شوێنەکانی تـر، بـە هـۆی بـەکرێگیراوانی بارزانییـەوە ئـەو پـەنابـەرانـە توشـی ئــازاردان و ڕاونــان و زینــدانیی و دەرکــردن بوونــەتــەوە و کـار گەیشتووەتە ئەوەی کە مـەسعود بـارزانیی و سـامی عـەبـدولرەحمـان بـۆ خۆیان پەنابـەرێکی کوردی عێراقیان بە ناوی "محەمەد هەرسین" لە شنۆ گرتووە و کوشتوویانە، چونکە ئەو نهێنییەکی زۆری دەربارەی دزییەکان و پـەیوەنـدیی بـارزانیی بـە ئیسـرائیلـەوە دەزانـی. بـۆ ئاگادارییتـان ئـەو محەمەد هەرسینە لەگەڵ سامی و مەسعود و "شەکیب عەقراوی"، خولێکی تایبــەتیـان لــە ئیسـرائیل بینیبـوو و تێکـەڵاوی کاروبـاری جاسوسـیی و ئەمنیەتیی بوون بـە سودی ئیسرائیل و لایـەنگرانـی. هـەروەهـا تـاقمی "پاراستن" دەسەڵاتدار بوو و لقێک بوو لە دەزگای هەواڵدەریی ئێران کە لە ناو کوردە شۆڕشگێڕەکاندا بە ئامانجی پاراستنی دەسەڵاتی بارزانیی

**و چـاودێرییکردن بـەسـەر بۆچـوونی لایـەنگرانـی ئیسـرائیل و شـاوە هەڵدەسوڕا. ئـەو تاوانبـارە جاسوسـانە، تـەنانـەت لـە سـەردەمـی شـادا نەیاندەتوانی بەو شێوەیەی ئێستا، بە ئاسانیی و بە ئاشکرا خەڵک بگرن و بیـانکوژن. ئایـا کردارێکـی لـەو جـۆرە لـە سایەی کۆمـاری ئیسـلامییدا سەرسوڕهێنـەر نیـە؟**

**بەڕێز جەنابی ئەندازیار بازرگان!**

**چونکە بەڕێزتـان سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن، بەگوێرەی ئایـاتـی (و.. تنفـع المـؤمنین)، ئـەم ڕاسـتییانـەی خـوارەوەتـان بـە بیـر دەهێنینـەوە: پەیوەندیی و بەستراوەیی داروودەستـەی بـارزانیی بـە شـای جەلاد و ساواک، وەک بەکرێگیراوێکـی تـەواوی لێهـاتبوو. تـەنیـا چـەک و پارەی نـەدەگرتـەوە، بـەڵکوو لـەگەڵ ئـەوانـەدا، ڕۆڵـی جاسوس و ژاندارمیان بۆ شا و ساواک دەگێڕا. لـەو ڕەوتـەدا، بـارزانیی و ئیـدریس و مـەسعودی کـوڕی و سـامی عـەبـدولرەحمـان سکرتێری قیـادەی مـوەقـەت و چـەنـد ڕێبـەریتری حیزبی بارزانیی بەشدار بوون و.. تد.).**

جگـە لـەو نامـەیـەی یـەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتان، چریکـی فیـدایی خەڵک "لقی کوردستان" یش لە نامیلکەیەکی 89 لاپەڕەییدا کە بە ناوی **"قیـادە موقـت چمـاق امپریـالیزم و ارتجـاع در کردسـتان"** بڵاویکـردەوە، پـارتی دیمـوکراتی بـە داردەسـتی ئـەمریکـا و ئیسـرائیل تاوانبـار کـرد. چریکی فیدایی لەو کتێبەیدا گەلانی ئێرانی هۆشیار کردەوە کە سەرۆک مسـتەفـا بـارزانیی و ڕێبـەرانی پـارتی دیمـوکرات ناسیونالیسـت و بەکرێگیراوانی ساواک و ئیمپریالیزم و سەهیۆنیستن.

لە لایەکی ترەوە پێشمەرگـەکانی یـەکێتـی نیشتمانیی کوردستان، وەک بـەشـێک لـە پێشـمەرگـەی ڕۆژهـەڵاتـی کوردسـتانیان لێهـاتبوو. لـەگـەڵ پێشـمەرگـەکـانی کۆمـەڵـە و خـەبات سـەردانـی گونـد و شـارە ئـازاد کراوەکانیان دەکرد و بە ئازادیی و بەبێ هیچ کێشـەیـەک لـە ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان دەسوڕانەوە. لە لایەک بەکری حاجی سەفەر، شەوکەتی حاجی مشـیر، مستـەفا چاوڕەش و ...تـد، فەرمانـدەیی شـەڕیان لـە دژی کۆمـاری ئیسلامیی لە ئەستۆ بوو و لە لایـەکی تـردا مـام جـەلال لـە وتـووێژەکانیـدا

لایەنگریی لە کۆماری ئیسلامیی و خومەینی دەکرد و پێشمەرگەکانیشی لە پەناوە لە پاسدارەکانیان دەدا و دەسکەوتی خۆیان دەبرد.
بە هەر حاڵ دوای بڵاوبوونەوەی نامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژنامەی "آیندەگان" دا، ڕۆژنامەی ئیتلاعات ڕۆژی 1358/7/26(1979/10/18) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئیدریس بارزانیی و مەسعود بارزانیی بڵاوکردەوە کە دەقەکەی بەم جۆرە بوو:
**- (ئیدریس بارزانیی لە سەرەتای وتوویژەکەدا سەبارەت بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران گوتی: بە ڕۆیشتنی شا لە ئێران، مەلا مستەفا بارزانیی بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئێران و پشتیوانیی لە حەزرەتی ئایەتوڵا خومەینی بکات و ئامادەیی خۆی بۆ هەموو چەشنە یارمەتیدانێک بە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ڕابگەیەنێت و لەو بوارەدا بروسکەیەکی بۆ ئیمام خومەینی و سەرۆکوەزیران و ڕێبەرانی تری شۆڕش نارد و نوێنەرانی خۆشی بۆ دیدار لەگەڵ ئیمام نارد بۆ پاریس. بە داخەوە مەرگ ماوەی نەدا کە لە نزیکەوە خزمەت بە شۆڕشی ئێران بکات. چونکە ئێمە میوانی میللەتی ئێرانین، بە هیچ شێوەیەک دەست لە کاروباری ناو ئێران وەرنادەین و داوا دەکەین گیروگرفتی گەلی کورد لە ڕێی وتوویژ و ئاشتییەوە چارەسەر بکەن. داوای ئێمە لە کوردەکانی ئێرانیش ئەوەیە کە هەوڵبدەن گیروگرفتی خۆیان بە ڕێی ئاشتییخوازانە و برایانە لەگەڵ ئیمام خومەینی چارەسەر بکەن و ڕێ نەدەن دوژمنانی میللەتی ئێران و دوژمنانی گەلی کورد کەڵکی خراپ وەربگرن. هەر چەشنە ڕێککەوتنێک لەم بوارەدا، یارمەتیدەرە بە یەکیەتی خاک و نەتەوەیی ئێران. ئێستا هەموو ئەوانەی کە ئێمە دەیبیستین لە چوارچێوەی ئیسلامیی و برایەتیدایە و هەروەک خوای گەورە لە قورئانیشدا دەڵێت: إنما المؤمنون إخوة" هەموو موسوڵمانەکان بران"، دیسانیش برای گەورە دەبێت لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەوە مافی برای بچوکی خۆی بدات، بەڵام ڕادەی دروستیی ئەو مافە لە لایەن نوێنەرانی ڕاستینەی گەلی کورد و دەوڵەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دیارییدەکرێت. ڕەنگە دوای خودموختاریی هەندێک گیروگرفت سەرهەڵبدات، بەڵام ئومێدەوارین بە هۆشیاریی هەموو خەڵکی ئێران،**

گرفتەکان چارەسەر بکرێن. ئەو خودموختارییەی کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردەکانە، بەڵام بوارەکانی سەربازیی، ئابووری و سیاسەتی دەرەوەیان لە دەست حکومەتی ناوەندییدا دەبێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی بارزانیی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیی، ئیدریس و مەسعود بارزانیی دەڵێن: هێزەکانی جەلال تاڵەبانیی لە هەلی بەدیهاتوو، زۆر کەڵکیان وەردەگرت. تاڵەبانیی لە ساڵی **1964** وە دژایەتی ئێمە دەکات، چونکە لەو ساڵەدا قبوڵیکرد کە دژی نەتەوەی خۆی هاوکاریی دەوڵەتی عێراق بکات. لە لایەکی ترەوە ئەو لە ساڵی **1961** وە بە نهێنی و بە بێ ئاگاداریی بارزانیی، پەیوەندیی لەگەڵ شای پێشو دامەزراندبوو. "عیسا پژمان" یەکێک لە ئەفسەرانی ساواک ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان تاڵەبانیی و ساواک بوو. تاڵەبانیی لەو ڕێککەوتنەدا کە ساڵی **1963** لە "ماوەت" بە هاوبەشیی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئێران و عێراق و سوریا پێکیهێنابوو، بەڵێنی دابوو کە هەموو هێزە چەکدارەکانی کورد پەک بخات و لەمپەر بخاتە بەر بەڕێوەبردنی فەرمانی بارزانیی سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد دژی دەوڵەتی عێراق. ساڵی **1964** بارزانییەکان بڕیاریاندا لەگەڵ ڕژێمی عێراق وتووێژ بکەن، چونکە ڕژێمی ئێران دژی وتوویژکردنی بارزانیی و عێراق بوو، تاڵەبانیی هەوڵیدا کوردەکان دژی وتوویژ ڕابپەڕێنێت. دواتر کە پلانگێڕییەکانی تاڵەبانیی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ئاشکرا بوو، تاڵەبانیی و هەڤاڵانی ڕایانکرد بۆ سەردەشت و تیپێکی سوپای ئێران پشتیانگرت و تاڵەبانیی بە هاوکاریی ڕژێمی عێراق بوو بە هۆی کوژرانی هەشت هەزار پێشمەرگە و سوتانی **400** گوندی کوردان. ساڵی **1970** کە ڕێککەوتنی **11** ی مارس لە نێوان بارزانیی و سەدام حوسێندا ئیمزا کرا، دووبارە داوای لێبوردنی کرد و تاڵەبانیی و لایەنگرانی گەڕانەوە بۆ کوردستانی عێراق. دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی **11** ی مارسدا، عێراقییەکان گەڵاڵەیەکیان بۆ خودموختاریی کوردستانی عێراق ئامادە کرد کە تەنیا ناوەکەی خودموختاریی بوو، ئەگەر ئێمە قبوڵمان بکردایە، بە خیانەت بە نەتەوەی کورد بە حساب دەهات. چونکە ئەو کاتە

دەوڵــەتــی عێــراق چــەکــی زۆر پێشــکەوتووی هــەبــوو، ئێمــە توانــای بەربەرەکانییمان لەگەڵی نەبوو، بە ناچار لە دەوڵەتی ئەوکاتەی ئێران کە دژی دەوڵەتی عێراق بوو، یارمەتیمان وەرگرت. ئـەوەش بـەو واتـەیـە نەبوو کە ئێمە شامان قبوڵە. شا بەڵێنیدا کە یارمـەتـی نـەتـەوەی کـورد بدات. بە داخەوە کار لە نیوەدا بوو کە شا لە "مەدرید" چاوی بە سەدام حوسێن و "کیسێنجەر" کەوت، تا بە هاوکاریی ئەمریکا بزوتنەوەی کورد لەناو ببات، بە مەرجێک عێراق پشت لـە ئۆردووگـای ڕۆژهـەڵات بکـات و یارمەتی شا و ئەمریکا بدات لـە ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاستدا. دەڵـێن بـۆچی مـەلا مستـەفـا بـارزانیی چـووەتـە ئـەمریکا؟ بـۆچی چـوو؟ بـۆ ئـەوەی کـە نەخۆشیی شێرپەنجەی هەبوو. بۆ هەر جێیـەک دەچـوو، دەوڵـەتی ئێـران بەرگریی لێدەکرد، جگە لە ئەمریکا. بۆیە بـۆ دەرمـانـی نـەخۆشـییەکـەی ناچار بوو بچێت بۆ ئەمریکا و دوای ماوەیەک ویستی بچێتە یەکێک لـە وڵاتانی بریتانیا، سوید، سویسرا و فەرەنسە. ئەو دەوڵەتانە بە مەرجێک ئامادەبوون کە ڤیزای بـدەنـێ کـە دەوڵـەتـی عێـراق هـاودەنگیی لـەگـەڵ بکات، ئەوە بوو کە بە ناچار لە ئەمریکا مایەوە. ... ئیدریس بـارزانیی و مـەسعود بـارزانیی سەبارەت بـە پـارتـی دیمـوکراتـی کـوردسـتـان و حیزبـی دیموکراتی کوردستانی ئێران گوتیان: ڕێکخراوەکـانـی پـارتـی دیمـوکراتـی کوردستـان و بـەڕێوەبـەرایـەتییـەکـەی لـە عێـراقن و لـە هـەنـدێک ناوچـەی سنوری عێـراق لـەگـەڵ ئێـران خـەبـات دەکـەن و هـەنـدێک لقیشـیان لـە ئـەوروپا هەیە، بەڵام حیزبی دیموکراتـی کوردستان کە لە مهاباد چالاکە، پەیوەندیی بە ئێرانـەوە هەیـە، ئێمـە پـەیـوەنـدیی دۆستـانـەمـان لـەگـەڵ ئـەوان و کـوردەکـان هـەیـە و بـەرپرسـی کـاروبـاری حیزبـی دیمـوکراتـی کوردستان لە ئێران نین.).

مـەبـەسـت لـە ئـامـاژەکـردن بـۆ ئـەو دوو وتـووێژانـە، ڕونکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵە گیروگرفتەیە کە لەو سەردەمەدا لە نێوان ڕێکخـراوەکـانـی کـوردی ڕۆژهەڵات و پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو، بۆ نمونە:

1- سەنار مامەدی و ڕەحمان کـەریمـی دوای جیابوونـەوەیـان لـە حیزبـی دیمـوکرات و دەرکردنیـان لــە پیلینـۆمی 16- 1360/1/20 ی کۆمیتـەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە ڕاگەیانراوێکی هاوبەشدا لە

گەڵ جهانگیر ئیسماعیل زادە، پاڵیان بە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتەوە دا و کران بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەیڕەو. بەو بۆنەیەوە سەنار ناوچەکەی خستبووە دەست پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودە.

2- پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرامبەر حیزبی دیموکراتدا، لایەنگریی لە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم دەکرد.

3- ڕەحمان کەریمی و سەنار مامەدی لە لایەن سوپای پاسدارانی ورمێوە فریودرابوون کە خودموختارییان دەدەنێ و سوپای پاسداران پلانی بۆ دارشتبوون کە ناوچەکەیان پێ ئاڵۆز بکات.

4- ڕژێمی عێراق داوای لە دوکتۆر قاسملوو کردبوو کە ڕێ بە پێشمەرگەی هێزە سیاسییە عێراقییەکان نەدات کە لە کوردستانی ئێرانەوە دزە بکەنە ناو خاکی عێراق. بەر لەوەی کە ڕەحمان کەریمی لە حیزبی دیموکرات جیا ببێتەوە و بچێتە لای سەنار، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و فەرماندەی هێزی پیرانشار بوو. دوکتۆر قاسملوو لە نامەیەکی ڕۆژی 1359/3/10 دا بۆی، ئامادەیی خۆی ڕاگەیاندبوو بۆ ڕێگرتن لە هێزەکانی عێراق کە ڕێیان پێنەدات دزە بکەنە ناو خاکی عێراقەوە. ڕەحمان کەریمی نامەی دوکتۆر قاسملووی دابوو بە حیزبی تودە و ئەوانیش ڕۆژی 1359/4/16 نامەی دوکتۆر قاسملوویان لە ڕۆژنامەی "مردم" ژمارە 302 دا بڵاوکردبووەوە، پارتی دیموکرات لە ڕێی ڕەحمان کەریمی و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی تودەوە، زانیاریی لەسەر ئەو مەسەلەیە هەبوو.

کاک جەلیل گادانیی لە لاپەڕەی 283 ی "50 ساڵ خەبات" دا دەڵێت: **(با وەبیر بێنینەوە کە بە داخەوە ماوەیەک پێش ئەو شەڕە"مەبەست لە شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتە کە لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم- نوسەر"، ڕۆژێک سەید رسول دهقان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی ئەو کاتەی هێزی ئاوارە، چووەتە دەفتەری سیاسی حیزب، لەگەڵ دکتور قاسملوو و جەلیل گادانی دانیشتووە و وتوویەتی حەسۆ میرخان دەڵێت حەز دەکەین میحوەری**

**پیرانشـار و سـەردەشـتمان بـۆ چـوڵ بکـەن و ئێمـە بێینـە نـاوی، ئـەگـەر چۆڵیشی نەکەن، ئێمە بە زۆر دەیگرین!)**

دوو ڕۆژ بـە دوای تـاوانـی دەرهێنـانـی تـەرمـی بـارزانیی، واتـە ڕۆژی 1360/4/10 دەفتـەری سیاسـی حیزبـی دیموکرات لیژنـەیـەکی سیاسیی و سەربازیی بە سەرۆکایەتی ڕەحمان حاجی ئەحمەدی و ئەندامەتی تـاهر عـەلیار و بـاقی نەغـەدە لـەگـەڵ پـەنجا پێشـمەرگەی لکـێ سـێی هێـزی پێشـەوا بـە فەرمانـدەیی کـەریم کاکـە سوریی "کـەریم خاڵـدار" و پـەنجا پێشمەرگەی هێزی پیرانشار بە فەرمانـدەیی "سلێمان بـاریکیی" ڕەوانـەی ناوچەکانی برادۆست و ئارارات کـرد کـە لـەو پێشـمەرگە و کادیرانـەی کـە لـەگـەڵ سـەنار مامـەدی نـەکـەوتوون، کۆمیتـەی ئارارات و هێـزی قارەمـان ببووژێننـەوە. دواتر سەنار مامەدی چەک بکەن.

هاوکــات لـــەگـــەڵ ئـــەو گیروگرفتانـــە، بـــەیـــانیی ڕۆژی 1360/4/10 (1981/7/1) ڕێکخـراوی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە شـنۆ، دەفتـەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاگاداردەکاتەوە کە شەوی ڕابردوو تـەرمی بارزانییان لـە گۆڕەکـەی هێنـاوەتـە دەر و ویستوویانـە بیبـەن، بـەڵام سەرنـەکەوتوون. دەربارەی دەرهێنـانـەوەی تـەرمی مستـەفا بـارزانیی ڕۆژی 2008/2/29 لـە دانیشتنێکی دۆستانـەدا لـەگـەڵ ئیسماعیل ماملێ، گوتی:

**- (مـن بـەرپرسـی کۆمیسـیۆنی کاروبـاری کۆمـەڵایـەتـی حیـزب بـووم. ژمـارەیـەک پێشـمەرگـە بـە سـەرۆکایـەتی فـەرعـان لـەژێـر چـاودێریی ڕێکخـراوی شـنۆدا ئـەرکـی ئاساییشـی شـاریان بـەڕێوەدەبـرد. کـاتژمێر نزیکەی 11:00 ڕۆژی 1360/4/10 من لـە ئینتزامات بـووم کـە ژنێکـی لاڵ هات، ئێمە لێی تێنەدەگەیشتین، بەڵام ئەو بە ئاماژە تێیگـەیانـدین کـە لەگەڵی بڕۆین. بە ئوتۆمبێلێکی جیپی سەرئاوالا لەگەڵی چووین. ئێمەی بردە گردێکی نزیک "سەیدئاوا" کە لـە کۆنـەوە گۆڕستانی بارزانییـەکان بوو، تـەرمی مەلا مستـەفاش لـەوێ بەخـاک سپێررابوو. ژنـە لاڵـەکە ئێمـەی بردە سەر گۆڕی بارزانیی کە بینیمان گۆڕەکـە هـەڵـدراوەتـەوە و بـە لای قاچیدا تـەرمەکەیان ڕاکێشاوە و دەریانهێناوە! ژنـەکـە چووبـوو بنـەدار و تـەپاڵـە کۆبکاتـەوە کە نزیکـەی 20- 30 مـەتر لـە گۆڕەکـەوە سەرەولێژ بوو، تـەرمی بارزانیی لـە ناو کۆمـەڵە دوودڕێکدا دەبینێت. شـەوێک بـەر لـەو**

ڕووداوە، دوکانی شیرینیی فرۆشیی میزرا ڕەحمانی شەفیعی سوتا و ئێمە چووبووین ئاگرەکە بکوژێنینەوە. ڕەنگە ئەوانەی گۆڕەکەیان هەڵداوەتەوە و تەرمەکەیان دەرهێناوە، هاتوهاواری کوژاندنەوەی ئاگری دوکانی میرزا ڕەحمان ترساندبنی و وایان زانیوە کە ئاشکرا بوون، نەیانتوانیوە تەرمەکە لەگەڵ خۆیان ببەن.

"مەحمود ڕەحمەت پور" خەڵکی گوندی "نەلۆسێ" کە دواتر بوو بە جێگری فەرماندەی هێزی سمکۆ و لەگەڵ سەروان "حاتەمی دوعاخوان" فەرماندەی هێزی نەحۆ لە کێلەشین لە شەڕی قیادە موەقەتدا شەهید بوو، لە بروسکەیەکدا ڕووداوی دەرهێنانی تەرمی بارزانیی بە دەفتەری سیاسی ڕاگەیاند. دوکتۆر سادق شەرەفکەندیی هاتە سەر بێسیم و قسەی لەگەڵ کردین. زۆر ناڕەحەت بوو، گوتی بە توندیی ئەو کردەوەیە مەحکوم بکەن.

تەرمەکەمان هێنایەوە نزیک گۆڕەکە. دەرهێنەرانی زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردبوو، کفنەکەی زۆر خاوێن بوو. چەند مەلا دەیانویست کفنی بکەنەوە و بیخەنەوە ناو گۆڕەکەی، سەریان کردەوە، هەردوو دەستی لەسەر سنگی لەسەر یەک دانرابوو، لەبیرم نیە کام دەستی لەسەر دەستەکەی تری بوو. چۆک و سەری پەنجەکانی پێی هەندێک تێکچوو بوون، بەڵام سەر و ڕووی بە تەواویی وەک خۆی مابوو، هەندێکیش ڕیشی هەبوو.

ڕەحیم میران یەکێک بوو لە باوەڕپێکراوانی بنەماڵەی بارزانیی و گۆڕی مەلا مستەفا و بارزانییەکانی تری بەسەر دەکردەوە و ماڵەکەشی لە نزیک گۆڕستانەکە بوو. یەکەم کەس کە ئێمە گومانمان لێکرد، ڕەحیم میران بوو. مەحمود لێیپرسی چۆن ئەو گۆڕەیان هەڵداوەتەوە و تۆ لە کوێ بوویت؟ گوتی من شەشی بەیانیی هاتوومەتە ماڵەوە و هیچ شتێکم بەرچاو نەکەوتووە و گۆڕەکەش دەستی لێنەدرابوو. بەو قسەیەی گومانمان لێکرد کە کاری خۆی بێت.

هەواڵەکەمان بە بەرپرسانی پارتی لە "ڕاژان" گەیاند، وەک بزانم نیهاد بارزانیی هات و گوتی تەرمەکە لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆ ڕاژان و لەوێ بە خاکی دەسپێرین. ئێمە تا سنوری نزیک مەرگەوەڕ کە بە دەست

**پێشمەرگەکانی حیزبەوە بوو، لەگەڵ تەرمەکە ڕۆیشتین و لەوێوە خۆیان بردیان. حیزبی دیموکرات مەسەلەکەی بە تاوان "جنایەت" ناوبرد و لەگەڵ قیادە موەقەت کۆمیتەیەکمان پێکهێنا کە شوێن ڕووداوەکە بکەوێت و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدۆزێتەوە، کەچی ڕادیۆی قیادە موەقەت حیزبی دیموکراتی بە بەرپرس دانا و وەک بزانم داوای (9) کەسی کرد کە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات.).**

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی بە بەرپرسی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی ناساند و دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتیش دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی بە شانۆگەرییەک ناوبرد لە خزمەت ئامانجێکی شەیتانییدا کە بە دەستی چەپەڵی دارودەستەی قیادە جێبەجێکراوە.

سەرئەنجام بە ناوبژییکردنی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کوردستان، هەردوو لایەنی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکرات ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەک کە لە تاوانەکە بکۆڵێتەوە. کاری لیژنەکە هەر لە سەرەتاوە شکستی هێنا، چونکە حیزبی دیموکرات بە ئاشکرا "ڕەحیم میران"ی تاوانبار کرد، ئەویش دوای دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی، پەنای بۆ پارتی دیموکرات بردبوو کە نەک حیزبی دیموکرات بە کوشتنی ئەو، تاوانەکە بخاتە ئەستۆی ئەو، پارتی دیموکراتیش چەند بەرپرسی حیزبی دیموکراتی دەویست کە لیژنەکە لێیان بکۆڵێتەوە کە حیزبی دیموکرات ئامادەنەبوو.

سەرئەنجام مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە لە حیزبی دیموکرات، مامۆستا "ڕەوەند- تاهیر" لە حیزبی شیوعی عێراق و مامۆستا "بارزانی مەلا خالید" لە پارتی سۆسیالیستی کوردستان دیارییکران کە لەو تاوانە بکۆڵنەوە. شایانی باسە مامۆستا ڕەوەند لەو لێکۆڵینەوەیەدا نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتیشی دەکرد. بۆ ئاگاداربوون لە ئەرکی ئەو لیژنەیە، ڕۆژی 2009/8/11 دوای نزیکەی ساڵ و نیوێک هەوڵدان، سەرئەنجام لەگەڵ دوکتۆر جەمشید حەیدەریی بە تەلەفۆن پەیوەندییم بە مامۆستا ڕەوەندەوە "تاهیر" کرد و سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەیە و دۆزینەوەی تاوانباران پرسیارم لێکرد. ئەویش لەو بارەیەوە گوتی:

- (بۆ دۆزینەوەی تاوانبارانی بێحورمەتی کردن بە تەرمی مەلا مستەفا بارزانیی، لیژنەیەک پێکهات کە من لە حیزبی شیوعی، مامۆستا بارزانی مەلا خالیدی لە حیزبی سۆشیالیست و مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی بووین. بڕیار وابوو کە کەسێکیش لە پارتی دیموکرات ببێتە ئەندامی ئەو لیژنەیە، کەچی کاتێک من لەگەڵ ئەبو فاروق "عومەری شێخ عەلی" چووینە خزمەت کاک مەسعود بارزنی و شەهید ئیدریس بارزانی، ئەوان وتیان مادام تۆ ئەندامی لەو لیژنەیەدا، نوێنەرایەتی ئێمەش بکە. چووین بۆ شنۆ و دوو ڕۆژ میوانی مامۆستا حەسەنزادە بووین لەماڵی کاک حوسێن مەدەنی بەرپرسی کۆمیتەی شنۆی حیزبی دیموکرات و لەوێوە سەردانی مەزاری بارزانییمان کرد. هەروەها لەگەڵ ئەبو فاروق چووین بۆ مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکرات و لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندیی و مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە کۆبووینەوە. لەو دانیشتنەدا هەر وەک ئێمە حیزبی شیوعی، پێشبینییمان دەکرد، نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک، ئێمە لامان وا بوو کە بەعسییەکان ئەو تاوانەیان کردووە. بە دوکتۆر قاسملووم گوت پێمخۆشە بچینە لای بارزانیی، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو، گوتی من ڕێزی زۆرم بۆ مەلا مستەفا هەیە و هەردەم ئەوم بە سەرکردەی گەلی کورد زانیوە و قەت بڕیار نادەم کە بێحورمەتی بە تەرمی بارزانیی بکرێت، دیارە ئەوەش بۆ پێخۆشبوونی مەسعود و ئیدریس ناڵێم.).

بۆ ڕونکردنەوەی پتری مەسەلەکە لە سوید پەیوەندییم بە مامۆستا بارزانی مەلا خالیدەوە کرد و لەو بارەیەوە گوتی: **(سێ جار بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دەرهێنانەوەی تەرمی سەرۆک بارزانیی لەگەڵ مامۆستا ڕەوەند بەرپرسی حیزبی شیوعی لە ڕاژانەوە چووین بۆ شنۆ. جاری یەکەم "چەکۆ"مان بینی، گوتی کەس لێرە نیە کە چاوتان پێی بکەوێت. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە دوکتۆر قاسملوو لە مزگەوتێکی شاری شنۆ کۆبوونەوەی هەبوو. جاری دووەم چووینەوە و لەگەڵ مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە دانیشتین. پروتۆکۆڵێکمان ئیمزا کرد کە هەر کەسێکمان بوێت، ئەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین. عەبدوڵا ئاسنگەر ئەمیر هێزی**

بەرگریی حیزبی دیموکراتمان لەگەڵ بوو. شەو چووینە ماڵی حوسێن مەدەنی. مەلا عەبدوڵاش لەوێ بوو، شاهۆ هات و گوتی: "دەزانیت ئێمە بۆچی هاتووین؟ بە ئیدریس و مەسعود بڵێ، پیاو بن ئەگەر نا، دێین لە ڕاژانەوە فڕێیاندەدەینە ورمێ". من گوتم تۆ معاون شورتەی و شەڕ نازانیت، مامۆستا حەسەنزادە گوتی بە تەواویی ڕاستە.

جاری سێیەم چووینەوە لای حەسەنزادە. زۆر ڕێزی گرتین، بەڵام ئامادە نەبوون دەقی پروتۆکۆڵەکە جێبەجێبکەن، چونکە تیایدا هاتبوو کە هەرکەسێک ئێمە بمانەوێت، دەتوانین لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین. ئێمە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە و چەند کەسی ترمان ویست، بەڵام ئەوان بۆیان ئامادە نەکردین. دەرهێنانەوەی تەرمی سەرۆک بارزانیی هەستی هەموو کوردێکی بریندار کرد.

وەک ئێمە بیستمان کاکلی حەمە ئاغا کە لە جاشێتییەوە کرابوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا و دواتر کرا بە پارێزگاری سلێمانیی و لە ڕاپەرینەکەدا کوژرا، فەرماندەی عەمەلیاتی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانی بوو. لە هەر حاڵەتێکدا حیزبی دیموکرات دەیتوانی تاوانبارەکە بدۆزێتەوە، بەڵام هەوڵی بۆ نەدا. لەوانە بوو بە دانیشتنێکی دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ کاک ئیدریس کە بەرپرسی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە بوو، مەسەلەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو، تەنانەت وەڵامی ئێمە بداتەوە. بەرپرسی ڕێکخراوی دزەی نارد تا لەگەڵ کاک مەسعود دابنیشێت، تەنانەت دەیگوت: "ئەگەر پارتی هەڕەشە بکات، بە شەش میلیۆن وەڵامی دەدەمەوە." حیزبی دیموکرات زۆر غروری هەبوو، دیسان دەڵێم ئەوان دەیانتوانی تاوانبارەکە بدۆزنەوە و خەمەکان سارێژ بکەن و نەیانکرد. تەرمەکەیان لەناو دوودڕکان دانابوو، لە کاتێکدا دەیانتوانی هەرئەو شەوە بیگوازنەوە بۆ بێرکمێ کە بنکەی سوپای عێراقی لێبوو.).

بۆ ناسینی کاکلی حەمەئاغا و کردەوەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، باشترە گوێ لە سلێمان "خۆشناو" جێگری ئەو کاتەی هێزی ئاوارە بگرین کە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا گوتی:

- (کەسێک بە ناوی "ڕائد کاکل" لە پێگەی شیوەڕەشەوە گروپێکی لە کوردستاندا ڕێکخستبوو. بۆمبی دەنارد و ئەوانیش دەیانبرد لە ئێران

**دەیانتەقاندەوە، تەنانەت بۆمبەکانی "کاکل" گەیشتنە نوێژی هەینیی تارانیش. ڕۆژێک ئاگاداریان کردین کە بۆمبیان لەژێر پردی "سێ گرکان" شاردووەتەوە و پیاوانی کاکل دێن دەیانبەن. ئێمەش بڕیارماندا کە بە بێدەنگیی چاودێریی بۆمبەکان بکەین و ئەگەر کەسێک بۆ بردنیان هات، دەستگیری بکەین. دوو ڕۆژ تێپەڕی و کەس نەهات، دەرکەوت لەناو خۆماندا ئەوانیان ئاگادارکردووەتەوە، بۆیە ناچاربووین کە بۆمبەکان بهێنین و پوچەڵیان بکەینەوە. تەنانەت ڕۆژێک لەو پێگەیەوە ژمارەیەک جاشیان ناردبوو کە بچنە سەر دوو بنکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گوندەکانی "زێوە" و "کونەلاجان"، بەڵام کەوتنە کەمینی ئێمەوە و ژمارەیەکمان کوشت و چەند جاشێکیشمان دەستگیر کرد. دوایی دەفتەری سیاسی گیراوەکانی گەڕاندەوە.).**

بە هەر حاڵ دوژمن تاوانبارکردنی سەید ڕەسوڵی دهقان و ڕەحیم میران شتێکی ڕواڵەتیی بوو بۆ سارێژکردنی برینەکە، چونکە ئەگەر ڕەحیم میران دەستی لە دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانییدا هەبووایە، دەیتوانی بۆ هەر جێیەک بیەوێت، تەرمەکە ببات. ئەو مەسەلەیە سەید ڕەسوڵ و بەرپرسانی تری حیزبی دیموکراتیشی دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەید ڕەسوڵ هەستێکی تایبەتیی هەبوو سەبارەت بە سەرۆک مستەفا بارزانیی و هەرگیز ئەو هەستەی نەدەشاردەوە.

لەو ڕوانگەیەوە کە تاوانەکە لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەرپرسیاریی حیزبی دیموکراتدا کرابوو، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات و بە تایبەتیی شەخسی دوکتۆر قاسملوو، دەبووایە بە هێمنیی هەڵسوکەوت بکات و نەهێڵێت پتر لەوە هەستی ئەندامان و لایەنگرانی پارتی و سەرۆک بارزانیی و بنەماڵەکەی بریندار ببێت، کەچی دوکتۆر قاسملوو نەرمیی پێشاننەدا. هەروەها بوونی پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و ئاوارە و سمکۆ و ئەفشینیش لە ناوچەکە پتر کێشەکەی ئاڵۆز کرد. دوکتۆر قاسملوو لە جیاتی نەرمیی نواندن، ئەم ڕاگەیانراوەی خوارەوەی بە ناوی **"مەسەلەی دزرانی تەرمی مەلا مستەفا بارزانیی"** بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتەوە لە مانگی ڕەزبەری 1360 (1981) بڵاوکردەوە. بۆ ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز دەقی ڕاگەیانراوەکەی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە لاپەڕە 44 - 49 ی نامیلکەی کۆمیتەی ئینتشارات و تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتدا بڵاوکراوەتەوە:

**مەسەلەی دزرانی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی**

پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو باسە پێویستە بگوترێ دوو ساڵ و نیو پێش ئێستا کاتێک مەلا مستەفا بارزانی لە ئەمریکا و لە ماڵی دۆستە خۆشەویستەکانی مرد. لەگەڵ ئەوەی وەک لە پێشەوە باسمان کرد لە ئێران و بەتایبەتی کوردستان دا بیروباوەڕی دژی قیادە زۆر بەهێزبوو، حیزبی ئێمە موافەقەتی کرد کە جەنازەی بارزانی بێننەوە شنۆیە و بە خاک بسپێررێ. لە ڕۆژی ناشتنی تەرمی بارزانیش دا خەڵکی بەشەرەفی شنۆیە زۆر پیاوانە میوانداری دەیان هەزار کوردی عێراق و ئێرانیان کرد کە هاتبوونە گۆڕستان. ئەندامانی حیزبی ئێمەش هەموو جۆرە خزمەت و هاوکارییەکیان بۆ ناشتنی تەرمی بارزانی بەکار هێنا. دیارە بۆ ئێمە تا ئێستا ڕون نەبوو کاتێک بارزانی کە لە ئەمریکا مردوە و حکومەتی عێراقیش بە ڕەسمی ڕێگای داوە بیبەنەوە لە عێراق بینێژن چۆنە کە لەنێو ئەو جێگایەی لێی مردووە و ئەو جێگایەی لێی لەدایک بووە، جێگایەک و وڵاتێکی دیکە بۆ ناشتنی تەرمەکەی هەڵدەبژێرن. ئەگەر مەبەست ئەوەی کە گویا وەختێک بیبەنەوە عێراق خۆ ئەگەر لە ئەمریکاش نێژرابایە ئیمکانی ئەو کارە هەر هەبوو. کی دەزانێ داروده ستەی بارزانی هەر ئەودەم بۆ وەیان تەرمی بارزانی نەهێناوەتەوە ئێران کە لە ڕۆژێکی پێویست دا شانۆیەکی وەک ئەمساڵ بکەن و بیکەنە بیانووی پەلامار بۆ سەر خەڵکی کوردستانی ئێران؟ لەوانەشە ئەو وەخت شتی وایان بە نیازدا نەهاتبێ، بەڵام تازە دەستیان لەوە هەڵگرتبێ کە جارێکی دیکە بچنەوە عێراق و بۆیە بیانەوێ گڵکۆی بارزانی لە نزیک خۆیان بێ و هەر وەختیش ویستاین بە هۆی ئەوەوە پەنابەرەکانی کوردی عێراق لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە. بە هەر حاڵ بێینە سەر باسەکە. ڕۆژی دەی پووشپەڕی ئەم ساڵ لە شنۆوە خەبەر بە بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە گەیشت کە تاقمێکی خۆفرۆش و خوانەناس بە شەو گڵکۆی مەلا مستەفا بارزانیان داوەتەوە و تەرمەکەیان دزیوە. بەڕێوەبەرایەتی حیزبی ئێمە زۆر بەو خەبەرە نارەحەت بوو و بە ڕەسمی لە دەنگی

کوردستانی ئێرانەوە ئەو تاوانەی وەک کردەوەیەکی دژی ئینسانی و دژی ئیسلامی مەحکوم کرد. بە خۆشییەوە هەر ئەو ڕۆژە خەبەر گەیشت کە تەرمەکە دۆزراوەتەوە و بە حورمەتەوە تەسلیمی بنەماڵەکەیان کراوەتەوە. دیسان کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا کە لەو کارەساتە بکۆڵێتەوە و تێبکۆشی ئەو تاوانبارانە بدۆزێتەوە و بە سزای خۆیان بگەیەنێ. لەو بارەوە ڕێنوێنی و دەستووری پێویست بە کۆمیتەی شارستانی حیزب لە ناوچەی شنۆش درا. بەڵام زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتمان دارودەستەی قیادە و لە سەرووی هەمووانەوە مەسعود بارزانی کە گویا سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە زۆر شێتانە و بێشەرمانە دەستیان کرد بە بەیاننامە دەرکردن و درۆ و بوختان هەڵبەستن بۆ حیزبی ئێمە کە گویا دزرانی تەرمی بارزانی بە ئاگاداری و دەستووری حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. هەر بە دوای ئەو درۆ و دەلەسەیەشدا بە ڕەسمی هەڕەشەیان کرد کە ئەو کارە بێ سزا ناچێ و یان روحیان لەبەر دانابێ یان قینی دڵیان بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەڕێژن. ڕادیۆ شرەکەیان کە بە ئیمکاناتی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی لە مەرگەوەڕی ناوچەی ورمێ دامەزراوە لێکدا لێکدا دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی تۆمەت و بوختانی بێشەرمانە لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. تەنیا جوابی ئێمە بۆ ئەو هەموو درۆ و دەلەسەیەی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم ئەوەندە بوو کە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانە وە ڕامان گەیاند. ئێمە دەرهێنانی تەرمی بارزانی جارێکی دیکە مەحکوم دەکەین و بە هەموو تواناشمانەوە بۆ دۆزینەوەی تاوانباران تێدەکۆشین، بەڵام ئەگەر هێندێک کەس بیانەوێ ئەو ڕووداوە بکەنە بیانوو بۆ ئاژاوەنانەوە لە ناوچەی شنۆ و ورمێ دەبێ بزانن کە لەگەڵ هێزی یەکگرتووی شەش میلیۆن کوردی ئێران بەرەوڕوو دەبن. پاش نێوبژی کردنی هێندێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر داوا و پێشنیاری ماڵی بارزانی! بڕیاردرا کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە نوێنەرانی حیزبی ئێمە و قیادە و ئەو هێزە کوردستانی یانە بۆ لێکۆڵینەوە لە کارەساتەکە پێک بێ. کەچی کاتێک ئەو کۆمیسیۆنە لە شنۆ کۆبووەوە،

هیچ نوێنەرێک لە لایەن قیادەوە نەهات. کاتێک نوێنەری حیزبی ئێمە هۆی نەهاتنەکەی پرسیبوو برایانی کوردستانی گوتبوویان کە قیادە پێی خۆشبووە ئەمجارە تەنیا ئێمە بێین و بۆ جاری دووەم ئەوانیش نوێنەری خۆیان دەنێرن. هەر ئەو دەم نوێنەری حیزبی ئێمە بە نوێنەری کوردستانییەکانی گوتبوو کە ئەو هەڕەشە و گورەشەی بارزانییەکان دەیکەن و ئەوە کە حازرنین بێنە لای ئێمە و لە کۆمیسیۆندا بەشدار بن، ئەو فکرە بۆ ئێمە دێنێتە پێش کە ئەو کارە بە دەستی خۆیان کراوە، چونکە ئێمە بمانەوێ شەڕ بە قیادە بفرۆشین پێویستیمان بەو جۆرە کارە دژی ئینسانی یانە نیە. ئەوان زۆر تاوانیان دەرهەقی ئێمە کردووە کە ئەگەر بمانویستایە شەڕیان لەگەڵ بکەین دەبوو لە سەریان وەدەنگ بێن، بەڵام وا دیارە ئەوان دەیانەوێ شەڕێک بە ئێمە بفرۆشن و ئەو شانۆیەشیان بۆ ساز کردووە کە هەستی هێندێ لە برا کوردە عێراقییەکان لە دژی ئێمە هان بدەن. پاشان هێندێ کوردستانییەکان گوتبوویان کە ئێستا قیادە ئەو توند و تیژییەی نەماوە و زیاتر بە شێوەیەکی سیاسی و ئوسولی بۆ مەسەلەکە دەچێ و لەوانەشە بۆ جاری دووەم حەتمەن نوێنەری خۆی بنێرێ. هەڵبەت ئێمە زۆرمان پێخۆش بوو کە قیادە ڕێگای ئەقڵ و مەنتقی گرتبێ و ئامادە بێ پێکەوە تاوانبارانی ئەو کارەساتە بدۆزینەوە. کەچی بەداخەوە دەرکەوت کە بەو جۆرە ویستویانە براکانی نوێنەری هێزە کوردستانییەکانیش فریو بدەن و لە بن پەردەوە خۆیان بۆ پلانی شەیتانی ئامادە بکەن.
لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی دزرانی جەنازەی بارزانی هێندێک شتی سەرنجڕاکێشی خستەڕوو. جارێ تەرمی بارزانی تەنیا بیست میتر دورتر لە گۆڕەکەی بە ساغ و سلامەتی دۆزرابووەوە. ئەم جار دەرکەوت کابرایەک بە ناوی ڕەحیم میران کە لە لایەن ماڵی بارزانییەوە ئاگاداری گۆڕستانەکەی پێ سپێراوە سێ چوار مانگ بووە بەو شیوەدا نەهاتووە. تەنیا ڕۆژی پێش ئەو ڕووداوە پەیدا بووە و پیاوێکی بەکرێگرتووە کە سبەینێ بێ و گیای سەر گۆڕی بارزانی بدروێ. بۆیە بەیانیش پێش دنیا ڕوناک بوون هەر ئەو کابرایە چووەتە لای باوکی کرێکارەکە و گوتوویە با کوڕەکەت نەیە چونکە جەنازەی بارزانی دزراوە. دوای ئەو شانۆسازییە

ڕەحیم میران چووەتە مەرگەوەڕ و خەبەری بە بارزانییەکان داوە، بەڵام لە ڕێگادا توشی هەر کەس بووە، گوتوویەتی دەچمە ورمێ و کاتێک هاتووەتەوە شنۆیەش وای نیشان داوە کە ئاگای لە دزرانی تەرمی بارزانی نیە. پاشانیش هەڵاتوە و چووەتە لای مەسعود بارزانی و ئێستاش کە ئێستایە لە باوەشی خۆیان گرتووە و نەیان هێشتووە بێتەوە شنۆیە کە تەحقیقی لێ بکرێ. بەڵام ڕووداوەکانی دواتر هێندێ شتی تازەشیان دەرخست. جارێ دەرکەوت کە کوڕانی بارزانی بۆ بردنە پێشی پلانی دژی گەلی خۆیان زۆریان لەو ڕووداوە کەڵکی خراپ وەرگرتوە. ئەوان هێندێ لە کوردە پەنابەرە عێراقییەکانیان بەو جۆرە لە دەوری خۆیان کۆکردووەتەوە و لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی حیزبی ئێمە هانیان داون. جگە لەوەش سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی دەوروپشتی ورمێ و خائین و خۆفرۆشەکانی تاقمی بەکرێگیراوی حەوت کەسیشیان لە خۆیان هالاندوە و هەموویان پێکەوە نەخشەی هێرش بۆ سەر ناوچەکانی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و دەشتە بێڵ و شنۆیان کێشاوە. ئەوە بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لە دڵپاکی ئێمە و بە ئاگاداری لەو ڕاستییە کە پێشمەرگە خۆی بۆ شەڕێکی وا ئامادەنەکردوە، پێش جاش و پاسدار و ئەرتەشی ئێران کەوتن و بە کوشتنی دەیان کەس لە کوردە هەڵخەڵەتاوەکانی عێراق لە پشتەوە خەنجەریان لە گەلی کورددا. ناوچەی مەرگەوەڕ و شنۆیان لە دەستی پێشمەرگە دەرهێنا و دایانە دەستی دوژمنی فاشیست و کۆنەپەرستی گەلی کورد. بەڵام دوای ئەو خەیانەتەی قیادە لە هێندێک سەرچاوەی باوەڕپێکراوی نێو خۆیان چەند گۆشەیەکی دیکەی مەسەلەکەش ڕون بوونەوە. دەرکەوت کە هەشت مانگ بووە ڕێژیمی خومەینی جاشانەکەی نەداوە بە قیادە. بەڵام بە دەستخۆشانەی ئەو خەیانەتە بێجگە لە چەک و تەقەمەنی جاشانەی هەشت مانگیان لەسەر یەک داونێ. کە ئەگەر زیادی نەکردبێ، دەکاتە هەشتا میلیۆن تمەن. لە خوای بەزیاد بێ، بۆ کەسانێک کە دین و ئیمان و گەل و نیشتمانیان بە پوول فرۆشتووە هەشتا میلیۆن تمەن گاڵتەی پێ ناکرێ. جگە لەوە ئیسپات بووە کە ئەمانە لەسەر دووپەت یاری دەکەن ئێستا کە سەڵتەنەتخوازان لە تورکیەوە دەیانەوێ بێنەوە ئێران

دارودەستەی قیادە لەگەڵیان ڕێککەوتوون کە بە یارمەتی ئەفسەرانی شا دۆستی نێو ئەرتەش حکومەتی ئاخوندی ناوچەی ورمێ یان بۆ پاک بکەنەوە بەو شەرتە کاتێک گەڕانەوە ئێران و دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت جاشانەی ئەوان مەحفوز بێ. کە وا بوو شانۆسازی دەرهێنانی تەرمی بارزانیش هەر لە خزمەتی ئەو ئامانجە شەیتانی یەدا بوو و هەر بە دەستی چەپەڵی دارودەستەی قیادەش جێبەجێکراوە. لە کۆتایی دا دەمانەوێ دوو مەسەلە بخەینە بەرچاوی ئەو کوردە پەنابەرە عێراقیانە کە هێشتا هەستی پاکی کوردایەتی و نیشتمانپەروەرییان تێدا بەهێزە و بێ ئەوەی بۆ خۆیان بزانن کەوتوونە داوی ئەو تاقمە خۆفرۆش و بەکرێگیراوە.

یەکەم ئەو خوشک و برایانە دەزانن کە کاتی خۆی لقی لقی یەکی پارتی لە دهۆک، لقی دوو لە هەولێر، لقی سێ لە کەرکوک، لقی چوار لە سلێمانی و لقی پێنجیش لە بەغدا بوو، کەچی ئێستا بۆ خۆیان دەبینن کە مەکەزی ئەو لقانەی پارتی کەوتوتە پیرانشار و مەرگەوەڕ و کەرەج و شوێنەکانی دیکەی ئێران. سەرکردە خۆفرۆشەکانیان بەوپەری بێشەرمییەوە تابلۆی زەلام و قەبەشیان لەبەر دەرکی ئەو بەناو لقانەی پارتی هەڵواسیوە. داخوا خوشک و برا کوردە عێراقییەکان هیچ بیریان لەوە کردووەتەوە کە ئەو کارە مانای ئەوەیە بنەماڵەی بارزانی بە یەکجاری خواحافیزیان لە عێراق کردوە و دەیانەوێ بۆ هەمیشە لە ئێران بمێننەوە. ئەویش نەک بۆ کوردایەتی بەڵکوو بۆ خەیانەت و جاشایەتی؟

دووەم ئەوەیە کە هەرچەند ئەو خۆفرۆشانە بە کەڵکوەرگرتن لە نیازپاکی و حیزب و پێشمەرگە توانیویانە هێندێ جێگا داگیر بکەن، بەڵام گەلی شەش میلیۆنی کوردی ئێران هەرگیز ئەو خەیانەتە نابەخشێ و لە داهاتوویەکی نزیکدا خەیانەتکاران بە سزای خۆیان دەگەیەنێ. کەوا بوو باشتر نیە ئەو کوردە هەڵخەڵەتاوانە پێش ئەوەی مۆری خەیانەتیان بە نێوچاوانەوە بنوسێ و پێش ئەوەی دەستیان بە خوێنی برایانی خۆیان سور بێ و بەر لەوەی بە ئاگرێک کە سەرۆکە خۆفرۆشەکانیان هەڵیانگیرساندوە بسووتێن، بەرگی جاشەتی و خەیانەت فڕێ دەن و بێنەوە باوەشی گەرمی میللەتی کورد جا چ لە عێراق و چ لە

**ئێران؟ هیوادارین هەم ئەو خوشک و برا کوردە عێراقیانە کە کەوتونەتە داوی قیادە و هەم کۆمەڵانی بە شەرەفی کوردی عێراق بەگشتی جارێک بۆ هەمیشە جەوهەری خۆفرۆشانەی داروەدەستەی قیادە بناسن و مۆری جاشەتی و خەیانەتیان بە نێوچاوانەوە بنێن. بەو هیوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد و ڕووڕەش بوونی هەرچی زیاتری بەکرێگیراوان و خۆفرۆشان.**

پارتی دیموکراتی کوردستان دوای لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام، سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشت کە دوژمن دەستی هەبووە لە دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانییدا و لە کتێبی مێژووی پارتی دیموکرات دا کە ڕۆژژمێری ڕووداوەکانی کوردستانە و بە نوسین و وێنەوە ئامادەکراوە، لە لاپەڕەی 59 دا ئاماژە بۆ بێ حورمەتیکردن بە تەرمی بارزانیی لە شنۆ دەکات و لەو بارەیەوە دەنوسێت:

**- (30 حوزیران 1 تەمووز: بێ حورمەتیکردن بە تەرمی مەلا مستەفا بارزانیی لە شاری شنۆ لە لایەن موخابەراتی ولاتانی ناوچەوە، بە مەبەستی ئاژاوەگێڕان لە ڕیزەکانی ولاتپارێزانی کورد.).**

بەو جۆرە دەرهێنانەوەی تەرمی سەرۆک بارزانیی بە فەرمان و پلانی ڕاستەوخۆی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بوو، هەر وەک مامۆستا بارزانی مەلا خالید ئاماژەی بۆ دەکات، کاکلی حەمەئاغا کە جاشێکی بەناوبانگی ڕژێمی بەعسی عێراق بوو، لە جاشێتییەوە کرابوو بە ئەفسەر لە سوپای عێراقدا و دواتر کرابوو بە پارێزگاری سلێمانیی، فەرماندەی عەمەلیاتی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی بوو. کاکل حەمە ئاغای پارێزگاری سلێمانیی تاوانبار لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لەباشوری کوردستاندا بە دەستی بەتوانای خەڵکی بەشەرەفی سلێمانیی کوژرا و تۆڵەی لێ سەنرایەوە. شایانی باسە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 1993/10/6 هەردوو تەرمی پیرۆزی مستەفا بارزانیی و ئیدریس بارزانیی گەڕاندەوە کوردستان و لە بارزان بە خاکی سپاردن. گڵکۆی بارزانییەکان ئەمڕۆ بووە بە شوێنی دیداری ئەویندارانی ڕێبازی بارزانیی و نیشتمانپەروەرانی کورد و هەواڵنێر و کاربەدەستانی بیانیی و ساڵانە دە یان هەزار کەس سەردانیان دەکەن.

## شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات

لە بەشی **"قەیرانی سیاسی، باڵی کۆترەکانی ئازادیی دەپەڕێنێت"** دا، ئاماژەم بۆ شەڕ و پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و سوپای ڕزگاریی لە ناوچەی کامیاران و مەریوان و سنە و گوندەکانی "بێساران" و "دەلەمەرز" کرد. هەروەها گوتم پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1359/12/7 (1981/2/26) سێ پێشمەرگەی ڕێکخراوی پەیکاریان لە بۆکان شەهید کرد. چونکە باری قورسی شەڕ و ڕاگرتنی ئاساییش و ئارامیی کوردستان لەسەر شانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بوو، ڕێبەرانی ئەو حیزبەی توشی نەخۆشیی خۆبەزلزانین و باوکسالاریی کردبوو و حیزبیان بە دەسەڵاتدار و بەرپرسی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەزانی.

دەیانگوت کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تری کوردستان دەبێت ڕێز لە دەسەڵاتی حیزب بگرن و بە ڕێبەری بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بزانن! ئەو بۆچوونەش، هەرگیز لە لایەن ڕێبەرانی کۆمەڵەوە بە جیددیی وەرنەگیرا و دانی پیادا نەنرا.

لە لایەکی ترەوە، ڕێبەرانی کۆمەڵە، حیزبی دیموکراتیان بە حیزبێکی بۆرژوازیی و نوێنەری چینی بۆرژوای کوردستان دەزانی و لەناوبردنیان بە قازانجی چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێشی کوردستان دەبینی و خۆیان بە ڕێبەری ئەو چینە و بزوتنەوەی کوردستان دادەنا و چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردیان لە گرەوی سۆسیالیزمێکدا دەبینی کە گوایە ئەوان لە ئێران و کوردستاندا دایدەمەزرێنن!

لە چوارچێوەی ئەو بۆچوونانەدا، دەیان شەڕی براکوژیی لە نێوان پێشمەرگەکانی ئەو دوو ڕێکخراوەدا، بۆ دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕوویدا و 376 پێشمەرگەی تێدا کوژرا و ژمارەیەکی زیادتری تێدا بریندار بوون و زیانێکی زۆر و قەرەبوونەکراوەش لە خەڵکی کورد و بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزوتنەوەی سەرتاسەریی ئێران کەوت.

حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بۆ زەبرلێدان لە یەکتر، لە هەر جێیەک خۆیان بەهێزتر لەوی تر دەبینی، گوشاری ناڕەوایان بۆ سەر یەکتر دەهێنا و ئەوەش بەبەردەوامیی زیانی لێدەکەوتەوە، تا سەرئەنجام دۆخەکەیان گەیاندە جێیەک کە دوژمن بتوانێت ئاگری شەڕەکانیان خۆش بکات، تەنانەت لە پێگەکانییەوە هەر جارەی تۆپبارانی لایەنێکی شەڕەکان بکات و لە توانا و وزەی پێشمەرگە دژ بە هێزەکانی خۆی ببڕێت کە لە ڕاستییدا هەر بەو جۆرەشی لێهات.

فەرەج شەهابی یەکێک لە بەرپرسانی پێشوی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیستی ئێران، دەربارەی هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر ناوەندی حیزبی دیموکرات لە "ئاژوان" کە ڕۆژی جەژنی نەورۆز 1364/1/1 (1985/3/21) کرا، گوتی:

**- (کاتێک کۆمەڵە لە چەمی شلێر بنکەی ئاژوانی حیزبی دیموکراتی چەککرد و گوندەکانی گەوێڵە، تووسوران، بەردەڕەشە، دووپلورە، قامیشەڵە، هەنجیران کە لەسەر جادەی سەرەکیی سەقز بۆ مەریوانن و حکومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوون، لە ناردنی کێشکچی بۆ سەر جادە، خۆی دەپاراست و بە سەربازەکانی گوتبوو، مەچنە سەر جادە، با کۆمەڵە و دیموکرات بێن بۆ شەڕ لەگەڵ یەکتر، ئازوقە کۆبکەنەوە. لەو چوارچێوەیەدا پێشمەرگەکان ڕۆژانە دەچوونە گوندەکان و ئاردیان بەسەر ماڵەکاندا بەشدەکرد کەبۆیان بکەن بە نان).**

ڕێبەرانی کۆمەڵە و دیموکرات دۆخەکەیان بە جۆرێک لێکردبوو کە کاتێک پێشمەرگە دەچووە سەر پێگەیەکی دوژمن، یان لە بۆسە و شەڕی دوژمن دەگەڕایەوە، دەبووایە زۆر هۆشیار بێت کە نەکەوێتە بۆسەی پێشمەرگەکانی حیزبی نەیارەوە!

لەو پەیوەندییەدا، 16 پێشمەرگەی هێزی هەوشار دوای شەڕێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەقز، کاتی گەڕانەوەیان، کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و تێکڕا کوژران و بە دیل گیران.

دەستپێکی شەڕەکان جگە لە چەند تێکهەڵچوونی بچوک لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا لە ناوچەی"ئالان"ی سەردەشت و "شاروێران"ی مهاباد، بە شەڕێکی خوێناویی سەریانهەڵدا

کـــه ڕۆژی 1360/2/6 (1981/4/26) لـــه گونـــدی"تیکانلوجـــه"ی مهابـــاد سـەریهەڵدا و لـەو ڕووداوەدا دوو پێشـمـەرگـەی کۆمـەڵـە بـە نـاوی عـەلـی ئەکبەر حەبیب پەنا و عەلی ڕەحیم پەنا شەهید بوون.
ڕۆژی 1360/2/8 (1981/4/28) پێشـمـەرگـەکـانـی حیزبـی دیمـوکرات لـە گوندی "عیساکەندی" مهاباد تەقەیان لە پێشمەرگەیەکی تەتەری کۆمەڵە بە ناوی یوسف حەسەنخاڵیی کرد کە خەریک بوو بە سواری مۆتۆرسایکل نامـەکـانـی کۆمـەڵـە بگـەیـەنێت. لـەو تـەقـەکردنـەدا یوسف حـەسـەنخاڵی شەهید بوو. ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات ڕایانگەیاند کە لە ناو نامەکانی کۆمەڵەدا، نامەیەکیان دۆزیوەتەوە کە تیایدا نوسراوە:
**- (حیزبی دیموکرات نوێنەری بۆرژوازیی کوردستانە و بوونی لەبوونی بۆرژوازیی حاکم کە کۆماری ئیسلامیی بێت لە کوردستاندا مەترسی پترە، چونکە بۆرژوازیی خۆماڵیی دەتوانێت لە ناو خەڵکەکەیدا خۆی ڕابگرێت، بەڵام خەڵک ڕێ لە بۆرژوازیی سەردەست دەگرێت و هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ناتوانن لە کوردستاندا خۆیان ڕابگرن).**
ڕۆژی 1360/2/9 (1981/4/29) لە ناوچەی بۆکان ڕێککەوتننامەیەک لـە نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمـەڵـەدا ئیمزاکـرا کـە هـەردوو لایـان ڕێـز لـە ئازادیی یەکتر بگرن و پەلاماری بنکەی یەکتر نەدەن.
ڕێککەوتنەکەیان سەرینەگرت و شەڕ و پێکدادانی ئەو دوو ڕێکخراوە لە ناوچەی کامیاران، مەریوان، سنە، سەقز، مهاباد، بۆکان، سەردەشت و دواتریش تـەرگـەوەڕ و مـەرگـەوەڕ سـەریهەڵدایەوە و هـەر وەک گـوتم 376 پێشمەرگەیان لە یەکتر شەهید کرد. لە ناو شـەهیـدەکـانـدا ژمـارەیـەکیـان بە بارمتەگیرابوون و بێبەزەییانە گوللەبارانیان کردن.
عەبدوڵا مەحمودی یەکێک لە پێشمەرگە بە دیل گیراوەکانی کۆمەڵە بوو کـــە ڕۆژی 1360/2/17 (1981/5/11) لـــە بۆمببـــارانی زینـــدانی حیزبـــی دیموکرات لە لایەن فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی عێراقەوە لە گوندی دۆڵـەتوو شەهید بوو.
ئێـوارەی ڕۆژی 1360/5/31 (1981/8/22) پێشـمـەرگـەکـانـی کۆمـــەڵـــە و پەیکار بە هاوبەشیی چوونە سەر گوندی "تا" لە ناوچەی کامیاران و پەلاماری دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و بنکەی ئەو

حیزبـەیـان دا و دوای شـەڕێکـی خوێنـاویی کـە بـە وتـەی کـاک بورهـانـی ڕۆحانـی ئـەندامی ڕێکخراوی حیزبـی دیمـوکرات لـە کامیـاران، ئـەو شـەڕە 25 ڕۆژی خایانـد و نـۆ پێشـمەرگـەی حیزبـی دیمـوکرات و کۆمـەڵـە، تێـدا شەهید و ژمارەیەکیش بریندار بوون و بـە دیل گیـران. شـەهیدەکانـی ئـەو شەڕە بریتی بوون لـە:

- **شـەهیـدەکـانـی حیزبـی دیمـوکرات:** ئـەردەشـیر فیروزیـی، مـەنسـور درودگـەر، شوکروڵا قوربانیی، شوکروڵا سـەمەدی و حـەمەخان خـەسرەوی.

- **شەهیدەکانی کۆمەڵە:** یـەدوڵا خـاتری، ئیـرەج عـەلمداریی، موزەفـەر عەزیز زادە، فەرامەز موڕادی و تاهر باجلایی.

بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە چۆنیـەتـی سـەرهـەڵدانی ئـەو شـەڕە، بـە تـەلـەفۆن پـەیـوەنـدییم بـە کـاک فـەرەیـدون میتـران بـەرپرسـی ئـەو کـاتـی کۆمیتەی شارستانی کرماشانی حیزبی دیموکرات و کـاک بورهـان ڕۆحـانـی ئـەندامی کۆمیتـەی بـەڕێوەبـەریی حیزب لـە کامیاران کرد کـە هـەردووکیـان بەشدار بوون لـە شەڕەکەدا. کاک فـەرەیدون لـەو پـەیـوەندییـەدا کـە ڕۆژی 2008/6/17 کردمان، گوتی:

**- (بـەرپرسـی ڕێکخـراوی کرماشـان بـووم و بنکـەی ئـەسڵیی ئێمـە لـە ناوچەی "بێڵـەوار"ی کامیاران بوو. شـێخ عـەبـدوڵا حیسـامی بـاوکی شـێخ جەمالی حیسامی کە پێشتر ئەندامی سوپای ڕزگاریی بـوو، لـەگـەڵ شـێخ جەمال یەکێک لـە فەرماندە ناسراوەکـانـی سوپای ڕزگاریی بوو، بـە هـۆی کێشەیەک کە لـەگەڵ ڕێبـەرانی سوپای ڕزگاریی هـەیان بوو، پەیوەندییان بە کۆمیتەی کرماشانی حیزبی دیموکراتـەوە کـرد و شـێخ عـەبدوڵا گـوتـی ئـامـادەن بـە پێشـمەرگـەوە سـوپای ڕزگـاریی بـەجێبهێڵن و بێنـە ڕیـزی پێشـمەرگـەکـانـی حیزبـی دیموکراتـەوە. مـن وەک بـەرپرسـی کۆمیتـەی کرماشانی حیزبی دیموکرات دوای ڕاوێژکردن بە ئـەندامانی کۆمیتـەکـە، پێمڕاگەیانـدن کـە حیـزب ئێـوە وەردەگرێت، بـەڵام وەڵامـی ئێـوە کاتێـک دەدەمـەوە کـە ڕای دەفتـەری سیاسی حیزب وەربگرم.**

**بۆ ئـەو مەبـەستـەو هـەندێک کاروباری تـری ڕێکخـراوەکـەمـان سـەردانـی دەفتـەری سیاسی حیزبم کرد و لـە دانیشتنێکدا لـەگـەڵ دوکتـۆر قاسـملوو، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی و گوتی دوای گەڕانـەوەت خێرا وەریانبگرن.**

دوای گەڕانەوەم دەستبەجێ پەیوەندییم بە شێخ عەبدوڵاوە کرد و بە 20 پێشمەرگە و ژمارەیک چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلەوە هاتە "بێڵەوار"، ئێمەش بە گەرمیی پێشوازییمان لێکرد و هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەوە و بڕیار وا بوو کە شێخ جەمالیش بێت.

بە هاتنی ئەو ژمارەیە، کۆمەڵە کە ناوچەکەی بە هی خۆی دەزانی، بە تەواویی توڕەبوو. لە چەند بەیاننامەیەکدا هاتنی شێخ عەبدوڵا و پێشمەرگەکانی بۆ ناو حیزبی دیموکرات مەحکوم کرد و لە گوندەکاندا دژی حیزب پروپاگەندەی بڵاودەکردەوە کە بەعسی لەگەڵ حیزبی دیموکراتن. ئەو کردەوەیەی کۆمەڵە بوو بەهۆی نەهاتنی شێخ جەمالی کوڕی شێخ عەبدوڵا بۆ ناو حیزبی دیموکرات کە هەروەکوو گوتم فەرماندەیەکی ئازای سوپای ڕزگاریی بوو، بە هاتنی سوپای ڕزگاریی زۆر لاواز دەبوو.

دوای ماوەیەک من و شێخ عەبدوڵا کە مرۆڤێکی خۆشەویست بوو لەناو خەڵکدا، لەگەڵ 16 ئەندامی کۆمیتەی شارستانی کرماشان و کامیاران و پێشمەرگە، بۆ جەولەیەکی سیاسی بە گوندەکاندا گەڕاین. پاشنیوەڕۆی 1360/5/31 (1981/8/22) لە گوندی "تا" بووین، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گوندەکەیان گەمارۆدا و لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە ڕایانگەیاند: جاشەکانی بەعس دەبێت خۆیان تەسلیم بکەن.

ئەوە بۆ ئێمە جێی سەرسوڕمان بوو، هەرچەندە ئێمە خۆمان بە دۆڕاو دەزانی، بەڵام بەو حاڵەش بە شێخ عەبدوڵام گوت نابێت خۆت بەدەستەوە بدەیت، ئەویش گوتی تا دوا تنۆکی خوێن لەگەڵتاندام. ئێمە وەڵامی کۆمەڵەمان نەدایەوە و ئەوان تەقەیان لێکردین و شەڕ هەڵگیرسا و ناوچەکانی تریشی گرتەوە و تا چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو. ئێمەش توانیمان بە تاریکیی پاشەکشە بکەین. لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا چوار پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات شەهید بوون.).. هەر لەو بارەیەوە بورهان ڕۆژی 2009/11/9 پێمی گوت: (ئێمە لە گوندی "تا" میوانی حاجی غەریب بووین کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و پەیکار دەوری ئێمە و بنکەی حیزبیان گرت و بە دروشمی توند کە ئێمە بەعسییمان لەگەڵدایە، لە بڵندگۆی مزگەوتی دێیەکەوە، داوایان لە خەڵکی گوندەکە کرد کە ئێمە

**لە گوندەکە دەربکەن. ئێمە چەند کەسێکمان نارد کە وازبهێنن و شەڕ سازنەکەن. هەر لەو کاتەشدا نامەیەکمان بۆ کاک شاپوور فیروزیی فەرماندەی هێزی کامیاران نارد و مەسەلەکەمان پێڕاگەیاند و داوای یارمەتیمان کرد. هەیئەتی ناردراوی ئێمە چەند جار هاتوچۆی کرد، بەڵام پێشمەرگەکانی کۆمەڵە وازیان لێنەهێنا ین. ئێواره‌ی ئەو ڕۆژە 1360/5/31 تەقەیان لە بنکەکەمان کرد و ئێمەش وەڵاممان دانەوە و شەڕ دەستی پێکرد. هەر لەو کاتەشدا کاک شاپوور هاتبووە سەر گوندی "هەنێ مەن" کە بنکەی کۆمەڵەی لێ بوو، بەرزاییەکانی گوندی "بزوەش" و "شاهێنی"یشی گرتبوو.**

**شەڕ بە تەقەکردنی کۆمەڵە دەستیپێکرد و یەکەم شەهیدی ئێمە لەو شەڕەدا کوڕەکەی شاپوور بوو بە ناوی ئەردەشیر فیروزیی و دواتر چەند پێشمەرگەیەکی تر لە ئێمە و چەند پێشمەرگەیەکیش لەوان شەهید بوون. شەڕەکە بەشی زۆری ناوچەکەی گرتەوە، سەرئەنجام هەیئەتێک لە ئێمە و ئەوان پێکهات کە کۆتایی پێبهێنێت. ئەندامانی هەیئەتەکە بریتی بوون لە: جەلال پێنجوێنی، موسا شێخ و سەدیق کەمانگەر لە کۆمەڵە و فەرەیدون میتران، سەید عەلی ڕەحمانی و من لە حیزبی دیموکرات. هەیئەتەکە لە گوندی "سیویە" کۆبووەوە و دوای 25 ڕۆژ، شەڕ کۆتاییهات و دیلەکان و چەکە گیراوەکانمان گۆڕییەوە.).**

هەر وەک گوتم شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات، هەر جارەی لە شوێنێک سەریهەڵدەدایەوە و ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی تێدا لەناو دەچوو. لە پێنجەمین مانگی شەڕەکەدا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە هەڵسەنگاندنێکی لەسەر شەڕەکان کرد و خۆی بەبڕاوەی شەڕەکان دانا و ڕایگەیاند لە داهاتوودا بڕاوەی ئەسڵیی شەڕەکان کۆمەڵە دەبێت کە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، نوێنەرایەتی چینی پرولیتاریا دەکات.

حوسێن مورادبەگی لە لاپەڕەی 341- 345 ی کتێبەکەی "مێژووی زیندوو- کوردستان، چەپ و ناسیۆنالیزم" دا، پەنجە بۆ بەڵگەنامەی هەڵسەنگاندنی پێنج مانگ شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات ڕادەکێشێت کە لە بەشێکیدا هاتووە:

**- (خەباتی ئێمە لە چوارچێوەی دابینکردنی بەرژەوەند و ئامانجی دوو چینی لێک جیاواز دایە کە ئێمە و ئەوان نوێنەرایەتییان دەکەین. ئەو شەڕانەش بە مەبەستی تێکشکاندنی هاوسەنگیی لە بنەماکانی ئەو ڕاستییەوە سەرهەڵدەدەن کە دوو هێزی بۆرژوا و پرولیتاریا بۆ بەدەستخستنی هێژموونی لە کوردستان بەڕێوەی دەبەن، وەک حیزبی دیموکرات، حیزبێکی بۆرژوازیی و کۆمەڵە نوێنەری هۆشیاری پرولیتاریا لە کوردستاندا.)**. لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە دەڵێت: **(کۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیی لە ئاکامی شەڕی پێنج مانگی ڕابردوودا - هەر وەک لە بڵاوکراوەی کۆبوونەوەکەدا هاتووە، بەگشتیی تا ڕادەیەک سەرکەوتنی سەربازیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە و بە لەناوبردنی هەندێک کەموکوڕیی کە لەبەڵگەنامەکەدا ئامارژەیان بۆ کراوە، بێگومان لە داهاتوودا سەرکەوتنی تەواو بۆ ئێمە مسۆگەر دەکات.)**.

واتە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە لەگەڵ درێژەپێدانی شەڕ لەگەڵ حیزبی دیموکرات بووە، بۆ بەدەستخستنی دەسەڵات و هێژموونی پرولیتاریا لە کوردستاندا و بەو مەبەستە خەریک بوون بە وەشاندنی زەبری قورس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە ڕابکێشن بۆ وتوویژ و داخوازییەکانیان بەسەردا بسەپێنن، بێئاگا لەوەی کە خاوەنی هێزێکی ئەووتۆ نەبوون کە بەو ئاواتەیان بگەیەنێت.

هەوڵی لایەنە کوردستانیی و ئێرانییەکان بۆ ئاگربەس و کۆتاییهێنان بە شەڕ، بێسود بوو. کۆماری ئیسلامییش سودی خۆی لە شەڕەکان دەبینی کە لە لایەک بە هێزێکی زیادترەوە شەڕ لەگەڵ عێراق بکات و لە لایەکیترەوە بە زیانێکی کەم ناوچە ئازادەکانی کوردستان بخاتەوە دەست خۆی، ئاواتی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەجێهات و سەرئەنجام شەڕە ناوچەییەکانی کۆمەڵە و دیموکرات، خۆیان لە شەڕێکیماڵوێرانکەری بەرین و هەمەلایەنەدا بینییەوە کە لەجێی خۆیدا ئامارژەی بۆ دەکەم.

## حیزبی دیموکرات لە زنجیرەیەک شەڕی جیاوازدا، باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شنۆ لەدەستدەدات

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1979 هێزێکی پێشمەرگەی بە ناوی هێزی "قارەمان" هەبوو کە سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە لە ناوچەی سەلماس پێکیانهێنابوو. دەسەڵاتی ئەو هێزە هەموو ناوچەی شکاکانی وەک سەلماس، سۆما و برادۆست، ئەنزەل و شپیران و باکوری شاری ورمێی دەگرتەوە. دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی ئەو هێزە جیهانگیر ئیسماعیل زادە ڕۆژی 2009/12/21 بە تەلەفۆن پێمی گوت:

**- (دوای ئازادبوونی سەنار مامەدی لە زیندان، غەنی بلوریانیش ئازاد کرا. من و سەنار چووین بۆ مهاباد، قسەمان لەگەڵ کرد و هاوئاهەنگییمان کرد کە دوای گەڕانەوەمان، بەنهێنی ئەندام بۆ حیزبی دیموکرات ڕێکبخەیەن. ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە لاوەکانمان ڕێکخست و دوای سەرکەوتنی شۆڕش ناوماننا هێزی قارەمان.)**

تا کۆتایی ساڵی 1981 سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە کە هەردووکیان خەڵکی ناوچەکە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکرات بوون، بەرپرسیاریی ئەو ناوچەیەیان بەدەست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەکەدا پێکهاتەیەکی بەهێزی خێڵەکی حوکمی دەکرد. ئەو پێکهاتەیە، بەشی باشوری ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەشتەبێڵیشی دەگرتەوە کە کۆمیتەی شارستانی ورمێ و هێزی نەحۆی لێ دامەزرابوو. جگەلەوە تاهیرخانی سمکۆ، جهانگیر بەگی دری، حاجی سامی، حاجی جەڤۆ، حاجی خالید، ڕەشید بەگی هەرکی و ژمارەیەک سەرۆک خێڵی تر و عیسمەت بەگی دری کە دواتر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کوژرا، دەسەڵاتی پان و بەرینی خێڵەکییان لەو ناوچەیەدا هەبوو.

سەرۆک خێڵەکانی ناوچەکە، بەتایبەتیی تاهر خانی سمکۆ، دوای ڕوخانی ڕژێمی پەهلەویی دەیویست دەسەڵاتێکی ناوچەیی دابمەزرێنن و بۆ خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ سەرۆکایەتی بکەن و پەیوەندیی لەگەڵ حکومەت و لایەنە جیاوازە سیاسیەکان و خەڵکی ناوچەکەیان پێکبهێنن.

تـاهر خـان لـه تیـرەی عـەبـدەوی خێڵـی شـكاك و كـوڕی سمایك ئاغـای شكاك بوو كە نزیكەی 20% ی پێكهاتەی ئەو خێڵەی پێكدەهێنـا و سـەنار مامـەدی و جهـانگیر ئیسماعیل زادە لـە تیـرەی كـارداری خێڵـی شـكاك و نزیكـەی 80% ی ئـەو خێڵـە. بـە وتـەی ڕەحـیم محەمـەدزادە یـەكێك بەرپرسانی حیزبی دیموكرات لە ناوچەكەدا، تاهیرخان و چەند سەرۆك خێڵـی تـر لـە پاییزی ساڵی 1359 (1980) دا بـە گوندەكانـدا دەگـەڕان و دەیانگوت:

**- (عـەشیرەكـانی شیمالی كوردستان بـۆ خۆیـان دەبـێ شورایـەك پێك بهێنن و ناوچەی خۆیان بەڕێوەبەرن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە هەموو سەرۆك عەشیرەكان بێنە ناو ئەو شورایەوە، تەنانـەت ئـەگـەر حیزبـی دیمـوكراتیش بیـەوێت، دەتـوانێ ببێـت بـەئـەندام لـەو شـورایەدا كـە ڕێكخـراوەكـانی حیزبـی دیمـوكرات لـە ناوچـەكـەدا دژی وەسـتان و نەیانهێشت ئەو پلانە سەر بگرێت.).**

لـە لایـەكی تـرەوە جگـە لـە تـاهیر خـان، سـەنار مامـەدییش كـەسێكی دەسەڵاتخواز بوو، ئەویش دەیویست بە بێ پشتیوانیی حیزبـی دیمـوكرات، دەسەڵاتـی ناوچـەكـە بخاتـەدەست خـۆی، بـەڵام بەوتـەی ئـەو بـەرپرسـەی حیزبـی دیمـوكرات، نـە بـەبـێ حیـزب هـەڵیدەكـرد و نـە لـەگـەڵ حیـزبیش دەحـەوایـەوە و نـەیـدەتـوانی خـۆی لـەگـەڵ یاسـا و ڕێسـاكانی حیزبیـی بگونجێنێت.

بەرپرسانـی كۆمـاری ئیسلامیی لـە پارێزگـای ورمـێ، ئـەو شێوە بـەڕێوە چوونـەیان بـەدڵ بوو، هەر لـە سەرەتای سەركەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستیان كـرد بـە چـەكداركردنی خێڵـەكـان. لـە باسـەكانی ئـەم كتێبـەدا، چەندان جار ئامارەم بۆ ئـەو دیاردەیـە كـردووە. ئـەوان بـە زانیـاریی لـە دۆخی ناوچـەكـە و بـۆ ئـاڵۆز كردنـی پتـری و پێكهێنـانی دووبـەرەكیی لـە نێوان سەرۆك خێڵەكاندا، لەوانـە تـاهیر خـان و ڕەشید بـەگی ماوانـە لـە گەڵ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كـە دەسـەڵاتی ناوچـەكەی بـە دەست بوو، بیریان لە لـەتكردنـی ڕۆژهـەڵاتی كوردستـان دەكـردەوە و بـە ڕواڵـەت دەیـانویست بـاكوری ڕۆژهـەڵاتـی كوردستـان تـا دەگاتـە شنۆ بـە خێڵـەكـانی بـاكور بسپێرن كـە بـۆ خۆیـان دور لـە دەسـەڵاتـی سۆرانـەكـان،

بەڕێوەی ببەن. کاتێک کە پلانەکەیان جێبەجێ بوو، هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی تر و ڕۆژهەڵاتی کوردستان داگیر بکەن.

لە ڕاستییدا چونکە ڕێکخراوێکی بەهێزی حکومیی و حیزبیی لەو ناوچەیەدا نەبوو، هەمەجۆرە بیرکردنەوەیەکی تێدا دەکرا. بەشێکی ناوچەکە کرابوو بە شوێنی داڵدەدانی نەیارانی بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان. لە لایەنگرانی دوکتۆر شاپوور بەختیارەوە تا دەگاتە لایەنە جیاوازەکانی سەڵتەنەتخواز و پاسدار و جاشەکانی کۆماری ئیسلامیی، هەموویان لەو ناوچەیەدا چالاک بوون. ناوچەکە وەک ناوەندی قاچاخی مادە هۆشبەرەکانی لێهاتبوو، بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی حیزبی دیموکرات، تاهیر خان و سەنار مامەدییش دەستیان هەبوو لە هەموو ئەو گەندەڵیی و تاوانانەدا کە لەو ناوچەیەدا دەکران. جگە لەوە، سەنار مامەدی دوای دەرکرانی لە حیزبی دیموکرات، لەگەڵ ڕەحمان کەریمی لە پیلینۆمی 16- 1360/1/20 (5-1981/4/9) دا کە لە بەشی **(خیانەتی ڕەحمان کەریمی و شکانی پلانی حیزبی دیموکرات بۆچەککردنی سەربازگەی پیرانشار)** دا ئاماژەم بۆ کرد، ڕۆژی 1360/1/28 بەیاننامەیەکی‌هاوبەشی لەگەڵ ڕەحمان کەریمی و جهانگیر ئیسماعیل زادە بڵاوکردەوە و پاڵی بە پێڕەوانی کۆنگرەی چوارەمەوە دا. بەو جۆرە سەنار پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتیشی هێنابووە لای خۆی و لەگەڵ ڕەحمان کەریمی و جهانگیر ئیسماعیل زادە هەوڵیدەدا باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوەند و باشور جیابکاتەوە و بەیارمەتی سوپای پاسدرانی کۆماری ئیسلامیی، خودموختاریی بۆ کوردستان وەربگرێت.

هەروەها گوندی ڕاژان و دەوروبەری ناوەندی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادە موەقەت" و بەرەی "جود" بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی عەشیرەتی بارزان کە شێخ محەمەد خالید سەرۆکایەتی دەکردن و دواتر حیزبی ئیسلامیی کوردستانی لێ پێکهێنان، لەگەڵ کۆمەڵێک کادیر و پێشمەرگەی حیزبی شیوعی عێراق و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان لە ڕاژان بوون. بەو پێکهاتەیە، باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەیەکی زۆر هەستیار بوو،

بۆ بەرگرییکردن لە تەقینەوەی، دەبووایە مرۆڤ زۆر بە هۆشیارییی کاری تێدا بکات، هەر وەک چۆن پێشتر سەنار مامەدیی و جهانگیر ئیسماعیل زادە بە زانیاریی لە نەریتی ناوچەکە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد.

بەر لەو ئاڵوگۆڕانەی سەرەوە، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە لەو ناوچەیەدا، بەشی سۆما و برادۆستی لە ناوچەکە کردەوە و لە بەهاری ساڵی 1360 (1981) دا ڕێکخراوی برادۆست و هێزی سەرگورد عەباسیی لێ دامەزراند. ڕەحیم محەمەد زادە کرا بە بەرپرسی ڕێکخراوی برادۆست و ئەحمەد عەزیزی فەرماندەی هێزی سەرگورد عەباسیی. هەر وەک گوتم لە دەشتی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕیش کە گەلی قاسملووی تا بەندی ورمێ و ناوچەی دالانپەڕ تا سنوری تورکیای دەگرتەوە، لەژێر چاودێریی کۆمیتەی شارستانی ورمێ و هێزی نەحۆ دابوو کە عەبدوڵا حەسەن زادە بەرپرسی ڕێکخراو و سەروان حاتەم دوعاخوان فەرماندەی هێز بوو.

دوای ئەو گۆڕانکارییە، مەڵبەندی هێزی قارەمان بۆ سەنار مامەدیی و جهانگیر ئیسماعیل زادە مایەوە کە حیزبی دیموکرات لەوێش گۆڕانکاریی کرد. عەلی کاشف پووری کرد بە بەرپرسی ڕێکخراوی سەلماس و مامەند بێکەسیشی لە جێی سەنار کرد بە فەرماندەی هێزی قارەمان. دەربارەی ئەو گۆڕانکارییانە و چۆنیەتی پێکهاتنی هێز و ڕێکخراوی سۆما و برادۆست و قارەمان پەیوەندییم بە ئەحمەد عەزیزییەوە کرد و ڕۆژی 2009/11/12 بە تەلەفۆن پێمی گوت:

**- (لە کۆتایی ساڵی 1359 (1981) دا دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات منی کرد بە فەرماندەی هێزی سەرگورد عەباسی. بۆ وەرگرتنی ئەو ئەرکە لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی شەهید سەید ئەنوەر و پەلێکی پانزە کەسیی لە گروپی زەربەتی هێزی سمکۆ کە بەڕێز "سەعدون ئاب" فەرماندەی بوو، لەگەڵ بەڕێزان مەلا حەسەن ڕەستگار، مستەفا هیجریی و ڕەحیم محەمەد زادە چووم و هێزەکەم لە کاک جهانگیر ئیسماعیل زادە وەرگرت و لەگەڵ کاک "ئەحمەد دری" کە جێگری هێز بوو، لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵم بوون و خێڵەکانی "دری، هەنارە و عەبدەوی" هێزەکەمان ڕێکخستەوە.**

**ستروکتوری ناوچەکە بەجۆرێک بوو کە مرۆڤ دەبووایە زۆر بە هۆشیاریی و هێمنیی هەڵسوکەوت بکات، چونکە سەرۆک خێڵەکان پاڵیان بەحکومەتەوە دابوو. جاشەکانی ڕەشید بەگی هەرکی، کەریم هەنارەیی، حەقی هەنارەیی و بەگزادەکان و .. تد، ڕۆژانە جاشایەتییان بۆ حکومەت دەکرد و شەوانەش فیشەکیان بۆ ئێمە دەهێنا و پاڵپشتییان لێدەکردین. لە هەمان کاتدا کە من بووم بە فەرماندەی هێزی سەرگورد عەباسیی، مامەند بێکەسیش کرا بە فەرماندەی هێزی قارەمان و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە چوو بۆ ناوچەی شپیران کە عەلی کاشف پور بەرپرسی بوو.).**

ڕۆژی 1360/4/12 (1981/7/3)، واتە دوو ڕۆژ دوای بێحورمەتییکردن بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لیژنەیەکی سیاسی و سەربازیی بە سەرۆکایەتی ڕەحمان حاجی ئەحمەدی و ئەندامیەتی تاهر عەلیار و باقی نەغەدە لەگەڵ پەنجا پێشمەرگەی لکی سێی هێزی پێشەوا بە فەرماندەیی کەریم کاکەسوریی "کەریم خاڵدار" و پەنجا پێشمەرگەی هێزی پیرانشار بە فەرماندەیی "سلێمان باریکیی" ڕەوانەی ناوچەکانی برادۆست و ئارارات کرد کە لەو پێشمەرگە و کادیرانەی کە لەگەڵ سەنار مامەدی نەڕۆیشتوون، کۆمیتەی ئارارات و هێزی قارەمان ببووژێننەوە. دواتر سەنار مامەدی چەک بکەن و بۆ تێکشکاندنی وزەی بازرگانیی ئێران لەگەڵ دەرەوەی وڵات، پردی قوتور بتەقێننەوە. هەروەها دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دەستەیەکیتریش پێشمەرگە کە ژمارەیان 30 کەس بوو بە فەرماندەیی عومەر قەیتەران لە لکی شەهید ئیسماعیل کرمانج لە هێزی نەغەدەوە نارد بۆ ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ کە هێزی نەحۆی پێ بەهێز بکات.

هەرچەندە بڕیاری دەرکردنی سەنار مامەدی لە حیزبی دیموکرات و ناردنی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە، دەگەڕایەوە بۆ ماوەیەک بەر لە دەرهێنانەوە و بێحورمەتییکردن بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی، بەلام بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارە لەو هەلومەرجە زۆر خراپ و دژوارەدا زیانی هەموو لایەکی لێکەوتەوە. دیار نەبوو، دوکتۆر قاسملوو و دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بۆچی بیریان لەو هەلومەرجە ناسک و نەگونجاوە نەکردبووەوە کە بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو، بەتاییەتیی

دوای بێحورمەتییکردن بە تەرمی بارزانیی کە شێخ محەمەد خالید و عەشیرەتی بارزان ملیان لەچەقۆ دەسوو، دەیانویست تۆڵەی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی لە حیزبی دیموکرات بکەنەوە و دوکتۆر قاسملووش بە شەش میلیۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڕەشەی لێدەکردن. هەروەها کێشەی پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکرات بە هۆی گرتنی سنوری حاجی ئۆمەران لە پێشمەرگەکانی پارتی کە نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ باشوری کوردستان و زەبر لە ڕژێمی عێراق بدەن، لە ئەوجی خۆیدا بوو، جگە لە چەند کێشەیەکی تری وەک واژۆ کردنی ماددەی هەشتەمی گەلاڵەی پێشنیازکراوی نوێنەرانی گەلی کورد کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد. دوکتۆر قاسملوو لە نامەیەکیدا ڕۆژی 1359/3/10 (1980/5/31) بەڵێنی بە حکومەتی عێراق دابوو کە نەهێڵێت نەیارانی ڕژێمی عێراق بە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بچن زیان بە هێزەکانی ڕژێم بگەیەنن و ئەو بەڵێنەش بە تەنیا پارتی دیموکراتی دەگرتەوە، چونکە یەکێتی نیشتمانیی و حیزبی سۆسیالیست و حیزبی شیوعی لە هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوون و بە ئازادیی دەسوڕانەوە. بۆ بینینی ئەو بەڵێننامەیەی دوکتۆر قاسملوو، سەیری بەشی (**ڕژێمی بەعس ئەرک بۆ حیزبی دیموکرات دیاریی دەکات**) بکەن.

بەهەر حاڵ، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بە ناردنی پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ، پێشەوا، ئاوارە و ئەفشین بۆ ئەو ناوچە ئاڵۆزە کە بە وتەی کاک ئەبوبەکر سوریی بەرپرسی سیاسی ئەو کاتەی لکی سێی هێزی پێشەوا، پێشمەرگە نێرراوەکان نە بە دیالێکت و فەرهەنگ و نەریتی خەڵکی ناوچەکە ئاشنا بوون و نە بە پێکهاتەی سیاسی و جوگرافیا و پەیوەندییە خێڵەکییەکان و کاری خەڵکی ناوچەکە. ئەو پێشمەرگانە نەک هەر نەیانتوانی ناوچەکە بپارێزن و بەهێزی بکەن، بەڵکوو هەموو ناوچەکەیان تا شنۆ دایە دەست کۆماری ئیسلامیی و ژمارەیەک پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنییشیان تێدا بەکوشتدا. واتە مەڵبەندی هێزەکانی قارەمان، سەرگورد عەباسیی، نەحۆ و سمکۆ کەوتنە دەست سوپای پاسداران. بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە ناردنی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچەیە و ڕووداوەکانی دوایی، پەیوەندیم بە چەند بەرپرس و

پێشمەرگەی بەشدار لەو ئەرکانەدا کرد. سەرەتا کەریم کاکە سوریی فەرماندەی پێشمەرگەکان:

- ( کەریم کاکە سوریی **2007/10/20** : ڕۆژی **1360/4/6** **(1981/6/27)** لە لایەن کاک هەژاری ڕەحمەتییەوە ئاگادار کرام کە بۆ هەندێک کاری تایبەت دەبێت ڕۆژی **1360/4/8** بچین بۆ دەفتەری سیاسی. بەپێی قەرار چووینە دەفتەری سیاسی و لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو کۆبووینەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە مەئموریەتی شیماڵی کوردستان کرا و دوکتۆر قاسملوو گوتی بەپێی ئەو وەزعەی کە سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بە هاوکاریی گروپی حەوت کەسی لە ناوچەکەدا پێکیان هێناوە، بوونەتە هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی نانەوە لە ڕیزەکانی حیزبدا و لەسەر داوای کۆمیتەی شارستانی ورمێ، بڕیارمانداوە هەئیەتێکی سیاسی و نیزامی پێکهاتوو لە کاک ڕەحمان حاجی ئەحمەدی و کاک تاهر عەلیار و دوو دەستە پێشمەرگەی هێزی پێشەوا و هێزی ئاوارە لەژێر بەرپرسایەتی تۆدا بنێرین بۆ ئەو ناوچەیە و هیوادارم قبوڵی بکەی کە قبوڵم کرد. جەوهەری کۆبوونەوەکە لە سێ خاڵی سەرەکی پێکهات کە بریتی بوون لە:

1- کۆکردنەوەی هەموو ئەو کادیر و پێشمەرگانەی کە بە حیزب وەفادار ماون و ڕێکخستنەوەیان وەک هەموو هێز و تەشکیلاتەکانی دیکەی حیزب.

2- دوای ئاسایی بوونەوەی وەزعی ناوچەکە، بە هاوکاریی هێزەکانی سەرگورد عەباسیی و قارەمان پلانێک دابڕێژین بۆ زەبرلێدان لە هێزەکانی دوژمن و تەقاندنەوەی پردی قوتور و بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناساندنی مافەڕەواکانی گەلی کورد.

3- پەیوەندیی گرتن بە سەنار و جهانگیر و بانگهێشتنیان بۆ کارکردن لەناو حیزبدا، ئەگەر قبوڵیان نەکرد ئازاریان بدەین کە چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلەکانی حیزب بدەنەوە و تەسفیە حیساب بکەن.

دوای کۆبوونەوە لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو، من و کاک هەژار گەڕاینەوە بۆ ناوچەی مهاباد و لەگەڵ پێشمەرگەکانی لکی سێ کۆبووینەوە. ئەرکی پێشمەرگەکانمان دیارییکرد و پەنجا پێشمەرگەم دەستنیشان کرد بۆ مەئموریەتی ناوچەی شیماڵی کوردستان. بەیانیی ڕۆژی **1360/4/12**

**(1981/7/3) چووینــه دەفتــەری سیاســی و دوای وەرگرتنــی هــەنــدێک ئامۆژگاری لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە بەرەو ناوچەی پیرانشار و هێزی ئاوارە بــەڕێکــەوتــین. لــەوێش دوای پشــودانێکی کــورت لــەگــەڵ پــەنجــا پێشمەرگەی هێزی ئاوارە چووینە شنۆ. دوو ڕۆژ لە شنۆ ماینەوە و چووینە دزەی دۆڵی و ناوچەی هێزی نەحۆ. دوو ڕۆژیش لـەوێ بووین کـە حـاجی ئـەحمـەدی و تـاهر عـەلیـار و بـاقی نـەغـەدە کـە ئـەویش بـە بـەرپرسی ئـابووریی گروپـەکـە دیـارییکرابوو، گەیشـتنـەجێ و ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە بەڕێکەوتین. شەو کەمینەکانی قیادە موەقـەتـەمـان بـڕی کـە لـە زێوە و چەند گوندی ناوچەکەدا بوون و بەرەو ناوچەی سۆما و برادۆست چووینە پێشـەوە. بـۆ ڕۆژی دوایـی گـەیشـتینـە گونـدی جیـرم و بێتکـاران و گـەلـی بەردەڕەش و ناوچەی برادۆست و تێکەڵی پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە بووین.**

**- شەریف باڵەکی 2008/3/2 :** لەگـەڵ ئـەو گروپـەی کـە ڕەحمـان حـاجی ئەحمەدی و تـاهر عـەلیـار بـەرپرسی سیاسی و بـاقی نـەغـەدە بـەرپرسی تدارکات و کەریم خاڵدار بـەرپرسی سـەربـازیی بـوو، خـدر مـەسـەوی فـەر "خدەر کیسە" تـاهر جۆلاکار "تـالی" و عـەلی نـەبی زادە و ئـەحمـەد ستودە سەرپەلمان بوون. لـە دەفتـەری سیاسی حیزب لـە شیوەجۆ بـەڕێکەوتین کـە بچینــە ناوچــەی هێزەکــانی قــارەمــان و پــردی قوتــور بتــەقێنینــەوە. تــەقــەمــەنییــەکــی زۆرمــان پێبــوو، لــە شــنۆوە مامــەنـد بێکــەس و چــەنـد پێشمەرگەی هێزی قارەمان تەقەمەنییـەکـەیـان بـرد کـە گـەیشتینـە"دزەی دۆڵـی" ڕادیـۆ ئیسرائیل باسـی تـەقاندنـەوەی پردی قوتـوری کـرد و گـوتـی ئەگەر ئەو پردە بتەقێتەوە شـارەگـی ئـابووریی کۆمـاری ئیسلامـی هـەڵـدە بڕدرێت. گەیشتینە ناوچەکە، بەڵام کێشەی ناوخۆمـان و جموجـوڵـی خـراپ لە ناوچەکەدا نەیهێشت سەرکەوین و پردەکە بتەقێنینەوە.

جموجوڵی خراپ و کـەم ئـەزمونی بـەرپرسان و هەستنەکردنیـان بـە بـاری ئـاڵۆزیی نـاوچـەکـە، بـوو بـە هـۆی شێواندنـی پـتری نـاوچـەکـە و پێکهێنـانـی زنجیرە شـەڕێکی نـەخواستراو کـە جگـە لـە کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران، هـیچ کەسێک سودی لێ نەبینی. بۆ زانیاریی خوێنەران قۆنـاخ بـە قۆنـاخ ئـامـاژە بە چۆنیەتی شەڕەکان دەکەم:

**زنجیرەی یەکەم:** پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە لە ڕێکخراوی برادۆست دەمێننـــــەوەو پێشـــــمەرگەکانی هێـــزی پێشـــــەوا ڕۆژی 1360/5/23 (1981/8/14) دەچنە گوندی "دیلەزی". لەوێ حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار و کەریم کاکە سوریی ئەرکی پێشمەرگەکان ڕادەگەیەنن. لە لایەک پەیوەندیی بە سەنار مامەدییەوە دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی چەک و کەلوپەلەکانی حیزب و لە لایەکی ترەوە دەچنە سەر گوندی "گردیان" و بنکەیەکی سەنار مامەدی چەک دەکەن و مەلا ڕەزا محەمەدی بەرپرسی سیاسی سەنار و دوازدە پێشمەرگە بە دیل دەگرن و دەیانگوازنەوە بۆ گوندی "هەشتیان". لەو بارەیەوە کەریم کاکەسوریی، شەریف باڵەکی و یوسف ئەفراسیابی دەڵێن:

**- کەریم کاکە سوریی: سەنار مامەدی کاتێک هەواڵی هاتنی پێشمەرگەکانی ناوەندی کوردستانی پێدەگات لەگەڵ چەند چەکدارێک ناوچەکانی سۆما و برادۆست بەجێدەهێڵێت و بۆ ناوچەکانی سەڵماس و قوتور دەکشێتەوە. جهانگیر ئیسماعیل زادە بێلایەنی خۆی لەو وەزعە ڕادەگەیەنێت و لە ماڵی خۆی دەمێنێتەوە. بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە ئێمە دوو جار پەیوەندیمان بە سەنار مامەدییەوە کرد کە گرفتەکان بە شێوەیەکی ئوسولی و حیزبیانە چارەسەر بکات، بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی نەداینەوە، تەنانەت بە هۆی ڕەحمان کەریمییەوە کە ئەویش ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو، بەڵام لەگەڵ سەنار لە حیزب دەرکرابوو و چووبووە پاڵ گروپی حەوت کەسییەوە و هاوکاریی سوپای پاسدارانی دەکرد، داوای یارمەتی لە حکومەت دەکات. لە شپیران بووین کە حاجی ئەحمەدی بە منی ڕاگەیاند کە دەفتەری سیاسی حیزب ڕایگەیاندووە کە جارێکی تریش پەیوەندیی بە سەنارەوە بکەن، ئەگەر درێژەی بە هەڵوێستەکەی دا، چەکی بکەن. ئێمە بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزبمان بە سەنار ڕاگەیاند، بەڵام ئەو دیسان وەڵامی نەدایەوە و پشتی بە کۆماری ئیسلامییەوە دا و چەک و یارمەتی لە سوپای پاسداران وەرگرت. لەو کاتەدا ئێمە لە دیلەزی بووین. لەوێ بڕیارماندا بەرلەوەی کە سەنار هێرشمان بۆ بکات، ئێمە لێی بدەین و بنکەکانی چەک بکەین. نەماندە ویست دەست لەسەر دەست دابنێین و لە چاوەڕوان بمێنینەوە. دەمانویست**

خۆ بگەیەنینە ناوچەی سەلماس بۆ تەقاندنەوەی پردی نێودەوڵەتی قوتور لە نێوان ئێران و تورکیادا کە شوێنێکی زۆر حەیاتیی و پڕبایەخ بوو بۆ کۆماری ئیسلامی و بەهۆی گەمارۆی ئابووری کۆماری ئیسلامی لە لایەن ولاتانی ڕۆژئاواوە، زۆربەی چەکوچۆڵی شەڕ و پێویستییەکانی کۆماری ئیسلامیی بەو پردەدا دەهاتن. دەبووایە بۆ گەیشتنمان بۆ ئەوێ، چەکدارەکانی سەنار لەسەر ڕێگامان پاک بکەینەوە. شەوی 1360/5/21 (1981/8/12) حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار و چەند پێشمەرگەمان لە دیلەزی بەجێهێشت و بەڕێنوێنی کەسێکی شارەزا بە ناوی کەمال بارزانیی بەرەو گوندی گردیان بەڕێکەوتین. سەرلە بەیانی زوو 1360/5/22 گوندەکەمان گەمارۆ دا و یەکێک لە بنکەکانی سەنارمان بە دوازدە چەکدارەوە چەککرد و دەستمان بەسەر کەلوپەلی بنکەکە و کۆمەڵێک بڵاوکراوەی گرووپی حەوت کەسییدا گرت. ئەوانمان لە ماڵێکدا کۆکردەوە و دوای ڕونکردنەوەیان لە هەڵوێستی دەفتەری سیاسی، لەگەڵ چەند پێشمەرگە و کەمال بارزانیی، بە ڕاپۆرتێکەوە نارده ڕێکخراوی سۆما و داوام لێکردن بە زوویی چەند پێشمەرگەی شارەزا بە ناوچەکە بنێرن. ئێمە پێشمەرگەکان 30 کەس بووین، لە بەرزاییەکانی گوندی گردیان کە زۆر لە قوڵاییدا بوو، بەش بووین و چاوەڕوان ماینەوە.).

- **شەریف باڵەکی:** ڕۆژی 21 ی گەلاوێژ بوو. حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار گوتیان سەنار لەحیزب جودا بووەتەوە و دژی حیزب هەڵدەسوڕێ و ئێمە دەبێ بیگرین و ئیعدامی بکەین. حاجی ئەحمەدی 20 پێشمەرگەی هەڵبژارد کە من یەکێک لەو بیست کەسە بووم. لەگەڵ حاجی ئەحمەدی چووینە گوندی شپیران کە چەند خولەکێک لە گوندی "ئاخچەقەڵ"ەوە دور بوو. لەوێ چووینە ماڵی خوشکی سەنار مامەدی. کەریم خاڵدار و پێشمەرگەکانیتر چوونە سەر گوندی "گردیان" کە دوو بنکەی سەناری لێبوو. پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر بنکەیەکدا گرت و مەلا ڕەزا و چەند پێشمەرگەیان دەستگیر کرد.

- یوسف ئەفراسیابی: لە دیلەزی پێیانڕاگەیاندین کە سەنار مامەدی لە گەڵ حیزب نەماوە و گوتیان غەنی بلوریان و نەوید موعینی و چەند کەسی تری سەر بە گرووپی حەوت کەسیی لەگوندی "گردیان"

**کۆبوونەتەوە. ئێمە چووین و مەلا ڕەزا و ژمارەیەک پێشمەرگەمان بە دیل گرت و بردمانن بۆ گوندی هەشتیان و زیندانییمان کردن.**

دوای چەککردنی بنکەی گردیان و بەدیلگرتنی مەلا ڕەزا محەمەدی و دوانزە پێشمەرگەی هاوڕێی سەنار مامەدی، ئەویش هێزەکانی کۆدەکاتەوە و لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە لە بەرزاییەکان و شیوێکی نزیک گوندی گردیاندا بڵاوبببوونەوە و لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت و دژواردا پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات لە هێزی پێشەوا بە ناوی عەلی ئەفشان بەتوندیی بریندار و دواتریش شەهید دەبێت. بۆ جاری دووەم پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەکەونە کەمینی هاوڕێیانی سەنار مامەدی و ئەو جارەیان دوو پێشمەرگەی حیزب بە ناوی محەمەدئەمین سوڵتانی لە هێزی پێشەوا و سلێمان لە هێزی سەرگورد عەباسی شەهید دەبن و پێشمەرگەیەکیش بە ناوی قادر ڕەنگین لە هێزی پێشەوا بریندار دەبێت کە دواتر قاچیان بڕییەوە. دەربارەی ئەو شەڕانە و شەهیدبوونی ئەو پێشمەرگانە، کەریم کاکەسوریی و شەریف باڵەکی دەڵێن:

**- کەریم کاکەسوریی: کاتژمێر 14:00 ڕۆژی 1360/5/22 بەشێکی تر لە چەکدارەکانی سەنار بە هاوکاریی بەکرێگیراوانی ڕژێم لە چەند لاوە هێرشیان بۆ کردین و ئێمە وەڵاممان دانەوە و دوای چوار کاتژمێر ناچار بووین پاشەکە بکەین. لەو شەڕەدا زیانمان پێنەگەیشت. ڕۆژی دوایی 1360/5/23 لە بەرزاییەکان چاوەڕوانی هاتنی پێشمەرگەمان دەکرد کە چەکدارەکانی سەنار و بەکرێگیراوانی ڕژێم هاتنەوە سەرمان و شەڕ تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو. بە داخەوە لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرمان بە ناوی عەلی ئەفشان بەتوندیی بریندار و دوای چەند کاتژمێر شەهید بوو. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا هیچ هەواڵێکمان لە حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار نەبوو، ئەو پێشمەرگانەش کە دیلەکانمان پێدا ناردبوونە سۆما نەگەڕانەوە و کەسی شارەزا بە ناوچە کەشیان بۆ نەناردین. بە ناچار لە بەرزاییەکانی گوندی گردیانەوە خۆمان گەیاندە بەرزاییەکانی دوو گوندی سەروو و خوارووی "لولکێ" و لەوێماینەوە. ڕۆژی 1360/5/24 چەند چەکداری دیکەی سەنارمان لە**

**گونـدی لولـک چـەککـرد. هـەر لـەو ڕۆژەدا پێشـمەرگـەکـانی ئێمـەکـە دیلـەکانیان بردبووە سۆما لـە گەڕانـەوەدا دەکـەونـە کـەمینی چەکدارەکانی سەنـار مامـەدی و بـەکرێگیراوانـی ڕژێم و بـەداخـەوە پێشمـەرگەیـەکی ئێمـە بەنـاوی محـەمـەد ئـەمین سوڵتـانی و پێشمەرگەیەکی ناوچەکـەش شـەهید دەبن و ئـەوانـی تر خۆیان ڕزگار دەکـەن. یـەکێک لـەو پێشـمـەرگانـەی کـە خۆی ڕزگار کردبوو، ناوی "خدری موسەوی فـەر" بوو.**

**شەریف باڵەکی:** ڕۆژی 24 گـەلاوێژ ئێمـە سێ پێشـمـەرگـەمـان بـە نـاوی عـەلـی ئـەفشـان، محـەمـەدئـەمین سـوڵتـانـی و سلـێمـان لـە هێـزی سـەرگـورد عـەباسـی لـێ شـەهیـد بـوون و قـادر ڕەنگـین بریـنـدار بـوو، دواتـر لاقیـان بڕییەوە.

دوای شەهیدبوونی ئـەو سێ پێشمـەرگـەیـە، خـدری موسـەوی فـەر یـەکێک لـە سـەرپـەلـەکـانـی ئـەو پێشـمـەرگـانـە، ڕۆژی 1360/5/25 دەچێتـە زینـدانـی هـەشـتیان و مـەلا ڕەزا محـەمـەدی لـە زینـدان دێنێتـە دەر و دەیکوژێـت. شەهیـد کردنـی مـەلا ڕەزا لـەلایـەن خـدر موسـەوی فـەرەوە، ڕق و تـوڕەیـی خـەڵک و خێڵـەکـان دژی پێشمـەرگـەکـانـی حیزبی دیموکرات بـەرز دەکاتـەوە و بـۆ تۆڵـەسـەنـدنـەوە هانیانـدەدات و پاسـدارانـی کۆمـاری ئیسـلامییش دۆخـەکـە دەقۆزنـەوە و پێی فـەرمانـدەی یـەکـەی ژاندارمـەریـی سـەلمـاس و فـەرمانـدەی سوپای پاسـدارانـی سـەلمـاس و مـەهـدی بـاکری فـەرمانـدەی عەمـەلیـاتـی سوپای پاسـدارانـی ورمـێ و ڕەحمـان کـەریمـی و پـەیڕەوانـی کۆنگرەی چوارەم و جاشـەکانـی نـاوچـە و تـاهر خـانـی سمکۆ دەکێشـرێتـە نـاو شـەڕەکانـەوە. لـەو بارەیـەوە یوسف ئـەفراسیابی دەڵێت:

**- (لـە هـەشتیان پێشمـەرگـەیـەکـی ئێمـە بـەنـاوی "خـدر کیسـە" کـە دوای کـەریم خـاڵدار بوو بـە فـەرمانـدەی لکی سێی هێزی پێشـەوا، مـەلا ڕەزا لـە زینـدان دێنێتـە دەر و لـە تۆڵـەی محـەمـەدئـەمین سـوڵتـانی دەیکوژێـت. تـاهرخـانـی سمکۆ داوای خـدر کیسـەی لێکـردین و گـوتـی خـدرمـان بـدەنـێ، ئێمـە شـەڕتـان لـەگـەڵ نـاکـەین. لـەسـەر ئـەو مـەسـەلـەیـە لـە نێوان حـاجـی ئـەحمـەدی و تـاهر عـەلیار و کـەریم خـاڵدار قڕە پـەیدا بوو، کـەریـم لـەگـەڵ ئێمـە قسـەی کـرد و گـوتـی ئێمـە شـەڕ دەکـەین و خـدر نـادینـە دەست سـەنـار و ئێمـەش ڕازی بووین. کـەریم، حـاجـی ئـەحمـەدی بـە کـەسێکـی ترسـنۆک و**

**بێوره دەزانی و سوکایەتی پێدەکرد و هەموو جارێ پێیدەگوت "دێڵە". بە هەر حاڵ ئێمە کە خدر کیسەمان نەدایە دەست سەنار و تاهر خان، لە نێوانماندا شەڕ هەڵایسا. ئێمە و هێزی قارەمان و هێزی سەرگورد عەباسیی لایەک بووین و چەکدارەکانی سەنار و ڕەحمان کەریمی و تەنانەت هێزی بەرگریی حیزبیش کەوتبوونە لایەک و دواتریش پاسدار هاتن لە ئێمەیان دا.).**

سەنار مامەدی بۆ درێژەدانی شەڕ دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بە هۆی ڕەحمان کەریمییەوە داوای چەک و تەقەمەنی لە سوپای پاسدارانی ورمێ دەکات. فەرماندەی یەکەی ژاندارمەریی سە لماس و فەرماندەی یەکەی ژاندارمەریی "سنجی" ئامادە دەبن لە بە رامبەر تەرمی شەهیدەکانی حیزبی دیموکراتدا، داواکارییەکانی جێبە جێ بکەن. بۆ ئەو مەبەستە لە گوندی "بەرقزن" تەرمی محەمەد ئەمین سوڵتانی و سلێمان دەدنە دەست فەرماندەی یەکانی ژاندارمەریی سە لماس. بە نوسینی غەنی بلوریان لە کتێبی **"ئاڵەکۆک"**دا، سەنار 90 چە کی برنو وەردەگرێت، بەڵام سەنار مامەدی لە کتێبی **"فهرستی از خاطرات سیاسی من"**، دەڵێت پەنجا چەکی پەڕەشوت و برنو و فیشەکی لە پاسدار "مەهدی باکری" فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای پاسدارانی ورمێ وەرگرتووە. یەکەی ژاندارمەریی سەلماس بۆ ئەوەی پێشانی خەڵک بدەن کە لە شەڕدا سەرکەوتوون بەسەر پێشمەرگەدا، تەرمی پێشمەرگە کان لە شاری سەلماس پێشاندەدەن. هەر لەو کاتەدا پێشمەرگەکانی هێزی قارەمان، لە شەڕێکی ئازایانەدا 14 پاسدار و بەسیج بەدیل دەگرن و لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی تەرمی حەمەدەمین سوڵتانی و سلێمان دا، دیلەکان ئازاد دەکەن.

شەهیدکردنی مەلا ڕەزا محەمەدی هەلێکی باش بۆ خەوەکانی تاهر خانی سمکۆ دەڕەخسێنێت کە دەسەڵاتی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتە دەست. کاتژمێرێک دوای کوژرانی مەلا ڕەزا، تاهر خان کەسێک بە ناوی ئیرەج ئیبراهیم زادە دەنێرێتە لای حاجی ئەحمەدی کە بۆ ڕاوێژکردن بچێتە لای. حاجی ئەحمەدی، تاهر عەلیار و رەحیم محمدزادە دەچن ڕێچارەیەک بۆ کۆتایی شەڕەکە بدۆزنەوەو لەسەر پردی گوندی

"جوهنی" کە گوندی تاهر خان بوو، هەرسێکیان چەک دەکەن و دەیانبەن بۆ لای تاهر خان و پێیان دەڵێت:

**- (ئێمە چیدیمان بۆ قبوڵ ناکرێت کە ئێوەی سۆرانەکان لە ناوەندەوە بێن و هەرچی دڵتان ویستی لەگەڵمان بکەن و زیندانییمان بکەن و بمانکوژن.).** بەڕاشکاویی بەو سێ بەرپرسانەی حیزبی دیموکرات دەڵێت: **(هەموو سۆرانیی زمانەکان دەبێ ناوچەی شیمال بەجێبهێڵن و ئێمە بۆ خۆمان ناوچەکەمان بەڕێوەدەبەین.).**

دوای ئەو کۆبوونەوەیە سەنار و تاهر خان و سەرۆک خێڵەکانی سەر بە حکومەت، دژی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ڕادەپەڕن، تەنانەت هێزی بەرگریی حیزبیش لەگەڵ ئەوان دەبێت و هەموو لایەک داوای کوژەری مەلا ڕەزا دەکەن. لەم بارەیەوە شەریف باڵەکی و کەریم کاکەسوریی دەڵێن:

**- شەریف باڵەکی: دوای کوشتنی مەلا ڕەزا لە لایەن خدر کیسەوە، سەنار داوای قاتڵی مەلا ڕەزای کرد، حاجی ئەحمەدی ڕازی بوو بۆ ئەوەی کە شەڕەکە بوەستێ خدر بداتە دەست سەنار کە پێشمەرگەکان لە بەرامبەریدا وەستان. سەنار کە گوشاری بۆ هات چووە بناری "حاجی ئافان" و لەوێوە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە کرد و دوای ئەو پەیوەندییە، پاسدار و خەڵکی ناوچەکە ئێمەیان ڕاونا. ئێمە چووینە گوندی "حەوساران" کە ماڵی بابی سلێمان لەوێ بوو، کەچی لەوێش کەسمان لەگەڵ نەمابوو. هەموو ناوچەکە پاڵی بەسەنارەوە دابوو.).**

**- کەریم کاکە سوریی:** ئەو هەڵەیەی خدر موسەوی بیانووی دایە دەست ڕژێم و گروپی حەوت کەسیی و ئەوان پروپاگەندەی زۆریان پێوە کرد کە گوایە حیزبی دیموکرات "شکاکان" دەکوژێت. لە لایەکی تروە سەنار بۆ سەلماندنی ڕادەی خۆفرۆشییەکەی تەرمی دوو شەهیدەکەی ئێمەی دایە دەست ڕژێم و ئەوانیش تەرمەکانیان بە شەقامەکانی شاری سەلماسدا گێڕا. لەو هەلومەرجە شپرزەیەدا هەواڵمان پێگەیشت کە حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار ناوچەکەیان بەجێهێشتووە و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە خۆیان گەیاندووەتە سۆما و منیش لەگەڵ پێشمەرگەکان بە ڕێکەوتین کە خۆمان بگەیەنینە سۆما و لەوێ خۆمان ڕێکبخەینەوە و

درێژە بەئەرکەکەمان بدەین. سەرئەنجام دوای چەند شەڕ و تێکهەڵچوون ئێمە ڕۆژی 1360/5/29 (1981/8/20) گەیشتینەوە ناوچەی سۆما و لە گوندی "ئاخچەقەڵ" خۆمان ڕێکخستەوە و لەگەڵ حەسەن سازوارییی و چەند پێشمەرگەی تر بۆ دۆزینەوەی حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار گەڕاینەوە گوندی هەشتیان. لەوێ بووین کە جهانگیر ئیسماعیل زادە لە گوندی "هەوسن"ەوە، دوو کەسی نارد بۆ لامان و پێیڕاگەیاندین کە تا نیو کاتژمێری تر 25 چەکداری سەنار و قیادەموەقەت دێنە ئێرە و باشترە بەپەلە گوند بەجێبهێڵن. ئێمە بەو ئامۆژگارییەی جهانگیر بەرەو گوندی ئاخچەقەڵ گەڕاینەوە. لەوێوە نامەیەکم بۆ حاجی ئەحمەدی نوسی، لە وەڵامدا نوسیبووی ئێمە لە ناوچەی برادۆستین و زوو خۆتان بگەیەننە ئێرە تا بڕیارێکی نوێ بدەین. هەر ئەو شەوە پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و بۆ ڕۆژی دوایی گەیشتینە ناوچەی برادۆست و لە گوندی "قەسریک" جێگیر بووین. لەوێ حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیارمان دۆزیەوە و دوای هەندێک گلەیی و ڕەخنەگرتن، ڕۆژی 1360/6/2 (1981/8/24) کۆبووینەوە . بەشدارانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: حاجی ئەحمەدی، تاهر عەلیار، ڕەحیم محەمەد زادە، من و چەند کەسێکی تر لە بەرپرسانی ناوچەکە. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا لە ناوچەی برادۆست بمێنینەوە و دوای چەند ڕۆژی تر و هەڵسەنگاندنی دووبارەی ناوچەکە، بڕیارێکی نوێ بدەین. دوای ئەو کۆبوونەوەیە، بیستمان کە حاجی ئەحمەدی و تاهر عەلیار لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە بەبێ ئاگاداریی ئێمە ناوچەکەیان بەجێهێشتووە و چوون بۆ "گەلی بەردەڕەش" و بە هۆی کاک ڕەحیم محەمەد زادەوە بە ئێمەیان ڕاگەیاند کە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی حیزب دەبێت بکشێنەوە. ئێستاش من نەمزانی کە دەفتەری سیاسی چۆن بڕیارێکی بەو جۆرەی دابوو، لە کاتێکدا ئێمە دەمانتوانی وەڵامی هێرشەکانی دوژمن بدینەوە. بە هەر حاڵ منیش پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا کشاینەوە و گەیشتینە گوندی "بانی". لەوێ چەند کادیر و پێشمەرگەی حیزب لەگەڵ ڕەحیم محەمەد زادە خەریکی لەناوبردنی بەشێک لەو کەلوپەلانەی حیزب بوون کە بەکەڵکی گواستنەوە نەدەهاتن. دوای

پشوودانێکی کورت، لە حاجی ئەحمەدی و هاوڕێیانم پرسی. کاک ڕەحیم گوتی کشاونەتەوە بۆ گوندی "کاولان" و چاوەڕوانیی ئێوەدەکەن. منیش ڕەخنەم گرت و کاک ڕەحیم گوتی: **(کاکە کاتی ئەوە نیە و دەبێت بە زوویی ئێرە بەجێبهێڵن.).**
گوندی "بانی"مان بەجێهێشت و گەیشتینە "کاولان"، کەچی بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتین و حاجی ئەحمەدی لەوێش خۆی بۆ ڕانەگیرابوو و لەگەڵ تاهر عەلیار و پێشمەرگەکان چووبوو بۆ گوندی "بێتکاران". ئێمەش بەرەو گوندی "جیرم" و بێتکاران کەوتینەڕێ و شەو درەنگانێک گەیشتینە شوێنی مەبەست و حاجی ئەحمەدی و پێشمەرگەکانمان دۆزییەوە. لە گوندی جیرم کۆبووینەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە توندیی بەگژ حاجی ئەحمەدیدا چووم کە ورەی ڕوخاوە و بووە بەهۆی نیگەرانیی پێشمەرگەکان. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیارماندا بەرەو تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بکشێینەوە. ئێمە بەناچاریی دەبووایە کەمینی پێشمەرگەکانی قیادەی موەقەت ببڕین و بۆ ئەوەی کە توشی کەمینی ئەوان نەبین، لەگەڵ پەلێک پێشمەرگەی کۆمەڵە کە ئەوانیش لەناوچەی سۆماوە لەگەڵ ئێمە هاتبوون و پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیست، ڕۆژی دوایی بە چیاکاندا بەرەو ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بە ڕێکەوتین. لە ڕێگا خەریکی پشوودان بووین کە یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیست کە زمانی تورکی دەزانی لە ڕادیۆوە بیستی کە بارەگای سەرۆککۆماری ئێرانیان تەقاندووەتەوە و باهونەر و ڕەجایی و چەند کەسی تریان لێکوژراوە.).
هاوکات لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شەڕ و پێکدادانەدا، پێی سوپای پاسداران بە تەواویی بۆ لای سەنار و تاهر خان دەکرێتەوە و ڕۆڵی شەڕەکان دەخەنە دەست خۆیان و جاشەکانی سەربە حکومەت، تاهرخان، ڕەحمان کەریمی و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم دەکێشرێنە ناو شەڕەکانەوە.
بە نوسینی سەنار مامەدی لە لاپەڕەی 173ی کتێبی **"فهرستی از خاطرات سیاسی من"** پاسدار "باکری" لە کاتی شەڕەکەدا بە سەنار ڕادەگەیەنێت:

**- (ئیمام خومەینی بوونی پێشمەرگەی بە ڕەسمی بڕیارداوە و ئێوە دەتوانن گوردانێکی 800 کەسیی لە پێشمەرگەکانتان پێکبهێنن و "مەلا داود" بکەن بە فەرماندەی ئەو گوردانە و بچێت بۆ باشوری ئێران.).**

سوپای پاسداران دوو پلانی بۆ سەنار و مەلا داود مامەدیی و پێشمەرگەکان هەبوو. یەکەمیان بیانکێشێتە ڕیزی جاشەکانی حکومەت و ئەوی تریشیان لە ناوچەکە دوریان بخاتەوە و بیانبات بۆ پارێزگای خوزستان و تێکەڵاوی شەڕی ئێران و عێراقیان بکات، هەر وەک چۆن دواتر مەهدی باکری بۆ خۆی چوو و ڕۆژی 1363/12/25 لە شەڕەکانی "بەدر" دا کوژرا. بە هەر حاڵ لەو قۆناخەی شەڕدا چوار پێشمەرگە شەهیدبوون کە ناوەکانیان بریتین لە:

- عەلی ئەفشان، حەمەدەمین سوڵتانی لە هێزی پێشەوا و سلێمان لە هێزی سەرگورد عەباسیی و مەلا ڕەزا محەمەدی کادیر حیزبی دیموکرات کە لەگەڵ سەنار مامەدی بوو.

**زنجیرەی دووەم:** زنجیرەی دووەمی شەڕەکە لەوێوە دەستپێدەکات کە سەنار مامەدی بەو پێشنیازەی مەهدی باکری هۆشیار دەبێتەوە و لەوە دەترسێت کە حکومەت دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرێت و کێشەی بۆ دروستبکات. بەو تێڕوانینە، بەر لە گەیشتنی شەڕ بۆ سۆما و برادۆست، لە کاتێکدا کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە گەماڕۆی پێشمەرگەکانی سەنار و چەکدارانی تاهر خان و جاشەکانی سەربە حکومەتدا بوون، جهانگیر ئیسماعیل زادە داوا لە سەنار دەکات کە شەڕ ڕابگرێت، سەناریش بەگوێی دەکات، بەڵام حاجی ئەحمەدی و بەرپرسانیتری حیزبی دیموکرات باوەڕی پێناکەن و ڕادەکەن و ناوچەکە بەجێدەهێڵن. سەبارەت بەو پاشەکشەیە، پرسیارم لە ئەحمەد عەزیزی فەرماندەی هێزی سەرگورد عەباسیی کرد، ڕۆژی 2009/11/12 بە تەلەفۆن پێمی ڕاگەیاند:

**- (ڕەحمان حاجی ئەحمەدی پەیوەندیی بە دەفتەری سیاسی حیزبەوە کردبوو کە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لە گەمارۆی سەنار مامەدی دان. تاهر عەلیار هاتە لای من و داوای لێکردم بە هانای ئەو پێشمەرگانەوە بچم و هەوڵی ڕزگارکردنیان بدەم. پێشمەرگەکانم کۆکردەوە و بە**

ئوتۆمبێلێکی لاندرۆڤەر پڕ لە چەک و تەقەمەنی چووین بۆ ناوچەی سۆما و لەوێ لەگەڵ هێزەکانی سەنار توشی شەڕ بووین و پێشمەرگەیەکمان بە ناوی "یاوەر حەیدەری" خەڵکی گوندی هاوساران لە خێڵی عەبدەوی شەهید بوو کە تاهر خانی سمکۆ سەرۆکیان بوو. خێڵەکان ئامادەی شەڕ لەگەڵ یەکتر نەبوون. شەو هێرشمان بردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی سەنار و سەر چیاکانمان گرت و بەو جۆرە ڕێگامان بۆ پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا کردەوە و ئەوانیش هاتنە ناوچەی ئێمە. لەوێ خەریکی ڕێکخستنەوەی هێزەکەمان بووین کە هەموو خێڵەکان لەگەڵ ڕەحمان کەریمی، پاسدار و بەسیجەکانی قەرارگای هەمزە کەوتنە سەرمان. حاجی ئەحمەدی و چەند کەسی تر چوونە لای تاهر خان کە بەڵکوو ئەو خۆی تێکەڵ نەکات، بەڵام تاهر خان خوێنی مەلا ڕەزای بۆ زۆر گرنگ بوو. تەنانەت زللەیەکی لە حاجی ئەحمەدی دابوو. دوای ئەوە حاجی ئەحمەدی پێیڕاگەیاندین کە دەفتەری سیاسی دەڵێت پاشەکشە بکەین. کاتی پاشەکشە لە سنوری تورکیا و ئێران بووین کە سەنار مامەدی نامەیەکی بۆ ناردین. نوسیبووی داواتان لێدەکەم پاشە کشە مەکەن، چونکە ئەگەر عەجەم ناوچەکە بگرێتەوە ئێمەش لەناو دە چین. دەفتەری سیاسی لە وەڵامی سەناردا گوتبووی: ئەگەر سەنار ڕاست دەکات، نامەکەی بە چەند کەسێکدا بنێرێتە دەفتەری سیاسی. ئێمە گە یشتینەوە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و لە لای حاتەم بووین کە بەشیوەکاندا پێشمەرگەکانی قیادە هاتن و شەڕ گەیشتە لای ئێمە و دواتر هێرشیان کرد و هەر سێ لکەکانی ئێمە توشبوون. بنکەیەکی ئێمە لە نێوان گەلی بەردەڕەش و گوندی "ترە" لە شەڕدابوو. لە پشتی گەلی بەردەڕەش، لە گوندی نەیسەلان و گوندی "کورێ" شەڕ توند بوو. ئێمە گەمارۆ دراین و خالید سەبزەوارییمان لە دێی نێچەلان شەهید بوو. تەرگەوەڕ کەوتە دەست حکومەت و جاشەکان و قیادە. وا بزانم لەو شەڕانەدا **12** پێشمەرگەی حیزب شەهید بوون.).

بە هەر حاڵ بۆ ڕونکردنەوەی پتری ئەو باسە ڕۆژی 2008/4/21 بە تەلەفۆن پەیوەندییم بە سەنار مامەدییەوە کرد و لە ماڵەکەی خۆیدا لە شارەوانیی "ماشتا"ی ستۆکهۆڵم، لە جێدا کەوتبوو، نەیدەتوانی بڕوات و

کەسێکیان بۆ دانابوو کە کاروباری خۆی وماڵەکەی بۆ بکات. لەو پە یوەندییەدا گوتی: **(ئەوان هاتن شەڕەکەیان ساز کرد و کاتێک تاقەتیان نەما ڕایانکرد. من داوام لێکردن نەڕۆن، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەدامەوە).**

دوای چەند پەیوەندییەکی تر، لەگەڵ کاک کەمال گروێسی چووینەوە بۆ لای، بەڵام نەیتوانی دەرگاکەمان لێبکاتەوە، ناچاربووین لەپشت دەرگاکەیەوە بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەین. وەک هەموو جارانی پێشو، گوتی: **(بە خوا من خیانەتم نەکردووە و هەر کارێکم کردبێت بۆ کوردم کردووە و دوکتۆر قاسملوو و غەنی بلوریان منیان وەسەر تەڵە خستووە).**

بۆ درخستنی وەڵامی دروست و زانیاریی پتری خوێنەران لە دەقی ئەو نامەیەی کە ئەحمەد عەزیزیی ئاماژەی بۆ دەکات، دوای هەوڵدانێکی زۆر، توانیم جهانگیر ئیسماعیل زادەبدۆزمەوە و سەبارەت بەو نامەیە و چەند بابەتێکی تر پرسیاری لێبکەم و ڕۆژی 2009/11/30 بە تەلەفۆن پێمی ڕاگەیاند:

**- (ئەوە ڕاست نیە کە حاجی ئەحمەدی، یان کەسێکی تر پەیوەندیی بە سەنارەوە کردبێت. لە ڕاستییدا سەنار ئامادەبوو، تەنانەت کوڕەکەی خۆشی بنێرێت بۆ لای پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، بە مەرجێک بێڕێزی پێنەکرێت، من ئەو مەسەلەیەم لە هەشتیان لەگەڵ حاجی ئەحمەدیدا باسکرد، بەڵام وەڵامێکی ڕونی نەدامەوە. لە سەرەتادا هەموو ناوچەکە لەگەڵ حاجی ئەحمەدی و حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام کاتێک ئەوان شەڕەکەیان هەڵگیرساند و دواتریش نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن، خەڵک و پێشمەرگەکان توشی نائومێدیی بوون و گەڕانەوە بۆ لای سەنار. کاتێک پێی پاسدار مەهدی باکری و فەرماندەی ژاندارمەریی سەلماس هاتە ناو کێشەکەوە، من قسەم لەگەڵ سەنار کرد و گوتم خەریکە بارودۆخی ناوچەکە تێکدەچێت و ئێمەش ڕەوشمان خراپ دەبێت. بۆ ڕێگرتن لەو دیاردەیە لەگەڵ سەنار، کاک ئەرشەد مورادییمان نارد بۆ لای حاجی ئەحمەدی و داواکەمان دووپات کردەوە، کەچی حاجی ئەحمە دیی و پێشمەرگەکانی کە ژمارەیان نزیکەی حەوت سەد کەس دەبوو، بە پەلە ناوچەکەیان بەجێهێشت.**

بۆ جاری دووەم لە گەلی بەردەڕەش کاک موزەفەر بەگزادەمان ناردە لای حاجی ئەحمەدی و دیسان داوامان لێکرد کە نەڕۆن و دۆخی ناوچەکە نەشێوێنن، بەڵام وەڵامی نەداینەوە. لەبەر ئەوە ناچاربووین نامەیەک بۆ دەفتەری سیاسی بنوسین. نامەکەمان بە کەریم کاشف پوور، برای کاک عەلی کاشف پووردا نارد و دوکتۆر قاسملوو وەڵامی دایەوە و داوای لێکردین ناوچەکەمان بپارێزین و ڕەحمان کەریمی بگرین. هەروەها نوسیبووی بە زوویی چەک و تەقەمەنی پێویستتان بۆ ڕەوانەدەکەم، ئەگەر تەنانەت بە تورکیاشدا بێت، بەڵام ئەو بەڵێنەش جێبەجێ نەکرا. بە هەر حاڵ دوای دەرچوونی حاجی ئەحمەدی و پێشمەرگە هێنراوەکان لە ناوچەکە، ئێمە پێشمەرگەکانمان ڕێکخستەوە و بە ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگەوە بەشێکی ناوچەکەمان پاراست. سەنار ڕایگەیاند ڕەحمان کەریمی بگرن و پێشمەرگەکان ڕەحمان کەریمی، نەوید موعینی و ئەحمەد سەفایان گرت. نزیکەی ساڵێک دوای ئارام بوونەوەی ناوچەکە، دەفتەری سیاسی فەتاح کاویان، نەبی قادری و سەرهەنگ قادری بە دوسەد هەزار تمەنەوە ناردە لای ئێمە. ئێمە لەو ناوچەیە ماینەوە و سەرئەنجام کۆماری ئیسلامیی ناوچەکەی گرتەوە. سەنار مامەدی و تاهر خان ساڵی **1984** بە بنەماڵەوە چوونە تورکیا و منیش باوکم و مناڵەکانم نارد و خۆم تا هاوینی ساڵی **1985** مامەوە. دواتر ئیجازەیەکی شەش مانگەم وەرگرت و چوومە لای مناڵەکانم کە لە کەمپێکی تورکیا بوون. سەرئەنجام من لە هۆڵەندا و سەنار لە سوید خۆمان گرتەوە).

دواتر لە بەشێکی جیاوازدا بەگوێرەی مێژووی ڕووداوەکان، ئاماژە بۆ چارەنوسی ڕەحمان کەریمی دەکەم، بەڵام دەربارەی چوونی فەتاح کاویان، نەبی قادریی و سەرهەنگ ئیرەج قادریی لە 1361/4/16 (1982/7/7) دا بۆ ناوچەی هێزی قارەمان، ڕۆژی 2009/12/1 پەیوەندییم بە سەرهەنگ قادرییەوە کرد، لەو بارەیەوە گوتی:

- (دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر شەڕی شیماڵدا، دوکتۆر قاسملوو داوای لە کاک فەتاح و کاک نەبی و من کرد کە بۆ دەربڕینی ئاشتیی لە نێوان حیزب و سەنار و جهانگیردا بچینەناوچەی هەشتیان و هێزی قارەمان و ڕێکخراوی ئارارات ڕێکبخەینەوە. دوکتۆر قاسملوو **200** هەزار

**تمەنی دا بە ئێمە کە بۆ سەناری ببەین. ئەو گوتبووی پێشمەرگەکان جلوبەرگیان نیە و سێ مانگە یارمەتییان وەرنەگرتووە. ئێمە چووین، پارەکەمان دا بەسەنار و لەگەڵ جهانگیر ئیسماعیل زادە هێزەکەمان ڕێکخستەوە. دواتر چووینە لای تاهر خانی سمکۆ، بەڵام نەمانتوانی لەگەڵ ئەو ڕێکبکەوین. دەیگوت بۆچی هێزی سمکۆتان تێکداوە؟ داوای 2 میلیۆن تمەنی دەکرد کە هێزی سمکۆ بە چوار سەد پێشمەرگە پێکبهێنێت، کاتێک بینی ئێمە ڕازیی نین، ناوچەکەی بەجێهێشت و بە بنەماڵەوە چوو بۆ تورکیا. بەهەر حاڵ ئێمە نزیکەی دوو مانگ لەو ناوچەیە بووین و کاتی گەڕانەوەمان لە جیاتی ئەو 200 هەزار تمەنەی کە بۆ سەنارمان بردبوو، 600 هەزار "مارکمان" بۆ حیزب هێنایەوە و دامانە دەست دوکتۆر قاسملوو. پێشمەرگەکانی هێزی قارەمان ئەو پارەیەیان لە سەڵتەنەتخوازەکان گرتبوو. عەلی کاشف پوور و شاپوور شوجاعیی پارەکەیان دا بە ئێمە کە بیدەین بەدوکتۆر قاسملوو).**

شەڕی حیزبی دیموکرات دژی سەنار بەرلە گەیشتن بۆ برادۆست کۆتاییهات. سەنار دوای پێشنیازەکەی جهانگیر ئیسماعیل زادە، خۆی لە شەڕی دژی حیزبی دیموکرات کێشایەوە و لێرەوە شەڕەکان بە ڕواڵەت لەسەر خوێنی مەلا ڕەزا دەبێتە شەڕی تاهر خانی سمکۆ و حکومەت و سەرۆک خێڵە جاشەکانیش خۆیان تێکەڵی شەڕی دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەن و ئەو جارەیان شەڕەکە توندتر دەبێت و پێشمەرگەکان ناوچەی بەرپرسیاریی خۆیان بەجێدەهێڵن. سەبارەت بە توندیی هێرشەکانی ئەو قۆناخە و دژواربوونی ڕێگاکان، یوسف ئەفراسیابی دەڵێت:

**- (هێرشەکان بەرەبەرە توندتر دەبوون، ئێمە نەماندەزانی بۆچی ژمارەی پێشمەرگەکانمان کەم دەبێتەوە. بە تەقەمەنی زۆر کەم و ژێرپێی بریندار و لاواز و بێتوانا، خۆمان گەیاندە سەر سنوری تورکیا. لەوێ سوارێک نامەی مەلایەکی بۆ هێناین کە نوسیبووی: هێزەکانی سەنار و تاهر خان، تەنانەت هێزی بەرگریی حیزبیش دەیانگوت "بگرن و ئەو کوڕکوڕانە" بکوژن. پێشمەرگەکانی حیزبی سۆسیالیستی تورکیا لە گوندێک بوون کە ناوەکەیم لەبیر نەماوە، لەبنکەی حیزبی سۆسیالیست**

**بووین، برادەرێکی سۆسیالیست کە بینی ئێمە زۆر بێ کەیفین، "باغڵەمە" کەی هێنا و ئاهەنگێکی لێدا و من هەندێک ئارام بوومەوە. هەندێک جار دەچووینە ناو خاکی تورکیا و هەندێک جاریش لە بەشی ئێراندا بووین، ژاندارمەکانی تورکیا لە ئامادەییدا بوون و بە شەڕەکەی ئێمەیان زانیبوو. لەنێوان زێوە و تورکیادا بەسەر پاسگایەکی تورکاندا کەوتین، فەرماندەی پاسگاکە هاتەلامان و گوتی ئێرە خاکی تورکیایە و دەبێت بپەڕنەوە بۆ بەری ئێران، گوندێکی ئێران لە نزیک پاسگاکە بوو. تەنیا ئومێدی ئێمە ئەوەبوو کە بە چیاکاندا بچینەوە زێوە کە بارزانییەکانی لێبوو. هەموو وەستابووین و هێزی ڕۆیشتنمان نەبوو. ماوەی دە ڕۆژ بوو بەو شێوەیە دەژیاین. حەسەن سازواری و بایزید نەبەردی دەیانویست خۆیان بکوژن و پێشنیازیان ئەوەبوو، بچین شەڕ بکەین. شەو لەوێ ماینەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە سەر سنوری تورکیا. نیو کاتژمێر ڕێگامان بە ڕۆژ و نیوێک بڕی و سەرئەنجام بە شاخاندا هاتینەوە نێوان دزە و زێوە. هەردوو لامان پێشمەرگەی قیادە بوون و ئەوانیش لە کەمیندا بوون. ئێمە ناچار بووین کەمینی ئەوان بشکێنین کە زۆر دژوار بوو. بەڕاستیی ئەگەر تەقەیان لە ئێمە بکردایە، کەسمان لێ دەرنەدەچوو. بەو جۆرە هاتینەوە دزە. کاک نەبی قادری لەوێ بوو. ئێمەیان لەوێ هێشتەوە بۆ شەڕ دژی بارزانییەکان، بەڵام کەریم خاڵدار ڕەخنەی گرت و وەزعی ئێمەی پێڕاگەیاندن. لەبەرئەوە ئێمەیان ناردە شنۆ و لەوێ دابەشیان کردین بەسەر ماڵاندا. خانەخوێکان خەنەیان بۆ گرتینەوە. شەوی دوایی شەڕ لە نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتدا دەستی پێکرد. لە شنۆوە هاتینەوە دەفتەری سیاسی، بەڵام ئەم جارە پڵاو و خۆرشتیان نەداینێ. لەگەڵمان کۆبوونەوە و گوتمان بۆچی باسی ئەو مەسەلانەتان لەگەڵ ئێمە نەکردبوو، تەنانەت لە بواری تەقەمەنی و پێویستییەکانیش پشتی ئێمەتان نەگرت.).**

هەر وەک گوتم تاهر خانی سمکۆ بۆ لێدان و دەرکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچەکە، پەل بۆ هەموو لایەک دەهاوێژێت و بە هاوکاریی جاشەکانی عیسمەت دری، هەرکی، بیگزادە و ڕەشید بەگ، بەرەنگاری پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دەبێتەوە و لە برادۆستەوە

تـا ناوچـەی مـەرگـەوەڕ و دەشـتـەبێـڵ پاشـەکشـەیـان پێـدەکـات. دیـارە پاشەکشەی پێشمەرگەکان بـە یارمـەتـی هێـزی سـەرگـورد عـەباسیی بـوو، ئـەگـەرنـا ئـەوان بـە هـۆی ئاشـنا نـەبوونیـان بـە ناوچـەکـە، لەوانـە بـوو، هـەموویـان تێـدا بچـن. لـەم بـارەیـەوە، ڕەحـیم محـەمـەد زادە ڕۆژی 2009/11/19 بە تـەلـەفۆن پێمی ڕاگەیاند:

- (ڕۆژی **1360/6/7 (1981/8/29)** پێشـمەرگـەکـانی حیـزب بـە دۆڵـی پێساندا بەرەو سنوری تورکیا ڕۆیشتین و چووینە سەر چیا سەختـەکانی پشـت بێتکـارە، شـەو لـەسـەر چیایـەکـی زۆر سـەخـت و سـارد ماینـەوە، بەیانیی چوین بۆ گوندی بێتکارە کە موسا بەگ خاوەنی بوو، بەشێکیش لە پێشمەرگەکان چوونە گوندی جرمـێ کـە تـا گـەیشـتینە ئـەو گوندانـە ماوەی **24** کاتژمێر بە ڕێگاوە بووین. لە بێتکارەوە دەمانویست بە دەشتدا خۆمان بگەیەنینە گوندی دزە کە موسا بەگ دژمان وەستا و دەیگوت لە دەشتدا قیادە هەمووتان دەکوژێت. ئێمە بە پێچەوانەی ڕێنوێنیی ئەوەوە کە دەیگوت بە ناوچەی سنوردا خۆمان بگەیەنینە گوندی دزە، بـەیـانیی ڕۆژی دوایـی بـە ناوچـەی دەشـتاییدا بـەڕێکـەوتـین و چووینـە چـادری مەڕدارەکان لـە کوێستانـەکـانی ناوچـە و کـاتژمێر **16:00** کـەوتینـەڕێ و کاتژمێر **21:00** گەیشـتینە نزیک دەروازەی دۆڵێک کـە دەبووایـە پێیـدا بچینـە مـەزرای نێرگـێ. لـەوێ بڕیـاردرا گروپێکـی پێشـقەرەوڵ بچێـت و دەروازەی دۆڵەکەتاقیبکاتـەوە، ئـەگـەر جێی مەترسی نـەبوو، ئـەوانی تریش بێن. من یەکێک لـە ئـەندامانی ئـەو گروپە پێشڕەوە بـووم کـە گـەیشـتینە دەروازەی دۆڵەکە گوێمان لێبوو لە هەردوو بـەری دۆڵـەکـە دەنگـی پـاچ و پێمەڕە دەهات، وا دیار بوو کە جەماعەتی قیادە خـەریکـی هـەڵکـەندنی سەنگەرن.

زۆر بـەئـەسپایی گـەڕاینـەوە لای پێشمـەرگـەکـان و ئاگادارمـان کردنـەوە، دیسـان بـەو چیـا سـەختانـەدا کـەوتینـەوەڕێ. بـە شـیوێکـی سـەر سـنوری دەستکرددا ڕۆیشتین و لای چێشتانێ گـەیشتینـە سنور، لـەبـەر ئاسـتـەمیـی ڕێگاکـە، چـەنـد جـار نـاچـار بـووین لـە سـنور بپـەڕینـەوە و لـە یـەک دوو شوێنیشدا کـەم مـابوو لـەگـەڵ قەرقۆڵی تورکیا لێمان ببێت بـەشـەڕ، بـەڵام لـەبـەر زۆریی پێشمـەرگـە، نـەیانوێرا خۆیانمان لێبدەن.

**بە سنوردا هاتینە شوێنێک بە ناوی شەقڵاوی و بە قەراخ داڵانپەڕدا هاتینە گوندی سورە دوکەڵ لە ناوچەی مەرگەوەڕ. شەڕ هەر دەهات و توندتر دەبوو. بەشێک لە پێشمەرگەکانی هێزی سمکۆ، ئەفشین و نحۆ کە لە گوندەکانی "قایر" و "بەرازان" لە نزیک مەرگەوەڕ لە بەرامبەر دوژمندا سەنگەریان گرتبوو، کەوتنە گەمارۆی قیادەوە و ژمارەیەکیان شەهید بوون. شەڕ لە مەرگەوەڕەوە بەرەو ناوچەی دەشتەبێڵ و شنۆ دەهات. قیادە بەرزاییەکانی پشتی شنۆی گرتبوو و ڕەحمان کەریمی و جاش و پاسداری تر کە بە ڕێگای ورمێدا بەرەو شنۆ دەهاتن. یەکێک لە بەرپرسانی قیادە لە گوندی گەڵاز و کانی سپی قسە بۆ خەڵک دەکات و دەڵێت: ئێمە تا سەردەشت پاکیان دەکەینەوە.).**

بەهەر حاڵ لە قۆناخی دووەمی ئەو شەڕەدا، هەشت پێشمەرگە شەهید بوون کە ناوەکانیان بریتییە لە: حەسەن کیانی، عەبدوڵا کوێستانی، محەمەد جیهانی و عوسمان جۆخۆری ڕۆژی **1360/6/8** لە هێزی ئەفشین لەگوندی قایر، خالید سەبزەواریی ڕۆژی **1360/6/8** لە ناوچەی سۆما لە هێزی سەرگورد عەباسیی، مستەفا سۆفی ڕۆژی **1360/6/9** لە هێزی نەحۆ لە گوندی کۆلەبی مەرگەوەڕ، محەمەد ئیبراهیمی ڕۆژی **1360/6/11** لە قایر و محەمەد پیرۆت زادە ڕۆژی **1360/6/13** لە قایر لە هێزی سمکۆ.

**زنجیرەی سێیەم:** بەرلەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ڕۆژی **1981/7/3** لە هێزەکانی پێشەوا، ئاوارە، سمکۆ و ئەفشینەوە پێشمەرگە بنێرێت بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵی چەککردنی سەنار مامەدی بدات، زەمینەی شەڕی عەشیرەتی بارزان دژی حیزبی دیموکرات دورستببوو.

کاتێک شەوی **1981/7/1** لە هەرێمی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، بێڕێزیی دەکرێت بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی و ڕەحیم میران هەواڵی کارەساتەکە بە کاک ئیدریس و شێخ محەمەد خالید ڕادەگەیەنێت، دەستبەجێ بارزانییەکان بڕیاردەدەن هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و شەڕیان لەگەڵ بکەن، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە لیژنەیەکی چوار کەسیی لە قازی و مەلاکانی شنۆ خۆیان

دەگەیەننە ڕاژان و پێش بەو هێرشە دەگرن. لەم بارەیەوە شاهیدێکی نزیک لە ڕووداوەکان ڕۆژی 2009/11/20 پێمی ڕاگەیاند:

- (حیزبی دیموکرات وەفدێکی چوار کەسیی ناردبوو کە زۆر مرۆڤی زیرەک و دڵسۆز بوون. لەگەڵ کاک مەسعود دانیشتن و وتیان حیزبی دیموکرات دەستی نیە لە دەرهێنانی تەرمی بارزانییدا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە لەشکری عەشیرەتی بارزان بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد خالید ئامادەی هێرشکردن بوون. شێخ محەمەد خالید پێیدادەگرت و کاک مەسعود نەرم و لەسەرخۆ بوو. بە وەفدەکەی ڕاگەیاند، ئەگەر تا کاتژمێر 4 ی بەیانی تەرمی بارزانیی نەگاتە ڕاژان، ئێمە هێرش دەکەین. ئەوە بوو تەرمەکەیان بەرلە کاتژمێر چواری بەیانیی گەیاندە ڕاژان و لە گوندی "هەلەج" ناشتیانەوە. دوای ئەو ڕۆژە، کێشەکە پێی نایە قۆناخێکی تازەوە. سەرکردایەتی پارتی چوار کەسی لە حیزبی دیموکرات دەویست کە سەبارەت بەدەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی لێیان بکۆڵێتەوە، بەڵام دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامدا دەیگوت ئەگەر ڕۆنەنیشنەسەر جێی خۆتان، بەشەش میلیۆن کورد لێتان دەدەین. هۆی سەرەکیی شەڕی ئێمە لەگەڵ حیزبی دیموکرات بۆ دەرهێنانەوە و بێڕێزیی کردن بە تەرمی بارزانیی دەگەڕایەوە. شێخ محەمەد خالید وەڵام نەدانەوە بەو تاوانە، بە سوکایەتیکردن بە عەشیرەتی بارزان دەزانی. سەرکردایەتی پارتی دژی ئەو شەڕە بوو، بەڵام ئەو لەسەر شەڕکردن لەگەڵ حیزبی دیموکرات پێیدادەگرت و دەیگوت پێویست ناکات پارتی خۆی لەو شەڕە بدات و ئێمە بارزانییەکان تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی چەند جار داوای لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات کرد کە ڕێگایەکیان بە شنۆ و پیرانشاردا بۆ بکاتەوە، پێشمەرگەکان پیایدا هاتوچۆی عێراق بکەن، بەڵام قاسملوو بە فیتی سەدام حوسێن نەیدەهێشت، تەنانەت جاسوسی عێراقییان تا ورمێ هێنابوو. دیموکرات هەموو دەوری ئێمەی گرتبوو، تەنانەت بەهۆی نزیکایەتی قاسملوو و مام جەلال، پارتی مەترسی هێرشی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیشی لەسەر بوو. بەو حاڵەش شەڕ ڕاگیرا، تا سەرئەنجام لە مانگی شەشی ساڵی 1981دا، پێشمەرگەکانی پارتی بە فەرماندەیی "عوزێر دۆڵەمەڕیی" چوونە سەر

گوندی "بەرازان" کە بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی لێبوو. لە و شەڕەدا عوزێر دۆڵەمەڕیی فەرماندەی هێزی دۆڵەمەڕیی شەهید بوو. هەر ئەو شەوە تاقمێکی تر لە پێشمەرگەکان لە پشتەوە هێرشیان کردەوە و ئەگەر لە بیرم بێت هەموو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە **32**، یان **33** کەس بوون، بەدیل گرتنیانن. کاک مەسعود بۆ ئەوەی کە کەسێک زەفەر بەو دیلانە نەبات، ئەدهەم بارزانیی بۆ کردن بە چاودێر و پێشمەرگە دیلەکان لەژێر چاودێریی ئەدهەم بارزانییدا بوون و دواتریش بۆ ئەوەی نەکەونە دەست حکومەتی ئێران، هەموویان بەرەڵا کردن. شەڕەکان درێژەیان خایاند و بەرلەوەی کە پێشمەرگەکانی پارتی بگەنە شنۆ، ئیدریس بارزانیی شەڕەکەی ڕاگرت و بە حیزبی دیموکراتی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوەی ژن و منداڵی خەڵک نەکوژرێن، شنۆ چۆڵ بکەن، ئەوانیش شنۆیان بەجێهێشت. پارتی فرانسۆ هەریریی کرد بە بەرپرسی ئیداریی شاری شنۆ.).

ئەو شاهیدەی ڕووداوەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەی مندا کە جاشەکانی سەر بە حکومەت و پاسدار و بەسیجەکان چۆن ڕۆڵێکیان هەبووە لە شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دیموکراتدا، گوتی: **( هیچ کەسێکی حکومەت لەو شەڕەدا نەبوو. لە بەندی ورمێوە پاسدار لە ترسی دیموکرات نەدەهاتن و دوای ئەوەی کە ئێمە شنۆمان گرتەوە، ئەوان بەبێ شەڕ بە جادەدا هاتن. لەبیرمە فەرماندەی ژاندارمەریی زێوە هاتە لای کاک مەسعود و بە شێوەی سەربازیی دەستی بۆ بەرزکردەوە و گوتی ئێمە لەژێر فەرمانی ئێوەداین، بەڵام کاک مەسعود گوتی پێویستمان بە ئێوە نیە. تەنانەت تاهرخانیش داوای کرد یارمەتیمان بدات، بەڵام کاک مەسعود قبوڵی نەکرد. نەک هەر جاشەکانی ئێران، بەڵکوو لقەکانی 1، 2، 3 و 4 ی پارتیش لەو شەڕەدا نەبوون. جگە لە بارزانییەکان و ژمارەیەکی کەم کە زۆر لە بارزانییەکان نزیک بوون، وەک نێروەییەکان، هیچ کەسێکی تر بەشداریی شەڕی نەکرد. تەنانەت کاتێک ئێمە لە شنۆ جێگیر بووین و سوپا و سوپای پاسداران هاتن، تەشقەڵەیان بە ئێمە دەکرد و دەیانگوت نابێت بنکەتان لەشاردا هەبێت و بە چەک بە جادە کاندا هاتوچۆ بکەن.).**

شاهیدێکی تر بە ناوی وەلید ئاکرەیی دەربارەی شەڕی نێوان پارتی دیموکرات و حیزبی دەیموکرات لە وڵاتی دانیمارک پێمی گوت: (**بەرلەو شەڕە بۆ شێواندنی ورەی پێشمەرگە و ئەندامانی پارتی دیموکرات، چەند عەمەلیات بەدژی پارتی کرا. کەسێک بە ناوی "کڵاوڕەش" بە پیلانی ڕژێمی بەعس لە لایەن حاتەم و غەنی پوورەوە پرچەک دەکرا. بۆ جاری یەکەم لە گوندی "میراوا" کەسێکی ئاکرەیی بە ناوی عەبدولجەبار ئاکرەیی کە دوو منداڵی هەبوو، لە ماڵی خۆی دەرهێنا و شەو کاتژمێر 22:00 کوشتیان و تەرمەکەیان فڕێدا. لەسەر ڕێگای زێوە بۆ ڕاژان مینیان دانا و تراکتۆری هاووڵاتێکی ڕۆژهەڵات کە خەڵکی مەرگەوەڕ بوو کەوتە سەر مینەکە و شەهید بوو. ئەو مینە لەسەر ڕێگای زیندانی پارتی لە "هەورس" دانرابوو. بە تۆپی 60 میلیم دوو سێ جار لە ئۆردووگای زێوەیاندا و زیانیان بە چەند ماڵی ئاوارەکان گەیاند. لەنێوان گاڕانە و زێوە مینیان دانا و پێنج پێشمەرگە و هاووڵاتیی خەڵکی مەرگەوەڕیان بریندار کرد. ئێواران لە نێوان گوندی هەلەج و زێوە تەقەیان لە ئوتۆمبێلەکانی ئێمە دەکرد، ئێمە ئیزگەی ڕادیۆکەمان لە گوندی شەقڵاوە بوو و بۆخۆشمان لە هەلەج دەماینەوە. ئەوانە و دەرهێنانەی تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی سەرەتای گرژییەکان بوون کە پتر حاتەم و غەنی غەنی پوور ڕۆڵیان هەبوو تیاندا. لە گوندەکان کۆبوونەوەیان بە خەڵک دەکرد کە ڕێ نەدەن بە بارزانییەکان هاتوچۆیان بکەن. کاتێک مەلاکان هاتن و بە دوای ئەودا تەرمی بارزانییان هێنایەوە گوندی هەلەج، کاک مەسعود لەژێر چادردا سیمینارێکی گێڕا و ئاغاکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕیش لەوێ بوون، عەشیرەتەکانی لایەنگریی پارتی دەیانویست شەڕ بکەن و دەیانگوت تۆڵە دەکەینەوە، کاک مەسعود ئارام بوو، دەیگوت دەبێ بزانین سەبەبی چییە. نیهاد بارزانی کڵاشینکۆفەکەی دەرهێنا و گوتی ئەگەر قسەی زیادە بکەن وەبەر گوللەتان دەدەم. کاک مەسعود گوتی من ناڵێم دیموکرات ئەوەی کردووە، ئێمە هەموومان براین و ئێمە دەبێ تەحەمولمان هەبێت. کاتێک تاهرخان و پاسدراەکان لەشەڕ کەوتن، بابەکر زێباریی، مام غەریب ئاکرەیی، سلێمان هەرەنی و عەبدوڵا قادۆ لەلای تاهرخان بوون کە دەفتەری سیاسیی بۆ ئەوەی کە لە**

**شەڕ نەکەون، بە نامەیەک فەرمانی پاشەکشەی پێدان. بە دوای ئەوەدا شەڕ هەڵگیرسا و پارتی لە شەڕەکە کەوت و ژمارەیەکی بەدیل گرت، کاک مەسعود بۆ ئەوەی کە زیان بە دیلەکان نەگات، ئەدهەم بارزانیی وەک چاودێر لەسەر زیندان دانا و بە دوای شەڕدا زیندانییەکانیان ئازاد کرد کە بگەڕێنەوە لای ماڵ و مناڵەکانیان).**

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژی 1360/6/14 (1981/9/5) هێرش دەکاتە سەر گوندی بەرازان و ڕۆژی دوایی پەلاماری گوندەکانی قایر و کۆلەبی مەرگەوەڕ دەدات و شەڕەکە بەرین دەبێتەوە. لەو زنجیرە شەڕەدا حەڤدە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و پێشمەرگەیەکی پارتی دیموکرات شەهید بوون. ناوی شەهیدەکان بریتی بوون لە:

- جەمشید مەجیدزادە، محەمەد مەحمودی، کەریم فڕی، عەبدوڵا یەگانە، عادل عەلیزادە، حەمید یەگانە و بەهائەدین ڕۆحانی زادە ڕۆژی 1360/6/15 و محەمەد عەزیزیی "کڵاوڕەش" و ئەحمەد عادلی ڕۆژی 1360/6/15 لە قایر. خدر پوشەندە و ئەمین شەریف پوور ڕۆژی 1360/6/15 لە بەرازان. مەجید هاتف زەفەر، ڕەحیم حەبیبی، ڕەشید محەمەدیان پوور، خورشید محەمەدیان پوور و جەمشید ئەسەدی ڕۆژی 1360/6/15 لە کۆلەبی مەرگەوەڕ. محەمەد پوورئەحمەد 1360/6/17 لە بەردەقەل دزەی مەرگەوەڕ لە هێزی نەحۆ. عوزێر دۆڵەمەڕیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە 1360/6/15 لە بەرازان.

**زنجیرەی چوارەم:** هەر وەک پێشتر گوتم، هاوکات لەگەڵ شەڕی حیزبی دیموکرات دژی سەنار مامەدی، یەکەی ژاندارمەریی سەلماس و سوپای پاسدارانی سەلماس و ورمێ لە بەرامبەر تەرمی دوو پێشمەرگەی شەهید محەمەد ئەمین سوڵتانی و سلێمان، بەمەبەستی قۆستنەوەی شەڕەکە، بە کردەوە تێکەڵاوی شەڕەکە بوون. هەر لەو کاتەدا سەرهەنگ عەلی سەیاد شیرازیی فەرمانەدەی لەشکری 64 ی ورمێ، بە هاوکاریی مەهدی باکری فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای پاسدارانی پارێزگای ورمێ و فەرماندەی لەشکری 28 ی سنە پلانی داگیرکردنی شارەکانی شنۆ و بۆکان دادەڕێژن و بۆ ئەو مەبەستە نوسینگەیەکی هاوبەش بەناوی "قرارگا عملیاتی شمال غرب ایران" پێکدەهێنن. سەرهەنگ شیرازیی فەرماندەیی

گرتنەوەی شاری شنۆ لە ئەستۆ دەگرێت و داوا لە سەرکردایەتی سوپای کۆماری ئیسلامیی دەکات کە هێزی پشتیوانیی بۆ بنێرن کە تیپی 23 ی هەوابورد و تیپی 30 پیادەی گورگان دەنێرنە ورمێ کە لە گرتنەوەی هەردوو شاری شنۆ و بۆکاندا هاوکاریی لەشکرەکانی 64 ی ورمێ و 28 ی سنە بکەن. لەو بارەیەوە سایتی "مرکز اسناد انقلاب اسلامی" دەنوسێت:

**- (لە سەردەمی سەرۆکایەتی محەمەد عەلی ڕەجایی دا سەروان سەیاد شیرازی بە وەرگرتنی دوو پلە ڕەوانەی ورمێ دەکرێت و لەوێ "قەرارگای هەمزە سەیدولوشوهەدا" پێکدێنێت و بە لەشکرەکانی 64 ی ورمێ و 28 ی کوردستان و تیپەکانی 23 ی هەوابورد و 30 ی گورگان، شارەکانی بۆکان و شنۆ ئازاد دەکات.).**

لە لایەکی ترەوە، مودیری "بنیاد شهید آذربایجان غربی" لە سایتی "راوی - پایگاه جمع آوری و ذخیرەسازی اخبار کشور" دا وتارێکی بە بۆنەی ساڵڕۆژی کوژرانی مەهدی باکری بڵاوکردووەتەوە و دەڵێت:

**- (ساڵی 1360 کە سەرهەنگ عەلی سەیاد شیرازیی کرا بە فەرماندەی لەشکری 64 ی ورمێ، لەو ساڵەدا هاوئاهەنگییەکی زۆر لە ناو سوپا و سوپای پاسداراندا دژی گروپە چەکدارە دژەشۆڕشەکان پێکهات. هەر لەو کاتەوە پاکسازیی شاری شنۆ و گوندەکانی سەر سنور خرایە ناو پرۆگرامی هاوکارییەوە بۆ ڕزگارکردنی شاری شنۆ لە دەست چەکدارەکانی حیزبی دیموکراتی سەر بە سەدام حوسێن. لەو ساڵەدا عەمەلیاتێکی بەرین لە ناوچەی سەلماس تا سنوری سێرۆ کرا و ناوچەکەیان لە دەست سەنار مامەدی و جهانگیر ئیسماعیل زادە ڕزگار کرد. هەروەها شاری شنۆمان بە هاوکاریی هێزە چەکدارە کوردەکانی سەربە حکومەت گرتەوە.).**

بەو جۆرە سەرهەنگ سیاد شیرازی فەرماندەی لەشکری 64 ی ورمێ بە هاوکاریی تیپی 23 ی هەوابورد و تیپی 30 ی گورگان و یەکەکانی سوپای پاسداران و بەسیج و سەرۆک جاشەکانی سەربە حکومەت، ڕۆژی 1360/6/19 (1981/9/10)، لە قۆناخی چوارەمی شەڕەکاندا، بە جادەی گەلی قاسملوو و دەشتەبێڵدا دێتە شنۆ. لەو قۆناخەدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون کە ناوەکانیان بریتییە لە:

- کەمال مودەرسی 1360/6/18 لەپشت شاری شنۆ، سەید قادر عەلەوی 1360/6/18 لە پشت گرگاشانی شنۆ لە هێزی سمکۆ، ئەحمەد پوورسەلیم ڕۆژی 1360/6/19 لە مەرگەوەڕ و ئیبراهیم عوسمانیی ڕۆژی 1360/6/19 لە کۆلەبی مەرگەوەڕ لە هێزی نەحۆ.

لەو چوار زنجیرە شەڕانەدا 35 پێشمەرگە شەهید و کۆمەڵێکیش بریندداربوون، بەڵام شەڕی حیزبی دیموکرات و پارتی دیموکراتی کوردستان بە گرتنەوەی شنۆ کۆتایی نەهات و دەیان شەڕی خوێناویی تری لە ناوچەی شنۆ و لەسەر سنوری دەستکردی شنۆ بۆ باشوری کوردستان بە دوادا هات. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە بڕواننە چەند لاپەڕەیەک لە نامیلکەی "جنگ در کوردستان" کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەربارەی شەڕەکانی دوای دەرچوونی پێشمەرگەکانی لە شنۆ بڵاویکردووەتەوە:

**نامیلکەی "جنگ در کوردستان، مهر و آبان 1360 ضمیمەلاپەڕەی 28"**

- ڕۆژی 1360/7/19 لە شەڕیکی دژوار و نابەرامبەردا کە لە گوندەکانی "شێخان، کانی ڕەش و درو" لە نێوان پێشمەرگەکان و جاشەکانی قیادە موەقەتەدا ڕوویدا، پتر لە 77 جاشی قیادە کوژران و دوو جاشیش بە ناوی خالید و حاجی شینو لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بەدیل گیران. لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە بە ناوی حاتەم دوعاخوان فەرماندەی هێزی نەحۆ، مەحمود ڕەحمەتپور جێگری هێزی سمکۆ، کەریم چۆلی و ڕەسوڵ حامیدی شەهید بوون. شایانی باسە کە پێشمەرگەیەکی تری حیزبی دیموکراتیش بە ناوی ئەیوب ئیبراهیمی لەو شەڕەدا شەهید بووە کە ناوی لە نامیلکەی "جنگ در کردستان" دا نەنوسراوە. واتە لەو شەڕەدا پێنج فەرماندە و پێشمەرگە شەهید بوون، نەک چوار. سەرهەنگ ئیرەج قادری فەرماندەی هێزی ئەفشین سەبارەت بەو شەڕە، ڕۆژی 2008/3/2 پێمی گوت:

**- (هێزی نەحۆ بەرپرس کرا کێلەشین بگرێت. هێزی نەغەدە کە ناوەندە کەی لە گوندی "شاوەلە" بوو، چوو لە شنۆوە یارمەتی هێزی نەحۆ بدات. قاسم حوسێنی "شاهۆ" فەرماندەی هێزی سمکۆ چوو بۆ "بێرکم" کە هێزی**

**عێراقی لێ بوو کە ئەویش پشت لە پارتی بگرێت و لە پشتەوە لێی بدات. لەو شەڕەدا 5 پێشمەرگەی حیزب شەهید بوون. مام موراد کە ئێستا لە سوید دەژی و دەست و قاچی نیە، یەکێکە لە بریندارەکانی ئەو شەڕە.).**

**نامیلکەی "جنگ در کوردستان، مهر و آبان 1360 ضمیمە لاپەڕەی 28"**

- ڕۆژی **1360/7/20** لە تێکهەڵچوونی پێشمەرگەکانی هێزی ئەفشین و هێزی سمکۆ لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم و جاشەکانی قیادە موەقەتە لە گوندی "بالاگیر، نەرزەمیز، کۆنەقەڵا، دەربەند و
دێشەمس"، سێ جاشی قیادە موەقەتە کوژران و ژمارەیەکیشیان بریندار بوون. لەو شەڕە نابەرامبەرەدا چوار پێشمەرگە بەناوی: ئەبوبەکر نەوزەری، موراد هەمزەزادە و کەریم ئامانی لە هێزی ئەفشین و عومەر محەمەد پوور لە هێزی سمکۆ شەهید بوون. شایانی باسە کە موراد هەمزەزادە لەو شەڕەدا شەهید نەبووە و بە هەڵە ناوی نوسراوە. لەو شەڕەدا تەنیا سێ پێشمەرگە شەهید بوون، نەک چوار.

**جنگ در کردستان مانگەکانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری 1360 ضمیمەچهارم لاپەڕەی 29**

- ڕۆژی **1360/8/18** هێزەکانی ڕژێم بە هاوکاریی جاشەکانی قیادەی موەقەتە و لەژێر ئاگری تۆپخانە و هێزی هەوایيدا لە چوار لاوە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی شاوەلە، بایزئاوێ، گڵوان و گوندەکانی دەوروبەری. پێشمەرگەکانی هێزی ئەفشین و سمکۆ لە بەرامبەریاندا وەستان و لە شەڕێکدا کە یازدە کاتژمێری خایاند، پتر لە پەنجا هێرشکەر کوژران و چواردەشیان بریندار بوون و پاشەکشەیان کرد. هەروەها لە کاتی شەڕەکەدا مینێک لە نێوان گوندەکانی گڵوان و بایزئاوێ بە ئوتۆمبێلێکی دوژمندا تەقییەوە و هەموو سەرنشینەکانی کوژران و بریندار بوون. لەو شەڕەدا هەشت پێشمەرگە لە هێزی سمکۆ و پێشمەرگەیەکیش لە هێزی ئەفشین شەهید بوون کە ناوەکانیان بریتییەلە: کەریم قازی، سەعە عەبدوڵایی، عەزیز مەعروفی، عومەر گاخۆر، عوسمان پیرۆتی، ئەحمەد ئیبراهیمی و عەبدوڵا حەسەن زادە لەهێزی سمکۆ و حەبیبوڵا زولفەقاری لە هێزی ئەفشین.

**ناميلکەی جنگ در کوردستان شهريوەر، مهر، آبان و آذر 1361 ضميمە لاپەڕەی 37- 41**

**- ڕۆژی 1361/9/19** پێشمەرگەکان لەنێوان گوندەکانی "دێشەمس و قەرەچەقەڵ" دا هێرشيان کردە سەر چاودێرانی هەڵبژاردنی ڕژێم و پاسدار و جاشەکانی قيادەموەقەتە و 69 کەسيان لێ کوشتن. تەرمی 8 پاسدار و 21 جاشی قيادە لە مەيدانی شەڕەکەدا مانەوە. هەروەها ژمارەيەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن، لەوانە جاشی قيادە بريندار بوون و 7 چاودێری هەڵبژاردن لەگەڵ سندوقەکانی دەنگدان و فۆرمەکانی دەنگدان کەوتنە دەست پێشمەرگەکان. لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بە ناوی محەمەد ئەمين ڕەشيدی و کەمال نەبی زادەشەهيد بوون.

**ناميلکەی جنگ در کوردستان مرداد و شهريوەر 1362 ضميمە لاپەڕەی 28- 29**

- ڕۆژی **1362/5/8** پێشمەرگەکان چوونە ناو شاری شنۆوە و ناوەند و شوێنە گرنگەکانی شاريان خستە دەست خۆيان و بە چڕيی تەقەيان لە بنکەی هێزەکانی ڕژێم لە قەرارگای هەمزە، دوخانيات، شارەوانيی و ناوەندی لێکۆڵينەوەی پاسداران کرد. دواتر هێرشيان کردە سەر جاشەکانی قيادە. لەو عەمەلياتەدا پێشمەرگەکان دەيان کەسيان لە هێزەکانی دوژمن کوشت و ژمارەيەکی زۆريان بريندار کرد. هەروەها پێشمەرگەکان بۆمبێکيان لە شوێنی جێگيربوونی پاسدارەکان لە شاردا دانايەوە و بەهۆی تەقينەوەی ئەو بۆمبەوە، بيناکە ڕوخا و چەند ئوتۆمبێلی دوژمن تێکشکان.

- ڕۆژی **1362/6/5 (83/8/27)** پێشمەرگەکان لە جادەی کێلەشين دەستڕێژيان لە دوو ئوتۆمبێلی جاشەکانی قيادە کرد و لە ئاکامدا هەردوو ئوتۆمبێل تێکشکان و هەموو سەرنشينەکانيان کوژران و بريندار بوون. دوای ئەو زەبرلێدانە، دوو ئوتۆمبێلی تری جاشەکانی قيادە هاتن کە پێشمەرگەکان يەکێک لەو ئوتۆمبێلانەيان شکاند و ئەوی تريان ڕای کرد. ئەم جارە قيادە بەکرێگيراوەکان لە پێگەی "شێخان" ـەوە هێرشيان کرد، بەڵام بەهۆی تەقينەوەی مينێک لە ڕێگاکەياندا کە پێشمەرگەکان

دایاننابوو، ژمارەیەکی تریان لێکوژرا و بریندار بوون. تەرمی چواردە کوژراویان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێما.

قادر ڕەشید "ئەبو شوان" یەکێک بوو لە سەرنشینەکانی دوو ئوتۆمبێلی دوای ئەو ڕووداوە. لەنامەیەکی ڕۆژی 2009/11/22 دا بۆ من دەربارەی ئەو شەڕەو کوژراوەکانی، دەڵێت: **(بارەگای سەرکردایەتی حیزبمان "حیزبی شیوعی عێراق" لە ناوچەی لۆلان بوو، من دەزگای چاپەمەنی حیزبم ئەبرد بەڕێوە، لەمێژ نەبوو ئامێرێکی چاپکردنی جۆری ئۆفسێت مان لە ورمێ کڕیبوو، لە ناکاوێکدا لە کارکەوت. هاوڕێیان وتیان بیبەرەوە بۆ دوکانەکەی لێتان کڕیوە، چاکی بکەنەوە. هاوڕێی پێشمەرگە، ئالان کوڕی عومەری مەکتەبە لەگەڵ خۆتدا ببە، ئامێرەکەمان بە ولاخ گەیاندە ئەو جێگایەی کە ئوتۆمبێل هاتوچۆی ئەکرد. ئێران بە شۆفڵ ڕێگایەکی عەسکەریی لە سەری کێلەشینەوە بۆ لۆلان کردبووەوە، بۆ گەیاندنی هێزی پاسداران دژ بەڕژێمی بەعس، دامێنی کێلە شین بەڕووکاری ڕۆژهەلاتدا خاکی کوردستانی عێراقە، لاندرۆڤەرێکمان بە کرێ گرت بە لوتکەی کێلەشیندا شۆڕبووینەوە، تا بڵێیت بڵندە و کوێستانێکی سەخت و چۆڵەوانییە. دار و درەختی پێوە نیە، چەند لۆفەیەکمان بڕیبوو، ئوتۆمبێلێک لە پێشمانەوە خێزانی تیادا بوو، وەستا بوو، کاتێک ئێمە لێیان نزیک بووینەوە، دەستیان بەرزکردەوە کە بوەستین. ئێمە، واتە ئالان و من و شۆفێرەکە وەستاین. وتیان مەڕۆن، گوێبگرن تەقەیە، ئالان ویستی تەقە بکات بێ ئەوەی بزانین کێن ئەو تەقانە ئەکەن. دەنگی تەقەکان دور بوو لە بواری کالاشنیکۆڤدا نەبوو. بینیمان دە پانزە کەسێک لە زۆنگەکە دورکەوتنەوە و تەقە وەستا، ئێمە ش کەوتینەڕێ بە پێچاوپێچەکاندا بەرەو جێی تەقەکان شۆڕبووینەوە کە لەسەر ڕێگاکەی ئێمەدا بوو. بە هەموومان کالاشنیکۆڤێکمان پێبوو، ئەویش بە هاوڕێ ئالان بوو. کاتێک گەیشتین، بینیمان دوو ئوتۆمبێلی لاندرۆڤەر نزیک لە یەکتر وەستاون و بە دەوروبەریدا ئافرەت و منداڵ و پیاو لە ئاو و لیتاوی زۆنگاوەکەدا کەوتوون و خەڵتانی خوێن کراون و هەموویان کوژراون. دوو کەسیش سەد مەتر لە دوریی ئەوانەوە کوژراون، ئەو دووانە شۆفێرەکان بوون، وا دیاربوو بەرەوپیری چەکدارەکان**

ڕۆیشتبن کە پێیان بڵێن نەفەرەکانم خێزانن و هاتوون بۆ سەردانی کە سوکاریان و هەندێکیان پەناهەندەکانی ئۆردووگای زێوێن و بۆ لای کەسوکاریان گەڕاونەتەوە. یەکێک لەوانەی کە خەڵتانی خوێن بوو، هێشتا مابوو، لە لوت و دەمیەوە خوێن ئەهاتەدەرەوە و زمانی نەبوو قسە بکات، مردنی ئەویش لە ئان و ساتدا بوو. دەرگاکانی دواوەی لاندرۆڤەرەکان ئاوالا بوون، ئافرەتێک لە ناو ئوتۆمبێلێکدا کوژرا بوو، منالێکی دوو سالانەی لە باوەشدا بوو کە ئەویش کوژرا بوو، لە باوەشی دایکیدا گرمۆڵە ببوو، بەلام هێشتا لەشی گەرم بوو. هەر یەکێک لەو کوژراوانە بە دەیان گولەی پێوە بوو، ئالان دورکەوتەوە و تەماشای خوارەوەی شاخەکەی کرد و هاواری کرد وەرن بڕوانن کۆمەڵێک چەکدار جل و بەرگی خاکییان لەبەر دایە، بەلام زۆر دورکەوتبوونەوە، بیرمان کردەوە ئەم تەرمانە بە ئێمە ناگواسترێنەوە و جێگایان نابێتەوە، دوو ئوتۆمبێلەکەی ئەوانیش کلیلەکانیان دەرهێنابوون، گوللەیەکی زۆریان بە جێگای سویچەکانیانەوە نابوو، کاتیش دەمەو ئێوارە بوو. هاوڕێ ئالان لەسەر بەرزاییەکەوە چاودێریی دەوروبەر و مێرگەکەی ئەکرد کە ئێمە بە تەرمی کوژراوەکانەوە خەریکبووین، من پێشنیارم کرد هەموومان بە پێ بە لاڕێدا بەشاخەکەدا بڕۆینە خوارەوە، تا ئەگەینە گوندی شێخان و ئاگاداری خەڵکەکە بکەین کە تراکتۆر ببەن تەرمەکان بهێننەوە، جێگای ڕووداوەکەلە سنوری کوردستانی ئێراندا بوو. پێشنیاری دووەمم ئەوە بوو کە هەردوو ئوتۆمبێلەکە بەجێبهێڵین، لەبەرئەوەی مەترسی ئەوە هەیە لە ڕێگا مینیان دانابێت! شوفێرەکەی ئێمە کە تەمەنی نزیکەی بیست ساڵ ئەبوو، وتی مامۆستا خۆ بەڕێزت پێشمەرگەیت بۆ وا بیر ئەکەیتەوە! مین نیە لە ڕێگاماندا و وەرن سەرکەون با بڕۆین. بە نەفەرەکانی ئوتۆمبێلەکەی ترم وت وەرن لەگەڵمان، بە پێ ئەڕۆین، بەقسەمیان کرد. هەر لەو کاتەشدا داوام لە ئالان کرد بێتە خوارەوە، ئەڕۆین. شوفێرەکەمان وتی من بە تەنیا ئەڕۆم، شوفێرەکەی تریش وتی بەم شەوە ئوتۆمبێلەکەم لێرە بەجێناهێڵم و لە دوای ئوتۆمبێلەکەی ترەوە کەوتەڕێ. ئێمەش بە پێ شۆڕبووینەوە و تەنیا بەلاڕێدا، کەمێک دور لە ئێمە لە پێچی دووەمدا، ناڵە هەستا و تەپوتۆز بەرزبووەوە! بەپەلە

گەیشتینەجێی ڕووداوەکە، لاندرۆڤەرەکەی ئێمە لە پێچی دووەمدا بەسەر میندا ڕۆیشت و لە شاخەکە کەوتەخوارەوە! شوفێرەکەمان هێنایە دەرەوە، زمانی نەبوو بدوێت، هەستمانکرد برینداز نەبووە! هێنامانە سەر ڕێگاکە و گەیاندمانە گوندی شێخان. لەوێ زمانی کرایەوە و کەوتە قسەکردن. وتی ماموٚستا ئێوەخاوەن ئەزمونن، داوای لێبوردنتان لێ ئەکەم. بۆ بەیانیی تراکتۆر کەوتەڕێ بەرەو کێلەشین، ڕژێمی ئێران هیچ یارمەتی و کارئاسانییەکی نەکرد، دانیشتووانی شێخان هاوکارییەکی بێوێنەیان کرد بۆ هێنانەوەی تەرمەکان. ڕۆژی دوایی لە ئۆردوگای زێوێ، بیستمان یەکێک لە شەهیدەکان خوشکەزای خالە ڕەشید "ڕەشید عارف" بوو، کادیرێکی پێشکەووتوی (پ.د.ک) و لاوێکی خوێندکار بوو، هاتبوو بچێت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن. ئەو خێزانانە پێشمەرگە نەبوون، ئەگەر لەبیرم بێت بە دوو شوفێرەکەوە کوژراوی بێتاوان بوون، زۆریان بە تەمەن بوون، بە گوللەی پێشمەرەگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید کران. تفەنگێکی زۆر کۆنم لە ناو لاندرۆڤەرێکیاندا بینی، قۆناغەکەی بەگوللە شکابوو، وا مەزەندەم کرد ئینگلیزیی بوو. ئامێری چاپەمەنییەکەی ئێمەش لەناو ئەو لاندرۆڤەرەدا کە بەسەر میندا ڕۆیشت، پارچە پارچە بوو. ئەو ڕووداوە ناسۆرە کارەساتێک بوو هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

پێشتر ئەم سەرگەردانیەم وەک خۆی بۆ کاک حامید گەوهەریی باسکردبوو، وا لەسەر داوای بەڕێزی بە نوسین وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر، دەقی بەسەرهاتەکەم بەخەم و حەسرەتێکی زۆرەوە بۆ نارد. ئەوە تنۆکێکە لە ڕوباری خوێنی بێتاوانان لە کێشمەکێشی شەڕی براکوژییدا.).

بەهەر حاڵ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شەڕانەدا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ڕەزبەری 1360 (9 و 10 ساڵی 1981) نامیلکەیەکی 54 لاپەڕەیی بە ناوی **"خیانەتەکانی قیادەی موەقەتە بە نەتەوەی کورد"** بڵاوکردەوە و حوسێن مەدەنی بەرپرسی ڕێکخراوی شنۆش لە نامیلکەیەکی 18 لاپەڕەییدا بە ناوی **"از سوما تا اشنویه"** کە ڕۆژی 1360/7/20 (1981/10/12) بە ناسناوی "دڵسۆز" بڵاویکردەوە، ئاماژە بۆ

شکاندنی حیزبی دیموکرات لەو شەڕانە و خیانەتی قیادەموەقەت دەکات و بەبێ سەرنجدانی بەو ڕاستییەی کە تاوانی دەرهێنانەوەی تەرمی بارزانیی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەودا کراوە، تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. لە کۆتایی ئەم بەشەدا بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بۆ هۆی شکانی حیزبی دیموکرات لە شەڕەکاندا بکەم:

**- حیزبی دیموکرات لەو شەڕانەدا بە ڕواڵەت دوو ستراتیژی هەبوو، چەککردنی سەنار مامەدی و تەقاندنەوەی پردی قوتور کە لە هەردووکیاندا شکستیهێنا، بەڵام ئامادە نەبوو خۆی لە شەڕی خێڵەکان بکێشێتەوە. بەوتەی ڕەحیم محەمەد زادە حیزبی دیموکرات لەو شەڕانەدا ستراتیژیی ڕونی نەبوو، جارێک دەیانگوت تا دوا هەناسە بەرگریی دەکەین و پاش ماوەیەکی تر ئەو سیاسەتە دەگۆڕا.**

**- هەر وەک پێشتر گوتم، بەشی زۆری پێشمەرگەکانی ئەو شەڕانە، خەڵکی ناوچەکە نەبوون و لە ناوچەی موکریانەوە ڕەوانەکرابوون و لەگەڵ زاراوەی خەڵک و جوگرافیا و داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکە ئاشنا نەبوون.**

**- لە کاتێکدا بێڕێزیی کرا بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی لە شنۆ کە حیزبی دیموکرات خۆی بە بەرپرسی ناوچەکە دەزانی، لەبەر ئەوە دەبووایە بە هێمنی لەگەڵ ڕووداوەکە ڕووبەڕوو بێتەوە، نەک پێشمەرگە بنێرێت و گەمارۆی زێوە و گوندەکانی دەوروبەری بدات، ئەوە کارێکی نادروست و هەڵنەسەنگاو بوو.**

- بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکان، حیزبی دیموکرات ناوەندێکی بەهیزی بڕیاردانی نەبوو.

- پێشمەرگەکان، تەنانەت بێتێل و دەزگای پەیوەندییکردنیان لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بەرپرسانیان نەبوو. ئەمەش بوو بە هۆی پەرشوبڵاویی هێزی پێشمەرگە و چۆڵکردنی ناوچەکان.

- ڕێگرتنی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە پارتی دیموکرات کە پێشمەرگەیان نەچێتەوەبۆ باشوری کوردستان و هەڕەشەکردن لێیان بە نوسراوە کە بە شەش ملیۆن کورد ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێیاندەدەن،

هەڵەیەکی گەورەی دەفتەری سیاسی حیزب و شەخسی دوکتۆر قاسملوو بوو. حیزبی دیموکرات لە نامیلکەی "خیانەتەکانی قیادەی موەقەت بە نەتەوەی کورد"یشدا ئامازەی بە لێدانی قیادە بە شەش میلیۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە.

بە هەر حاڵ کۆماری ئیسلامیی دوای داگیرکردنی شاری شنۆ، بیری لە پاککردنەوەی گوندەکانی ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە. لەم بارەیەوە جهانگیر ئیسماعیل زادە دەڵێت: **(ڕۆژی 1360/8/13 (1981/11/4) بەو هێزانەی کە شەڕی حیزبی دیموکراتی کرد، پەلاماری گوندەکانی بێردوک، کوران، جوجەیی، ئاخچەقەڵ و خەرەگوشی دا و شەڕ بۆ ماوەی 17 ڕۆژ تا 1360/8/30 (1981/11/21) درێژەی کێشا و دوژمن بە زیانێکی زۆرەوە پاشەکشەی کرد. لە هەموو ئەو شەڕانەدا، ئێمە تەنیا پێشمەرگەیەکمان بەناوی جەمشید کە کادیری هێزی سەرگورد عەباسی بوو، بریندار بوو.)**

دوا پرسیارم جهانگیر ئیسماعیل زادە، ئەوە بوو کە چۆن بوو تۆ لە لایەک لەگەڵ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم بوویت و لەلایەکی ترەوە هاوکاریی حیزبی دیموکراتت کرد لە پاراستنی ناوچەکە و زیاننەگەیاندنی لەوە زیادتر بە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات؟

لەوەڵامدا گوتی:

**- (لە ڕاستییدا هەڵوێستە کردنی من بەهۆی ئایدیۆلۆژی و نزیکایەتی فیکریی لەگەڵ پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم نەبوو، بەڵکوو لە تووڕەیییەوە بوو. ساڵی 1980 (گەلاوێژی 1359- نوسەر) من دەچووم بەشداریی پیلینۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندیی بکەم لە گوندی "داغە" لەنزیک مهاباد. پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی مەرگەوەڕ بە ئارپیجی لە ماڵەکانی قیادەموەقەتەیان دابوو. من لە پیلینۆمدا ڕەخنەم گرت و گوتم ئەو ناوچەیە زۆر هەستیارە، بۆچی ئاڵۆزی دەکەن و لە نائەمن بوونی ناوچەکەدا ئێمە سود نابینین. کۆمیتەی ناوەندیی بەرپرسیاریی پێدام کە لە گەڕانەوەدا بچم لەو مەسەلەیە بکۆڵمەوە و بە ڕاپۆرتێک دەفتەری سیاسی لە ڕووداوەکە ئاگادار بکەم. لە گەڕانەوەدا چوومە لای ئەندامانی ڕێکخراوی ورمێ و بۆم دەرکەوت حاتەم و غەنی غەنی پوور**

**لە عێراق نزیکەی 100 کالاشنیکۆف و 7- 8 ئارپیجی یان هێناوە. بۆمان ڕون بووەوە کە دوای هێنانی ئەو چەکانە، تەقە لەماڵەکانی قیادە کراوە کە شەڕ دروست بکەن. من لەگەڵ دوو کادیری کۆمیتەی شارستانی ورمێ لە گوندی "خوراسپ" لەگەڵ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی و دوو کادیری قیادە و چەند پیاوماقوڵی گوندەکە لە گوندێکی ڕۆژئاوای دزە کۆبووینەوە و کۆمیتەیەکی بێلایەنمان پێکهێنا کە تاوانباران بدۆزێتەوە. تاوانبارەکان بۆ من ناسراو بوون، لەبەرئەوە نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نوسی کە غەنی و حاتەم لە ناوچەکە بگوازنەوە، چونکە ئەوان خەریکی ئاژاوەنانەوەن. ئەو کاتە دوکتۆر قاسملوو لە دەرەوەی وڵات بوو، دوکتۆر شەرەفکەندی لە وەڵامی مندا نوسیبووی: "ئەگەر دەخوازی حاتەم و غەنی لەو ناوچەیە بڕۆن، با بێنەجێی تۆ و تۆ بچۆ بۆ جێیەکی تر." هەرچەندە من ئەو وتەیەم بە دورخستنەوەی خۆم دەزانی، وەڵامم دایەوە و گوتم با بێن، کەچی ئەوان نەهاتن.).**

سەرئەنجام بە تێپەڕبوونی کات، قینی تۆڵەسەندنەوە لەنێوان ڕێبەرانی دوو حیزبی برا، حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، نیشتەوە و شەڕەکان بە کردەوە، نەک بە ڕێککەوتن، کۆتاییان پێهات و کاتێک سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی گوشاری سەربازیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ناچاربوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبهێڵێت و لە باشوری کوردستان جێگیر ببێت، دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی 1991ی باشوری کوردستان، بە نوسینی عەبدوڵا حەسەن زادە لە لاپەڕەی 280 ی کتێبی "نیو سەدە تێکۆشان" دا، ڕێبەرانی پارتی دیموکرات و بەڕێز مەسعود بارزانیی سەردانی بنکەی حیزبی دیموکراتیان کرد و کۆتایی بەو گرژیی و کێشانە هێنا.

## سەید عەلی خامنەیی دەبێت بەسەرۆککۆمار و میرمحەمەد موسەوی بە سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئیسلامیی

دوای کوژرانی محەمەد عەلی ڕەجایی لە تەقینەوە تێرۆریستییەکەی 1360/6/8(1981/8/30) دا، کۆمـــــاری ئیســـــلامیی ڕۆژی 1360/7/10 (1981/10/2) سـێیەم خـولی هـەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماری بـۆ کۆمـاری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەبرد. ئەو هەڵبژاردنە لەکاتێکدا کرا کەقەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتاندا، باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو. لەلایەک ئێران بە توندیی خەریکی درێژەدانی شەڕ لەگەڵ عێراق بوو، دوژمنایەتی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپای دەکرد، لە لایـەکـی تـرەوە زۆر بێبـەزەییانـە هـەڵسوکەوتـی لـەگـەڵ ڕێکخـراوە سیاسـییەکـان و بـەتایبـەتیی ئـەنـدامان و لایـەنگرانـی ڕێکخـراوی موجاهیدینی خـەڵـک دەکرد. پاسدار و بەسیجیەکان ڕۆژانە هەڵیاندە کوتایە سەر ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە بێ هیچ تاوانێک، خەڵکیان لە زیندانەکاندا کۆدەکردەوە و بە بێ دادگاییکردن، گوللەبارانیان دەکردن! و ڕۆژنامەکان کەوتبوونە بەر تیغی سانسورەوە.

لە کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لە شەڕی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، هەر ڕۆژەی هەڵیاندەکوتایە سەر ناوچەیەکی ئازادی کوردستان و بەچەکی مۆدێرن و بۆمببارانی گوندەکان، داگیریان دەکرد و لە هیچ تاوانێک لە بەرامبەر نەتەوەی کورد، خۆیان نەدەپارست. هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ گەلی بلوچ، ئازەریی، تورکمان و عەرەبی خوزستاندا دەجوڵانەوە. خەڵکیان لە شەقامەکان دەگرت و بەتاوانی بیری جیاواز دەیانکوشتن و سوکایەتییان بە ئافرەتان دەکرد و هیچ یاسا و ڕێسایەک نەبوو کە بەرگریی لە مافەکانی دانیشتووانی ئێران بکات. وتەی خومەینی، وتەی خوا و قورئان و شەریعەت بوو، نەدەکرا پەیڕەو نەکرێت.

لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و دژوارەدا، کۆماری ئیسلامیی بەرەو خولی سێیەمی هەڵبژاردن چوو. 46 کەس خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی پاڵاوت کە شورای نیگەهبان تەنیا متمانەی بە

حوجەتولئیسلام سەید عەلی خامنەیی، حوسێن غەفوریی فەرد، عەلی ئەکبەر پەروەرش و سەید ڕەزا زەوارەیی بەخشی.

هەرچەندە بەو هۆیانەی سەرەوە کە ئاماژەم بۆ کردن، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی ئێران بەتایبەتیی لە تاران و شارە گەورەکان و هەرێمی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردنیان نەکرد، کەچی وەزارەتی ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ڕایگەیاند: 16 ملیۆن و 847 هەزار و 717 کەس بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە. لەو ژمارەیە سەید عەلی خامنەیی 16 ملیۆن و 8 هەزار و 579 دەنگی هێناوە و سێ پاڵێوراوەکانی تر تەنیا 839 هەزار و 138 دەنگیان هەبووە کە ئەوە بە تەواویی دور بوو لە ڕاستییەوە.

واتە بەرلە هەڵبژاردن، خومەینی، کۆمەڵی ڕۆحانییەتی خەباتگێڕ، مامۆستایانی ئایینیی قوم و حیزبی جمهوریی ئیسلامیی، خامنەییان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی دیارییکرد بوو، ئەو هەڵبژاردنە شانۆگەرییەکی سیاسی بوو بۆ فریودانی ڕای گشتیی و چاوبەستنی خەڵک.

خامنەیی کاتێک کە کرا بە سەرۆککۆمار، عەلی ئەکبەری ویلایەتی بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دەستنیشان کرد، بەڵام پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی متمانەی پێنەکرد و سەرەڕای ناکۆکییەک کە لە حیزبی جمهوریی ئیسلامییدا لەگەڵ میر حوسێنی موسەوی هەیبوو، بەویستی خومەینی، ئەوی بۆ ئەو پۆستە هەڵبژارد و پەرلەمان دەنگی پێدا. موسەوی بۆ دوو خولی چوار ساڵیی لەو پۆستەدا لەگەڵ خامنەیی مایەوە و دوای مردنی خومەینی، پۆستی سەرۆکوەزیرانیان لە دەستوری هەمیشەیی و سیستمی بەڕێوەبەرایەتی ئێراندا نەهێشت.

## کوشتاری بەکۆمەڵی کورەخانەی گوندی ساروقامیش و داگیرکردنی بۆکان

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای جێگیرکردنی هێزەکانی لە شنۆ، بڕیار دەدات شاری بۆکان داگیر بکات، بەڵام بەرلە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، بۆ دابەزاندنی ورەی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە، ڕۆژی 1360/6/23 (1981/9/14) بە هێزێکی زۆری پاسدار و بەسیج لەمیاندواوەوە پەلاماری کارگەرانی کورەخانەی گوندی ساروقامیش لەسەر جادەی میاندواو بۆ بۆکانی دا. بە نوسینی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نامیلکەی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کردستان"، چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی 18 کارگەری بێتاوانیان شەهید کرد کە ناوی 13 لەو شەهیدانە بریتییە لە:

- عوسمان سۆفی عەبدولا، محەمەد سۆفی عەبدولا، خالید جەعفەر ئاغا، سەید عەبدولا، عومەر حاجی مستەفا، ڕەسوڵ ئاغاپوور، کەریم مام ڕەسوڵ، جەعفەر حاجی مەحمود، قادر بلم، محەمەد ڕاەنشین، مەحمود پیرناک، فەرامەرز و ڕەسوڵ شێخ تۆفیق.

کۆماری ئیسلامیی دوای ئەو تاوانە مەزنەی، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ گوندەکانی نێوان میاندواو و بۆکانی بە خەستی تۆپباران کرد. ڕۆژی 1360/7/9 (1981/9/1) لە گوندی "عەلی ئاوا" منداڵێکی دە ساڵانی بە ناوی عەلی، شەهید کرد و ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنی خولی سێیەمی سەرۆکایەتی کۆمار کە لە بەشی پێشودا ئاماژەم بۆ کرد، لەشکری 64 ی ورمێ، لەشکری 28 ی کوردستان، یەکەکانی ژاندارمەریی سەقز و میاندواو، سوپای پاسدارانی سەقز و میاندواو، تیپی 23 ی هەوابورد و تیپی 30 گورگان و جاشە خۆماڵییەکان، بە فەرماندەیی سەرهەنگ عەلی سەیاد شیرازیی و پاسدار ناسر کازمی و پاسدار محەمەد ڕەزا فەتحی، ڕۆژی 1360/7/11 (1981/9/3) لە دوو هێڵی میاندواو و سەقزەوە هێرشیان کردە سەر بۆکان و بەبێ هیچ تێکهەڵچوونێک لە جادەکان و ناو شاری بۆکاندا، شارەکەیان داگیرکرد.

لە ڕاستییدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان ماوەیەک بەرلە داگیرکردنی بۆکان لەلایەن سوپای داگیرکەرەوە، بە هۆی شەڕی ناوخۆیی و هەروەها لەکاتی هێرشکردنی سوپای داگیرکەردا بۆ ئەوەی زیان لە خەڵک نەکەوێت، شاریان چۆڵکردبوو. بۆکان لەو مانگانەی دواییدا، بەهۆی شەڕ و تێکهەڵچوونی هێزە سیاسییەکان و پێڕانەگەیشتن پێی، وەک ناوەندێکی تاوانی هەمەجۆرەی لێهاتبوو.

ژمارەیەکی زۆر گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان، ئەلکهول، قومارباز، دز و تاوانباری ڕاکردووی شارەکانی تری لێ کۆببووەوە و بە بەردەوامیی تاوانیان تێدا دەکرد. چەندان کەس بە هۆی خواردنەوەی ئارەقی دەستکردی خۆماڵیی، لەو شارەدا مردن و لە چەندان ماڵی خەڵک دزیی کرا و سەدان دۆسییەی تاوان لە دادگای شاردا کۆببووەوە کە سەید سەلامی عەزیزی و دوو سێ دادوەری تر بەسەریان ڕادەگەیشتن. ڕۆژانی هەینیی کۆمەڵێک لاو فێر ببوون لە سەقزەوە بێن بۆ بۆکان و لەوێ کۆدەبوونەوە و ئارەقی فەلیان دەخواردەوە و ئارامیی خەڵکی شارەکەیان تێکدەدا.

هەر وەک گوتم، بۆکان بەبێ هیچ چەشنە تێکهەڵچوونێک، تەنانەت لە دەرەوەی شار و لە جادەکاندا، داگیر کرا. لە ڕاستییدا بۆکان بە بێ داگیرکردنیشی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ئەمنیەتی نەمابوو. ئەوان بۆ ئەوە شاریان بەجێهێشت کە پێشمەرگە و بنکەکانیان لە پەلاماری یەکتر بپارێزن. کۆمەڵە ڕێکخراوەکەی برد لە دۆڵەکانی گوندی "حاجی کەند" جێگیری کرد و حیزبی دیموکرات لە"نۆبار" کە هەردوو گوندەکە بچوک بوون و کۆنترۆڵکردنیان ئاسان.

دوای داگیرکردنی شنۆ و بۆکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، ناوچەی هەڵسوڕانی پێشمەرگە تەنگتر بووە و جگە لە نەوسود، شارەدێی بۆیەن، ڕەبەت و مێراوێی لەنێوان جادەی سەردەشت و پیرانشار، پێشمەرگە شار و شارۆچکەیەکی لە دەستدا نەما.

## کوشتنی ڕەحمان کەریمی بە فەرمانی سەنار مامەدیی

لە بەشی **"حیزبی دیموکرات لە زنجیرە شەڕێکی جیاوازدا، باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شنۆ لە دەستدەدات"** دا، ئاماژەم بۆ نامە و داواکاریی جهانگیر ئیسماعیل زادە و سەنار مامەدی کرد و گوتم دوکتۆر قاسملوو لە وەڵامی جهانگیر و سەناردا، دەڵێت ناوچەکەتان بپارێزن و ڕەحمان کەریمی بگرن. بە گوێرەی ئەو ئامۆژگارییە، سەنار، ڕەحمان کەریمی و هاوڕێیانی دەگرێت. لەم بارەیەوە لە لاپەڕەکانی 175- 178 ی کتێبی بیرەوەرییەکانی "حمله، اعدام و یورش" دا دەڵێت:

**- (گوتم ئەگەر ڕەحمان هاتە سیاوان بیگرن. لە سیاوان ڕەحمان، نەوید موعینی و دوکتۆر ڕەزا و بەرپرسی پاسدارەکانی هەشتیان و حەوت جاشی ڕەحمانیان چەککرد. دوای ئامۆژگاریی و.. چەکی جاشەکانی ڕەحمانمان گەڕاندەوە بۆ خۆیان و ئازادم کردن و ئەوانی ترمان هێنا بۆ سۆما. لەوێ چەکی دوکتۆر ڕەزا و فەرماندەی پاسدارەکانی هەشتیانم دایەوە بە خۆیان و ئەوانیشم ئازاد کرد و ڕەحمان و نەویدمان گواستەوە بۆ زیندانی گردیان. ڕۆژی دوایی نزیکەی 30 کادیر و بەرپرسی پێشمەرگەکانی دوو هێزی قارەمان و سەرگورد عەباسی لە گردیان کۆبوونەوە و دوای شیکردنەوەی تاوانەکانی ڕەحمان و هاوڕێیانی لە "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" دا، بەشداران ڕەحمانیان بە خائین دانا و بڕیاردرا لە زینداندا ڕابگیرێ و دادگایی بکرێت. نەوید موعینییشمان بە شەریکی ڕەحمان زانی، بەڵام لەبەر ڕێزگرتن لە دوو برا شەهیدەکەی "سلێمان و عەبدوڵا موعینی" کە لە ڕێی خزمەتی گەلی کورددا شەهید ببوون، ئازادمان کرد. نەوید ئێستا لە ئەوروپا دەژی. ئەومان هێنایە کۆبوونەوەکە و حوکمی نزیک بە سی کەسمان پێڕاگەیاند و ئازادمان کرد... ڕەحمان بە فەرمانی من و پەسەند کردنی لە لایەن کادیر و بەرپرسانی پێشمەرگەوە، موحاکمە کرا و ڕۆژی 1360/7/26 کوژرا).**

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات دوای ئارام بوونەوەی ناوچەکە لە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆیی، ڕۆژی 1361/4/16 (1362/7/7) لیژنەیەکی سێ کەسیی پێکهاتوو لە فەتاح کاویان، نەبی قادری و سەرهەنگ ئیرەج قادری، بە مەبەستی ئاشتبوونەوە لەگەڵ سەنار مامەدی، ناردەلای.

سەرهەنگ قادری دەربارەی شێوەی کوشتنی ڕەحمان کەریمی، پێمی گوت: **(کاتێک لەگەڵ کاک فەتاح کاویان و کاک نەبی قادری چووین بۆ لای سەنار، پێشمەرگەیەک کە خۆی ڕەحمان کەریمیی کوشتبوو، گوتی بە ڕەحمانمان گوت دەچین لەلای سەلماس دەتدەینەوە بە پاسدارەکان، بەوە زۆر خۆشحاڵ بوو. من و چەند پێشمەرگەیەک بردمان و لە نزیک سەلماس، گوتمان فەرموو بڕۆ، کاتێک خەریکی ڕۆیشتن بوو، تەقەمان لێکرد و کوشتمان!).** هەر لەو بارەیەوە، جیهانگیر ئیسماعیل زادە ڕۆژی 2009/11/30 بەتەلەفۆن پێمی گوت: **(من و مەلا داود مامەدیی و چەند کەسێکی تر، دژی کوشتنی ڕەحمان کەریمیی بووین، بەڵام سەنار ژمارە یەکی بانگ کردبوو کە لەگەڵ کوشتنی ڕەحمان بوون. هەرچەند ئێمە توانیمان نەوید موعینی و ئەحمەد سەفا لە مردن ڕزگار بکەین، بەڵام توانای ڕزگارکردنی ڕەحمان کەریمییمان نەبوو.).** لە بەشی **" خیانەتی ڕەحمان کەریمیی و شکانی پلانی حیزبی دیموکرات بۆ چەککردنی سەربازگەی پیرانشار"**، ئاماژەم بۆ بڕیاری پیلینۆمی 16- 1360/1/20 (5-1981/4/9) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە دەرکردنی سەنار مامەدی و ڕەحمان کەریمیی لە حیزبی دیموکرات و سپاردنیان بە دادگای شۆڕش کرد. بۆ زانیاریی پتری خوێنەران، جارێکی تریش بڕیاری پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات دەنوسمەوە کەدەڵێت:

**ئـ – ڕەحمان کەریمیی بە تاوانی پلانگێڕیی دژی حیزب، خیانەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد، جاسوسیی بۆ هێزی دەسەڵاتدار، وەک بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی حیزب، پەیوەندییکردن بە سوپای پاسداران و ئەرتەشەوە بە بێ ئیزنی حیزب، ئەنجام و تەواوکردنی چالاکیی پیرانشار بە سودی دوژمن (لەسەر دانپیادانانی خۆی بەم تاوانە، بە نوسراو)، پلانگێڕیی لە ناو حیزبدا بۆ تێکدانی ڕیزەکانی حیزب، بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و بوهتان هەڵبەستن بۆ ڕێبەریی حیزب و هاوکاریی لەگەڵ سەنار مامەدی، بە خائین بە حیزب و گەلی کورد دانرا، لەبەر ئەوە لە حیزب دەردەکرێت و بۆ سزادان بە دادگای شۆڕش دەسپێررێت.**

**ب- سەنار مامەدی بە تاوانی پێکهێنانی پەیوەندیی لەگەڵ اویسی و دارودەستەی سەڵتەنەتخوازان، وەرگرتنی پارە و چەك لەوان،**

**چەوسانەوەی زەحمەتکێشانی گوندەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی و دەرکردنیان لە جێ و ڕێی خۆیان، بەکارهێنانی ڕەفتاری دەرەبەگانە لە کاروباری حیزبییدا، هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕەحمانی کەریمیی بۆ خیانەت لە حیزب و گەل، بە خائین دانرا. هەر بەو دەلیلانە ئەویش لە حیزب دەردەکرێت و بۆ سزادان دەدرێت بەدادگای شۆڕش.**

لەگەڵ ئەو تاوانانەی سەرەوودا کە سەنار لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتەوە هەیبوو، سێ تاوانی تریشی کردبوو کە بریتی بوون لە: هێنانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی توودە و پاسدار و ژاندارمەریی بۆ ناوچەی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، وەرگرتنی پەنجا چەک لە مەهدی باکریی فەرماندەی عەمەلیاتی سوپای پاسدارانی ورمێ لە بەرامبەر تەرمی محەمەد ئەمین سوڵتانیی و سلێمان بە یەکەی ژندارمەریی سەلماس، هەروەها تێکەڵکردنی سوپای پاسداران و ژاندارمەریی لە شەڕی نێوان خۆی و حیزبی دیموکراتدا.

سەنار ڕۆژی 1360/7/26 (1981/10/18) ڕەحمان کەریمیی دەکوژێت و لە پاداشتی کوشتنی، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێک، بڕیاری پیلینۆمی 16- 1360/1/20 (5-1981/4/9) کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، دەخاتە ژێر پێ. لەوەش زیادتر، سەرلەنوێ لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکراتدا کە ڕۆژی 1362/11/2 (1984/1/22) پێکهات، جیهانگیر ئیسماعیل زادە لە لیستی پێشنیازکراوی دوکتۆر قاسملوودا کرایەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و سەنار مامەدییش لە یەکەم پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی دوای کۆنگرەی شەشەم، کرا بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی. شایانی باسە، سەنار مامەدی لە ماوەی ئەندامیی خۆیدا لە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، دوای کۆنگرەی چوارەم، تەنیا یەک جار لەمانگی خاکەلێوەی ساڵی 1359 (1980) بەشداریی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی کرد و ئەو جارەشیان کە کرا بە ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی لە ساڵی 1984 دا، دوای دەستنیشانکردنی بۆ ئەو پۆستە لە پاداشتی کوشتنی ڕەحمان کەریمیی، لەگەڵ بنەماڵەکەی کوردستانیان بەجێهێشت و چوونە تورکیا و لەوێوە بوون بە پەنابەر لە وڵاتی سوید.

**حیزبی دیموکرات دەبێت بەئەندام لە شورای نیشتمانیی بەرگرییدا**

پێشتر لە بەشی " **ڕاپەڕینی موجاهیدینی خەڵک بە پشتیوانیی بە نیسەدر**" دا، گوتم ژمارەیەک لە بەرپرسانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک خۆیان گەیاندە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە شیوەجۆ، تا بە یارمەتی ئەو حیزبە بنکەی چەکدار لە کوردستان بکەنەوە و دژی کۆماری ئیسلامیی خەبات بکەن. دوای ئەو ڕووداوە، چەند دیدارێکی دۆستانە لە نێوان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندیی لەلایەک و مەسعود ڕەجەوی و دوکتۆر ئەبولحەسەن بەنیسەدەر لە لایەکەی ترەوە لە پاریس پێکهات. لە ئەنجامی ئەو دیدارانەدا و ئاڵوگۆڕی چەند نامە لەنێوان ڕەجەوی و قاسملوودا، دوکتۆر قاسملوو بڕیاریدا حیزبی دیموکرات ببێت بە ئەندام لەشورای نیشتمانیی بەرگرییدا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە تەنانەت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتیش ئاگاداری ئەو بڕیارە نەبوون. لەو بارەیەوە جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 273 ی بەرگی یەکەمی کتێبی "50 ساڵ خەبات" دا دەڵێت:

**- (هیچ کات بەرلە چوونی حیزب بۆ نێو شورا لە پلینومەکان دا باسی ئەم مەسەلەیە نەکراوە و بە جیاوازیش لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری نەهاتۆتە گۆڕی. دوای چوونی حیزب بۆ نێو شوورا، بۆ یەکەم جار لە ڕادیۆ مەجاهید بیسترا.).**

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ دووان لەو نامانە بکەم کە لە نێوان بەڕێزان مەسعود رەجەوی سەرۆکی شورای نیشتمانیی بەرگریی و دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاڵوگۆڕ کران. هەروەها پەنجە بۆ ڕاگەینراوێکی حیزبی دیموکراتیش ڕابکێشم، تا چۆنیەتی بەئەندام بوونی حیزبی دیموکرات لە شورای نیشتمانیی بەرگرییدا پتر ڕون ببێتەوە. جێی ئاماژەیە کە ئەم دۆکیومێنتانە لە کتێبی 50 ساڵ خەباتی جەلیل گادانی وەرگیراون. سەرەتا نامەی ڕۆژی 1360/8/3 (1981/11/25) ی ڕەجەوی بۆ بەڕێز قاسملوو:

بسم اللەالرحمن الرحیم

کاک عەبدولرەحمان، برایان و دۆستانی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سڵاوی شۆڕشگێڕانە و ئاواتی سەرکەوتنی خۆڕاگریی دادپەروەرانەی گەلی کورد. لەگەڵ ئەم نامەیە، لاپەڕەیەکتان لە پرۆگرامی شورای نەتەوەیی بەرگریی حکومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران پێشکەش دەکەم، بە مەبەستی ئاگاداریی هاونیشتمانیی کوردمان لێی. تکایە خاڵەکانی ئەو پرۆگرامە بخەنەبەرباس و کوردستانی خۆشەویست لە بەدەستهێنانی مافی مێژوویی خۆی لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامەدا ئاگادار بفەرموون. مەبەست پەسەند کردنی خودموختاریی پیرۆزە بۆ کوردستان لە چوارچێوەی سنوری پارێزراوی نیشتمانی ئازیزماندا. هەروەها بۆ ئاگاداریت، مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی ناوخۆیی کە هەندێک جار دوای وشەی خودموختاریی هاتووە، تەئکید کردنە لەسەر پاراستنی ئێران بەتەواویی و بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی بێشەرمانەی خومەینییە دژی خۆڕاگریی ڕەوای خەڵکی کوردستان، تا چیتر نەتوانێت ئەم خۆڕاگرییە شۆڕشگێڕانەیە بە جیاوازییخواز لە قەڵەم بدات.

بەم هۆیەوە سەرپشک بن تا بە دڵپاکیی تەواو ئەوپەڕی زەحمەت بە خۆتان بدەن بۆ یەکگرتوویی هەموو هێزەکان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان کە لە دەوری شورا کۆببنەوە. بە ئاواتی ڕوخانی هەرچی زووتری ڕژێمی دژەگەلیی ئاخوندەکان و بەهیوای هاوکاریی هەموو هێز و کەسایەتییە پێشکەوتنخواز و خەباتکارەکان.

بەرپرسی شورای نیشتمانیی بەرگریی بۆ ڕزگاریی و سەربەخۆیی

کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی مەسعود ڕەجەوی **1360/8/3**

ئەمەش وەڵامی دوکتۆر قاسملوو بۆ نامەی مەسعود ڕەجەوی لە1360/8/ (1981/11/27) دا: برای موجاهید مەسعود ڕەجەوی، بەرپرسی شورای نیشتمانیی بەرگریی بۆ سەربەستیی و ئازادیی و بەرقەراریی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران!

بە سڵاوی شۆڕشگێڕانەوە. دوای وتووێژ لەسەر شورا و ئامانجەکانی و چۆنایەتییەکەی، بە لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی شورا و دەوڵەتی کاتیی

کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران کە بە ئیمزای هاوبەشی ئێوە و بەنیسەدر بڵاوکراوەتەوە، سەرەڕای موافقەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ خاڵە سەرەکیی و گشتییەکانی ڕاگەیانراوەکە و تەئکید لەسەر ئەسڵی پیرۆزی خودموختاریی کوردستان، بەم شێوەیە هاتنمان بۆ ناو شورای میللیی مقاومەت بەشێوەی ڕەسمیی ڕادەگەیەنین. دیارە نوێنەری حیزبیش بۆ ئامادەبوون لە شورادا بەجیا دەناسێنین. بەجێی دەزانم سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانەی برایانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش بە موجاهیدە قارەمانەکان بگەیەنین کە هەموو ڕۆژێک و هەموو سەعاتێک بە خوێندان حەماسە دەخوڵقێنن و مێژووی خەباتی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی ئازیز زیادتر لە پێشو دەوڵەمەند دەکەن. بە دڵنیابوون لە سەرکەوتن.

سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

عەبدولڕەحمان قاسملو

**1360/8/5**

ئەمەش دەقی ڕاگەیانراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات سەبارەت بە چوونی ئەو حیزبە بۆ ناو شورای نیشتمانیی بەرگریی ئێران:

-کوردستانی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک لەسەر ئوسولی گشتیی پێکەوەهاوکارییکردن و پێکگەیشتن، حیزبی ئێمە بەشێوەی ڕەسمیی چووە نێو شورای میللی بەرگریی بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی. دیارە نامەکانی نێوان دوکتۆر قاسملوو و کاک مەسعود ڕەجەوی کە ئاڵوگۆڕ کراون، بەجیا بڵاودەکرێنەوە. بێگومان ئەو یەکگرتنە بۆ حیزبی ئێمە و گەلی کورد و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک و هەموو شۆڕشگێڕان و گەلانی سەرانسەری ئێران، سەرکەوتنێکی مەزنە. ئەم یەکگرتنە، هەلومەرجی ڕوخانی ڕژێمی کۆنەپەرستی خومەینی باشتر ئامادە دەکات. ئەم بەرنامە سیاسییە ڕونەی لەلایەن دەوڵەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامییەوە پێشنیاز کراوە، وەڵامدەری داخوازییەکانی ئێستای جەماوەری میلیۆنیی خەڵکی ئێرانە. دەفتەری سیاسی خۆی بە بەختەوەر دەزانێت کە مزگێنی ئەم ڕێککەوتنە بدات بە گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران. هەروەها ئاگادارتان دەکەین

که تا چەند ڕۆژی دی ئەم ڕێککەوتنە بە درێژیی بەئاگاداریی گەلانی ئێران دەگات.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەفتەری سیاسی 1360/8/26**

ڕەنگە ئەوە بۆ زۆر کەس و لەوانە بۆ کادیر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکرات، تەنانەت خەڵکی کوردستان، جێی پرسیار بێت کە بۆچی دوکتۆر قاسملوو بەبێ پرسکردن لە ئەندامانی حیزبەکەی، بەپەلە بڕیاریدا بچێتە ناو شورای نیشتمانیی بەرگریی ئێرانەوە. لە ڕاستییدا لەو سەردەمەدا حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆز و پڕ لە قەیراندا دەژیا. لە لایەک پێشمەرگەکانی لە ناوچە ئازادەکانی ناوەند و باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەویەخەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و پەیکار ببوون و لە لایەکی ترەوە لە ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە و پیرانشار شەڕیان لەگەڵ پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان "قیادەی موەقەت" بەردەوام بوو. جگە لەوانە، لە شارەکانیشدا گرفتی مەزنی لەگەڵ حیزبی تودە و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم هەبوو. ئەو بڕیارە هەڵنەسەنگاوەی دوکتۆر قاسملوو لەوەوە بوو کە ئەندامانی موجاهیدینی خەڵک لە شارە گەورەکانی ئێراندا قورسایییەکی بەرچاویان هەبوو، دوکتۆر قاسملوو چوونی حیزبی دیموکراتی بۆ ناو شورای نیشتمانیی بەرگریی بە سودی حیزبەکەی دەزانی بۆ دەربازکردنی لەو قەیرانانە و کۆمەڵێک قەیرانی تری ناوخۆیی لە حیزبدا.

هەر لەو کاتەشدا زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبی دیموکرات دژی چوونی حیزبەکەیان بوون بۆ ناو شورای موجاهیدین و بەنیسەدر، لە بەرئەوە دوکتۆر قاسملوو چوونی حیزبی بۆ ناو شورا برد بۆ ناو کۆنگرەی پێنجەم و لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر ئەندامەتی خۆی ڕاگەیاندبوو، دیسان بۆ بە یاساییکردنی بڕیارەکەی، لەوێ دەنگی ئەندامانی کۆنگرەی بۆ وەرگرت، لەکاتێکدا هێشتا پرۆگرامی شورای بەرگریی نیشتمانیی لە ناو حیزبی دیموکراتدا بڵاونەکرابووەوە!

## کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات، کۆنگرەی شەهیدانی کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەگوێرەی بڕیاری کۆنگرەی چوارەمی خۆی، دەبووایە هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرە پێکبهێنێت. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی 1360/9/15 (1981/12/6) لە گوندی "شیوەجۆ" لە ناوچەی سەردەشت پێنجەمین کۆنگرەی خۆی بە ناوی "کۆنگرەی شەهیدان" پێکهێنا و سێ ڕۆژی خایاند.

لە ڕاستییدا کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات، کۆنگرەی شەهیدانی کوردستان بوو. چونکە لەنێوان کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمی حیزبدا، هەزران پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی و حیزبەکان خۆیانەوە شەهید کرابوون. کۆماری ئیسلامیی بە بێ جیاوازیی کردن لە نێوان خەڵک و پێشمەرگەدا، خەڵک و ئەندامی حیزبەکانی شەهید کردبوو، حیزبەکانیش بۆ داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر یەکتردا. لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامیی لە چەندان گوندی کوردستان و لە زیندانەکانیدا بە شێوەی مەنگۆلەکان، خەڵکی کۆمەڵکوژ کردبوو.

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکی نالەباردا پێکهات. بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆنفرانسیان پێکهێنابوو، بەڵام بەشێکیان بەهۆی شەڕ و ئاڵۆزیی لە ناوچەکانیاندا، ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخسابوو. دەفتەری سیاسی لەو کۆنفرانسانەدا هەوڵیدا کەسانێک بۆ بەشدارییکردن لە کۆنگرەی پێنجەم هەڵبژێررێن کە توهمەی چەپبوونیان لەسەر نەبێت و ڕەخنەگر نەبن!

ئەو جۆرە ئەندامانە بە بەردەوامیی ناو و ناتۆرەی جیاوازیان لێدەنرا و بەلایەنگری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم" و حیزبی تودەیان دادەنان. لەو چوارچێوەیەدا کاک کەریم حیسامی کە کادیری ڕادیۆ بوو لە بنکەی دەفتەری سیاسیدا، لەو ترسە کە بەشدارانی کۆنفرانس دەنگی پێنەدەن، بەشداریی کۆنفرانسی دەفتەری سیاسی نەکرد و داوای کرد وەک ئەندامانی تری حیزب کە بەبێ

بەشدارییکردن لە کۆنفرانس بۆ کۆنگرە بانگکراون، ئەویش بەشداریی کۆنگرە ببێت، بەڵام ڕازیی نەبوون.

لە سەردەمی کۆنگرەی چوارەمدا نزیکەی 70% ی خاکی کوردستان لە دەست حیزبە سیاسییەکاندا بوو، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئارامیی و ئاساییشدا دەژیا، بەڵام لە سەردەمی کۆنگرەی پێنجەمدا، جگە لە بەشێک لە گوندەکان و هەندێک لە جادەکانی نزیک سنوری دەستکرد، شارەکان و بەشی زۆری گوندەکانی کوردستان کەوتبوونە دەست چەکدارانی کۆماری ئیسلامیی و دێوەزمەی شەڕ لەهەموو لایەکدا هەڕەشەی لە گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکرد. پێشمەرگەی ناوچەکانی هێڵی سنوری لەگەڵ دوژمن، لە هیچ کاتێکدا ئەمنیەتی نەبوو، بۆ ئەوەی دوژمن زەفەری پێنەبات، دەبووایە بە بەردەوامیی لە کەمین و جەولە کردندا بێت.

کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات لە ڕاستییدا کۆنگرەیەک بوو بۆ خۆگرتنەوەی حیزبی دیموکرات لە پەرشوبڵاویی و خۆکۆکردنەوە بۆ خەباتی دوارۆژ، بەڵام ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەبێ سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان و هەلومەرجێک کە حیزب تێیدا دەژیا، بارێکی قورسی بە کۆڵی حیزب و ئەندامانیدا دا کە توانای هەڵگرتنیان نەبوو.

حیزبی دیموکرات لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا کۆنگرەی پێنجەم و دواتریش داوای بەشداریی کردن لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی لە ئێران نەکردوە و بەگوێرەی پرۆگرامەکەی دەیەوێت لە کوردستاندا هەرێمێکی خودموختار پێکبێت و خەڵک بۆ خۆی هەرێمەکەی خۆی بە ڕێوەببات، ئیتر دەسەڵات لە ناوەند بەکێ دەبێت، خۆی لەو باسە نەداوە! بەڵام لە کۆنگرەی پێنجەمدا بەڕێککەوتنێکی پێشوەخت لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک، دروشمی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی بەرز کردەوە. دیارە ئەو بۆچوونەی حیزبی دیموکرات بە مەرجێک خاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هاوبەش نەبێت لە ئێراندا، بۆچوونێکی هەڵە و نادروستە. حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی تری کوردستان و نەتەوەکانی تری ئێران، وەک ئازەریی، بلوچ، تورکمان، عەرەب و فارس دەبێت پێکەوە بە

هاوبەشیی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی ئێران بگرنە دەست، نەک فارس حاکم بێت و ئەوانی تریش فەرمانبەر.
بە هەر حاڵ لەو کۆنگرەیەدا مەلا ڕەسوڵ پێشنماز تاوانبار کرا بەوەی کە چەکی لە عەلی قازی "کوڕی ڕەش" وەرگرتووە، بەڵام مەلا ڕەسوڵ نامەیەکی دوکتۆر قاسملووی خستە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە و ڕایگەیاند: **(من بە فەرمانی دوکتۆر قاسملوو و بە یارمەتی هێزی موعینی و کەریم حەداد ئەو کارەم کردووە. دوکتۆر قاسملوو لە لایەک منی ڕەوانەی ئەو کارە کردووە و لەلایەکی تریش کەریم خاڵداری ناردووەتە سەر ڕێگای من کە چەکم بکات!)** ڕژێمی عێراق ژمارەیەکی چەک دابوو بە عەلی قازیی و ئەویش لەناو دۆست و برادەرانی خۆیدا بڵاویکردەوە کە دژی کۆماری ئیسلامیی بەکاریان بهێنن کە بەشی هەرە زۆری کەوتەدەست حیزبی دیموکرات.
هەروەها نامەیەکی حوسێن بەخشی بۆ کاک فەرەیدون میتران کەوتەبەرباس و میتران بە لایەنگرییکردن لە پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم تاوانبار کرا. حوسێن بەخشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم، بە بێ ئەوەی کە فەرەیدون بناسێت، نامەیەکی بۆ دەنوسێت و ئەویش نامەکە دەدات بە ئەندامانی کۆمیتەی کرماشان و لێیان دەپرسێت ئەو برادەرە کێیە کە ئەم نامەیەی بۆ من نوسیوە؟ شاپوور فیروزی و حسام ئەسعەدی نامەکەی فەرەیدون دەبەن بۆ دوکتۆر قاسملوو و ئەویش و فەرەیدون بە لایەنگرییکردن لە حیزبی تودە تاوانبار دەکات.
لە باسی کۆمیتەکاندا، کۆمیتەی ئەورووپای حیزبی دیموکرات کە بەرپرسەکەی عەزیز ماملێ بوو، باش هەڵسەنگێنرا. ئەو هەڵسەنگاندنە پۆزیتیڤە ڕێگای بۆ عەزیز ماملێ کردەوە کە دەنگی یەکەمی هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی ناوەندیی بهێنێت، بەڵام دوای کۆنگرەی پێنجەم، عەزیز ماملێ لەلایەن دوکتۆر قاسملووەوە تەنگی پێهەڵچنرا و نەیتوانی جێی خۆی بگرێتەوە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە، پەیوەندییم کرد بە عەزیز مامليێوە و لە ئیمەیلێکی ڕۆژی 2009/12/19 دا دەڵێت:

**- (لــە ڕاپــۆرتی کۆمیتــەی نــاوەنــدیی بــۆ کــۆنگرە پێنجــەمــدا هەڵسەنگاندنێکی باش لە کار و هەڵسوڕانی کۆمیتەی ئەوروپا کرا، من بۆ جاری دووەم بۆ نوێنەرایەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات دیارییکرام. ئەو دەستتێوەردانەی کە بەڕێزتان ئاماژەی بۆ دەکەن، لە پاش کۆنگرەی پێنجەم ڕوویدا، وشەی دەستتێوەردان بەلای منەوە وشەیەکی کەمە و بەلای منەوە کودێتا بوو. تەنیا خانمە بەڕێزەکەی شەهید دوکتۆر قاسملوو نەبوو کە دەستی لە کاروباری نوێنەرایەتی حیزب وەردەدا، بەڵکوو شەخسی سکرتێری گشتیی حیزب بوو کە کاری کودێتاکەی بە ڕێوەبرد و بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کۆمیتەی ناوەندیی منی بە بەرپرس و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، نەك هەر لە ئەوروپا، دیارییکردبوو، بەبێ پرس و ئاگاداریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، کۆمیتەیەکی لە چەند کەسێک پێکهێنا، لەو کۆمیتەیەدا دوو کەسی بە ناوی حەسەن قازی و حوسێن کوردنژاد لە وڵاتی سویدەوە هێنایە پاریس کە چەند مانگێک پتر لە ئەندامیەتی ئەو دوو کەسە تێنەدەپەڕی. ئەنجامی ئەو کودێتایە دەرکەوت. ئەوە بوو مانای دیموکراسی لەو سەردەمەی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، زیادتر نامەوێت لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم، تەنیا ئەوەی لێ زیاددەکەم کە من نەچوومە ژێر تەوژمی ئەو دیکتاتۆرییەوە، داوام کرد بۆ بەشدارییکردن لە پیلینۆمی دووەمی حیزبدا بگەڕێمەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر بە ڕاشکاویی ناڕەزامەندیی خۆم دەربڕی و قسەی دڵی خۆم کرد و بە ئاگاداریی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییم ڕاگەیاند. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ هەڵوێستەکانی من بوون و زۆر بوێرانە داکۆکییان لە بۆچوونەکانی من کرد کە تەنیا ناوی دوو کەسیان دەبەم کە شەهید بوون: کاك نەبی قادری و کاك عەلی کاشف پوور.).**

بەهەر حاڵ کۆنگرەی پێنجەم وەک کۆنگرەکانی سێیەم و چوارەمی حیزبی دیموکرات شوێنی بەرهەڵستکاریی و تاوانبارکردن و مۆرلێدانی ئەندامان بوو بۆ ئەوەی کە نەتوانن خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کاندید

بکەن و ئەوانەش کە لە کۆنگرەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرران، وەک عەزیزی ماملێ، دواتر لە پۆستەکانیان دورخرانەوە.
لە کۆنگرەی پێنجەمدا دەنگ بۆ بە ئەندام بوونی حیزبی دیموکرات لە شورای بەرگریی نەتەوەییدا درا. ئەوە لەکاتێکدا بوو کە پێشتر حیزب بە نامەی دوکتۆر قاسملوو ببوو بە ئەندام لەو شورایەدا. ئەندامانی نوێنەر لەو کۆنگرەیەدا بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی حیزب لەشورای بەرگریی نەتەوەییدا و بە بێ ئەوەی کە ئاگاداری پرۆگرامی شورا بن، لە سەر داوای دوکتۆر قاسملوو دەنگیان بۆ دا. دوای پەسەندکردنی ئەو بڕیارە، دوکتۆر قاسملوو بە کۆمیتەی شارەکانی ڕاگەیاند کە بە نامە و بروسکە پیرۆزبایی لە چوونی حیزب بۆ ناو شورا بکەن!
حیزبێکی بەرپرس کە بڕیار لەسەر دیاردەیەکی گرنگ دەدات، سەرەتا مەبەستەکەی دەباتە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبەکەیەوە، تا بزانێت کێ لەگەڵ ئەو بڕیارەیە و دواتر دەیخاتەبەر باس و ڕیزی بڕیارەکانیەوە، نەک تاکە کەسێک بۆ خۆی بە بێ پرسکردن بڕیار بدات و دواتر کە زانی کێشە لەسەر بڕیاردانەکەی دروستبووە، بڕیاری بۆ وەربگرێت.
لە کۆنگرەی پێنجەمدا باسێکی دور و درێژ لەسەر ئامانجی دوارۆژی حیزبی دیموکرات کرا. کۆمیسیۆنی بەرنامە پێشنیازی کردبوو کە ئامانجی حیزب ببێت بە"سۆسیالیزمی دادپەرورانە". کاتێک کە وشەی دادپەروەرانە کەوتەبەر ڕەخنە و زۆربەی ئەندامان دژی گۆڕینی ئامانجی حیزب بوون، بەڵام دواتر بەپێداگریی دوکتۆر قاسملوو ئامانجی حیزب گۆڕا بۆ "سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵات یەک بگرێتەوە". لێرەدا دیسان ئەم باسە سەرهەڵدەدات، مادام حیزبی دیموکرات داوای دەسەڵات لە حکومەتی ناوەندییدا ناکات، چۆن دەتوانێت لە ئێراندا سۆسیالیزم دابمەزرێنێت؟ لە کۆتاییدا کۆنگرە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەم 25 کەسەی خوارەوە بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندیی، لە بڵاوکراوەیەکدا ڕایگەیاند کە کۆنگرەی پێنجەم کۆنگرەی هەرە سەرکەوتوو بووە لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا. کۆنگرە ئەو ئەندامانەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد:

- عـەزیـز مـاملێ "خانـە"، دوکتـۆر عـەبـدولرەحمـان قاسملوو، جـەلیـل گادانی، تـەیفور بـەتحایی، ئـەحمەد جاویدفـەر "هـەژار"، عـەبـدوڵا حـەسـەن زادە، هاشـم کـەریمی، حـەسـەن شـەرەفی، مسـتـەفـا شـەلماشـی، حوسێن مەدەنی، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، حـەسـەن ڕەستگار، فـەتـاح کاویـان، عـەلـی کاشف پوور، بـابـا عـەلـی مێهرپـەروەر، کـەمـال دەبـاغی، مستـەفـا هیجری، ڕەحیم محـەمەدزادە، سەعید کاوە "کوێستانی"، حـەکیم ڕەزایـی، ئـەنـدازیار محـەمـەد ئاریـا، ئـەمیر قـازی، سـەیـد ڕەسوڵ دهقـان "بـابی گەورە"، عەبدوڵا بـەهرامی و نـەبی قادری.

- جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی: سەید حەسەن هاشمی، تاهیر عەلیار، ڕەحیم بـەغدادی، شاپوور فیـروزی، عـەلـی کتـابی، عـەبـدوڵا ئیبراهیمـی، غەنی غەنی پوور و بەهروز کورد ئەحمەدی.

کۆمیتەی ناوەندیی لـەیەکەم پیلینۆمی خۆیدا کـە دوای کـۆنگرە پێکهات، ئـەم کەسانـەی خوارەوەی کرد بـەڕاوێژکـاری کۆمیتـەی نـاوەنـدیی: ڕەحمـان کاژەیی، عەزیم ئەفسەر، جەعفەر حامیدی، حەسەن شێوەسەڵـی، غـەفور هەمزەیی، هومایون ئەردەڵان و عەزیز لەحیمی.

شـایانی باسـە دەفتـەری سیاسـی حیزبـی دیمـوکرات دوو ڕۆژ دوای پیلینـۆمی کۆمیتـەی نـاوەنـدیی، لـە 1360/9/18 دا ئـەحمـەد جاویدفـەری ڕەوانـەی شـەڕی نێـوان جـادەی بانـە و سـەردەشـت کـرد و لـەو ڕۆژەدا شەهیدبوو.

## کۆماری ئیسلامیی لە گوند و زیندانەکانیدا کورد بە کۆمەڵ دەکوژێت و ئافرەتان بەردەباران داکات

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای کوشتنی 18 کارگەری کورەخانەی گوندی ساروقامیش لەسەر جادەی میاندواو - بۆکان و هاوکات لەگەڵ گوللەباران کردنی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک لە زیندانەکانیدا، پەرەی بە هێرش و پەلامارەکانی دا بۆ سەر زیندانییە کوردەکان و گوندەکانی کوردستان و کوشتنی بە کۆمەڵی کوردان.

لەو چوارچێوەیەدا بە نوسینی کۆمیسیۆنی کۆمەلایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نامیلکەی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کردستان"، ڕۆژی 1360/8/6 (1981/10/28) چوار کەس و ڕۆژی 1360/8/8 (1981/10/30) پێنج کەسی بە تاوانی لایەنگرییکردن لە حیزبی دیموکرات گوللەباران کرد. ناوی ئەو نۆ شەهیدانە بریتییە لە:

- مەسعود کەفاشی، جەعفەر مەعروفی، شەهاب سازواری و ناسر بیلالی لە ڕۆژی 1360/8/6 دا و ئیسماعیل مام ڕەحیم، حوسێن سەیدی، خالید قادری، تاهر حەیدەری و مەنوچێر حەسەن زادە ڕۆژی 1360/8/8. پاسدار و بەسیجەکانی نەغەدە ڕۆژی 1360/8/18 (1981/11/9) پەلاماری خەڵکی گوندی "بایزاوێ"یان دا و دوازدە کەسیان گرت و گوللەبارانیان کردن. ناوی شەهیدەکانی گوندی بایزاوێ بەپێی ئەرشیڤی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بریتین لە:

- سەلاح موڕادی، محەمەد ئەمین، نادر باغەبانی، سلێمان بایەزیدی گوڵ، هەمزە محەمەد سانی، عوسمان رامین، سلێمان تەپەڕەشی، عەبدولخالق محمەدپوور، سەید مەنسور موسەوی، کەریم فەتاحی، مستەفا ئەبزەندی، عوسمان فەرەج پوور

ڕۆژی 1360/9/27 (1981/12/18) سێزدە کەسیان لە خەڵکی مهاباد، دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان، لە زیندانەکاندا گوللەباران کرد. ناوی ئەو 13 کەسە بریتییە لە:

- دوکتۆر محەمەد قەسیم سەوجە، ئیبراهیم سابونچی، خەسرەو سەلاح زادە، محەمەد کەریمی، عەلی قادرزادە، حوسێن مەحمودی، کەریم

ئیسلامیی، ئەبو بەکر ڕەحیمی، عەبدولرەحمان پناهەندە، مستەفا ئیسماعیل زادە، یونس مهاجری، خەلیل بلوری و ڕەزا نەواخوا. لەناو ئەو شەهیدانەدا بە گویرەی نامیلکەی "گوشەای از جنایات جمهوری اسلامی در کردستان"، دوکتۆر محەمەد قەسیم سەوجە و ڕەزا نەواخوا ئەندامی حیزبی دیموکرات بوون.

ڕۆژی 1360/10/1 (1981/12/22) پێنج لاوی خەڵکی سنەیان، دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا، بە تاوانی لایەنگرییکردن لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد گوللەباران کرد. ناوی ئەو پێنج کەسە بریتییە لە:

- محەمەد تەقی موعەزی، جەمال بەهمەنپوور، محەمەد سدیق سامرایی، نەبی مەکرونی و یەدوڵا لوتفی.

ڕۆژی 1360/10/10 (1981/12/31) پازدە کەسیان لە خەڵکی مهاباد، دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا، بە تاوانی لایەنگرییکردن لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد گوللەباران کرد. ناوی ئەو پازدە کەسە بریتییە لە:

- شەریف یوسفی، جەعفەر لالە عەباسی، محەمەد حوسێنی، رەحمان سیسەواری، عەلی بلوری، خەسرەو خاوەریان، عەزیز حاجی عەبدوڵایی، کەمال موئمنی، عەزیز سابونچی، عەتاوڵا موەفەقی، ڕەسوڵ حەسەن زادە، حەسەن بامدادی، ڕزگار حاتەمی، سەید حەمید حوسێنی و رەحمان عەلی دوست.

ڕۆژی 1360/11/15 (1982/2/4) نۆ کەسیان لە خەڵکی سنە، دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا، بە تاوانی لایەنگریی کردن لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد گوللەباران کرد. ناوی ئەو نۆ کەسە بریتییە لە:

- محەمەد کەریمی، حوسێن سارمی، محەمەد عەلی سلواتی، سدیق مە ولودی، فەرهاد مورادیان، حەمید ئاوەر، سەید جەلال محەمەدی، هوشەنگ نەسیرخالە و سدیق نوری.

ڕۆژی 1361/3/10 (19882/5/31) پێنج کەسیان دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان لە زیندانەکاندا، بە تاوانی لایەنگرییکردن لە بزوتنەوەی

ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد لە سنە گوللەباران کرد. ناوی ئەو پێنج کەسە بریتییە لە:

- سۆفی عەبدوڵا محەمەدی و محەمەد جەمیل ئەرجومەند خەڵکی دیواندرە، محەمەد ڕەزا خەسرەوی خەڵکی بیجار، وەلی جواهری خەڵکی کامیاران و محەمەد ساڵح موعازی خەڵکی سنە.

ڕۆژی 1361/7/24 (19882/10/16) حەوت کەسیان دوای ماوەیەک ئەشکەنجەدان لە زیندانی سنە، بە تاوانی لایەنگرییکردن لە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد، گوللەباران کرد. ناوی ئەو حەوت کەسە بریتییە لە:

- حەمەد حوسێن محەمەدی ئیسماعیل باقری، محەمەد سەعید فەیزی ئەندامی حیزبی دیموکرات و جەلالەدین کەرباسی، تۆفیق ڕەحیمی، محە مەد نەستەرنی و ئەحمەد حەیدەری.

## تێرۆری مەلا کەریم شاریکەندی

بەرەبەیانی ڕۆژی 1361/2/2 (1982/4/22) لە کاتێکدا مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندیی دوای نوێژی بەیانیی دەیویست لە مزگەوتی مەولەوی شاری مهابادەوە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، لە حەوشەی مزگەوتدا کەوتەبەر دەستڕێژی لایەنگرێکی کۆمەڵە شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و شەهید کرا.

ڕێکخراوی کۆمەڵە لە شارەدێی ڕەبەت بە شانازییەوە بەیاننامەی تێرۆرکردنی مەلا کەریمیان بڵاودەکردەوە و یەکێک لە لایەنگرانی هاتبووە گوندی پاراستان و ئەو دەستکەوتە پڕ لە شانازییەی! بۆ لایەنگرانی کۆمەڵە شیدەکردەوە کە لەسەر داوای لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و بۆ ئەوەی خەڵکەکە لەوە زیادتر بریندار نەبێت و شەڕ و ئاژاوە ڕونەدات، بەو لایەنگرەی کۆمەڵەم گوت، گوندی پاراستان بەجێبهێڵێت.

مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندیی، مەلایەکی ڕوناکبیر و نیشتمانپەروەر بوو. ساڵی 1981 کۆماری ئیسلامیی مەلا حامیدی کوڕی گرت و بە تاوانی لایەنگرییکردن لە حیزبی دیموکرات و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردستان، گوللەبارانی کرد. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی چەندان جار ڕایانسپارد کە ئەگەر مەلا کەریم داوای بەخشینی بۆ بکات، ئەوا کوڕەکەی ئازاد دەکەن، بەڵام مەلا کەریم پێیڕاگەیاندن: **(کوڕەکەم تاوانێکی نەکردووە کە من داوای بەخشینی بۆ بکەم!)** ئەوە بوو کۆماری ئیسلامیی ڕۆژی 1360/4/5 (1981/7/26) حامید پوور ئازەر، کوڕی مەلا کەریم شاریکەندی گوللەباران کرد.

دوای پاشەکشەی هێزەسیاسییەکان لە شاری مهاباد لە شەڕی سێ مانگەدا، مەلا کەریم شاریکەندی لەگەڵ حەسەن بابا تاهری فەرمانداری مهاباد و چەند مەلا و پیاوماقوڵی ئەو شارە و سادق زیبا کەلام، نوێنەری بازرگان سەرۆکوەزیران، بە پشتگیریی لە خواستەکانی گەلی کورد هەوڵدەدات کۆماری ئیسلامیی بەڕێی سیاسی و وتووێژەوە کێشەکانی

گەلی کورد چارەسەر بکات، بەڵام وەک هەموو لایەنەکانی تر لە هەوڵدانەکەی سەرنەکەوت.

تیرۆرکردنی مەلا کەریم لەلایەن کۆمەڵەوە، ڕق و تورەیی خەڵکی مهابادی بەرزکردەوە و زۆر بە گران بۆ کۆمەڵە تەواو بوو، بە چەشنێک ئەو ڕێکخراوە دواتر زۆری هەوڵدا کە تاوانی تێرۆرکردنی مەلا کەریم لەسەر خۆی بسڕێتەوە کە نەیتوانی و ڕاستیی هەواڵەکە لەناو خەڵکدا بڵاوببووەوە.

## سوپای ئێران جادەی بانە بۆ سەردەشت دەگرێتەوە

هەر وەک لە لاپەڕەکانی پێشوی ئەم نوسینەدا بینیمان، کۆماری ئیسلامیی لە ساڵی 1979 وە بە بەردەوامیی هەوڵیدەدا جادەی نێوان بانە و سەردەشت بگرێتەوە، بەڵام هەموو جارێک شکستی دەهێنا و بە ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندارەوە پاشەکشەی دەکرد. دوای ئەو شکستە مەزنەی کە کۆماری ئیسلامیی دواجار لەو جادەیە بینی و من لە بەشی **"جادەی بانە- سەردەشت دەبێت بە دۆزەخ و کارەساتی لێدەکەوێتەوە"** دا ئاماژەم بۆ کرد، ئەم جارەیان سوپای ئێران بە گۆڕینی تاکتیکی شەڕی پارتیزانیی جادەکەی گرتەوە.

کۆماری ئیسلامیی دوای داگیرکردنی شارەکانی شنۆ و بۆکان، لە خەیاڵی ئەوەدا بوو کە جادەکانی نێوان شارەکان لە هێزی پێشمەرگە پاک بکاتەوە و ئەم جارەیان بە پێچەوانەی جارانی پێشو، بە تاکتیکی شەڕی پارتیزانیی و دانانی پێگە لە شوێنە ستراتیژییەکاندا، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو جادەکەکان پێشڕەویی کرد.

ڕۆژی 1360/9/7 (1981/11/28) پێگەیەکی بەهێزی لە دەوری شاری بانە لە ڕووبەڕووی جادەی بانە بۆ سەردەشت دانا، بە جۆرێک هەردوو لای جادەکەی خستە بەر دید و قەرەوڵی چەکدارەکانی. لەو پێگەیەوە ناوەندە ستراتیژییەکانی هەردوو لای جادەکەی لە بەرزاییەکاندا لەژێر دید و قەرەوڵی هێزەکانی پیادەدا دەستنیشانکرد. سەرەتا هێزە پەلاماردەرەکانی لە پێگەی یەکەمدا کۆکردەوە و دوای تۆپبارانی خەستی دوو ڕۆژە، بەرزاییەکانی "حەوتەوانە"ی داگیرکرد. بە داگیرکردنی بەرزاییەکانی حەوتەوانە هەم دید و هەم قەرەوڵی بەسەر پێشمەرگە و ناوچەکەدا زاڵ بوو. هەموو جارێک کە هەوڵی پێشڕەویی دەدا، سەرەتا پاسدار و بەسیج و سەربازەکانیان دەبردە پێگەی پێشەوە و ئەوێیان بەهێز دەکرد کە لە لایەک توانا و وزەی پێشڕەوییان هەبێت و لە لایەکیترەوە بەرگریی لە خۆیان و بە وتەی سەربازیی لە پێگە دایکەکان بکەن. لە پێگەی دایکدا سەرلەنوێ پلانی داگیرکردنی ناوەندێکی تریان دەستنیشان دەکرد و بە شێوەی پێشو هەوڵی گرتنیان دەدا. کاتی

شکانیش، هێزە پێشڕەوەکانیان دەگەڕانەوە بۆ پێگەی دایک کە شوێنی هەرە نزیک و قایم بوو بۆیان. لەوێوە پێشمەرگە و ناوچەکەیان تۆپباران دەکردەوە و پاش حەسانەوەی هێزەکانیان، سەرلەنوێ پاسدار و بەسیجیی پیادە و دواتر سەرباز و ئۆتۆمبێلەکانیان لە ناوەندەکە نزیک دەکردەوە و پێگەکەیان بە سوپا دەسپارد. لەو سەردەمەدا ئەحمەد نستانی فەرماندەی هێز و سەید ئیبراهیمی هاشمی جێگری هێزی بانە بوون و بۆ ئەوەی کە ڕێ لە هاتنەپێشەوەی دوژمن بگرن، داوای یارمەتییان لە دەفتەری سیاسی حیزب کرد. بۆ ڕونبوونەوەی پتر سەبارەت بەو شێوە پێشڕەوییکردنە، ئاماژە بۆ یەکێک لەو عەمەلیاتانە دەکەم کە ئەحمەد جاویدفەر "هەژار" تێیدا شەهید کرا.

گوتم سوپای ئێران لە ڕۆژی 1360/9/7 (1981/11/28) وە هەوڵی داگیرکردنی جادەی بانە بۆ سەردەشتی دەدا. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1360/9/21 (1981/12/9) ئەحمەد جاویدفەری لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی تایبەت سەربە دەفتەری سیاسی بە فەرماندەیی فەتاح ئەحمەدی ڕەوانەی ناوچەی بانە کرد، تا هاوکاریی هێزی شەهیدانی وێردی بکەن و لەمپەر بخەنە سەر ڕێی پێشڕەوییکردنی سوپای ئێران لە جادەکەدا. بەیانیی ڕۆژی 1360/9/24 (1981/12/12) سوپای پاسدارانی بانە و بەسیجە کۆکراوەکان بە پشتیوانیی سوپا و لەژێر ئاگری تۆپخانەدا بەرزاییەکانی "مەردەکان" دەگرن. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە لە نزیک بەرزاییەکە لە کەمیندا بوون، پەلاماریان دەدەن و بەرزاییەکانیان لێ دەستێننەوە. لە ئەنجامی ئەو دژەهێرشەدا هەژار لەسەر گردەکە دەکەوێتە بەر گوللەیەکی وێڵی دوژمن و شەهید دەبێت. لەو بارەیەوە فەتاح ئەحمەدی ڕۆژی 2009/12/23 بە تەلەفۆن پێمی ڕاگەیاند:

**- (لە هێزی تایبەتیی سەر بە دەفتەری سیاسییەوە چووم. سەرلە بەیانیی زوو دوژمن بەرزاییەکانی مەردەکانی گرتەوە. ئەوە شوێنێکی ستراتیژیی بوو بەسەر "کانی سێو و هەژدە دۆڵان" دا زاڵ بوو. ئێمە خۆمان گەیاندە دوژمن و بە شەڕی دەستەویەخە دوژمنمان شکاند و**

**ناچارمان کردن پاشەکشە بکەن. لەو عەمەلیاتەدا چەک و تەقەمنییەکی زۆر و چەندان ئۆتۆمبێلمان دەستکەوت. ئۆتۆمبێلێکمان گرت کە پڕ بوو لە شوتی و وا دیار بوو ئەوان دەیانویست لە سەر ئەو بەرزاییە بمێننەوە و هەوڵی داگیرکردنی شوێنێکی تر بدەن. بەرزاییەکە لەژێر ئاگری دوژمندا بوو و بە بەردەوامیی تەقەیان لێدەکردین، گوللەیەک بەر کاک هەژار کەوت و شەهیدی کرد. پێویستە بڵێم کە ئەو عەمەلیاتە لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە کرا، بەڵام پێشمەرگەی خەبات، کۆمەڵە و چریکی فیدایی بەشدار بوون لە شەڕەکانی تری جادەی بانە بۆ سەردەشت و ئێمە بە تەنیا نەبووین.).**

دوژمن بە پێچەوانەی جارانی پێشو کە هەوڵیدەدا بە ڕۆژێک جادەکە بگرێتەوە و هێزەکانی بباتە سەردەشت، ئەم جارەیان لە ماوەی 168 ڕۆژ شەڕی بەردەوامدا جادەی بانە بۆ سەردەشتی گرتەوە. حەماسی بەرگرییکردن لە جادەی بانە بۆ سەردەشت یەکێکە لە شانازییە هەرە مەزنەکانی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی قارەمان و فیداکاری بانە و گوندەکانی نێوان بانە و سەردەشت کە لە مێژووی شەڕەکانی کوردستاندا بێ هاوتا بووە و دوژمن لە هیچ یەکێک جادەکاندا بە ڕادەی جادەی بانە بۆ سەردەشت زیانی نەبینیوە. دەربارەی ئەو شەڕانە " ستاد گردش گری جنگ" لە سایتەکەیدا www.serahat.com دەڵێت:

**- (بۆ پاکسازیی جادەی بانە - سەردەشت چوار جار هەوڵدرا، سەرەتا لە خەرمانانی ساڵی 1358 و دووەم جار لە هاوینی 1359 و سێیەم جار لە گەلاوێژی 1360 و دواجار لە 1360/9/7 (1981/11/28) دا دەست کرا بە پاکسازیی جادەکە و لە 12 قۆناخی جیاواز و 168 ڕۆژ شەڕدا، جادە و گوندەکانی ناوچەکە لە دژەشۆڕشەکان پاککرایەوە و ڕێی ڕەگازۆیی کردنیان گیرا.).** هەرچەندە کۆماری ئیسلامیی بە زەحمەتێکی زۆر و زیانێکی قەرەبوونەکراو جادەی بانە بۆ سەردەشتی گرتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا زیانێکی زۆر و قەرەبوونەکراویش لە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییە چەکدارەکانی تر کەوت. هێزی شەهیدانی وێردی هەڵوەشاند و مەیدانی جوڵەی پێشمەرگەی لە ناوچەکەدا بەرتەسکتر کردەوە و پەیوەندییەکانی دژوار کرد.

## هێزی شەهیدانی وێردی بانە

گوتم دوژمن بە گرتنەوەی جادەی بانە بۆ سەردەشت زیانێکی زۆر و قەرەبوونەکراوی بە هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان گەیاند. دوای گرتنەوەی ئەو جادەیە بەشێکی زۆر لە گوندەکانی نزیک جادەکەی خستە دەست خۆی و پەیوەندیی پێشمەرگەی لە دوو لای جادەکە و نێوان گوندەکاندا دژوار کرد. گوردانێک لە لەشکری 21 سنە کرا بە بەرپرسی کۆنترۆڵی جادەی نێوان بانە و سەردەشت. ئەندامانی ئەو گوردانە ڕۆژانە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا چواری ئێوارە لە پێگەکانەوە دەهاتنە سەر جادە و کۆنترۆڵیان دەکرد، بە جۆرێک پێشمەرگە ڕۆژانە نەیدەتوانی لە جادە نزیک ببێتەوە، بەڵام دوای کاتژمێری چواری ئێوارە، تا شەشی بەیانیی، پەڕینەوە لە جادەکە ئاسایی بوو. هەر لەو کاتەشدا هەندێک ڕۆژ لە دوای کاتژمێری چواری ئێوارەوە، پێشمەرگەکان، یان دوژمن بە هاوکاریی جاشەکانی ناوچە، کەمینیان بۆ یەکتر دادەنا. شەوانەش بە هاوکاریی جاشەکان بۆ زەبرلێدان لە پێشمەرگە و گرتن و ئازاردانی خەڵک، دەچوونە سەر ڕێی پێشمەرگە و کەمینیان بۆ دادەنا و هاتوچۆی پێشمەرگەیان دژوار دەکرد. ئەحمەد نستانی هێزەکەی بەجێهێشتبوو و گەڕابووەوە نستان و پێشمەرگەکان لە ناوچەکانیان کشابوونەوە، تا دوژمن زەفەریان پێنەبات.

لەو هەلومەرجەدا دۆکتۆر قاسملوو داوای لێکردم بۆ ماوەیەک بچمە ناوچەی بانە و هێزی شەهیدانی وێردی ڕێکبخەمەوە، قاسملوو گوتی: **(ئەگەر ئامادە بیت، پێمخۆشە بۆ ماوەیەک بچیتە ناوچەی بانە و هێزی شەهیدانی وێردی ڕێکبخەیتەوە. کاک فەتاح ئەحمەدی لەگەڵت دێت و دوای ڕێکخستنەوەی هێزی بانە، ئەو لەوێ دەمێنێتەوە و تۆ بگەڕێوە بۆ دەفتەری سیاسی. ئەگەر موافق بیت، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی ڕێکدەخەم بۆ ئەوەی هەموو لایەک ئاگادار بن.)**.

هاودەنگییم لەگەڵ پێشنیازەکەی دۆکتۆر قاسملوو کرد، بەو مەرجەی تەنیا شەش مانگ لە هێز و ڕێکخراوی بانە بمێنمەوە و دواتر کە هێزی بانە کەوتەوە خۆی، فەتاح ئەحمەدی لەوێ بمێنێتەوە و من بگەڕێمەوە

بـۆ دەفتـەری سیاسـی و لـەوێ کـارێکم پێبسـپێرن. بـەو بەڵێنـە ڕۆژی 1361/4/16(1982/7/7) بەڵگـەی فەرمانـدەیی هێـزی بانـەیان دامـێ و لەگـەڵ خالیـد ڕەزازادە و نەبـەز "ڕەسـوڵ" و کـەمال و مەجیـد و دوو پێشمەرگەی تر چووینە گوندی نستان. شەو لەوێ ماینەوە و بەیانی ڕۆژی دوایـی لەگـەڵ ئەحمـەد نستانی بـە چیـای نسـتاندا چووینـە گـەنمان و لـەوێوە بـەرەو گونـدەکانی "سـوتوو، بـەردەڕەش، سـماقان، نـەجنێ، مەنیجەڵان و زەرواو" چووین و ئێوارەی ڕۆژی دوایی لـە جادە پەڕینـەوە و بە گوندەکانی "سیاومە" و "ئەنجێنە" دا لە ناوچەی جاشەکان دەرچووین و ڕۆژی دوایی بە گوندی "موچە" دا چووینە گوندی "نیروان" کە ناوەندی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو.

هاشم کەریمی بەرپرسی ڕێکخراو و بەڕێزان عومەر ڕەحیمی بەرپرسی ڕێکخستن، غەفور هەمزەیی بەرپرسی ئابووری و ڕەحمان خدری بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی بوون و بە چوونی من کۆمیتەی شارستانی بانە بوو بە پێنج کەس.

لەبەرئەوەی کە دوژمن بەرزاییەکانی "کەلهوڕە" ی پشتی "ئارمەدە" و سەر نێزەڕۆی گرتبوو، کۆمیتەی ڕێکخراوی بانە ئەمنیەتی نەبوو، هەر وەک گـوتم جاشـەکان بـە شـەو دەچوونـە گونـدەکان و لـە جادەکانـدا کـەمینیان بـۆ پێشـمەرگە دادەنـا و ئەمنیـەتی پێشـمەرگە و بەتایبـەتی بنکـەی ڕێکخـراوی بانـەیان خستبووە مەترسییەوە. ئەنـدامانی کۆمیتـەی ڕێکخراوی بانە هەندێک جار کە دەنگۆی هاتنی جاشەکانیان دەبیست، ئێـواران گونـدی نیروانیـان بەجێدەهێشـت و دەچوونـە بنـاری سـورکێو و بەیانی ڕۆژی دوایی دەگەڕانەوە. جگـە لـە ژمارەیـەکی کـەمی پێشمەرگە کە لـە کۆمیتـەی شارستان بـوون، هـیچ نیشـانەیەک لـە هێـزی شـەهیدانی وێـردی نـەمابوو. دوای ڕێکخسـتنەوەی لکـەکان، دەرکـەوت کـە 173 پێشـمەرگە بـە چەکـەوە و بێچـەک گەڕابوونـەوە بـۆ لای ڕژێـم. هێـزی پێشمەرگەش وەک کۆمیتەکانی شار و ناوچـە، لـەژێر فـەرمانی کۆمیتـەی شارستاندا بوو. یەکەم کارمان لەگەڵ فەتاح ئەحمەدی ئـەوە بـوو کـە داوا لە هاشم کەریمی بکەین، ئەرکی بەڕێوەبردنی پێشمەرگەکانی هێز، بـە هێـز بسـپێرێت و پـارە و چـەک و تەقەمـەنی نـەدات بـە پێشـمەرگە و

سەرلکەکان و ئەگەر پێویستییەک بە هێزی پێشمەرگە هەبێت لەگەڵ فەرماندە و جێگری هێز قسە بکەن، نەک سەرلک و سەردەستەکانی هێز.
لە هەنگاوی یەکەمدا لە نزیک کۆمیتەی ڕێکخراوی بانە لە پشت گوندی "موچە"، لەژێر کانیاوێک، ناوەندێکمان بۆ هێز کردەوە و بەو چەند پێشمەرگەیەی کە لەگەڵ من و کاک فەتاح بوون و چەند پێشمەرگەیەکی ڕێکخراوی بانە، پارێزگارییمان لەو ناوەندە کرد. سەرلک و سەردەستەکان دەهاتن و داوای پارە و چەک و تەقەمەنییان لە هاشم کەریمی دەکرد و ئەویش دەیناردنە لای ئێمە. بەرە بەرە بە زەحمەتێکی زۆر لک و دەستەکانمان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخستەوە و ناوەندی هێزمان گواستەوە بۆ گوندێکی چەند ماڵیی کە ناوی "چڕوش" بوو. هەرچەندە کارکردن لەگەڵ ژمارەیەکیان دژوار بوو، بەڵام سەرئەنجام هێزەکەمان سەربەخۆ کرد. بۆ ئەو مەبەستە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ڕێکخراوی بانە هاوکارییان کردین.
لکی یەکەم بە فەرماندەیی هاشم مزگەری لە بۆیەن، لکی دووەم بە فەرماندەیی کەریم ساڵحی لە کانی سێو، لکی سێیەم بە فەرماندەیی حەبیبوڵا ساوانی لە کۆخان. دواتر کەریم مەهدەوی "سەقزی" کرا بە فەرماندەی لکی سێیەم.
لە هەمانکاتدا شێخ عوسمان خالیدی و ناسحی کوڕی لە دەفتەری مامۆستا مەلا شێخ عیزەدینەوە لە مەریوان هاتبوونە ڕیزی حیزبی دیموکرات و ڕێکخراوی بانەوە. لەگەڵ کاک فەتاح داوامان کرد شێخ عوسمان بدەن بە هێزی شەهیدانی وێردیی تا ئەرکی ڕێکخستن و بە شانە کردنی پێشمەرگەکانی هێز لە ئەستۆ بگرێت. ئەویش بە لێوەشاوەیی زۆر و دڵپاکییەوە ئەو ئەرکەی جێبەجێکرد.
بەو زەبرەی کە ڕژێم لە پێشمەرگەکانی هێزی بانەی دابوو، ورەی پێشمەرگە لە ناوچەی بانە زۆر دابەزی بوو، لەبەرئەوە دوای ڕێکخستنەوەی لک و دەستە و پەلەکان، بە دانانی مین لە پێگەکانی دوژمن و جەولەکردن بە گوندەکاندا، بەربەرەکانی هێزەکانی دوژمنمان کرد. زۆربەی کاتی کاک فەتاح بە جەولەکردن تێدەپەڕی و منیش کاروباری پێشمەرگە و لکەکانم بەڕێوەدەبرد.

سەرئەنجام ڕۆژی 1361/6/17 (1982/9/8) بەگوێرەی پلانێک لە پێنج کیلۆمەتر لە جادەی بانەوە بۆ سەقز، پێشمەرگەکانی لکی یەک و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێز، پەلاماری کاروانێکی سوپای ئێرانیان دا. لەو پەلامارەدا کە پتر لە کاتژمێرێکی خایاند، چوار بارهەڵگری پڕ لە سەرباز و جیپێک تێکشکێنران و 57 کەس لە دوژمن کوژران و بریندار بوون. دوای شەڕەکە، دوژمن ناوچەکەی بە خەستیی تۆپباران و خۆمپارەباران کرد و پێشمەرگەیەکی هێز بە ناوی عوسمان خورشیدی، شەهید بوو. ئەو شەڕە ورەی خەڵکی بانە و گوندەکانی دەوروبەر و پێشمەرگەکانی هێزی زۆر بەرزکردەوە و بە ڕادەیەکی زۆر بالانسی دەسەڵاتداریی جاشەکانی هەڵوەشاند.

عەمەلیاتی دووەم ڕۆژی 1361/7/19 (1982/10/11) بەڕێوەچوو. پێشمەرگەکانی لکی سێ و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێز، لە عەمەلیاتێکی بەریندا لە ناوچەی ڕوباری سیر و گوندەکانی کانی سور، زەرواوی خواروو، ساڵح ئاوا، هێزەکانی دوژمنیان لە داو خست و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و بریندارکرد. لە کاتی شەڕەکەدا هێزی یارمەتیدەری ڕژێم خۆی گەیاندە مەیدانی شەڕەکە، بەڵام لە لایەن دەستەیەکی تری پێشمەرگەکانەوە پەلاماردران و ناچار بوون پاشەکشە بکەن. لەو شەڕەدا پتر لە 60 چەکداری دوژمن کوژران و 70 چەکداریش بریندار بوون و دوو جاشیش بە ناوەی محەمەد ڕۆستەمی و کەریم شەریفی بە چەکەوە گیران. شایانی باسە چۆنیەتی ئەو عەمەلیاتە بە دروشمی "سەرنج بدەن سەرنج بدەن" لە ڕادیۆی کوردستان ڕادیۆی حیزبی دیموکرات بڵاوکرایەوە و لە نامیلکەی جنگ در کردستان، نیوەی دووەمی ساڵی 1362 (1983) ژمارە 1، لاپەڕەی 137 دا تۆمارکرا.

هەروەها لە مانگی بەرگریی لە ئازادیی کە لە بەشی دواییدا ئاماژەی بۆ دەکەم، لکی یەکەمی هێزی شەهیدانی وێردیی بانە بە هاوکاریی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێز، لە کەمینێکدا، کاروانێکی سوپایان تێکشکاند. ئێوارەی ڕۆژی 1361/8/10 (1982/11/1) ئاگاداركراين کە هێزێکی گەورە بەبێ چەکی قورس لە سەقزەوە هاتە بانە. لەو سەردەمەدا سوپا و سوپای پاسداران، هێزەکانیان بە کاروانی تێکەڵاو لە

بارهەڵگری سوپا و ئوتۆبوسی شەخسی دەگەیاندە سەربازگەکان و دەیانگۆڕینەوە. بەو زانیارییەی کە پێشتر هەمانبوو، هەر ئەو ڕۆژە پلانمان دانا کە پێشمەرگەکانی لکی یەکەم بە فەرماندەیی هاشم مزگەریی و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێز ڕۆژی 1361/8/11 (1982/11/2) لە جادەی بانە بۆ سەقز لەژێر پێچەکانی کەلیخان، کەمین دانێن، بەڵکوو لە گەڕانەوەی ئوتۆبوس و بارهەڵگرەکاندا دوژمن بکەوێتە بۆسەکەوە. کاتژمێر 11:30 چاوەڕوانیی بەسەر هات. سەرەتا دوو وانت باری دۆشکە هاتن و لە کەمینەکە دەرچوون و دواتر کاروانی چاوەڕوانکراو گەیشتە جێ. پێشمەرگەکان لە ناوەڕاستی کارەوانەکەیان دا و پێنج بارهەڵگری سوپا و دوو جیپی فەرماندەییان تێکشکاند. یەکێک لە بارهەڵگرەکان کە تایەیەکی تەقیبوو، لەسەر ڕینگ دەڕۆیشت، بە شڵەژاویی خۆی گەیاندبووەوە بانە. خەڵکی بانە بە دەنگی تەقە و گەڕانەوەی ئەو بارهەڵگرە و کوژراو و بریندارەکانی شەڕ، تێگەیشتن کە پێشمەرگە دەستی لێوەشاندوون، چەند ئافرەتێک نان و کەبابیان بۆ پێشمەرگە گەیاندبووە مەیدانی شەڕەکە. شەڕ زۆری نەخایاند، بەڵام دوژمن بۆ ماوەیەکی زۆر و تا گواستنەوەی لاشەی کوژراو و بریندارەکان و بارهەڵگرە تێکشکاوەکانی، ناوچەکەی تۆپ و خۆمپارەباران کرد. بە داخەوە لەو شەڕەدا کادیرێکی لێوەشاوەی لکی یەکی هێزی بانە بە ناوی جەلال ڕەشیدیی لە پشت گوندی "مەجێسە" لە نزیک ڕەشەقەڵات بە پڕیشکی تۆپی دوژمن شەهید بوو. کاک جەلال لە کاتی پاشەکشەدا لە پێشمەرگەکان هەڵبڕابوو. لە نزیک گوندی دروڵە لە پێچەکانی کەلیخان پڕیشکی خۆمپارە بەر قاچی دەکەوێت و بە جامانەکەی دەیبەستێت تا خوێنی لەبەر نەڕوات. قاچی بەرز دەکاتەوە و لەسەر تاشەبەردێک دایدەنێت کە بەڵکوو پێشمەرگە بە لایدا بڕۆن و ڕزگارییبکەن.

دوا شەڕی گەورە لە سەردەمی فەرماندەیی مندا لە هێزی بانە، ڕۆژی 1361/11/14 (1983/2/3) لە نێوان سپیدارێ و نەمەشیردا کرا. لەو شەڕەدا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی لکی سێ بە فەرماندەیی حامید حەسەنی ناسراو بە حامید مستەفای کە لە جەولە بوون، بە ڕێکەوت توشی ژمارەیەکی زۆر پاسدار و بەسیج دەبن کە لە کۆخانەوە بۆ

پاکسازیی گوندەکان هاتبوون. پێشمەرگەکان تەقەیان لێدەکەن و ئەوانیش هەر یەکە بە لایەکدا بڵاودەبنەوە. پێشمەرگەکانی لکی دوو و ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵە، خۆیان دەگەیەننە شەڕەکە و لە هەموو لایەکەوە تەقە لە دوژمن دەکەن و لە ئەنجامدا ژمارەیەک دەکوژن. بەشێکیان چەکەکانیان فڕێدەدەن، تا خێراتر ڕابکەن، بەڵام لە ناو بەفردا ناتوانن و دەکەونە دەست پێشمەرگەکان. لەو شەڕەدا زیادتر لە پەنجا تفەنگی ژ3 کەوتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵە و دوو کەسیش بە دیل گیران. یەکێک لە دیلەکان بە هۆی برینداربوونیەوە، ئازاد دەکرێت و ئەوی ترمان گواستەوە بۆ زیندانی ناوەندیی حیزبی دیموکرات. بە داخەوە لەو شەڕەدا کاک حامید حەسەنی بریندار بوو، بە هۆی قوڵیی برینەکەیەوە ڕۆژی 1361/11/16 (1983/2/5) لە نەخۆشخانەی حیزبی دیموکرات لە "قالوێ" شەهید بوو.

**مانگی بەرگریی لە ئازادیی و مانگی هێرش و پێکهاتنی هێزی پشتیوان**

دوژمن بە مەبەستی گەیاندنی هێزەکانی بۆ ناوچە سنورییە دەستکردەکانی خۆی لەگەڵ عێراق، گوشارەکانی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی مەدەنی لە شار و گوندەکاندا زیاد کرد. هەوڵیدەدا جادە و تەنانەت کوێرە ڕێی نێوان شارەکانیش لە پێشمەرگە پاک بکاتەوە و شەڕی خۆی لەگەڵ ڕژێمی بەعس بهێنێتە کوردستانەوە و بەرینی بکاتەوە.

ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئەوە بوو کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە شەڕ دژی ڕژێمی عێراق، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش تێکبشکێنێت و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بسەپێنێت. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی لەوە گەیشتبوون کە بە بەرینکردنەوەی بەرەی شەڕ، ڕژێمی عێراق بە نفوزی کەمییەوە ناتوانێت لە بەرامبەر هێزی چەندان میلیۆنیی پاسدار و بەسیج و هێزەکانی سوپای ئێراندا بەرگریی لە خۆی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست بۆ تێکشکاندنی ڕژێمی بەعس، یارمەتی لە هێزە سیاسییە چەکدارەکانی باشوری کوردستانیش وەربگرێت. بەو مەبەستە سەرەتا جادەی شنۆ بۆ نەغەدەی گرتەوە و ڕۆژی 1361/6/23 (1982/9/14) جادەی مهاباد بۆ پیرانشاری خستە دەست خۆی و ڕۆژی 1361/6/24 (1982/9/15) پەلاماری جادەی پیرانشار بۆ سەردەشتی دا و دواجار شارۆچکەی ڕەبەتی داگیرکرد.

دوژمن بەرلە پەلاماردانی ئەو جادانە، لەشکرێکی پاسداری بە ناوی لەشکری 55 ی تایبەت دامەزراند کە ناوی "لەشکری 55 ی تایبەتیی شەهیدان بۆ پاکسازیی ناوچەی پیرانشار سەردەشت" بوو. پاسدار ناسر کازمی کرا بە فەرماندەی ئەو لەشکرە، بەڵام بەرلە هێرشکردن بۆ سەر جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت ڕۆژی 1361/6/6(1982/8/28) لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی ئاوارەوە کوژرا.

کۆماری ئیسلامیی هەموو ئەو هەوڵانەی لەژێر دەمامکی شەڕ لەگەڵ عێراقدا بەڕێوەدەبرد و کوشتاری گەلی کوردی لەبەر چاوی ڕای گشتیی ناوخۆ و جیهان شاردبووەوە. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی

کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی ئەو سیاسەتە و بۆ ئەوەی کە زەبری کوشندەی لێ نەکەوێت، لە سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی 1361 (1982) دا بارەگاکەی گواستەوە بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت و لە گوندی "مەزرێ" جێگیر بوو. هاوکات لەگەڵ حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، چریک، راە کارگەر، موجاهیدی خەڵک و هێزەکانی تریش لە ئالان جێگیر بوون. ناوچەی ئالانی ژێر دەسەڵاتی ئێران 46 گوندی هەیە. حیزبی دیموکرات، بەشی ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی پێشتر بردبووە گوندی "دولکان"، نەخۆشخانەکەی بۆ "سنجوێ" و داوتر گواستیەوە بۆ "مەزناوێ" و زیندانەکەی بۆ "ئەشکان" و عەمباری چەک و تەقەمەنی بۆ "گەرماو". لە "هەرزنێ"، "بێژوێ" و "بێتوش"، "گرویس" و چەند گوندێکی تریش کۆمیتەی ناوچەی سەردەشت و بنکەی پێشمەرگەی جێگیر کردبوو. کۆمیتەی شارستانی سەردەشت چووە گوندی "باسکی ڕێوی" و کۆمیتەی شارستانی پیرانشار هاتە "کونە مشکێ" و ناوچەی پیرانشاری بەجێهێشت. دوای ئەو گۆڕانکارییانە، حیزبی دیموکرات هەموو دەرتانی خۆی دژی سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی بەکارهێنا. لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەرەیەکی بەرگرییکردنیان پێکهێنا کە نەهێڵن کۆماری ئیسلامی جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت بگرێتەوە و هێزەکانی لە ناوچە سنورییەکان نزیک بکاتەوە. لەو هاوکارییە نوێیەدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ناوی خۆی نا "هێزی پشتیوان". دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە 1361/8/20(1982/11/11) تا 1361/9/20 (1982/12/11) ی بە مانگی بەرگریی لە ئازادیی و لە 1361/9/20 (1982/12/11) تا 1361/10/20 (1983/1/10) ی بە مانگی هێرش بۆ سەر دوژمن ڕاگەیاند و لە بەیاننامەیەکدا کە لە ڕادیۆی کوردستان "ڕادیۆی حیزبی دیموکرات" بڵاویکردەوە و دواتر لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکرات ژمارە 86 دا بڵاوکرایەوە، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بە گەنج و پیرەوە چەک هەڵبگرن و بەرگریی لە شەرەف و ناموسی خۆیان و ئازادیی وڵاتەکەیان بکەن. ئەندامانی هێزی بەرگریی و پێشمەرگەکان بچنە ژێر فەرمانی بەرپرسان و ڕێکخراوەکانی حیزب و هەموو دەرەتانی خۆیان بۆ بەرگریی تەرخان بکەن .. تد.

حیزبـــی دیمـــوکرات بـــە هاوکـــاریی کۆمیتـــەی شارســـتانی سەردەشـــت ناوەنـدێکی تـدارکاتی لـە گونـدی "بنوخەڵـەف" دانـا کـە پێویستییەکانی بـــەرەی شـــەڕ دابینبکـــات. بـــۆ زانیـــاریی دەربـــارەی ئـــەو ناوەنـــدە ڕۆژی 2009/12/30 پرسیارم لـە کـاک سـەعید مامنـدیی کـرد و گـوتی: **(مـن لـە کۆمیتەی بنوخەڵەف و مەلا عەزیز لە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت و کاک مستەفا شەلماشی لە دەفتەری سیاسی ئەو ناوەندەمان دامەزراند. تـا یەکـەم کۆبوونـەوەی دۆکتـۆر قاسـملوو و مـام جـەلال لـە بنوخەڵـەف سەرپەرشتیی ئەو ناوەندمان کرد بۆ دابینکردنـی پێویستییەکانی شـەڕ، دژی کۆماری ئیسلامیی لە جادەی پیرانشار و سەردەشت لـە خـەرمانانی ساڵی 1361 (1982) دا).**

هەرچەنـدە هـــەردوو هێـزی حیزبـــی دیمـــوکرات و یـــەکێتی نیشـــتمانیی کوردستان هەوڵیانـدا بـەر بـە هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامیی بگـرن، بـەڵام نـەیانتوانی و دوژمـن جادەکـەی گرتـەوە و لـەسـەر بەرزاییـەکان و شـوێنە ستراتیژییەکان پێگەی دانا.

ڕەنگـە هاوکـارییکردنی یـەکێتی نیشـتمانیی کوردسـتان لەگـەڵ حیزبـی دیموکرات لـەو هەلومەرجـەدا کـە یـەکێتی نیشتمانیی دۆسـت و هاوکـاری کۆمـاری ئیسـلامیی بـوو، هەنـدێک پرسـیار بـۆ خوێنـەران دروستبکات کـە چـۆن بـوو یـەکێتی نیشـتمانیی دژ بـە ڕژێمـی بـەعس، بـە دژی کۆمـاری ئیســلامیی ڕاپــەری و هاوکــاریی حیزبــی دیمــوکراتی کــرد کــە جــادەی پیرانشار بۆ سەردەشت بپارێزێت؟

لـە ڕاسـتییدا بەرلـەوەی کـە وتـووێژی نێـوان ڕژێمـی بـەعس و یـەکێتی نیشـتمانیی لـە سـاڵی 1362 (1983) دا ئاشـکرا ببێـت، سـەدام حوسـێن مـەرجی بـۆ ئـەو وتـووێژە دانـابوو. حیزبـی دیمـوکرات و شەخسـی دۆکتـۆر قاسملوو ناوبژیکەری نێوان ڕژێمی بـەعس و یەکیـەتی نیشـتمانیی بـوون. سەدام حوسێن ڕایگەیاندبوو:

- **(مـن لـەگـەڵ کەسێک وتـووێژ ناکـەم کـە خـۆی بـە عێراقیـی نـەزانێت. ئـەگەر جەلال تاڵەبانیی خۆی بە عێراقیی دەزانێت، با بێت بـەرگریی لـە سنورەکانی عێراق بکات کـە لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە مـەترسیان لەســەرە. دوای ســەلماندنی ئــەوە، ئێمــە دەتــوانین وەک دوو عێراقیــی**

**لەسەر نیشتمانی خۆمان وتوویژ بکەین.)**. ئەوە بوو مام جەلال دژی کۆماری ئیسلامیی هێزەکانی خستە مەیدان و ناوینا هێزی پشتیوانی. ئەو دیاردەیە بۆ من و بۆ زۆربەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات جێی پرسیار بوو، تا لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ مام جەلال، بە بەشداریی دۆکتۆر قاسملوو ئەو مەسەلەیەم بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ڕونبووەوە:

دۆکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتیی و فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 1361/9/27 (1982/11/18) لە گوندی مەزرێ کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست کە کۆمیسیۆنی پێشمەرگەی حیزب دابمەزرێنێتەوە. بڵاویی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی بەرگریی جادەی پیرانشار بۆ سەردەشت لە مانگی هێرشدا، دەفتەری سیاسی و دۆکتۆر قاسملووی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات پێویستە ئۆرگانی تایبەت بە خۆی هەبێت و چەند کەسێک لەژێر چاودێریی دۆکتۆر قاسملوودا، بەسەر کاروباری پێشمەرگە و هێزەکاندا ڕابگەن و لەژێر چاودێریی دۆکتۆر قاسملوودا، پارە و چەک و تەقەمەنیی و پێویستیی هێزەکانی پێشمەرگە دابینبکەن.

بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە: ئیرەج قادری، محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی "چیا"، کەریم عەلیار، ئیسماعیل بایەزیدی، قاسم حوسێنی "شاهۆ"، کەریم پورقوباد، کەریم کاکە سوریی "کەریم خاڵدار" و من نوسەری ئەم دێڕانە. لەو کاتەدا مام جەلال و هێرۆخان لە گوندی مەزرێ میوانی دەفتەری سیاسی حیزب بوون. کۆبوونەوەی دۆکتۆر قاسملوو لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی حیزب کۆتاییهات. محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە دەستنیشانکرابوو کە سەرپەرشتیی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە بکات. دۆکتۆر قاسملوو پێیڕاگەیاند کە خۆی هاوکارەکانی هەڵببژێرێت. ئەو ئیرەج قادری، کەریم عەلیار، ئیسماعیل بایەزیدی، قاسم حوسێنی "شاهۆ"ی هەڵبژارد. هەرچەندە من خۆم ئامادە بووم لەو کۆمیسیۆنەدا کار بکەم و داوام لە ڕەبیعی کرد کە منیش بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان بکات، تەنانەت پێمگوت من لەو بوارەدا پسپۆڕم و بە بوونی من تۆ سەردەکەویت، ئەگەرنا سەڵتەنەتخوازەکان مەیدانت پێ چۆڵ دەکەن، بەڵام ئەو دژایەتی لەگەڵ

من کرد و من گەڕامەوە بۆ هێزی بانە. کاک کەریم پورقوباد چوو بۆ هیزی پێشەوا و "کەریم خاڵدار"یش لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە کرا بە فەرماندەی هێزی شاهۆ کە من داوام لێکرد بە ڕابردوویەکی کە پێشتر لەو ناوچەیەدا هەیەتی، ئەو بەرپرسایییە قبوڵ نەکات، بەڵام وەڵامی نەدامەوە و دوای کۆبوونەوەکە چوو بۆ نەوسود و دواتر توشی چارەنوسێکی تاڵ و نالەبار بوو. بە هەر حاڵ دوای کۆبوونەوە لەگەڵ دۆکتۆر قاسملوو، داوام لێکرد کۆبوونەوەیەک بۆ ئێمە لەگەڵ مام جەلال ڕێکبخات. لە وەڵامدا گوتی مام جەلالیش پێیخۆشە لەگەڵ ئێوە کۆببێتەوە. ئێوارەی ڕۆژی 1361/9/28 (1982/11/18) ئێمە لەگەڵ مام جەلال و دۆکتۆر قاسملوو کۆبووینەوە. مام جەلال گوتی من قسە ناکەم و پێمخۆشە ئێوە پرسیار بکەن و من وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە. یەکەم پرسیار من کردم. سەرەتا بە کورتیی ئاماژەم بۆ ڕۆڵی یەکێتی نیشتمانیی لە بزوتنەوەی گەلی کورددا کرد و دواتر ئاماژەم بۆ وتوویژی نێوان یەکیەتی و ڕژێمی بەعس کرد کە دۆکتۆر قاسملوو ناوبژیوانیان بوو و گوتم: **(ئایا باشتر نیە سەرەتا ئێوە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق پێکەوە پێکبێن و دواتر پێکەوە وتوویژ لەگەڵ سەدام حوسێن بکەن؟)**. لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا دوو وەڵامم وەرگرتەوە. وەڵامی یەکەمیان هی دۆکتۆر قاسملوو بوو کە گوتی:

**- (ئەگەر مەبەستت لە حیزبی شیوعی عێراقە، سەدام حوسێن گوتویەتی من لەگەڵ حیزبی شیوعی وتوویژ ناکەم، هەر کاتێک بمەوێت، داوا لە کاربەدەستانی سۆڤیەت دەکەم کە حیزبی شیوعی بنێرنەوە عێراق!.)**.لە وەڵامی دۆکتۆر قاسملوودا، گوتم مەبەستم لە حیزبی شیوعی نیە و مەبەستم پارتی دیموکراتی کوردستانە. لەو بارەیەوە مام جەلال گوتی: **(هەر ئێستا ئیدریس بارزانیی و مەسعود بارزانیی خەریکی وتوویژکردنن لەگەڵ سەدام حوسێن. ئەوان دەیانەوێت خودموختاریی بۆ ناوچەی خۆیان وەربگرن و ئێمەش هەوڵدەدەین بۆ ناوچەی خۆمان ئەو مافە بەدەستبهێنین!)**.

## کۆنفرانسی ڕێکخراوی بانە

بەرلە پێکهاتنی کۆنفرانسی ڕێکخراوی بانە، دوو جار پەیوەندییم بە دۆکتۆر قاسملووەوە کرد و پێمڕاگەیاند گیروگرفتی هێزی بانە کۆتاییهاتووە و لک و دەستە و پەلەکانی ڕێکخراونەتەوە و زۆر چالاکانە بە ئەرکی خۆیان ڕادەگەن. گوتم من بەڵێنەکەم بردەسەر و ئێستاش نزیکەی هەشت مانگە هەواڵم لە خێزانم و منداڵەکانم نیە و هەر ئەوەندە دەزانم کە بوومەتە خاوەن کوڕێکی تریش و داوادەکەم ئیزن بدەن هێزەکە بە فەتاح ئەحمەدی بسپێرم و بگەڕێمەوە. دۆکتۆر قاسملوو گوێی لێ کپ کردبوو، وەڵامی نەدەدامەوە، تا سەرئەنجام کۆمیتەی شارستانی بانە ڕۆژی 1361/11/23 (1983/2/12) کۆنفرانسی ساڵانەی پێکهێنا. دۆکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک چاودێر هات و بەشداریی کۆنفرانسەکەی کرد. دوای کۆتایی کۆنفرانس، دۆکتۆر سادق لەگەڵ کۆمیتەی نوێ کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا دوو داوکارییم خستە بەردەم دۆکتۆر شەرەفکەندی. داواکاریی یەکەم دەربارەی پەلاماری دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی بوو بۆ سەر ڕێبەرانی حیزبی تودە و دەستگیرکردنی دۆکتۆر کیانوری سکرتێری گشتیی حیزبی تودە و نزیکەی چل ئەندامی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە لە 1361/11/17 (1983/2/6) دا و گوتم حیزبی ئێمە پێویستە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە حیزبی تودە بگۆڕێت و چیتر حیزبی تودە بە تابوری پێنجەم و جاش و جاسوس ناونەبات. داوام کرد حیزب لە بەیاننامەیەکدا داوا لە ئەندامانی حیزبی تودە بکات، بۆ ڕزگارکردنی گیانیان لە دەست کۆماری ئیسلامیی، خۆیان بگەیەننە کوردستان. دۆکتۆر سادق گوتی پێویستە حیزب ئەم کارە بکات و بە گەڕانەوەم بۆ دەفتەری سیاسی ئەم داوایە دەخەمە بەردەم دۆکتۆر قاسملوو و برادەرانی دەفتەری سیاسی حیزب.

دووەم داوام دووپاتکردنەوەی گەڕانەوەم بوو بۆ دەفتەری سیاسی. لەو بارەیەشەوە دۆکتۆر شەرەفکەندی گوتی: **(ئێمە موافقین، ئەگەر کاک فەتاح و برادەرانی کۆمیتەی شارستان ڕازیی بن، تۆ دەتوانیت بەرپرسیاریی هێز بە کاک فەتاح ئەحمەدی بسپێریت و بگەڕێیتەوە دەفتەری سیاسی.)**.

ڕۆژی 1361/11/24(1983/2/13) هێـزی 81 ی شـەهیدانی وێـردیم بـە فەتاح ئەحمەدی سپارد. هاشم و ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی بانە بە دڵ ڕازیی نەبوون بە گەڕانەوەی من، بەڵام لەوەش پتر نەدەکرا من لـەوێ بمێنمەوە. ئەوە بوو کاک هاشم بەو نامەیەی خوارەوە دەستخۆشیی کرد لە کارەکانم و من گەڕامەوە دەفتەری سیاسی لە مەزرێ.

**هاوڕێی بەڕێز کاک حامید گەوهەری**

**لەگـەڵ سـڵاو. ئێسـتا کـە دوای ماوەیـەک فەرمانـدەریی هێـزی 81 ی شـەهیدانی وردی، بـۆ دەفتـەری سیاسـی نـەقڵ بویتـەوە، بـە پێویسـتی دەزانین لە لایەن هیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی بانەوە سوپاسی خۆمان بە بۆنەی هاوکاری سەمیمانە و برایانەت لەگەڵ ئێمە پێشکەش بکەین. هیوادارین لە داهاتووش دا، وەکو پێشانت داوە لە ڕێگەی خزمەت بـە حیـزب و گەلەکـەت ئەوپەڕی تێکۆشـانت هـەبێ و سـەرکەوتنت لـەو ڕێگەدا بە ئاوات دەخوازین.**

**هاشم کەریمی 61/11/24**

**مۆری ڕێکخراوی بانە**

## ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەلاماری ئەندامانی حیزبی تودە دەدات

ڕۆژی 1361/7/10 (1982/10/2) لە ئەنجامی کردەوەیەکی تێرۆریستیی و تەقینەوی بۆمبێک لە بازاڕی تاران، 62 کەس کوژران و نزیکەی 700 کەس بریندار بوون. دەزگاکانی ئیتلاعات و ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیی، دەستبەجێ تاوانی ئەو تەقینەوەیەیان خستە پاڵ مەسعود ڕەجەوی و بەنیسەدر و ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵکی پێ تاوانبار کرد.

ئەو کردەوە تێرۆریستییە دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ گوشار خستنەسەر ڕۆژنامەنوسان، خوێندکاران، ئافرەتان و لایەنگرانی ئازادیی و کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە زیندانەکاندا پتر واڵا کرد. کۆماری ئیسلامیی جگە لە دوو ڕێکخراوی سیاسی، هەموو ڕێکخراوە سیاسییە بەرهەڵستکارەکانی یاساخ کردبوو. بەگوێرەی توانا، ئەندامانی گرتبوون و لە زیندانەکاندا ئەشکەنجەی دەدان. دوای ئەو کردەوە تێرۆریستییە، گوشارەکانی بۆ سەر گەلی کورد دووقات و چەند قات کردەوە. پاسدار و کۆمیتەچییەکان بێ ڕێزییان بە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان دەکرد و هەموو داخوازییەکانیان بە لایەنگرییکردن لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دەزانی. لاوان، تەنانەت پیر و بەساڵداچووەکانی لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدا و بە ڕاکێشانی ڕای گشتیی بۆ شەڕ لەگەڵ ڕژێمی بەعس، گوێی دنیای لە بەرامبەر کوشتاری بە کۆمەڵی گەلی کورددا کپ کردبوو.

لەو هەلومەرجە دژوارەدا، حیزبی تودەی ئێران و ڕێکخراوی فیدائییانی خەڵک "ئەکسەریەت" دوو لایەنگری سیاسەتی پارێزگارییکردن لە شۆڕشی ئێران، بە ناو ئازاد بوون و بە ئاشکرا خەباتیان دەکرد، بەڵام هەموو جوڵەیەکیان خرابووە ژێر چاودێرییەوە و میتینگ و کۆبوونەوەکانیان بە هۆی گۆپاڵبەدەستانەوە تێکدەدرا و ڕۆژنامەکانیان کۆدەکرایەوە، تەنانەت کەسانی تودەیی و فیدایی کە بۆ پارێزگارییکردن لە ئێران بەشدارییی شەڕی عێراقیان کردبوو، لە بەرەکانی شەڕدا ئەمنیەتیان نەبوو. لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵمەدا، ڕێبەرانی حیزبی تودە لەگەڵ ڕەخنەگرتنیان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی، پەیتا

پـەیتا پێشـنیازی جۆراوجۆریـان ئاڕاسـتە دەکـرد و بـە بـەژن و بـاڵای خومەینیدا هەڵیاندەدا و کردەوەکانی دژ بە ڕژێمیان ڕیسوا دەکرد، وەک ئاشـکراکردنی کودێتـای نـۆژە لـە ڕۆژی 1359/4/18 (1980/7/9) دا کـە پێشتر ئامـاژەم بـۆ کـرد. ئـەوان بێئاگـابوون لـەوەی کـە خومـەینی مـاکی هـەموو ئـەو خراپەکارییانەیـە و هـەموو تاوانـەکان بـە فـەرمانی ئـەو و لەژێر چاودێریی ئەودا بەڕێوەدەچن.

حیزبی توده سەرەڕای ئەو خزمەتانەی، ئـەم جارەیـان خـۆی کـەوتـە بـەر تیغـی جـەلادانی کۆمـاری ئیسـلامیی. کـاتژمێر 04:30 ڕۆژی 1361/11/17 (1983/2/6) لە کاتێکدا شەوەزەنگ باڵی بەسەر ئێراندا کێشابوو، خـەڵک لە خەودا بوون، ئەنـدامانی ئیتلاعـاتی سوپای پاسداران پەلاماری مـاڵی نورەدەین کیانوری سکرتێری گشتیی حیزبی توده و مریـەم فیروز ئـەنـدامی مەکتـەبی سیاسـیان و مـاڵی ڕێبـەرانی حیزبـی تودەیانـدا و نزیکـەی چـل ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبەیان دەستگیر کـرد. ئایـەتوڵا خومـەینی دوای دەسـتگیرکردنی ئـەو ژمارەیـە لـە بڵاوکراوەیەکـدا دەستخۆشـیی لـە سوپای پاسداران کرد. لە بەشێکی بڵاوکراوەکەیدا ڕایگەیاند:

**بسم اللـه الرحمن الرحیم**

**ئـەگـەر سـەرکـەوتووانی جیهـان شـانـازیی بـە سـەربـازە ونبووەکانیانـەوە دەکەن، ئیسلامی مەزن و نـەتـەوەی شەریف و سەرکەوتووانی ئـازیزی ئێمە شانازیی بە هەزاران سەربازی مەزنی ونبووی خۆیانەوە دەکەن کە شوێن نـاو نـەکـەوتوون و بـۆ وڵاتـی خۆیـان و ئیسـلامی ئـازیز و نـەتـەوەی مرۆڤپەروەری خۆیان شانازیی دەخوڵقێنن... سەرنجدانی ئەو لاوە پاسدار و کۆمیتە و دادوەریی و عاشقە ونبووانـەی خوا، بۆ لـە داوخستنی ڕێبـەرە خائینـەکانی حیزبـی تـوده کـە وەک مـاری پـڕ خـەت و خـاڵ لـە بـەرگی دۆسـتدا دەیانویسـت ئیسـلام لەناوببـەن و پێشـینە و زانیـاریی 20- 30 ساڵەیان هەبوو لە بوارەکانی ڕێکخراوەیی و ئیتلاعـاتیی و جاسوسییدا، جێی سەربڵندی ئوممەتی ئیسلامە کە کەسانی لـەخۆبوردووی هەیـە کـە جێی سەرسوڕمـانی دەزگاکانی جاسوسیی و ئیتلاعاتیی هەموو جیهانن.**

**ئـەو تێکشکاندنـە بـە ڕێنوێنی خوای گەورە و لوتفی تایبـەتیی وەلی اللـه الاعظـم – ارواحنـا فـداە- بـەدینـەهاتووە. دەبێـت نـەتـەوەی ئێـران**

**دەستخۆشیی لـە لایەنـە جیاوازەکـانی ئـەو سـەرکەوتنە و بەتایبـەتیی لایەنە سیاسییەکەی بکات و سوپاسگوزار بێت و هەوڵی بەهێزکردنی ئەو دلێرانە لەسەر سنورەکان و نـاوخۆی وڵاتـدا بـدات. ڕەوا نیـە کـەس، یـان کەسانێک بە هۆی کینەی نادروستەوە ڕەخنە لەو پاسدارانەی ئیسلام و وڵاتی ئیسلامیی بگرن.**

**روح الله الموسوي الخميني**

کۆمـــاری ئیســـلامیی وردەکارییـــەکانی دەســـتگیرکردنی ڕێبـــەران و ئەندامانی حیزبی تودەی بڵاوکردەوە. لـەو بارەیـەوە "موسسـه مطالعـات و پژوهشـهای سیاسـی" و "مرکـز اسـناد انقـلاب اسـلام" لـه سـایتەکانیان " www.ir-psir.com و www.irdc.ir " ڕایانگەیاند:

**- (لە عەمەلیاتی ئەمیرلموئمنین دا، کاتژمێر 04:30 ڕۆژی 1361/11/17 زنجیرە عەمـەلیاتێکی سـەرەتایی بـۆ دەستگیرکردنی نـورەدین کیـانوری سـکرتێری کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیزبـی تـودە و هاوسـەرەکەی مریـەم فەرمانفەرما فیروز ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتـەی ناوەنـدیی ئـەو حیزبە بەڕێوەچوو. لە یەکەم قۆناخی ئەو زنجیرە عەمەلیاتـەدا کـە لـە سـەرەتای بـەیانیی ئـەو ڕۆژەدا دەسـتیپێکرد، بەشـێکی گرنـگ و نهێنـی حیزبی تودە کەوتنە دەست پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی و نزیکـەی 40 مـۆرەی بـاڵای حیزبـی تـودە و ئەنـدامانی سـەرەکیی تـۆڕی جاسوسـیی یەکیـەتی سـۆڤیەت دەسـتگیرکران. دوای دەسـتگیرکردنی ئـەو ژمارەیـە، دەسـتبەجێ کـار بـۆ وەرگرتنـی زانیـاریی بـە پلـە و ڕادەی ئـەمنیـەتیی دەستیپێکرد و هەموو چەشنە هەوڵ و تێکۆشانێکی جاسوسەکانی سۆڤیەت و دژەشۆڕشـەکان لـە ئۆرگانـەکانی حیزبـی تـودەدا ئاشـکرا کـران و بـە هەوڵـدانی هێزەکـانی سوپای پاسـدارانی شۆڕشـی ئیسـلامیی لـە مـاوەی کەمتر لە دوو مانگدا، کلیلی ئیتلاعاتی نهێنی حیزبـی تـودە بـە جۆرێک ڕون بووەوە کە ڕێبەرانی حیزبی تودە هەرگیز بیریان لێنەدەکردەوە).**

دوای دەستگیرکردنی نورەدین کیانوری و مریەم فیروز و ئەو چل کەسـە، کۆماری ئیسلامیی بۆ ئەوەی کە کۆتایی بـە بـوونی حیزبـی تـودە بهێنێت، تـاوانی جاسوسـیی و داڕشـتنی پلانـی کودێتـای سـەربازیی خسـتە پـاڵ حیزبـــی تـــودە و شـــەوی 1362/2/7 (1983/4/27) زۆربـــەی ڕێبـــەران و

ئەندامانی حیزبی تودەی لە تاران و شارەکانی تردا دەستگیر کرد. شەوی 11 لەسەر 1362/2/12 (1983/5/1) نورەدین کیانورییان هێنایە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن و ڕایگەیاند کە جاسوسییان بۆ ڕوسیا کردووە!

"موسسه مطالعات و پژوهشهای سیاسی" و "مرکز اسناد انقلاب اسلام" لە ڕۆژنامەی کەیهانەوە باسی دەستگیرکردنی ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە دەکەن و لە سایتەکانیان www.ir-psir.com و www.irdc.ir " ڕایانگەیاندووە:

**- (دووەم قۆناخی عەمەلیات بەگوێرەی زانیارییەکانی قۆناخی یەکەم، بە ناوی "عەمەلیاتی حەزرەتی ئەمیرلموئمنین لە شەوی 1362/2/7 (1983/4/27) دەستیپێکرد و لە یەکەم هەنگاودا، چوار ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە کۆبوونەوەی "هەیئەتی دەبیران" دا دەستگیرکران. ناوی ئەو چوار کەسە بریتی بوو لە "فەرەجولا میزانی بەرپرسی ڕێکخراو، نەوشیروان ئیبراهیمی بەرپرسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، محەمەد مەهدی پەرتەوی بەرپرسی ڕێکخراوە نهێنی و سەربازییەکان و ڕەحمان هاتفی بەرپرسی ڕێکخراوەکانی ئەیالەتی تاران. دەستگیر کردنی ئەو چوار کەسە دوای دەستگیرکردنی حەجەریی بوو لە قۆناخی یەکەمدا. لەو عەمەلیاتەدا نزیکەی 170 کادیر و ئەندامی ڕێکخراوە نهێنی و سەربازیی و جاسوس لە تاران و پتر لە 500 کەسیش لە شارەکان دەستگیرکران. 80 ماڵی نهێنی، سێ حەشارگەی چەک کە بریتی بوون لە 200 دەمانچە و تفەنگی ژ3 و ئارپیجی 7، ژمارەیەکی زۆر فیشەک و نارنجۆک، سەدان ئۆتۆمبێل و مۆتۆرسایکل، چەندان ئامێری جۆراوجۆری چاپ، ئەرشیڤی نهێنی حیزب و نزیکەی نۆ میلیۆن تمەن، دەستیان بەسەردا گیرا.**

حیزبی تودە نزیکەی دە هەزار ئەندام و ژمارەیەک لایەنگری هەبوو کە زۆربەیان لە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبدا ڕێکخرابوون و بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئاگایان لە پلانگێڕییەکان و کارە نهێنییەکانی حیزب نەبوو. خاڵی جێی سەرنجی بەرپرسان کەڵکوەرگرتن لە ئاشکراکردنی پلانگێڕییە نهێنییەکانی حیزب بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کەسانە بۆ لای کۆماری ئیسلامیی و کۆمەڵگا و ژیانێکی ئاسایی. هاوکات لەگەڵ

**زەبروەشاندنی دووەم، پرۆگرامی لەقاودانی حیزبی تودە بەڕێوەچوو. یەکەم هەنگاوی ئەو لەقاودانە وتووێژی ڕادیۆیی و تێلێڤیزیۆنیی بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پلانگێڕییە نهێنی و جاسوسییەکانەوە هەبوو. ژمارەیەک لە سەرکردەکانی باڵای حیزبی تودە لەو وتوێژانەدا بە ڕاشکاویی ڕایانگەیاند کە بەشداربوون لە پێشێلکارییە یاساییەکان و پلانگێڕییە نهێنی و جاسوسییەکاندا. هەر ئەو کاتە دادوەری گشتیی شۆڕشی ئیسلامیی بەگوێرەی ئەو بەڵگە ڕاچڵەکێنەرانە و خیانەتی حیزبی تودە، ڕۆژی 1362/2/15 (1983/5/5) حیزبی تودەی بە حیزبێکی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند).**

حیزبی تودەی ئێران کاتی هێرشی عێراق بۆ سەر ئێران و داگیرکردنی خوڕەمشار، داوای لە حیزب و ڕێکخراوەکان و خەڵکی ئێران کرد کە لە بەرەیەکی نیشتمانییدا یەکبگرن و سوپای عێراق لە ئێران دەربکەن. بۆ ئەو مەبەستە دەیان ئەندامی حیزبی تودە لە ناو سوپا و ئۆڕگانە سەربازییەکاندا شەهید بوون، بەڵام کاتێک سوپای ئێران شاری خورەمشاری گرتەوە، حیزبی تودە بە پێچەوانەی ویستی خومەینی، دژی درێژەدانی شەڕ، هەڵوێستی وەرگرت و ڕایگەیاند کە پێویستە کۆماری ئیسلامیی شەڕ ڕابگرێت و کۆتایی پێبهێنێت، ئەوەش خومەینی و لایەنگرانی بە توندیی ڕەنجاند و یەکێک لە هۆیەکانی دەستگیرکردنی ئەندامانی حیزبی تودە بۆ ئەو هەڵوێستەی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە دەگەڕایەوە.

دوای دەستگیرکردنی کیانوری و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی تودە، عەلی خاوەریی لە دەرەوەی وڵات بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی تودە. ناوبراو کیانوری و ڕێبەرە دەستگیرکراوەکانی لە بەرپرسیاریی خست و ڕایانگەیاند: **(ئەگەر کیانوری و ئەندامانی تری حیزبی تودە کە دەستگیرکراون و لەژێر ئەشکەنجەی کۆماری ئیسلامییدان، باسی سیاسەت و کردەوەکانی حیزب بکەن، حیزبی تودە بەرپرسیار نیە لە وتە و کردەوەکانیان، مەگەر ڕێیان پێبدرێت کە بێن و لە سەکۆیەکی ئازادی ئەوروپادا قسە بکەن).**

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای سوکایەتیکردن بە کیانوری و ئەندامانی تری ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کە حەسەن قزڵچی و عەلی گەلاوێژ لەو کەسانە بوون، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەشکەنجەیاندان و زۆربەیان لەژێر ئەشکەنجە و دوای ئەشکەنجەدانیان، کوشتن. کیانوری لە نامەیەکدا کە دوای حەوت ساڵ لە زیندانەوە بۆ عەلی خامنەیی نوسی، ڕایگەیاند:

**- (بۆ وەرگرتنی ئیعترافی پلانی کودێتا، خۆی و مریەم فیروز بە توندیی ئەشکەنجەدراون، تەنانەت بە قامچ لە ئەفسانەی کچیان داوە و لەبەرچاویانەوە بە بنمیچی زیندانەوە هەڵیانواسیوە و ئەشکەنجەیانداوە).**

زۆربەی ئەندامانی حیزبی تودە لە زیندانەکاندا گوللەباران کران، بەڵام کیانوری و مریەم فیروزیان هێشتەوە. کیانوری لە وتووێژێکدا کە دوای کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە مانگی چواری ساڵی 1367 (1988) و لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم، بە "گالیندۆپۆل" یەکەم نوێنەری تایبەتیی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان کە سەردانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی کرد، ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە زیندانەکاندا، گیروە سیاسییەکان ئەشکەنجەدەدات و بە زۆر قسەیان لێدەردەکێشێت.

لە پەلاماردانی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ئەندامانی حیزبی تودەدا، جگە لە مامۆستا حەسەن قزڵچی و دۆکتۆر عەلی گەلاوێژ و چەند کەسێکی تر کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکران، هەموو کوردە تودەییەکان ڕزگاریان بوو. بەشێکیان بە کوردستاندا و بە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، خۆیان گەیاندە ناوچەی "لۆلان" و بادینان و لەوێ جێگیرکران، بەشێکیان نەکەوتنە دەست ئیتلاعات و ژمارەیەکی زۆریشیان بە ئەفغانستان و ئازەربایجان و تورکیادا خۆیان گەیاندە ئەوروپا. بە نوسینی حوسێن بەخشی لە کتێبی (لێکدابڕان - پیاداچوونەوەیەک بەسەر چۆنیەتی پێکهاتنی کۆنگرەی 4ی حیزبی دیموکراتی کوردستان) دا:

- (پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار بە هۆی نزیکایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ پارتی دیموکرات، هەروەها شارەزاییان بەسەر ناوچەکەدا، هاوکات لەگەڵ هێرشی ڕژێم، توانییان بە ڕێگای "ڕاژان" دا و بە یارمەتی پارتی، لە یەکەم وەجبەدا 25 کەس لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی و کادیر، دەربازی ئەودیوی گەرمێن ببن.).

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە پێچەوانەی بەڵێندانی دۆکتۆر شەرەفکەندی لە کۆنفرانسی بانەدا، لە هێرشی یەکەمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر ڕێبەران و بەرپرسانی بالای حیزبی توودە، بێدەنگ بوو، بەڵام لە هێرشی دووەمی ئیتلاعاتی سوپای پاسداراندا بۆ سەر ئەندامانی ئەو حیزبە لە شەوی 1362/2/7 (1983/4/27)، ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە.

**هاونیشتمانانی بەڕێز! خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان! گەلانی بە شەرەفی ئێران!**

**هەروەکو ئاگادارن ڕێژێمی کۆنەپەرستی خومەینی لە ماوەیەک لەمەوپێشەوە هێرشێکی بەربڵاوی دژی کادری ڕێبەری و ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توودەی ئێران لە سەرانسەری وڵات دەست پێ کردوە. بە دوای ئەو پەلامارەدا کە چەند مانگە درێژەی هەیە، زۆربەی کادری ڕێبەریی ئەو حیزبە گیراون و زیندانی کراون. لە حەوتوی ڕابردوودا چەند کەس لە ڕێبەران لەوانە سکرتێری یەکەمی ئەو حیزبە زەعفێکی بێ وێنەیان لەخۆ نیشان دا. ئەوان لە وتووێژی تلویزیۆنی دا ئیعترافاتی زۆر سەرسوڕهێنەریان کرد و ئەو تاوانانەیان تەئید کرد کە لە لایەن ڕێژێمی خومەینی یەوە حیزبی توودەی پێ تاوانبار کرابوو. لە ڕۆژی 14 ی بانەمەڕی 1362 دا دادستانی کۆماری ئیسلامی، حیزبی توودەی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و داوای لە هەموو ئەندامانی ئەو حیزبە کرد کە خۆیان بە سوپای پاسداران بناسێنن و هەڕەشەی کرد کە ئەگەر خۆیان نەناسێنن، بە ناوی "محارب" دەناسرێن و تەسلیمی دادگاکانی شۆڕش دەکرێن.**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکەم قوربانیی ڕێبازی کۆنەپەرستانەی ڕێژێمی خومەینی بوو. نزیک بە چوار ساڵ لەمەوپێش**

هەڵوەشاوە ڕاگەیندرا. حیزبی توودەی ئێران ئاخرین قوربانیی تورک تازیی ڕێژێمی ئاخوندەکانە، شەخسی خومەینی لە پەیامی ئەم دواییەی دا لە پەیوەندی لەگەڵ گیرانی ڕێبەرانی حیزبی توودە، لە سەر ئەو ڕاستییە تەئکیدی کرد و دیموکراتەکانی بە ناوی یەکەم و توودەییەکانی بەناوی دوادەستەی ناو برد کە لە لایەن ڕێژێمەوە تاقیب کراون... شک لەوەدا نیە کە کارنامەی تێکۆشانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران لە ساڵەکانی پاش شۆڕشدا ڕەشە و سیاسەتیك کە لەو ماوەیەدا پەیڕەوییان لی کردووە، لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە مەحکوومە. پشتیوانیی بێ ئەملا و ئەولا لە تەواوی کردەوەکانی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیی ڕێژێمی خومەینی، دەنگدان بە نیزامی چەرخەکانی نێوەڕاستی ویلایەتی فەقیهی، پەسندکردنی جینایەتەکانی ڕێژێم دژی تەواوی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی، هەوڵدان بۆ دروست کردنی دووبەرەکی لەنێوان هێزە شۆڕشگێڕەکاندا، هەوڵدان بۆ لێک بڵاوکردنی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لادانی بیروڕای لاوانی وڵات، بەشێک لە کارنامەی تێکۆشانی ڕێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێرانە. هاندانی ڕێژێمی خوێنمژی خومەینی بۆ درێژەپێدانی شەڕ لە کوردستان دا، هەلی سەرنەکەوتوو بۆ پێکهێنانی دوو دەستەیی "انشعاب" لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پاڵدانی تۆهمەتی ناڕەوا بە ڕێبەرانی حیزبی ئێمە، جاسووسی کردنی ئەندامان و هەوادارنی حیزبی توودە دژی تێکۆشەرانی حیزب و پێشمەرگە قارەمانەکان لەنێو شارەکانیش دا، بەشێک لە کارنامەی ڕەشی ڕێبەرانی حیزبی توودە بە حیساب دێ. لە هەموو سەیرتر ئەوە بوو کە تەواوی ئەو کردەوانە لەژێر سەرپۆشی خەبات دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکادا دەکرا. ڕێبەرانی حیزبی توودە بەو هەموو تاقیکردنەوە و ڕابردووی سیاسیەوە ئەو ڕاستییە سادەیان دەرک نەکرد کە هەر حیزبێک کە بە نرخی ڕۆژ نان دەخوا، ئوسوول فیدای تاکتیک دەکا، ئوپورتونیسم و هەلپەرستی دەکاتە بناغەی سیاسەتی خۆی و ماکیاویلیزم تا ڕادەی سیاسەتی ڕەسمیی خۆی بەرز دەکاتەوە، داهاتوویەکی بێجگە لە تێشکان و لە دەستدانی نفووز و ئیعتباری خۆی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا نابێ. ڕێبەرانی حیزبی توودە بۆخۆیان هەر لەو

داوە کەوتوون کە بۆ خەڵکی دیکەیان دانابووەوە و ئێستا بەرامبەر بە مێژوو، گەلانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی خۆیان مەحکووم و سەرشۆڕن. وتنی ئەو ڕاستییە پێوستە کە ڕێبەرانی حیزبی توودە، نەک تەنیا نیسبەت بە خەڵکی ئێران، بەڵکوو نیسبەت بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی خۆشیان خیانەتیان کرد و لەمبارەوە مەسئوولیەتێکی گەورەیان بەرامبەر بەوان لەسەر شانە. چونکە حیزبیان بەرەو لاری کێشا و پاشان بە دەستی بەستراو تەسلیمی ڕێژێمی خومەینی یان کردن.

ئێستا کە دام و دەزگای شەیتانیی ڕێژێمی ئاخوندەکان دژی توودەیی یەکان بەسیج بووە، حیزبی ئێمە بە پەیڕەوی لە سیاسەتی ئوسوولی و دیموکراتی خۆی، تاقیب، گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی توودە بە توندی مەحکووم دەکا و ئیقداماتی پۆلیسی ڕێژێمی خومەینی بە هەنگاوێکی دیکەی دژی ئازادییە فەردی و سیاسیەکان دەزانێ. شک لەوەدا نییە کە هێندێک لە ئەندامانی حیزبی توودەی ئێران، پاش پەلاماری ئەم دواییەی ڕێژێم دژی توودەییەکان و ئاگاداربوون لە ئیعترافاتی ڕێبەرانی خۆیان، وەخۆهاتوونەتەوە و لەو ڕاستییە تالانە گەیشتوون، بێ شک حاڵی بوون کە هەم سیاسەتی حیزبی توودەی ئێران پاش شۆڕش هەلپەرستانە و غەیرە خەڵکی بووە و هەم ڕێژێمی خومەینی هەر لە سەرەتاوە نێوەڕۆکێکی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیی هەبووە. ئەم جۆرە ئەفرادە وەکوو زۆر لە هاووڵاتیان لە ساڵەکانی ڕابردوودا دەتوانن بە خۆڕزگارکردن لە دەستی پاسدارە دژی گەلی یەکانی خومەینی پەنا بێنن بۆ کوردستان. حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئەندامەکانی بە بوونی تێگەیشتنی بەرزی سیاسی و هەست کردن بە مەسئولییەت بەرامبەر بەو ئەرکە قورسەی کە لە سەر شانیانە، بێ ئەوەی هەستی تۆڵەکردنەوەیان هەبێ، ئەو توودەیی یانەی کە پەنا بۆ سەنگەری ئازادی کوردستان بێنن، پەنا دەدەن و لە ئەمنیەتی ئەوان پارێزگاریی دەکەن.).

هەر وەک لە بەشی "**شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران**" دا گوتم، کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی 1362/12/6 (1983/2/25) سەرتیپ "بەهرام ئەفزەلی" فەرمانەدەی هێزەکانی دەریایی کۆماری ئیسلامیی،

سـەرهـەنگ "هوشـەنگ عـەتاریان" فـەرمانـدەی لـەشکری ڕۆژئـاوای ئێـران، سـەرهـەنگ "حـەسـەن ئازەرفـەر" ڕاوێژکـاری بـاڵای وەزارەتـی بـەرگریی و سـەرهـەنگ "بێـژەن کـەبیری" جێگـری فـەرمانـدەی تیپـی کڵاوسـەوزەکـانی "نۆهـە" کە لـە شۆڕشی ساڵی 1979 دا، سەربازگەی نۆهـەی دابـووە دەست ڕاپەڕیوەکان، بە تاوانی ئەندامیەتی لـە حیزبی تودەدا گوللـەباران کرد.

کۆمـاری ئیسـلامیی مریـەم فیـروز و کیـانوری نـە کوشـت و سـەرئەنجام مریەم فیروزی لـە تـەمەنی 74 ساڵیی و کیـانوری لـە تـەمـەنی 75 سـاڵییدا بە هۆی نەخۆشیی لە زیندانـەوە گواستەوە ماڵـەکەیی خۆیان و تـا کۆتـایی ژیانیـــان لـــەژێر چـــاودێریی ئیتلاعـــاتی ســـوپای پاســـدارانی کۆمـــاری ئیسلامییدا بوون. کیانوری ڕۆژی پێنج شەممە 1378/5/14 (1999/8/5) لـە تـەمەنی 84 ساڵییدا کۆچی دوایی کرد و مریەم فیـروز ڕۆژی چـوار شـەممە 1386/12/22 (2008/3/22) لـە تـەمـەنی 94 سـاڵییدا کـۆچی دوایـی کـرد و لـە گـۆڕێکی دوو قاتـدا لـە بەهەشتی زەهـرای تـاران لەگـەڵ کیـانوری بـە خاک سپێررا.

## بەندیخانەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات

دۆکتۆر قاسملوو پێمی ڕاگەیاند دۆخی زیندانی ناوەندیی حیزب زۆر خراپە و جێی ڕەزامەندیی نیە. دەمانەوێت تۆ بچیت و بەرپرسیاریی زیندان لە ئەستۆ بگریت و سەر و سامانێک بە زیندان بدەیت. من لە سەرەتادا پێشنیازی دکتۆر قاسملووم قبوڵ نەکرد. لە خەیاڵی خۆمدا وام لێکدایەوە کە بە وەرگرتنی بەرپرسیاریی بەندیخانە، خۆشم زیندانیی دەبم. لەگەڵ ئەوەشدا بەندییخانەکانی سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەویی و زوڵم و ستەمەکانی ناو بەندییخانەم کەوتەوە بیر و لە قوڵایی دڵمەوە بە کارێکی نا شایست و ناشیاوم بۆ خۆم دەزانی. موهندیس محەمەد ئاریا بەرپرسی دەبیرخانەی دەفتەری سیاسی حیزب بوو. چەند ڕۆژ لەسەر ئەو بەرپرسیاریەتییە لەگەڵم دوا و گوتی تۆ دەتوانیت لە لایەک سیمایەکی جوان بە بەندیخانەی حیزب بدەیت و لە لایەکی تریشەوە خزمەت بە بەندکراوەکان بکەیت و لەو حاڵەتەی ئێستایان ڕزگاریان بکەیت، بە ڕای من ئەوە کارێکی مرۆڤدۆستانەیە و تۆ دەتوانیت بە ئەنجامی بگەیەنیت. لە پرۆسەی وتوویژکردنی چەند ڕۆژییدا، سەرئەنجام موهەندیس ئاریا ڕازییکردم کە بچمە گوندی ئەشکان و سەردانی بەندییخانەی حیزب بکەم. ڕۆژی 1362/2/7 (1983/4/27) چووم بۆ ئەشکان و میوانی عەبدوڵا ئەمینی "عەوڵا سور" سەرپەرشتی زیندانی ناوەندیی بووم و لە نزیکەوە چاوم بە زیندانییەکان کەوت کە لە مزگەوتی ئەشکان و تەنیا خوێندنگەی ئەشکاندا بوون.

هەر کە دەرگای مزگەوتم کردەوە، تینی گەرمای تێکەڵاو بە بۆگەن و پیسایی و میزی زیندانییەکان، سەر و چاو و گەرووی گرتم. نزیکەی 180 کەس لە ژوری مزگەوتەکەدا بوون. ژورەکە بە ڕادەیەک بچوک بوو کە جێی زیندانییەکان نەدەبووەوە. لە ناو بەندکراوەکاندا چاوم بە کاک فاروق کەیخەسرەوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرراوی کۆنگرەی چوارەم و کۆمەڵێک ئەندام و لایەنگری حیزبی توده و فیدائییان و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کەوت. زۆر بەزەییم پێیاندا هاتەوە. حیزبی دیموکرات لێبوردنی گشتیی بۆ تودەییەکان دەرکردبوو، بەڵام ئەو ژمارەیەی لە زینداندا هێشتبووەوە کە تۆبەنامەیان لێوەربگرێت!

گەڕامەوە لای کاک محەمەدی ئاریا و پێم ڕاگەیاند، دەمەوێت چاوم بە دۆکتۆر قاسملوو بکەوێت. ڕۆژی 1362/2/8 چوومە لای دۆکتۆر قاسملوو، گوتم بە مەرجێک بەرپرسیاریی زیندان وەردەگرم کە دەستم والا بێت بۆ گواستنەوەی زیندان و گۆڕینی سیما، تەنانەت بەرگ و شێوەی ژیانی زیندانییەکان. دۆکتۆر قاسملوو لە وەلامدا گوتی: **(ئێمە هەر ئەوەمان دەوێت و فەرموو بودجەی پێویستت دەدەینێ کە پرۆژەکەت بە ئەنجام بگەیەنیت. ئێمە پێمانخۆش نیە کەسێک لە زیندانی ئێمەدا بمرێت و زوڵمی لێبکرێت و نەتەوەیەکگرتووەکان سکالامان لێبکات. ئەگەر شوێنێکت بۆ گواستنەوەی زیندان لەبەرچاو گرتووە باشە، ئەگەرنا پێشنیازت پێدەکەم، سەردانی گەناو بکە. قشڵەیەکی کۆنی چۆڵکراوی بەعسی لێیە، ڕەنگە بەهەندێک دەستتێوەردان، بە کەڵکی زیندان بێت.)**.

ڕۆژی 1362/2/9- 1363/4/29 بەڵگەی بەرپرسیاریی زیندانیان پێمدا و لەگەڵ کاک خالید ڕەزازادە و نەبەز چوومەوە ئەشکان و زیندانم لە عەبدوڵا ئەمینی وەرگرت و خۆم بە پێشمەرگەکانی زیندان و زیندانییەکان ناساند. ڕۆژی دوایی لەگەڵ خەڵکی گوندی ئەشکان کۆبوومەوە و گوێم لە داواکارییەکانیان گرت. گوندی ئەشکان ئاوی خاوێنی خواردنەوەی نەبوو. خەڵکی گوند و بەشێک لە بەندکراوەکان بە بەردەوامیی گیرۆدەی نەخۆشیی سکچوون بوون، تەنانەت سەربازێکی نیگارکیش کە نیگارێکی گەورەی پێشەوا قازی کێشابوو و لە هۆڵی زیندان لە مزگەوتی ئەشکان بە دیوارەوە هەڵواسرابوو، ڕۆژی 1362/1/20 (1983/4/16) بە نەخۆشیی سکچوون مردبوو. کۆماری ئیسلامیی پێشتر بەرلە هێرشکردنی بۆ سەر ئالان، ژمارەیەک بۆری ئاو و چیمەنتۆی هێنابوو کە لە کانیاوێکی بناری زنجیرە چیای زەرکێوە ئاو بۆ ئەشکان ڕابکێشێت.

**ڕاکێشانی ئاو بۆ گوندی ئەشکان:** بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە، لەگەڵ ئەندازیار فاروق کەیخەسرەوی قسەم کرد. داوام لێکرد لەگەڵ هەڤالانی لە زیندان بێنەدەر و پرۆژەی هێنانی ئاو بۆ گوندی ئەشکان جێبەجێبکەن. بە خۆشحاڵییەوە قبوڵی کرد و داوای کرد دوو وەستاشی بدەمێ کە یارمەتی بدەن. دوو وەستاکەش کورد و زیندانیی بوون. کاک

فـــاروق و هـــەڤاڵانیم بـــە بـــێ پێشـــمەرگەی چـــاودێر ڕەوانـــەی ئـــەو بەرپرسیارییە کرد. بە ئەندامانی شورای گوندەکەم سپارد کە تا کۆتایی کارەکـان یارمـەتییان بـدەن. بـە یارمـەتی ئـەو چەنـد بەندکراوانـە کـە ژمارەیـان 18 کـەس بـوو، ڕۆژی 1362/2/16 (1983/5/6) ئـاوم بـۆ گونـدی ئەشکان ڕاکێشا.

**گواستنەوەی زینـدان بـۆ گـەناو:** گـەناو ناوچەیـەکی خـۆش و پـڕ ئـاوی کوردستانە. هەموو شوێنێکی بە درختی میوە داپۆشراوە، بەتایبـەتیی پڕە لە درەختی هەنجیر و مێو. کەوتووەتـە باشوری کوردستـان و بـە ناوچـەی پشدەر دەناسرێت. حکومەتی بـەعس بـۆ کـونترۆڵکردنی خـەڵکی ناوچەکـە، قشـڵەیەکی گـەورەی لـێ سـاز کردبـوو. دوای ڕێککـەوتنی سـەدام حوسـێن لـەگەڵ شـای ئێران لـە سـاڵی 1975 دا، ڕژێمـی بـەعس گونـدی گەناویشی وەک زۆربـەی گونـدەکانی باشوری کوردسـتان وێـران کـرد. بـە هـۆی شـەڕ کردنی لـەگەڵ ئێران و پێویستیی بـە چەکدار، قشـڵەکەی بەجێهێشـتبوو و سەربازەکانی گواستبووەوە بۆ بـەرەکانی جەنگ لـەگەڵ ئێران. جادەیـەکی هـەبوو بـە بـاکوری ڕۆژئـاوادا دەگەیشتـە قـەڵادزێ. بـە ڕێچکـەی چیاکـانی ڕۆژهـەڵاتـدا دەگەیشـتە دەرمانئـاوێ و سەردەشـت و بـە باشـوردا دەچـووە ئـەشکان و بێتوش و بە باشوری ڕۆژئاواشدا سەفرەوزەرون و گەڵاڵـە و کونـە ماسی و چوارتای بـەجێدەهێشت و دەگەیشتە سلێمانیی.

سـەردانی قشـڵەی گـەناوم کـرد. قشـڵەکە دەرگـا و پەنجـەرەی نـەمابوو، بـەڵام ئێمـە بـۆ زینـدان پێویسـتیمان بـە دەرگـا و پەنجـەرە نـەبوو. بـۆ ڕوناکیی ژورەکان لە ڕوناکیی حەوشەکە کـەڵکمان وەردەگرت کـە ئـەویش دەرگا و پەنجەرەیان نەدەویست. پەنجا سەربازی بەندکراوم لـەگەڵ کـاک خالید و بیست پێشمەرگە ناردە گەناو کە پەنجەرەکان بگرن و ژورێک بـۆ خۆیان و ژورێکیش بـۆ ئـەو 50 کەسـە ئامـادە بکـەن. لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا ئـەو ژورانـە ئامادەکران. بۆ جاری دووەم پەنجا بەندکراوی تـرم لـەگـەڵ دە پێشـــمەرگە ڕەوانـــە کـــرد و ئـــەوانیش دوو ژوری تریـــان ئامـــادەکرد و ســـەرئەنجام ڕۆژی 1362/2/14 (1983/5/4) جگـــە لـــە کـــاک فـــاروق کەیخـەسرەوی و هەڤاڵانی، هیچ بـەندکراوێکم لـە ئـەشکان نـەهێشت و ڕۆژی 1362/3/5 (1983/5/26) بـە تـەواویی ئـەشکانمان بـەجێهێشت.

## چارەنوسی فاروق کەیخەسرەوی و هەڤاڵانی

ڕۆژی 1362/2/18 (1983/5/8) چوومــە گونــدی مــەزرێ بــۆ لای دۆکتــۆر قاسملوو، ڕاپۆرتی کارەکانم لەگەڵ دوو داواکاریی پێڕاگەیاند. یەکەمیان ئازادکردنی لایەنگرانی حیزبی تودە بوو لە زیندانی حیزبی دیموکرات و دووەمیان وەرگرتنی ئیزن بوو بۆ بۆ قەلادزێ، بۆ کڕینی بەرگ و پێڵاو و کەلوپەلی پێویست بۆ بەندیخانەی ناوەندیی حیزب. دەربارەی خاڵی یەکــەم گــوتم حیــزب ڕۆژی 1362/2/7 (1983/4/27)، بەیاننامەیــەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی تودە بێنە کوردستان و خۆیان بە بنکەکانی حیزب بناسێنن و حیزب ئەمنییەتیان دەپارێزێت، کەچی هێشتا شانزە ئەندام و لایەنگری حیزبی تودە لە زیندانی حیزبدان. دەقی بەیاننامەکەی حیزبم لەگەڵ خۆم بردبوو. دۆکتۆر قاسملوو گوتی: **(پێشنیازەکەت حەقە و من بە زوویی لە بڕیاری دەفتەری سیاسی ئاگادارت دەکەم و لەگەڵ پێشنیازی دووەمیشت موافقم، دەتوانیت لەگەڵ کاک ئەحمەد مودرسی بچیت.)**. کاک ئەحمەد شوفێری بەشی پەیوەندییەکانی دەفتەری سیاسی بوو لەگەڵ نوێنەرایەتی حیزب لە قەلادزێ.

بەرلەوەی کە بچمە قەلادزێ کاک جەلیل گادانی هاتە ئەشکان و گوتی دەفتەری سیاسی بڕیاری ئازاد کردنی تودەییەکانی داوە و داوای بینینی فاروق کەیخەسرەوی لێکردم. ناردم فاروقیان هێنا. دوای هەواڵپرسیی، گوتی دەفتەری سیاسی بڕیاریداوە ئێوە لە زیندان ئازاد بکرێن، بڕیارەکەش بەم جۆرەیە:

1- ئەگەر ئێوە ئامادەبن کردەوەی ڕژێمی خومەینی بەرامبەر خەڵکی کورد تاوانبارکەن، مافتان پێدەدرێت لە بەشی ئازادکراوی کوردستاندا بمێننەوە. 2- ئەگەر ئێوە ئامادەبن لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا پشتی حیزبی دیموکرات بگرن، ئەوە دەتوانن بێنە ناو ڕیزی حیزبەوە! 3- ئەگەر ئامادەنەبن ڕژێمی خومەینی تاوانبار بکەن، دەبێ بچنەوە ناو ڕژێم. هەروەها کاک جەلیل داوای لە کاک فاروق کرد کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی تاوانباربکات، بەڵام ئەو لە وەڵامدا گوتی:

**- (مـن مـاوەی سـێ سـاڵە لـە زینـدانی حیزبـدام، لـەو ماوەیـەدا هـیچ ئاگاداریيەکـەم لەسـەر کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران نیـە. بـۆ ئـەوەی کـە ڕاستییەکانیم بۆ دەربکەوێت، پێویستە ماوەیەک لە زیندان ئازاد بکرێم. بۆ ئەوەش داوا دەکەم ئیزن بدەن مانگێک لێرە لە دەرەوەی زیندان بمێنمەوە، گوێ لە ڕادیۆکان بگرم و ڕۆژنامەکان بخوێنمەوە. دوای ئەو ماوەیە دێمە خزمەتتان و بیروڕای خۆمتان پێڕادەگەیەنم.).**

جەلیل گادانی دژی داوای فاروق ڕاوەستا و بە دەستی بەتاڵ گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی. دوای گەڕانەوەی، دەفتەری سیاسی لە نامەیەکدا پێمیانڕاگەیاند کە ئەو شانزە کەسە ڕەوانەی ناوچەی سەردەشت بکەم و بە ڕێکخراوی "بلفەت" یان بسپێرم کە کاک ڕەحیم شێوەیی بەرپرسی ڕێکخراوەکە بوو.

کاک فاروق و هەڤاڵانیم بە دوو پێشمەرگەدا ڕەوانە کرد. دە کەس لەو شانزە کەسە ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان تاوانبارکرد. لەوانە دوو کەسیان بە ناوی ڕەحمەت پیرۆتەسور و عەبدوڵا ئیبراهیمی چوونە "لۆلان" بۆ لای تودەییەکان و پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم. هەشت کەسیان ماوەیەک لە ناوچە ئازادەکانی مهاباد مانەوە و دواتر گەڕانەوە لای بنەماڵەکانیان. حیزب شەش کەسەکەی تری دایەوە بە کۆماری ئیسلامیی و کۆماری ئیسلامییش فاروقی کەیخەسرەوی گرت و دوای ساڵێک لە زینداندا، ئازادی کرد. سەبارەت بە چۆنیەتی ناردنەوەی ئەو شەش کەسە ڕۆژی 2009/10/29 لە ماڵی کاک سمکۆ موکری لە شاری لینشۆپینگ پرسیارم لە کاک ڕەحیم شێوەیی کرد، گوتی:

**- (ئێمە ئەو ژمارەیەمان برد بۆ گوندی شەڵماش و ویستمان ئێوارە ڕەوانەی پێگەی دوژمنیان بکەن و ئەگەر نەچوون، لێیاندەن، کەچی ئەوان نەچوون و ئێمەش نەمانتوانی لێیانبدەین. دوو ڕۆژ لەگەڵ دەفتەری سیاسی لە نامە گۆڕینەوەدا بووین و سەرئەنجام گوتیان تەنانەت ئەگەر بە زۆرییش بێت دەبێ بچنەوە. ئێمە ناچاربووین ئەوان تا نزیک پێگەی "کانی بۆگەن" ببەین و لەوێ هەڕەشەمان لێکردن و ئەوانیش چوون بۆ ئەو پێگەیە!)**

## ڕێکخستنەوەی بەندیخانە و هەڵبژاردنی شورای بەندیخانە

قشڵەی گەناو کە ببوو بە بەندییخانەی حیزبی دیموکرات، حەوشەیەکی گەورە، دوو هۆڵی گەورە، چوار ژور، گەنجینەیەک، دوو ئاودەست و دوو گەرماوی هەبوو. هەروەها چۆڕاوگەیەکی ئاویش لە حەوشەکەدا هەبوو کە وەک دوش کەڵکیان لێوەردەگرت. سەرەتا بەندکراوەکانم بەگوێرەی پلەی حکومیی دابەشکرد. ژورێک بۆ سەربازەکان، ژورێک بۆ بەسیجەکان، ژورێک بۆ پاسدارەکان، ژورێک بۆ ئەفسەر و پلەدارەکانی سوپا، ژورێک بۆ جاشەکان و ژورێکیش بۆ لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی وەک حیزبی دەعوە، پارتی دیموکراتی کوردستان، موجاهیدینی خەڵک.

جێی سەرسوڕمان بوو کە حیزب چارەنوسی لایەنگرانی ڕێکخراوی موجاهیدی خەڵکی ڕون نەکردبووەوە. بە هەر حاڵ بەو دابەشکردنە شوێنی ژیانی بەندکراوەکان بە تەواویی گۆڕا و ئەگەر لە زیندانی ئەشکاندا جێی نوستنیان نەبوو، ئیتر شوێنی فرەوان و بەرینیان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا حەوشەیەکی ترم لە دەرەوەی قشڵەکە دروستکرد کە بە دەرگای قشڵەکەدا بۆی دەچوو و هاوشێوەی قشڵەکە بوو. حەوشەیەکی مەزن بۆ یاری "فۆلیبۆڵ"، نوسینگەی بەندییخانە، تەندروستیی، خوێندنگە، ژوری پێشمەرگە کێشکچییەکان، گەنجینەی خواردەمەنی، چێشتخانە و نانەواخانە. هەروەها بە لولەیەکی نایلۆنیی ئەستور "سۆندە" لە کانیاوێکی بناری "زەرکێ"وە، ئاوێکی زۆرم بۆ حەوشەی بەندییخانە هێنا و لە بەشی ڕۆژهەلاتی قشڵەکەشدا سێ ژورمان دروستکرد. یەکێک بۆ پێشمەرگەکان، ئەوی تریان بۆ خالید ڕەزازادە و سەرپەلەکان و ژوری سێیەمیش بۆ من. زیندانییەکی خەڵکی ورمێمان هەبوو کە لە مناڵییەوە کاری کشتوکاڵیی کردبوو. بێستانێکی گەورە و ڕێکوپێکی بۆ زیندان دروستکرد کە سەوزە، خەیار، تەماتە، گرکە، باینجانی ڕەش، بامیەی بۆ زیندان و پێشمەرگەکان و هەندێک جاریش دەفتەری سیاسی و بنکەکانی تری حیزبی لە گەناو و بێتوش دابیندەکرد.

دوای گواستنەوەی بەندیخانەی ناوەندیی حیزب بۆ گەناو، خەلیل گادانی چوار سەد پەتۆ، ژمارەیەکی زۆر ڕاخەر و باڵنجی بۆ هێنام و

منیش لەگەڵ ئەحمەدی مودەرسی چوومە قەڵادزێ و دوو سەد دەمپایی "نەعل" و چەند تۆپێک قوماشی بۆری هێڵدارم کڕی و لە ماوەی دوو ڕۆژدا، بە هۆی بەرگدروویەکی خەڵکی قەڵادزێوە بەرگەکانم لە ئەندازەی جۆراوجۆردا دوری و هێنامنەوە بۆ گەناو. 258 زیندانییمان هەبوو، بە یارمەتی شورای زیندان، ڕاخەری ژورەکان کۆکرانەوە و بەرگی بەندکراوەکان و پێڵاوەکانیان گۆڕان و هەموو بەندکراوەکان وەک یەکیان لێهات. هەر کەسە بەرگی خۆی شوشت و لە تورەکەیەکی نایلۆندا ناوی خۆی لەسەر نوسی و لەژێر چاودێریی شورای زینداندا، خستییە ناو گەنجینەی زیندانەوە، تا ئەگەر ئازاد کرا وەریانبگرێتەوە. بە پیادە کردنی ئەو پرۆژەیە، بەندکراوەکان لە لایەک هێمای سیستمێکی هاوشکڵیان پەیداکرد و بەرگی جۆراوجۆریان نەما، لە لایەکی ترەوە بە هۆی بەرگە نوێیەکانیانەوە لە پێشمەرگەکانی زیندان و خەڵکی دەوروبەری گەناو جیا کرانەوە. هەروەها بەندکراوەکان بەو بەرگ و پێڵاوانەوە "دەمپایی"، نەیاندەتوانی ماوەیەکی زۆر بڕۆن، یان لەناو خەڵکدا ئاشکرا دەبوون، لەبەرئەوە ئەو بەرگ و پێڵاوانە بەرگرییان لە ڕاکردنی زیندانییەکان دەکرد.

ڕۆژی 1362/3/18 (1983/6/8) لە کۆبوونەوەیەکی گشتییدا کە هەموو بەندکراوەکان تێیدا بەشدار بوون، پرۆژەی دانانی شورای بەندییخانەم دانا، بۆ ئەوەی کە بەندکراوەکان بۆ خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن و پێویستیان بە پێشمەرگە نەبێت کە دەست لە کاری ڕۆژانەیان وەربدات. بەندکراوەکان سەریان لەو پرۆژەیە سوڕما. لە ڕاستییدا بەرپرسانی پێشوی حیزب سەرنجیان بە بەندکراوەکان نەدابوو. تەنانەت بۆ بەرگرییکردن لە ڕاکردنیان، دەیان سیخوڕیان لێ دروست کردبوون کە ڕۆژانە دەهاتن و ڕاپۆرتیان لەسەر یەکتر دەدا. من ئەو ڕەوشتە نامرۆڤانەیەم پێ تەرک کردن و لەو کۆبوونەوەیەدا ڕامگەیاند کە ئێوە هەمووتان زیندانیی حیزبێکی دیموکراتن کە بۆ ئازادیی ئێران خەباتدەکات، چۆن ویژدانتان قبوڵ دەکات بێن و سیخوڕیی لە یەکتر بکەن. ئەوەی لە ڕابردوودا کردووتانە بەسەر چوو، لەمەودوا ئەگەر کەسێک بێت و نهێنیی کەسێکی تر بگێڕێتەوە، دەیهێنم بە ئێوەی

دەناسێنم. ئێمە دوو ئەرکمان لە بەرامبەر ئێوەدا هەیە، یەکەمیان پارێزگاریی لە مافەکانتانە کە جێتان باش بێت، خواردنێک کە حیزب بۆی دیارییکردوون بە ئێوە بگات، بەرگی خاوێن و دەرمانتان هەبێت، دەرگای ژورەکانتان کراوە بێت و پێویست نەکات بۆ چوونتان بۆ گەرماو، یان چوونە ئاودەست ئیزن وەربگرن.

خاڵی دووەم چاودێرییکردن لە ئێوەیە کە ڕێی ڕاکردنتان لێ بگرین و نەهێڵین کەسێک دەستدرێژییتان بکاتەسەر، کەسایەتیتان بشکێنێت و ڕێ لە شێوەی بیرکردنەوەتان بگرێت. ئێوە دەتوانن خاوەنی بیروباوەڕ بن و هەوڵدەدەم لەمەودوا پڕۆگرامی باسی ئازادتان بۆ دابنێین کە بێن لەو حەوشەیە کۆببنەوە و باسی بۆچوونەکانتان بکەن. ئێستاش بە ویستی خۆتان هەر کەسێک دەیەوێت خزمەت بەو ئامانجانەی ئێوە بکات، فەرمون خۆیان کاندید بکەن و دەنگیان پێبدەن.

حەوت کەس بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەتان وەک: دابەشکردنی خواردن، خاوێن ڕاگرتنی ژورەکان، وەرزش، خوێندن و.. تد هەڵبژێرن. بەندکراوەکان حەوت کەسیان لە نێوان خۆیان و ژورەکانیاندا هەڵبژارد، بە چەشنێک هەر ژورێک ئەندامێکی هەبوو. لە ناو خۆیاندا سەرگوردێکی سوپایان کرد بە بەرپرسی شورا. شورای زیندان لەوەودوا کارەکانی زیندان و کێشەی زیندانییەکانی چارەسەر دەکرد و پڕۆگرامی کاری ڕۆژانەی بۆ زیندانییەکان دادەڕشت و منیش چاودێریم بەسەردا دەکردن.

هەموو ڕۆژێک بنکەی تەندروستیی و خوێندنگە دەکرایەوە. نەخۆشەکان لە لایەن شوراوە دەهێنرانە بنکەی تەندروستیی و دەپشکنران و چارەسەر دەکران و ئەگەر کەسێک پێویستی بە دکتۆر هەبووایە، ڕەوانەی نەخۆشخانەی حیزب لە گوندی "مەزناوێ" دەکرا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پانزە ڕۆژەی جارێک، دۆکتۆر "بنێڤا ڕۆسێل" کە سەر بە ڕێکخراوی فریاکەوتنی پزیشکیی نێونەتەوەیی بوو، لە مەزناوێوە دەهاتە بنکەی تەندروستیی بەندییخانە و کۆمەڵێک نەخۆشی دەبینی و دەرمانی پێویستی بۆ بنکەکە بەجێدەهێشت. پلەدارێکی سوپا کە خۆی پێشتر لە سوپادا کاری پزیشکیی کردبوو، ئەرکی بنکەی تەندروستیی زیندانی لە

ئەستۆ بوو. ئەگەر کەسێکیش پێویستی بە نەشتەرگەریی هەبووایە، دۆکتۆر "بنێڤا ڕۆسێل" دەیگواستەوە بۆ نەخۆشخانەی مەزناوێ.

مامۆستاکانی خوێندنگە لە زیندانیی و پێشمەرگە پێکهاتبوون. کەریم حیسامی لە لاپەڕەی 61 بەرگی هەشتەمی بیرەوەرییەکانیدا پڕۆگرامی خوێندنی بەندییخانەی بڵاوکردووەتەوە و لەو بارەیەوە نوسیویەتی:

**- (کاک حامید گەوهەری لەو زیندانە و لەو چۆل و هۆڵە، دابو دەستورێکی لە ڕادەبەدەر جوان و ڕێکوپێکی پێکهێنابوو. بەرنامەی ژیانی ڕۆژانە، کلاسی دەرسی فارسی و ئینگلیسی بۆ دانابوون. لەناو زینداندا فرۆشگای بۆ سازکردبوون. پاک و خاوێنیی، نوستن و ڕابوون، وەرزش و حەسانەوە بەگوێرەی بەرنامە. بێستانێکی پێ سازکردبوون کە جگە لە خۆیان بەشی دۆست و برادەرانیشی دەنارد. نوسخەیەکم بەرنامەی ژیانی زیندانی گەناو وەرگرت کە وا لە بەشی بەڵگەکاندا چاپکراوە.).**

مامۆستاکانی خوێندنگە جگە لە تاهر حەداد بەرپرسی ئابووری بەندییخانە و کاک عەبدوڵا سەرپەل کە وانەی کوردییان دەوتەوە، هەموویان لە بەندکراوەکان بوون وەک: نوری و مەرەندی مامۆستای پۆلی یەکەم و دووەمی زمانی فارسیی، فەرید و شیران زمانی ئینگلیزیی. هەروەها نوری کە مامۆستا بوو لە فەلسەفەدا، وانەی فەلسەفەشی دەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێشمەرگەکانیش وانەی کوردیی، فارسیی و ئینگلیزیان دەخوێند. ڕۆژانە دوای نیوەڕۆ کە کاروباری زیندان کۆتاییدەهات، تیپەکانی ڤۆلیبۆڵ یاریان دەکرد و بەندییەکان لە دەوریان کۆدەبوونەوە و هانیاندەدان. من و پێشمەرگەکانیش تیپێکمان هەبوو، بەڵام هەرگیز نەمانتوانی لە تیپێکی زیندان ببەینەوە کە زۆر لێهاتوو بوون.

ڕۆژانە لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنگەدا، منیش دەچوومە نوسینگەی بەندیخانە و بەگوێرەی توانا سێ، چوار زیندانییم دەبینی و سەبارەت بە دۆخی ژیانیان لە زیندان، ڕابردووی خۆیان و بنەماڵەکانیان و هاتنیان بۆ کوردستان و چۆنیەتی دەستگیرکردنیان، پرسیارم لێدەکردن و گوێم لە گرفتەکانیان دەگرت و وتەکانیانم لە دەفتەرێکدا یادداشت دەکرد کە بۆ

ئـەو مـەبـەسـتـە تـەرخـانمکردبوو. بـەشـێکیان نزیکـەی سـێ سـاڵ و نیـو لــە زیندانـدا بـوون. دەیـانگوت لـەو سـەردەمەدا دەسـتگیرکراون کـە دۆکتـۆر قاسملوو بەڵێنی بـە خومـەینی داوە و ویستوویەتی کێشـەی گـەلی کـورد و دیموکراسـیی ئێـران لــە ڕێــی وتــووێژ و ئاشــتییەوە چارەســەربکات. ژمارەیــەکیان حیزبــوڵایی بــوون و شــەڕکردنیان دژی گــەلی کــورد بــۆ بەرژەوەندی ئیسلام بە حەق دەزانی و پشتیوانییان لێدەکرد. ژمارەیەکی زۆر سەرباز و ئەفسەر و پلەداری سوپا لـە ناو زیندانییەکاندا بوون کە بـە توندیی دژایـەتی پاسدارەکانیان دەکـرد. ستوان دووەم شـاهین "شـیران" خوێنـدکاری ئـەمریکا بـوو، گـەڕابووەوە خزمـەتی شۆڕشـی گـەلانی ئێـران بکـات، بـۆ ئـەو مەبەسـتە چووبـوو لـە سـوپاوە کـە بـە پلـەی ئەفسـەریی خزمەتی سەربازیی بکات.

ژمارەیەک ئـەندام و لایەنگری موجاهیدینی خەڵک لە زینداندا بـوون کـە لەسـەر پێشـنیازی مـن و وتـووێژی دەفتـەری سیاسـی لەگـەڵ ڕێبـەرانی موجاهیدین، درانـەوە بـە ڕێکخراوەکـەیان. هـەر وەک گـوتم، پێشتر بـەرلـە گواستنـەوەمان بـۆ گـەناو، لایـەنگرانی حیزبـی تـودە و فیدایی و کۆنگرەی چوارمان لـە ئـەشکان ئـازاد کـرد. کەسێک بـە نـاوی شێخ عەبدولڕەحمان ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دەعوە و کەسێکی تریش بە ناوی موحسین شـیرۆکی ئەنـدامانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، زینـدانیی بـوون. ژمارەیەکیش جاش لـە ناوچەی هەوشـار گیرابـوون لـەگـەڵ چەنـد کەسێکی تر کە سیخوڕییان بۆ ڕژێم کردبوو، زیندانیی بوون.

تـەلـەڤزیۆنێکمان دابـوو بـە شـورا، شـەوانـە تـا کـاتژمێر 21:00 پرۆگرامـی بڵاودەکــردەوە و هەنــدێک جــاریش کۆبوونــەوەی باســی ئازادمــان بــۆ زیندانییـەکان هـەبوو. لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا 96 زینـدانیی هاتنـە ڕیـزی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیموکراتـەوە. بـە داخـەوە چەنـد کەسێکیان لـە شەڕەکاندا شـەهید و برینـدار بـوون. ئێستا یـەکێک لـەوانـە کـە لـە شـەڕی چـەککردنی پێگـەی سـەر شـاخی "نـۆڕێ" لـە ئـالان برینـدار بـوو و حیزبـی دیموکرات بۆ چارەسەرکردنی برینـەکەی ڕەوانـەی سویدی کرد، لـە یـەکێک لــە شـارەکانی سـوید دەژی و وەک بیسـتوومە، ئەنـدامی چـالاکی حیزبـی دیموکراتـە لـە شارەکەیدا.

## خۆمپارەبارانی بەردەوام

لەو ڕۆژەوە کە زیندانی حیزبی دیموکرات گواسترایەوە بۆ گەناو، هەرچەند ڕۆژەی جارێک سوپای عێراق لە پێگەکانیەوە، گەناوی خۆمپارەباران دەکرد. ڕۆژی 1262/3/30 (1983/6/20) دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە فەرمانـدەیی شێخ نەسرەدین، تەقەیان لە پێگەیەکی حکومەتی عێراق لە نزیک گەناو کرد و پێشمەرگەیەکیان بریندار بوو. پێشمەرگە بریندارەکەیان گەیاندە لای ئێمە و منیش یارمەتیمدان لە تیمارکردن و گواستنەوەیدا بۆ بێتوش.

سێ ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە، واتە ڕۆژی 1362/4/2 (1983/6/23) سوپای عێراق بۆ ماوەی زیادتر لە چوار کاتژمێر دەروبەری قشڵەی گەناوی تۆپباران کرد. هەرچەندە تۆپەکانیان بەر قشڵە و بنکەی پێشمەرگەکان نەکەوت، بەڵام هەموو لایەکمان بە پێشمەرگە و زیندانییەکانەوە زۆر لەو تۆپبارانکردنانە دەترساین و بۆ ئێمە و بەتایبەتیی بۆ بەندکراوەکان، وەک ئەشکەنجەیەکی دەرونیی بوو. هەموو جارێک دەفتەری سیاسی حیزب داوای کۆتاییهێنانی تۆپبارانەکەی دەکرد، بەڵام ئەوان گوێیان بە داواکاریی حیزب نەدەدا.

## ئازادکردنی زیندانییەکی بە نرخ

دۆکتۆر قاسملوو بۆ پشوودانی ساڵانە و بەڕێوەبردنی کاروباری حیزب لە دەرەوەی وڵات لە فەرەنسە بوو. دەفتەری سیاسی نامەیەکی بە ئیمزای مستەفا هیجری کە بەرپرسی بەشی کۆمەڵاتەیی حیزبیش بوو، ناردبوو کە زیندانیی "سەعید مەیسەمی ئازاد" بدەمە دەست دوو پێشمەرگە کە بیبەن بۆ ناوچەی سەردەشت و لەگەڵ یەکێک لە بە بارمتەگیراوەکانی حیزب بیگۆڕنەوە.

بەگوێرەی ئەو بڕیارە، کاک خالید ڕەزازادە کارە یاساییەکانی بەڕێوەبرد و سەعید مەیسەمیمان دایە دەست ئەو دوو پێشمەرگەیەی دەفتەری سیاسی. دوای گەڕانەوەی دۆکتۆر قاسملوو لە ئەورووپا، بە بروسکەیەک داوای لێکردم بچمە لای. چووم دوای بەخێرهێنانەوە، هەندێک باسی کاروباری حیزبی لە ئەورووپا بۆ کردم و ئەوجا گوتی:

**- (سەعید مەیسەمی ئازاد، چۆن ئازادکراوە و بۆچی ئازادتان کرد؟)**

من مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە و ئەویش گوتی: **(وا بزانم سەعید خوشکەزای ئایەتوڵا مونتەزەرییە. ئێمە خەریکبووین لەگەڵ کاک کەمالی دەباغی بیگۆڕینەوە، کەچی کاک مستەفاکان ئەویان لەگەڵ خانمێک گۆڕیوەتەوە کە قەت فڕی بەسەر سیاسەت و حیزبەوە نەبووە و من زۆر ڕەخنەم لەو کارەیان هەیە.)**.

مەبەستی دۆکتۆر قاسملوو لە دوو مستەفاکان، کاک مستەفای هیجری و کاک مستەفای شەلماشی بوو کە مەیسەمی ئازادیان لە جیاتی خێزانی کاک مستەفا شەلماشی دایەوە بە کۆماری ئیسلامیی و کۆماری ئیسلامییش بەهاری ساڵی 1364 کەمال دەباغی لە زیندانی کرماشان گوللەباران کرد.

دەربارەی گیران خێزانی مستەفا شەلماشیی و گۆڕینەوەی لەگەڵ مەیسەمی ئازاد لە ناوچەی سەردەشت، پرسیارم لە ڕەحیم شێوەیی بەرپرسی ڕێکخراوی "بولفەت" لە ناوچەی سەردەشت کرد. ڕۆژی 2009/10/29 لە ماڵی کاک سمکۆ موکری لە شاری لینشۆپینگ، گوتی:

**- (مەستانە خانمی خێزانی کاک مستەفا شەلماشی دەیویست لە "واوان"ەوە بچێت بۆ مهاباد کە بە هۆی خانمێکی جاشەوە بە ناوی "سەلمێ" دەستگیر دەکرێت. وەستا ساڵەی تەنەکەچی مێردی سەلمێ لە**

"بــەردەڕەش"ی بانــە بــەر مــین کــەوتبوو، بــە شــەهیدی کۆمــاری ئیســلامیی نوسیبوویان و سەلمێ ببوو بە جاشی کۆماری ئیسلامیی. دەفتەری سیاسی سەعید مەیسەمی ناردە لای ئێمە کە لەگەڵ مەستانە بیگۆڕینەوە. حاجی عەبـدوڵای مـارفی کـەریمی لــە سەردەشـتەوە مەسـتانەی هێنایـە دۆڵــی "قـــازان" و گۆڕیمانـــەوە و پاســـدارەکەی وەرگرتـــەوە و بردییـــەوە بـــۆ سەردەشت.).

## دیداری لیژنەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ماڤی مرۆڤ لە زیندانی ناوەندیی

لە ڕۆژی 1262/5/17 (1983/8/9)، تا 1362/6/17 (1983/9/8) لیژنەیەک لە فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ماڤی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بە سەرۆکایەتی "کریستیان ڕۆستۆگر" جێگری سکرتێری گشتیی فیدراسیۆن، سەردانی کوردستانی کرد و بینینەکانی خۆی لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوکردەوە. ڕێکخراوی ئەوروپای حیزبی دیموکرات وەرگێڕاوی ئەو ڕاپۆرتەی بڵاوکردەوە. لە بەشێکی ئاو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بۆ زیندانی ناوەندیی حیزبی دیموکرات کراوە و دەنوسێت:

**- (کاتێک ئێمە سەردانی زیندانی حیزبی دیموکراتمان کرد، 250 کەس زیندانیی بوون لە (یەک هەفتەوە تا سێ ساڵ). سێ مانگ پێشتر 63 سەرباز و 16 ئەندامی حیزبی تودە لە زیندانی ئەشکان ئازادکرابوون کە کۆماری ئیسلامیی سەرلەنوێ 14 لەو ئازادکراوانەی گرتبووەوە. دوای سەردانی ئێمە لە زیندان، حیزبی دیموکرات بە بۆنەی جەژنی حیزبی دیموکرات لە 1362/5/25 (1983/8/16)، 60 کەسی تری ئازاد کردبوو. لەو 60 کەسە، 15 کەسیان داوایان کردبوو کە لە کوردستان بمێننەوە.**

ئەلف- بینینی زیندانییەکان:

**ئەفسەر، سەرباز و پاسدار بە جیا لە یەکتر لە ژوری جیاوازدان. زیندان شەش هۆدەی گەورە و دووانی بچوکی هەیە. شورایەکی حەوت کەسیی هەیە (هەر یەکێک لە هۆدە گەورەکان نوێنەرێک و هۆدە بچوکەکان بە دوو هۆدە نوێنەرێکیان لەو شورایەدا هەیە. شورا بە پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆکی زیندان، ئەرکی ڕێکخستنی کاری ڕۆژانەی زیندانییەکانی لە ئەستۆیە. ڕۆژانە دەرگای ژوری زیندانییەکان ئاوالایە و زیندانییەکان دەتوانن لە یەکێک لە حەوشەکاندا بە ئازادیی هاتوچۆ بکەن. حەوشەی دووەم مەیدانێکی ڤۆلیبۆڵی هەیە و زیندانییەکان بە تیپی جیاواز لەوێ یاریی دەکەن. زیندانییەکان دەتوانن لە ژورەکانیاندا ڕاکشێن، ژورەکان خاوێن دەکەنەوە و پانتایی ژورەکان بۆ ژیان و حەسانەوە دەبن. (بۆ نمونە 14 زیندانیی لە ژورێکدان کە پانتاییەکەی 32 مەتر دووجایە.). زیندانیی و پێشمەرگە بە یەکەوە ئەرکی**

چێشتلێنانیان لە ئەستۆیە و هەموویان لە یەک خۆراک دەخۆن. ئێمەش هەمان خۆراکی ئەوانمان خوارد (برنج و تەماتە و نیسک بوو).. خۆراکەکەیان زۆر خۆش و جێی ڕەزامەندیی بوو. زیندانییەکان دەیانگوت خۆراکی ئەمڕۆیان جیاوازیی لەگەڵ ڕۆژانی تر نەبووە. بەرگی زیندانییەکان لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە دابیندەکرێت. زیندان سێ گەرماو و دوشێکی هەیە، زیندانییەکان بە ئازادیی خۆیان و بەرگەکانیان دەشۆن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆیان هەیە ڕۆژانە جارێک یان دوو جار "بچنە سەر کانیی.".

هەروەها زیندانییەکان دەتوانن لە کتێبخانەی زیندان کەڵکوەربگرن کە سەرۆکی زیندان بەو مەبەستە دایناوە، یان یاریی شەترەنج و دامە و تەختەنەرد "تاوڵە" بکەن. زیندان چەند دەزگایەکی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنێکی هەیە.

زیندانییەکان خوێندنگەیان بە زمانی کوردیی، فارسیی و ئینگلیزیی هەیە. شورای زیندان بەرنامەی ئەو خوێندنگەیەی دا بە ئێمە کە لەم ڕاپۆرتەدایە. سەرۆکی زیندانیش بەشداریی وانەکانی زمانی ئینگلیزیی دەکات کە ئەفسەرێکی سوپا بە ناوی م. شاهین بەڕێوەیدەبات و ئەو وەرگێڕی نێوانمان بوو. لە لایەکی ترەوە هەموو زیندانییەکان هەفتەی سێ جار، هەر جارەی کاتژمێر و نیوێک بەشداریی وانەی فەلسەفە دەکەن.

پۆلی یەکەمی زمانی فارسیی 13 خوێندکار، مامۆستا توزی، ڕۆژانی شەممە، یەک شەممە و دوو شەممە، کاتژمێر 8- 9 ی بەیانیی.

پۆلی دووەمی زمانی فارسیی 18 خوێندکار، مامۆستا مەرەندی، ڕۆژانی سێ شەممە، چوار شەممە و پێنجشەممە، کاتژمێر 9- 10 ی بەیانیی.

پۆلی یەکەمی زمانی کوردیی 47 خوێندکار، مامۆستا لوتفیانی، ڕۆژانی یەک شەممە، سێ شەممە و پێنجشەممە، کاتژمێر 4- 6 ی ئێوارە بۆ ئەو زیندانییانەی کە دەیانەوێت زمانی کوردیی فێرببن.

پۆلی دووەمی زمانی کوردیی 15 خوێندکار، مامۆستا پێشمەرگە حەداد، ڕۆژانی شەممە، دوو شەممە و چوارشەممە، کاتژمێر 8- 10 ی بەیانیی بۆ پێشمەرگەکان.

پۆلی یەکەمی زمانی ئینگلیزی 22 خوێندکار، مامۆستا فیروزبەخش، ڕۆژانی شەممە، دوو شەممە و چوارشەممە، کاتژمێر 4- 5 ی ئێوارە.
پۆلی دووەمی زمانی ئینگلیزیی 18 خوێندکار، مامۆستا بێگانە، ڕۆژانی شەممە، دوو شەممە و چوارشەممە، کاتژمێر 5- 6 ی ئێوارە.
زمانی ئینگلیزی بۆ پێشمەرگەکان 8 خوێندکار، مامۆستا شیران، ڕۆژانی یەک شەممە، سێ شەممە و پێنجشەممە، کاتژمێر 8- 10ی بەیانیی.
فەلسەفە 8 خوێندکار مامۆستا توزی، ڕۆژانی شەممە، دوو شەممە و چوارشەممە، کاتژمێر 5:30- 7 ی ئێواران.
دۆکتۆرەکانی ڕێکخراوی فریاکەوتنی پزیشکیی نێونەتەوەیی بەرپرسیاریی نەخۆشخانەی مەزناوێیان لە ئەستۆیە و ئەرکی پزشکیی زیندانیش بەڕێوەدەبەن. ماوەی نێوان زیندان و نەخۆشخانەی مەزناوێ بە پێ، دوو تا دوو کاتژمێر و نیو دەبێت. ئێمە چاومان بە دکتۆر "بنێڤا ڕۆسێل" کەوت، لە مانگی ئەوگوستی و سێپتەمبەری 1983 دا، 200 زیندانیی چارەسەر کردبوو.
دەربارەی تەندروستی:
زیندانییەکان خاوێنن. بنکەی تەندروستیی زیندان بەشی زیندانییەکان دەکات. خۆراکی زیندانییەکان باشە و کەم خۆراکیی لە زیندانییەکاندا بەرچاو نەکەوت. چالاکییە وەرزشییەکان باشن.
کاری پزیشکیی و نەشتەرگەریی:
کەلوپەل و کەرەستەی ناوەندیی تەندروستیی باشە. زیندانییەکان لە بواری بینینی دۆکتۆرەکانەوە ئازادن. سەبارەت بە ئەشکنجە و کاری بەدەنیی، شکات نەکراوە و شتێکیش بەرچاو ناکەوێت. نەخۆشیی تەشەنەکەر نەبینرا. تەنیا لە مانگی یولییدا نەخۆشی سکچوون سەریهەڵدا کە بە "ئەنتی بیۆتیک" چارە کرا. گرفتەکان زۆربەیان کەمیی ڤیتامین ئا، بی و سین کە لە ناو خەڵکی ئاسایی کوردستانیشدا دەبینرێت. هەندێک کاری نەشتەرگەریی بە بێ هیچ گرفتێک لە نەخۆشخانەی مەزناوێ دەکرێت، وەک: نەشتەرگەریی دەم و لوت، ئاپانتیس و قۆڕیی.
وتووێژ لەگەڵ زیندانییەکان:

ئێمە زۆر بە ئازادیی لەگەڵ زیندانییەکان وتووێژمان کرد.
م. شیران ئەفسەری سوپای کۆماری ئیسلامیی کە چەندان خولی لە ئەمریکا بینیبوو، زمانی ئینگلیزیی بە ڕەوانی دەزانی، وەرگێڕمان بوو. سەرەتا لەگەڵ گروبانێک و ئەفسەرێکی سوپا قسەمان کرد کە ماوەی 48 کاتژمێر بوو، مانیان لە خواردن گرتبوو. ئەو دوو کەسە داوایان لێکردین لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی دیموکرات بدوێین کە ئازادیان نەکەن، دەترسان ئەگەر حیزبی دیموکرات ئازادیان بکات و بگەڕێنەوە لای کۆماری ئیسلامیی، لەوانەیە زیندانیی بکرێن، تەنانەت لە سێدارەش بدرێن. دواتر ئێمە لەگەڵ پتر لە دە سەرباز وتووێژمان کرد، گوتیان لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی خۆشحاڵ بوون، بەڵام ئەمڕۆ خومەینی دژی هەموو چەشنە ئازادییەک وەستاوە و کوردەکان بە کوشتنی گیراوەکانی سوپا تاوانبار دەکات، لە کاتێکدا ئەو تۆمەتە لە ڕاستیی بە دورە و ئەو هەڵسوکەوتەی لێرە لەگەڵ زیندانییەکان دەکرێت، باشترین بەڵگەی دژ بەو تۆمەتانەیە.
ئەلف- شاهیدی یەکەم: تەمەن 15 ساڵ، دوو مانگە زیندانییە دەڵێت: کوردەکان لێرە بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵم کردووە کە بۆم دەرکەوت ئەوەی دەربارەی ئەوان بە مێشکمدا هاتووە، هەڵە بووە.
ب- شاهیدی دووەم: تەمەن 21 ساڵ، دوو مانگە دەستگیر کراوم. هەڵسوکەوتی پێشمەرگەکان لەگەڵ ئێمە باشترین بەڵگەن بۆ خومەینی درۆزن. ئەوەندە بەسە کە بڵێم هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ زیندانییە کوردەکان لەگەڵ هەڵسوکەوتی پێشمەرگەکان لەگەڵ ئێمە هەڵبسەنگێنن.
پ- شاهیدی سێیەم: تەمەن 21 ساڵ، دوو مانگ لەمەوبەر دەستگیرکراوە. ئەوەی لە ناوەند بە ئێمەیان دەگوت لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لێرە بە چاوی خۆمان دەیبینین، بە تەواویی جیاوازە و دژایەتیان لەگەڵ یەکتر هەیە. تەنانەت لێرە ئێمە ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەخوێنینەوە کە لە ماڵی خۆمان دەمانخوێندەوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە پێشمەرگەیەکمان دەستگیر بکردایە، بەرلە کوشتنی، ئەشکەنجەمان دەدا. بە ئێمەیان گوتبوو کوردەکانیش هەر بەو جۆرە لەگەڵ

زیندانییەکان دەجولێنەوە، لە کاتێکدا ڕاستییەکان پێچەوانە بوون. لێرە نامەی بنەماڵەکانمان دەدەنێ و ئەوان هەندێک جار دێن و سەردانمان دەکەن.

هەروەها دوو پاسداری گەنج، حامید 15 ساڵە کە 18 مانگ لەمەوبەر دەستگیرکراوە و عەبدوڵا 17 ساڵە کە 20 مانگ لەمەوبەر دەستگیرکراوە، داوایان دەکرد لە کوردستان بمێننەوە و بیانکەن بە پێشمەرگە.

بەڵگەی ئەو وتانەی سەروو بە گوتنی ئەو پاسدارەی پێشو کە ئێستا لەگەڵ 25 کەسی تر زیندانییە، ئەوەیە کە ئەو ئێستا لەگەڵ پێشمەرگەکان چاودێریی کاروباری زیندانییەکانی لە ئەستۆیە و دەڵێت: ئەگەر بگەڕێمەوە، دەبێت سەرلەنوێ ببمەوە بە پاسدار و ناتوانم دووبارە ئەوە بکەمەوە، چونکە باوەڕم بە پروپاگەندەی خومەینی نەماوە. لە 63 زیندانیی کە لە مانگی مای دا ئازادکراون، 6 کەسیان لە کوردستان ماون، هەروەها هەندێک لە زیندانییەکانی پێشو کە دوای ئازادبوونیان، گەڕاونەتەوە و لەگەڵ پێشمەرگەکان دژی ڕژێم خەبات دەکەن.

هەروەها دەزانین کە خومەینی لە گۆڕینەوەی زیندانییە کوردەکان لەگەڵ ئێمە خۆدەپارێزێت، چونکە بەگوێرەی پروپاگەندەی ڕژێم، کوردەکان هەموو زیندانییەکانیان کوشتووە و ئێمە لە ڕوانگەی ئەوانەوە مردووین.

ئێمە باوەڕمان بە ڕاستیی وتەکانی پاسدارە زیندانییەکان هەیە، چونکە هیچیان بە زوویی ئازاد ناکرێن، بەڵام لە لایەکی ترەوە باوەڕی ئێمە پتر بۆ ئەو ناکۆکییە گەورانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان بەرپرسانی حکومەت و هەڵسوکەوتی کوردەکان لەگەڵ زیندانییەکانیان دەبینرێت. گومان ناکرێت بینینی ئەو ناکۆکییە و دژایەتی نێوان هەڵسوکەوتەکان، باوەڕی زیندانییەکان سەبارەت بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی و ئامانجەکانی، لاواز دەکات. هەرچەندە هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ ئەو پاسدارانەی کە لە لایەن عێراقییەکانەوە زیندانیی کراون، جیاوازیی هەیە، بەڵام نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ پێشمەرگەکان کە وەک خۆیان ئێرانیین، بە تەواویی جیاوازە.

کاک حامید سەرۆکی بەندیخانە کە خۆی لە سەردەمی شادا دوو جار زیندانیی کراوە، گوتی: ئێمە باوەڕمان بە زیندان نیە. هۆی دروستبوونی ئەو زیندانانە، بوونی خومەینی یە. ئێمە ناچارین چاودێریی لەو زیندانییانە بکەین و پێش بە ڕاکردنیان بگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناچارین لە بوارەکانی خۆراک و تەندروستیی و گرنگتر لە هەمووی، لەگەڵیان دابنیشین و وتووێژیان لەگەڵ بکەین، تا بزانن ئێمە ئەو دڕندە خوێنمژە نین کە خومەینی دەڵێت. بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری زیندان وەک خۆراک و وەرزش لە ئەستۆی شورای هەڵبژێرراوی زیندانە. پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ زیندانییەکان لەگەڵ پەیوەندیی کاربەدەستانی ڕژێم کە لەگەڵ زیندانییەکانی خۆیان هەیانە، زۆر جیاوازە. لە ڕاستیدا:

1- ئێمە ئێرانیین و بۆ ئازادیی ئێران خەبات دەکەین.

2- ئەوان بە زیندانییەکانیان گوتبوو: ئێمە هاوپەیمانی سەدام حوسێنین و هێزە سەربازییەکانی فەرەنسە یارمەتیمان دەدەن.

3- زیندانیی و بە دیلگیراوەکان ئەشکەنجە دەدرێن و لەسێدارە دەدرێن، بەڵام کاتێک لەگەڵ ڕاستییەکانی ئێمە ڕووبەڕوو دەبنەوە، جگە لە گۆڕینی بیروبۆچوونیان ڕێیەکی تریان بۆ نامێنێت.

بەرپرسانی حیزبی دیموکرات لە ئێمەیان نەشاردەوە کە سەرۆکی پێشوی زیندان مانگی پێشو کاری لێوەرگیراوەتەوە. لە مانگی ئاپریلدا زیندانییەکان سکاڵایان لە نەبوونی کاروباری پزیشکیی و کەمیی خۆراک هەبوو. لە 9 ی ئاپریلدا، سەرۆکی زیندان ڕێی بە دوکتۆرەکانی فریاکەوتنی نێونەتەوەیی نەدابوو کە چاویان بە زیندانییەکان بکەوێت (لەو کاتەدا زیندانییەکان لە جێیەکی تر بەند بوون). دوکتۆرەکان توانییان تەنیا 20 زیندانیی بپشکنن. دوکتۆرەکان زانییان کە زۆربەی زیندانییەکان توشی سکچوون و کەمخۆراکیی، یان ترس و شپرزەیی ببوون. دوکتۆرەکان دەرمانی پێویستیان دابوو بە سەرۆکی زیندان تا بیدات بە زیندانییەکان، بەڵام ئەو هیچ هەنگاوێکی لەو ڕووەوە نەنابوو. ڕۆژی 1983/4/16 یەکێک لە زیندانییەکان بە هۆی چارەسەرنەکردن و بێ دەرمانییەوە، کۆچی دوایی کرد، لە کاتێکدا دەرمانەکانی لای سەرۆکی زیندان بوو، بەڵام ئەو دەیگوت نازانێت دەرمانەکانی لە کوێ

**داناوە. سەرۆکی زیندان کە نەیدەتوانی وەڵامێک بۆ پێشێلکارییەکانی بدۆزێتەوە، بە بەد ڕەفتاریی لەگەڵ زیندانییەکان و دزینی ئازوقە و دەرمانی زیندانییەکان تاوانبار کرا و بەو هۆیەوە کاری لێوەرگیرایەوە، تا بدرێت بە دادگا و لە حیزب دەربکرێت. زیندانییەکان ڕۆژی 26 ی مانگی مای گواسترانەوە و سەرۆکێکی نوێیان بۆ دیارییکرا. سزادانی سەرۆکی پێشوی زیندان، نیشانەی ڕێزگرتنی حیزبی دیموکراتە لە مافی مرۆڤ و زیندانییەکان.**

**دیداری هەواڵنێران و بەرپرسانی حیزب لە زیندانی ناوەندیی:** لەو ماوەیەدا کە زیندانی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە گەناو بوو، چەندان بەرپرسی حیزبیی وەک دوکتۆر شەرەفکەندی، جەلیل گادانی، مەلا عەبدوڵا حەسەن زادە، فەتاح کاویان و.. تد سەردانی زیندانیان کرد و لە دەفتەرێکدا کە بۆ ئەو مەبەستە دامنابوو، بیروڕای خۆیان لەسەر زیندان و دۆخی زیندانییەکان دەنوسی. جگە لە کریستیان ڕۆستۆگر جێگری فیدراسیۆنی مافی مرۆڤ، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد هاوسەری مام جەلال ڕۆژێکی تەواو لە زیندانی حیزب فیلم و دۆکیومێنتی لەسەر زیندان و شێوەی ژیانی زیندانییەکان ئامادەکرد. هەروەها دوو هەواڵنێری ئەڵمانیی سەردانی زیندانیان کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک دۆستی حیزبیی دەهاتن بۆ سەردانی من. مامۆستا مەلا ڕەحیم عەباسیی و مامۆستا مەلا خالید، سەرهەنگ قادریی، پۆڵا نانەوازادە، کەریم حیسامی، لەگەڵ ژمارەیەکی تر سەردانی زیندانیان کرد.

## یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەیان ئەندامی حیزبی شیوعی گوللەباران دەکات

حیزبی شیوعی عێراق ڕۆژی 1934/3/31 لە لایەن چەند خەباتکارێکی عێراقیی، بە سەرۆکایەتی "فەهد - یوسف سەلمان یوسف" دامەزرا. لە ڕیزی حیزبە کۆمونیستە براکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا بوو. هەر وەک لە بەشی **"کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، تا پێکهێنانی حیزبی کۆمونیست"** دا گوتم، حیزبی شیوعی عێراق لەو تەنگژەیە ڕزگاری نەبوو کە بە **"سەرهەڵدانی بیری چەپی شۆڕشگێڕانە لە جیهاندا"** لە ناو حیزبە کۆمونیستە براکاندا سەریهەڵدا. عەزیز ئەلحاج ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراق، ساڵی 1967 لە حیزبەکەی جیابووە و نزیکەی 75% ی ئەندامانی حیزبی شیوعی لەگەڵ خۆی برد، بەڵام لە هەنگاوەکەیدا سەرنەکەوت. بەشێک لەو ئەندامانە گەڕانەوە ناو حیزبی شیوعی و بەشێکیان وازیان لە خەباتی پارتایەتی هێنا و ژمارەیەکی کەمیشیان دوای ساڵی 1975 بەشدارییان کرد لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا.

ساڵی 1975 کە شۆڕشی ئەیلول بە خیانەتی شای ئێران و سەدام حوسێن و بە یارمەتی وڵاتانی جەزائر، میسر، ئۆردن، تورکیا، ڕوسیا و ئەمریکا هەرەسیهێنا. حیزبی شیوعی عێراق لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە بەرەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەییدا بوو. ساڵی 1979 کەوتە بەر پەلاماری ڕژێمی بەعس و ئەندامانی ڕاونران. بە هۆی ئەو ڕووداوەوە، بەشێک لە ئەندامە کوردەکانی خۆیان گەیاندە کوردستان و دژی ڕژێمی سەدام ڕێی خەباتی چەکدارییان گرتەبەر.

لە کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق هاوکات لە دوو بەرەدا کۆبووەوە. لە لایەک لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پاسۆك بەرەی "جود" یان پێکهێنا و لە لایەکی ترەوە چووە بەرەی "جوقد" ەوە کە لە لایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، قیادەی قوتری حیزبی بەعس، حیزبی کارتراکیی

عەرەبی، حیزبی تحریر الشعب العراقي کە "دەستکردی "ینک" و قیادەی قوتری بوو"، مستقلون و جەماعەتی بیت النهرین پێکهاتبوو.

حیزبی شیوعی عێراق و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەرچەندە دژی ڕژێمی عێراق هاوپەیمان بوون، بەڵام یەکێتی نیشتمانیی بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا ڕۆژی 1983/4/30 لە "پشتئاشان" پتر لە 68 ئەندامی ئەو حیزبەی شەهید کرد. بەشێک لەو شەهیدانە دوای بە دیلگرتنیان لە لایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانییەوە گوللەباران کران. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە کاتێکدا ئەو بەرنامەیەی پیادەکرد کە لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆریی عێراق بە نهێنی لە وتووێژکردندا بوو. لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە لاپەڕەی 7 ی کتێبی "خولانەوە لە ناو بازنەدا" دەڵێت:

**- (مانگی تشرینی دووەمی 1983 بڕیاردرا وتووێژ دەستپێبکرێت. لەبەرئەوەی یەکێتی خۆی هیچ کەناڵێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیی لەگەڵ عێراق نەبوو، ئەم بڕیارە دیسان لە ڕێگەی لایەنی سێیەم "حدکا" بە عێراق ڕاگەیەنرا و داوا لە د. قاسملوو کرا ڕێوشوێنی چوونی دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی بۆ بەغدا دابین بکات.).**

هێرشی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانیی بۆ سەر بارەگای سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە پشتئاشان، دوای شەڕێک بوو کە پێشتر شەوی 28- 29 ی نیسانی 1983 هێزەکانی بەرەی جود بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیی لە گوندی بالیسان کردبوویان، هەرچەندە بە بڕوای ئەحمەد بانیخێڵانیی ئەو هێرشەی بەرەی جود، پەلامارەکەی یەکێتی بۆ سەر پشتئاشان دواخست. ئەحمەد بانیخێڵانیی لە کتێبی بیرەوەرییەکانیدا، ئاماژە بۆ شەڕی پشتئاشان دەکات و لە لاپەڕەکانی 458- 500 دا دەنوسێت:

**- (ماوەیەک بوو لە پشتئاشان بووین، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گیروگرفت لە نێوان یەکێتی و "جود" دا ڕوویدا، ساردییەکی بەرچاویش کەوتبووە نێوان حیزبی ئێمە و یەکێتییەوە، بۆیە لە مانگی شوباتی 1983 بروسکەیەکمان بۆ مام جەلال نارد کە پێویستە یەکتر ببینین. مام جەلال وەڵامی دایەوە فەرموون بۆ لای ئێمە. ڕۆژی 1983/2/3 وەفدێکی حیزبمان**

که پێکهاتبوو له هاوڕێیان کەریم ئەحمەد، عبدالرزاق الصافي و ئەبو سەرباز و بیست پێشمەرگەمان بە سەرکردایەتی هاوڕێ ئیحسان "ئەبو خالید" لەگەڵدا بوو، شەو لە ڕەزگە لای هاوڕێیانی لقی پشدەر میوان بووین، بۆ سبەی گەیشتینە ناوزەنگ. بەشی زۆری هاوڕێیانی پێشمەرگەمان نارده ئەو بارەگایەی لە "نۆکان" هەمانبوو بۆ لای هاوڕێ "ئەبو شوان" و سەید باقی و سێ چوار پێشمەرگەیەکمان لای خۆمان هێشتەوە. بۆ ڕۆژی پاشتر کەوتینە وتوویژ و دانیشتن. لە برادەرانی یەکێتی مام جەلال، کاک نەوشیروان، مولازم عومەر، فەرەیدون، دوکتۆر خدر، جەمال ئاغا، جەمال تاهیر و ئەرسەلان بایز ئامادەبوون. برادەرانی یەکێتی بە بێ هیچ گێرمە و کێشەیەک بۆچوونەکانی ئێمەیان قبوڵ کرد، سەبارەت بە دژایەتیکردنی ڕژێمی بەغدا و پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفرەوان و .. تد، تەنانەت بۆ نوسینی ڕێککەوتننامەکەش، مام جەلال بە عبدالرزاق الصافي وت تۆ ڕێککەوتننامەکە بنوسە. کاتێک کە ئامادەکرا، هیچ تێبینییەکی ئەووتۆیان نەبوو. نەرمیی برادەرانی یەکێتی و قبوڵکردنی بۆچوونەکانمان لە لایەن ئەوانەوە، سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا! دەبێت چی بێت، برادەرانی یەکێتی گۆڕاون؟ یان شتی تریان لەبن سەردایە؟ بە هەر حاڵ ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵییمان ئیمزاکرد کە پێکهاتبوو لەم خاڵانە:

- توندوتیژکردنی خەبات دژی ڕژێم و ڕەتکردنەوەی وتوویژ لەگەڵ حکومەتی عێراق.

- مانگانە کۆبوونەوەی دووقۆڵیی لە سەرکردایەتی هەردوولا پێکبێت. جارێک لە بارەگای "حشع" و جارێک لای "ینک".

- لە مەڵبەندەکان و هەر کوێدا هاوڕێیانی هەردوولا هەبن، کۆمیتەی هاوبەش پێکبێن.

- لەو شوێنانەی هەردوولا پێشمەرگەمان هەیە، گەڕانی هاوبەش و چالاکیی هاوبەش بکرێت.

- نەخشە و بەرنامەی تایبەت بۆ ڕووداوی کتوپڕ ئامادەبکرێت.

- خاڵی گومرگیی هاوبەش دابنرێت. هەر وا ئیتفاق لەسەر چەند خاڵێکی تریش کرا، وەک هەوڵدان بۆ دانانی شورای دێهاتەکان و

پێکهێنانی بەرەیەکی فرەوانی عێراقیی و خولقاندنی تەبایی و ئاشتیی لە نێوان گشت هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا، بەڵام هەر لەو کاتەدا کە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ ئێمەدا ئیمزا کرد، هاتوچۆ و پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمدا هەبوو! ڕۆژی 1083/2/3 ڕۆژێک بەرلە گەیشتنی ئێمە بۆ ناوزەنگ، هاوڕێ "ئەبو شوان" لە نێوان شێنێ و ناوزەنگدا توشی وەفدێکی حکومەتی عێراق دەبێت کە برادەرانی یەکێتی بەرەو قەڵادزێ بەڕێیان کردوون و برادەرانی یەکێتی وتوویانە ئەوانە نوێنەری ڕێکخراوی فەلەستینییەکانن و بۆ لای مام جەلال هاتوون، بەڵام ئەبو شوان گوێی لێیان بوو کە بە عەرەبیی زاراوەی عێراق قسەیانکردووە. لە گەڕانەوەماندا شەو لە گوندی "سونێ" لاماندا، چەند پێشمەرگەیەکی پشدەر و ماڵی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پشدەری لێ بوو، ئەوانیش باسی ئەوەیان کرد کە چەند جارێک وەفدی عێراق بۆ لای یەکێتی هاتووە. کاتێک کە گەیشتینەوە بارەگای پشتئاشان، سەرکردایەتی حیزب کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی کرد، بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێککەوتنامەکەمان لەگەڵ "ینک" و کۆمەڵێک ڕا و بۆچوون و گومان لە هەڵوێستی یەکێتی هەبوو، بەڵام بڕیارماندا کە ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵبدەین ڕێککەوتننامەکە جێبەجێبکەین و مەڵبەندەکان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ڕێککەوتنامەکە و هەڵوێست و گومانمان سەبارەت سیاسەتی "ینک"، ئاگاداربکەینەوە.

دوابەدوای ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێمەدا، برادەرانی یەکێتی زیادتر کەوتنە شەڕفرۆشتن بە سۆشیالیست و پارتی و پاسۆک، بەڵام بە نۆرە و هەر جارەی گێچەڵیان لەگەڵ لایەکیاندا سازدەکرد. جاروباریش یەکێتی دەیویست خۆی لە ئێمە و پارتیش لابدات و خۆی بۆ لێدانی سۆشیالیست لە هەولێر ئامادەبکات، چونکە ئەو کاتە سۆشیالیست لە هەولێردا هێزێکی زۆری هەبوو، لە هەندێک جێگاشدا لە یەکێتی زۆرتر بوو. زۆری نەبرد لە هەولێر و کۆیە دەستیان بە شەڕفرۆشتن بە ئێمەش کرد. تا مانگی نیسانی 1983 گێرمەوکێشەکان لێرە و لەوێ هەبوون، بەڵام لە نیسانەوە ئیتر یەکێتی بە ئاشکرا شەڕی دەفرۆشت، بەتایبەتیی لە ناوچەی هەولێردا.

هەرچەندە کاک کەمال خۆشناو و کاک عەلی حەوێز لەگەڵ شەڕدا نەبوون و لەگەڵ ئاشتییدا بوون، بەڵام لێپرسراوە عەسکەرییەکانیان بۆ نمونە، ئەوانەی سەر بە کۆمەڵە بوون، وەک کاک "عەلی بچکۆل"، زۆر توند و لەسەر پێ بوو بۆ شەڕ دژی لایەنەکانی "جود" و وەک دەوترا ڕاستەوخۆش لە کاک نەوشیروانەوە خەت و قسەی وەردەگرت. بۆ ڕەتدانەوەی ئەو شەڕفرۆشتنەی یەکێتی، برادەرانی پارتی و سۆشیالیست و پاسۆک بڕیاریاندا پەلاماری بارەگای مەڵبەندی هەولێریان بدەن، لە گوندی "بالیسان". هاوڕێیانی مەڵبەندی هەولێری حیزب ئاگاداریان کردینەوە کە پارتی و سۆشیالیست و پاسۆک سێ قۆڵیی بڕیاریانداوە پەلاماری مەڵبەندی "ینک" بدەن. ئایا ئێمە بەشداریی ئەو کارە بکەین یان نا؟

ئێمە لە مەکتەبی عەسکەریی و سەرکردایەتی حیزب وەڵامی هاوڕێیانمان نەدایەوە، تا ڕۆژی 28 ی نیسان هاوڕێ "ئەبو حیکمەت" بروسکەیەکی تری بۆ ناردین و نوسیبووی: برادەرانی "جود" سێ قۆڵیی سبەی پەلاماری "ینک" دەدەن، ئێمە چی بکەین؟ بەشدار ببین یان نا؟ وەڵاممان بدەنەوە! ئێمەش وەڵامماندانەوە کە بۆ خۆتان سەرکردایەتی مەڵبەندی هەولێر بڕیاربدەن و کارەکە لای خۆتانە.

شەوی 29/28 ی نیسانی 1983 (1362/2/8- نوسەر) هێزەکانی جود پەلاماری بارەگای "ینک" یان دا و بە ئاسانیی دەستیان بەسەر مەڵبەندی بالیساندا گرت. پێشتر لێپرسراوانی "ینک" لە مەڵبەندی هەولێریانەوە، سەرکردایەتی خۆیان ئاگادار کردبووەوە کە پارتی و سۆشیالیست و پاسۆک بە هێزێکی گەورەوە لە ناوچەکەدان، گەر پەلاماربدەن، بارەگاکەمان دەگرن، بۆیە بە زووترین کات لە ناوچەکانی ترەوە هێزی پشتیوانمان بۆ بنێرن. نەوشیروان بە هێزێکی گەورەوە کە لە گەرمیانەوە تا شارەزور و شاربازێڕ، کۆیانکردبوونەوە، هاتبوو تا فریای بالیسان بکەوێت، بەڵام کە هەواڵی پێدەگات بالیسان گیراوە، خۆی و هێزە گەورەکەی دەچنە قەڵاتووکان. کەوتنە جێبەجێکردنی نەخشە سەرەکییەکەیان کە پەلاماردانی بنکەکانی شیوعی و سۆشیالیست و پاسۆک بوو لە پشتئاشان. بالیسان نەشگیرایە، ئەوا نەوشیروان و

هێزەکەی یەکەم جار دەچوونە ئەوێ و هێرشەکەی پشتئاشان ڕەنگە چەند ڕۆژێک دوابخرایە. ئەو ڕاستییەش لەو نامەیەی نەوشیرواندا بە ڕاشکاویی دەبینرێت کە ڕۆژی **1983/3/22** بۆ سەید کەریمی لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێریانی نوسیوە و پاش گیرانی مەڵبەندی بالیسانیان لە جانتا بەجێماوەکەی سەید کەریمی لێپرسراوی مەڵبەندیان کەوتە دەستی هاوڕێیانمان. ئێمە هەر کە هەواڵی لەشکرکێشییەکەی یەکێتیمان پێگەیشت، بە سەرکردایەتی نەوشیروان و گەیشتنیان بۆ قەڵاتووکان، دڵنیا بووین کە نیازی هێرشی پشتئاشانیان هەیە. هەر بۆیە بەپەلە بروسکەمان بۆ هاوڕێیانی خۆمان لە هەولێر نارد کە بە زووترین کات فریای سەرکردایەتی حیزب بکەون، یەکێتی هەرچی شەڕکەری هەیە لە کوردستاندا، کۆیکردووەتەوە و پەلاماری پشتئاشان دەدەن. هەمان بروسکەمان بۆ مەڵبەندی سلێمانییش نارد). بانیخێڵانیی نامەکەی نەوشیروان مستەفای بۆ سەید کەریم لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی بڵاوکردووەتەوە. لەو نامەیە هاتووە:

- (... تۆ ڕەئیی من ئەزانیت. من هەرگیز لایەنگری شەڕی دورودرێژخایەن و بێ بەرنامە نیم لەگەڵ لایەنەکانی تر، چونکە ئێمە قازانجی لێ ناکەین و ئەوان قازانجی لێ ئەکەن. من لایەنگری خۆئامادەکردن و دانانی بەرنامەی تصفیە و مباغتە و براندنەوە و بەلادا خستنی شەڕەکەم لە ماوەیەکی کورتدا. شەڕی ئەمجارە لە دەشتی هەولێر زۆر درێژەی کێشا و تەبیعییە. چونکە ئەوان خۆیان بۆ حازر کردبوو تصفیەش نەئەکران. بە بێتەل لەگەڵ کاک عەلی و هەموو برادەرانی تر قسەم کرد و لێمپرسین کە ئاخۆ ئەتوانین لە ماوەی چەند ڕۆژێک یان تەنانەت چەند شەڕێکدا وەکو "لاک"یان لێ بکەین؟ بۆ ئەوەی بەو پێیە ئێمەش بە هێزەکانی مەڵبەندی 3 و تیپی ئاسۆس و پاشماوەی تیپەکانی صدرالدین و قادر ئاغا و جوتیاران و هەموو ئەوانەی لە سەرکردایەتین "ئەوسا ح. کوێستانی و ئەحمەد مەولودیش لێرە بوون"، پەلاماری سەرکردایەتی حسک و حشع بدەین لە کەڵەکی باڵەیان و کومتان و دۆڵی شەهیدان و ساوێن و بێ پالان... ).

بـه هـەر حـاڵ گونـدی پشتئاشـان شـوێنی ئـەو کوشـتنە بـە کۆمەڵـەی شـیوعییەکان بـوو. گوندەکـە کەوتووەتـە  چیـای قەنـدیل و بـە سـنوری دەستکردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لکاوە. ڕژێمـی سـەدام ئـەم گوندەشـی وەک هـــەزاران گونـــدی کوردســـتان لەســـاڵی 1975 دا وێرانکـــرد و دانیشتووانی گواستەوە بۆ ئۆردووگای زۆرەملێـی "ژاراوە" و دەوروبـەری. حیزبـی شـیوعی ساڵی 1982 بارەگـای سـەرکردایەتییەکەی لـە نۆکانـەوە گواستەوە بۆ پشتئاشـان. لـەو بارەیـەوە قـادر ڕەشـید "ئـەبو شـوان" لـە کتێبەکەیدا "پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگییدا" دەڵێت:

**- (تا ساڵی 1982 هیچ حیزب و لایەنێك خۆی نـەدابوو لـە قـەرەی ئـەم ناوچەیە و بیکەن بـە بارەگـا و بنکـەی دەزگـای سیاسـی و سـەربازیی و ڕاگەیاندنەکانی خۆیان، لەو ساڵەدا مەکتـەبی سیاسـی حیزبـی شـیوعی عێراق سێ هاوڕێی شارەزای خۆی لە باری سـەربازییەوە، لـە گونـدی نۆکانـەوە نـارد بـۆ سـەیرکردنی  پشتئاشـان و خەملاندنی گونجـاویی و شیاویی بۆ دامەزراندنی بارەگایەکی سەرکردایەتی لەوێ. ئەو هاوڕێیانـە لەبەر هەندێک هۆ، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بە کەڵکی ئـەوە نایـەت بارەگای لێ دابمەزرێنرێت، لـە گەڕانەوەیاندا مـەکتەبی عەسکەرییان ئاگادارکردەوە کە ئەو جێگایە سەربازییانە هەڵنەکەوتووە و باشتر وایە کە بیر لە ناوچەیەکی تر بکرێتەوە، بەڵام بیروڕا و پێشنیاری ئـەو سـێ برادەرە لە لایەن مەکتـەبی سیاسییەوە بایـەخی پێنـەدرا و بـێ ئـەوەی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینـەوە، مەکتـەبی سیاسـی بڕیـاری خـۆی دا کـە بارەگاکانی خۆی لە نۆکانەوە بگوێزێتەوە بۆ پشتئاشان.).**

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە کۆدی نهێنـی "تۆڵـە بـە سـەبرە ئـەمما بـە زەبـرە" کـە لـە ڕادیـۆی یـەکێتی بڵاوکرایـەوە، هێرشـەکەی بـۆ سـەر بارەگاکانی حسک و پاسۆک و شیوعی دەستپێکرد. نەوشیروان مستەفا لـە کتێبی "پەنجەکانی دەست یەکتری دەشکێنن" دا لەگەڵ ئاماژەکردنی بۆ گرتنی مەڵبەندی یەکێتی لە بالیسان لـە لایـەن بـەرەی جودەوە، دەڵێت:

**(ئێمەش بڕیارماندا پەلاماری سـەرکردەکانیان بـدەین لـە قەنـدیل، ئیتـر خۆم سەرکردایەتی شەڕەکانم گرتە ئەستۆ.).**

دوای تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر هێرشی ڕێکخراوەکانی بەرەی جود بۆ سەر بارەگای یەکێتی لە بالیسان، یەکێتی بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر لە قەڵاتووکان پەلاماری بارەگای سەرکردایەتی حسک و پاسۆک و حیزبی شیوعی دا. لەو بارەیەوە، نەوزاد وەلی کە لەو سەردەمەدا بەرپرسی "موخابەرە"ی مەڵبەندی یەکەمی حیزبی شیوعی بوو، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا ڕۆژی 2010/2/7 پێیڕاگەیاندم:

**- (ڕۆژی 1983/4/27 دوو فرۆکەی میگی عێراقیی بە هەڕەمەکیی ناوچەکەیان بۆمبباران کرد. ئێمە لەوەوبەر هەواڵی جموجوڵی جاشمان لە ناوچەکەدا بیستبوو، بەتایبەتیی لە قەڵادزێ و ناوچەکانی دەوروبەری، بۆیە بەو گەڕانی فڕۆکانە بەسەر ناوچەکەدا، هەندێکمان لامان وا بوو کە لەوانەیە ڕژێم هێرش بکاتە سەر ناوچەکە. دوای ئەو بۆمبارانە بە سێ ڕۆژ، هێزەکانی یەکێتی بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا پەلاماری بارەگای حسک و پاسۆکیان دا و ڕۆژی 1983/5/1 کە ڕۆژی جیهانیی کارگەران بوو، شەڕەکە گەیشتە پشتئاشان. لەو شەڕەدا ژمارەیەک کادیر و پێشمەرگەی حیزبی شیوعی کوژران و بە دیل گیران و ژمارەیەکیش لە دیلەکانیشیان گوللەباران کرد. لە ڕاستییدا، ئەوەی کە دواتر دەرکەوت، هەندێک لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی، کەم و زۆر و ماوەیەکی باش پێش هێرشەکەی یەکێتی، ئاگاداری ئەو هێرشە بوون. دوو حەفتە پێش کارەساتەکانی پشتئاشان، چەکدارێکی زۆری ینک هاتنە گوندی گورگەیەر، ئەو کاتە ماڵم لەوێ بوو. سیانیان نەخۆش بوون، هێنایانن بۆ لام، باری تەندروستییان شڕ بوو، ماندووبوونێکی زۆریان پێوە دیاربوو، دەرزیم لێدان و دەرمانم دانێ و پاش وتووێژ، بە زاراوەکەیاندا دەرکەوت کە هێزەکانی گەرمیانی ینک بوون. نامەیەکم دەربارەی ئەو قەرەباڵغییە نارد بۆ ئەبو سەلام "بەهادین نوری" و مەلا عەلی (ئەو کاتە پەیوەندیی ڕاستەوخۆم تەنیا بەوانەوە هەبوو، چونکە کارێکی تایبەتیی ناو شارم لە لا بوو کە تەنیا ئەوان بەرپرسی بوون.). دوو ڕۆژ دواتر، ئەبو سەلام ناردی بە دوامدا کە بچم بۆ بارەگای مەڵبەندی یەکەمی حیزب لە حاجی مامەند کە ئەو بەرپرسی بوو. کاتێک کە گەیشتم، لەوە ئەچوو کە سەرکردایەتی مەڵبەند کۆبوونەوەی هەبێت،**

چونکە زۆربەیان لە ژورەکەی ئەبو سەلام بوون، وەک مەلا عەلی، ئەبو تارا، شەهیدان سەید تۆفیق، نەسرەدین هەورامیی و تۆفیقی حاجی و کەریمی حاجی و.. تد، ئەبو سەلام وتی هاورێ دوکتۆر ئەو قەرەباڵغییە لە لای ئێوە چییە و چی لێ تێئەگەیت؟ منیش ئەوەی بینیبووم بۆیانم باسکرد و وتم لام وا نیە کە لە ناوچەکەدا بمێننەوە، وتیان چۆن ئەزانیت؟ وتم چونکە ئەو سێ پێشمەرگە نەخۆشەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە، ئەگەر کارێکی گرنگیان نەبێت، ئەوا ئەو هێزە گەورەیە لەسەر ئەو سێ پێشمەرگە نەخۆشە پەکی نەکەوتووە و لە گوندێکدا بەجێیانئەهێڵن و بەو بێ توانایییەیانەوە، ئەو هەموو ڕێگایەیان پێ ناکوتن! ئەو ڕاستییانەی کە دواتر دەرکەوتن، ئەوەیان سەلماند کە "ینک" ماوەی چەند حەفتەیەک بەرلە گرتنی بالیسانیش لە لایەن بەرەی جودەوە، خەریکی خۆکۆکردنەوە بوو، گرتنی بارەگای یەکێتی لە بالیسان، لە بیانوویەکی بێ بنەما زیادتر، هیچی تر نەبوو، ئەکرێت بوترێت کە یەکێتی لە هەلێکی وا ئەگەڕا و بۆی ڕەخسا، یان بەپێی ڕووداوەکان، هیچ بە دوری نازانم کە خۆی دەستی هەبووە لە دۆڕاندن و بەگرتندانی بارەگای بالیساندا لە لایەن بەرەی جودەوە، هەر بۆ ئەوەی کە ئەو بیانووەی پێ دروستبکات. کلۆڵییەکەی حیزبی شیوعی لەوەدا بوو کە تەبایی فیکریی و ڕێکخراوەیی لە ناو سەرکردایەتییەکەیدا نەبوو. لەوانەیە ئەگەر ئەبو سەلام، عومەر عەلی شێخ و سەرکردایەتیشی لەو گەلەکۆمەکییەی "ینک" و چوونیان بەرە و سەرکردایەتی ئاگاداربکردایە، ئەوا بە ڕاست و دروست وەریان نەگرتایە! چونکە بێباوەڕیی زۆر لە نێوانیاندا هەبوو، ئەوانە بە شێوەیەکی دیموکراتی و سەلماندنی توانا، لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە بە شێوەیەکی دیموکراتیی هەڵنەبژێررابوون بۆ سەرکردایەتی، ئەوانە بە هۆی خەباتی نهێنی و نەبوونی چاودێریی و ژیانی ونبوون و خۆشاردنەوەوە، دەیان ساڵ بوو، هەر وەک بزمار بەو سەرکردایەتییەدا داکوترا بوون، تا ئێستاش هەڵناکەنرێن و دنیایەکی تایبەت بە خۆیان بە ناوی حیزبەوە دروستکردووە. هەر وەک دەیان کەسی تر، منیش لام وا بووە و ئێستاش هەر لام وایە کە ئەگەر یەکێتی بیر و ڕێکخراوەیی لە ناو سەرکردایەتی حیزبی شیوعیدا هەبووایە، ئەوا

**زۆر بـە ئاسـانیی ئـەتوانرا لـەو شـەڕانەوە نـەئاڵێن، یـان بـە کـەمترین زیانەوە لێیان دەربچن.).**

بە نوسینی قادر ڕەشید لە کتێبەکەیدا، ئەو هێزانەی یەکێتی نیشتمانیی کە بەشداریی پەلاماردانی "قەڕناقاو، ئاشقوڵکە، ڕەزگە و پشتئاشان"یان کرد، بریتی بوون لە:

تیپی ئاسۆس، تیپی مامەند، هێزەکانی مەڵبەندی سێ بە سەرکردایەتی ئازاد هەورامیی لە قۆڵی کومتانەوە، هێزی گەرمیان لە قۆڵی بۆڵێوە، هێزی پارێزگاریی لە ناوزەنگ و هێزە تایبەتەکەی نەوشیروان. هەروەها قادر ڕەشید دەڵێت:

**- (لە ماوەیەکی کەمدا توانییان دەستبگرن بەسەر ناوچەکەدا و ئیتر بارەگاکانی هەر سێ حیزبەکەی بەرەی جود" حشع، حسك و پاسۆك" کەوتە ژێر ڕەحمەتیان و شەلم کوێرم و ناپارێزم و ئەوەی توانییان لە کوشتن و بڕین و تالانیی، کردیان. خێزانەکان بە دیل گیران، خوشکە فریشتە و خوشکە فەیروزی خێزانی فاتیح ڕەسوڵیان بە دیلیی برد بۆ بارەگاکانی خۆیان و سوکایەتییان پێکردبوون.).**

## کۆماری ئیسلامیی 59 مێرمناڵ و لاوی شاری مهابادی گوللەباران کرد

دوای هەر هەنگاوێک لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تاوانی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچە داگیرکراوەکاندا پەرەیدەسەند. لە بەشی **"کۆماری ئیسلامیی لە گوند و زیندانەکانیدا کورد بە کۆمەڵ دەکوژێت"** دا ئاماژەم بۆ کۆمەڵکوژیی کارگەرانی کورەخانەی گوندی ساروقامیش، خەڵکی گوندی "بایزاوێ" و ئەشکەنجەدان و گوللەبارانکردنی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا کرد. سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی لە درێژەی ئەو کۆمەڵە تاوانانەیدا، بە نوسینی نامیلکەی "جنگ در کردستان"، بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1362 دا، سوپای پاسداران بۆ هاوکاریی ژمارەیەکی زۆر بەسیج و کۆمیتەچی و بە پشتیوانیی هێزەکانی لەشکری 64 ی ورمێ، ڕۆژی 1361/11/6 (1983/2/5) پەلاماری گوندەکانی "قەرەگۆل" و "سەوزیی" ناوچەی مهابادیان دا و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، هەژدە کەسیان لە گوندی "قەرەگۆل" و نۆ کەسیشیان لە گوندی"سەوزیی" کوشت.

ڕۆژی 1361/12/23 (1983/3/14) پەلاماری گوندەکانی "دیلانچەرخ"، "حەڵبێ"، "کویکان"، "کەرێزەی شکاکان" و "یونسلیان" لە ناوچەی نەغەدە دا و پتر لە 40 کەسیان کوشت. ڕۆژی 1361/12/25 (1983/3/16) ژمارەیەکی زۆریان لە گوندەکانی "دێمە سور"، "جافرئاوا" و "مەرجان ئاوا" لە ناوچەی مهاباد کوشت و ڕۆژی 1362/1/3 (1983/3/23) چوونە سەر گوندەکانی "هەڵەقوش" و "گێجە" لە ناوچەی سۆما لە ورمێ و سیانزە کەسیان کوشت کە یەکێک لە کوژراوەکان بە ناوی ئەحمەد سیران تەمەنی 100 ساڵ بوو. ڕۆژی 1362/1/5 (1983/3/25) چوونە سەر گوندەکانی "چەقەڵ مستەفا"، "خەلیفەلیان" و "گۆڕخانە" لە ناوچەی نەغەدە و سیانزە کەسیان لە چەقەڵ مستەفا و هەشت کەسیشیان لە گوندەکانی خەلیفەلیان و گۆڕخانە کوشت.

دوای ئەو کۆمەڵە تاوانانە کە کۆماری ئیسلامیی لە گوندەکانی کوردستاندا کردنی، ڕۆژی 1362/3/12 (1983/6/2)، 59 لاو و مێرمناڵی

شاری مهابادی بە تاوانی لایەنگرییکردن لە بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای ئەشکەنجەدانێکی دڕندانە، لە زیندانی تەورێز گوللەباران کرد. ناوی گوللەبارانکراوەکان بریتین لە:

**- مەلا حەسەن لاجەوەردی، عەلی سەلاحی، عەلی غەوارە، مستەفا فەرقی، شوکری نادری، ساڵح مام ئیبراهیمی، سەید مەحمود سەید محەمەدی، کەریم کاوە، یوسف حەسەنزاد، سلێمان حەسەنزادە، ئیبراهیم ئەمینی، محەمەد فاروق بازیار، یوسف حەبیب پەنا، کەریم ڕەحیمیان، کەمال کەریمی، هەژار کەریمی، ئینشائەڵا نادری، ئەبوبەکر شوکری، خدر ڕەنگینیی، عەلی بازیان، فەرەیدون شەنگە، محەمەد سەلیمی، ڕەحمان خزرپوور، ئەحمەد کەروبی، مەقسود مەحمودی، ساڵح فەرهودی، کامەران زاهیر حجازی، عەلی ئابادە، سیامەك سەقزی، عەباس یوسفی، حوسێن کەڵهوری، ئەحمەد مەحموود کندوو، محەمەدئەمین ئەحمەدی، مەنسور جناح، وەفا ئەلیاسی، محەمەد مەسعودی، محەمەد ئەبوبەکری، سەید ئیبراهیم ئەحمەدی، خالید سەفایی، خالید رەحیمی ئازەر، حەسەن رەحیمیان، کەمال چاوشینی، یوسف ئەیازی، خالق بارزانیی، مستەفا عیسمەتی، عەلی گوڵپەرست، ڕەحمان ڕەحیمی، عەبدوڵا تەحریریان، عەلی مەزنە، کازم خاتونی، عەباس حوسێن پور، محەمەد حوسێنی، مەحمود دریزەیی، هومایون نیلوفەری، محەمەد ئەمین سەفا، محەمەد عەلیالی، عەلی بانەیان، حەسەن جەهانبین و غوڵام ڕەزا بارزی.** شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیی تەرمی ئەو شەهیدانەی نەگەڕاندەوە بۆ بنەماڵەکانیان و بێسەرشوێنی کردن، لەبەرئەوە بنەماڵەی ئەو شەهیدانە کە تەمەنی هەندێکیان لەژێر هەژدە ساڵەوە بوو، هێشتا چاوەڕوانی گەڕانەوەی مناڵەکانیان.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکیدا کە مانگی ئەوگوست - سێپتەمبەری 1983دا بڵاویکردووەتەوە، ئامارە بۆ لەسێدارەدانی ئەو 59 لاوە دەکات و لە پێشەکیی ڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت:

**- (لە سەرەتای مانگی یولی 1983 دا، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ ئاگادارکرایەوە کە 59 کەس لە زیندانی ورمێ لەسێدارەدراون. بەگوێرەی زانیارییەک کە هەر ئەو کاتە بە ئێمە گەیشت،**

لەسێدارەدراوەکان هیچ تاوانێکان نەکردبوو، زۆربەیان کچ و کوڕی نێوان 18- 25 ساڵە بوون. هەندێکیان بە تۆمەتی لایەنگریی لە حیزبی دیموکرات گیرابوون و سزاییان لە دادگایی کردنێکی بەپەلە و سەرپێیدا دیارییکراوە و یەکێک لە مەلاکانی سەربە کۆماری ئیسلامیی لە دادوەرییەکی لایەنگیر و ناسەربەخۆدا حوکمیانی داوە. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە لە ئێرانەوە بە ئێمە گەیشت، سەدان کوردی زیندانیی، ئەشکەنجە دراون، یان لەسێدارەدراون و زۆربەی دێهاتەکان لە زەوی و ئاسمانەوە بۆمبباران و تۆپباران کراون و هەزاران کەس ئاوارە بوون.

لە ڕژێمی شادا، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ ڕێیپێدرا کە نوێنەر ڕەوانەی ئێران بکات، بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەی بەڕێوەچوونی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا، بەڵام بە هاتنە سەر حوکمی کاربەدەستانی تاران، هەموو جارێک ڕێیان لە چوونی ئێمە بۆ ئێران، گرتووە. بە هۆی گرنگیی ئەو زانیارییانەوە، فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ بڕیاریدا یەکێک لە ئەندامانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە بنێرێت بۆ کوردستان، چونکە دەوڵەتی ئێران ڤیزا نادات بە نوێنەرانی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان. کارێکی لەو جۆرە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی جیۆگرافییدا، بواری لێکۆڵینەوەی هەبوو. لەبەرئەوە بواری لێکۆڵینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی تردا، یان دەربارەی کەمایەتییەکانی وەک "بەهایی"، یان بزوتنەوە سیاسییەکانی وەک "موجاهیدی خەڵک" کە جێی سەرنجی فیدراسیۆن بوو، بەدەستنەهات.

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بۆ جۆرەها ئەشکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا دەکات و دەنوسێت ئەو ئەشکەنجانەی خوارەوە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامییدا هەن:

1- ئەشکەنجەی جەستەیی:

- لێدانی زیندانیی بە مست و زللە.
- لێدان بە باتۆن.
- لێدان بە کابڵی تێلدار لە جەستە و دەست و پێی زیندانیی.

- سوتاندن بە ئاگری جگەرە (هەندێک جار بە ئاگری جگەرە دروشمی بژی خومەینی لەسەر جەستەی زیندانیی دەنوسن.).
- دەرزی کردن بەژێر نینۆکی زیندانییدا.
- سوتاندنی جەستەی زیندانیی بە ئاسنی سورکراوە لە ئاگردا.
- بەستنی دەستەکانی زیندانیی بە شێوەی خاچ لە پشتیەوە کە پێیدەڵێن کەلەپچەی قەپانیی.
- ئەشکەنجەی کارەبایی - بەتایبەتیی ئەو جۆرەی کە پێیدەڵێن "ئاپۆلۆ". زیندانییەکە لەسەر پارچە ئاسنێک لەسەر کورسی دادەنێن و کڵاوێکی ئاسنی لەسەر دەکەن.
- زیندانیی بە بنمیچی ژورەکەوە هەڵدەواسن و لێیدەدەن.
- بەرزکردنەوە و بەردانەوەی زیندانیی بە توندیی، لە کاتێکدا کە بە بنمیچەوە هەڵواسراوە.
- وەستاندنی زیندانیی لەسەر پێ بۆ ماوەی چەندان کاتژمێر، یان بەستنەوەی بە تەنافی بادراو لە کورسی.

2- ئەشکەنجەی دەرونیی:
- بردن بۆ لەسێدارەدان و جێبەجێکردنی، بە درۆوە.
- بردنی زیندانیی بۆ جێیەک کە زیندانییەکانی تری لێ ئەشکەنجە دەدەن.
- بردنی زیندانیی بۆ جێیەک کە ئەندامانی تری بنەماڵەکەی لێ ئەشکەنجە دەدەن.

3- ئەشکەنجەی تایبەت بە ئافرەتان:
- هەڵواسینی زیندانیی بە مووی سەری و لێدانی بەو شێوە هەڵواسراوییە.
- دەستدرێژییکردن بۆ ئافرەتان (لە ڕاستییدا خومەینی لەو باوەڕەدایە کە ئافرەتی زیندانیی کۆیلەی پاسدارەکانن!)

جۆری ئەشکەنجەدان لە زیندانێکەوە بۆ زیندانێکی تر و لە ئەشکەنجە دەرێکەوە بۆ ئەشکەنجەدەرێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

**بە فەرمانی سەدام حوسێن، 8000 بارزانیی زیندەبەچاڵ کران**

لە بەشەکانی پێشودا گوتم سەدام حوسێن لە پرۆسەیەکی کورتدا دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی 1975 دا، ئەو گوندانەی کوردستانی وێرانکرد کە داسەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتییان بەسەردا دژوار بوو. دوای وێرانکردنی ئەو گوندانە کە ژمارەیان نزیکەی چوار هەزار گوند بوو، خەڵکی گوندەکانی گواستەوە بۆ ژمارەیەک ئۆردووگای زۆرەملێی و لەو ئۆردووگایانەدا جێگیریکردن. ئەو ئۆردووگایانە خەڵکی جۆراوجۆر و هەمەچەشنەیان لێ کۆکرابووەوە کە بارزانییەکانیش بەشێک بوون لەوانەی کە لە ئۆردووگاکانی قوشتەپە، قودس، قادسیە، بەحرەکە، دیانا و هەریردا کۆکرابوونەوە.

ڕژێمی بەعس زەوی دانیشتووانی ئۆردووگا زۆرەملێکانی زەوتکرد و ناوچەکەیانی بە ناوچەی قەدەغەکراو دانا و ڕایگەیاند کە هیچ کەسێک مافی چوونی بۆ ئەو ناوچانە نیە. بەگوێرەی یاسای بەعس، ئەگەر کەسێک لەو ناوچانە دەستگیربکرایە، سزاکەی مەرگ بوو. بەو جۆرە، خەڵکە جێگیرکراوەکان لەو ئۆردووگایانەدا لە زەوی و سامانەکانیان بێبەشکران و ڕووبەڕووی هەژاریی و نەداریی و ئازاری دەرونیی بوونەوە.

ڕژێمی بەعس دوای گواستنەوەی بارزانییەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی سەروو، ئەوسا بۆ زەبرلێدان لە ورەی پێشمەرگە و بەچۆکداهێنانی بزوتنەوەی کورد، هەروەها بە مەبەستی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد، لە ڕۆژانی 1362/5/10 (1983/7/31) تا 1362/5/20 (1983/8/10) دا، هەڵیکوتایە سەر ئەو ئۆردووگایانە و پتر لە 8000 بارزانیی نێرینەی لە تەمەن 10 ساڵەوە گرت و بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری سەربازیی بردنی بۆ بیابانەکانی باشوری عێراق و زیندەبەچاڵیانی کرد.

تاوانی ڕژێمی بەعس و ئەو زیانە زۆر و قەرەبوونەکراوەی کە سەدام حوسێن لە بنەماڵەی ئەو 8000 مرۆڤە و عەشیرەتی بارزان و بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردی دا، ویژدانی هەموو مرۆڤدۆستانی کورد و بێگانەی بریندار کرد. سەیر ئەوەیە کە ئەو کارەساتە سامناکە نەیتوانی لە کاتی خۆیدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە جیهاندا بێداربکاتەوە و پێش بە

سەرەڕۆیی و تاوانەکانی سەدام بگرن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان نەهاتن لەو کارەساتە بکۆڵنەوە و دەستی سەدام حوسێنیان بۆ تاوانی گەورەتر والآ کرد. دوای ئازادبوونی بەشێک لە باشوری کوردستان لە ساڵی 1991 دا، ئۆردووگانشینەکان بەرە بەرە بە یارمەتی حکومەتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان، گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، بەڵام هاوسەرانی بارزانییە ئەنفالکراوەکان، نزیکەی بیست ساڵ چاوەڕوانیی گەڕانەوەی هاوسەرەکانیان بوون. لەو ماوەیەدا بەرگی ڕەشیان دانەکەن و بۆ ژیانێکی نوێ هەوڵیان نەدا، تا سەرئەنجام سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانیی بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ مامۆستایانی ئاییینیی کوردستان، داوای لێکردن کە چیتر چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرەکانیان نەبن و دەستبکەن بە ژیانێکی نوێ.

ساڵی 2003 کە ڕژێمی بەعس لە لایەن ئەمریکا و ئینگلیز و بە هاوکاریی گەلی کورد، کۆتایی بە ژیانی هات و عێراق ئازاد کرا، حکومەتی کوردستان "کابینەی پێنجەم" بەشوێن ئەنفالکراوەکاندا گەڕا و ڕۆژی 2005/5/19 توانی لەو 8000 بارزانییە بێسەرشوێنکراوانە، تەرمی 500 کەسیان لە بیابانەکانی باشوری عێراقەوە بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و لە ڕێوڕەسمێکی شیاودا گەلی کوردمان لە هەولێر پێشوازیی لەو شەهیدانە کرد و دواتر تەرمەکانیان گەڕاندەوە بارزان و لە سەر شانی سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانیی و نێچیرڤان بارزانیی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن.

شایانی باسە کە لە بەشی **"شەڕی ئێران و عێراق"** دا، ئاماژەم بۆ تاوانەکانی تری سەدام حوسێن و ئەنفالی شوێنەکانی تری کوردستان کرد. لێرەدا پێویستە جارێکی تریش بە هۆی سامناکیی ئەو تاوانانەوە، بڵێم، بەرلە کارەساتی ئەنفالکردنی بارزانییەکان، ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1980 وە دەستی کردبوو بە ڕاونان و گرتن و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان. ناسنامەی 215 هەزار کوردی فەیلیی سەندەوە و بە بێ ئەوەی کە هیچ پێویستییەکی ژیانیان جگە لە جلوبەرگەکانیان بداتێ، ڕەوانەی ئێرانیانی کرد. لە ئەنجامی ئەو تاوانەدا، ڕژێمی بەعس نزیکەی یەک میلیۆن کوردی فەیلیی لە عێراق دەرکرد.

هـــەروەها دوای ئـــەنفالکردنی بارزانییـــەکان، لـــە ســـاڵی 1987 وە دەستیکرد بە ئەنفالی گەلی کورد. سەرەتا بە گازی کیمیایی ناوچەکانی خۆشـناوەتی، بالیسـان، بادینـان، دۆڵـی جافـەتی کیمیابیبـاران کـرد و سـەرئەنجام لـە هەڵەبجـە 5000 کەسـی بـە گـازی کیمیـایی خنکانـد و 12000 کەسیشـی بریندار کـرد. ڕژێمـی بـەعس دواتـر ڕێـی ئـەنفال و ژینۆسایدی گەلی کوردی گرتەبەر و لـە ئـەنفالێکی گـەورەتردا، پـەلاماری ڕۆڵـەکانی گـەلی کـوردی دا و نزیکـەی 182 هـەزار کەسـی گـرت و بـە چەشنی بارزانییـەکان، زیندەبەچاڵی کردن. هـەر وەک ئاماژەم بۆ کـرد، دوای ڕوخانی ڕژێم لە ساڵی 2003 دا، گەڕان بە دوای ئەنفالکراوەکاندا دەستیپێکرد و حکومـەتی کوردستان دەیان گـۆڕی بەکۆمـەڵی دۆزییـەوە. سـەرئەنجام لـە پرۆسـەیەکی بەردەوامـدا ڕۆژی 2008/1/14 وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان و ئـەنفالکراوەکانی کوردسـتان 365 تـەرمی تـری ئـەنفالکراوەکانی گەڕانـدەوە بـۆ کوردسـتان و دوای ڕێوڕەسمێکی شکۆدار کە لە پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر کرا، تـەرمی قوربانییـەکان کە خـەڵکی گوندەکانی شارۆچکەی دوکان بوون، گەڕانـدەوە دوکان و بـە خاکی پیرۆزی کوردستانیان سپاردن.

هاوکـات لەگـەڵ پرۆسـەی گـەڕان و دۆزینـەوەی ئەنفالکراوەکانـدا، حکومـەتی کوردسـتان بـەگوێرەی بەڵگەنامەیـەکی حاشاهەڵنەگر، داوای لێپرسینەوەی تاوانبارانی ئەنفالی کرد. لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە:

**بڕیـاری س . ف/٤٠٠٨ لـە بـەرواری ١٩٨٧/٦ فەرمانـدەی بیـرۆی بـاکوڕ سکرتاریەت مێژوو ١٩٨٧/٦/٢٠ ژمارە ٢٠٠٨/٢٨ دەستنوس ش : ٣٨١٠ لە فەرماندەی بیرۆی باکوڕەوە بۆ : فەرماندەی فەیلەقی یەک، فەرماندەی فەیلەقی دوو، فەرماندەی فەیلەقی پێنج. 12533- 1987/6/23**

**بابـەت: مامەڵـەکردن لەگـەڵ ئـەو گوندانـەی کـە لـەبـەر هـۆی ئـەمنیی قەدەغەکراون.**

**بـە هـۆی ئـەو ڕاستییەی کـەوا دوا مۆڵـەتی بڵاوکـراوەی ڕەسمیی بـۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانەی لە ١٩٨٧/٦/٢١ دا تەواو دەبێت، بڕیارماندا کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە ١٩٨٧/٦/٢٢ وە جێبەجێبکەین:**

1- هەموو ئەو گوندانەی کە گێرەشێوێنەکان ـ بەکرێگیراوەکانی ئێران (ینک) و خیانەتکار (پدک) و خیانەتکارەکانی تری لەو شێوەیە بۆ عێراق ـ هێشتا تیایاندان، لەبەر هۆی ئەمنیی بە قەدەغەکراو دادەنرێن.

2 - بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ بە تەواویی لەم ناوچانەدا قەدەغەیە و ئەمانە بە ناوچەی کاری سەربازیی دادەنرێن. هێزەکانیش دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان و بە بێ هیچ ڕێگرییەک تەقە بکەن، ئەگەر بارەگاکەمان هیچ ئامۆژگاریی تری نەدابێت.

3- چوون و هاتن بۆ ئەو ناوچانە، هەروەها هەموو چالاکییەکی کشتوکاڵیی، ئاژەڵداریی و پیشەسازیی قەدەغە دەبێت و دەزگا پسپۆڕەکانیش لە سنوری دەستەڵاتی تایبەتیاندا، چاودێرییان دەکەن.

4- فەرماندەی فەیلەقەکان، بۆمبارانی گۆترەیی ئەو ناوچانە دەکەن، بە بەکارهێنانی تۆپ و کۆپتەر و فڕۆکە لە هەموو کاتەکانی شەو و ڕۆژدا، بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا هەن بکوژن و ئێمەش لە ئەنجامەکانی ئاگاداربکەنەوە.

5- هەموو ئەو کەسانەی لەو گوندانەدا دەستگیردەکرێن، بە هۆی بوونیان لەو شوێنانەدا دەگیرێن و لە لایەن دەزگاکانی ئەمنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەوانەش کە تەمەنیان لە نیوان ١٥ـ٧٠ ساڵییدایە، پێویستە پاش ئەوەی کە زانیاریی بەکەڵکیان لێوەردەگیرێت، بکوژرێن، ئاگادارمان بکەنەوە.

6- ئەو کەسانەی کە تەسلیم بە حکومەت، یان ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعس دەبنەوە، لە لایەن دەزگا پسپۆڕەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و بۆ ماوەیەک، ئەوپەڕی ٣ ڕۆژ و لەوانەشە ئەگەر پێویست بێت بۆ ١٠ ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، بە مەرجێک کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئاگادارمان بکەنەوە. ئەگەر لێکۆڵینەوەکە کاتێکی زۆری پێویست بوو، ئەوا پێویستە ڕەزامەندیی ئێمە بە تەلەفۆن، بروسکە، یان لە ڕێگای هەڤاڵ تاهیر العانی وە وەربگیرێت.

7- هەموو ئەو کەلوپەل و سامانانەی کە موستەشارەکان، یان جەنگاوەرەکانی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیی، بە هی خۆیان

**دادەنرێن. تەنیا چەکی قورس، دامەزراو و ناونجی نەبێت، دەتوانن چەکە سوکەکان بۆ خۆیان هەڵبگرن، بەڵام تەنیا لە ژمارەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە، پێویستە فەرمانەدەی بەتالیۆنەکان بە پەلە ئەم مەسەلەیە لە موستەشار و فەرماندەی لیوا و سریەکان بگەیەنن و پێویستە زانیاریی تەواومان دەربارەی چالاکییەکانیان لەناو فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانییدا بدەنێ.**

**ئیمزا / علي حسن المجید**

**ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی، سکرتێری باکور**

حکومەتی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدانی ئەنفال، ڕێکخراوە خێرخوازەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ، شکاتیان لە تاوانبارانی ئەنفالی بارزانییەکان و ئەنفالکراوەکانی تر کرد. نۆ کەس لە تاوانبارەکان لە دەست عەدالەت ڕایانکرد و لە عێراق دەرچوون، بەڵام حەوت کەسیان گیران. لەو بارەیەوە لە سایتی "زاگرۆس" دا هاتووە:

- (ڕۆژی دووشەممە 2009/2/3 یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی بێسەروشوێنکردنی 8 هەزار بارزانیی بە سەرپەرشتیی دادوەر "ڕەئوف ڕەشید عەبدولڕەحمان" دەستیپێکرد. لەو دادگاییەدا جگە لە 9 تاوانبارە هەڵاتووەکە، حەوتیان لە ناو قەفەسدا ئامادەبوون، دادوەری دانیشتنەکە لە کۆی وتەی 8 سکاڵاکار، تەنیا وتەی یەک سکاڵاکاری وەرگرت، لە دانیشتنی دووەمی ڕۆژی سێشەممە 2009/3/3 دادوەر ڕێ بە سێ سکاڵاکاری تر دەدات بۆ ئەوەی سکاڵاکانیان پێشکەش بە دادگا بکەن.

**سەرئەنجام** دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ڕۆژی 2010/1/17 لەسەر دۆسییەی کیمیایی بارانکردنی هەڵەبجە، بڕیاری لەسێدارەدانی تا مردنی بۆ عەلی حەسەن مەجید، بڕیاری سەپاندنی 10 ساڵ زیندانیی بۆ فەرحان موتڵەگ و 15 ساڵ بۆ سوڵتان هاشم و 15 ساڵیش بۆ سابیر دوری دەرکرد و عەلی حەسەن مەجیدی ناسراو بە عەلی کیمیایی لە ڕۆژی 25-01-2010 دا بە سزای خۆی گەیشت.

## کۆماری ئیسلامیی ناوچەی ئالان داگیردەکات

لــــە بەشـــەکانی پێشـــودا، بـــەگوێرەی مێـــژوو، ئامـــاژەم بـــۆ هێـــرش و پەلامارەکانی سوپا، سوپای پاسداران، جاش، بەسیج و هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی ئێران بۆ سەر شار و گوند و جادەکانی کوردستان کرد و باسی پاشەکشەی حیزبە سیاسییە چەکدارەکانی کوردستان و ئێرانم کرد بۆ ناوچەی ئالانی سەردەشت. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا کە ڕژێم بۆ شکاندنی ڕێکخراوە سیاسییە چەکدارەکان دەیدا، ئالان ببوو بە ئێرانێکی بچوک بۆ ڕێکخراوە سیاسییە چەکدارەکان و خەڵکی ئاوارەی شار و گوندەکان. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، تا کۆمەڵە، چەند جۆرە چریکی فیدایی، ڕێکخراوی کارگەرانی شۆڕشگێڕ "راە کارگر"، موجاهیدینی خەڵک، خەبات و ... تد تێدا کۆببووە.

کۆماری ئیسلامیی دوای داگیرکردنی جادەی شنۆ - نەغەدە، مهاباد - پیرانشار، میاندواو - بۆکان، بۆکان - ساینقەڵا و پیرانشار - سەردەشت، ئەم جارە بە کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر و هەمەچەشنە، ڕۆژی 1362/7/25 (1983/10/17) لەژێر ئاگری قورسی تۆپ و خۆمپارە، لە سەردەشتەوە بەرەو ئالان چوو.

هێزە سیاسیەکانی جێگیر لە ئالان بڕیاریاندابوو بە هەموو توانایانەوە بەرگریی لە ئالان بکەن و نەهێڵن دوژمن ئەو ناوچەیە بگرێتەوە و ناچاریان بکات پەنا بۆ خاکی باشوری کوردستان ببەن و لەوە زیادتر دەست بۆ سەدام حوسێن پان بکەنەوە.

پێشمەرگە و پارتیزانەکان، زنجیرە چیاکانی هۆمل و زەردکێ یان بەرەو سەردەشت گرت و لە هەردوو لوتکە و دامێنی هۆمل دابەزین و ئەو زنجیرە چیایە وەک مەیدانی شەڕی ئێران و عێراقی لێهات. کۆماری ئیسلامیی بە بەردەوامیی ناوچەی ئالانی خستبووە ژێر ئاگری تۆپخانە و بە خۆمپارە لە گوند و شیوەکانی دەدا و بە پاسدار و بەسیجەکانی ڕاگەیاندبوو ئەگەر چیای هۆمل بگرن، سلێمانی دەکەوێتە دەستیان. خۆڕاگریی هێزە سیاسییەکان بە تایبەتیی موجاهیدنی خەڵک، بەرچاو بوو. پارتیزانەکانی موجاهید لە بەرەکانی بەرگرییدا و بەتایبەتیی لە کاتی هێرشی زەمینیی دوژمندا بۆ سەر هۆمل و زەرکێ، قاچی خۆیان بەستبووەوە! تا نەتوانن

پاشەکشە بکەن و قورس و قایم لە سەنگەرەکانیاندا ڕووبەڕووی دوژمن ڕاوەستابوون.
لەو پەلاماردانەی ڕژێمدا، دەیان پێشمەرگە و شەرکەری هێزە سیاسیە ئێرانییەکان شەهید بوون و سەرئەنجام گوشاری ڕژێم بۆ سەر ئالان پەرەیسەند و ڕێکخراوەکانی خستە بواری پاشەکشە کردنەوە، بەڵام ڕژێمی عێراق ڕێی پێنەدەدان کە لە ئاوی هەرزنە بپەڕنەوە و سنوری دەستکرد ببەزێنن. بە ڕواڵەت نەیدەویست پێشمەرگە و چەکداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە لە هەمان ناوچەدا بوون، تێکەڵاوی یەکتر ببن. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە یەکێتی نیشتمانیی و ڕژێمی بەعس لە وتووێژکردندا بوون.
لەو شەڕەدا، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات توشی سەرلێشێواویی ببوو. دۆکتۆر قاسملوو لە سەفەری ئەوروپاوە گەڕابووەوە بۆ بەغدا، بەڵام بە ڕواڵەت بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بۆ ئەو دۆخە نالەبارە و وەرگرتنی ئیزن لە ڕژێمی بەعس بۆ ئەوەی کە بارەگای سەرکردایەتی، نەخۆشخانە، زیندان، ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی حیزب بباتە ناوچەکانی باشوری کوردستان بەرامبەر بە ئالان، نەدەگەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی. مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە و جەلیل گادانی لە ناوچەی مهاباد لەگەڵ دەفتەری سیاسی ژمارە یەک بوون. مستەفا شەڵماشی خەریکی خۆئامادە کردن بوو کە لە جێی مستەفا هیجری بچێتە پاریس و بۆ ماوەی شەش مانگ لەوێ سەرپەرشتیی کاروباری دەفتەری حیزب بکات. مستەفا هیجری لە پاریس گەڕابووە و لە پشووداندا بوو. دۆکتۆر سادق شەرەفکەندیی دژی نەگەڕانەوەی دۆکتۆر قاسملوو مانی گرتبوو. هەرچەندە لە بارەگای دەفتەری سیاسی بوو، بەڵام ئامادە نەبوو جگە لە کاری ڕادیۆ، هاوکاریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بکات. تەنیا کەسێک کە لەو هەلومەرجە دژوارەدا بەرپرسیاریی حیزبی کەوتبووە سەرشان، فەتاح کاویان بوو کە ئەویش بە تەنیا نەیدەتوانی بەسەر کێشەکاندا زاڵ ببێت.
سەرئەنجام ڕژێمی بەعس، ئیزنی بە ڕێکخراوە سیاسییەکان دا کە بەشێک لە ئۆرگانەکانیان لە سنوری دەستکرد بپەڕێننەوە و پێشمەرگەکانیان بهێڵنەوە کە بەربەرەکانیی کۆماری ئیسلامیی بکەن.

ناوچەی "سەفرە و زەرون" تا دەگاتە "گەڵاڵە" بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان دیارییکرا بوو.

کۆماری ئیسلامیی بەو گوشارە زۆرەی کە بۆ سەر ئالانی هێنابوو، توانی دوای بەربەرەکانێیەکی توند و خۆڕاگرانەی هەشت ڕۆژەی پێشمەرگە و موجاهیدەکان، ڕۆژی 1362/8/4 (1983/10/26) بەرزاییەکانی هۆمل و زەرگێ داگیر بکات و بەسەر ئالاندا زاڵ ببێت. لەو ڕۆژەدا زۆربەی دانیشتووانی ئالان و سەرکردایەتی و ئۆرگانی حیزبەکان و بەشێک لە پێشمەرگەکان لە گوندەکانی ئالان و بناری هۆمل پاشەکشەیان کرد و شێوازی شەڕی پارتیزانییان گرتەبەر. پاشەکشەی خەڵکەکە لە ئالان، بە ڕادەیەک خەفەتبار بوو کە مێشکی مرۆڤی دەهەژاند. موجاهیدەکان کە بیریان لە پاشەکشە نەکردبووەوە، کاتی پاشەکشەکردنیان بەشێک لە چەکە قورسەکان و کەلوپەلێکی زۆریان فڕێدایە ناو گۆمی هەرزنەوە. ئافرەتی وا هەبوو دوو منداڵ بە شانەوە لە ئاو دەپەڕییەوە و کەسی وا دەبینرا کە بە کۆڵە بارێکەوە دەچووە بەری باشور و هەر کەسەی بە شوێنێکدا و بە جۆرێک خەریکی خۆڕزگارکرن بوو. زۆر بە داخەوە کاتی پەڕینەوە لە ئاوی هەرزنە کە تەنیا بەراویی پەڕینەوەی ناوچەکە بوو، ئاو منداڵێکی ساوای خانمێکی برد و کەس نەیتوانی بیگرێتەوە.

هەر وەک گوتم، لەو شەڕەدا دەیان پێشمەرگە و شەڕکەری موجاهید و هێزە ئێرانییەکان شەهید بوون کە من بە تەنیا ناوی شەهیدەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتم لەبەر دەستدایە:

**شەهیدەکانی کۆمەڵە:** مارف کەمانگەر، مەهدی ئاقابەگی، سەدیق کەمانگەر، عەباس خدری، عەبدوڵا حەیدەری، خالید زەند، عومەر عەبدوڵایی، عەلی خاکیی لە ڕۆژی 1362/7/25 (1983/10/17) و نیعمەت سەفایی و جەبار وەهابیی ڕۆژی 1362/8/3(1983/10/25) شەهید بوون.

**شەهیدانی حیزبی دیموکرات:** بەهمەن بامروەت و جاسم ڕەمەزانی پێشمەرگەی هێزی شەهید سمکۆ لە 1362/7/25 (1983/10/17) و ئیسماعیل ئاشنا و عەزیز شەریعەت پەنا ڕۆژی 1362/7/29 (1983/10/21) لە هێزی موعینی شەهید بوون.

## تێکشکانی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی
## لە ناوچەی بانە

دوای داگیرکردنی ناوچەی ئالان، کۆماری ئیسلامیی کۆمەڵێکی زۆر پاسدار و بەسیج و جاش کۆدەکاتەوە کە ناوچەی بانە بەرەو سنوری دەستکردی عێراق لە پێشمەرگە پاکبکاتەوە و جادەی بانە - ئالان و بەرزاییەکانی سورکێو داگیر بکات. بۆ ئەو مەبەستە ڕۆژی 1362/10/7 (1983/12/27) لە تاریکیی شەو کەڵکوەردەگرێت و خۆی دەگەیەنێتە بەشێک لە بەرزاییەکانی سورکێو، موچە و گەرماو. لە گوندی "سالوکی خواروو" نزیکەی پەنجا پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ناو مزگەوتی گوند گەمارۆ دەدات و پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدوڵا سەید مورادی شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار دەکات کە یەکێک لە بریندارەکان بە ناوی ڕەزا جەوادی ڕۆژی 1362/10/14 بە هۆی قوڵیی برینەکەی، شەهید بوو.

لە ئەنجامی شەڕێکی قورسدا، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارەکانی ڕژێم دەکوژرێن و بریندار دەبن و 68 چەکداریش لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە بە دیل دەگیرێن. بۆ زانیاریی پتر لەو شەڕە و ئاکامەکەی، بە تەلەفۆن پەیوەندییم کرد بە فەتاح ئەحمەدیی فەرماندەی هێزی شەهیدانی وێردیەوە و لەو بارەیەوە گوتی:

**- (هەواڵمان پێگەیشت کە دوژمن نزیکەی 20 هەزار پاسدار و بەسیجیی لە بانە کۆکردووەتەوە و دەیەوێت هێرش بکات. ئێمە هێزەکەمان ئامادە کرد و لەگەڵ کاک عیزەت پەیڕەوان کە جێگری هێز بوو، لە تاژەبان، موچە، نیروان و نزیک ئارمەدە بڵاومانکردنەوە. لە تاژەبان بووم کە لە سالوکی خواروو تەقە پەیدابوو. نزیکەی 50 پێشمەرگەی کۆمەڵە شەو دەچن لە مزگەوتی گوندی سالوکی خواروو دەنوون. دوژمن کە بە شەو خۆی دەگەیەنێتە سالوکی خواروو، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناو مزگەوتدا گەمارۆدەدات و تەقەیان لێدەکات و پێشمەرگەیەک شەهید و سێ پێشمەرگەش بریندار دەکات.**

**دوای ئەو تەقەکردنە، لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستیپێکرد. پاسدار و پێشمەرگە تێکەڵی یەکتر ببوون. هێشتا تاریک بوو. چەند پێشمەرگەی راه کارگر "ڕێکخراوی کارگەرانی شۆڕشگێڕ" دەیانەوێت پاشەکشە بکەن، دوو**

کەسیان لە بەرزاییەکانی سورکێو بەسەر ئەو مینانەی دەکەون کە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس چاندبوونی و شەهید دەبن. بنکەی ڕێکخراوی خەبات لە پشت سورکێو بوو کە پێشمەرگەکانی ئەوانیش بە دەنگ تەقەکەوە هاتن و شێخ عەبدولکەریم بریندار بوو.

لە نێوان گوندەکانی "شیوەڵە" و "تاژەبان" دا کۆمەڵێکی زۆر پاسدار و بەسیج لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە گەمارۆدران و ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچوو. شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا و دوژمن بە کوژراو و برینداریکی زۆرەوە پاشەکشەی کرد. ئێمە 68 کەسمان بە دیل گرت لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر چەک و چەند برینداریک کە ئازادمان کردن. ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە دەستکەوتەکانی خۆمان ژمارەیەکمان دا بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ڕۆژی دوایی دیلەکانمان ڕەوانەی بەندیخانەی ناوەندیی حیزب کرد.).

## کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەگوێرەی پرۆگرامی دیارییکراو، ڕۆژی 1362/11/2 (1984/1/22) بە بەشداریی 230 نوێنەر لە گوندە وێرانکراوەکەی "گەلاڵە" لە ناوچەی شینکایەتی سەر بە پارێزگای سلێمانی کۆنگرەی شەشەمی خۆی پێکهێنا. جەلال تاڵەبانیی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و لیژنەیەک لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران، وەک میوان بەشداریی کۆنگرەی شەشەمیان کرد.

بەرلە پێکهاتنی کۆنگرە، لەگەڵ کەریم حەداد و مەلا محەمەد موراد ڕەسوڵیی لە باساوێ لە ژوورەکەی مندا خەریکی خۆئامادەکردن بووین کە بچین بۆ گەلاڵە، دوو فڕۆکەی F4 هاتنە سەرمان و باساوێ و زەوی و سەر تەپۆڵکەکانی نێوان باساوێ و ڕوباری باساوێیان بە خەستیی بۆمبباران کرد. لە ئەنجامی ئەو بۆمببارانکردنەدا، گوێدرێژێک کوژرا و ئەسپێکیش قاچێکی پەڕی و کۆمەڵێکیش پڕیشکی ئاسن و بەرد و خۆڵ بەسەر گوندی باساوێ و زیندانددا باری. هەر لەو کاتەشدا دوژمن بە تۆپ و خۆمپارە ناوچەی سەفرەوزەرونی بۆمبباران کرد و دەیویست لەگەڵ تێکدانی کۆنگرەکە، زیان بە بەشدارانی بگەیەنێت. ڕادیۆی کۆماری ئیسلامیی لە هەواڵەکانی کاتژمێر 2 ی ئەو ڕۆژەیدا ڕایگەیاند کە ئۆردووگایەکی سوپای عێراقی لە گەلاڵە بۆمبباران کردووە و زیادتر لە 80% ی لەناوبردووە!

بەرلەوەی کۆنگرەی شەشەم پێکبێت، دوکتۆر قاسملوو لە نیوەی دووەمی مانگی گەلاوێژی 1362 (ئاوگوستی 1983)، واتە پێنج مانگ بەرلە کۆنگرەی شەشەم، نامیلکەیەکی تیۆریی بە ناوی "کورتە باسێک لەسەر سۆشیالیزم" لە کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزب بڵاوکردەوە کە لە کۆنگرەی شەشەمدا بیکات بە ڕێبازی دوارۆژی حیزبی دیموکرات. دوکتۆر قاسملوو کورتەباسی وەک ئەڵتەرناتیڤی پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات، لە ڕووی پرۆگرامی حیزبی کۆمونیستی فەرەنسە و ئیتالیا ئامادەکردبوو. دوکتۆر قاسملوو سەبارەت بە

ئامـادەکردنـی نامیلکـەی کورتـەباس و بردنـی بـۆ کـۆنگرەی شەشـەم لـە پاشکۆی "تێکۆشەر" ژمارە 27 بڵاوکـراوەی نـاوخۆی حیزبـی دیمـوکرات، لـە مانگی خاکەلێوەی 1368 (1989) دا دەڵێت:

- (هەرچەنـد تودەییـەکانی نـاو حیـزب ئینشـعابیان کـرد، بـەڵام بیروباوەڕی تودەیی، ئەوەی کە پێمان دەگوت "تودەئیسم"، یانی دەروێش مـەئابی بەرامبـەر بـە موسکۆ و وڵاتـەکانی سوسیالیستیی لـە حیزبـی ئێمەدا تا ڕادەیەکی بەرچاو مابوو، تا گەیشتینە کۆنگرەی پێنجەم.

لە کۆنگرەی پێنجەمدا وەزعی حیزبەکەمان لە چەند بارەوە زۆر باشتر ببوو. یەکێکیان ئەوە کە حیزب خۆی گرتبوو و توانیبووی موقاوەمەت بکا لـە بەرامبـەر کۆمـاری ئیسلامیی‌دا و زەربـەی لـێ بـدا. لـە نەتیجـەدا شەخسییەتێکی زۆر تایبـەتی بـۆ خـۆی و مەسئوول و بـەنفووز نـاوی لـە سەرانسـەری ئێـران‌دا دەرکردبـوو. لـە پاشـان چونکـە بەرەبـەرە ئینشعابییەکان بڵاوببوونەوە و شوێنەوارێکی ئەوتۆیان نەمابوو و حیزب لـەم تاقیکردنەوەیـەدا سـەرکەوتوو هـاتبووە دەرێ، توودەئیسـم لـەنێو حیزبدا کز ببوو و بە ئاشکرا خۆی نەدەنواند. بێجگە لـەوە تـا ڕادەیـەك شێوەی ئوسوولی کـاری تەشکیلاتی، کـاری حیزبـی، شێوەی پێوەنـدیی دێمـوکراتیکی نێوخـۆیی حیـزب لـە حیـزبدا جێگیـر ببـوو. فێـر دەبـووین کونگرە چۆن بگیرێ، کونفڕانس چۆن بگیرێ، لـە کونگرەدا نـەزەر چۆن بدرێ، هەڵبژاردنـی دێموکراتیك هـەبێ. هـەمووی ئەوانـە حیزبـی ئێمـەی بەرەو پێشەوە بردبوو. بۆیە بە نەزەری من کونگرەی پێنجـەمی ئێمـە لـە کـونگرەی چـوارەم زۆر باشـتر بـوو. بـەڵام هـەروا کـە گـوتم و کـونگرەی پێنجەمیش دەریخست، ئەو شێوە فکر کردنـەوەی حیزبی توودە لە حیزبی ئێمەدا هەر مابوو. بەرەبەرە دەرکەوت کە ئـەو شێوە بیرکردنـەوە نـەك هـەر مـاوە، بـەڵکوو پاش ماوەیـەك کزی و بێدەنگی بەداخـەوە خـەریکە سەرلـەنوێ پەرە دەستێنێ و بەدەنەی حیزبیش دەخوا. ئەوە بوو کە فکری ئەوەمان کردەوە ئێمە کارێکی وابکەین مەرزبەندییەك بکرێ لـە بـەینی حیزبی دێموکرات و بیروباوەڕی توودەیی، یانـی بیروباوەڕی بوروکراتیکی سانترالیستی یا ئیستالینیستی. ئـەوە بـوو کـە "کورتـە باسێك لەسـەر سوسیالیزم"مان ئامـادە کـرد بـۆ کونگرەی شەشـەم. لـە واقیـعدا بـوو بـە

بەینی هەموو ئەو کەسانە کە هێشتا بیروباوەڕی توودەیی‌یان هەبوو و بەینی ئەوانە کە بەتەواوی دێموکرات بوون و ڕێگایەکی سەربەخۆ و دێموکراتیك و بلێین "میللی" لە باری کوردایەتی‌یانەوە گرتبوە پێش. بەڵام "کورتەباس" کە پاش کێشەیەکی زۆر لە کونگرەی شەشەمدا سەرکەوت، مەرزبەندی کرد نەك هەر لەگەڵ توودەئیسم و بلێین ئیستالینیسم، بەڵکوو دەگەڵ ناسیونالیزمی عەشیرەتییش. چونکە لە واقیعدا لە قەدیمەوە لە جووڵانەوەی کورددا دوو شت هەبووە: یان حیزبی کومۆنیستی عێراق هەبوو کە هەر ئەو توودەئیسمە بووە و سەربە سۆڤیەت بووە، یان پارتی هەبووە کە بەتەواوی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی عەشیرەتی بووە. ئەو شتێکی پێشکەوتووی ئەوتۆی تێدا نەبووە. حیزبی دێموکرات بەتایبەتی لە ساڵی 49وە کە دەستی بە زیندووکردنەوەی تێکۆشانی ئوسووڵی کردبۆوە، دەیهەویست لە عەینی وەختدا کە حیزبێکی پێشکەوتووە و ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ نیە و دژی ڕەوابیتی عەشیرەتییە و حیزبێکی دێموکراتیکە، لە عەینی وەختیشدا خۆی لە توودەئیسم بپارێزێ، یانی دەرویش سیفەت و نۆکەری گوێ لەمستی کەس نەبێ، بەهۆی "کورتەباس" لە واقیعدا ئەو مەرزبەندییەمان لە کونگرەی شەشەمدا بەڕەسمی بەجێ گەیاند. هەر بۆیە ئەو دوو فراکسیۆنە لە کونگرەی 6دا تا ڕادەیەکی زۆر یەکتریان بە دژی "کورتەباس" گرتبوو. لە کونگرەی شەشەمدا "کورتەباس" سەرکەوت و زەبرێکی گەورەی لە هەردووکی ئەم دوو جەرەیانە لەمێژینەی نێو حیزب دا. بەڵام دیارە دیسان بەتەواوی ریشەکێشی نەکرد. دوای کونگرەی شەشەمیش شێوەی بیروباوەڕی عەشیرەتی هەرچەند تەقریبەن لەبەین چووبوو، بەڵام شێوەی کاری عەشیرەتی یانی رابیتەی عەشیرەتی تا ئەندازەیەك هەر مایەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بیروباوەڕی توودەییش بەتەواوی لەبەین نەچووبوو و ئەویش هەر مایەوە. بەڵام ئەم دوو جەرەیانە چونکو زۆر کز ببوون، بەناچار بۆ خۆڕاگرتن لە بەرامبەر جەرەیانی ئەسڵی و ئوسووڵیی دێموکراتدا، ئەمجارەیان ڕوویان لە یەك کرد و بەرەبەرە یەکیان گرت.).

دوکتۆر قاسملوو بەرلە تاوانبارکردنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە تودەیی و نۆکەرایەتی کردنیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بە گوێرەی پرینسیپی حیزبیی، دەبووایە کورتەباس کە "لادان بوو لە ئامانجی حیزبی دیموکرات لە سۆسیالیزمەوە بۆ سۆسیال دیموکراسیی" بدات بە ڕێکخراوەکانی حیزب و دوای باس و وتووێژی ئەندامان و پەسەندکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، ئەوسا لە کۆنگرەدا دەنگی بۆ وەربگیرێت، کەچی دەفتەری سیاسی، یان باشترە بڵێین دوکتۆر قاسملوو ئەو ئەرکەی بەجێنەهێنا و ڕاست کورتەباسی هێنایە کۆنگرەی شەشەمەوە کە ئەوەی کارێکی تەواو خێڵەکیی بوو، نەک دیموکراتیی و دواتریش مێژوو پێشانیدا کە ئەو کەسانەی دوکتۆر قاسملوو بە تودەیی و تودەییزم و نۆکەریی سۆڤیەت ناوی دەبردن، کەسیان تودەیی نەبوون، بەڵکوو ئەندامانی کارامە و بە ئیمان و خاوەنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانیی بوون لە حیزبی دیموکرات کە دژی تاکڕەوییەکانی دوکتۆر قاسملوو بوون لەناو حیزبدا.

من و فەرەیدون میتران بە هۆی کەریم حیسامییەوە لە ئالان چاومان بە نامیلکەی کورتەباس کەوتبوو. دوکتۆر قاسملوو نوسراوەکەی دابوو بە کەریم کە بیخوێنێتەوە و ڕای خۆی پێڕابگەیەنێت، ئەویش هێنایە لای ئێمە و وتووێژمان لەسەر کرد. هەرچەندە حیسامی دژایەتی خۆی لەگەڵ کورتەباس ڕاگەیاند، بەڵام دوکتۆر قاسملوو وتەکانی بە هێند نەگرت. ئاکامەکەی بەوە گەیشت کە لە 24 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی پێنجەم، جگە لە ئەحمەد جاویدفەر کە شەهید کرابوو، 14 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی لە کۆنگرەی شەشەمدا دژی کورتەباس قسەیان کرد.

دوکتۆر قاسملوو لە وتاری خۆی لە پیلینۆمی 15 "پیلینۆمی دووەمی دوای کۆنگرەی شەشەم" کۆمیتەی ناوەندیدا کە ڕۆژی 1363/5/24 (1984/7/15) گێڕا و کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە مانگی بانەمەڕ "گوڵان" ی 1368 بڵاویکردەوە، سەبارەت بە "شیکردنەوەی کورتە باس"، دەڵێت:

**- (زۆر کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی لە کۆنگرەدا مەخالفەتیان لەگەڵ کورتەباس کرد و مەخالەفەتەکەشیان زۆر چالاکانە**

**بوو. هەندێکیشیان کە بێلایەن بوون هەڵوێستیان وەرنەگرت و بێدەنگ بوون، بێجگە لە چەند نەفەرێک قسەیەکیان نەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە یەکگرتووبوون و زیدی کورتەباس بوون، واتە توودەئیستەکان توانیان ئەو قسەیە لە کۆنگرەدا بڵاوبکەنەوە کە گویا "کورتەباس" لە لایەن دوو سێ نەفەرەوە پەسند کراوە. بەڕاستیش ئەوانەی دیفاعێکی جیددیان لە کورتەباس کرد دوو سێ نەفەر زیادتر نەبوون لە حاڵێکدا ئەوانەی کە موخالیفی کورتەباس بوون و قسەیان کرد سێ هێندەی ئەوانە بوون کە دیفاعیان لێکرد. کەوابوو وەزعێکی ئەوتۆ پێکهات کە وا دەهاتەبەر چاو کە بەڕاستی کورتەباس پێشنیاری کۆمیتەی ناوەندی نیە، بەڵکوو هی دوو سێ نەفەرە، چونکە لە زمانی هێندی لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشو ئەو قسەیە بیسترابوو و ئەم باوەڕە لە کۆنگرەدا بەهێزتر بوو.).**

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات لە سەرەتادا زۆر بە هێمنیی و دیموکراتیی بەڕێوەچوو. هەرچەندە سەبارەت بە ڕاپۆرتی سیاسی کۆمیتەی ناوەندیی هەندێ قرە سەریهەڵدا، بەڵام کێشەیەکی مەزنی لێنەکەوتەوە و بە هەندێک بەڵێندانی دوکتور قاسملوو بۆ بەسەرداچوونەوەی ڕاپۆرتەکە کۆتاییهات. لەگەڵ ئەوەشدا میوان و میوانداریی و وتووێژی دیپلۆماتیی سەبارەت بە کورتەباس بازاڕی گەرم بوو. هەڵسوڕانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی و ویسکی بڵاوکردنەوەیان لەناو ئەندامانی نوێنەردا و ڕێزگرتنی ڕواڵەتیی لە بەشدارانی کۆنگرە و بەڵێن و بەڵێنکاریی، گردەڵۆکی ناو دڵی ڕەشی نوێنەرانی لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات داپۆشیبوو.

کاتێک کە نۆرە گەیشتە پەسەندکردنی کورتەباس و ئەندامانی بەڕێوەبەریی کۆنگرە ڕێی قسەکردنی دا بە نوێنەران، کەشی کۆنگرەکە گۆڕا. دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندیی لەو بڕوایەدا نەبوون کە نوێنەرانی کۆنگرە بەو شێوەیە دژ بە کورتەباس بوەستن و سەنگەری لێبگرن. لە دەستپێکردنی نوسینی ناوی ئەندامانی "لەگەڵ" و "دژ"ی کورتەباس دەرکەوت کە ئەوان تا چ ڕادەیەک بە هەڵە چووبوون. بیریان لەوە نەکردبووەوە کە نوێنەرانی کۆنگرە وەک ئەندامانی کۆمیتەی

ناوەنـدیی نـین و لـە خـۆوە مـل بـە قسـە و بۆچوونـەکانیان نـادەن و وەک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەنـدیی کـە لـە ترسـی لـە دەسـتدانی پلـە و پایـەی حیزبیی ناوێرن لە پیلینۆمەکانـدا قسـە بکـەن، لێرەش بێدەنگ دەمێنن. ئەوە بوو کە حسابەکەیان بە هەڵە دەرچوو. لەبەرئـەوە دوکتـۆر قاسـملوو لەو بارەیەوە لە لاپەڕەی 10 ی شیکردنەوەی کورتەباسدا دەڵێت:

**- (ئێمـە لـە دەفتـەری سیاسـی دا بمانزانیبـا بۆچـوونی هێنـدی لـە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەنـدی لـە کـۆنگرەدا ئـەوە دەبـێ کـە بـە چـاوی خۆمان دیتمان بە هیچ جۆرێک حازر نەدەبووین "کورتـەباس" بەرینـە کۆنگرە. چونکە ئەو وەزعە کە لە کۆنگرەدا لەسەر "کورتەباس" پێش هات شایستەی کۆنگرەیەکی حیزبی دیموکرات نەبوو.).**

لـە بەرامبـەر دوکتـۆر قاسـملوو و دوکتـۆر سـادق شـەرەفکەندی و دوو ئەندامی موافقی کورتـەباس "سـەلیم بابـانزادە" و عـەلیڕەزا کـەریمی "عەبووی کەریمی" دا، نزیکەی نیوەی ئەندامانی بەشدار لـە کۆنگرەکـەدا دژی کورتەباس دەستیان بەرزکردەوە کـە کۆمیتـەی بەڕێوەبـەریی کـۆنگرە ناویـان بـۆ قسـە کـردن دژی کورتـەباس بنوسێت. کۆمیتـەی بەڕێوەبـەریی کۆنگرە ناوی 76 ئەندامی نوێنـەری نوسـی و گوتیـان لـەوە زیـادتر کاتمـان نابێت قسـە لەسـەر کورتـەباس بکـەین. بـە ڕاستیی ئـەو وتـەیەی دوکتـۆر قاسملوو لە پیلینۆمی کۆمیتەی ناوەندییدا بە تەواویی ڕاست بـوو، چونکـە شێوەی هەڵسوکەوتی چـەنـد لایـەنگریی کورتـەباس شایسـتەی کـۆنگرەی حیزبی دیموکرات و کۆبوونەوەی ئاسایی دیوەخانی سەرۆک خێڵـەکانیش نەبوو.

دوکتـۆر قاسـملوو بـۆ پەسـەندکردنی کورتـەباس لـە هـەموو شـێوەیەک کەڵکیوەرگرت، بە نهێنی ئەندامانی نوێنـەری بەسەر دەکـردەوە و بـەڵێنی کار و بەرپرسیاریی پێدەدان. بۆ ئـەوەی کـە ترسـی دەرکـردن و ڕاونـان لـە سەری نوێنـەران بسڕێتەوە لـە وەڵامـی پرسـیارێکی ڕەحـیم ئـەمیرییدا کـە پرسـیاریکرد ئـەگـەر هـات و کورتـەباس پەسـەند بکرێت، وەزعـی دواڕۆژی کەسانی دژ بە کورتەباس چۆن دەبێت؟ گوتی:

**- (ئێمـە هـەموومان چ ئـەوانـەی مـوافقی کورتـەباسـن و چ ئـەوانـەش کـە دژن، ئەنـدامی حیزبـی دیمـوکراتین. دوای تـەواوبوونی کـۆنگرە، هـەردوو**

**لامـان دەتـوانین بیـروڕای خۆمـان بـە ڕاشـکاوی لەسـەر کورتـەباس لـە "تێکۆشەر"دا بنوسین و هەوڵ بدەین بە ئامادەبوونێکی پترەوە بەشداریی کۆنگرەی حەوتەم بکەین.).**

کاتێـک کـە کـاتی دەنگـدان بـۆ کورتـەباس هـات، ئێمـە ژمارەیـەک لـە ئەنـدامانی نوێنـەر داوامـان کـرد بـە نهێنـی دەنـگ بـۆ کورتـەباس بـدرێت، بـەڵام دوکتۆر قاسملوو دژی ئـەو ویستـە دیمـوکراتیی و یاساییـە ڕاوەستا و قبـوڵی نـەکرد و گـوتی هـەموو دەتـوانن دەسـت بـەرزبکەنـەوە و کەسـیش شەرم ناکات. لە ئاکامدا دەنگدان بۆ کورتەباس بە شێوەی نایاسایی، بە ئاشکرا و بە دەست بەرزکردنەوە کرا.

کـاتی دەنگـدان لـە 230 ئەنـدامی نوێنـەر، 208 ئەنـدام لـە هـۆڵی کۆنگرەکەدا بوو. بەشێک لەو 22 کەسەی کە هۆڵەکەیان بەجێهێشتبوو، دژی کورتـەباس بـوون، بـەڵام بـۆ ڕاگرتنـی دڵـی دوکتـۆر قاسـملوو و دوکتـۆر شـەرەفکەندیی، بەشـداریی دەنگـدانیان نـەکرد. دوای دوو جـار ژمـاردنی دەسـتی ئەنـدامانی بەشـدار، دەرکـەوت لـەو ژمارەیـە 106 کـەس دژی کورتەباس بوون. ئەو مەسەلەیە کۆنگرەی شڵەژاند. دوکتۆر قاسملوو زویر بوو، کۆنگرەی بەجێهێشت. من و فەرەیدون میتران و سەرهەنگ قادریی پێکەوە دانیشتبووین، دوکتۆر شەرەفکەندیی هاتە لامان و گوتی:

**- (بۆ ئەوەی کۆنگرەکەمان نەشێوێت، پێشنیاردەکەم کورتـەباس نـەک وەک خـەت و ڕێبـازی حیـزب، بـەڵکوو وەک باسـێک بـا لـەنێو حیزبـدا بمێنێتەوە.).**

ئێمە گوتنی دوکتۆر شەرەفکەندیمان پێ جوان و مـاقوڵ بـوو، بـۆ حیزبـی دیمـوکرات کـە حیزبێکـی نەتـەوەیی و نیشـتمانییە و هـەموو جـۆرە ئایدیۆلۆژییەکی تیادا کۆبووەتەوە، پێویستە کورتەباسیش هەبێت، کەچی زوو دەرکەوت کە ئەو پێشنیازەی بۆ فریودان بوو.

دوای زویربـوونی دوکتـۆر قاسـملوو، مـەلا عەبـدوڵا حەسـەنزادە خـۆی گەیانـدە سـەر شـانۆی هۆڵەکـە و لـە لای ئەنـدامانی کۆمیتـەی بەڕێوەبـەر ڕاوەستا و ڕووبەڕووی ئەندامانی کۆنگرە دەستی کرد بە گریان و فرمێسک هەڵڕشتن و گوتی:

**- (ئێمە چ گوناحێکمان کردووە کە زەحمەتمان بۆ حیزب کێشاوە و گەیاندوومانەتە ئێرە، دەبێ پێش بە هەڵوەشانی بگیرێ.).**

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هیچ کەسێک لە کۆنگرەدا دژی پلەداریی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سادق یان مەلا عەبدوڵا نەبوو کە پلەی باڵای حیزبییان هەبێت و حیزب بەڕێوەببەن. ئەوان ڕێبەرانی ئێمە بوون و بە دڵ ڕێزمان دەگرتن و کێشەکە لەسەر ڕێبازی دواڕۆژی حیزب بوو، نەک ئەوەی کە کێ سەرۆکایەتی حیزب بکات.

وتە و گریانی مەلا عەبدوڵا، کاری خراپی کردە سەر ئەندامانی کۆنگرە. "فەریدە" خانمی کچی "ئەحمەد سیمبان" خەڵکی ناوچەی پیرانشار و چەند خانمێکی تری ڕاپەڕاند. ئەوان بە بیستنی ئەو وتە بەسۆزانەی مەلا عەبدوڵا و هەنسکدانی، کەوتنە بیری چارەنوسی خۆیان و دەستیانکرد بە گریان و سکاڵا کردن، گوتیان:

**- (بۆچی لە ماڵ و ژیان و وڵاتی خۆمان هەڵتانکەندین و لە ناو ئەم بستە کێوانەی عێراقیشدا لێمان ناگەڕێن بحەسێینەوە؟).**

داوایانکرد ژمارەیەک بچن پێش بە ڕۆیشتنی دوکتۆر قاسملوو بگرن. دوکتۆر شەرەفکەندیی بە بینینی ئەو دیمەنە، 180 پلە سوڕایەوە و بە پێچەوانەوە پێشنیازەکەی دەربارەی مانەوەی کورتەباس، بە چەشنی باسێک لە ناو حیزبدا، هەستایە سەرپێ و گوتی:

**- (من و دوکتۆر قاسملوو دەڕۆین و حیزب بەجێدەهێڵین، با فەرەیدون میتران و حامید گەوهەریی حیزب بەڕێوەببەن.).**

دوکتۆر شەرەفکەندیی بەو چەواشەکارییەی، توانی کێشەی کورتەباس لە حاڵەتی سیاسی و تیۆرییەوە بباتە سەر هەڵسەنگاندنی کەسایەتی خۆی و دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ من و فەرەیدون میتران کە کادیرێکی پاک و خزمەتکار بووین و هەرگیز بیرمان لە پلە و پایەی حیزبیی نەدەکردەوە.

بەو وتەیەی، شەرەفکەندی نوێنەرانی کۆنگرەی توشی بڕیارێکی ناڕەوا و نادادپەروەرانە کرد. نوێنەرانی کۆنگرە دەبووایە لە نێوان دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر سادق و کورتەباس لە لایەک و فەرەیدون میتران و حامید گەوهەریی لە لایەکەی تردا، یەکێکیان هەڵببژێرن کە لەو

حاڵەتەدا بۆ مانەوەی حیزب و پێشگیرییکردن لە هەڵوەشانی، ئێمە بۆ خۆشمان دەنگمان بە دوکتۆر شەرەفکەندیی و دوکتۆر قاسملوو دەدا و ئەوانمان هەڵدەبژارد، چونکە دوکتۆر قاسملوو بە تەنیا سکرتێری حیزب نەبوو، بەڵکوو بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ڕژێمی بەعس و دەرەوە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەرپرسی ئابووری و تدارکاتی حیزب، بەرپرسی چەک و تەقەمەنیەکانی حیزب و هەروەها فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو. حیزبی دیموکراتی بە جۆرێک لە خۆیدا کۆکردبووەوە کە بە نەبوونی ئەو، حیزب تێکدەچوو، یان کارەکانی بە لەقەلەق دەچوونە پێشەوە.

کاتێک کە بینی پلانەکەی سەرکەوتووە، چوو دوکتۆر قاسملووی هێنایەوە بۆ هۆڵی کۆنگرە و لەسەر داوای دوکتۆر قاسملوو سەرلەنوێ بۆ کورتەباس دەنگ وەرگیرایەوە. ئاکامی دەنگدانی ئەمجارەیان بوو بە 102 دەنگ بە 100 دەنگ بە قازانجی لایەنگرانی کورتەباس. ئەوان بە دوو دەنگی زیادترەوە کە دواتر دەرکەوت چەند کەسێکی وەک مستەفا هیجری بە بەرزکردنەوەی دوو دەست، کورتەباسیان کرد بە ڕێبازی دواڕۆژی حیزبی دیموکرات. 28 نوێنەر بەشداریی هەڵبژاردنی ئەم جارەی نەکرد کە زۆربەیان دژی کورتەباس بوون.

کاتێک لەسەر ویستی دوکتۆر قاسملوو ئەندامانی نوێنەر خەریک بوون بە ئاشکرا و بە بەرزکردنەوەی دەست، دەنگیان بۆ کورتەباس دەدا، دوکتۆر قاسملوو چووبووە سەر شانۆی هۆڵەکە و لە لای ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەر ڕاوەستا بوو، بە پەرۆشەوە تەماشای دەست و چاوی نوێنەرانی دەکرد کە دەنگ بە کورتەباس بدەن. پۆلا نانەوازادە خەریکی بژاردنی دەستی ئەندامان بوون، لەو کاتەدا دوکتۆر قاسملوو چاوی بە حەسەن شەرەفی کەوت کە دژی کورتەباس دەستی بەرزکردبووەوە. قاسملوو لەوێوە هاواری لە حەسەن شەرەفی کرد و گوتی: **(کاک حەسەن ئەتۆش؟)**، حەسەن شەرەفی کە شەرم بەرچاوی گرتبوو و نەیدەتوانی سەری بەرزبکاتەوە، وەڵامی دایەوە و گوتی: **(نا کاک دوکتۆر، من خەریکم دەستەکان دەبژێرم)**، ئینجا بە دەنگی بڵند گوتی: **(1، 2، 3، 4 و 5 ...)**. سەرئەنجام کورتەباس بەو جۆرە بە دەست ژمارەیەک مرۆڤی لەرزۆک و

ماستاوکەر "مەبەست لەو کەسانە نیە کە باوەڕیان بە کورتەباس هەبوو"، بوو بە ڕێبازی دوارۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و سەدان کەسی لە حیزب دورخستەوە. کاتێک کۆمیتەی بەڕێوەبەری کۆنگرە ئاکامی دەنگەکانی ڕاگەیاند، دوکتۆر قاسملوو خۆی گەیاندەوە سەر شانۆکە و لە خۆشییدا دەستی کرد بە سەماکردن. ئەو کارەی دوکتۆر قاسملوو جێی سەرسوڕمانی هەموو لایەک بوو! بەشێک لە ئەندامان بە دەنگی بڵند گوتیان: **(ئەوەیە نمونەی دیموکراسی.)**. بە ڕاستیی دوکتۆر قاسملوو بەو کارەی پێشانیدا کە تا چ ڕادەیەک دیموکراتە و ڕێز لە بیری جیاواز دەگرێت!

دوای پەسەندکردنی کورتەباس، پۆڵا نانەوازادە داوای لە بەڕێوەبەرانی کۆنگرە کرد کە وەزعی دوارۆژی ئەو کەسانە ڕون بکرێتەوە کە دژی کورتەباس دەنگیان داوە. دوکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی گوتنی پێشوی لە وەڵامی ڕەحیم ئەمیریی دا، وەڵامی پۆڵای دایەوە و ڕایگەیاند:

**- (کورتەباس خەت و ڕێبازی حیزبی ئێمەیە، هەموو ئەندامانی حیزب دەبێ تا کۆنگرەی داهاتوو پشتیوانیی لێبکەن و هیچ ئەندامێکی حیزب حەقی نیە دژی کورتەباس بجوڵێتەوە و هەر کەسێک دژی کورتەباس و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی شەشەم بێ، ناتوانی لە حیزبی دیموکراتدا بمێنێتەوە و کۆنگرەی حەوتیش کۆنگرەی حیزبی دیموکرات دەبێت.).**

کاتی هەڵبژرادنی ئەندام بۆ کۆمیتەی گشتیی، قاسملوو لیستێکی بڵاوکردەوە کە نوێنەران دەنگی پێبدەن. لە ناو لیستەکەدا ناوی چەند کەسێک هەبوو کە چالاکانە دژی کورتەباس هەڵسوڕابوون. دوکتۆر قاسملوو بۆ لیستەکەی مەرجی دانا و گوتی ئەوانەی ناویان لەم لیستەدا نوسراوە، دەبێ بێن لە بەرامبەر بەشدارانی کۆنگرەدا سوێند بخۆن کە بە هەموو توانایانەوە بۆ کورتەباس هەڵدەسوڕێن. ئەندامانی ناو لیستی دوکتۆر قاسملوو یەکە یەکە چوونە سەر شانۆی کۆنگرە و لە بەرامبەر ئەندامانی نوێنەردا سوێندیان خوارد کە بە هەموو توانایانەوە خزمەتی کورتەباس دەکەن. یەکێک لەوانە جەلیل گادانی بوو کە پەسەندکردنی کورتەباسی بە دانی "چرای سەوز بە ئیمپیریالیزمی ئەمریکا" لە لایەن ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتەوە دەزانی، بۆ ئەوەی کە لە لیستی دوکتۆر

قاسملوودا دەنگ وەربگرێت، 180 پلە سوڕایەوە و بوو بە لایەنگری کورتەباس.

دوکتۆر قاسملوو هەر لە کۆنگرەی شەشەمەوە دەستی کرد بە پاککردنەوەی حیزب لە ئەندامانی دژ بە کورتەباس و جەلیل گادانی و ئەندامانی تری کۆمیتەی ناوەندیی کە دژی کورتەباس دەنگیاندابوو، یەکەم قوربانییانی کورتەباس بوون!

کۆنگرەی شەشەم، پێی لەسەر هاوپەیمانیی حیزب لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک و شورای میللی مقاومەت و ڕوخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی داگرت و پرۆگرامی شورای میللی مقاومەتی پەسەندکرد. هەروەها ئەو 25 کەسەی خوارەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد:

- **کۆمیتەی ناوەندیی:** حەسەن ڕەستگار، دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، جەلیل گادانی، تاهیر عەلیار، هاشم کەریمی، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، مستەفا هیجری، عەبدوڵا حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی، مستەفا شەلماشی، هومایون ئەردەڵان، حوسێن مەدەنی، فەتاح کاویان، حەسەن شێوەسەڵیی، عەلی کاشف پور، دوکتۆر حوسێن خەلیقی، سەرگورد کەریم عەلیار، ڕەحیم محەمەدزادە، شاپور فیروزی، باباعەلی مێهرپەروەر، غەفور هەمزەیی، نەبی قادری، حەکیم ڕەزایی، جهانگیر ئیسماعیل زادە و عەبدوڵا بەهرامی.
- **جێگرەکانی کۆمیتەی ناوەندیی:** ئەبوبەکری ڕاد، محەمەدئەمین مەجیدیان، موراد قادری، ڕەحمان ڕەحیمی "چەکۆ"، جەعفەر حامیدی، سدیق فروخیان و فەتاح عەبدولی.

لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆنگرەدا، دوکتۆر قاسملوو پۆستی سکرتێری گشتیی حیزبی پێبەخشرایەوە. دوکتۆر سادق شەرەفکەندیی کرا بە جێگری سکرتێر و عەبدوڵا حەسەنزادە، هاشم کەریمیی، جەلیل گادانی، حەسەن شەرەفی و حەسەن ڕەستگار بوون بە ئەندامانی دەفتەی سیاسی. هەروەها سەنار مامەدی، حەسەن ئەیوبزادە "مامۆستا گۆران"، سدیق بابایی و عەبدوڵا عیزەت پوور بۆ پۆستی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێرران.

شایانی باسە کە سەنار مامەدی پێشتر لە پیلینۆمی 16- 1360/1/20 (1981/4/9-5) کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتدا بە تاوانی خیانەت بە حیزب و گەل لە حیزب دەرکرابوو و بڕیاربوو بۆ سزادان بدرێت بە دادگای شۆڕش، کەچی بە بێ ئەوەی دەرکردنەکەی پوچەڵ بکرێتەوە، تەنانەت بەشداریی بکات لە کۆنگرەی شەشەمدا، لەسەر داوای دوکتۆر قاسملوو کرا بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی!

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات مانگێک دوای کۆنگرەی شەشەم، دەستیکرد بە پاککردنەوەی حیزب لە بیرجیاوازان و بە شێوەی جۆراوجۆر لە حیزب دوریانی خستەوە. کەریم حیسامی بە هۆی ڕووداوی ئوتۆمبیل و بریندار‌بوونی کچەکەی، چوار مانگ بەرلە کۆنگرەی شەشەم چووبوو بۆ بولگاریا. یوسف ڕیزوانیی بەرلە کۆنگرەی پێنجەم، حیزبی بەجێهێشتبوو و لە سلێمانی ببوو بە شوفێری تاکسی و خەریکی ژیانی خۆی بوو. محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی "چیا"، نزیکەی شەش مانگ بەرلە کۆنگرەی شەشەم دەستی لە کاری حیزبیی کێشابووەوە. پۆڵا نانەوازادە دوای کۆنگرەی شەشەم دەستی لە کار کێشابووەوە "ئیستعفای دابوو"، خەلیل غەزەڵی کادیری کۆمیتەی شارستانی نەغەدە لە کۆنگرەدا بەشدار نەبوو، بەو تاوانە لە حیزب دەرکرا کە ڕۆژی 1362/3/6 هات بۆ دەفتەری سیاسی و ڕەخنەی لە هەڵوێستی دەفتەری سیاسی گرت و گوتی: **(من لەو حیزبەدا نابم کە کورتەباس بکات بە ڕێباز و ئەندامی کارامەی پێدەربکات)**، مەلا حەسەن ڕەستگار بانگی کرد و بەو تاوانە لە حیزب دەریکرد و بە وتەی خۆی، مۆرە بۆری دەفتەری سیاسی لێدا. هەروەها دەفتەری سیاسی بەگوێرەی ئەم بڕیارەی خوارەوە، فەرەیدون میتران، ڕەحیم ئەمیریی و حامید گەوهەریی بۆ هەمیشە لە حیزبی دیموکرات دەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کەریم حیسامی، یوسف ڕیزوانی، پۆڵا نانەوازادە، محەمەد ڕەسوڵ رەبیعی و خەلیل غەزەلیی لەگەڵ ئەو کەسانە خست و لە حیزب دەریانیکرد:

**بریار**

**دەفتەری سیاسی لە رۆژی 1363/2/7 بریاری داوە کە ئەگەر ... تعهد بدا کە دیفاع لە بەرنامە و سیاسەتی پەسەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی**

**حیزب بکا، ئەندامی حیزب دەمێنێتەوە و ئەگەر ئامادە نەبی ئەو تعهدە بسپێری، بۆ هەمیشە لە حیزبی دیموکرات دەردەکری.**

**دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**1363/2/7**

بەرلە دەرکردنی ئەو ژمارەیە لە حیزبی دیموکرات، دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات لە نامەیەکدا بە فەریدون میتران، ڕەحیم ئەمیری، پۆلا نانەوەزادە، کەمال کەریمی، ڕەحیم قادریی و حامید گەوهەریی ڕاگەیاند کە ڕۆژی 1363/2/1 (1984/4/21) بێن بۆ دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و چاویان بە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بکەوێت.

دوای کۆنگرەی شەشەم، دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات گواستییەوە بۆ گوندە وێرانکراوەکەی "گەورە دێ" و کۆمەڵەش ناوەندەکەی برد بۆ "مەعلومە" کە ئەویش گوندێکی وێرانکراوبوو. داواکراوەکان ڕۆژی 1363/2/5 لە ئۆردووگای دەفتەری سیاسی کۆکرانەوە. ئەو چەند ئەندامانەی حیزبی لە نێوان پتر لە 100 ئەندامی دژ بە کورتەباس لە کۆنگرەی شەشەمدا هەڵبژێرابوون. دەفتەری سیاسی دەیویست بە پاداشتدان، یان هەڕەشەی دەرکردن لە حیزب، ئەوان بە زۆرەملێ لە هەڵوێستی خۆیان پەشیمانبکاتەوە.

مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی و سەلیم بابانزادە لە ناو چادری دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی دانیشتبوون و مەجید عەجەمی زاوای محەمەد وەیسی، یەکە یەکە ئێمەی دەبردە لای ئەو سێ کەسە و لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی لە ئێمەیان دەویست بە نوسراو "تەعەهود" بدەین کە لەمەودوا لە هیچ جێیەک، تەنانەت لە کۆبوونەوەکانی شانە و کۆنفرانسەکانیشدا دژی کورتەباس قسە نەکەین. دەفتەری سیاسی هەر چەشنە قسەکردنێکی ئێمەی سەبارەت بە کورتەباس، بە دژی پرۆگرام و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە قەڵەم دەدا. بۆ زانیاریی خوێنەران، ئەو کارەی حیزب هاوکات بوو لەگەڵ وەرگرتنی تەعەهود لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە گەڕاوەکان بۆ ئێران و تەعەهود ناوی تۆبەنامەی لێنرابوو.

ئەوان بۆیان گرنگ ئەوە نەبوو کە ئەو کەسانە لە جێیەک بە دژی کورتەباس و یان ڕێبەرایەتی حیزب قسەت کردبێت، گرنگ ئەو بوو کە دەفتەری سیاسی دەیویست بە وەرگرتنی تەعەهود لە ئێمە، ئەندامانی تری حیزب چاوترسێن بکات.

کاتێک یەکێک لە ئێمە لەو پشکنینە تەواو دەبوو، مەجید عەجەم دەهات و دەیبردە دەرەوە و نەیدەهێشت پەیوەندیی بە ئەوانی ترەوە بکات، بەو جۆرە کاری پشکنین لەسەر ئێمە تەواو بوو. دوای پشکنین، چوومە لای کاک فەتاح کاویان و چاوەڕوانی فەرمان مامەوە. کاک فەتاح پێشنیازی کرد داوای بینینی دوکتۆر قاسملوو بکەم، ئەو کارەم کرد و بۆ ڕۆژی 1362/2/11 کاتی دامێ. فەرەیدون میتران و ڕەحیم ئەمیرییش داوای بینینی دوکتۆر قاسملوویان کرد، بەڵام بە ئەوانی گوتبوو: سەرەتا تەعەهودەکە واژۆ بکەن و دوای واژۆکردنی بچن بۆ لای، ئەوانیش ئەو داخوازییەیان بەجێنەهێنا و دەفتەری سیاسییان بەجێهێشت. داوایان لە منیش کرد کە لەگەڵیان بڕۆم، من نەچووم.

ڕۆژی 1363/2/11 چوومە لای دوکتۆر قاسملوو. داوام لێکرد بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی من لە حیزبی دیموکراتدا کە خۆی باشتر لە هەموو ئەندامانی حیزب، من دەناسێت، ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزێتەوە، دوکتۆر قاسملوو گوتی:

**- (بڕیاری دەفتەری سیاسییە کە ئێوە دەبێ تەعەهود بنوسن. شەرم نیە کە ئەندامی حیزب بۆ حیزبەکەی خۆی تەعەهود بنوسێت. ئەگەر ڕاست دەکەن، فەرمون تەعەهود بنوسن، ئەگەرنا دەبێ حیزب بەجێهێڵن. ئێوە هیچکامەتان ناتوانن بەبێ پشتیوانیی حیزبێکی سیاسی لەو شاخ و کێوانە بمێننەوە. من دەزانم هیچکامتان ناچنە ناو کۆمەڵە و حیزبی تودەش نەماوە کە بچنە لای. کە وا بوو یان دەبێ بێن و تەعەهود بۆ حیزب بنوسن کە دژی کورتەباس و ڕێبەرایەتی حیزب نابن، یان دەچن بۆ لای ڕژێمی عیراق یاخود خۆ تەسلیمی ڕژێمی ئێران دەکەنەوە کە هەردووی ئەوانە بە سەرکەوتنی حیزبی دیموکرات دەژمێردرێت، بەڵام ئەگەر تەعەهود بنوسی، منیش بەڵێنت دەدەمێ کە دوو کارت بۆ دەکەین. ئەگەر بتەوێ لە حیزبدا بمێنی ئەوە دەتکەین بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی و لە**

**کـۆنگرەی حـەوتـەمـدا دەبـی بـە ئـەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدیی و ئـەگـەر نەتـەوێت لــە حیزبــدا بــی و فیکـری چونــەدەرەوەت هەیــە، دەتنێرینــە ئـەوروپا.).**

لـە وەڵامـدا گـوتم داوا دەکـەم ئیـزن بـدەن لـە دەفتـەری سیاسـی لـە لای چـادری ئــەو کـوڕە گەنجــە پێسـت ڕەشـانەی کــە لــە چریکـی ئەشــەرف جیابوونـەتەوە و ئێوە جێتان داونێ، جێیەکیش بـە من بـدەن. گـوتی دەبێت تـەعـەهود بنوسیت! گـوتم زۆر باشـە، هەرچەنـدە مـن دوای کـۆنگرە باسـی کورتـەباسـم نـەکردووە، بـەو حاڵـەش تەعـەهود دەدەم کـە لـە هـیچ جێیـەک باسی کورتـەباس ناکـەم. گـوتی دەبێت بـە نوسین ئـەو تـەعـەهودە بـدەیت. گوتم ئێوە فەرموون بڕیاری دەفتەری سیاسیم بە نوسراو بدەنێ، منیش بـە نوسـراو وەڵامتــان ئـەدەمــەوە. دوکتـۆر قاسـملوو بــە پاســەوانەکانی گـوت، مەجید بانگ بکەن و بە منیشی گوت بچۆرەوە بۆ لای کاک فەتاح تا مەجید بڕیارەکەت بۆ دێنێت. مەجید عەجەم بڕیارەکەی بۆم هێنا، نوسرابوو:

**بریار**

**دەفتـەری سیاسی لـە ڕۆژی 1363/2/7 بریاری داوە کە ئـەگەر کاک حامید گەوهــەری تعهـد بـدا کــە دیفـاع لــە بەرنامــە و سیاســەتی پەســەندکراوی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بکا، ئەندامی حیزب دەمێنێتەوە و ئـەگەر ئامادە نــەبی ئــەو تعهـدە بسـپێری، شــەش مانـگ هەڵدەپسـیردرێ و پـاش ئــەو ماوەیەش گەڕانـەوەی بۆ نێو ریزەکانی حیزب بە شەرتی ئەسپاردنی ئـەو تعهدە دەبێ**

**دەفتـەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**1363/2/7**

دەفتـەری سیاسی تـەنیا بە دەرکردنـی ئێمـە ئـەندامانی دژ بـە کورتـەباس لــە کـۆنگرەی شەشــەمدا نەوەسـتا. دوکتـۆر قاسـملوو لــە ڕێوڕەسـمی 25 ی گەلاوێژی ساڵی 1363 دا کە لـە گـەورەدێ پێکهات، گـوتی: **(ئێمـە دزەکـان، جاسوسەکان، لادەرەکان و ئەوانەی فەسادی ئـەخلاقیان هەیـە لـە حیـزب دەرکرد و حیزبمان لە وجودی ئەوان خاوێن کردەوە.).** هەروەها لـە لاپـەڕەی 29- 32 ی ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی 99، تایبەتی پیلینۆم خـەرمانانی 1363 - سێپتـەمبـەری 1984 دا دەنوسێت:

- (لە ماوەی بەینی کۆنگرەی شەشەم و ئەم پیلینۆمەدا، هێندێک کەس لە حیزب دەرکراون کە پێویستە کۆمیتەی ناوەندیی لە چۆنیەتی ئەم کارە ئاگادار بکرێ. ئەو کەسانە بۆ ئەوە دەرنەکراون کە گۆیا لە کۆنگرەدا بیرورایەکی دیکەیان بێجگە لە ڕێبازی پەسندکراوی حیزب هەبووە، واتە دەنگدان بۆ ڕێبازێک یا دژایەتی کردن لەگەڵ ئەم ڕێبازە لە کۆنگرەدا بەهیچ جۆرێک میعیار بۆ دەرکردن یا هێشتنەوە لە حیزبدا نیە. ئەو دەرکراوانە کەسانێک بوون کە پاش کۆنگرەی شەشەم دەستیان کرد بە تێکۆشانی دژی حیزبی. لە زۆر جێگا کۆبوونەوەیان بە دژی ڕێبازی حیزب کرد. لە چەندین کۆمیتەی شارستان و هێزەوە زۆرجار ڕاپۆرتیان بۆ دەفتەری سیاسی نارد کە ئەو کەسانە لە هەرجێگایەکی بۆیان هەڵکەوێ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی حیزب و پێشمەرگە وەڕێ دەخەن، دژی سیاسەتی حیزب قسەیان لەگەڵ دەکەن و دژی ڕێبەرایەتی حیزب هانیان دەدەن. ڕێگای دروست ئەوە بوو کە بەڕێوەبەری حیزب بانگیان کا و پێیان بڵێ: ئێوە هەتا کۆنگرە نەگیرابوو، هەتا لە کۆنگرەدا بریار نەدرابوو، هەتا دروست کردنی کۆمەڵی دیموکراتی سوسیالیستی نەببوو بە مادەیەک لە بەرنامەی حیزبەکەمان، هەقتان هەبوو، نەزەری خۆتان بڵێن، تەنانەت لەسەریشی ڕابوەستن، بەڵام ڕێبازی سوسیالیزمی دیموکراتی ئێستا بەشێکە لە بەرنامەکەمان.

ئێوەش بەرپرسن کە دیفاع لە بەرنامەی حیزب بکەن. بۆیە دەبێ لەمەودوا بەپێی پێڕەوی نێوخۆ لە بەرنامەی حیزب دیفاع بکەن. هەندێک لەوانە (مەبەست کەمال کەریمی و ڕەحیم قادری- نوسەر) لەگەڵ ئەوەی بە ڕاستی تێکۆشانی دژی حیزبیان کردبوو، قەولیاندا کە لەمەودوا لە ڕێباز و بەرنامەی حیزب دیفاع بکەن. ئەوانە ئێستاش هەر ئەندامی حیزبن، بەڵام ئەوانی دیکە کە ئامادە نەبوون تەعەهوود بکەن کە خۆی نیشانەیەکی دیکە بوو بۆ ئەوە کە دیانەوێ لەسەر ئەو ڕێبازەی خۆیان برۆن کە لادانە لە ڕێبازی حیزب لە لایەن کۆمیسیونی تەشکیلاتەوە لە حیزب دەرکران. پاش ئەوەی کە لە حیزب دەرکران بە تەواوی دەرکەوت کە بۆچوونی بەڕێوەبەری دروست بووە. .... لەسەر ئەو دەرکراوانە روون کردنەوەیەک پێویستە: ئەوانەی کە دەرکراون 3 بەشن:

**دوو کەس لەوانە لەنێو حیزب دا جاسوسی‌یان بۆ جێگای دیکە کرد و ئاشکرایە کە حیزب ناتوانێ جاسوس ڕابگرێ. چەند کەسێکی دیکە لەو دەرکراوانە هەوەک گوتمان حازەر نەبوون تەعەهوود بدەن کە بە دژی ڕێبازی حیزب تێ نەکۆشن و لەنێو حیزب و لە دەرەوەی حیزب دا بە دژی حیزب ئاژاوە نەنێنەوە. یەک دوو کەسی دیکەش بەبێ ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسی تایبەتییان بۆ گرنگ بێ لەبەر خۆ بەزۆرزانی لە هەموو جێگایەک دژی حیزب و بەڕێوەبەرایەتی قسەیان دەکرد و پێشمەرگەیان بۆ مەبەستی شەخسی لە دژی حیزب هاندەدا. .... دەبێ حیزب لە دوو سێ جۆرە ئەفراد پاک بکەینەوە: ئەوانەی کە خۆیان پێ لە حیزب گەورەترە! ئەوانەی دزن و فەسادی ئەخلاقیان هەیە! ئەوانەی لادەرن و سیاسەتی حیزب بەڕێوەنابەن.).**



لە چەپەوە: فەریدون میتران، ڕەحیم ئەمیری، حامید گەوهەری و کەمال کەریمی

بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، هێچکام لە دەرکراوەکان پەیوەندیان بە ڕێکخراوەکانی شارەستان، ناوچە و هێزی پێشمەرگەوە نەبوو کە بتوانن کۆبوونەوە بە ئەندامانیان بکەن و بە دژی ڕێبەرایەتیی حیزب هانیان بدەن و ئەو گوتنە بە تەواوی دورە لە ڕاستیی. هەروەها بەرلە کۆنگرەی شەشەم نامیلکەی کورتەباس لەناو ڕێکخراو و ئەندامانی حیزبدا بڵاونەکرایەوە کە ئەندامان بتوانن لەسەری بنوسن و گفتۆگوی لەسەر

بکەن. جگە لەوە بە گوێرەی کام خاڵی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبی دیموکرات، ئەندامی حیزبیی دەیتوانی بەرلە کۆنگرەی شەشەم واتە لەنێوان کۆنگرەی پێنجەم بۆ شەشەمدا، لەسەر ڕێباز و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی پێنجەم قسە بکات و بنوسێت، بەڵام لە نێوان کۆنگرەی شەشەم بۆ حەوتەم مافی نییە کە لەسەر ڕێبازی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی شەشەم قسە بکات و بنوسێت. بە ڕاستیی ئەوە ئەوجی کەمزانیی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بوو.

بە هەر حاڵ، ئەو وتەیەی دوکتۆر قاسملوو کە لە ڕێورەسمی 25ی گەلاوێژی ساڵی 1363 دا کە گوتی: ئێمە دزەکان، جاسوسەکان، لادەرەکان و ئەوانەی فەسادی ئەخلاقیان هەیە لە حیزب دەرکرد، بۆ من و فەرەیدون میتران کە دوای دەرکردنمان لە حیزب لە کارێزە نیشتەجێ ببووین، زۆر بە گرانیی تەواو بوو. ژمارەیەک لە دەروێشە وشک مێشکەکانی حیزبی دیموکرات، زۆر ناجوانمێرانە لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکدا، ئێمەیان بە دز و جاسوس ناودەبرد.

ماوەیەکی زۆری خایاند تا خەڵک دز و جاسوس و بێناموس و زوڵم لێکراوەکان لە یەکتر جیابکەنەوە. هەروەها ڕادیۆی کوردستان "ڕادیۆی حیزبی دیموکرات" ناوی ئێمەی دەخوێندەوە و داوای لە ئەندام و لایەنگر و خەڵکی کوردستان دەکرد کە خۆیان لە ئێمە دوربخەنەوە و پەیوەندییمان پێوەنەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە، ڕۆژانە چەندان کادیر و پێشمەرگەی حیزب دەهاتنە لای ئێمە و دڵیان دەداینەوە.

لە وتارێکدا بە سەردێڕی **(زستان دەڕوات و ڕووڕەشیی بۆ خەڵوز دەمێنێتەوە)** لە لاپەڕەکانی 6- 33ی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە 98 دا، دەرکراوەکانی بە نۆکەرانی ئیمپیریالیزم و کۆنەپەرستیی ناساند و سەرئەنجام دوای تێپەڕبوونی دە مانگ بەسەر کۆنگرەی شەشەمدا، لە سەرماوەزی ساڵی 1963 (نۆڤیمبەر، دیسێمبەری 1984)، دەفتەری سیاسی لە لاپەڕەی 52 - 53ی "تێکۆشەر"ی ژمارە 8 دا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی بۆ دەرکراوەکانی دژ بە کورتەباس کرد:

**ئاگاداری**

بەو هۆیەوە بۆ ئاگاداری کادر و ئەندامانی حیزب ڕادەگەیەنین، ئەو کەسانەی لە خوارەوە نێویان نووسراوە بە یەکجاری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرکراون.

1- کاک کەریمی حیسامی - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

2- کاک یوسف ریزوانی - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

3- کاک محەمەد ڕەسوڵ رەبیعی "چیا" - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

4- کاک فریدوونی میتران - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

5- کاک ڕەحیم ئەمیری - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

6- کاک خەلیل غەزەل - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

7- کاک حامید گەوهەری - بە تاوانی لە ژێرپێ نانی دیسیپلینی حیزبی، جوڵانەوەی بە پێچەوانەی نێوڕۆکی پێڕەوی نێوخۆی حیزب، لادان لە سیاسەت و ڕێبازی حیزب.

8- کاک ڕەحمان مەنسوری - بە تاوانی شکاندی دیسیپلینی حیزبی، دووپات کردنەوەی بێ دیسیپلینی سەرەڕای وشیارکردنەوەی.

9- کاک ئەمیر نەزەری - بە تاوانی شکاندی دیسیپلینی حیزبی، دووپات کردنەوەی بێ دیسیپلینی سەرەڕای وشیارکردنەوەی.

10- کاک ڕەسوڵ ڕەسوڵی - جوڵانەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و جاسووسی کردن.
11- موحسین رەشیدزادە- دەست پیسی، دزی دراوی حیزب، کردەوەی دوور لە شانی شۆڕشگێڕیی جوڵانەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب.
12- کاک خوسرەو هیندوەش - دەست پیسی، دزی دراوی حیزب، کردەوەی دوور لە شانی شۆڕشگێڕیی جوڵانەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب.
13- کاک فاروق خوسرەوی - دەست پیسی، دزی دراوی حیزب، کردەوەی دوور لە شانی شۆڕشگێڕیی جوڵانەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب.
14- کاک پۆڵا نانەوازادە- دەست پیسی، دزی دراوی حیزب، کردەوەی دوور لە شانی شۆڕشگێڕیی جوڵانەوە بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب.

کۆمیسیونی تەشکیلات

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

شایانی باسە پێشتر ئێقبال حاجی و فەرهاد بابان دوو هونەرمەندیی حیزب کە بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا چوونە لای حکومەتی بەعس و لە تەلەڤزیۆنی بەغدا بە زمانی فارسیی هەواڵیان دەخوێندەوە و لەگەڵ ئێمە لە حیزب دەریانکردبوون کە بۆ ڕازیی کردنی ڕژێمی بەعس ناویان لە ڕیزی دەرکراوەکانی حیزب لەو ژمارەیەی تێکۆشەردا بڵاونەکردەوە!
هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد، کەریم حیسامی، یوسف ڕیزوانی، محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی و خەلیل غەزەڵ لە کۆنگرەی شەشەمدا بەشدار نەبوون و پۆڵا نانەوازادە داوی کۆنگرە دەستی لە کاری حیزبیی کێشابووەوە و لەسەر دوای فەتاح کاویان و مەلا حەسەن ڕەستگار ، بۆ ماوەیەکی کورت لە بنکەی دەفتەری سیاسی مایەوە کە کەسێک بۆ شوێنەکەی لە ڕادیۆ بدۆزنەوە.
ڕەحمان مەنسووریی، ئەمیر نەزەریی پێشمەرگەی کەمئەندام بوون. داوایان لە دوکتۆر شەرەفکەندیی کردبوو کە حیزب زیادتر یارمەتی

کەمئەندامەکانی بدات. لەو پەیوەندییەدا لەگەڵ دوکتۆر شەرەفکەندیی لێیان ببوو بە قڕە و دەریانکردن. ڕەسوڵ ڕەسوڵی لە هێزی سمکۆ لە ناوچەی شنۆوە بەشداریی کۆنگرەی کردبوو. برایەکی شەهیدی حیزبی دیموکرات بوو. لە کۆنگرەی شەشەمدا گوتی:

**- (من نازانم بۆچی دوکتۆر قاسملوو لە ژمارەیەکی تایبەت پشتیوانیی دەکات؟ یەکێک لەوانە کاک محەمەد حەسەنپورە. کاتی هاتنم بۆ کۆنگرە بینیم محەمەد حەسەنپور بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حکومەتی عێراق لە قەڵادزێ، شەش هێستری حکومەتی ئێران کە لە پێگەکانی ناوچەی سەردەشت هاتبوونە خوارەوە و پێشمەرگەکان گرتبوویانن، برد لە نزیک سونێ دانی بە عێراقییەکان، لە کاتێکدا پێشمەرگەی حیزب پێویستیان بەو هێسترانە هەبوو).**

دوای کۆنگرەی شەشەم، ڕەسوڵیی دەیەوێت بە قەڵادزێ و سونێ دا بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شنۆ، ئیستخباراتی عێراق لە قەڵادزێ دەیگرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکەن. سەبارەت بە کۆنگرەی شەشەم پرسیاری لێدەکەن و دەڵێن کێ دژی حکومەتی ئێمە قسەی کردووە؟ کێ دژی دوکتۆر قاسملوو بووە؟ و بۆچی ژمارەیەک لە ئەندامانی پێشوی کۆمیتەی ناوەندیی خۆیان کاندید نەکردەوە؟ و ... تد، وەڵامی پرسیارەکانیان دەداتەوە. کاتێک ئیزنی ڕۆیشتنی پێدەدەن، 50 دینار دەخەنە گیرفانی سەرسنگی و ئەویش بۆ ئەوەی کە ڕزگاری ببێت، قسە ناکات و دەڕوات. لەگەڵ هاتنەدەرەوەی لە ئیستخبارات، محەمەد حەسەنپور دەگاتە سەری و لێی دەپرسێت، لێرە چی دەکەیت؟ دەڵێت دەگەڕامەوە بۆ شنۆ و گرتمیان.

حەسەنپور دەڵێت چییان گوت؟ ڕەسوڵیی دەڵێت سەبارەت بە کۆنگرە پرسیاریان لێمکرد و دواتر وەک بزانم 50 دیناریان خستە ئەو گیرفانەمەوە و ئیزنمیاندا. حەسەنپور دەستبەجێ ڕەسوڵیی دەگرێت و ڕەوانەی دەفتەری سیاسی دەکات و لەوێوەش ناردیان بۆ باساوێ.

لە باساوێ بۆم دەرکەوت کە بە هۆی ڕەخنەگرتن لە کۆنگرەی شەشەمدا، توشی ئەو چارەنوسە بووە و مۆری جاسوسیی لێدراوە، لە کاتێکدا ئەو دژی حکومەتی عێراق و جاسوسییکردن بۆ ڕژێمی عێراق بوو.

موحسین ڕەشیدزادە، خوسرەو هیندوەش و فاروق خوسرەوی 16 هەزار دیناریان لە سندوقی دارایی دەفتەری سیاسی دزی، لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆنگرەی شەشەم، ئەو ڕووداوە تاڵانەی لێکەوتەوە و شوێنی ململانێی توندی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی و توڕەبوون و لە یەکتر هەڵبەزینەوەی ئەندامان بوو، زۆر دیاردەی تریشی تیادا دەرکەوت. لە جێیەکدا کە ئەندامانی نوێنەر دەیانویست لە کورتەباس بدوێن، دوکتۆر حوسێن خەلیقی کۆنگرەکەی کرد بە شوێنی بەربەرەکانیی خۆی لەگەڵ فەتاح کاویان و بۆ ماوەیەک کاتی کۆنگرەکەی گرت و ئەندامانی نوێنەری بە کێشەیەکەوەماندوو کرد کە گرنگیی بۆیان نەبوو.

لە جێیەکی تردا دوکتۆر شەرەفکەندیی بەربینگی بە سەعید مامەندیی گرتبوو و دەیویست شەڕی لەگەڵ بکات. کاتی دەنگدان بۆ کورتەباس، یەکێک لە ئەندامانی موافقی کورتەباس بە ناوی "سلێمان نەباتی" کە لەگەڵ سەعید مامەندیی لە کورسییەکانی پشت من و کاک فەرەیدون میتران دانیشتبوو، لە جیاتی دەستێک، هەردوو دەستی بەرزکردبووەوە و سەعید مامەندیی ڕەخنەی لێگرت.

لە بەرامبەر ئەو ئەندامە یاسا شکێنەدا، دوکتۆر شەرەفکەندیی لە سەعید ڕاستبووەوە و گوتی دانیشە، لەسەر جێی خۆت، بۆچی ئێوە توانای دیموکراتیتان نییە! هەرچەندە کردەوەی ئەو ئەندامە دژی دیموکراسی بوو، بەڵام دوکتۆر شەرەفکەندیی و هەڤاڵانی، سەعید مامەندییان بە تادیموکراتیی تاوانبار دەکرد!

لە جێیەکی تردا چەندان قسە و نوکتەی خۆش بۆ دیموکراسی و دوکتۆر قاسملوو دروستکرا. سەرهەنگ ئیرەج قادری بەم جۆرە باسی دیموکراسی دوکتۆر قاسملووی کرد:

**- (پشووی هاوین تەواوبوو، خوێندنگەکان کرانەوە. مامۆستایەک بە خوێندکارەکانی گوت من کەسێکی دیموکراتم و دەمەوێت پۆلەکەم بە شێوەیەکی دیموکراتیی بەڕێوەببەم و نەهێڵم مافی خوێندکارەکان بفەوتێت. بۆ دەستەبەرکردنی ئەم کارە، پێویستە ئێوە کەسێک بە نوێنەرایەتی خۆتان هەڵببژێرن کە بێت و بەرگریی لە مافەکانتان بکات.**

**به بڕوای من حەسەن باشترین کەسە بۆ ئەو کارە و من دەمەوێت ئێوە دەنگی پێبدەن. بە هەر پێنوسێک و هەر ڕەنگێک، یان هەر زاراوەیەک ئێوە دەتوان بنوسن، یان بڵێن حەسەن، جا خۆتان سەرپشک بن چۆن و بە چ جۆرێک دەنگ دەدەن.).**

کۆنگرەی شەشەم بەو شێوەیە کۆتاییهات و ئەندامانی نوێنەر گەڕانەوە شوێنی بەرپرسیاریی خۆیان. دوو مانگ دوای کۆنگرە، دەفتەری سیاسی ژمارەیەک لە ئەندامانی دژ بە کورتەباسی لە دەبیرخانەی کۆمیتەی ناوەندیی کۆکردەوە، تا تۆبەنامەیان پێ ئیمزابکات، لە جێی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکەم.

بەشێک لە نوسەران و بەشدارانی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات بیروڕای جیاوازیان لەسەر کورتەباس و چۆنیەتی پەسەندکردنی لە کۆنگرەی شەشەمدا بڵاوکردەوە. دوکتۆر حوسێن خەلیقی لە بەرگی سێیەمی "ژان و ژیان"، 1983- 1988، لاپەڕەی 125 دا دەڵێت: **(دژەکان زۆر بوون، هەر بۆیە دوکتۆر هۆڵەکەی بەجێهێشت! دواتر دوکتۆر سەعید هێنایەوە و بە تاکە دەنگێکی زیادییەوە پەسەند کرا.).**

خدر مەرەسەنە لە کتێبی "ئاوێنەی ڕاستییەکان"، لاپەڕەی 191 دا دەڵێت: **(بە داخەوە کورتەباس ئەو دیاردانەی بۆ حزب و میللەتی کورد بە دواوە بوو، حزبی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا هێشتەوە و بەو هۆیەوە دێموکراسی لە ڕیزەکانی حزبدا تەنگی پێهەڵچنرا و وردە وردە دیکتاتۆریی بە شێوەی چەند کەسی و تاکە کەسی لە ئاستی سەرکردایەتیدا سەریهەڵدا کە لە جێگای خۆیدا باسیان دەکەم.).**

کەریم حیسامی لە لاپەڕەی 145 ی "لە بیرەوەرییەکانم 1983- 1985" بەرگی هەشتەمدا ئاماژە بۆ نامەیەکی کاک عەزیزی ماملێ دەکات کە ڕۆژی 1984/6/28 لە فەرەنسەوە بۆی ناردووە بۆ سۆفیا، لە نامەکەیدا دەڵێت: **(کاک ڕەحیمی ئەمیری و پۆڵا و حامید گەوهەری و فەرەیدون میتران لە حیزب دەرکران.. کۆمیتەیەک پێکهاتووە بۆ "تصفیە"ی ئەو کەسانەی کە دژی بەرنامە و پێرەوی حیزب قسە دەکەن. ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بریتین لە: مەلا عەولای حەسەنزادە، حەسەن شەرەفی، ابوبەکری هیدایەتی و سەلیم بابانزادە.).**

جەلیل گادانی لە کتێبی " 50 ساڵ خەبات" بەرگی یەکەم، لاپەڕەی 297 دا دەڵێت: **(هەرچەندە لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و باقی مەسەلەکان کێشەیەکی زۆر نەکرا، بەڵام مەسەلەی کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم و سۆسیالیزمی دیموکراتیک قەرقەشەیەکی دور و درێژی ساز کرد.**

**ئەم دوو مەسەلەیە کە لە لایەن دوکتۆر قاسملووەوە هێنرابووە کۆنگرە، دوای باسێکی زۆر کە لە سەریان کرا، لە پێشدا بە زۆربەی دەنگ لە لایەن بەشدارانەوە رەد کرانەوە، بەڵام دوای ئەوە دوکتۆر قاسملوو زویر بوو، بەینێک کۆبوونەوەکان ڕاگیران تا دوکتۆر قاسملوو بگەڕێتەوە نێو کۆبوونەوەکان و بەپێچەوانەی ئوسول دەنگ وەرگیرێتەوە. لە دەنگدانەوەی دوایی دا هێندێک هەڕەشە، تەماع وەبەرنان، ڕێککەوتن و نفووزی دوکتۆر، بوونە هۆی ئەوە کە هەر دوو بابەت زۆربەی دەنگیان هێنایەوە. ئەم شتە دوایی نەتەنیا نوکتەی لەسەر ساز بوون بەڵکوو بوو بە هۆی ڕۆیشتن و دەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە دڵسۆزەکانی حیزب.).**

- فەتاح ئەحمەدی لە وتارێکیدا کە سایتی ڕۆژهەڵات "ناوەندی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد" ڕۆژی 2008/3/1 بڵاویکردووەتەوە، سەبارەت بە کۆنگرەی شەشەم و کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دیموکرات دوای کۆنگرەی شەشەم، دەڵێت: **(ئەوەندی من ئاگادارم، کاتێ باسی کێشە ناوخۆیەکانی ئەم حیزبە دەکرێ زۆرتر باسی کۆنگرە کانی 4- 8- 13 دەکەن کە لەم کۆنگرانەدا حیزب توشی ئینشعاب و لێکترازان هاتوە کە بەشێکی لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی لێ جوێ بۆتەوە بەڵام باس لە کۆنگرەی 6 ی ئەم حیزبە نەکراوە کە بە بڕوای من کۆنگرەی شەش، یەکێك لەو کۆنگرانە بووە کە حیزبی توشی زۆر کارەساتی ناخۆشکرد و بووە هۆکارێك کە دڕدۆنگی لەنێو ڕێبەرایەتی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانیش لە کۆمیتە و هێزکاندا بێنێتە ئاراوە، بەڵام بە شێوەیەکی نهێنی.).** فەتاح ئەحمەدی لە بەشێکی تری وتارەکەیدا دەڵێت:

- (کێشه گەیشتە ئاستێك کە موخالیفان لەکاتی دەنگداندا زیادتر بوون. ئەوە بووە هۆی تورە بوونی شەهید دوکتور قاسملوو کە سالۆنی کۆنگرەی بەجێهێشت. شەهید دوکتور سەعید دوکتور قاسملوی ڕازی کرد بگەڕێتەوە ناو کۆنگرەکە. واش ناڕازییەکان بۆ پەسەند نەبوونی کورتەباس دەنگیان زیادتر بوو، چەند جارێك سەرژمێری و بژاردنی ئەندامان کرا، هی ئێمەی موافیق، بە ڕاستی کورتی دەهێنا، دیارە جەوەکە حەساس بوو، پێموابێ من و کاك مستەفای هیجری لە باتی دەستێك هەردوو دەستمان هەڵێنا و بەخۆشیەوە بۆیان حیساب کردین، نازانم خەڵکی دیکەش ئەوکارەیان دەکرد. لەوێدابوو مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادە گریانی بۆ وەزعەکە هات و سەید ڕەسوڵی بابی گەورەش ناوی نا مامۆستا گرینۆك.

دەست لە کارکێشانەوەی بەشێکی زۆری بەرپرسان و کادر و پێشمەرگە دوای کۆنگرەی شەش دەستی پێکرد. بە شێکی زۆر توانیان دەربازی وڵاتانی دەرەوە بن و خەڵکانێکیش کە چوونە دەریان بۆ نەلوا، بە ناچار خۆیان تەسلیمی ڕژێم کردەوە. دەتوانم بڵێم جیابوونەوەی ئەندامانی حیزب دوای کۆنگرەی شەشەم، لە دابڕانەکانی ساڵانی 85 تا 87 زایینی زۆرتر بوو. بە هەرحاڵ جەوی کۆنگرە بەم شێوە بوو. بەڵام جێگای خۆیەتی ئاکامەکانی دوای کۆنگرەش لەبەرچاو بگرین کە زۆری پێنەچوو ئەم دەسکەوتە گرنگەی کە باسی کرابوو، بونە بڵقی سەر ئاو. ... دووای کۆنگرەی شەش هەموو شتێك لەبیر نەکران بەتایبەت ئەو کەسانە کە دژایەتی خەتی دوکتۆر قاسملویان کردبوو، ناسراو بوون و جێگای باوەڕی دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی نەبوون، هەوڵدەدرا کە بەشێوەیەك لە شێوەکان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا نەمێنن کە لە کۆنگرەی هەشتەمدا، شتەکە ئاشکرابوو کە لیستی فیکس و وەلانرانی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنی ئەو حیزبە کرانە ئامانج.).

## ڕاونانی بیرجیاوازان لە حیزبی دیموکراتدا

بــە درێژایــی مێــژووی 14 - 15 ســاڵی ڕابــردووی حیزبــی دیمــوکراتی کوردستانی ئێران، واتە لە کۆنگرەی 3وە تا کۆنگرەی 6 و دواتریش، تا ئەو ڕۆژەی کە زۆر بە داخەوە دوکتۆر قاسملوو لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆمـاری ئیسـلامییەوە شـەهید کـرا، هـەرگیز ئەنـدامان و بیرجیـاوازانی حیزبـی دیمـوکرات، تەنانـەت ئەوانـەش کـە پلـەی کۆمیتـەی ناوەنـدیی و دەفتــەری سیاســی حیزبیــان هــەبوو، نەیانــدەتوانی بــە ئاشــکرا و بــە ڕاشکاویی بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ستراتیژ، سیاسەت، تەنانەت شێوازی خەباتی حیزب دەرببڕن.

ئـەو ئەندامانـەی خـاوەن هەڵوێسـت بـوون و هـەوڵی نوێکارییـان لـە نـاو حیزبدا دەدا، یان دەیانویست پێش بە سیاسەتی چەوت و هەڵەکارییەکان بگرن، یان وتەیەک بە پێچەوانەی وتـەی دوکتـۆر قاسملوو بکـەن و حیـزب لە تاکڕەویی دوربخەنەوە، بە بەردەوامیی دەکەوتنە بەر تانـە و تەشـەر و نـــاوی جۆراوجۆریـــان بـــۆ دەدۆزرایـــەوە و گۆڕەپـــانی خـــەباتیان لـــێ بەرتەسک دەکـرا. حیـزب بـە ڕواڵـەت حیزبێکـی دیمـوکرات بـوو، لەسـەر بنــەما دیموکراتییــەکانی نەتــەوەیی و نیشــتمانیی دامــەزرابوو، دوکتــۆر قاسملووش بـە ڕواڵـەت دژی بیرکردنـەوەی ستالین و دیکتاتۆرییـەت بـوو، بـەڵام بـە کـردەوە حیزبـی دیمـوکرات جیاوازییـەکی زۆری لەگـەڵ حیزبـی تودەی ئێران و حیزبە کۆمونیستەکانی هەڵگری بیری ستالین نەبوو، جگـە لەوەی کە حیزبی دیموکرات باوەڕی بە دیکتاتۆریی پرۆلتاریا نەبوو.

نمونـــە بـــۆ ســـەلماندنی ئـــەو ڕاســـتییە زۆرن. لـــە دەرکردنـــە بیرجیاوازەکانەوە، تا دەگاتە دوژمنایەتی لەسـەر بیروبۆچوونی ئاسایی. بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبـی دیمـوکرات، ئەنـدامانی حیـزب دەبێت لـە دوو بـەرەی لـە یـەکتر جیـاوازدا بەربـەرەکانێ بکـەن، بەرەیـەک دژی دوژمـن و بەرەیـەکیش لـە نـاو خـۆی حیزبـدا بـۆ گەشـەپێدانی سیاسـی و ئایـدیۆلۆژی و دیپلۆماسـیی و بـەڕێوەبردنی ئەرکـەکـان بـە شـێوەی تەندروست لە حیزبدا، بەڵام بە کردەوە لایـەنی دووەمـی ئـەو خـەباتە لـە ئەنـدامانی حیـزب یاسـاغ کـراوە و بـە بیـانووی شـەڕ و هەلومـەرجی

نائاساییەوە، نابێت ئەندامی حیزب گرنگیی بە خەباتی ناوخۆیی بدات. هەموو جارێک دوکتۆر قاسملوو دەیگوت:

**- (کاکە دوژمنێکی زەبەلاح لە ڕووبەڕوومان ڕاوەستاوە و ئێوە دەبێ ئەو باسانە بۆ دوارۆژ ڕابگرن و ئێستا کاتی ئەو قسانە نیە و لێگەڕێن با پێشمەرگە ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت).**

بەو بۆچوونەی دوکتۆر قاسملوو، ئەندامی حیزب بەرپرس بوو لە بەشدارییکردنی ئەرکی حیزبییدا، بەڵام دەبووایە مافەکانی بۆ دوای سەرکەوتن هەڵبگرێت کە دیار نیە ئەو سەرکەوتنە کەی بەدەستدێت. دوکتۆر قاسملوو بە ڕاشکاویی دەیگوت: **(دوو لایەنی حیزب ئەرکی خۆیان بە باشی بەڕێوەدەبەن، ڕێبەرایەتی حیزب لە کاتی خۆیدا بڕیار دەدات و پێشمەرگەکانیش بڕیارەکان جێبەجێدەکەن، بەڵام لایەنی سێیەم کە کادیرەکانی حیزبن، بە بەردەوامیی لە گێرەشێوێنیی دان و ناهێڵن بڕیارەکان بە دروستیی جێبەجێ بکرێن!).**

بەو بۆچوونانە، ئەندامانی حیزبی دیموکرات چارەنوسێکی نادیاریان هەبوو. لە فەرمانبەرێک دەچوون کە لە وڵاتانی دواکەوتووی بێ یاسادا، ئەمنیەتی کارکردنیان نەبێت و هەر کاتێک خاوەن کار ویستی، لە کار دوریان بخاتەوە، دەستی واڵا بوو.

بنوارنە چارەنوسی ئەحمەد تۆفیق، کەریم حیسامی، یوسف ڕیزوانی، محەمەدئەمین سیراجی، مامۆستا هێمن، خانەی ماملێ، قادر عەبدیی، سەید ڕەسوڵی دەهقان "بابی گەورە" و غەنی بلوریان دوای 25 ساڵ لە زینداندا و هەزارانی تر کە دوای کۆنگرەکانی چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم و هەشتەمدا لە حیزبی دیموکرات دەرکراون! یان ناچارکران حیزب بەجێبهێڵن و پەنا بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ببەن! یان بە ناچاریی بچنەوە ژێر باڵی کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران.

بنوارنە ئەو شەڕانە کە حیزبی دیموکرات لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوودا، لەگەڵ پەیکار، حیزبی تودە، کۆمەڵە، سوپای ڕزگاریی، خەبات، پارتی دیموکراتی کوردستان، موجاهیدینی خەڵک و .. تد، کردوویەتی، یان بنوارنە چارەنوسی کەمئەندامەکانی ناوخۆی وڵات و بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دیموکرات!

لـه کـام حیزبـی دیمـوکراتی ئـەم جیهانـەدا، ئـەو شـەرمەزارییە قبـوڵ دەکرێـت کـە ئـەنـدامی دەفتـەری سیاسـی حیزبێـک بـۆ ئـەوەی کـە ڕای سکرتێری حیزبەکـەی بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت، لـە کـۆنگرەی حیزبەکەیدا بڵێت: **(من ئامادەم گسکدەری بەر دەرگای دوکتۆر قاسملوو بم!)**

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی، چۆن دەتوانێت ئاواتی نەتەوەکەی بە گسکدانی بەردەرگای سکرتێری حیزبەکەی بەدیبهێنێت؟

جارێـک دوای کـۆنگرەی شەشـەمی حیزبـی دیمـوکرات، دوو ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندیی دەچنە لای دوکتۆر قاسملوو و داوای لێدەکەن کە لە سەرمایەی حیزب ئاگادارین بکاتەوە! دەپرسن حیزب چەند پارەی هەیە؟

دوکتۆر قاسملوو پێیان دەڵێت: **(من چۆن دەتوانم دارایی حیزب بۆ ئێوە ئاشکرا بکەم! بەڵکوو ئێوە سبەینێ چوون خۆتان دایەوە دەست کۆماری ئیسلامیی!)**. ئەو دوو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندیی بەو وتەیەی دوکتۆر قاسملوو، سەریان کزدەکەن و لە داواکەیان پەشیماندەبنەوە.

ئاخۆ کەس دەزانێت دوای شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو، پارە و دارایی حیزب چەند بوو؟ چی لێهات؟

هەر وەک گوتم، دوای کۆنگرەی شەشەم کاری پشکنینی ئەندامانی دژ بە کورتەباس دەستپێکرد. سەلیم بابانزادە (کە دوای دورکەوتنەوی لە حیزبی دیموکرات، لە سوید چووە ڕێزی کۆمونیستەکانی پارتی چەپی سـوید و دەیویسـت نوێنەرایـەتی ئـەوان بکـات)، تـەرخانکرابوو کـە هەڵسوکەوتی ئەندامانی دژ بە کورتەباس بخاتە ژێر چاودێرییەوە. ئەو ئەندامانـەی بـەگوێرەی پـەیڕەویی نـاوخۆی حیـزب، لـە کـۆنگرەی حیزبەکەیاندا بیری جیاوازیان لەسەر کورتەباس و ئایدەلۆژیی سۆسیال دیموکراسـیی دەربڕیبـوو، کەوتنـە ژێـر چـاودێریی سـەلیم بابـانزادە و بەرپرسـانی ڕێکخراوەکانـەوە و سـەرئەنجام فەرەیدونی میتـران، ڕەحـیم ئەمیری، پۆلا نانەوازادە و حامید گەوهەریی بە تاوانی پەسەندنەکردنی کورتەباس لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا، لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ هەمیشە لە حیزب دەرکران و لە کۆمیتەی شارستان و ناوچەییەکانیش چەندان هەزار کادیر و پێشمەرگە و ئەندام لە حیزب دورکەوتنەوە.

**16 هەزار دینار لە سندوقی دارایی حیزبی دیموکرات دەدزرێت**

پێشتر لە بەشی **"کۆماری ئیسلامیی ناوچەی ئالان داگیر دەکات"** دا ئاماژەم بۆ سەرلێشێواویی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات کرد. لەو هەلومەرجە نالەبارەدا، موحسین ڕەشیدزادە "بێسیمچی" دەفتەری سیاسی، فاروق خەسرەوی پاسەوانی تایبەتیی دۆکتۆر قاسملوو و خەسرەو هیندوەش پاسەوانی تایبەتیی دۆکتۆر سادق شەرەفکەندیی، بڕیاردەدەن کە پارەی حیزب بدزن، بەڵام ئەو هەلەیان بۆ نارەخسێت، تا دەفتەری سیاسی لە گەڵاڵە جێگیر دەبێت. موحسین لە ڕێی ناردنی بروسکەوە بۆ مەلا ڕەحمان کاژەیی بەرپرسی حیزب لە بەغدا، ئاگادار دەبێت کە محەمەد حەسەنپور شوفێری بەشی پەیوەندییەکانی حیزب لە بەغدا، خەریکە پارەیەکی زۆر لە عێراقەوە دێنێت بۆ دەفتەری سیاسی.

موحسین هەڤاڵانی ئاگادار دەکاتەوە و پلان بۆ دزینی پارەی حیزب دادەڕێژێت. لەو کاتەدا کاکەڵا شێخ ئاقایی "سیامەند" کادیری کۆمیسیۆنی ماڵیی حیزب لە قەڵادزێ دەبێت. محەمەد حەسەنپور پارەکە دێنێت و دەیدات بە مستەفا هیجری بەرپرسی ئابووری حیزب. موحسین و هاوڕێ دزەکانی دەزانن کە مستەفا هیجری شەوانە دەگەڕێتەوە بۆ لای منداڵەکانی لە باساوێ. لەبەرئەوە خەسرەو دەچێت خۆی بە کێشکچی دەنوسێت. شەو کاتی بێدەنگیی کە هەموو لە خەودا بوون، موحسین و فاروق دەچنە لای خەسرەو و تەنافی چادری بەشی ماڵیی دەکەنەوە و بە نوکی سەرنێزە قفڵی سندوقی دارایی حیزب دەشکێنن. خەسرەو کە لەبەر دەرگای چادرەکە کێشکیان بۆ دەکێشێت، دەچنە لایان و هەر یەکەیان پێنج بەستە پارەی 25 دیناریی هەڵدەگرن و دواتریش موحسین بەستەیەکی تر هەڵدەگرێت کە دواتر دەرکەوت 16 هەزار دینار بووە. لەو سەردەمەدا دینارێک 57 تمەنی ئێرانیی بوو.

بەیانیی ڕۆژی دوایی دەفتەری سیاسی بە دزییەکە دەزانێت، بەڵام بۆ دۆزینەوەی دزەکان، مەسەلەکە ئاشکرا ناکات، تا سەرئەنجام لە ڕێی پێشمەرگەیەکەوە بە ناوی کەریم کە ئەویش پاسەوانی دۆکتۆر قاسملوو بوو، دەزانن کە فاروق دەستی لەو دزییەدا هەبووە. دۆکتۆر قاسملوو

فەرمانی دەستگیرکردنی فاروق دەدات و دەستبەجێ لێی دەپرسێت کێت لەگەڵ بوو؟ ئەویش ناوی موحسین و خەسرەوی پێدەڵێت و دۆکتۆر قاسملوو فەرماندەدات موحسین ڕەشید زادە و خەسرەو هیندوەشیش دەستگیربکەن و هەر سێکیان دوای سێ مانگ لە سەردەمی بەرپرسیاریی ئەسعەد تاتایی دا لە زیندان ڕایانکرد و چوونەوە لای کۆماری ئیسلامیی.

موحسین ڕەشیدزادە کە کەسێکی ترسنۆک و بێورە بوو، خۆی بە کۆماری ئیسلامیی فرۆشت و ڕێی سیخوڕیی گرتەبەر و دژی بزوتنەوەی کورد و کەسایەتییە شۆڕشگێرەکان سیخوڕیی بۆ دوژمن کرد. بە ڕواڵەت بە ناوی پەنابەری سیاسییەوە، هاتە سوید و لەو وڵاتەدا درێژی بە تاوانەکەی دا و لە سالآنی 1990 - 1992 دا کە کۆماری ئیسلامیی سیاسەتی تێرۆری خەباتکارانی کورد و ئێرانیی گرتبووەبەر، موحسین ڕەشیدزادە خەباتکاران و کەسانی سەربە ڕێکخراوە سیاسییەکانی بە سەفارەتی ئێران دەناساند و لە جەژن و بۆنە سیاسییەکاندا وێنە و فیلمیانی دەگرت. کۆماری ئیسلامیی چەندان کادیر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی لە سوید تێرۆر کرد. موحسین ڕەشیدزادە ڕێی ئازاردانی سەدان بنەماڵەی ئەو خەباتکارانەی لە ئێران بۆ کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد و بە شکاتی ئەو، کۆماری ئیسلامیی دەستی بەسەر خانووبەرە و سامانی خۆم و منالەکانمدا گرت. سەرئەنجام پۆلیسی ئەمنیی سوید "سێپۆ" دوای پتر لە ساڵێک لەژێرچاو خستن، موحسین ڕەشیدزادەی بە کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە گرتی و دادگای سوید دوای ساڵێک زیندانیی، نەیهێشت لە سوید بمێنێتەوە.

## حیزبی دیموکرات لە ئەندامەتی شورای نیشتمانیی بەرگریی دەردەکرێت

لە بەشی **"حیزبی دیموکرات دەبێت بە ئەندام لە شورای نیشتمانیی بە رگرییدا"** گوتم: چوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ناو شورای نیشتمانیی بەرگریی بۆ دەربازکردنی حیزب بوو لە چەندان قەیران و زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبی دیموکرات دژی ئەو چوونەی حیزبەکەیان بوون بۆ ناو شورای نیشتمانیی بەرگریی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی موجاهیدی خەڵک، تا کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات و بەشداریپیکردنی نوێنەرانی ڕێکخراوی موجاهیدین لە کۆنگرەی ئەو حیزبەدا، زۆر بە گەرمیی بەردەوام بوو. دوای کۆنگرەی شەشەم، دۆکتۆر بەنیسەدر بە هۆی هەندێک کێشەی لەگەڵ مەسعود ڕەجەوی کە یەکێکیان سەبارەت بە پەیوەندیی موجاهیدین لەگەڵ ڕژێمی بەعس بوو، شورای نیشتمانیی بەرگریی بە هاودەنگیی لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی 1363/1/14 (1984/4/3) بەنیسەدری لە شورا دورخستەوە. هەروەها شورای نیشتمانیی بەرگریی لەسەر داوای حیزبی دیموکرات، ڕۆژی 1363/3/7 (1984/5/28) ی بە ڕۆژی **"ڕێزگرتن لە بەرگریی کوردستان"** دیاریيکرد.

بە سەرهەڵدانەوەی کۆمەڵێک قەیرانی نوێ لە حیزبی دیموکرات لە دوای کۆنگرەی شەشەم، دوکتۆر قاسملوو و دەفتەری سیاسی لە کۆبوونەوەی یەکەم و دووەمی دوای کۆنگرەی شەشەمدا، توشی کۆمەڵێک هەڵەی دژوار بوون. یەکێک لەو هەڵانە ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی هەوڵی ڕێککەوتنی لەگەڵ کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێراندا ئەدا.

حیزبی دیموکرات لە لایەکەوە لە کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەم و لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک لە شورای نیشتمانیی بەرگرییدا دروشمی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردبووەوە و دەیویست بە هاوکاریی موجاهیدینی خەڵک، کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی لە ئێران دابمەزرێنێت و لە لایەکی ترەوە داوای وتوویژی لەگەڵ کاربەدەستانی

کۆمـار دەکـرد. بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە کۆبوونـەوەی دووەمـی کۆمیتـەی ناوەندیی دوای کۆنگرەی شەشـەم، کۆمیتـەی نـاوەنـدیی حیزبـی دیمـوکرات ڕایگەیاند:

**(وتووێژیش خۆی شێوەیەکە لە خەبات و دەتوانین لەو شێوە خەباتـەش بـە قـازانجی جوڵانـەوە کـەڵک وەرگـرین. بۆیـە ئێمـە ئامـادەین لـەو مەیدانەشدا لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی بەربەرەکانی بکەین.).**

لـەو ڕووەوە، جـەلیل گـادانی لـە لاپـەڕەی 309 ی "50 سـاڵ خـەبات" ئاماژە بۆ شێلگیریی ئەندامانی دەفتـەری سیاسـی بـۆ وتـووێژکردن لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامیی و بڕیـاری کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی نـاوەنـدیی دەکـات. بڕیاری کۆبوونەوەکە سەبارەت بە وتووێژ، بەم جۆرە بووە:

**(لە ڕابردوودا حیزب و گەلی کورد زیانیان لەوە دیتووە کە نەیانتوانیوە وتووێژ بە ڕێکوپێکی و بە شێوەیەکی ئوسوولی بەڕێوەبەرن. بۆ ئـەوەی شتی وا بۆ جارێکی دیکە دووپات نەکرێتەوە، بڕیـار دراوە کـە بەرپرسی وتووێژ تـەنیا دەفتـەری سیاسی بێ و هـیچ کـەس لـە بەرپرسـانی حیزبـی یان فەرماندەکانی پێشمەرگە هـیچ جـۆرە وتووێژێک لەگـەڵ نوێنـەرانی ڕێژیم نەکەن و هەموو وتووێژێک حەواڵەی دەفتەری سیاسی بکەن کە بۆ ئەو مەبەستە ئەفراد یان هەیئەتی خاوەن سەلاحیەت دیاریی دەکا.).**

جـەلیل گـادانی لـە درێـژەی نوسـینەکەیدا دەڵێـت: **(ئەمـەش لـەوەڕا سەرچاوەی دەگرت کە ئێمە سەرەڕای ئەوەی ئەندامی شووراین و بەپێی ئوسـوول قـەرار لەسـەر ئـەوە درابـوو کـە پێکـەوە، وەک شـوورا ڕێـژیم بروخێنین و حکوومەتێکی دیموکراتیک لە ڕێگای ئـەم تـەنیا ئالترنـاتیوە دیموکراتیکە دامەزرێنین.).**

پێشتر لە ساڵی 1979 دا کۆمەڵە توشی هەڵوێستێکی لەو جۆرە ببوو. لـە لایەک دروشمی ڕوخانـدنی کۆمـاری ئیسـلامیی بـەرزکردبووە و لـە لایـەکی ترەوە دەیویست بەشداریی هەیئـەتی نوێنەرایـەتی گـەلی کـورد بکـات بـۆ وتووێژکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی، لە هەمان کاتدا حیزبـی دیمـوکرات دەیـوت: **(مـادام کۆمەڵـە دروشـمی ڕوخانـدنی کۆمـاری ئیسـلامیی بەرزکردووەتەوە، ناتوانێت بەشداریی هەیئەتی نوێنەرایەتی و وتووێژی ئاشتی بکات.).** کەچی ئێستا خۆی کەوتووەتە ئەو بوارەوە و دەیـەوێت لـە

لایەک لەگەڵ موجاهیدینی خەڵک ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی بڕوخێنێت و حکومەتێکی دیموکراتیی ئیسلامیی دابمەزرێنێت، لە لایەکەی تریشەوە، دانی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا دەنا و داوای وتووێژی لێدەکرد، بە بێ ئەوەی کە بۆ جارێکیش بیر لەوە بکاتەوە کە لە ڕژێمێکی دیکتاتۆر و دژ بە دیموکراسیدا، ناکرێت هەرێمێک ئازاد بێت و هەرێمەکانی تری وڵات بەستراوە و زیندان!

لەو ڕوانگەیەوە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک دوای هۆشیارکردنەوی دەفتەری سیاسی و هەوڵێکی زۆر، نەیتوانی پاشەکشە بە دوکتۆر قاسملوو بکات و سەرئەنجام بە نوسینی جەلیل گادانی لە لاپەڕەی 318 ی "50 ساڵ خەبات" دا: **(پاش شەش مانگ هەوڵ و تێکۆشان کار گەیشتە ئەو جێگایە کە لە کۆبوونەوەی خاکەلێوی 64 دا بەبێ ئەوەی نوێنەری حیزب بانگهێشت بکەن، ئەندامانی شوورا بە تێکڕای دەنگ بە دەلیلی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی کە ئەم کارە لەگەڵ خاڵی یەکی پیرەوی نیوخۆی شوورا دژایەتیی هەبوو، کۆتایی بە ئەندامەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شوورادا هێنا و وەلای نا).**

## ڕۆژی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات

کێشە و گرفتەکان لە هەموو لایەکەوە باڵیان بەسەر دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتدا کێشابوو. لە لایەک بەرتەسکبوونەوەی ناوچە ئازادەکان و لە لایەکی ترەوە ماندووبوونی کادیر و پێشمەرگەکان لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی و پەرۆشیان لە دەرکردن و دورخستنەوەی ژمارەیەک لە هاوڕێیانیان، ڕۆژانە چەندان کادیر و پێشمەرگەی کارامە لە حیزب دوردەکەوتنەوە.

ئەو کێشانە دۆکتۆر قاسملووی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە دەفتەری سیاسی ڕۆژێکی مێژوویی تایبەت بۆ پێشمەرگە دەستنیشان بکات و بە ڕۆژی پێشمەرگەی دابنێت و ورەی پێشمەرگەکانی پێ بەرزبکاتەوە. لە ڕاستییدا دیارییکردنی ڕۆژێکی وا بۆ پێشمەرگە کە گیانی خۆی لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیدا بەختدەکات، کارێکی پیرۆز و جێی ڕێزگرتنە، بەڵام ئەو مەسەلەیە لەو کاتەدا بۆ حیزبی دیموکرات، زیادتر بۆ سەرگەرمکردنی پێشمەرگە بوو، چونکە حیزبێکی سیاسی مافی خۆیەتی ڕۆژێک بۆ پێشمەرگەکانی خۆی دیارییبکات، نەک بۆ هەموو پێشمەرگەی کوردستان و چاوەڕوانیش بێت کە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان ڕێزی لێبگرن.

دەفتەری سیاسی لەسەر پێشنیازی دوکتۆر قاسملوو ڕۆژی 26 ی سەرماوەز (17 ی دیسێمبەر) ی بۆ ڕۆژی پێشمەرگە دانا و کۆمیتەی ناوەندییش لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا کە ڕۆژی 15- 1363/5/24) پێکهات، ئەو پێشنیازەی دەفتەری سیاسی پەسەندکرد و ڕۆژی 26 ی سەرماوەزیی کرد بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

هۆی دەستنیشانکردنی ڕۆژی 26 ی سەرماوەز لە لایەن دوکتۆر قاسملوو و پێشنیاز کردنی بە دەفتەری سیاسی و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتەوە، بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە گوایە لەو ڕۆژەدا حیزبی دیموکرات لە ساڵی 1324 دا کۆتایی بە دوا دەسەڵاتی ڕژێمی پاشایەتی هێناوە لە مهاباد و بنکەی شارەبانیی چەککردوە. بێئاگا لەوەی کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی هەرە ڕەشە لە مێژووی نەتەوەی کورددا و ڕۆژی ڕوخانی

کۆماری کوردستان و کەوتنی دڵە بچۆلەکەی کۆمار و ڕۆژی شین و ماتەمینی گەلی کوردە لە هەموو جیهاندا.

بە پێچەوانەی بۆچوونی دۆکتۆر قاسملوو، دەفتەری سیاسی و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، شارەبانیی مهاباد ڕۆژی 26 ی سەرماوەزی ساڵی 1324 چەک نەکراوە. شارەبانیی مهاباد ڕۆژی 26 ی ڕێبەندانی ساڵی 1323 (1945/2/15) واتە 14 مانگ بەرلەو مێژوویە و لە سەردەمی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستاندا چەککراوە. لەو ڕۆژەدا بە هۆی دروستکردنی کێشەی شەکر "قەند" لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە، بە دەستپێشخەریی حوسێن فروهەر و عەزیز خانی کرمانج نوێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و بە هاوکاریی خەڵکی شاری مهاباد، شارەبانیی مهاباد چەککرا.

حەوتەنامەی "کوهستان" لە لاپەڕەکانی 1- 8 ی ژمارەی یەکیدا ئاماژەی بۆ چەککردنی شارەبانیی مهاباد دەکات و دوو بروسکەی ڕۆژی 1323/12/1 ی قەرەنی ئاغای مامەش لە سندوس و "ئەفشارپەنا" لە میاندواو بۆ فەهیمی وەزیری ڕاوێژکاریی و بەڕێوەبەرایەتی شارەبانیی ئێران بڵاوکردەوە کە هەردووکیان باسی چەککردنی شارەبانیی لە ڕۆژی 26 ی ڕێبەندانی 1323 دا دەکەن. ئەفشار پەنا، تەنانەت لە بروسکەکەیدا نوسیویەتی شارەبانیی کاتژمێر چواری ئێوارە چەککراوە.

هەر وەک گوتم، ڕۆژی 26 ی سەرماوەزی 1324 ڕۆژی چەککردنی شارەبانیی مهاباد نیە، بەڵکوو لە لایەک ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە لە لایەن پێشەوا قازی محەمەد "محەمەد قازی" و هەر لە هەمان کاتیشدا دوای ساڵێک لە 26 ی سەرماوەزی 1325 دا، سوپای ئێران گەڕاوەتەوە بۆ مهاباد و دڵە چکۆلەکەی کۆماری کوردستانی لە لێدان خستووە.

لەو بارەیەوە دۆکتۆر قاسملوو بە داخەوە بە هەڵە چووە و ئێستاش کە زۆربەی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، ئەو ڕۆژانەیان بۆ ڕون بووەتەوە، ئامادە نین کە هەڵەکەیان ڕاستبکەنەوە و دەڵێن ساخکردنەوەی ئەو هەڵەیە زیان بە کەسایەتی دوکتۆر قاسملووی شەهید دەگەیەنێت!

دوای جیابوونـــەوەی "حیزبـــی دیمـــوکراتی کوردســـتان" لـــە حیزبـــی دیموکراتـی کوردستانـی ئێران لـە دوای کۆنگرەی سێزەیەمدا، مـەلا عەبـدوڵا حەسەن زادە جارێک لـە 26 ی سـەرماوەزدا نوسـی کـە ئێمـە بـەم هۆیـەوە ڕۆژی 26 ی سەرماوەزمان بە ڕۆژی پێشمەرگە داناوە کە لـەو ڕۆژەدا قازی محەمـەد ئـاڵای کوردسـتانی هـەڵکردووە، بـەڵام بـۆ سـاڵی دوایـی ئیتـر ئاماژەی بۆ ئـەو ڕووداوە نـەکردەوە و گـەڕایەوە بۆ ڕای پێشوی.

شـایانی باسـە لـەگـەڵ ئـەوەشـدا کـە 26 ی سـەرماوەز ڕۆژی چـەککردنی شارەبانیی نیە، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیش نیە، بەڵام دەتوانێت بـە ڕۆژی پێشـمـەرگەی حیزبـی دیمـوکرات نـاوی ببـەین. هـەر وەک چـۆن ڕۆژی 10 ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کۆماری کوردستانە و حیزبـی دیمـوکرات بـە ڕۆژی شـەهیدانی کوردسـتانی دانـاوە، تـەنیا لـە لایـەن ئـەو حیزبـەوە ڕێزی لێدەگیرێت و هێزەکانی تر قبوڵیان نیە!

## شەڕی ئێران و عێراق خۆی لە سیاسەتی ژنۆسایدی گەلی کورددا دەبینێتەوە

لە بەشی "شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران" دا ئاماژەم بۆ هۆی هەڵگیراسانی شەڕەکە کرد و گەیشتمە ئەو جێیەی کە سوپای ئێران لە عەمەلیاتێکدا توانی ڕۆژی 1360/3/3 (1981/5/24) شاری خوڕەم شەهر لە پارێزگای خوزستان لە دەست سوپای عێراق بستێنێتەوە. ئێران ناوی ئەو عەمەلیاتەی نابوو "بەیتولمقەدەس" و لە درێژەی شەڕەکانی بەیتولمقەدەسدا 5500 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی داگیرکراوی خوڕەم شەهر ئازاد کرا و 34 هەزار سەربازی عێراق لە لایەن سوپای ئێرانەوە بە دیل گیران.

بەو حاڵەش عێراق بە ڕاشکاویی ئامادە نەبوو کە مەرجەکانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ قبوڵ بکات، بەڵام کوەیت و وڵاتانی تری عەرەبی ئامادەبوون زیانەکانی شەڕ بۆ ئێران قەرەبوو بکەنەوە، کەچی ئەو سەرکەوتنە، خومەینی توشی هەڵە کرد و هانیدا کە شەڕ نەوەستێنێت و ڕایگەیاند بەو مەرجە شەڕ دەوەستێنێت کە عێراق هێزەکانی خۆی لە سنوری نێودەوڵەتیی بکێشێتەوە و قبوڵ بکات کە هەڵگیرسێنەری شەڕ بووە، هەروەها زیانەکانی ئەو شەڕە بداتەوە بە ئێران. عێراقیش ڕازیی نەبوو.

لەو کاتەدا کە گوشاری شەڕ باڵی بەسەر حکومەتی سەدامدا کێشابوو، بەو زانیارییەوە خومەینی دروشمێکی نوێی هەڵگرت کە سوپای ئێران بە عێراقدا بچێتە لوبنان و قودس ڕزگار بکات. ڕۆژی 1361/3/31 (1981/6/21) ڕایگەیاند:

**- (دەبێت ئێمە بە ڕێگای شکاندنی عێراقدا بچینە لوبنان. ئێمە دەمانەوێت قودس ڕزگار بکەین، ئەویش بەبێ ڕزگارکردنی عێراق لە چنگ حیزبی "شوم"ی بەعسی عێراق بە ئەنجام ناگات.).**

دوای ئازادکردنی خوڕەم شەهر سوپا و سوپای پاسدارانی ئێران بە پشتیوانیی هێزەکانی ئاسمانیی و دەریایی و بە ناوی عەمەلیاتی "ڕەمەزان"، ڕۆژی 1361/4/3 بە پانتایی 1500 کیلۆمەتری چوارگۆشە هێرشیان کردە سەر "بەسرە"، بەڵام سەرنەکەوتن و سوپای عێراق زەبری

قورسی لە سوپای ئێراندا. دوای ئەو شکستە ئایەتوڵا خومەینی فتوایدا کە لاوانی بە تەمەنی "15 ساڵی قەمەری" بچنە بەرەکانی شەڕ و گوتی:

- **(مادام کە بەرەکانی شەڕ پێویستیان بە هێز هەیە، چوونی کەسانی باڵغ بۆ بەرەی شەڕ واجبە و پێویستیی بە ڕەزامەندیی بنەماڵەکانیان نیە!)** شایانی باسە کە ساڵی قەمەری 355 ڕۆژە.

دوای فتوای خومەینی بەرەکانی شەڕ پڕ کران لە مناڵانی 13- 15 ساڵە و لە هێرشی هێزەکانی پیادەی سوپادا مەیدانە مینڕێژکراوەکانیان پێ خاوێنکردنەوە. هەر یەکێک لەو منالانە کلیلێکیان بە ملیانەوە هەڵواسرابوو کە دوای کوژرانیان دەرگاکانی بەهەشتی پێبکەنەوە. ڕژێمی ئێران بەو تێبینییە کە سوپای ئێران لە بواری ژمارەی هێزی چەکدار لە عێراق بەهێزترە، بەرەکانی شەڕی بەرین کردەوە، لە لایەک پاشەکشە بە هێزە عێراقییەکان بکات و لە لایەکی ترەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاک بکاتەوە.

بەو مەبەستە سوپای ئێران پەرەی بە عەمەلیاتەکانیدا و چەندان عەمەلیاتی وەک "عەمەلیاتی سامن الائمە، عەمەلیاتی فتح المبین، عەمەلیاتی طریق القدس، عەمەلیاتی بیت المقدس، عەمەلیاتی محرم، عەمەلیاتی والفجر 1- 10، عەمەلیاتی خیبر، عەمەلیاتی بدر، عەمەلیاتی کربلای 1-5 و عەمەلیاتی نصری بەڕێوەبرد. لەو ڕیزە عەمەلیاتانەدا، عەمەلیاتی محرم لە باشوری ڕۆژهەڵاتی "دێی لوڕان، عەمەلیاتی والفجری 2 لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، عەمەلیاتی والفجری 3 لە ناوچەی مێهران، عەمەلیاتی والفجری 4 لە ناوچەی بانە تا مەریوان و سەرئەنجام ڕۆژی 1366/12/25(1988/3/15) عەمەلیاتی والفجری 10ی لە ناوچەی هەڵەبجە بەڕێوەبرد و نەوسودی گرتەوە و هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروبەری داگیرکرد. لە بەرامبەردا ڕژێمی بەعس ڕۆژی (16و1988/3/17) هەڵەبجەی بۆمبارانی کیمیایی کرد و 5000 کەسی شەهید و 12000 کەسی بە گازی کۆمەڵکوژ بریندار کرد. بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و دواتریش ئەنفالە بەدناوەکانی باشووریی کوردستان بە هەستی ڕەگەزپەرستانە و بە مەبەستی ژنۆسایدی گەلی کورد بەڕێوەچوو و تیایدا نزیکەی 182 مرۆڤی کورد زیندە بەچاڵ کرا.

لە شەڕەکاندا حکومەتی بەعس و کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندان جار بنکەی پێشمەرگەکانی کوردستانیان بۆردومان کرد و ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنییان کوشت. هەروەها لە بۆمببارانی هەڵەبجەدا 55 کادیر و پێشمەرگەی گوردانی "شوان"ی کۆمەڵە کەوتنە بەر کیمیاییباران و شەهید بوون. کۆمەڵە سەبارەت بەو شەهیدانە و بۆ ئەوەی کە ڕژێمی عێراق لێی تۆڕە نەبێت، چاوی لەو ڕاستییە پۆشی کە لە کیمیاییبارانی هەڵەبجەدا شەهید کراون و ڕایگەیاند ئەو پێشمەرگانە لە ناوچەی سیروان و هەڵەبجە، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کراون.
ناوی شەهیدەکانی کۆمەڵە بریتین لە:

**- (شوکروڵا خێرئابادی "شوکی"، ڕەزا فاتحی، عەبدولحوسێن محەمەدی، هومایون نازری "عەلی"، ڕەحمەت ئیسماعیلی، مەحمود سجادی، قوباد سادقی، لوتفواڵە محەمەدی، زوبیر ئەحمەدی، حوسێن ئەحمەدی، مەنسور ئاقایی، نادر سلێمانی، فەرزاد محەمەدی، عەبدوڵا شەریفی، بەدیع خەڵکی باوەڕێز، نامیق کەریمی، تاهر زەبیحی، ڕەزا خالدیان، سابیر ملکی، مەحمود سەمەدی، سەدیق خەڵکی کەونتو، عەدنان خەڵکی هەورامان، عەلی حەبیبی، ڕیزوان ئەحمەدزادە، سەبریە دوستکامی "ئارەزو"، نادر سەبا، حەسەن باباخانی، محەمەد ڕەزایی، محەمەد بەشارەتی، حەیدەر گویلی، ئیبراهیم ئەحمەدی، فەرهاد گویلی، مەنسور پاکسرشت، شارۆخ بەنیبەشەر، ماشاالله مێهرپەنا، فەرهاد وەکیلی، فەرهاد مەجیدی، فەتحولا کەرمی، عەزیزە لوتفی، ئەمین لوتفی، ئەرسەلان سەعادەتمەند، خالید واحدی، سۆهراب، دوکتۆر هەمەدانی "کەمال فارس"، ڕەحمەت کلاوقوچی، محەمەد نادری "وەستا حوسێن"، سوسەن فەریقی، ڕەحمەت تیرئەندەرزیی، جەمال عەلیزادە، تۆفیق قادری، تاهر قەوامی، محەمەد عەلی وەزیری، زیوەر ڕەشیدی "زیبا"، لوتفواڵە شەریعەتی و ئەشەرف قەدرجو.).**

لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێران و عێراقدا چەندان جار بالانسی شەڕەکە بە قازانجی یەکێک لەو دوو وڵاتانە گۆڕا. هۆکاری ئەو گۆڕانکارییە دەگەڕایەوە بۆ پشتیوانیی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا و ناوچەکە لە یەکێک لەو دوو وڵاتانە و کاریگەریی ئەو چەکانەی کە لە

شەڕەکەدا بەکاریانـدەهێنا. تا ساڵی 1363 (1984) عێراق بەرەبەرە دەستکەوتەکانی شەڕی لەدەستدا، بەڵام لەو ساڵەدا لە لایەک وڵاتە زلهێزەکان خۆیان لە فرۆشتنی چەکی پێویست بە ئێران پاراست و لە لایەکی تریشەوە لاوازیی ئابووری ئێران ڕێگەی پێنەدەدا کە چەک و کەرەستەی پێویست پەیدابکات.

هەر دوو ڕژێم لە ماوەی شەڕەکەدا چەندان جار شارەکانی ئێران و عێراقیان بۆمبباران و موشەکبارانکرد. موشەکی عێراقیی دەگەیشتە تاران و موشەکی ئێران لە بەغدا دەکەوت و هەزاران مرۆڤی مەدەنییان کوشت. بەغدا، موسڵ، تاران، تەورێز، کەرکوک، کرماشان، ورمێ، مهاباد، سەقز، سنە، بانە، مەریوان، پیرانشار و.. تد، زۆر جار بوون بە ئامانجی بۆمبباران و موشەکبارانەکانی ڕژێمی بەعس و ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، تەنانەت ڕژێمی بەعس لە هەرێمی کوردستاندا چەندان جار چەکی کیمیایی تاقیکردەوە و نزیکەی 100,000 کەسی مەدەنیی کوردستان و ئەندامانی سوپای ئێرانی لەو هەرێمەدا کوشت.

ڕژێمی عێراق ساڵی 1361 (1982) بۆ یەکەم جار چەکی کیمیایی لە گوندی "ساوجی" لە باکوری شاری مەریوان تاقیکردەوە و بە گازی "نایترۆژین" لەو گوندەی دا. ڕۆژی 1362/5/18 جادەی نێوان پیرانشار و ڕەواندزی بۆمبارانی کیمیایی کرد و ڕۆژی 1362/7/27 لە ناوچەی بانە، مەریوان و پێنجوینی دا. ڕۆژی 1362/8/3 گوندی "باینجان" لە ناوچەی بانە و گوندی "شیوەڕەش" لە ناوچەی سەردەشت بۆمبارانی کیمیایی کران و ڕژێمی ئێران ڕایگەیاند کە سوپای عێراق ئەو ناوچانەی بۆردومان کردووە. هەروەها ڕۆژی 1366/4/7 ڕژێمی عێراق شاری سەردەشتی کیمیاباران کرد. لەو بۆمبارانەدا 130 کەس لە خەڵکی سەردەشت کوژران و نزیکەی 7000 کەسیش بریندار بوون.

هەر وەک ئاماژەم بۆ کرد، ئێران عەمەلیاتێکی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران کرد کە ناوی والفجری 2 بوو. لەو شەڕەدا ڕژێمی بەعس کەڵکی لە چەکی کیمیایی وەرگرت و ڕۆژی 1366/10/21 سەرلە نوێ بە چەکی کیمیایی لە ناوچەی سەردەشتی دا و هەر وەک گوتم ڕۆژی 1366/12/26 بە شێوەیەکی دڕندانە شاری هەڵەبجەی بۆمبارانی کیمیایی کرد و هێشتا

بەشێک لە بریندارەکانی هەڵەبجە و سەردەشت کە لە ژیاندان، زامی چەکی کیمیایی لەسەر جەستەیان ماوە. هەروەها ڕژێمی عێراق چەکی کیمیایی لە شێخ وەسان، بادینان، دۆڵی جافەتی و ناوچەکانی بانە، دزلی، پاوە، نۆدشە، شنۆ، گیلان غەرب و کرماشان، بەکارهێنا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی 1200 لاپەڕەیی ڕژێمی عێراق بۆ ڕێکخراوی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 2002 دا، چەند کۆمپانیای ئەمریکا، ئینگلیز، فەرەنسە و کۆماری چین کەرەستەی پێویستیان بۆ دروستکردنی چەکی کیمیایی بە عێراق فرۆشتووە. هەروەها بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە، ڕژێمی بەعس لە ماوەی شەڕەکەدا 17602 تۆن ماددەی کیمیایی کڕیوە.

سەنگاپورە 4515 تۆن، هۆڵەندا 4261 تۆن، میسر 2400 تۆن، هیندوستان 2343 تۆن و ئەڵمان 1207 تۆن و.. تد، مادەی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتووە.

لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، هەموو وڵاتە عەرەبییەکان جگە لە سوریا پشتیوان و یارمەرتیدەری ڕژێمی بەعس بوون. ساڵی 1980 عێراق ڕیاکتۆرێکی ئەتۆمیی "کلاس ئەزیریس"ی لە فەرەنسە کڕی و بەگوێرەی زانیارییە نهێنییە سەربازییەکانی ئیسرائیل، دەیویست چەکی ئەتۆمیی دروستبکات، بەڵام بەر لەوەی کە دەست بە دروستکردنی ئەو چەکە بکات، فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە عەمەلیاتێکدا دامەزراوە ئەتۆمییەکانی عێراقیان بۆمباران کرد و بەو کارەی یارمەتییەکی زۆری ئێران گەیاند.

لە ماوەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا نەتەوەیەکگرتووەکان 17 بڕیارنامەی بۆ کۆتاییهێنانی شەڕەکە پەسەندکرد. لەناو ئەو کۆمەڵە بڕیارانەدا دەوڵەتی ئێران ڕۆژی 1367/4/27 (1988/7/18) بڕیارنامەی ژمارە 598- 1987/7/23 بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ قبوڵکرد. مەرجی سەرەکیی ڕاگرتنی شەڕ لەو بڕیارنامەیەدا دەگەڕایەوە بۆ ڕێککەوتننامەی جەزایر لە نێوان محەمەد ڕەزا شا و سەدام حوسێن و گەڕانەوەی هەردوو دەوڵەت بۆ سەر هێڵی سنورەکانیان. بەو مەبەستە ئایەتوڵا خومەینی

نامەیەکی نهێنی بۆ کاربەدەستانی سەربازیی و حکومیی ئێران نوسی و ڕایگەیاند:

**- (.. ئێستا کە بەرپرسانی سەربازیی ئێمە لە سوپا و سوپای پاسداراندا خاوەن ئەزمون و خیبرەن لە شەڕدا و بە ڕاشکاویی دەڵین سوپای ئیسلام بەم زووانە سەرناکەوێت، هەروەها بەرپرسە دڵسۆزە سیاسی و سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامیی درێژەدان بە شەڕ لە بەرژەوەندی وڵاتدا نابینن و بە ڕاشکاویی دەڵین "یەک لە دە"ی ئەو چەکانەی کە ئیستکباری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەیدەن بە سەدام، هەرگیز و بە هیچ نرخێک لە جیهاندا بەدەست نایەت و بە لەبەر چاوگرتنی نامەی فەرماندەی سوپای پاسداران کە یەکێکە لە دەیان ڕاپۆرتی سیاسی و سەربازیی کە دوای شکستەکانی ئەم دواییانە بە من گەیشتووە.**

**هەروەها بە وتەی جێگری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، فەرماندەی سوپا یەکێکە لەو چەند فەرماندانەی کە ئامادەیە بە مەرجی دابینکردنی پێویستییەکانی شەڕ درێژە بدات بە شەڕ و بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە دوژمن بە شێوەیەکی بەرین لە چەکی کیمیایی کەڵکوەردەگرێت و ئێمە کەرەستەی پوچەڵکردنەوەی ئەو چەکەمان نیە، من لەگەڵ ئاگربەس هاودەنگم.).**

بۆ ڕونبوونەوە لەسەر چۆنیەتی قبوڵکردنی ئەم بڕیارە، سەرنج بدەنە چەند بەشێکی نامەی نهێنی ئایەتوڵا خومەینی کە ڕۆژی 1367/4/2 (1988/6/23) بۆ کاربەدەستانی سەربازیی و حکومیی کۆماری ئیسلامیی نوسیویەتی:

**- (... ئازیزان ئێوە لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەو بڕیارە بۆ من وەک ژەهری کوشندەیە، بەڵام ڕازیم بە ڕەزای خوای گەورە و بۆ پارێزگارییکردن لە دینی ئەو و پارێزگارییکردن لە کۆماری ئیسلامیی ئەگەر ئابڕوویەکەم هەبێت سەرفی دەکەم، خوایە ئێمە بۆ دینی تۆ ڕاپەڕیوین و بۆ دینی تۆ شەڕمان کرد و بۆ پارێزگارییکردن لە دینی تۆش ئاگربەسمان قبوڵکرد. ... گوتم کۆبوونەوەیەک پێکبهێنن و هۆی ئاگربەس بە خەڵک بگەیەنن. هۆشیار بن ڕەنگە کەسانی توندڕەو بە بەرز کردنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕانە ئێوە لەوە دوربخەنەوە کە بە قازانجی**

**ئیسلامە. بە ڕاشکاویی دەڵێم، دەبێت هەموو تواناکانتان بۆ سەلماندنی ئەو ئەرکە بێت. هەنگاوی لادەرانە بە تاوان لە قەڵەم دەدرێت و ڕووبەڕووی دژەکردەوە دەبێتەوە. ئێوە دەزانن کە بەرپرسانی باڵای سەربازیی بە چاوی پڕ لە خوێن و دڵی پڕ لە عەشق بە ئیسلام و وڵاتی ئیسلامیی ئەو بڕیارەیان داوە. خوا لەبەرچاو بگرن و ڕووداوەکانی دوایی لە دۆست ببیستن...).**

بڕیارنامەی 598 کە ئایەتوڵا خومەینی قبوڵکردنەکەی بە خواردنەوەی پیاڵەی ژەهر ناوبرد، شتێکی زیادەی جگە لە کۆتاییهێنان بە شەڕی ئێران و عێراق نەدەویست. ڕۆژی 1367/4/29 دەربارەی قبوڵکردنی بڕیارنامەی 598 گوتی:

**- (لەگەڵ قبوڵکردنی ئاگربەس هاودەنگییمان کرد کە لە هەلومەرجی ئێستادا لە بەرژەوەندی شۆڕش و کۆماری ئیسلامیی دایە. خوا دەزانێت کە ئەگەر هۆیەک نەبووایە کە عیزەت و ئیعتباری ئێمە قوربانیی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان بکات، هەرگیز من بەو کارە ڕازیی نەدەبووم و مەرگ و شەهادەت بۆ من خۆشتر بوو. وای بۆ من کە هێشتا زیندووم و پیاڵەی ژەهراویی قبوڵکردنی بڕیارنامەم خواردەوە.).**

سەبارەت بەو هاودەنگیی کردنەی خومەینی لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ و قبوڵکردنی بڕیارنامەی ژمارە 598 ی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئاژانسی هەواڵ و بەدواداچوونی کوردستان "پەیامنێر" ڕۆژی 2008/7/21 بڵاویکردەوە:

**- (نزیکترین کەسایەتی لە ئایەتوڵا خومەینی، سەرۆکی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئایەتوڵا هاشمی ڕەفسەنجانی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەوانان چۆنیەتی ڕاگرتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران و هۆکارەکانی پابەندبوونی ئێران بە بڕیاری ئاگربەس و نهێنی ڕازیبوونی ئێرانی بە بڕیارەکە ئاشکراکرد و ڕایگەیاند، لەو کاتەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی گەورە ببووەوە و هەندێك مەترسی ڕوویان لە سیستمی حوکمی کۆماری ئیسلامیی کردبوو کە ناچاربووین ئەو بڕیارە پەسەند بکەین. وتیشی:**

ئـەو کاتـە ئێـران بـە بڕیـاری شـەڕ ڕاگـرتن ڕازیـی نـەدەبوو، وڵاتـانی ئـەنجومـــەنی ئاسایشـــی نێودەوڵـــەتییش لایـــەنگری عێـــراق بـــوون و نـەیاندەویست ڕژێمی بـەعس بڕوخێت و ئێران لـە شەڕەکـەدا سـەربکەوێت. ڕونیشـــیکردەوە، ئێـــران مـــەرجی بـــۆ شـــەڕ ڕاگـــرتن هـــەبوو، ســـەرەتا مەرجەکانیان پەسەند نەدەکرد و دەیانگوت ئێوە شـەڕ ڕاگـرن و دواتـر لـە نێوان خۆتاندا دانوستان لە بارەی ئەو مەرجانەوە بکەن و نـەیاندەویست عێراق وەك وڵاتی دەستدرێژکەر تاوانبار بکەن.

ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە ئەنجومەنی ئاساییشی نێودەوڵەتیی لە ترسی ڕوخـانی ڕژێمی بەعس بە مەرجەکانی ئێران ڕازیی بوون و یەکەم، وڵاتـی دەسـتدرێژکەریان دەستنیشـانکرد و دووەمـیش بڕیـاری قەرەبووکردنـەوەی ئێران و سەپاندنی سزای داراییان بەسەر عێراقدا پەسەند کرد. لـە ڕووی بارودۆخی بەرەکانی شەڕیشەوە ڕەفسەنجانی گوتی: بارودۆخی بـەرەکانی شەڕ بە جۆرێک بـوو کـە دەبووایـە ڕازیـی ببـین بـە بڕیـاری شـەڕ ڕاگـرتن، چونکە بارودۆخەکە دەرفەتی بەردەوامیی پرۆسە سەربازییەکانی نەدەدا.

هەروەها ڕونیکـردەوە، کێشـەکانمان زۆر بـوون، ناردنـە دەرەوەی نـەوتی ئێران بـە گرفـت و کێشـە بـوو، بـە تـەواویی پەکی کـەوتبوو، حکومـەت لـە یاداشـتێکدا ڕێبـەری شـۆڕش ئایـەتوڵا خومـەینی ئاگـادار کـردەوە کـە بارودۆخەکە لەژێر هێڵی سور دایە.

ئەو کاتە من نوێنەری ئایەتوڵا خومەینی بووم لـە لای فـەرماندەیی هێـزە چەکدارەکان و موحسین ڕەزایی فەرماندەی سوپای پاسداران بوو. نـاوبراو لیستێکی تایبەت بە پێویستییەکانی بەردەوامیی شەڕی ئامادەکرد و من و پێـنج لـە گـەورە بەرپرسـانی ئـەو کاتـە بۆمـان دەرکـەوت کـە بـە بـێ ئـەو پێویسـتییانە نـاتوانین بـەردەوام ببـین لـە شـەڕدا و مـن ڕێبـەری شۆڕشـم ڕازییکرد بەوەی کە بەردەوامیی شەڕ لە بەرژەوەندی وڵاتدا نیە و ئـەویش بڕیـاری ڕاگرتنـی شـــەڕ و پابەنـدبوون بـــە بڕیـــاری **598** ی ئـەنجومـــەنی ئاساییشی نێودەوڵەتیی دەرکرد.).

ڕۆژنامـەی کـەیهان لـە ژمـارەی **12840**، ڕۆژی **1365/6/30** (**1986/9/21**) یدا ئاماژەی بـە زیـانی ئـابووریی کۆمـاری ئیسلامیی کرد و ڕایگـەیاند لـەو شەڕەدا هەتا کۆتایی ساڵی **1364**، ئیران **2473** میلیار تمەن پتر لـە زیـان

بینیوه.شەڕی ئێران و عێراق بە ئاماری ڕەسمیی حکومەتی ئێران 213 هەزار کوژراو و 335 هەزار کەنەفتە و 40 میلیارد دۆلار زیانی بە کۆمەڵگای ئێران گەیاند. 400 هەزار دۆنم خاکی ئێران هێشتا لە مین پاک نەکراوەتەوە و مانگانە ژمارەیەک بەسەر میندا دەکەون و دەکوژرێن. بێگومان ئاماری کوژراو و بریندار و زیانەکانی عێراقیش کەمتر لە زیانەکانی ئێران نەبووە.

لەو شەڕەدا هەردوو وڵات زیانیان لێکەوت، بەڵام کۆماری ئیسلامیی توانی بە کەڵکوەرگرتنی لە هەستی نیشتمانیی و ئایینیی چینی خوارووی کۆمەڵگای ئێران، هەروەکوو لە بەشەکانی پێشودا بینیمان توانی بەسەر بەشێکی زۆر لە ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا زاڵ ببێت.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا پێویستە بە ئاگاداریی خوێنەرانی بەڕێز ڕابگەیەنم کە بۆ نوسینی ئەم بەشە جگە لەو سەرچاوانەی کە لە دەقی باسەکەدا ئامازەم بۆ کردوون، کەڵکم لە کتێبی "ایستاده بر آرمان، روایت فروپاشی یک انقلاب، نوسینی علی غریب" و وتاری "جنگ ایران و عێراق" لە سایتی "ویکی پیدیا دانشنامەی ئازاد" www.wikipedia.org-wiki وەرگرتووە.

## شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بە تاوانکاریی پترەوە

لە بەشی **"شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات"** دا ئاماژەی بە چۆنیەتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات کرد و پەنجەم بۆ بەشێک لە زیانەکانی ڕاکێشا. کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکەم پیلینۆمی دوای کۆنگرەی شەشەمیدا کە ڕۆژی 1363/5/15 (1984/8/6) پێکهات، لە بەشی "پەیوەندیی حیزب لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکان" دا، سیاسەتی حیزبی سەبارەت بە درێژەدان بە شەڕ دژی کۆمەڵە ڕاگەیاند. ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە تایبەت بە پیلینۆم، خەرمانانی 1363 (سێپتمبەری 1984) ئەو سیاسەتەی بڵاوکردەوە:

**- (لەسەر کۆمەڵە: سیاسەتی حیزب لە کۆنگرەی شەشەمدا دیارییکراوە. بە بەڕێوەبەری کۆمەڵە ڕاگەیاندراوە کە حیزبی دیموکرات دەیەوێت لەگەڵ کۆمەڵە هاوکاریی بکات و بە هیچ جۆرێک پێی خۆش نیە هیچ تێکهەڵچوونێک لە نێوان حیزب و کۆمەڵەدا پێکبێت. ئەگەر کۆمەڵە شەڕ لەگەڵ حیزب هەڵبگیرسێنێت، ئەو کاتە حیزب ناچارە زۆر بە توندیی بەرەنگاری کۆمەڵە ببێتەوە. تەنانەت بە ڕاشکاویی پێیان گوتراوە کە هەڵگیرساندنی شەڕ لە لایەن کۆمەڵەوە لە یەک ناوچەی کوردستاندا، دەبێتە هۆی شەڕێکی سەرتاسەریی و چی تر ڕێ نادرێت کۆمەڵە لە هەر جێیەک خۆی بە بەهێز زانی، زەبر لە حیزب بدات و حیزبیش دەست لەسەر دەست دابنێت و لە ناوچەکانی تردا تەماشاچی بێت. هیواداریین ئەو هەڵوێستە ببێت بە هۆیەک بۆ پێشگیریی لە تێکهەڵچوون.).**

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ لە بڵاوبوونەوەی ئەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات، ڕۆژی 1363/8/25 (1984/11/16) شەڕێکی قورس و خوێناویی لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا لە نەوسود و دەوروبەری ڕوویدا و چەندان پێشمەرگەی تیادا شەهید بوو. چۆنیەتی شەڕەکە بەم جۆرە بوو:

دوای بەرتەسکبوونەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان و جێگیربوونی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی لەو ناوچانەدا، کۆمەڵە بڕیار

دەدات کە دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی بنێرێتە ناوچەی نەوسود لە هەورامان کە ناوچەیەکی بەرتەسک بوو لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراقدا و لەژێر ئاگری تۆپخانەی سوپای هەردوو دەوڵەتدا بوو. لەو ڕوانگەیەوە کە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بە بەردەوامیی لە ناوچەکانی تردا لە شەڕ و پێکهەڵپرژاندا بوون، هاتنی پێشمەرگانی کۆمەڵە لە بەهاری ساڵی 1363 دا بۆ ئەو ناوچەیە، نەبوو بەجێی خۆشحالێی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە نزیکەی پێنج ساڵ بوو بەرگرییان لە ناوچەکە دەکرد. لەبەر ئەوە بە هاتنی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ نەوسود، کێشە سەریهەڵدا. بە نوسینی ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران لە لاپەڕەی 13 ی کتێبی "ساڵێک دوای شەڕ"، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی هەورامانی حیزبی دیموکرات کە لەو سەردەمەدا "حەکیم ڕەزایی" بوو، دەربارەی ئەو کێشەیە، دەڵێت:

**- (کێشەی حیزب و کۆمەڵە کێشەیەکی ئایدیۆلۆژییە. کۆمەڵە خۆی بە نوێنەری کرێکاران دەزانێت و حیزبی ئێمە بە نوێنەری سەرمایەداریی. خەبات دژی بۆرژوازیی یەکێکە لە ئامانجەکانی. دیارە بۆرژوازیی بێدەسەلات و ژێردەستە نەک حاکم. کۆمەڵە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لە بواری سیاسی و چەکدارییەوە لە هەورامان نەبوو، مەگەر کەسانێک کە خەڵکی ناوچەکە بوون و لایەنگری بوون. بەهاری ئەمساڵ چەند کەسێکیان هاتنە ئەم ناوچەیە و دۆخی ناوچەکەیان هەڵسەنگاند و گەڕانەوە. دوای ماوەیەک ئاگادارکراین کە پانزدە کەس لە کۆمەڵەوە هاتوون و هاوڕێیانی ئێمە پێیان دەڵێن چۆنە ئێوە بەبێ ئیزن و ئاگاداریی ئێمە هاتوون، دەبووایە شوێنی بنکە و کەمینەکان و .. تد، لە ئێمە بپرسن، نەک چەک لە شانتان بکەن و بەبێ پرسکردن بە ئێمە، بێن. بە هەر حاڵ کێشەکە گەیشتە کۆمیتەی هەورامان و چارەسەر کرا، بەڵام پێشمەرگەکان ناڕەحەت بوون لەوەی کە دوای پێنج ساڵ پارێزگاریی لە ناوچەکە، کۆمەڵە بەبێ ئاگاداریی بێت. بە لایەنی کەمەوە دەبووایە شعوری ئەوەیان هەبووایە کە بە پشت بنکەی ئێمەدا دێن، کەسێک بنێرن و ئاگادارمان بکەنەوە. دوای ئەوە کێشەی گومرگ،**

**بە کرێدانی باخی جاشەکان، قبوڵ نەکردنی شورا، هاندانی خەڵک دژی حیزب و سەرئەنجام کێشەی هاتوچۆی خەڵک بۆ پاوە، لە نێوانماندا دروستبوو.)..** بە نوسینی ڕێکخراوی چریکی فیدایی، بەرپرسی کۆمەڵە دەڵێت:

**- (هاتنی ئێمە بۆ حیزب قبوڵ نەبوو. ئەوان دەترسان کە کۆمەڵە دژی کارەکانیان بێت. لە سەرەتادا چەند کەسیان لە کۆمیتەی شارستانەوە ناردبوو، گوتبوویان نابێت ئێوە بێنە ئەم ناوچەیە، چونکە ئێمەی لێین، دەبێت ئیزنمان لێ وەربگرن و ئێمە ڕێ بە چالاکیی ئێوە نادەین.)**. هەروەها بە نوسینی چریکی فیدایی، کەسێک بە ناوی "م. ڕ" لە کۆمەڵە، دەڵێت: **(ئێمە حیزبی دیموکرات بە ڕەسمیی ناناسین و بە فەرمانی حیزبی کۆمونیست هاتووین و هەر کەسێک پێشمان بگرێت بە گوللە وەڵامی دەدەینەوە.)**.

حیزبی دیموکرات بۆ کۆنترۆڵی خەڵک بنکەیەکی پشکنینی لە "قەڵوەز" دانابوو کە سەیرانگایەک بوو لە ناو شاری نەوسوددا و بە دانیشتووانی ڕایگەیاندبوو، هەر کەسێک دەیەوێت بچێت بۆ پاوە، دەبێت لە نێوان ڕۆژانی 8- 1363/8/13 (10/30- 1984/11/4) بێت و دواتر ئیزن بە هیچ کەس نادرێت کە بچێت بۆ پاوە. ڕۆژی 1363/8/24 (1984/11/15) دوو کەس لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیان دەیانەوێت بچن بۆ پاوە، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات ڕێیان نادەن. بەیانیی ڕۆژی دوایی چوار پێشمەرگەی کۆمەڵە دەچنە ماڵی ئەو دوو خێزانە کە هاوکارییان بکەن و بیاننێرن بۆ پاوە، بەڵام شەش پێشمەرگەی حیزب لە قەڵوەز پێشیان دەگرن. لە ئەنجامی ئەو پێشپێگرتنەدا، پێشمەرگەکان لە یەکتر تووڕە دەبن و یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە تەقە دەکات و پێشمەرگەکانی حیزبیش وەڵامی دەدەنەوە، بەڵام زیان بە هیچ لایەک ناگات.

دوای ئەو ڕووداوە، پێشمەرگەکانی حیزب و کۆمەڵە لە ناو شاری نەوسوددا تەقە لە یەکتر دەکەن و پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە ناوی بەختیار خالیدی شەهید و یەکێکی تریشیان بریندار دەبێت. هەروەها پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکراتیش بەناوی عەزیز ڕەمەزانی شەهید

دەبێت. شەڕەکە تەشەنە دەکات بۆ گوندی شۆشمێی خواروو. پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگریی حیزبی دیموکرات بە ناوی سەروەت ئەحمەدی و یەکێک لە سەرلکەکانی ئەو حیزبەش بە ناوی وەلی عەوێزی شەهید دەبن. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات گوشاری خۆیان بۆ سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵە زیاد دەکەن و ئەوانیش پاشەکشە دەکەن.

پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات خۆیان دەگەیەننە بنکە و چادری دەرمانگای کۆمەڵە و هەردووکیان دەسوتێنن. لەو شەڕەدا 16 پێشمەرگە شەهید بوون کە 13 یان پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون و سیانیشیان پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات. ناوی شەهیدەکان بریتی بوون لە:

- **شەهیدانی کۆمەڵە:** ئیدریس محەمەد، رەحیم ئیلاهی، محەمەد بەهرامی، مدریک یوسفی، تەلیعە عەلیپرایی، میرزا زاهیدی، عوبێد سوفیە، دارا ئەسعەدی، بەختیار خالیدی، نەسرولا بەهمەنی، مەسعود ئەحمەدی، شێخ عەلی، فەرەح ئادەمەن.

- **شەهیدانی حیزبی دیموکرات:** عەزیز ڕەمەزان، وەلی عەوێزی و سەروەت ئەحمەدی.

لەسەر پێشنیازی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو ڕووداوە دەنێرن بۆ نەوسود. ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: ئیبراهیم جەلال، جەمیل هەورامی لە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، مستەفا شەلماشی و حەسەن ئەیوب زادە "ماموستا گۆران" لە حیزبی دیموکرات و فاتح شێخولئیسلامیی و فاروقی بابامیری لە کۆمەڵە. دوای ئەو لێکۆڵینەوەیە، نوێنەرانی کۆمەڵە حیزبی دیموکراتیان بە تاوانباری شەڕەکە دانا و گوتیان ڕێکخراو و هێزی شاهۆی حیزبی دیموکرات بەرپرسی کوشتنی پێشمەرگەکانیەتی، بەڵام نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانیی و حیزبی دیموکرات لە ناساندنی تاوانبار، خۆیان بوارد و ئامادەنەبوون هیچ لایەنێک بە تاوانباری شەڕەکە بناسێنن.

ڕێبەرانی کۆمەڵە دەستبەرداری بۆچوونەکەیان نەبوون و چەندان جار لە نوسین و وتارەکانیاندا لە ڕادیۆ، داوای سزادانی تاوانبارانی شەڕەکەیان لە حیزبی دیموکرات کرد، تەنانەت بەشێک لە وتارەکانیان

لە نامیلکەی "کارەساتی هەورامان" دا بە زمانی فارسیی بڵاوکردەوە و سەرئەنجام عەبدوڵا موهتدی سکرتێری حیزبی کۆمونیستی ئێران بۆ خۆی وتارێکی زۆر توندی دژی حیزبی دیموکرات لە گۆڤاری کۆمونیست ژمارە 15 دا بڵاوکردەوە و بە ڕاشکاویی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوەی لە حیزبی دیموکرات کرد، کەچی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، یان باشترە بڵێین کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە هەورامان، هەڕەشەکەی بەجیددیی وەرنەگرت.

ڕێبەرانی کۆمەڵە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە حیزبی دیموکرات، پەنایان بۆ سێ تاکتیک برد. لە لایەک هەستی خەڵکیان سەبارەت بە شەڕەکانی حیزب و کۆمەڵە، بەتایبەتیی شەڕی ڕۆژی 1363/8/25 ی نەوسود، دەبزواند و ڕایاندەگەیاند:

**- (پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دە پێشمەرگەی بە دیل گیراوی کۆمەڵەیان لە شەڕی 1363/8/25 دا گوللەباران کردووە و بنکەی پێشمەرگەکان و چادری دەرمانگای کۆمەڵەیان سوتاندووە، هەرچەندە لیژنەی لێکۆڵینەوە، حیزبی دیموکراتی بە تاوانبار داناوە، بەڵام ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات لە سزادانی تاوانباران خۆیان دەپارێزن.).**

لە لایەکی ترەوە ڕێبەرانی کۆمەڵە هەڕەشەیان لە حیزبی دیموکرات دەکرد، بە ڕاشکاویی دەیانگوت تۆڵەی پێشمەرگەکانیان دەکەنەوە. هەر لەو کاتەشدا لە نەوسود و شۆشمێی خواروو پەیوەندیی خۆیان بە پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ و ڕێکخراوی هەورامانەوە توندوتۆڵ کرد کە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات متمانەیان پێبکەن. لەو بارەیەوە "دارا" یەکێک لە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە نەوسود دەڵێت:

**- (دوای شەڕی 1363/8/25 و ئاگربەس لە نێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و دیموکراتدا، پەیوەندییەکی زۆر برایانە لە نێوان کۆمەڵە و دیموکراتدا پێکهات و نزیکایەتی ئێمە گەیشتە ئاستێک کە شەوانە پێکەوە لە شۆشمێ کێشکمان دەگرت و پێکەوە نهێنیی شەومان دادەنا و زۆر بە گەرمیی هاموشۆی یەکتریان دەکرد.).**

ڕۆژی 1363/11/4 (1985/1/24) عەبدوڵا موهتدی و سەدیق کەمانگەر و چەند ئەندامێکی تری سەرکردایەتی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیست، دەچنە

شۆشمێ و لـه بنکـەی کۆمـەڵـه دەمێننـەوە. ئـەو پێشـمەرگـەیـەی حیزبـی دیموکرات گوتی: **(شەوی 4 لەسەر 1363/11/5 (1985/1/25) لەگەڵ کاک عـەبـدوڵا موهتـدی و کـاک سـەدیـق کـەمانگـەر و دەکرێت بڵـێم هـەمـوو ڕێبـەرانی کۆمەڵـه و حیزبـی کۆمونیست لـه بنکـەی کۆمـەڵـه لـه شۆشمێ بووم. تا بـەرەبـەیانـی ڕۆژی 1363/11/5 خـەریکی گاڵتـه و گـەپ و قسـەی خۆش بووین. بڕیار وا بوو حیزبی دیموکرات بنکەیەک لـه "هانـەگـەرمـەڵـه" بکاتـەوە و من بۆ ئـەو مـەبـەستـه، بـەیانیی زوو بـەرەو هانـەگـەرمـەڵـه چووم. هـەر وەک گوتم، لـەگـەڵ کۆمـەڵـه پێکـەوە نهێنیی شـەومان دادەنا. شـەوی 5 لـەسـەر 1363/11/6 ژمارەیـەک لـه پێشـمـەرگـەکانی کۆمـەڵـه دەچنـه "دەرەتفێ" کـه گوندی هـەوارییـەکان بوو لـه ناو خاکی باشوری کوردستاندا و بنکـەی هێـز و ڕێکخـراوی حیزبـی لێبـوو. پێشـمـەرگـه نهێنـی شـەویـان لێدەپرسێت و ئـەوانیش دەیڵـێن و لێـی نزیـک دەبنـەوە و پێشـمـەرگـەکـه دەکـوژن و دەچنـه سـەربـانی بنکـەکـه و نـارنجۆک دەخـەنـه نـاو پێشمەرگەکان و لـه پـەنجـەرەکانیشەوە تـەقـەیان لێدەکـەن و هـەموویان لـه خـەودا دەکوژن. وا بزانم تـەنیا دوو کـەسیان بـه بریندارییی ڕزگاریان بوو. لـه لایـەکی ترەوە پێشمەرگەکانی کۆمـەڵـه دەچنـه سـەر پێشـمـەرگـەکـانی حیزب لـه نـەوسود و "تـەختـەی جـەم" کـه شیوێک بـوو، مـاڵی پێشـمـەرگـه و ئاوارەی لێبوو، لـەو دوو جێیـەش هـەرچـەندە پێشمەرگەکانی حیزب و هێزی بـەرگریـی وەڵامیـان دەدەنـەوە، بـەڵام کۆمـەڵـه تـاوانێکی مـەزن دەکـەن. ڕێبـەرانـی کۆمـەڵـه لـەو تاوانـەدا، تـەنانـەت لـەگـەڵ فـەرمانـدە سەربازییەکانی سوپای عێراقیش سازا بوون، تا ئـەگـەر پێویست بکات لـه کاتی تـەنگانـەدا بـەجێیـەکدا پاشـەکشـه بکـەن کـه نـەکـەونـه سـەر مین، تـەنانـەت یـەکێتـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش ئاگـاداری ئـەو تاوانـه کرابووەوە.)**.

لـەو پـەلاماردانـەی پێشمـەرگـەکـانی کۆمـەڵـه بـۆ سـەر پێشـمـەرگـەکـانی حیزبی دیموکرات کـه ڕێبـەرانی کۆمـەڵـه لـه ڕادیۆکـەیانـدا بڵاویـانکردەوە (بـه پلانـی داڕێـژراوی سـەرکردایـەتی کۆمـەڵـه بـەڕێوەچووە)، 17 پێشـمـەرگـەی حیزبـی دیمـوکرات و 12 پێشـمـەرگـەی کۆمـەڵـه شـەهید و ژمارەیەکیش بریندار بوون. ناوی شەهیدەکانی ئـەو کارەساتـەبریتیـه لـه:

**شەهیدانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیست:** عەتا ئەمینیان، جەمال خانپور، ئەمیر ڕۆستەمی، محەمەد قاسم مورادی، محەمەد ڕەشید سادقی، پەرویز گوڵئەفشان، ساڵح کەریمی، ژیلا عەندەلیبی، بەهرام قادری، ئەسلان قوتبی، سەلام هەمزە و ساحیبە ناسری.

**شەهیدانی حیزبی دیموکرات:** بەهرام باوەیسی لە هێزی بەرگریی، مەجید مەجیدیان کادیر، سەعدی ڕەمەزانی کادیری تەندروستیی، سۆهراب شوکری، سەدیق بەرزگەر، عەبدولخالق زورئاسا، عەبدولواحید ئەحەدی، عەبدوڵا مەعروفی، عەبدوڵا سەعادەت، فایق حوسێنی، کەمال فەتحی پور، مستەفا شەبرەندی، غەفار ڕیحانی، ئەحمەد فردەوسی، ڕەسول ڕەفعەتی، عەبدوڵا کەیخەسرەوی و نەجیبە بەزمون.

دوای ئەو پەلامارەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان باشترە بڵێین ئەو ناوچانەی کە هێشتا ڕژێمی ئێران داگیری نەکردبوو، حاڵەتێکی تەواو ترسناکیان بە خۆیانەوە گرت. خەڵکی ناوچەی نەوسود و شوێنەکانی تر، جگە لەوانەی کە لە خاکی باشوری کوردستان جێگیر ببوون و دەوڵەتی عێراق دەیپاراستن، ئەوانی تر بە ئاشکرا و بە نهێنی ناوچەی پێشمەرگەیان بەجێدەهێشت و دەگەڕانەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی خومەینی. شەڕی پێشمەرگە پەرەیسەند و لە هەموو جێیەکدا باسی کوشتن و ژمارەی کوژراوەکانی پێشمەرگە بوو. شانازیی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبانە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ژمارەیەکی پتر لە پێشمەرگەی حیزبی بەرامبەریان بکوژن. دۆخەکە بە جۆرێک بوو کە بە هۆی شەڕ و بەرنگاربوونەوەی پێشمەرگە لەگەڵ یەکتر، حیزبەکان کەمتر دەپرژانە سەر هێزەکانی دوژمن.

بەگوێرەی ئامارێک کە لە لیستی ناوی شەهیدەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات وەرمگرتووە، کۆمەڵە لە ساڵی 1363 (1984- 1985) دا 40 کادیر و پێشمەرگە و لە ساڵی 1364 (1985- 1986) دا 91 کادیر و پێشمەرگەی لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتەوە شەهید کراون و حیزبی دیموکراتیش لە ساڵی 1363 (1984- 1985) دا 43 کادیر و

پێشمەرگە، لە ساڵی 1364 (1985- 1986) دا 85 کادیر و پێشمەرگەی لە لایەن پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە شەهید بوون.

بۆ دەرخستنی ڕادەی تاوانەکان لەو شەڕانەدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ چەند شەڕی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمونیستی ئێران "کۆمەڵە" بکەم کە لە نامیلکەی "جنگ در کردستان" بڵاوکراوەی حیزبی دیموکرات وەرمگرتوون:

1- (جنگ در کردستان، ژمارە خاکەلێوە، بانەمەڕ و جۆزەردانی، لاپەڕەی 36-47 : **ڕۆژی 1364/1/1 بەگوێرەی پلانێکی داڕێژراو لە لایەن ڕێبەرایەتی کۆمەڵەوە، چەکدارانی کۆمەڵە کاتژمێر 05:30 ڕۆژی جەژنی نەورۆز لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەر ناوەندی حیزب لە باشوری کوردستان "ئاژوان" و بە هۆی ئەو هێرشەوە یانزدە کادیر و پێشمەرگەی حیزب شەهید کران. ناوی شەهیدەکان بریتیە لە: سەدیق فەروخیان ئەندامی "عەلل بدل" کۆمیتەی ناوەندیی، ناسر عەبدی کادیری ئابووری، ئەحمەد کەریم نیا، ئەحمەد حوسێن پور، ڕەحمان حەسەن زادە، محەمەد ڕەزایی لە هێزی عەزیز یوسفی، بەختیار ناسری، عەزیز خانی و ناسر ئەمینی لە هێزی شەریفزادە، ئەحمەد ئەمین زادە و سەید حوسێن حامیدی لە هێزی ئەفشار. هەروەها لەو هێرشەدا برای یەکێک لە پێشمەرگەکان کە بۆ بینینی براکەی هاتبوو، بە ناوی ساڵح دەوڵەتی شەهید کرا و دوو پێشمەرگەش لە لایەن چەکدارەکانی کۆمەڵەوە بە دیل گیران. دوای ئەو هێرشە، پێشمەرگەکانی حیزب لە بەرامبەر چەکدارەکاندا وەستان و ژمارەیەک لە هێرشکەرانیان کوشت و بریندار کرد. ڕادیۆی کۆمەڵە ناوی سێ لە کوژراوەکانی ڕاگەیاند.)**. ئەو سێ پێشمەرگە شەهیدانەی کۆمەڵە بریتی بوون لە: ئیقبال کازمی، ڕەزا ئەسغەر نژاد و یەدوڵا محەمەدی.

2- (جنگ در کردستان، ژمارە خەزەڵوەری، لاپەڕەی 61-62 : **ڕۆژی 1364/8/20 پێشمەرگەکانی هێزی نەحۆ و هێزی سمکۆ دەیانویست بۆ پشودان بچنە گوندی "سورەدوکەڵ" لە ناوچەی ورمێ، توشی چەکدارەکانی کۆمەڵە بوون کە پێشتر لەوێ لە بۆسەدا بوون و پێکهەڵپرژان. پێشمەرگەکان چاوەڕوانی هێرشێکی لەو جۆرەیان نەدەکرد و لە شەڕێکدا**

کە لە کاتژمێر 9 ی شەو تا کاتژمێر 12ی خایاند، یەکێک لە چەکدارە کانی کۆمەڵە کوژرا و سێی تریشیان بریندار بوون. دوای دوو ڕۆژ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، واتە ڕۆژی 8/22 پێشمەرگەکان جارێکی تریش کاتژمێر 5:5 بەیانیی توشی چەکدارەکانی کۆمەڵە بوون، لە بەرزاییەکانی پشت گوندی "کەچەڵە" و لە شەڕێکدا کە تا کاتژمێر 12:00 درێژەی کێشا، پێشمەرگەکان 35 چەکداری کۆمەڵەیان کوشت و بریندار کرد. تەرمی 29 چەکداریان لەگەڵ چەک و تەقەمەنی و کەرەستەیەکی زۆری سەربازیی کەوتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب. لە ناو کوژراوەکاندا ئەمانە ناسرانەوە: عەتا جەوان فەرماندەی گوردانی 26 سەقز، مستەفا ئەحمەدی بەرپرسی سیاسی گوردان، عەلی جەعفەر شێخ وەند، نەجمە دین ئەکرادی، عەزیز سلێمانزادە، ئیبراهیم موکری، شەهرام عەلایی بەرزەنجی، قادر کەریمی، عەلی ئێراندوست، بەهرام مەلکی، قاسم خەسرەوی، عەتیق شیری، نەسرین حەسەنخاڵی، مونیرە مودەرسی، خەدیجە ئەحمەدی، عادل باقری، جەمیل کوهی، سوارە بەختیاری، موسا وەلی لو، مەنسور شەوکەتی، خەلیل فەتاحی، لوقمان هیمەتیان و ئە شرەف حوسێن پەنا.

ڕۆژی دوایی کاتژمێر 05:00 دەستەیەکی تری پێشمەرگەکان توشی ژمارەیەکی تر چەکداری کۆمەڵە بوون و یەکێک لە چەکدارەکانیان بە ناوی ئیبراهیم پورمەند کوژرا. هەروەها دەستەیەکی تر لە پێشمەرگەکان شوێن چەکدارەکانی کۆمەڵە کەوتن و لە بەرزاییەکانی "دالانپەر" گرتنیان و دوو کەسی تریان بە ناوی خالە ئەرغەوانی و عەلی جەوانمەرد لێ کوشتن و پێنج کەسیشیان بە دیل گرت کە ناویان بریتیە لە: ئەبو بەکری کەریمی، ئەسعەد مورادبەگی، ناسر مورادی، محەمەد قزڵباش و هێمن نیکنام. لە کۆی ئەو شەڕانە، پتر لە 33 چەکداری کۆمەڵە کوژران و ژمارەیەکیشیان بریندار بوون و چەک و تەقەمەنی و کەرەستە و بەڵگەنامەیەکی زۆر کەوتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب. لەو شەڕانەدا پێشمەرگەیەکی هێزی سمکۆ بە ناوی ئیسماعیل حەسەن زادە شەهید بوو.).

**3-** (جنگ در کردستان، ژمارە 11 ساڵی **1365**، لاپەڕەی **98-99** : ڕۆژی **1365/4/5** ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی قەندیل، کاتی گەڕانەوەیان لە کارێکی حیزبیی، دوای پانزە کاتژمێر ڕێکردن، لە پشت گوندی "قولقوڵە" لە ناوچەی سەقز بۆ پشوودان وەستان. دوای چەند خولەکێک چەکدارەکانی کۆمەڵە پەلاماری ئەو پێشمەرگانەیان دا و بۆ ماوەی چوارده کاتژمێر شەڕیان لەگەڵ کردن. لەو شەڕەدا شەش پێشمەرگە شەهید بوون و دەی تریش بە بریندارییی کەوتنە دەست چەکدارەکانی کۆمەڵە. دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە، چەکدارەکان هەر دە پێشمەرگەیان گوللەباران کرد. ناوی پێشمەرگە شەهیدەکان بەم جۆرەیە: عەبدوڵا سابیر، مستەفا فەقێ عەولا، خدر ئەحمەدی، عەلی دەرەحۆشی، ئیسماعیل باگردان و ڕەحمان ئەحمەدی. هەروەها ناوی پێشمەرگە دیلەکان کە کۆمەڵە گوللەبارانی کردوون، بریتین لە: عەلی پەروەر، ئەحمەد سالار عەشایری، عەلی محەمەد زادە، محەمەد حەسەن نژاد، حوسێن پەرچەم، موراد شیرێژ، محەمەد گومگەشتە، ئەسعەد شەریفیان، سلێمان مەعروفی و ڕەشید سەلیمی کادیری تدارکاتی باشوری کوردستان. هەروەها دوو پێشمەرگەش بە دیل گیران. لەو شەڕەدا ژمارەی کوژراوەکانی کۆمەڵە ڕون نیە، بەڵام ڕادیۆی کۆمەڵە ناوی دووان لە کوژراوەکانی ڕاگەیاند.). دوو شەهیدەکەی کۆمەڵە بریتی بوون لە: تەیمور جوجەت جەلالیی و جەلال سەفەر عەلیپور.

لە لایەکی تردا خالید عەلی پەناه لە نوسراوەیەکیدا کە لەژێر سەردێڕی **"بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک"** ڕۆژی **2009/11/19** لە سایتی بۆ ڕۆژهەڵات دا بڵاوی کردووەتەوە، سەبارەت بە شەڕی ئاژوان دەڵێت: **(شەو بەرەو شوێنە دیاریکراوەکان، لە دەوروپشتی ئوردووگای "ئاژوان"ی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی شلێر، کەوتینەڕێ. کاتژمێر 4 ی بەیانی شەڕ دەستی پێکرد. دەستەی سەرەکی پێشڕەوی کەوتە نێو کەمینی هێزەکانی حێزبەوە. چونکە ئەوان ئاگاداربوون کە هێرش دەکرێتە سەریان. هەر لە یەکەمین ساتەکانی شەڕدا، هەڤاڵان بێهزاد مرادوەیسی و ئێقباڵ شەهیدبوون و چەند کەسی دیکەش بریندار بوون. بەڵام وەک هەمیشە حێزب لە شەڕی دەستەویەخەدا دەرەقەتمان**

**نەدەهات. سەرەڕای ئاگاداربوون و ئامادەییان، پاش چەند سەعات شەڕی دەستەویەخە، سەنگەرە سەرەکییەکانی ئوردووگاکە گیران و لەگەڵ روونبوونەوەی هەوا ئوردووگای "ناوەندی جنووب"ی حیزبی دیموکرات گیرا. ئێمە 3 شەهید و 5 بریندارمان بوو.**

بە هەر حاڵ هەوڵی هێزە سیاسیەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات بەردەوام بوو. ڕێکخراوی کارگەرانی شۆڕشگێڕ "راه کارگر" بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە ماڵوێرانکەرە، ڕۆژی 1366/4/26 (1987/7/17) نامەیەکی ئاڕاستەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات لە وەڵامیدا پێشنیازەکانی خۆی بۆ کۆتاییهاتنی شەڕ لە نامەی ژمارە 1504 - 1366/4/30 گەڵاڵە کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی پێشنیازەکانی حیزبی دیموکراتە:

**پێشنهادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی چەکدارانە لەگەڵ کۆمەڵە**

**حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە قبوڵ دەکەن:**

**1- بزوتنەوەی کوردستان، بزوتنەوەیەکی ئەسیلی شۆڕشگێڕانەیە و حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، هەر یەکەیان بە ڕادەی هێزی خۆیان، بەشدارن تیایدا.**

**2- حاکمیت و بەڕێوەبەرایەتی لە کوردستانی ئێران دەبێت بە گوێرەی ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانی ئێران بێت. حیزبی دیموکرات بە گوێرەی میعیارە پێشنهاد کراوەکان، وەک (ژمارەی شەهیدان، ژمارەی پێشمەرگەکان، پشتبەستن بەهەڵبژاردنی ڕابردوو، پانتایی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی) نوێنەری زۆرینەی خەڵکی کوردستانە و بەم بۆنەیەوە تا ئەو کاتەی خەڵکی کوردستان لە داهاتوودا ئازادانە جۆرێکی تر بڕیار نەدەن، حاکمیەت و بەڕێوەبەرایەتی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت.**

**مەبەست لە حاکمیەت بەو جۆرەیە:**

**الف- پێڕاگەیشتن بە هەموو ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان هاووڵاتییاندا ڕوودەدەن و بۆ چارەسەر کردنیان پەیوەندیی بە هێزی**

پێشمەرگە و ئۆرگانەکانی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەکەن. چارەسەر کردنی هەموو ئەو گرفتانەی کە لە هەلومەرجی ئاساییدا پێڕاگەیشتنیان لە ئەستۆی ئۆرگانەکانی دەوڵەتدایە.

ب- بە شوێنکەوتن و موحاکمە و سزادانی تاوانبارانی بەشی دادوەریی و تاوانە سیاسییەکان جگە لە دیلەکانی شەڕ.

ج- دانان و بەڕێوەبردنی یاسا بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان.

د- وەرگرتنی گومرگ، باج و هەموو جۆرە پارەیەک کە لە خەڵک وەردە گیرێت، جگە لە مافی ئەندامەتی ڕێکخراوە سیاسییەکان و یارمەتی خوازیاران و هاووڵاتییان بە ڕێکخراوەکان.

1- دوای ڕێککەوتن سەبارەت بە شێوەی بەڕێوەبردن و یاساکانی پەیوەندییدار، هەروەها هێزەکان، دەکرێت کۆمەڵە لە حاکمیەت، هەروەها داهاتی گومرگ و باج و شتی تر، لەگەڵ ڕادەی پانتایی ئەو بێت.

2- دوای ڕێککەوتن سەبارەت بە ئاگربەس، وتوویژ و هاودەنگیی کردن و هاوکاریی پێشمەرگایەتی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بۆ بەرەکانی شەڕ دژی هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی خومەینی بڕیار دەدرێت.

هەروەها کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی هەشتەم کە ڕۆژی 28/10- 2/11/ 1366 (18/1- 1988/1/22) گیرا، لە لاپەڕەی 44 ی نوسراوە فارسییەکەیدا سەبارەت بە سیاسەتی حیزب بەرامبەر بەهێزەکانی ئۆپۆزیسۆن، دەڵێت:

(خاڵی 5 چالاکییەکانی حیزب

الف- سیاسەتی حیزب بەرامبەر بەهێزەکانی ئۆپۆزیسون

بە خۆشحاڵییەوە کۆنفرانسەکانی حیزب بەگشتیی سیاسەتی حیزبیان سەبارەت بە کۆمەڵە قبوڵ کرد و داوایان لە کۆنگرە کردووە تا کۆمەڵە مەرجەکانی حیزب قبوڵ نەکات، مەرجێک کە واتەی ڕێزگرتنە لە ویست و داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گەیشتن بە ئاشتییەکی پایەدار لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا نابێت و حیزب نابێت لە هەڵوێستی خۆی پاشگەزببێتەوە.

**کۆمەڵە ئێستا لە دوو لایەنەوە توشی بارودۆخێکی نالەبار بووەتەوە: بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی خۆی لەدەستداوە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە کۆمەڵگای کورد بڕاوە. ئەو ڕەوتە درێژەی هەیە و دژایەتی ئایدیۆلۆژی و سەرگەردانیی سیاسی پتر لە جاران لە ناو کۆمەڵەدا سەریهەڵداوە. ئێمە لەو باوەڕە داین کە پێداگریی حیزب لەسەر هەڵوێستی سەرەکیی خۆی، دۆخی کۆمەڵە لەوەش کە هەیە، ئاڵۆزتر دەکات و سەرئەنجام کۆمەڵە ناچار دەکات کە ڕاستییەکانی کوردستان بسەلمێنێت.).**

ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ئاوات و ئارەزووی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی کۆمونیستی ئێران کۆمەڵە بوو. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و حیزبی کۆمونیستی ئێران و پێشمەرگەکانیان بە هۆی گوشاری کۆماری ئیسلامییەوە، لە باشوری کوردستان گیرسانەوە. پێشمەرگە لە هێڵەکانی سەر سنوری دەستکردی ڕۆژهەلاتی کوردستان، شوێنێکی دیاری نەما و تەنیا بۆ جەولەی سیاسی و ڕێکخراوەیی و هەندێک جاریش دەستوەشانی بچوک لە دوژمن، دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەوان لە لایەکەوە توانای شەڕکردنیان دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی نەما و لە خەڵک دابڕان لە لایەکی تریشەوە ڕژێمی بەعس ڕێی لێیان گرت کە لە ناو خاکی عێراقدا دژی یەکتر شەڕ بکەن.

ئەو کۆسپانە و قەیرانەکانی ناوخۆیی حیزبی دیموکرات و حیزبی کۆمونیست دەستیان دایە دەست یەکتر و هەردوو حیزبی کۆمونیست و دیموکراتیان پتر لە تەنگژە هاویشت. قەیرانی ئایدیۆلۆژی لە حیزبی کۆمونیستدا تەنگی بە ڕێبەرانی هەڵچنی و حیزبی دیموکراتیش بە هۆی هەڵەی پەیتا پەیتای ڕێبەرانی کە لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە سەریهەڵدابوو و بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا قوڵتر بووەوە، دوای کۆنگرەی هەشتەم، حیزبی دیموکراتی لەتکرد و بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادیر و پێشمەرگەکانی لێ جایبووەوە. بەشی جیابووەوە لە حیزبی دیموکرات بە ناوی **"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ"**، پێی نایە مەیدانی خەباتەوە و بەم بۆنەیەوە

کۆمەڵـە بـە تـەواوی زیـانـی لـە شـەڕی حیزبـی دیمـوکرات بینیبـوو، ڕۆژی 1367/2/3 (1988/4/23) یەکلایەنە ئاگربەسی لەگەڵ حیزبی دیموکرات "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ" ڕاگەیاند و ئەم جارە شەڕێکی نوێ لەنێوان دوو باڵەکەی حیزبدا هەڵگیرسا. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی باڵی دوکتۆر قاسملوو پەلاماری پێشمەرگەکانی باڵەکەی تریدا کە جەلیل گادانی سەرۆکایەتی دەکرد و ئەوانیش ژمارەیەک لە هاوسەنگەرانی خۆیان کوشت.

لە هەنگاوەکانی دواییدا کۆمەڵە بە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باڵی دوکتۆر قاسملوو، هاوکاریی بەشی جیابووەوەی حیزبی دیموکراتی کرد، تا سەرئەنجام حیزبی دیموکراتی باڵی دوکتۆر قاسملووش ڕۆژی 1369/2/17 (1988/5/7) وەڵامی حیزبی کۆمونیستی دایەوە و شەڕی ئەو دوو لایەنە کۆتایی پێهات. لە شەڕی نۆ ساڵەی نێوان کۆمەڵە و دیموکراتدا کە ماوەکەی لە شەڕی ڤێتنام و شەڕی نێوان عێراق و ئێران درێژتر بوو، 207 کادیر و پێشمەرگەی کۆمەڵە و حیزبی کۆمونیست و 169 کادیر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات شەهید و لەو ڕادەیەش پتر برینداربوون و بەشێکی ئەندامیان لە دەستدا. لەگەڵ ئەوەشدا سەدان ئافرەت و منداڵیان بە بێ سەرپەرشت هێشتەوە، بەشێک لە ژنە پێشمەرگەکانیان بەهۆی تەنگ دەستیی و هەژارییەوە ناچار کرد، مێردە شەهیدەکانیان بخەنە ڕیزی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامیی و مانگانەیان پێ وەربگرن، کەچی ڕێبەرایەتی ئەو دوو حیزبە، تەنانەت جارێک نەهاتن لێکدانەوەیەکی زانستیی لەسەر هۆی سەرهەڵدانی شەڕەکانیان بکەن، یان بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیان، داوای لێبوردن لەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و خەڵکی کوردستان بکەن کە بۆ دامرکاندنی هەستی مەزنخوازیی و دەسەڵاتی پتری خۆیان بە کوشتیاندان و بزوتنەوەی گەلی کوردیان لە هەموو بوارێکدا توشی قەیران و سەرلێشێواویی کرد و هەزاران ڕۆڵەی کوردیان ئاوارەی هەندەران کرد، یان ناچاریان کردن بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی دیکتاتۆر و واز لە ئاوات و هیواکانیان بهێنن.

## دوا وتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا

لە ڕەوتی نوسینەکانی ئەم کتێبەدا، توشی بەشێکی بەرچاو لە ڕووداوەکانی دە ساڵەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووینەوە کە بە مێژوو، بەڵگە و شاهیدی زیندوو تۆمار کراون. شەڕی نێوان دەسەڵات و گەلمان بۆ ڕون بووەوە و بەو کارەساتانەمان زانی کە دەسەڵات بۆ ڕاگرتن و پارێزگاریی کردن لە خۆی و دەسەڵاتەکەی پێکیهێنان وەک: شەڕی پاوە، سنە، نەغەدە و دەیانی تر، یان کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی گوندەکانی قارنێ، قەڵاتان، ئیندرقاش و.. تد، یان کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان و بۆمببارانی شار و گوندەکانی کوردستان، کیمیابیباران و ئەنفالی گەلی کورد بە مەبەستی قەلاچۆکردنی کوردستان و جینۆسایدی گەلەکەی.

توشی سەدان هەڵەی زیانبەخشی سەرکردە کوردەکان بووین و بینیمان چۆن لە کوردستاندا شەڕی براکوژییان هەڵگیرساند و سەدان پێشمەرگەی کوردستانیان لە شەڕیی دەسەڵاتدا کوشت و هەزاران ئەندامی کارامە و لێزانی خۆیان لە حیزبەکانیان دەرکرد، یان لە خەبات و هەڵسوڕان دژی دیکتاتۆر دوریانخستنەوە. زانیمان چۆن بۆ بەرژەوەندی خۆیان تاکتیک دەگۆڕن، لەگەڵ لایەنێک پێکدێن تا خۆیان لە قەیرانی لایەنێکی تر ڕزگاربکەن و چۆن بۆ پاراستنی بەرژەوەندەکانیان بەگوێرەی کات لە ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبەکانیان کەڵکوەردەگرن و دواتر بەلاوەیان دەنێن. بە مەبەست دروشم بەرزدەکەنەوە و بە مەبەست دروشمەکانیان دەگۆڕن و ڕۆژی مێژوویی خەیاڵیی دروست دەکەن.

بینیمان ئەو هەڵسوکەوتانە چۆن زیانێکیان بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی گەلی کورد گەیاند و لەمپەریان خستە بەر بزوتنەوەی ڕزگارییخوازانەی کوردستان و بە درێژایی تەمەنیان نەیانتوانی بەرەیەکی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێکبهێنن و بۆ تێکشکاندنی دیکتاتۆر لە هێزی جیددیی و کارامەی گەل کەڵکوەربگرن و خزمەت بە ئاوات و ئامانجەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن.

لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە خومەینی دیکتاتۆر کاریگەریی هەبوو لە ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی بنەماڵەی پەهلەوییدا و توانی بە

فێڵ و پەیمان و بەڵێنی مرۆڤدۆستانە، دەسەڵاتی ئێران بخاتە دەست خۆی، بەڵام بە بیری دواکەوتووانەی، سیستمێکی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاند کە لە هەموو بوارێکدا زیانبەخش بوو بۆ ئێران و دانیشتوانی. دەیویست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تەنانەت هەموو وڵاتانی جیهانیش لە چوارچێوەی ئەو دروشمە ترسناکەدا کۆبکاتەوە کە مرد و بە ئاوات نەگەیشت.

لە ئێران، لبنان، فەلەستین، ئەفغانستان، عێراق و.. تد، فێرگەی تێرۆریستیی کردەوە و هەزاران مرۆڤی لە ئێران و جیهاندا تێرۆرکرد.

هەرچەندە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر شەڕی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساند، بەڵام خومەینی نەیهێشت شەڕەکە کۆتایی بێت و هەر وەک لە لاپەڕەکانی کۆتایی ئەم کتێبەدا بینیمان، زیانی قەرەبوونەکراوی بە گەلانی ئێران و عێراق و ناوچەکە گەیاند. کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق بە خواردنەوەی جامی ژەهر دانا و پوچەڵبوونەوەی هەموو دروشمەکانی بۆ ڕەوانەکردنی شۆڕش لەو جامە ژەهرەدا بینی و سەرئەنجام لە ئێوارەی ڕۆژی 1368/3/13 (1989/6/3) دا، واتە دە مانگ و پانزە ڕۆژ دوای پەسەندکردنی بڕیاری کۆتایی شەڕ، کۆتایی بە ژیانی خۆشی هات.

بە مردنی خومەینی کۆتایی بە کێشەکان نەهات، چونکە لە کۆماری ئیسلامییدا سەدان کۆنەپەرستی وەک خومەینی هەن کە بە کوشتنی مرۆڤ ئارام دەبنەوە. ئەوان بە ڕواڵەت خزمەتکاری گەلانن، بەڵام بە کردەوە هەلپەرستێکن لە بەرگی گورگ دا کە هەزران کەسایەتی سیاسی و مەدەنیی و نیشتمانپەروەری کورد و ئێرانیان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراندا تێرۆر کرد.

ئەوان بە ڕەشەکوژیی نوسەران و سیاسەتمەداران و کەسانی نیشتمانپەروەر کە کوشتنەکانیان بە "قەتڵەکانی زەنجیرەیی" ناوبانگی دەرکرد، سەدان نیشتمانپەروەریان تێرۆرکرد و لە ساڵی 1367 (1989) لە زیندانەکانیاندا دەستیان لە هیچ بەندکراوێکی سیاسی نەپاراست، تەنانەت تەرمی کوژراوەکانیشیان نەدایەوە بە بنەماڵەکانیان و لە بیابانێکدا ناشتنیانن کە ئەمڕۆ بە **"گوڵزاری خاوەران"** دەناسرێت و بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی نیشتمانپەروەران و عاشقانی ئازادیی.

دۆکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، عەبدوڵا قادریی، فازل ڕەسوڵ، داریوش و پەروانــە فروهــەر ســەدیق کەمانگــەر، دۆکتــۆر کــازم ســامی، محەمــەد موختــاریی، محەمــەد جەعفــەر پوینــدە، فەرەیــدون فــەرۆخزاد، شــاپوور بــەختیار، دۆکتــۆر سادق شــەرەفکەندیی، هومــان ئــەردەڵان، عــەلی کاشف پور، نوری دەهکوردی و ســەدانی تــر، هــەروەها 256 کــادیر و پێشــمەرگە و کــوردی ئــاوارەی ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان لــە سلێمانیی و شــارەکانی تــری باشوری کوردستــان، بەشێکی کەمن لەو کەسانەی کە بــە پلانــی وەزارەتــی ئیتلاعــات و هاشــم ڕەفســەنجانی و فــەرمانی ئایــەتوڵا خامنــەیی ڕێبــەری ئاییینیی ئێران تیرۆر کراون.

ئەوان لەو چوارچێوەیەدا زیانی گــەورە و قەرەبوونــەکراویان بــە حیزبــە سیاســییە چەکــدارەکانی ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان و بەتایبــەتیی حیزبــی دیموکراتی کوردستانی ئێران، باڵی دۆکتۆر قاسملوو گەیاند.

دوای کۆتــایی شەڕ، دۆکتــۆر قاسملوو ســەرەڕای زانــایی و ئــەزمونی زۆری ســەبارەت بــە سیاســەت و کردەوەکــانی کۆمــاری ئیســلامیی، بــەو چەنــد هۆیانەی خوارەوە کەوتە داوی کۆماری دیکتــاتۆریی ئیسلامیی ئێرانــەوە و ڕۆژی 1368/4/22 (1989/7/13) لەگــەڵ عەبــدوڵا قــادریی ئــازەر و فــازل ڕەســوڵ کــوردی باشــوری کوردســتان، لــە لایــەن تێرۆریســتە جــەلادەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تێرۆر کرا:

1- دۆکتۆر قاسملوو لەوە دەترسا کە بە دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لە نێوان حکومــەتی عێــراق و ئێرانــدا، ســەرلەنوێ کــارەساتی ساڵی 1975 لەســەر گەلی کورد دووپات بکرێتەوە و بە کۆتایی شەڕ، ئەو دوو دەوڵەتە مامەڵــە بــە کــورد و حیزبــە سیاســییەکانی کوردســتان بکــەن، چونکــە حیزبــی دیموکرات و حیزبەکانی تر بە تەواویی لە باشوری کوردستان نیشتەجێ ببوون و بە ڕادەیەکی زۆر لــە خــەڵکی ڕۆژهــەڵاتی کوردستان دابڕابــوون و لــە هەموو بوارێکدا بــە ڕژێمــی عێراقــەوە بەســترابوونەوە. بــۆ دەربــازبوون لەو مەترسییە، دۆکتۆر قاسملوو خــەریک بــوو بــۆ پــەنا بــۆ تــاکتیکێکی نــوێ ببات.

لەبــەر ئــەوە بــە نــاوبژیوانیی جــەلال تاڵــەبانیی ســکرتێریی گشــتیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە دۆستی ئێران بوو، ڕێی وتووێژی لەگــەڵ

کۆماری ئیسلامیی گرتەبەر، تا بەرلە مامەڵەی ئەو دوو ڕژێمە، بتوانێت بە بەشێکی کەمی داخوازییەکانی حیزبی دیموکرات بگات و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەی بگەڕێنێتەوە شار و گوند و ماڵەکانیان و دوای جێگیرکردنیان، خۆشی ڕوو لە ئەوروپا بکاتەوە.

2- دۆکتۆر قاسملوو بە کەرتبوونی حیزبەکەی لە دوای کۆنگرەی هەشتەم، سەرسام ببوو. دوای کۆنگرەی چوارەم و بە تایبەتی کۆنگرەی شەشەم، باوەڕی نەدەکرد کە ئەندامانی حیزب بتوانن لە هەلومەرجی ئاوارەییدا لە باشوری کوردستان حیزبی دیموکرات لەت بکەن و لە تەنیشتیدا بە هەمان ناوی **"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"** درێژە بە خەبات بدەن و ڕژێمی عێراق گوشاریان بۆ نەهێنێت.

3- بەردەوامیی بەربەرەکانییەکانی ناوخۆی حیزبی دیموکرات و بێتوانایی ڕێبەرایەتی حیزب لە چارەسەرکردنی کێشەکان و سەرنجنەدانی حکومەتی بەعس بە داخوازییەکانی حیزب سەبارەت بە ڕەوانەنەکردنی ئەندامانی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوروپا و شکستهێنانی پرۆژەکانی حیزبی دیموکرات لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی و حیزبە کوردستانیی و ئێرانییەکاندا. لە هەلومەرجی ئەو کاتەی خەباتدا، حیزبی دیموکرات بە هۆی هەڵەکانی ڕابردووی ڕێبەرانی لە بەرامبەر ئەو گرفتانەدا، بە تەنیا مابووەوە و دۆکتۆر قاسملوو دەیویست حیزب لەو قەیرانانە ڕزگار بکات و بە گەڕانەوەی بۆ ئێران، ئەندامانی پشوویەک بدەنەوە.

4- تەمی پیریی و تەنیایی تەنگی بە دۆکتۆر قاسملوو هەڵچنیبوو. نزیکەی دە ساڵ بوو لە هاوسەرەکەی خاتوو هێلین کرۆلیچ جیابببووەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارییەکەی قورساییەکی زۆری خستبووە سەر شانی و دەیویست بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران ئارامییەک بە ژیانی خۆی ببەخشێت.

5- مردنی خومەینی ئەو هیوایەی پێبەخشیبوو کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی و لە پێشەوەی هەموویاندا، هاشم ڕەفسەنجانی بۆ ئارامکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوای ئەو هەموو تاوانانە کە کردوویانە، پێویستی بە دۆکتۆر قاسملوو دەبێت کە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی

کوردستانی بۆ ئارام بکاتەوە، کەچی ڕەفسەنجانی خۆی یەکێک بوو لە داڕێژەرانی "قەتڵە زەنجیرەییەکان" و هەر ئەویش بوو کە داوی بۆ دۆکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی نایەوە و لە "ڤیەن" ی پایتەختی سویسرا تێرۆریانی کرد.
6- بێ باوەڕیی دۆکتۆر قاسملوو بە ئەندامانی حیزبەکەی، تا ڕۆژی شەهیدبوونی، خۆی بە تەنیا زۆربەی بڕیارەکانی دەدا و بە بێ پرسکردن بە دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی، بڕیارەکانی بە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب جێبەجێ دەکرد. لە ڕەوتی باسەکانی ئەم کتێبەدا، چەندان جار لە زاری ئەندامانی دەفتەری سیاسییەوە، ئاماژەم بۆ ئەو ڕەوشتەی دۆکتۆر قاسملوو کردووە، هەر بۆیە دوای شەهیدبوونیشی، هەرچەندە پتر لە شەش مانگ خەریکی وتوویژکردن بوو لەگەڵ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی، بەڵام عەبدوڵا حەسەنزادە ڕایگەیاند کە ئێمە ئاگاداری دانیشتنی دۆکتۆر قاسملوو لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی نەبووین! هەروەها دۆکتۆر قاسملوو سەرنجی بە ئامۆژگاریی دۆست و ئەندامان و پەسەند کراوەکانی حیزبیی نەدەدا و لە بواری پشتگوێخستنی ڕێنوێنییە ئەمنیەتییەکانیشدا زۆر لاواز بوو، ئەگەر نا دەیزانی کۆماری ئیسلامیی لە سەردەمی وتووێژەکانی لەگەڵ خۆیدا، سەدان کەسی بە پلانی جۆراوجۆر تێرۆر کردووە.
خاتوو "کارۆڵ پرونهوبێر" نوسەری کتێبی "خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" The Passion and Death of Ghassemlou , the Kurd کە فەتاح کاویان لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردیی و مەلا عەبدوڵا حەسەنزادە بەسەر کوردییەکەیدا هاتووەتەوە و لە ڕاستییدا بەشێک لە ڕووداوەکانیان شێواندووە و لە خانەی بێلایەنییەوە تێکەڵاوی بەرژەوەندی حیزبییان کردووە! دەربارەی تێرۆری دۆکتۆر قاسلموو و هاوڕێیانی دەڵێت:
**- (قاسملوو هاتبوو لەگەڵ ئێرانییەکان وتووێژ بکات. وا دیار بوو لەو چوارشەممەیەدا وتووێژەکان بە باشیی چووبوونە پێش. ئەو وتووێژانە شتێک بوون کە قاسملو، هەم لە بواری ئیحساسییەوە و هەم لە زەمینەی سیاسیدا پێویستی بوون، چونکە لە نێو حیزبدا هێندێک گیروگرفتی**

**هەبوون. بەشێکیان ئەویان خستبووە ژێر پرسیارەوە و هەر لەوکاتەدا هەستی بە چوونە سەری تەمەنی دەکرد. لاپەڕەی 31).**

دۆکتۆر قاسملوو لە نامەیەکدا بۆ کارۆڵ دەنوسێت: پیریی رووی تێ کردووم و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادتر هەست بە خەسار هەڵگریی دەکەم. لەم بارەیەوە کارۆڵ دەڵێت:

**- (لە نامەکەیدا دەردەکەوت کە لە چیاکاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیادتر هەست بە تەنیایی دەکات. زۆر بە توندیی هەستی بە ڕابوردنی کات دەکرد. باشی دەزانی دەرفەتێکی کەمی هەیە بتوانێت بەرنامەی ژیانی بە ئەنجام بگەیەنێت، جگە لەوەش، وتەکانی پێشاندەری چەشنێک خەم و پەژارە بوون کە بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە ژیانیدا بەسەری هاتبوون. بە هەر جۆرێک بووبێت، ئەو دەیزانی خەوەکانی بەدینایەن و ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە پێی وا بوو دەبێت تا دەکرێت زووتر لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا دابنیشێت و وتووێژ بکات. دوای ئەو هەموو خەبات و کوێرەوەرییە چەندان ساڵییە، زۆر پێویستی بە سەرکەوتنێک هەبوو. لاپەڕەی 32).**

دۆکتۆر کۆشنێر گوتی: **(وا دیارە دۆکتۆر قاسملوو هێجگار ماندووە. نیشانەیەکی ئاشکرا لە ماندووبوون و شەکەت بوونەکەی دێتە بەرچاو، یان ڕەنگە لەبەرئەوە بێت کە بەرەو پیریی هەنگاو دەنێت... پێش نانخواردن زۆر بە درێژیی لەگەڵ قاسملوو قسەمان کرد. پێمی گوت دەچێت بۆ ڤیەن و ئەو شەوە ئەوەی تەنانەت جارێکی تریش دووپات کردەوە. گوتم بۆچی دەچیت؟ مەچۆ. بڕوایان پێ مەکە، چ چاوەڕوانییەکت لێیان هەیە؟ ڕەحمان هەموو ئەو قسانەی بە گاڵتە وەرگرت. کەیفی هەبوو، نوکتەی دەگێڕایەوە. پێمگوت لە لای ئێمە بمێنەوە، بەڵام دەیویست بچێت بۆ ڤیەن. پاش ئەو هەموو ڕێنوێنییانە پێی وا بوو هەرچی دەبێت با ببێت. دەیویست خەڵکەکەی خۆی لە چیاکان بهێنێتە خوارەوە. وا دیار بوو پێی وایە کات بە فیڕۆ دەدات، چونکە حیزبەکەی لەت ببوو، دەیتوانی بۆ چەند ساڵێک لە کوردستان بمێنێتەوە. لاپەڕەی 32).**

کارۆڵ لە لاپەڕەی 34 ی کتێبەکەیدا دەنوسێت: **(چەند ڕۆژ پێش مردنی، لە پاریس، قاسملوو بە شێوەیەکی نهێنی بە هەڤاڵە دێرینەکانی خۆی**

**بێرنارد کۆشنێر و میشێل بۆنۆی گوت دەیەوێت بچێت بۆ ڤیەن بۆ ئەوەی وتووێژە نهێنییەکانی لەگەڵ ئێرانییەکان دەستپێبکاتەوە... دۆکتۆر بۆنۆ دەڵێت: چەند جارێک هات بۆ لامان، جاری پێنجەم سەبارەت بە قایمکاریی شتێکمان لێ نەپرسی و جارێکیان پێمان گوت دەبێت پارێزگارت هەبێت، دەبێت پاسەوانی چەکدارت لەگەڵ بێت، ئێمە مۆڵەت لە دەوڵەت وەردەگرین کە یەکێک لە پێشمەرگەکانت بە چەکەوە لەگەڵت بێت...).**

کارۆڵ دەڵێت هەموو کەس، جگە لە خۆی، هەستیان بە مەترسی دەکرد. جەلال تاڵەبانیی یەکێک لە ڕێبەرانی کوردی عێراق، هۆشداریی پێدا و گوتی: **(ئاگات لە خۆت بێت. ئەوانە دێو و درنجن.).** شەش مانگ پێشتر و لە کاتی یەکەمین وتووێژ لە نێوان قاسملوو و ڕێژێمی ئیسلامییدا، تاڵەبانی وەک ناوبژیوان ڕۆڵی هەبوو. ئیتر ڕێبەرە کوردەکە "قاسملوو" بە دەمانچەیەکەوە و لەژێر چاودێریی گاردەکانی تاڵەبانییدا چوو بوو بۆ دانیشتنەکە، بەڵام ئێستا دەچوو بۆ وتووێژ بێ ئەوەی هیچ نیگابانێکی لەگەڵ بێت. بە تەواویی کەمترخەم بوو، هەر وەک لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانییدا بەشداربێت!

کارۆڵ دەنوسێت: **(کاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ، لەگەڵ پازدە کەس لە ئەندامانی حدکا لە ماڵی فەتاحی قەراری چاوپێکەوتنی هەبوو، چونکە دەرفەتەکە کەم بوو، قاسملوو داوای لە ئازاد کرد بە تەلەفۆن بەو کۆمەڵە بڵێت دوای کاتژمێر 7 ی ئێوارە دەیانبینێت.).** مەرگ ڕێی بە دۆکتۆر قاسملوو نەدا کە بەو کۆبوونەوەیەی ئەندامانی حیزب ڕابگات و کاتژمێر 19:20 ی ڕۆژی 1368/4/22 (1989/7/13) شەهیدکرا.

لە کاتێکدا ڕادەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی بەو پلەیە نەگەیشتبوو کە دۆکتۆر قاسملوو و سەدانی تر بکوژێت، دۆکتۆر قاسملوو ئامادەنەبوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ڕێکبکەوێت و بیانووی لابردنی وشەی خودموختاریی و دانانی وشەی "خودگەردانیی" لە پرۆژەکەیدا دەکرد کە هەردووکیان یەک واتەیان هەیە.

لەو سەردەمەدا بە مەبەستی نەسازان، خودگەردانیی بە سەرگەردانیی کورد ناوبرد، کەچی ئەم جارەیان کە لە دەم و نینۆکی کاربەدەستانی

کۆماری ئیسلامیی خوێن دەتکا و ژیانی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری خستبووەوە مەترسییەوە، دۆکتۆر قاسملوو بە پیریانەوە چوو کە سازیشیان لەگەڵ بکات!

گریمان دۆکتۆر قاسملوو لەو پرۆژەیەیدا سەرکەوتنی دەستبکەوتایە و بە ڕێزەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێشوازیی لێ بکرایە و بگەڕایەتەوە بۆ ئێران و ئەندامانی حیزبەکەشی هەر بەو جۆرە. ئایا کارەساتەکە لەوە مەزنتر نەدەبوو؟ ئایا دۆکتۆر قاسملوو دەیتوانی لەوێ ئازاد بێت؟ حیزبەکانی تر کە لە شاخ دەمانەوە، چۆن هەڵوێستێکیان لە بەرامبەر حیزبی دیموکرات و دۆکتۆر قاسملوودا دەبوو؟

هەرچەندە گەلی کورد پێشتر ئەزمونی ئەو هەڵەکارییەی هەبوو، بەڵام دیسان من وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ ڕای گشتیی و ویژدانی تاک تاکی خوێنەرانی ئەم نوسراوەیە دەگەڕێنمەوە!

تەواو

## ڕیزی ناوەکان بە کورتی


**ئا**

ئادەم بەشیری 195 202

ئارام 237

ئایەتولڵا خومەینی 10، 24، 25، 27، 44، 45، 46، 49، 63، 66، 83، 84، 87، 90، 96، 100، 104، 106، 112، 172، 178، 179، 205، 210، 212، 267، 268، 274، 275، 276، 277، 279، 285، 291، 296، 307، 309، 335، 357، 358، 365، 366، 396، 399، 401، 402، 403، 408، 414، 421، 422، 423، 480، 481، 485، 486، 489، 490، 491، 492، 500، 505، 508، 509، 511

ئایەتولڵا سەید عەلی خامنەیی 97، 102، 104، 277، 283، 357، 358، 400، 510

ئایەتولڵا دوکتۆر محەمەد بەهەشتی 275، 283

ئایەتولڵا محەمەد مونتەزری 416

ئایەتولڵا خەلخالی 264

ئایەتولڵا سەید کازم شەریعەتمەداری 103، 112، 173، 291

ئایەتولڵا هاشم ڕەفسنجانی 104، 273، 284، 285، 481 510، 511

ئەحمەد بانی خێڵانی "ئەبو سەرباز" 63، 430، 431، 431

ئەحمەد خومەینی 205

ئەحمەد نستانی 56، 380، 382، 383،

ئەحمەد فەتحولڵایی 153

ئەحمەد پوورسەلیم 347

ئەحمەد سەفا 362

ئەحمەد عەلی بابایی 290

ئەحمەد چەڵەبی 139، 148، 149، 153

ئەحمەد پێشمەرگە 19

ئەحمەد هەرسینی 294

ئەحمەد ستودە 326

ئەحمەد عزیزی "بانەیی" 19، 79، 88، 93

ئەحمەد عەزیزی "سەقزی" 86

ئەحمەد موفتی زادە 264

ئەحمەد پیرخدری 265

ئەحمەد شەریفی ئەقدەم 166

ئەحمەد جاویدفەر 131، 209، 373، 380، 452

ئەحمەد ئیبراهیمی 349

ئەحمەد قاسمی 225

ئەحمەد حەسەن 187

ئەحمەد بەندەیی 190، 191، 192، 193، 195
ئەمانوڵا قوریشی 114
ئەبو حکمەت 237، 429
ئەبو ئەحمەد 105، 106
ئەرتەشبود حوسێن فەردوست 114
ئەبوبەکر ڕۆستەمی "سۆفی ئەبوبەکر" 201
ئەبوبەکر حەسەن سورری 181، 182، 184
ئەبوبەکر ددیوباد 166
ئێنجێلا دەیڤیس 134
ئەبولحەسەن بەنیسەدر 8، 17، 21، 41، 51، 100، 159، 179، 206، 273، 275، 277، 279
ئەمیر قازی 109، 119، 120، 126، 136، 216
ئەرسەلان پویا 114
ئەرسەلان بایز 427
ئەسغەر بەدیع زادەگان 278
ئەفشار پەنا 383
ئەشرەف ڕەجەوی 279، 280
ئەدهم بارزانی 344، 346
ئیبراهیم عوسمانی 347
ئەردەشیر فیروزی 315، 317
ئیرەج عەلمداریی 315
ئیبراهیم یونسی 290
ئیدریس بارزانی 292، 296، 296، 297، 298، 311، 344، 392،
ئەیوب ئەیوب زادە 265
ئەمین مستەفا سولتانی 265
ئەحمەد عەزیزی "شنۆیی" 189، 191، 193، 196، 322، 335، 337
ئەسعەد خودایاری 115
ئەنوەرخانی سوڵتانپەنا 138
ئەمین ڕەنجبەر 6
ئەیوب نەبەوی 6، 7، 11، 250
ئیبراهیم عەلیزادە 248، 250، 254، 255، 256، 267، 258، 262، 263
ئیبراهیم ڕۆستەم نژاد 4
ئیبراهیم بێکەس 182، 183
ئیبراهیم مەکاریان 201
ئەبەبەکر نەوزەری 348

ئەبوبەکر قادرزادە 187
ئەبوبەکر خاوشی 187
ئیبراهیم سەمەدی 200
ئیحسان نوری پاشا 221
ئیدریس بارزنی 392
ئیبراهیم ئەحمەد 120
ئیرەج فەرزاد 6، 246، 247، 250، 267، 271
ئیرەج ئەسکەندەری 118، 120، 127
ئیرەج حەمەدۆکی 187
ئیسماعیل خدری 180، 182
ئیسماعیل بایزیدی 391
ئیسماعیل کرمانج 323
ئیسماعیل ئەحمەدپور 201
ئیسماعیل شەریف زادە 119، 124
ئیسماعیل بازیار 130

**ب**

باباعەلی مێهرپەروەر 144، 373
باقی نەغەدە 328
باقی خەیاڵی 208
بادر ماینهۆف 234
بەکری حاجی سەفەر 295
باقرۆف 113
بورهان ڕۆحانی 315
بوورجی 137
بیلال عەجەم 187
بیژەن جەزەنی 245
بیژەن حکمەت 225
بەهرام ئەفزەلی 403
بەکر ئیسماعیل "جاش" 62
بەهمەن خدری 265
بەهائەدین نوری 345

**پ**

پالیزبان 83، 293

پەروانە فروهەر 510
پۆلا نانەوازادە 158، 424، 460، 468، 476
پەریزاد 187
پەرویز حکمەتجو 115
پێشەوا قازی محەمەد 80، 81، 83، 483

**ت**

تارق عەزیز 280
تاهرخانی سمکۆ 317، 319، 320، 339، 340، 344، 345
تاهر جۆلاکار 184، 326
تاهیر قەیتەران 187
تاهیر ئیبراهیمی 208
تاهر حەداد 413، 419
تاهر خالیدی 263
تاهر باجلانی 315
تاج ئەلمولک 104
تاهر عەلیار 137، 300، 323، 325، 326، 327، 328، 329، 330، 331، 332، 333، 334، 335
تۆفیق قادرزادە 139
تەمەر حەسەن زادە 203
تەیب عەباسیی ڕوح ئیلاهی 6

**ج**

جهانگیر ئیسماعیل زادە 79، 190، 195، 197، 199، 321، 322، 333، 335، 339، 347، 359
جەلیل گادانی 39، 40، 80، 82، 86، 94، 137، 178، 218، 219، 223، 272، 299، 364، 408، 409، 445، 458، 459، 472، 480، 507
جەمال پێشمەرگە 19
جەعفەر کەروبی 86
جەلال تاڵەبانی 61، 123، 236، 237، 238، 239، 341، 258، 289، 291، 297، 390، 449، 510، 514
جەلال ڕەشیدی 386
جەمال تاهر 427
جەلال نەسیمی 265
جەواد مشکی 271

جەمشید مەجیدزادە 345
جهانگیر دری 319
جەعفەر قەوسی 114
جەعفەر گەوهەری 151
جەلال بەقاڵی 166
جەمال عەبدولناسر 230، 231
جەلال پێنجوێنی 317

چ
چوکەڵ گەوهەری 119، 120

ح
حاتەم ئەبوبەکری 202
حاجی خۆیی 187
حاجی عەبدوڵای مارفی کەریمی 416
حاجی سامی 319
حاجی جەڤۆ 319
حاجی خالید 319
حەقی هەنارەیی 322
حاجی غەریب 316
حەمەخان خەسرەوی 315
حاجی حوسێن پورخزر 187
حاجی مستەفا 187
حوسێن خدر حاجی 187
حەسەن شەمس 187
حەسەن شەرەفی 457،199، 459، 461
حەسەن ئەمین گەڵاوانی 166
حوسێن خۆیی 187
حەمەڕەحیم مەحمودی 201
حوسێن بەخشی 369
حیسام ئەسعەدی 369
حوسێن غەفوری فەرد 358
حاجی کەریم گەڵاڵی 144، 143
حامید پوورئازەر 377
حامید مستەفایی 386

حامید گەوهەری 70، 76، 99، 137، 144، 394، 413، 463، 465، 467، 471
حامیدی حەمە تاهربەگی جاف 77، 78
حامید غەوسە 135
حوسێن پیرخدری 265
حوسێن مستەفا سولتانی 265
حەسەن قادری 271
حەمید تەقوایی 270، 271
حەمید یەگانە 345
حەسەن قزلجی 119، 121، 123، 125، 400
حوجەتولئیسلام محەمەد ڕێشهری 101، 102، 103
حوجەتولئیسلام فەوزی 68
حوجەتولئیسلام حەسەنی 59، 68، 149، 159، 163، 167، 158، 195، 210، 212
حوسێن یەزدی 114
حوسێن مەدەنی 137، 207، 208، 303، 353
حوسێن مورادبەگی 6، 11، 30، 57، 250، 258، 261، 262، 263، 267، 271، 317
حوسێن حاجی خدری 60
حوسێن تەهایی 145
حوسێن مەرجان پێشمەرگە 19
حوسێن ڕەزمی 115
حوسێن تاهری 161، 164، 165، 167
حوسێن بەخشی 400
حەبیبولڵا عەباسی "سەرگورد"56، 133، 135، 137، 139، 148، 149، 150، 151، 153، 154، 196، 330، 355، 362
حەسەن باباتاهری 19، 69، 70، 133، 134، 152
حەسەن کەریمیی واحد 69
حەبیبولڵا عەسکەر ئەولادی 285، 286
حەسەن خلە دەرزی 57
حەمید سەفەری 117، 119
حەسەن کیانی 342

خ
خانەمیر پیروتی 200
خالید سەبزەواریی 342
خالید بوراقی 282
خالید ڕەشید 353

خالید ڕەزازادە 133، 137، 137، 383، 406، 407، 410، 416
خالید ئیبراهیمی 86
خدر موسەوی فەر 326، 329، 331
خدر قەویدڵ 59، 60
خدر قەنبەری 187
خاتون جەلالی 166
خەدیجە یاشار 222
خالید خەلیلی 202
خالید حاجی وەیسی 187
خورشید پۆلایی 191، 192، 193، 195، 197، 198
خوسرەو حاجی وەیسی 187
خەلیل حەقیقی 202
خەسرەو گڵ سورخی 245
خەلیل عیسەوی 283
خەلیل گادانی 410
خەسرەو هیندوەش 477، 478
خەسرەو داوەر 271
خەسرەو روزبە 115

د

داریوش فروهەر 39، 44، 47، 69، 83، 159، 259
دوکتۆر جەعفەر شەفیعی 6، 250، 254، 267، 271
دوکتۆر ڕەزا ڕادمەنیش 116، 117، 118، 119، 121، 122، 123، 125، 126، 127
دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی 79، 81، 93
دوکتۆر ڕەزا 361
دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەلان 290
دوکتۆر محەمەد موکردی 290
دوکتۆر کەمال فوئاد 61، 237، 289
دوکتۆر حەسەن جاف 144
دوکتۆر سوڵتان وەتەمیشی 119، 121
دوکتۆر فوئاد مەعسوم 61، 289
دوکتۆر مستەفا یەزدی 114
دوکتۆر نوردەدین کیانوری 114
دوکتۆر شادمانفەر 19

دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو 31، 32، 44، 56، 58، 64، 77، 87، 88، 91، 92، 94، 106، 107، 108، 109، 116، 119، 120، 122، 123، 125، 126، 127، 128، 129، 130، 131، 133، 136، 145، 150، 158، 159، 177، 190، 199، 200، 209، 210، 217، 174، 279، 291، 299، 303، 304، 305، 323، 324، 325، 337، 338، 343، 355، 356، 361، 364، 365، 366، 367، 370، 371، 372، 373، 449، 452، 453، 454، 455، 456، 457، 458، 459، 460، 462، 463، 466، 469، 470، 472، 474، 475، 476، 479، 481، 482، 507
دوکتۆر سادق شەرەفکەندی 211، 373، 393، 394، 424، 454، 456،
دوکتۆر سەعید قرمزی تۆپراک 222
دۆکتۆر کوشنێر 513
دوکتۆر ڕەحیم سەیف قازی 220
دوکتۆر عەلی ئەمینی 405
دوکتۆر عەلی گەلاوێژ 119، 120 121، 400
دوکتۆر محەمەد موسەدیق 102، 111، 226
دوکتۆر عەلی ئەمینی 111
دەربەندی "تیرۆریست" 139، 148، 152، 153، 154
دەروێش موحەمەد 187
دڵشاد نەوجەوان 182، 183

ڕ
ڕەحمان حاجی ئەحمەدی 300، 323، 325، 326، 330، 331، 332، 333، 335، 336، 337، 338
ڕەحمان شازدە 86
ڕەحمان کەریمی 79، 107، 108، 109، 137، 209، 210، 211، 216، 217، 218، 219، 298، 299، 321، 327، 330، 331، 334، 336، 338، 342، 361، 362، 363
ڕەحمەت پیرۆتە سوری 86
رەحیم میرزایی 201
ڕەحمان ڕەحیمی "چەکو" 189، 191، 199، 193، 194، 303، 459
ڕەحمان تەهاپوور 200
ڕەسوڵ جەعفەریان 212
ڕەزا شا پەهلەوی 104
ڕەفیق چالاک 237
ڕەسوڵ پێشنماز 70، 181، 288، 370
ڕەحمەت حاجی سلێمانی 166
ڕەحیم سمێڵ 195

ڕەحمان خدری 383
ڕەشید عارف 353
ڕەشید بەگی هەرکی 319، 323، 340
ڕەحیم محەمەد زادە 319، 320، 322، 334، 341
ڕەسوڵ مەیدان مەسکەن 203
ڕەمەزان ئیراندوست 203
ڕەحیم قادری 364
ڕەحیم ئەندەرز 187
ڕەحمان شەوقی 187
ڕەسوڵ سەیدە 187
ڕەمەزان تاهیری زادە 202
ڕەحمان سحەت 202
ڕەحیم مورتەزەوی 201
ڕەحیم حەسەن زادە 201
ڕەحیم قادرپور " رەحیم بازووکە" 201
ڕەحیم شوان 187
ڕەحیم سابت 182، 183
ڕەحیم خەرازی 290

ز

زوبەیدە حەمەدۆکی 187
زیبا محەمەدی 161

س

سابیر ئیناخی 141
سادق زیباکەلام 377
ساعد وەتەندوست 6، 250، 254، 255، 267، 271
سلێمان موعینی 115، 117، 118، 119، 121، 122، 123، 124، 253، 288
سەنار مامەدی 79، 190، 193، 195، 217، 218، 219، 289، 299، 300، 319، 320، 321، 322، 323، 325، 327، 328، 329، 330، 331، 334، 335، 336، 338، 342، 347، 354، 361، 362، 363، 460
سروش کەتیبە 104
سپەهبود غوڵامڕەزا ئەزهاری 112
سپەهبود زاهدی 111
سەرلەشکر عەلی سەیاد شیرازی 155، 246، 346، 347، 359

سەردار جەعفەری 155
سەرهەنگ عەباسعلی سەدری 7، 11، 13، 19، 24
سەرتیپ زەهیرنژاد 28، 101، 212، 213، 214
سەرهەنگ حەسەن ئازەرفەر 404
سمكۆ موكری 409
سەرهەنگ هوشنگ كەبیری 404
سەلیم بابانزادە 454، 471، 476
سەعید یەزدیان 250، 271، 255
سەید محەمەد كولیجی 272
سلێمان 328، 331
سەرتیپ فەلاحی 12، 49، 50
سەرتیپ ئایەت موحەققی 101. 102، 103
سەرتیپ بەهران ئەفزەلی 177، 403
سەرتیپ زیا فرسیو 245
سەدیق ئەنجیری ئازەر 114، 115
سەهەنگ سمكۆ عەلیار 145، 193، 199
سەرهەنگ ئیرەج قادری 139، 152، 154، 181، 338، 362
سەرهەنگ هۆشنگ عەتاریان 176، 404
سەرهەنگ بیژەن كەبیری 177، 404
سەرهەنگ نسرەت زاد 10، 11، 20
سەرهەنگ محەمەد ڕەسوڵ ڕەبیعی 391، 460، 468
سەعید ئەفشار 139، 144
سەعید موعینی "خانە" 153، 250، 252
سەعید موحسینی 278
سەرهەنگ موعەزی 279
سەید ڕەزا زەوارەیی 358
سەید سەلام عەزیزی 360، 373
سەعید كاوە "كوێستانی" 118، 119، 120، 123
سەلاح ئەحمەدپوور 4، 180، 182
سلێمان هەرەنی 345
سەید عەلی ڕەحمانی 141، 317
سەلاح موهتدی 258، 259، 260، 269، 290
سەعە عەبدوڵایی 349
سەید قادر عەلەوی 347
سەلیم سەیادی 69

سەید عەلی ڕەحمانی 141، 317
سەیفەدین سەفەری 69
سەید عیزەت پارسا 137
سەید تەها تەوحیدی 187
سەید زادە زلێخا تەوحیدی 187
سولەیمان پوشندە 202
سەلیم حەقیقی 202
سادق حەقیقی 202
سلێمان مەنسوری 182، 183
سلێمان سەرخانی 182، 183
سەردار سولتانی 166
سلێمان ئەمین گەڵاوانی 166
سەروان حاتەم دوعاخوا 189، 194، 198، 199
سەرگورد درخشانفەر 190، 199
سەید ئەنوەر 191، 322
سەدیق کەمانگەر 217، 260، 498، 499، 510
سەروان پیرڕەزایی 190، 199
سوڵتان هاشم "قاعد فەیلەق"209. 210، 443
سلێمان خشت زەرد "خۆشناو" 315
سەید ڕەزا 221
سلێمان دەمیریل 221
سیروس نهاوەندی 225
ساڵح حەیدەری 237
سامی عەبدولرەحمان 237، 290،391، 392، 294، 295،
سەدام حوسێن 24، 63، 172، 173، 174، 228، 280، 297، 298، 311، 343، 390، 392، 407، 423، 425، 439، 440، 444، 489، 509
سەید عەلی 187
سلێمان محەمەدئاغا 187
ساڵح ئەندەرز 187
سەید رەحمان 187
سلێمان مەلکی 283
سلێمان کەبودی 283
سلێمان کەریم سەیدە 187
سلێمان گاقوڵە 187
سەید عەبدولقادر سەبووری 283

سەید حەسەن شێخ موحەمەدەمین 187
سەعید مەیسەمی ئازاد 416، 417
سەعید مامندیی 390
سەلیم ئەشرەفی 203
سەید ڕەحیم نادرئەحمەدی 86
سەید ڕەسوڵ دهقان "بابی گەورە"73، 94، 140، 304، 473
سیامەند شێخ ئاقایی 477
سیاوەش حەمیدی 76

ش
شاپوور بەختیار 104
شاپوور فیروزی 140، 317
شوعەیب زەکریایی 6، 249 250
شێخ عیزەدین حوسێنی 30، 43، 56، 58، 77، 129، 158، 259، 260، 268، 269، 290
شێخ عەبدولرەحمان بەرزەنجی 68
شێخ موحمەد پورخدر 187
شێخ عەبدولرەحمان 414
شێخ نەسرەدین 415
شێخ عەبدولکەریم حوسێنی 447
شێخ عوسمان خالیدی 264
شەوکەت حاجی موشیری 295
شەکیب ئەقراوی 294
شەریف باڵەکی 326، 328
شێخ محەمەد خالید بارزانیی 324، 342، 343
شێخ عەبدڵا حیسامی 315، 316
شوکروڵا قوربانی 315
شوکروڵا سەمەدی 315
شێخ جەمال حیسامی 315، 316
شێخ جەلال حوسێنی 77

ع
عوسمان ئەسراری 139
عەزیز محەمەد 122
عەبدول نستان 56

عەتا ڕۆستەمی 264
عەلی داستانی 265
عەبدولرەزاق میرزا "فەیلی" 61، 289
عەزیز یوسفی 114، 254
عەبدولڕەحمان خوشڕەو 187
عەباس عارفی 201
عەزیز خانی کرمانج 383
عەزیز ماملّی 369، 370، 373
عەزیز ئیسماعیل 187
عەلی ئەحمەد شێخە 187
عوسمان ڕەوشەن تودە 263
عەلی ئەکبەر حەبیب پەنا 314
عەلی ڕەحیم پەنا 314
عەلی ئەکبەر پەروەرش 285
عەباس شیبانی 285
عەبدوڵا پاسەبانی 187
عەبدوڵا مەحموود رەحیمی 187
عەلی قەنبەری 187
عوسمان سەعید لولو 187
عەلی پەنجە 166
عەبدوڵا خودادادی 166
عەزیز محەمەد زادە 86
عەلی بهجت 78
عەلی کروبی 86
عەلی دووکچی 136، 149
عەدنان مەندەرس 221
عەباس سەخایی 225
عەزیز ئەلحاج 226، 235، 237، 239، 244، 425
عەبدولکەریم قاسم 232
عەبدولسەلام عارف 232
عەلی حەویز 429
عەلی حەسەن مەجید "عەکی کیمیایی" 443
عەبدوڵا سەید مورادی 447
عەلی عەبدوڵا 237
عەبدولجەبار ئاکرەیی 345

عەبدولّا قادۆ 345
عەبدولّا یەگانە 345
عوزێر دۆڵەمەڕیی 343، 344
عەلی نەبی زادە 326
عەلی ئەفشان 328، 329، 335
عەبدولّا کوێستانی 342
عومەر قەیتەران 323
عەبدولّا مەحمودی 314
عەلی کاشف پوور 322، 323، 339
عەلی قازی 369
عەلی پشتەپی 77
عەبدولّا موهتدی 6، 158، 246، 250، 251، 253، 255، 256، 258، 260، 261، 267، 271، 498، 499
عەبدولّا ئەمینی 137
عومەر پیرۆتی 200
عەبدولسەمەد زاهیدی 200
عەبدولّا حەسەنزادە 200
عەلی خاوەری 399
عومەر محەمەدپوور 348
عەزیز مەعروفی 349
عومەر گاخۆر 349
عوسمان پیۆتی 349
عەبدولّا حەسەن زادە 349
عەبدولّا ئیسحاقی "ئەحمەد تۆفیق" 115، 117، 123، 124، 224، 288، 475
عەبدولّا فەیزی 151
عەبدولّا ئەفشین ڕاد 151
عەبدولحەمید میرزایی 202
عەبدولّا سەحرانەوەرد 202
عەبدولّا بەنگینی201
عەبدولّا کۆنەپۆش 263
عەبدولّا قادری ئازەر 510
عەبدولّا ئەحمەدی 202
عەبدولخالق سامەرایی 126، 127
عومەر ڕەحیمی 383
عەبدولسەمەد کامبەخش 119

عەلی حەبیب زادە 69
عەلی ڕەزا پەهلەوی 110
عەلی ڕەزا کەریمی "عەبو کەریمی" 264، 454
عەلی بچکۆل 429
عیزەت دارابی 263
عەبدوڵا موعینی 153
عەلی ئەکبەر پەروەرش 358
عەلی ڕەزا شاندیزی "جەواد" 78
عەبدوڵا حەسەن زادە 31، 86، 303، 356، 484
عەبدوڵا کیانی 283
عومەر قارەمانی 69
عومەر قەڵاجۆغەیی 151
عمرەدین شافعی 69
عومەر حەمیدی 78
عومەر دەبابە 237
عومەر ئێلخانی زادە 6، 255، 256، 257، 258
عەبدوڵا مینە فەقێ 57
عەباسعلی شهریاری 114

غ
غەنی بلوریان 41، 44، 80، 82، 87، 114، 115، 129، 255، 259، 290، 328، 331، 337، 475
غەنی غەنی پور 189، 194، 345، 355، 373
غەفور ڕەوەندی 197
غوڵامحوسێن فروتەن 225
غەریب ئاکرەیی 345
غەفور هەمزەیی 383

ک
کارۆڵ پرونهوبێر 512، 513، 514
کازم سامی 510
کاکڵ حەمەئاغا "جاش" 215، 304، 305، 311
کامەران ڕزوانی 76
کامیل جیهانگیری 202
کەمال بورکای 222

کریستیان ڕۆستۆگر 418
کوروش لاشایی 125، 126، 127، 248، 270
کەریم هەنارەیی 322
کەریم حیسامی 19، 70، 71، 87، 94، 105، 106، 117، 118، 119، 120، 121، 122، 123، 124، 125، 126، 127، 131، 132، 148، 288، 368، 413، 424، 452، 460، 468، 471، 475
کەریم عەلیار "سەرگورد" 56، 210، 391
کەریم میرزایی 201
کەریم نەبی پور 201
کەریم سەیدە 187
کەرامەت دانیشیان 245
کەریمشانەزەری 166
کەریم ئەحمەد 427
کەریم ئامانی 348
کەمال کەریمی 364
کەریم قازی 349
کەمال نەبی زادە 350
کەریم بازیار 166
کەریم قادری 70
کەریم بیژەن 86
کەریم پورقوباد 139، 141، 150، 188، 392
کەریم کاکەسوری "کەریم خاڵدار" 180، 182، 208، 211، 326، 328، 330، 340
کەریم حەداد 58، 59، 370، 448، 449
کەمال شافعی 94
کەمال دشەیی 142
کەمال دەباغی 137، 138، 141، 142، 188، 416
کەمال گەروێسی 4، 167
کەمال بادینی 86

**گ**

گالیندۆپول 400

**ف**

فاتح شێخ لئسلامی 152، 264
فازل ڕەسوڵ 510

فایق قادرزاد 265
فایق عەزیزی 265
فوئاد مستەفا سولتانی 250، 251، 253، 255، 258، 259، 260، 262، 263، 264، 267، 268، 290،
فەتاح کاویان 105، 108، 109، 204، 338، 361، 362، 373، 424، 445، 459، 462، 468، 470، 512
فەتاح عەبدولی 106
فەتاح گامێشانی 57
فەتاح ئەحمەد "جاش" 62
فەرانک سەدری 161
فەرحان ڕەسوڵی 193، 197
فەلەکەدین کاکایی 237
فاخر مێرگەسوری 237
فرانسۆ حەریری 237
فیدل کاسترۆ 228، 229
فتاح ئەحمەدی 380، 382، 383، 384، 393، 394، 472
فەتاح ئەمیری 106
فەرحناز پەهلەوی 110
فاروق خەسرەوی 477، 478
فاروق کەیخەسرەوی 79، 80، 93، 405، 406، 407، 408
فەرامرز مورادی 315
فەوزیە قازی 79، 93
فەریدون عەبدولقادر 427
فەریدون بۆیر ئەحمەدی "تیرۆریست" 104
فرێدریک ئینجلس 242
فەریدون یەزدی 114
فەریدون میتران 137، 139، 141، 146، 188، 315، 370، 452، 455، 456، 462، 466، 470، 471
فەرەج شەمشیری 141

**ق**

قادر ڕەشید 235، 244، 251، 431
قادر ڕەنگینی 329
قادر عەبدی 137، 475
قاسم خۆیی 131

قاسم ڕیانی 131
قاسم حوسێنی 141، 148، 391
قودرتولڵا نادری 114
قەرەنی ئاغای مامەش 383

م
ماجد مستەفا سولتانی 263
مالکی 280
مستەفا بارزانی 61، 117، 126، 129، 248، 287، 288، 290، 295، 296، 298، 300، 303، 305، 306، 311، 323، 342، 345، 354
مسعود بارزانی 124، 291، 292، 294، 296، 297، 298، 356، 392، 440
مستەفا سانی 131
مستەفا کەمال 221
مستەفا شەلماشی 211، 390، 416، 497
موحسین ڕەشیدزاد 468، 477، 478
موحسین ڕیزوانی 225
محەمەد پیرۆت زادە 342
محەمەد ئەمین سولتانی 328، 329، 331، 335
مەهدی باکری "پاسدار" 335، 363
محەمەد جیهانی 342
محەمەد ئیبراهیمی 342
مەهدی بازرگان 291، 295
مستەفا چاوڕەش 237، 295
مەهدی خان بابا تهرانی 225
محەمەد جاسمی 225
محەمەد شافعی 271
محەمەد حەنیف نژاد 278
مەسعود ڕەجەوی 278، 279، 280
موسا خیابانی 279
مریەم ئەبریشەمچی 280
مەهدی ئەبریشەمچی 280
محەمەد عەلی ڕەجایی 273، 274، 279، 285، 334، 347، 357،
محەمەد ڕەزا فەتحی "پاسدار" 359
میر حوسێن موسەوی 358
محەمەد جەواد باهونەر 286

محەمەد ڕەزا کولاهی 283
مستەفا هیجری 137، 322، 416، 445، 457، 477،
مەحمود ساڵحی 139، 148، 149، 153
مستەفا ساڵح کەریم 237
موراد قادری 130
مەسعود ئەحمەدزادە 245
محەمەد حەسەنی 161
محەمەد خشتی 161، 166
موجتەبا هاشمی 161، 165، 166
محەمەد ڕیحانی 166
محەمەد پەیوەستە 166
ماپەرە کەریم زادە 166
موحسین ڕەحیمی 6، 250، 255، 257، 258، 271
محەمەد حوسێن مەعسومزادە 115
محەمەد ڕاتبی 115
محەمەد حوسێن قورەیشی 283
محەمەد عەتاری 69، 166
محەمەد زەنگەنە 135، 149
مەحمودی 136
محەمەد نستانی 56
محەمەد ئەمین سیراجی 70، 105، 106، 118، 121، 122، 123، 475
محەمەد ئەمین شێخولئیسلامی "مامۆستا هێمن" 79، 86، 93، 288، 475
محەمەد ئازادی "تیرۆریست" 104
محەمەد موراد ئەمینی 263
محەممەد حەقی 202
محەمەد پوور ڕەشید "گوگە" 181، 183
مەنسور ڕهایی 182، 183
محەممەد سەلیم هەرکی 203
محەممەدئەمین تاهیری 203
محەممەد تاهیر ئەسەدی 203
مەحمود ڕەحمان نژاد 203
میرزا محەممەد کەنعانی 203
موسا شەعبانی 203
مەعبودی 185
مەحمود ئیبلاغی "ڕەزا" 208

محەمەد ئیسماعیلی 215
موهندیس محەمەد ئاریا 405
موحسین شرۆکی 414
مەلا ڕحیم عەباسی 424
مەلا خالید شکاک 424
مولازم عومەر 427
مەلا محەمەد موراد ڕەسەڵی 428
مەنسور حکمەت 270، 271
موحسین ڕەحیمی 6، 250، 255، 257، 258، 271
محەمەد عەزیزی "کڵاوڕەش" 344، 346
مەحمود ڕەحمەتپوور 347، 348
محەمەد محەمەدی 345
محەمەد موختاری 510
محەمەد جەعفەر پویەندە 510
محەمەد ئیبراهیمی 342
محەمەد ئەمین ڕەشیدی 350
محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی 48، 104، 110، 111، 114
محەمەد بەهرامی 114
محەمەد عەلی فارس 158
محەمەد ماجد 86
موسلیح شێخ لئیسلامی 250 251، 252
موهندیس خەیاتی 94
موزەفەر کەمانگەر 6
مەلا ئاوارە 125
مەلا حەسەن شێوەسەڵی 58، 137
مەلا حەسەن ڕەستگار 58، 59، 373، 460، 468
مەلا خدری کانی زەردی 60
مەلا مەجید حەکیمی 68
موتەقی 114
مەلا محەمەد عەباسی 149
مەلا ڕەحمان نوریاویی 142، 143
مەلا خدری کانیزەردی 137
مەجید محەممەدیان 201
مستەفا عەلیزادە 201
مەلا محەمەد خزری 120

مەلا ڕەحمان کاژێ 107
مەلا محەمەد جوانڕۆ 19
مەلا داود مامەدی 335
مەلا ڕەزا محەمەدی 227، 329، 330، 331، 335
موزەفەر عەزیز زادە 315
مەنسور درودگەر 315
مەحمود پێشمەرگە 19
مەحمود پیرە 59، 60
محێدین کۆخە 201
محێدین پشتەک "محێدین شوانە" 201
محەمەد حوسێن کەرێمی 245، 247، 250، 251، 253، 254، 255، 259
مەحمود موحەمەدئاغا 187
مەحمود شێخی 187
مەلا سەید حوسێن هاشمی 187
مستەفا 187
محەمەدئەمین شوان 187
مەولود رەسوڵی "مەولود قەننەزەرد" 201
مارف ئاب 201
محەمەد قەنبەری 187
مەلا کەریم شاریکەندی 377
مەجید گەوهەری 383
محەیدین ئاغای سیاقۆڵی 19
مەیهەمی 10
مریەم فیروز 397، 404

ل
لەیلا پەهلەوی 110

ن
نادر کەریمی 86
نادر شەرمینی 114
ناسر پیرانی 137، 138، 140
ناسر خۆشکەلام 86
نورەدین کیانوری 396، 397، 398، 399، 404،
نوری دهکوردی 510

نوعمان ئەسعەد "جاش" 62
نەبی قادری 338، 340، 361، 362، 371
ناسر مقدم "پاسدار" 281
ناسر کازمی "پاسدار" 359
نەوزاد وەلی 4، 227، 432
نەوید موعینی 79، 80، 93، 327، 338، 361، 362
نەوشیروان مستەفا ڕەسوڵ 426، 427، 430م 431، 432

و
وەکیلی ڕاد "تیرۆریست" 104
وەلید ئاکرەیی 345

هە
هاشم ئەقەلەتولاب "قادر ڕەشید" 115، 117، 119، 288،
هاشم کەریمی 373، 383، 384، 393، 394
هەمزە کەشوانی 187
هەمزە عەبدوڵا 237، 287
هومان ئەردەلان 106، 510
هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد 424
هێلگا 159

ی
یوسف ڕیزوانی 119، 126، 288،
یوسف مەرزەنگ 86
یوسف ئەمینی 191، 195، 198
یوسف سەلمان یوسف "فەهد" 425
یوسف حەسەنخالی 314
یوسف ئەفراسیابی 328، 329
یەدوڵا خاتری 315

ناوەڕۆک

- چەند وتەیەک دەربارەی ئەم کتێبە ........................................ 3
- سنە لەناو ئاگر و خوێن دا ................................................... 5
- بەردەوامیی شەڕ لە سەقز و شار و ناوچەکانی تری کوردستان ............ 27
- داریوش فروهەر و گەلاڵەی شەش ماددەیی........................................ 39
- هەڵوەشاندنی ستروکتوری سوپا و ڕێکخستنەوەی بە شێوەی ئیسلامیی .... 48
- دیسان گەلی قاسملوو ................................................................ 52
- حیزبی دیموکرات هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمان بە.................... 54
- چەککردنی پێگەی دوژمن لە شارۆچکەی ڕەبەت و قۆڵتێ ...................... 56
- بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان گەشە دەکات ........................ 61
- سوپای ئێران شاری شنۆ داگیر دەکات ........................................... 65
- ئابڵۆقەی ئابووریی لەسەر کوردستان ............................................. 69
- هێزە سیاسییەکانی ناوەندەکانیان لە شارەکان دەگوازنەوە .................. 72
- چریکی فیدایی خەڵکی ئێران دوولەتبوو. ......................................... 73
- لەتبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران .................................. 79
- ڕادیۆ دەنگی کوردستان ............................................................. 94
- کودێتای سەربازیی نۆژە .............................................................. 100
- ڕژێمی بەعس ئەرک بۆ حیزبی دیموکرات دیارییدەکات ........................ 105
- محەمەد ڕەزاشای پەهلەی مرد ....................................................... 110
- کێشەی نێوان حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە بەرفرەوان دەبێتەوە...... 113
- نابێت پێشمەرگە بە چەکەوە لە شاری مهاباددا بێت ........................ 133
- حیزبی دیموکرات بەرپرچی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم و حیزبی ....... 136
- سەرگورد حەبیبوڵا عەباسی تیرۆر کرا ............................................ 147
- جادەی بانە- سەردەشت دەبێت بە دۆزەخ و کارەساتی لێدەکەوێتەوە .... 155
- تاوانی گەورەی کۆماری ئیسلامیی لە مهاباد ...................................... 160
- شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران ............................................... 172
- پێشمەرگە بە زەبری قورس وەڵامی دوژمن دەداتەوە............................ 180
- کارەسات لە گوندی ئیندرقاش، وسوکەند، سۆفیان و مەحمەشە............ 185

- چەپکە گوڵێکی سور، ورمێی کرد بە دۆزەخ بۆ پێشمەرگەکانی............ 188
- قەیرانی سیاسی، باڵی کۆترەکانی ئازادیی دەپەڕێنێت .................. 204
- خیانەتی ڕەحمان کەریمی و شکانی پلانی حیزبی دیموکرات............... 209
- بزوتنەوەی کورد لە باکوری کوردستان............................................ 221
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان تا پێکهێنانی حیزبی ... 224
- بۆمببارانی بەندیخانەی حیزبی دیموکرات لە گوندی دۆڵەتوو............. 272
- ڕاپەڕینی موجاهیدینی خەڵک بە پشتیوانیی بەنیسەدر....................... 275
- تابووتی بەتاڵی خالید بوراقی و تاوانی گەورە ................................ 282
- تەقاندنەوەی بارەگای حیزبی جمهوریی ئیسلامیی................................ 283
- ڕەجایی دەبێت بە سەرۆککۆمار و تیرۆر دەکرێت................................. 285
- سوکایەتیکردن بە تەرمی سەرۆک مستەفا بارزانیی .............................. 287
- شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات.................................................................. 312
- حیزبی دیموکرات لە زنجیرەیەک شەڕی جیاوازدا ............................... 319
- سەید عەلی خامنەیی دەبێت بەسەرۆککۆمار و میرمحەمەد ................ 357
- کوشتاری بەکۆمەڵی کورەخانەی گوندی ساروقامیش و ........................ 359
- کوشتنی ڕەحمان کەریمی بە فەرمانی سەنار مامەدیی.......................... 361
- حیزبی دیموکرات دەبێت بەئەندام لە شورای نیشتمانیی بەرگرییدا...... 364
- کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکرات، کۆنگرەی شەهیدانی کوردستان... 368
- کۆماری ئیسلامیی لە گوند و زیندانەکانیدا کورد بە کۆمەڵ دەکوژێت.... 374
- تێرۆری مامۆستا مەلا کەریم شاریکەندی ........................................... 377
- سوپای ئێران جادەی بانە بۆ سەردەشت دەگرێتەوە .............................. 379
- هێزی شەهیدانی وێردی بانە.................................................................... 382
- مانگی بەرگریی لە ئازادیی و مانگی هێرش و پێکهاتنی هێزی ............ 388
- کۆنفرانسی ڕێکخراوی بانە ...................................................................... 393
- ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەلاماری ئەندامانی حیزبی ........ 395
- بەندیخانەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات .................................................. 405
- چارەنوسی فاروق کەیخەسرەوی و هەڤاڵانی............................................ 408
- ڕێکخستنەوەی بەندیخانە و هەڵبژاردنی شورای بەندیخانە...................... 410
- خۆمپارەبارانی بەردەوام ............................................................................ 415
- ئازادکردنی زیندانییەکی بە نرخ............................................................ 416
- دیداری لیژنەی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی ماڤی ............ 418
- یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دەیان ئەندامی حیزبی شیوعی............. 425

- کۆماری ئیسلامیی 59 مێرمناڵ و لاوی شاری مهابادی گوللەباران کرد ... 435
- بە فەرمانی سەدام حوسێن، 8000 بارزانیی زیندەبەچاڵ کران............ 439
- کۆماری ئیسلامیی ناوچەی ئالان داگیردەکات........................... 444
- تێکشکانی چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەی بانە............... 447
- کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیموکرات .................................... 449
- ڕاونانی بیرجیاوازان لە حیزبی دیموکراتدا .......................... 474
- 16 هەزار دینار لە سندوقی دارایی حیزبی دیموکرات دەدزرێت ........... 477
- حیزبی دیموکرات لە ئەندامەتی شورای نیشتمانیی بەرگریی............... 479
- ڕۆژی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات ..................................... 482
- شەڕی ئێران و عێراق خۆی لە سیاسەتی ژنۆسایدی گەلی .................. 485
- شەڕی کۆمەڵە و دیموکرات بە تاوانکاریی پترەوە........................ 494
- دوا وتەی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا........................... 508
- ریزی ناوەکان بە کورتیی............................................. 516

## بەرهەمەکانی نوسەر

1- بادانەوە یان پێچەقاندن
2- ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان
3- کوردایەتی و حیزبایەتی
4- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی
5- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامی
6- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان
7- کۆماری دیموکراتی
8- کۆکردنەوەی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان
9- ڕاستییەکان بۆخۆیان دەدوێن
10- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا
11- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسی ڕەباتیی و نەوزاد وەلی
12- باشووری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا
13- چەککردنی سەربازگەی مهاباد 1979
14- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا بەرگی یەکەم
15- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ دا بەرگی دووەم
16- کورد لە سوید لە مێژووی 25 ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا

## ئەو بەرهەمانەی کە نوسەر کردوویەتە کوردی

1- مەکسیکی: جەک لەندەن
2- مەگەر لە وڵاتی ئێوەدا کەر نییە: عەزیز نەسین
3- کوردەکان: حەسەن ئەرفەع
4- کورد تورک عەرەب: سیسیل ج ئیدمۆندس
5- مێژووی شارستانییەت: ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت
6- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: سیامەک ستودە
7- بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی